ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752687

# هێمن نامه

**Book** · January 2009

CITATIONS
0

READS
405

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University
**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# هێمن نامە

ئامادەکردنی

د. عوسمان دەشتی

بـــابــــــەت  :  وێژەیی

ناوی کتێب  :   هێمن نامە

ناوی نوسەر :   دکتۆر عوسمان دەشتی

نەخشەسازی : عوسمان کەریم

بەرگ    :

تیراژ     :

چاپ     :

ژمارەی چاپ:

ژمارەی سپاردن :

# پێشـــەكی

**چیرۆكی مـن و هێمـن :**

ساڵەكانی ٩٦٤ و ٦٥ بوو، ئەوساكە من قوتابی پۆلی چوارەمو پێنجەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی لە هەولێر، ئەو سەردەمە لە شارێكی وەكو هەولێر، بە هی كوڕانو كچانەوە رەنگە (١٠) قوتابخانەی سەرەتایی پتر لێ نەبووبێ. خوولی دووەمی حوكمڕانی حزبی بەعس بوو هەڵومەرجی شارەكە دوا بەدوای شاڵاوی دڕندانەی حەرەس قەومییەكان كە بە (فرسان خالید بن الولید) دەناسران بۆ سەر گوندو شارو دەشتو دێهاتەكانی دەوروبەری هەولێر، توندو مەترسیدارو نالەبار بوو، جاشی كوردیش لە شارەكان پەیدا بوو بوون، پێیان دەگوتن (فرسان صلاح الدین). بەڵام دیارە لەناو ئەو تەنگیو تاریكاییەشدا بیری كوردایەتی وئازادیخوازی لە وێنەی پشكۆی ژێر خۆڵەمێش لە شارەكانداو لەنێو خەڵكو لە ریزی رۆشنبیرانو ئازادیخوازان، هەر لە تینو تیشكو گەشانەوە دابوو، مامۆستای دەرسی سروودو پەروەردەی نیشتمانی قوتابخانەكەمان ئەوكاتە  پیاوێكی دڵسۆزو بێ باكو كوردپەروەر بوو بە ناوی (شێخ كەمال بەرزنجی) كە لە بنەڕەتدا لە شێخەكانی هەڵەجەو بێستانەی نزیكی هەولێر بوو.

بە دەستوری قوتابخانەكانی ئەو كاتە كە تا ئەمڕۆش پێرەوی لێ دەكرێت، دەبوایە بەیانیان قوتابیان پۆل پۆل لە حەوشو حەساری قوتابخانەكە بە دوو سێ رێزو هەر پۆلەی بەجیا لە شێوەی لاكێشەیەك بوەستابانایە، مامۆستای چاودێری ئەو رۆژە، دارێكی بەدەستەوە دەگرتو لە ناوەڕاستی مەیدانەكە دەوەستا، بە دەستووری نیزامی عەسكەری چەند جارێك، وریا بن!، پشوودەنی پێ دەكردین، ئەنجا تیمی سروود خوێنی قوتابیان، كە لە چوار پێنـج قوتابی پێك دەهات و یەكێكیان من بووم، لەسەر بانگهێشتی مامۆستا لە ریزی قوتابیانی پۆلەكان دەهاتنە دەرەوە لە بەرامبەریان دەوەستان، چەند سروودێك هەبوو كە لە قوتابخانەكان دەگوترانەوەو تیمی سروودی قوتابخانەكان لەسەر ئەو سروودانە راهێنانیان پێكرابوو، ئەوەی لە بیرم مابێ ئەمانە بوون، سروودی (دایە دایەی شیرینم) كە هی هونەرمەند یەحیا مەرجان بوو، سروودی (ئێمە منالی جوانین) كە هی هونەرمەندی كۆچ كردوو فوئاد ئەحمەد بوو، (خوایە وەتەن ئاواكەی) كە دواتر

زانیمان هۆنراوەکەی هی زیوەری شاعیرەو ئێستاش نازانم ئاوازەکەی هی کێیە... لەگەڵ یەك دوانێکی تر.

تیمی قوتابیان یەکێك لەو سروودانەمان بە ئاواز دەگوتو پۆلەکانیش وەکو کۆرس بۆیان دەگێڕانەوە. دواتر، دوو سێ قوتابیش لە پۆلەکان بانگهێشت دەکران تاوەکو هەر یەکەی پارچە هۆنراوەیەك بە دەنگی بەرزو جۆرە ئاوازێکی تایبەتی بڵێ، زۆرتریش هۆنراوەکانی ناو کتێبی خوێندنەوەی کوردی قوتابخانە بوون، (ئەی تۆپەکە فوتبۆلەکە... من دێم لە دەستم رامەکە)، یا چیرۆکی (قەلو رێوی) شیعرەکەی دڵدار، یا هۆنراوەی (جووتێ کۆتری نێرو مێ ... ئەگەڕان لە گوێی چەمێ)، کە ئەمەش چیرۆکێکی خۆشی پەند ئامێز بوو کاتی خۆی لە بەرنامەی خوێندنی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا هەبوو، لە هەمووش گرینگتر هۆنراوەی (داری ئازادی) بێکەس بوو، کە قوتابیانی پۆلە شەشەم خوێندبوویانو بەیانیان دەیان خوێندەوە. ئەوانە هەندە دەگوترانو دەگوترانەوە هیچ تامو پێزیان لەلامان نەمابوو، تا رۆژێکیان مامۆستا شێخ کەمال منو کوڕێکی هاوپۆلو هاوڕێی خۆمی بانگ کردو دوور لە چاوی مامۆستاکان، یەكو پارچە کاغەزی پێداین، کە هەریەکەی پارچە هۆنراوەیەکی تیا نووسرابوو داوای لێ کردین کە لەبەری بکەین. پەڕ کاغەزەکەی سەید مەجید، کە کوڕێکی مەلازادە بوو لەدوای حەفتاکانەوە تاوەکو ئێستا لە ئەمریکا دەژی، ئەم هۆنراوەی لێ نووسرابووەوە:

**ئەی مانگ منو تۆ هەردوو هاودەردین**

**هەردوو گرفتاری یەك ئاهی سەردین**

هۆنراوەکەی لای من بەم دێرە دەستی پێدەکرد:

**گـــــەرچی تـــــووشی رەنجەڕۆییو حـــــەسرەتو دەردم ئـــــەمن**

**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپلە نابەزم تا لەسەر (عەردم)* ئەمن**

٭ دواتر بۆمان دەرکەوت (عەرد) نییەو (هەرد)ە.

قوتابیان هەموو بێکەسیان دەناسی، بەهۆی هۆنراوەی (داری ئازادی)یەکەی کە لە پۆلی شەشەمدا دەخوێندرا دەیانزانی کێیەو چ کەسەو خەڵکی کام شارە، بەڵام کەسمان نەمان دەزانی هێمن کێیە، وەیا خەڵكو دانیشتووی کام وڵاتو شارو باژێڕی کوردستانە.

حەفتەیەك دواتر لەو ڕۆژەی کە مامۆستا شێخ کەمال موراقیبی ئەو ڕۆژەی قوتابخانەکە بوو، دوای سروود خوێندن‌و هەندێ ڕێنمایی دەربارەی پاك‌و خاوێنی قوتابخانە، مامۆستا داوای لە سەید مەجید کرد بێتە ناوەڕاست‌و هۆنراوەکەی بڵێ.

سەید مەجید ئەگەرچی کوڕێکی باریك‌و ڕەشتاڵەی رووتەڵە بوو، بەڵام دەنگ‌و ئیلقایەکی زۆر چاکی هەبوو، شیعری (ئەی مانگ)ی بێکەس هۆنراوەیەکی درێژی چیرۆك ئامێزو تراژیدیاییە، ئیدی ئەویش پێداچوو دێر بە دێرو بە ریتم‌و ئیقاعێکی بەرزو شیرین هۆنراوەکەی خوێندەوە. هەموو مامۆستاو قوتابییەکان گوێ قولاغ وەستابوون‌و پێیان سەیر بوو. لەو ڕۆژە ناسك‌و تەنگەدا یەکێك ئەم جۆرە شیعرانە بەو لەحن‌و ئاوازەوە بڵێ کە هەموو ماڵەکانی دەروپشتی قوتابخانەکەمان کە سەربانەکانیان دەیڕوانییە حەوشەی مەکتەبەکەمان ئەوانیش گوێیان لێ دەبوو، کە سەید مەجید تەواو بوو، سەلام قوتێکی کردو گەڕایەوە ناو ریزی قوتابییەکان، مامۆستا شێخ کەمال خۆی‌و هەموو قوتابیانیش چەپڵە ڕێزانێکی زۆر گەرم‌و قایمییان بۆ کرد، ئەنجا شێخ کەمال بانگی منی کرد، دەی عوسمان وەرە ئەتۆش هۆنراوەکەت پێشکەش بکە، منیش بە دەستووری سەید مەجید هاتم‌و دێر بە دێر هۆنراوەکەم بە ئاوازو گوڕو تینێکی تایبەت خوێندەوە، ئەنجا ئەمنیش دەستخۆشی‌و چەپڵە باران کرام، ئەم کەین‌و بەینانە هەمووی چارەگە سەعاتێکی خایاند، چونکێ ماوەی وەستانی بەیانیان هەر ئەوەندە بوو، ئیتر بەڕیز رووەمان وەرگێڕاو هەر دەستەیەو بەرەو پۆلەکانی خۆمان ڕۆیشتین.

توو مەزانە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان (مامۆستا سەدیق یونسی رەحمەتی، کە پیرە پیاوێکی هەولێری بێ وەی بوو)، لەو بانگ‌و سەدایە وەئاگادێت‌و بۆیە پەنجەرەی ژوورەکەی دەکاتەوە، کە هەر (١٠ — ١٢) مەترێك لە حەوشەکەوە دوور بوو، ورد ورد گوێ لە هۆنراوەکانی مەجیدو من ڕادەگرێت.

ناوەڕاستی دەوام، نێوانی دەرسی سێیەم‌و چوارەم کە پشووەکەی تۆزێك درێژترەو دە دەقیقەیەك دەبێ، بەهۆی یەکێك لە بەردەستەکانی قوتابخانەوە ناردی بە شوێنمان، ئەو ئێمەی نەدەناسی‌و نەیدەزانی ناومان چییە یاخود لەکام پۆل‌و هۆبەین، بەڵام دیاربوو هەندێ زانیاری دەربارەمان پەیداکردبوو، بەهۆی قوتابییەکانی پۆلی شەشەم، کەهی وایان تێدابوو جحێڵی تەواوبوون‌و ڕیش‌و سمێڵیان هاتبوو. ڕاستییەکەی ئێمەش زۆر ترساین، چونکێ لەو ڕۆژگارە قوتابیان زۆر لە مودیرو مامۆستاکانیان دەترسان،

نەخاسمە ئەگەر لێیان تووڕەبان. بۆیە هەر جۆرێك بێت لە دەرگامان داو چووینە ژووری ئیدارە. سەدیقە فەندی لە پشت مێزەکەی هەستایەوە، چاویلکەکەی داناو گوتی وەرنە پێشەوە، هەردووکمان شان بە شانی یەکتر لە بەردەمی مێزەکەی وەستاین، گوتی: (کورم پێم بڵێن ئەو شیعرانەتان لە کێ پەیداکردییە؟)، ئێمەش هەندێ منجەمنجمان کردو گوتمان وەڵڵا ئەوە لە خەڵکی ترمان بیستووەو نووسیومانەتەوەو لەبەرمان کردووە. کورتییەکەی ئەو چەند هێنای‌و بردی ئێمە ئیعتیرافمان نەکردو نەمان گوت وەڵڵا ئەوە مامۆستا شێخ کەمال پێی داوین‌و ئەو هانی داوین کە لە ریزبوونی بەیانیانی قوتابخانەدا بیخوێنینەوە. وابزانم ئەو خۆی بۆرە شکێکی کردبوو، بەڵام کە زانی لەگەڵ ئێمە بێ فایدەیە، گوتی؛ کورم جارێکی دی ئەو شعرانە بخیننەوە لە مەکتەب دەرتان دەکەم. گوتمان بەڵێ باشە بەسەرچاو. ئێمە زۆر مەمنوون بووین کە بەوەندە نەجاتمان بوو، لێدان‌و کوتان‌و دارخواردمان بۆنەکراو مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی هات.

حەفتەی دواتر شێخ کەمال نا بەڵکو مامۆستایەکی دیکە موراقیب بوو، وەختێ کاتی هەڵبەست خوێندنەوە هات مەجید کەڵەکە وێت لە ریزدا دەستی هەڵبڕی‌و مامۆستاکەش گوتی وەرە مەجید هۆنراوەیەك پێشکەش کە مەجیدی نەگبەت هەمان هۆنراوەی بە هەمان دەستووری حەفتەی پێشوو دەستی پێکردەوە، دیسان هۆنراوەی گۆڕینی خوێندەوە. هەر ئەو رۆژە سەدیقە فەندی (مەجلیسی مامۆستایان)ی بەست‌و تیادا بڕیاردرا سەید مەجید سەید محەمەد لە پۆلی پێنجەم بۆ ماوەی یەك حەفتە لە قوتابخانە فەسڵ بکرێت!.

ئەو مەسەلەیە بۆ من‌و بۆ مەجید خۆیشی‌و بۆ قوتابییانی تریش بوو بە دەرسێك‌و ئیتر تا ئێمە پۆلی شەشمان تەواو کردو گواستمانەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی دووبارە نەکرایەوە، یادی بەخێر سدیقە فەندیش هەر لەو پشێوی‌و تەق‌و تۆقی ناو شاری ئەو ساڵانەدا بەیانییەکیان کە لەلای تەکییەی شێخ عبدالکەریم وە بە پی وردە وردە بۆ مەکتەب دێ، لەناکاو گوللەیەکی وێڵی بەردەکەوێ‌و لەو رووداوەدا گیانی دەسپێرێ.

راستییەکەی لە پاشان دا ئەوەندەی دیکە ئەو هۆنراوەیە لە بیرو لە گیانی من و لە دوایەش لە ژیان‌و سەربووردەی منیشدا کاریگەرو بەرجەستە بوو، خودی شاعیرەکە واتە (هێمن) ئەو بایەخ‌و کاریگەرییەی لای من نەبوو، وای لێ هات لە زۆر لاوەو لە زۆر بۆنەو موناسەبەتی نیشتمانی لە کوردستان، چ بە نهێنی‌و چ بە ئاشکرا گوێ بیستی

پارچە هۆنراوەی گۆڕینی خۆمان دەبوومەوە، بە چەشنێك وەكو (ئەی رەقیب) لای من ببوو بە سروودی مارسلیزو ئاوازەكەیشیم زانیو هەر ناوە ناوە دەم گوتەوە، تاوەكو ساڵانی حەفتاكان (١٩٧٠ – ١٩٧٤). لەو ساڵانە بەهۆی گۆڤارو رۆژنامە كوردییەكانەوە كە لە بەغدا دەردەچوونو بە كوردستاندا بڵاودەبوونەوە، هێمنم زیاتر ناسی، هەموو شیعرو نووسینەكانیم بە وردی دەخوێندەوە، گۆڤارو رۆژنامەكانیشم لە ماڵەوە لەلای خۆم هەڵدەگرتن. تاوەكو ساڵی ١٩٧٤، ئەو ساڵەی كە بۆ یەكەمجار (تاریكو روون)ی تیادا چاپو بڵاوكرایەوە، ئەو كاتە ئۆخژنێك لە دڵو دەروونمدا گەڕاو لە خوێندنەوەی هۆنراوەكانی هەرگیز شلو كل نەدەبووم. ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٨٠، بە مامۆستایەتی لە دێهاتی كوردستان دامەزرامو لە ماڵ بە دووركەوتبووم، بەڵام سێ هاوڕێی بە ئەمەگو هەمیشەییم هەبوون، لەگەڵمدابوون و تاكو ئێستاش هەرگیز لێم دانەبڕاون، دیوانی نالی – مەلا عبدولكەریمی مودەڕیس، دیوانی تاریكو روونی هێمن – كە لەدوایە ناڵەی جودایيو پاشەرۆك‌یشیان بەدوا داهات، رادیۆیەكی ترانسیستۆر، ئەمانە لە دوێنێو ئەمڕۆو تا دەشمێنم هەر هاوڕێو هاوڕازی هەمیشەیی من دەمێنن.

**دیــداری هێمــن :**

ساڵی ١٩٧٧ بوو، بەهار پیر ببوو، بەڵام هێشتا پشووی هاوینەمان دەستی پێ نەكردبوو، بۆ ماوەی دوو سێ رۆژێك گەڕابوومەوە هەولێر، لە بازاڕو لەناو كۆڕی هاوڕێیان كە چایخانەكەی (مام عەبۆ یاخود راسترە بڵێم مام نادر) مەكۆی كردبوونەوەمان بوو، زانیم هێمن هاتۆتە هەولێرو بۆ بەیانیش لە دوای نیوەڕۆكەی لە هۆڵی گەل كۆڕی شیعر خوێندنەوە بەڕێوەدەچێت، كاتێك لە وەختی دیاریكراودا گەیشتمە هۆڵەكە، دەبینم جێگایەك چییە بۆ دانیشتن نەماوە، گەنجو لاوە خوێندەوارەكانی شار پڕیان كردووە. لەگەڵ دەیان كەسی دیكە لەسەر پێیان راوەستاین، تا كۆڕی شیعری مام هێمن تەواو بوو، مام هێمن لەسەر تەختەی شانۆكە دابەزیو هاتە ناو ئاپۆڕەی خەڵكەكەوە، كچە خوێندەوارێكی ژیكەلەی شار، كە نەوەی هونەرمەندێكی دێرینو ناوداری كوردەو تازە دەمی لە شیعرو ئەدەب دەداو، بۆ یەكەمجاریش من لەم كۆڕەدا دیتمو ناسیم، پاشان ساڵانێك سەنگەری خەباتو شۆڕش پێكەوەی كۆكردینەوە، كە خۆی مێردەكەی پێشمەرگەی شۆڕشی كوردستان بوون، بەڵێ ئەو كچە ژیكەڵەیە لە ریزی پێشەوەش

دانیشتبوو، بەر لە هەمووان بە پیر مام هێمنەوە چوو دەستی هاویشتە ملی‌و ماچی کرد، گوتی ئۆخەی خۆ ئەوە مام هێمنم بە گۆشت‌و خوێنەوە دیت، ئیتر ئێمەش دەورەمان دان‌و تاماوەیەکی زۆر بوو بە گەرە لاوژە، پێشتر من ئەوەم بەرگوێ کەوتبوو کە لە بەغدا لە کۆڕێکی ئاپۆڕەو پڕی شیعر خوێندنەوەدا خاتوو ئەحلام مەنسوور لەسەر دەپی شانۆکەو لەبەرچاوی هەمووان مامۆستا هێمنی راموسیوە، پاشتریش وەکو لە هەندێ لە شیعر دۆستانی هێمنم بیست کە ئەو رووداوەیان بەم تاکە شیعرەی مام هێمن گرێ دەدایەوە کە دەڵێ:

**وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی**

**کە بێزارم لە ماچی سینەمایی**

خاتوو ئەحلامیش ئەم مەسەلەی نەخستۆتە ژێر لێوانەو بە راشکاوی باسی لە پەیوەندی گیانی بە گیانی خۆی‌و مامۆستا هێمن هێمن کردووە، بەڵام لە بنەڕتدا من پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو شتە نابینم.
بەڵێ کچە هەولێری لەمەڕ خۆشمان ئەو رۆژە ئەو رووداوەی بە زیندوویی نیشان داینەوە، نا حەقیشی نەبوو، هێمن ئەو رۆژە بە هۆنراوە تەڕو پاراوو بە سۆزەکانی، هەست‌و دەروون‌و مێشکی ئێمەی گەنجان‌و لاوەکانی ناو هۆڵەکەی شیعر باران‌و گوڵ باران‌و عەتر باران کردبوو، ئیتر بۆ منیش ئەو رۆژە بوو بە لاپەڕەیەکی تازە کە ئاکارو روخساری مام هێمن‌و قەدو قیافەو راوێژو گفتاری بە دلگیرترین شێوە تیایدا نەخشاو چەسپ بوو، ئەم یەکەم دیدارو دوا دیداری هێمنیش بوو بۆ من.

**کـاری زانسـتی :**

لەکاتی ئامادەکردنی نامە زانستییەکەم بۆ پلەی ماجستێر، من بواری شیعرم هەڵبژارد، لە بواری شیعری شاعیرانیشدا هەر دەبوایە هێمن هەڵبژێرم، ئەویش لایەنی هەرە دیارو زەق‌و زاڵی شیعرەکانی، کە دڵ‌و مێشکی ئێمەی نەوەی شەست و حەفتاکانی پێ ئاودرابوو، ئەویش شیعرە سیاسی‌و نیشتمانییەکانی بوو. بۆ ئەو مەبەستە رەزامەندی مامۆستای سەرپەرشتیارو بەشی زانستی زانکۆم وەرگرت‌و لە نووکەوە لەگەڵ هێمن دەستم پێکردەوە، ئەم جارەیان بە چاوی توێژینەوەو کاری زانستی نەوەکا هەر بە هەستی سۆزو خۆشەویستی‌و سەرسامەبوون. من هەموو نووسراوەکانی هێمنم لە شیعرو

له پەخشان لەبەردەسدا بوون!، بەڵام دەبوایە بکەومە سۆراغی ئەو شتانەی کە لەسەر هێمن نووسراوانو بڵاوکراونەتەوە، لە گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستانی عێراق، یاخود کوردستانی ئێران، بەوانەشەوە کە لەوان ساڵان لە هەندەران لەسەر هێمنیان نووسیوە. ئەنجا ئەو کتێبو نووسراوانەی دۆستانو هاوڕێیانی هێمن نووسیویانە، بۆ نموونە من تەواوی مێژووی کۆمەڵەی (ژ. ك)و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم خوێندەوە، هەموو یاداستەکانی کاك کەریمی حیسامیم خوێندنەوە کە (١٢) بەرگن، جگە لە مێژووی سیاسی ئێران لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. ئەنجا بەوەندەش نەوەستام، دوو جاران سەردانی کوردستانی ئێرانو شارو باژێرەکانی موکریانم کرد، مهاباد، بۆکان، سەقز، تا سنەو کرماشانیش تا چاوم بە دۆستانو هاوڕێیانو هێمن ناسانی ئەو دیویش بکەوێت، جگە لەوانەی لەلای خۆمان بوون، چوومە ماڵەکەی مامۆستا هێمنو میوانی (کاك سەلاح)ی کوڕە تاقانە جوانە مەرگەکەی بووم. چوومە لاچین، چوومە شیلانا وێی مەڵبەندی ژیانو پێگەیشتنیو خانوو ماڵەکەیم لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا بەسەر کردەوە، لە شیلانا وی میوانی کا خدری ئامۆزایو برازاو ئامۆزازاکانی بووم، تا ئەوەی باخو مەزراکانی مامۆستاشم کێڵان و پێوا، هەر بۆ ئەوەی هێمن باشتر بناسمو چاکتر سەرەدەری لە گرێ کوێرەکانی ژیانیدا دەربکەم، سەلاحی جوانەمەرگ گوتەنی من بووم بە کوڕی دووەمی هێمن، بۆیە بە ئەمانەتەوە هەرچی شتێکی لەبارەیەوە شك دەبرد لەبەر دەستی دانام، کە هەندێکییان هێشتا رووناکی چاپو بڵاوکردنەوەشیان نەبینیوە. بەهەر حاڵ سامانێکی گەورەم لەلا کۆبۆوە، لەو وتارو بابەتە جۆراو جۆرانەی کە لە ماوەی ئەو سی ساڵانەی نێوان ١٩٧٠ – ٢٠٠٠ لەسەر هێمنو شیعرو هۆنراوەو ژیانو بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە نووسراون. بۆ نموونە دەڵێم شاعیرانو هەڵبەستوانانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە شینی کۆچی دوایی مامۆستا هێمندا لە ١٩٨٦/٤/١٨ وە تا یەك دوو ساڵی دواتر زیاتر لە پەنجا تێکستی شیعری شینگێڕیو لاواندنەوەیان بۆ نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە. تاکو ئێستاش ساڵانە لە میدیای کوردیدا، لە گۆڤارو رۆژنامەو تەلەفزیۆنو رادیۆو سایتەکان، یادی ساڵرۆژی کۆچی دوایی هێمن دەکرێتەوە، لەسەر ژیانو بەرهەمو شوێنەوارەکانی گفتوگۆی گەرمو بەپێز سازدەکرێن لە کۆڕو دەستگا زانستییەکانیش لێکۆڵینەوە لە ژیانو بەرهەمی ئەو شاعیرە هەمیشە لە ئارادایە. ساڵانە شیعرو دیوانو بەرهەمەکانی، چ بە جیاجیاو چ

وەکو کۆ بەرهەم چ بە ڕاشکاوی یا بە پەنامەکی لە شارەکانی کوردستان، لە هەولێر، سلێمانی، سەقز، یا لە هەندەران دووبارەو چەند بارە چاپو بڵاودەکرێنەوە، بەڕادەیەك من گومانی ئەوە دەکەم دیوانو بەرهەمی هیچ شاعیرێکی کورد تاوەکو ئێستا بە قەد (تاریكو روون)و (ناڵەی جودایی)و (دیوانی هێمن) لە چاپ درابنەتەوە.

**ئـەم بـەرهـەمـــە:**

من لە کاتی ئامادەکردنی ماستەرنامەکەمدا، هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە ناونیشانی تەواوی ئەو بابەتو وتارو نووسینو لێکۆڵینەوانە، لەگەڵ زانیاری پێویست دەربارەیان وەکو ناوی نووسەرەکەو ناوی بڵاوکراوەکەو ساڵو شوێنو ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە، لە لیستێکدا لەوێنەی بیبلۆگۆافییایەك ڕێك بخەمو وەکو پاشکۆیەك لە نامەکەدا جێگیری بکەم. دیارە هەر لەو کاتەوە ئەو بیرۆکەیەم بە مێشك داهات، کە ئەگەر بێتو هەموو ئەو بابەتانە سەر لە نوێو بە ئیملای تازە بنووسرێنەوەو ڕێکبخرێنو یەك بخرێن، ئەنجا لە دوو توێی کتێبێکدا چاپو بڵاوبکرێنەوە، ئەوە بێگومان کارێکی باشو بەکەڵك دەبێت. بەڵام دیارە لە کاتی خۆیدا نەم پرژایە سەر ئەو کارەو پێی رانەگەیشتم، بیرۆکەکە هەر لەلام زیندوو بوو، تا ساڵی پار کاتێك کتێبی (گۆران-لەیادەوەری هاوچەرخەکانیدا) بەرچاو کەوت کە مامۆستایان جەعفەر عبدالواحیدو ڕێبوار حەمە تۆفیق ئامادەیان کردووەو بەچاپیان گەیاندووە.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو بە هاندەرێك بۆ من کە دەستبەجێ بکەومە کارو چیتر خاوە خاوی لێ نەکەم. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو سەرچاوانەی لەبەردەستمدا نەبوون پەیدام کردن، سۆراغی ئەو باسو بابەتانەشم کردن لە دوای ساڵی ٢٠٠١وە بڵاوکرابوونەوە. ئەنجا بەش بەشم کردنو لە چەند قۆڵەوە بۆ تایپ کردن بەرادانم دان.

ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکێ ڕۆژنامەکان کۆنو پەرپووتو رزیو بوون، بەڕێنووسی کۆنو وردو لە ستوونی باریكو درێژو پارچە پارچە بڵاوکرابوونەوە، بۆیە لە هەڵەگیریو ڕاستکردنەوەیانداو لە پێڕەوکردنی ڕێنووسی تازەو باوی کوردی نووسینی ئەمرۆژەدا ئەركو ئازارێکی زۆرمان کێشا، یارمەتیو کۆمەکی زۆر کەس فریامان کەوت، لەناو ئەوانەدا لاوی ڕووناکبیرو شاعیری نوێخوازی برامان کاك (زیاد

نادر عالآیی) رۆڵێکی چاكو بەرچاوی هەبوو لە راپەڕاندنی کارەکان، ئەگەر یارمەتیو هیمدادی ئەو نەبووایە رەنگە ئەم بەرهەمە بۆ ساڵێکی دیکەش وەدواکەتبایە.
لە رێکخستنو بڵاوکردنەوەو بابەت بەندی کتێبەکەدا پێڕەویمان لە چەند بنەمایەك کردووە:
- بابەتەکانمان بە گوێرەی رێکەوتو مێژووی بڵاوبوونەوەیان بە زنجیرە ریزکردووە، لە کۆتایی هەر وتارو بابەتێکیشدا سەرچاوەکەیمان دەست نیشان کردووە.
- دەسکاری زمانو شێوازی گوتارەکانمان نەکردووە، وەکو ئەمانەتێکی زانستی وەکو خۆیان روونووسمان کردوونەتەوە، تەنها لە باری رێنووسەوە نەبێت، ئەگەر لە دەقەکەدا هەڵەی چاپمان بەدی کردبێت، ئەوا راستمان کردۆتەوە.
- سالآنە لە ساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیردا لە ماوەی ئەم بیستو ئەوەندە ساڵەدا، لە رۆژنامەو گۆڤارەکان، زۆر وتارو نووسین، لە شێوەی یادکردنەوەو بیرەوەری مەرگی شاعیر نووسراونو بڵاوکراونەتەوە، ئەنجا ئەوەی نووسینێکی سادەو ساکار بێت، یا پێزو بەهایەکی زانستیو ئەدەبی ئەوتۆی نەبووبێت، ئەوا لێرەدا بوردراوەو تۆمار نەکراوە.
- رەنگە باسو وتاری ئەوتۆش هەبێت، کە ئێمە پێمان نەزانی بێت، یا دەستمان پێی رانەگەیشت بێت، لەوانە باسو وتار گەلێك کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا یا لەناو کتێبو نامیلکەی تایبەتدا چاپو بڵاونەکرابێتەوە. هەروەها بابەتەکانی باسی دەرچوونی خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی بەشی زمانو ئەدەبی کوردی لە کۆلیجو زانکۆکانی کوردستان، کە ئەوانە بەو هۆیەی بۆ مەرامێکی تایبەت ئامادەدەکرێنو هەر لە چوارچێوەی بەشەکانی زانکۆکاندا دەمێننەوە، بێ ئەوەی بە فراوانی بڵاوبکرێنەوەو بخرێنە روو، کە رەنگە باسو بابەتی زۆر چاکیش بن، بەڵام لێرەدا بەرچاو ناکەون.
دوا وتەمان ئەوە دەبێت، لەم بەینەدا رۆژێکیان لە دەزگایەکی زانستی کوردستان کە بارەگاکەی لە شارەکەی خۆمان دایە، لەلای هاوڕێیەکی زانستخوازو توێژەری بواری زمانو ئەدەبی کوردی دانیشتبووم، باسو گفتوگۆمان سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بوو، کاتێك تێگەیشت کەوا بەندە سەرقاڵی ئامادەکردنی کتێبێکی لەم جۆرەم دەربارەی هێمنی شاعیر، هاتە قسەو گوتی هێمن زۆری بۆ کراوەو زۆری لەسەر نووسراوەو گوتراوە بۆیە بە ڕای من ئیدی وەختی ئەوەیە بەس بێت.

**لێرەدا من نالێم چیم گوتو چۆنم وەڵام دایەوە بەڵکو هەمان ڕاو پرسیاری ئەو هاوڕێیە ئاراستەی ئێوەی خوێنەرەوەی کورد دەکەمەوەو دەڵێم، ئاخۆ تۆ بڵێی وەختی ئەوە هاتبێت لەسەر هێمن نووسین بەسی بێت!، یاخود لەسەر نووسینو لێکۆڵینەوە لە ژیانو بەرهەمو داهێنانی ئەدیبو نووسەرو شاعیرانمان، لەهەر ڕۆژگارو سەردەمێك بێت تۆ بڵێی سنوورێکی هەبێت.**

**عوسمان دەشتی**

**کۆیە**

٢٠٠٩/٢/٢

## ئاوارەبوون و غەزەلێك

**دڵشاد مەریوانی**

بە هەر کەسێك بڵێیت "قەت لە دنیادا نەبوو ....... خێرا بۆت تەواو دەکاتو دەڵێت "....... بێجگە لە ناخۆشی بەشم. ماتو داماوو پەشێوو بێکەسو چارە رەشم, بۆیێ زۆر بە پێویستم زانی لە رەخنەو لێکۆڵینەوەییێکی ساکاردا ئەو غەزەلە نازدارەی "هێمنی کوردستانی" بگرمە ئامێز، بەڵام کام هێمن؟ ئەگەرچی راست نییە رەخنەگر نازناو بدات بە رەخنە لێگیراو بەڵام لەبەرئەوەی نازناوی "ئاوارەیی" گەر نیشانێك بێت خەڵکی کوردستان لە بەرۆکی مامۆستا هێمن زیاتر بە هیچ بەرۆکێکی تری رانابینن بۆیێ لێرەدا لە وەڵامی – کام هێمن-دا دەڵێم شاعیرە ئاوارەکەی کوردستان، کە گوتمان مامۆستا هێمن، مانای گوتومانە – ئاوارە بوونێکی بەردەوام، دەر بەدەرییێکی درێژ خایەن، کۆمەڵێ ئازاری دەوران دیتو، وزەیەکی لە بن نەهاتوو، هیواییێکی رەگ داکوتاوو دڵێکی هەمیشە گەش.

یەکێك لە هەلە گران بەهاکانی ژیان ناساندمی بە مامۆستای خۆشەویستم دوای ئەوەی وەکو دۆستێك ناسیمو لە دڵی نزیك بوومەوە تێگەییم مامۆستا تەنیا:

**گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی‌و حەسرەتو دەردم ئەمن**

**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

نییە، بەڵکو پەپولەییێکی هەست ناسکی شەیداو دڵدارە بە لێوی جوانو شیرینو نازداری – نازدارانی ئەم کوردستانە جوانەشەوە.

لە دێرەکانی دامێندا هەڵدەدەین شاعیرە عاشقو ئاوارەکەی کوردستانی ئێران لە غەزەلی فرمێسکی گەشدا ببینین.

**جۆری کاتی دانانی غەزەلەکە:**

لە رۆژانێکی ساڵی ١٩٤٨ شاعیر دەست بەسەر بووە لە گوندێك بە ناوی "شیلاناوێ" سەرەڕای هەموو ئازارەکانی ساڵی ١٩٤٧، لە کۆمەڵێ ئازاری تریش ژیاوە "وەکو لە خۆیم بیست" تەنانەت چوونێکی بۆ باخچەو کێڵگەکانی دەرەوەی گوندی "شیلاناوێ" وای

پێویست کردووە کە چەندین کەس بە گەواهی بگرێتو ئاگاداری بن کە دێتەوەو تووشی هەرایێکیان ناکات، لەو بارە نالەبارەدا ئەم غەزەلە دروست بووە، کە هەموو سەربەستییەکی شاعیر بەندی چەندەها رست زنجیرە بووە, واتە ئەو کاتەی ئەم غەزەلەی داناوە تەنگانەترین کاتی دوای نالەبارترین چورتم بووە، کەچی وەکو دەبینین ئەو هەموو ژانو ئازارانە کار ناکەنە سەر ئومێدی شاعیرو باوەڕو توانای نالەقێنن، هیچ تەلْزمێك لە درەختی بڕواو هیوای شاعیر نەبۆتەوەو رەشبین نییەو بە پێچەوانەوە هاوار دەکات:

**کوشتمیو شەشخانی ئومێدی لە من گرتن حەریف**

**مۆرە هەڵداوێمو بێهوودە بە هیوای دوو شەشم**

**کێشو قافیەی غەزەلەکە:**

غەزەلەکە لە نۆ بەیت پێکهاتووە قافییەکەی "شم"ە کە بە کۆمەڵی بزوێنی وەك "ــە" بەستراوە بە پاشکۆی دێڕەکانەوە، وە شاعیر لە پێناوی پاراستنی رێكو راستی قافییە کە ئامادە بووە هەردوو وشەی "مەه وەشم = وەك مانگ"، "قەر قەشم = گیروگرفت" بەکار بهێنێ با کوردیش نەبن.

کێشەکەی بە گوێرەی "سیلاب = کەرت"ی کوردی پانزە (١٥) کەرتە، وە بە گوێرەی عەرووزی عەرەبی بەحری کامیل-ەو لە:

"موتەفاعیلون، موتەفاعیلون، موتەفاعیلو" پێکهاتووە. غەزەلەکە بە گشتی:

لە بەیتی یەکەمدا شاعیر خۆی پێشکەشی خوێندەواران دەکات کە لە چ حاڵێکدا رێبواری ئەم دنیایەیە:

**قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم**

**ماتو داماوو پەشێوو بێکەسو چارەڕەشم**

وەسفی گۆرانی نەمر دەکەین گوایێ توانیوێتی لە بەیتێکدا پێنج سیفەتو مەوسوف کۆبکاتەوە "قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵی، کچی جوان، سەرگۆنا نەختێ ئاڵ". بۆیێ لێرەدا من زۆر بە ئاسانی بۆم هەیە بڵێم مامۆستا هێمن لە نیو بەیتدا پێنجی کۆکردۆتەوە: "ماتی، داماوی، پەشێوی، بێ کەسی، چارە ڕەشی" بە جیاوازی ئەوەی، گۆران بۆ "جوانە بێ ناوەکەی"و ئەم بۆ ئاوارەیێتی خۆی بووەو دیوی ناوەوەی ناخێکی لێداروی برینداره نەك دیوی دەرەوەی جوانێکی بینراو.

له بەیتی دووەمدا شاعیر ژیانی خۆیمان بۆ دەکات بە دوو بەشەوە.

**سەردەمێک ئاوارەبووم‌و ماوەییێکیش دەس بەسەر**

**قەت نەم دی رووی ئاسوودەگی هەر تووشی گێژەو قەڕ قەشم**

ئەو بەشەی سەربەست بووە تەنها بەوە سەربەست بووە کە دوور بووە لە دەستی پاسەوانەکان دەنا راکردوو ئاوارەو وێڵ بوو، تاچنگ دڕندە کۆنە پەرستەکان نەکەوێت — ئەو بەشەی تریان کە تیایدا ڕاکردوو نەبوو، دەس بەسەر بووە لە شوێنێکدا تەنانەت ژمارەی جێی شك‌و راپۆرت لەسەر نووسین بوو، دیارە کە ئاسودەیی لە هیچ بەشێکیاندا چنگ ناکەوێت.

لە هەردوو بەیتی سێیەم‌و چوارەمدا بەدەستووری هەموو غەزەلێکی کلاسیکی لەسەر باسی حاڵی خۆی دەڕوات:

**دابی کوردی وایە "کەس لاگیری لێ قەوماو نییە"**

**بۆچی سەر کۆنەی بکەم، لێم زیزە یاری مەهـ وەشم**

**تیغی بێ مەیلی‌و جەفای ئەو نازەنینە دڵ رەقە**

**جەرگی لەت کردووم بەجارێ ئەنجنیویە سینەشم**

بەڵام لە بەیتی پێنجەمدا وەك لە پێشەوە گوتم سەرەڕای هەموو ئازارەکانی کە وەك گرتنی شەش خانی ئومێدەو بە گوێرەی تاوڵە تەنانەت دوو شیش رزگاری ناکات بە پێچەوانەی شاعیرە کلاسیکییەکانی  پێش خۆی، گرتنی شەش خانی بە نموونەی نائومێدی بەکار نەهێناوە بەڵکە ئەم دەڵێت: "گەرچی هێنانی دوو شەش بێ هودەیە بەڵام من هەر بە تەمایم" وەك بڵێ لە زارەکەدا لە دوو شەش زیاتر خەڵق دەکەم بۆ رزگار بوونم ... کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی هیوا بوونە بە دوارۆژ.

**کوشتمی‌و شەش خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف**

**مۆرە هەڵداوێم‌و بێ هوودە بە تەمای دوو شەشم**

رەنگە یەکێك کە ئەم هیوا زۆرە دەبینێ شك بکات لەوەی شاعیر خاوەنی ئازارو خەمی خۆی‌و کوردستانەکەی بێت. وە وەکو شاعیر بەم شکەی زانیبێ بەشێوەیەکی سەلیقی بۆیێ دەگەڕێتەوە سەر باسی خەمەکانی‌و دەڵێ ئەو خەمەی من بە تەنها خاوەنیم گەر دابەشی بکەم بەسەر هەموو خەڵکی شاردا بێگومان بەر لەوەی ئیتر کەسیان دەرفەتی

نەك پێكەنین بەڵكە زەردەخەنەشیان نابێتو خەندە نابینی لەسەر لێوی كەسیان — واتە خەمی من ئەوەندەیە هەموو — یان توانای هەڵگرتنیان نەبێت...

**زەردە نابینی لەسەر لێوی كەسێ لەم شارەدا**

**گەر خەمو دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم**

كەواتە:

**خۆشەویستی گۆشەكەی تەنیایی هەر ئەژنۆ كەمە**

**بۆیە رۆژو شەو وەها گرتوومەتە ناو باوەشم**

دیارە لەو كاتانەدا كە رژێمێكی كۆنەپەرستو رزیو ئازادی خوازێك دەست بەسەر دەكات لە كونجێكدا، بەڕێوەبەرانی ئەو رژێمە، خۆشیان لێ دێ ئەو كەسە بە رەنگ زەردیو رووخاویو بێ وزەییو كەم باوەڕی ببینن، شاعیر بۆ بەرەبەرەكانی ئەم ئاواتە لە دڵی یاساوڵەكانیدا، دێمەنێكی شیعری زۆر نایابو پوختەو نازك بەكاردێنێت، كە بۆ نەهێشتنی زەردە بەسەر روویەوە سوپاسی فرمێسكە خوێناویو گەشەكانی دەكات كە دەم — دەم بە فرمێسكی ئاڵ رووە زەردەكەی ئارایشت دەكەنو نایەڵن دوشمن هەست بە زەردی رووی بكەنو پێكەنینیان پێ بێت.

**نایەڵێ دوشمن بە ڕەنگە زەردەكەی من پێكەنێ**

**تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسكی گەشم**

لە دوا بەیتدا بە سۆزێكەوە دڵسۆزی خۆی بەیان دەكاتو لە بۆتەی خەباتدا خۆی بە زێڕێكی بێ خەوش دەزانێت، كە پێویست بە تاقیكردنەوەو محەك لێدان ناكات... رەنگە زۆرتری ئەمەی بۆ ئەوە گوتبێت كە هەبووبێت بە چاوی شكەوە تێڕوانی بێت... دەڵێم رەنگەی ئەگینا بە ڕای من شاعیر رژێمێكی كوردی دەس بەسەری نەكردووە تا بڵێت "كوردە موحتاجی محەك نیم".

**شاعیرێكی راستو یەك رووم‌و فیداكارو نەبەز**

**كوردە موحتاجی محەك نیم زێڕی بێ غەلل‌و غەشم**

وەكو لە باسەكەی رابوردوومان‌دا دەركەوتو ساڵی وتنی (١٩٤٨)ە .. ئەم غەزەلە سەر بە قوتابخانەی كلاسیكی نوێیە.. هیوادارم ئەوەندە بەس بێو ئەم باسەش وەك سەرباسی غەزەلێكی — كلاسیكی نایاب - قبووڵ بكرێت.

**گۆڤاری (رۆژی كوردستان)، ژمارە (٥)، ساڵی ١٩٧٣، ل٤٢ — ٤٣.**

# هێمن مەهابادی شاعیرە ئاوارەکەی کوردوستان

**بورهان شاسوار**

دەمویست وە زۆر تامەزۆرشی بووم بۆ ئەوەی دەنگی ئەم شاعیرە دلێرەمان بگەینمە جەماوەر" ببورن.. مەبەستم لە گەیاندنی دەنگی شاعیر بەجەماوەر پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکە لەمەڕ شیعرەکانی شاعیرەوە بەس، دەنا ئەگەر وەها نەبێت کێ هەیە خاوەنی شیعری " گەرچی تووشی" نەناسێت؟

حەزم دەکرد باسەکەم فراوانتر بووایەوە بۆ گەلێ لایەنی تریش پەلی بهاوێشتایەو لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە خۆم بگەینایەتە دنیای شاعیر، بەلاَم کەمی بەرهەمی بلاَوکراوەی شاعیر ڕێگەی ئەمەی نەدام ویستم بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ ببم‌و بگەمە ئامانج، بۆیە داوام لە مامۆستای شاعیر خۆی کرد کە هەندێك لەبەرهەمەکانیم بداتێ، وە مامۆستاش بەڵێنی دامێ، بەلاَم لەبەر ئەوەی زۆر سەرقاڵ بوو ئەم ئاواتەشم نەهاتەدی، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی زۆربەی بەرهەمی شاعیرێك شتێکی هێندە ئاسان نییەو لەتوانای هەموو کەسدا نییە من بەش بەحاڵی خۆم ئەمەی کە نوسیومە دەربارەی هێمنی شاعیرمان بەمشتێ لە خەرمانێك و دڵۆپێك لە دەریایەکی دەزانم بە هەرحاڵ.. ئاوات ئەخوازم ئەم باسە کورتە ببێتە پێشەکییەك بۆ باسێکی گەلێك فراوانتر کە شیاوی ئەم شاعیرەمان بێت و نوسەرو پسپۆڕو شارەزایانی ئەم مەیدانە بێنێتەوە نوسین و شیعرەکانی مامۆستا بخەنە تەرازوی ڕەخنەو لێکۆلینەوەو نرخی خۆی بدەنێ

هێمن نەك تەنها شاعیرێکەو بەس بەڵکو شاعیرێکی گەورەی کوردە لەم سەدەی بیستەمەداو لەناو بۆتەی مەسەلەی نەتەوەیەکدا تواوەتەوە. خانەخوێیە، بەلاَم ئێستە داگیرکەران دەریان پەڕاندووە، ئاوارەو دەربەدەر بووە وەك خۆشی دەڵێت:

**سەردەمێك ئاوارەبووم و ماوەییێکیش دەست بەسەر**

**نەمدی ڕووی ئاسودەگی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم**

بەلاَم نالەباری و بەدڕەفتاری دوژمنان و تاڵی و ناخۆشی ژیان و بە تۆسقاڵ لەبڕوای ئاسنینی کەم ناکەنەوە ئاڵتونی ساغەو لە تێزاب ناترسێ هێز نییە لەسەر ئەو بیروباوەڕەی لابدات کە بڕوای پێیەتی:

**گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەتو دەردم ئەمن**

**قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

**من لە زنجیرو تەنافو داروبەرد باکم نییە**

**لەت لەتم کەن.. بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

هێمن عاشقەو دڵدارییەکەی جویێیە، ئەو فەرهادی شیرینێکی پیرۆزە، ئەو فەرهادی خاکی کوردستانە، بەڵێ هێمن دڵدارە، بەلاّم شەیدای چاوی ڕەش وکوڵمی گەش نییە، ئەو تامەزرۆی لێوی چاو بازان نییە، ئەو شەیدای قوڵنگەو سەنگەری مەرگ:

**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم**

**ئاشقی کێوو تەلاّن و بەندەنو بەردم ئەمن**

**گەر لەبرساناو لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**

**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**

هێمن ئەگەرچی لەشەوەزەنگیشدابێت هەر شەیدای ڕووناکییە، ئەو ڕۆژپەرستە، ڕووناکی بە ژیان دەزانێت، بولبولێکە ئاوارەیە بۆ گوڵخونچەی ئاوات، ئەگەرچی بەدڕكو داڵ دەوریان گرتووە، بەلاّم لای پەشمە بگەڕێتەوە دوواوە با خوێناوی سنگیشی دڕكو داڵو ڕێگاوبان سووربکات، ئەو ڕێگا سوورە دەگرێتو شیلەی خونچە هەر دەمژێت, شاعیر باش شەش خانی ئومێدیشی بگیرێت بەلاّم ئەو ناڵێت, ئەوەتا بەدوو شەش رزگاری نابێت چۆك داناداو ئەستێرەی هیوای گەشەو گەشتر دەبێت. ئەو هەر بەتەمایە بەدوو شەش دەربازی دەبێت ئەگەرچی شتێکی گرانە با گوێ لەمامۆستا بگرین بزانین چی دەڵێت:

**کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لەمن گرتن حەریف**

**مۆرە هەڵداوێم و بێ هوودە بەتەمای دوو شەشم**

هێمن لەناو تاریکیدا بۆ ڕووناکی دەگەڕێ، لە تێشکاندا سەرکەوتن بەدی دەکات، لەگەڵ کارەساتەکانی ڕۆژگاردا زۆران دەگرێ، کۆڵ نادا دیارە دڵۆپە ئاسن و پۆلاّش کون دەکات، ئەوەتا کە قارەمانان لەناو خوێندا دەتلێنەوە، کە پارچەی ئاگر خۆی لەسنگییان دەسوێت ، کە لەگەڵ مردندا دەست لەملان دەبن، ئەم دەبینێت کاروان بێ وچان ملی ڕێگای گرتووە، بۆیە دەڵێت:

**دیسان خوێنی قارەمانێك نەخشاندی ڕێگەی ڕزگاری**

**دیسان لاپەڕێکی ڕەشتر کەوتە سەر مێژووی زۆرداری**

**لەناو خوێنا دەتلێتەوە لاوی بە زیپكو بە سەبات**

**بەڵام، هەروا دەچێتە پێش بێ وچان کاروانی خەبات**

هێمن کاتێك کە لە زیندان توند دەکرێت لای پەشمە کە دوژمنانی شادمانو بەختیار بکات بەوەی ڕەنگی زەرد بووە، بۆیە پڕبەدڵ سوپاسی فرمێسکە گەشەکانی دەکات کە ڕەنگە زەردەکەی گەش دەکەنەوەو نایەڵن دوژمن گەشکەو خەندەیان بێت وە وا تێبگەن کە کێوی بڕوای هەرەسی هێناوە، ئەو دەزانێت کە بەندیخانە قوتابخانەیە بۆ تێکۆشەر:

**نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ**

**تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم**

هێمن لە کۆمەڵێکدا ژیاوە کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی تێدابووە کەدیارە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕژێمەدا شێوەی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان جۆریکی تایبەتی دەبێت هێمن لەو کۆمەڵەدا بەئاشکرا پەنجەی ڕەخنەو تاوان و شەرمەزاری دەخاتە سەر ئەو چینانەی کەحازر خۆری بەرسێبەرن، ئەوانەی کە مانای ژیان لەخواردنو چەوساندنەوەدا بەدی دەکەن وە لەمەیدانی کارکردن وبەرهەمهێناندا جێیەکیان نییە وە بەنمەك خواردەی دەستی چینی جوتیاران دەزانێت ئەو چینەی کە:

**بە تاڵو تفت و ساردو گەرمو وناخۆشی ژیان ڕادێـــن**

**بەگژ تینو بلێسەو بـــەفرو بارانو هەوردا دێـــن**

**پەنیرو شیرو ڕۆنو هێلکەت بـــۆیە لەدێڕا دێـن**

**خوری, مازوو, کەتیرە, دەغڵو تووتن بەرهەمی لادێن**

**نمەك خوردەی دەستی جوتیارە شێخ وحاکم وسەردار**

شتێکی ئاشکرایە کە لەکۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا ئافرەت دەچەوسێنرێتەوە، لەم کۆمەڵانەدا بێجگە لەچەوساندنەوە سەرەکییەکەی چینە چەوسێنەرەکان کە سەرچاوەکەی خاوەنێتی هۆکانی بەرهەم هێنانە، ئافرەت تووشی چەوساندنەوەیەکیتریش دەبێت کە ئەویش چەوساندنەوەی ئافرەتە لەلایەن پیاوەوە، بۆیە لەوڵاتانی دەرەبەگی و نیمچە دەرەبەگیدا (پیاو بەچەشنێکی ئاسایی ژێردەستی

سێ جۆر سیستمی دەسەڵاتە، دەستەڵاتی سیاسی دەستەڵاتی عەشیرەتی، دەستەڵاتی دینی)، بەڵام ئافرەتان سەرەڕای ئەوەی کە ژێردەستی ئەو سێ دەسەڵاتەیشن، ژێردەستی پیاویشن (دەسەڵاتی مێرد). ئەم چوار دەسەڵاتە، دەسەڵاتی سیاسی..عەشیرەتی ..دینی.. مێردی، نوێنەری هەموو ئایدۆلۆجیو سیستەمی باوکایەتی – فیۆدالیيە، هێمن ڕوو دەکاتە ئەو ئافرەتانەو پێیاندەڵێت:

**دەرکی داخستووە لەتۆ بابت کەچی دەرکی نییە**

**دەرکە داخستن لەتۆ دەرکی هومێد داخستنە**

کاتێ هێمن دەڕوانێتە چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری وە لەکلاوڕۆژنەی سەربەستی ئافرەتەوە تێیان دەڕوانێ دەبینێ ڕادەی چەوساندنەوەیان جیاوازە (دەسەڵاتی مێرد لەچاو خۆیدا هەمیشە لەناو جوتیارانی هەژاردا کەمتربووە، چونکە ژنە جوتیارە هەژارەکان لەڕووی هۆی ئابوورییەوە ناچاربوون کە لە ئافرەتانی ئەو چینانەی حاڵیان باشترە زیاتر بەشداربن لەکاری جەستەییدا, بەم بۆنەیەوە لەکاروباری خێزاندا قسەو دەستیان زیاتر دەڕوا) لەخۆڕایی نەبووە هێمن وتوویەتی:

**کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن**

**کیژی ئازادە ئەوەی ژینی بەنووکی گاسنە**

**با هەزار (زێ) واگادەر) والاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ**

**تاکو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لێخنە**

هێمن لەبەژداربوونی ئافرەتدا لەمەیدانی بەرهەمهێناندا کۆمەڵێکی بەختیاربەدی دەکات ئەدی چۆن بەرهەمی ولاتەکەی دەگەیشتە ولاتانیتر گەر ئافرەتانیش بەشدارنەبوونایە لەبەرهەمهێناندا!! (ڕاپەڕاندنی جەماوەری فراوانی ئافرەتان بۆ تێکەڵبوون لە چالاکی بەرهەمهێناندا ئەو پەڕی گرنگی هەیە لە دروستکردنی کۆمەلێکی سوشیالستی مەزندا)

**کوا مەتاعی کوردەواریمان دەچوو بۆ هەندەران**

**گەر بەسەربەستی نەژیبا ئەو کچە مازوو چنە**

**بێرو هاوێری دەگەڵ کاکی نەکردبا بن پشك**

**چۆن دەمان بوو ئەو هەموو گۆشتو پەنیرو بەرگنە**

شاعیر لەناو چوارچێوەو باسێکی خۆشەویستیدا نیشتمان و گەلەکەی ناخاتە لاوە، بەڵکو هەمیشە لەبەر دەرگای خەیاڵیدا ئامادەن، لەگەڵ هەر دیمەنێکی خۆشەویستیدا دیمەنێکی خەباتو لەخۆبوردنو فیداکاریمان دێنێتە یاد. ئەوەتا لەگەڵ برژانگی تیژدا نووکی ڕمی دوژمن باس دەکات، وە لەگەڵ باسکردنی برۆی وەك شیری خۆشەویستەکەیدا باسی هەژارێتی لاوی کوردیش دەکات، لەو دێرەشدا کە باسی چاوی بەخوماری دڵدارەکەیمان بۆ دەکات، باسی ئەو ئازارو ناخۆشیو چەوساندنەوەیەمان بۆ دەکات کە شۆڤینیزمی تورك بەرامبەر بەگەلی کورد کردویەتی, گوێ بگرە چی دەڵێ:

**چاوەکەم چاوی رەشی تۆ ئافەتی گیانی منە**

**گیانەکەم برژانگی تیژت نووکە ڕمبی دوژمنە**

**شیری دەستی شێری ئالایە برۆ راکشاوەکەت**

**جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی ورد پێ بنجنە**

**دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا**

**بۆیە مەیلی وا بەکێشەو فیتنەوو خوێن رشتنە**

**بەژنەکەت سێ دارەیە کەزیەت تەنافە زووبە دەی**

**بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە**

کە هێمن تەشبیهی بالای خۆشەویستەکەی دەکات بەسێ دارەو پرچیشی بەتەناف هەروا لەخۆوە نەبووە کەم شاعیر هەتا ئێستا ئەم تەشبیهەی کردووە, بەبڕوای من ئەم تەشبیهەی مامۆستا لەوەوە هاتووە کە خنکاندن و سێ دارە رۆڵی خۆی لەمێژووی نەتەوەکەماندا گێڕاوە.

ئەم کارەی هێمن کەفەرامۆش نەکردنی مەسەلە گرینگەکانی کۆمەڵە لای شاعیرانی تریشمان بەدی دەکرێت لای گۆران لەشیعری (بوکێکی ناکام)دا کە گۆران باسی کچە جوتیارو کوڕە شوانمان بۆ دەکات. کێشە چینایەتییەکەی ناو کۆمەڵیش لەیاد ناکات. هەروەها لای مامۆستا هەردیش لەشیعری (ست فاتیمە)دا هەمان شت بەدی دەکەین کە هەردی باسی فاتیمەو چاوە جوانەکانی دەکات زۆری پێ ناچێت کە دێتە سەر کێشە چینایەتییەکە بۆیە دەڵێت:

**گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە**

**هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو ئانەیە**

**گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە**

**بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە**

هەموو کەسێك هەر دەبێت دنیا بەجێ بهێڵێت و شەرابی مەرگ بخواتەوەو لەگەڵ مردندا دەست لەملان بکات, بەڵام زۆر هەن نامرن وە لەدڵی میللەتدا دەژین, بەڵێ زۆر هەن هەر وەکو ئەدیبی چینی سی ماتشیان دەڵێت: (هەموو ئینسانێ هەر دەمرێت بەڵام هەیە داخ خواردن بۆی قوسترە لەشاخی نایشان وەهەشە داخ خواردن بۆی سوکترە لەکێشی پەڕێك), کێن ئەوانەی کە نامرن و مردن تەنها بۆ لەشیانە, شاعیر وەڵاممان دەداتەوەو دەڵێت:

**کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لەبیر**

**ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر**

**ببێ بەمایەی سەربەرزی کۆمەڵ**

**بۆی دروست بکەن پاش مردن کوتەڵ**

**خۆی فیدا بکا بۆگەل و خاکی**

**ناوی نەمرە بەپاکی و چاکی**

بەڵێ خۆ فیداکردن بۆ گەل و خاك شەرابی نەمرییە... هێمن دانیشتووەو مەلی خەیاڵی فڕیوەو دوور رۆیشتووە لەبەرزایی ئاسماندا لەنگەری گرتووە ئەوەتا مامۆستا کەس و کارو ئازیزەکانی کەبەجێی هێشتوون لەبەر دەرگای خەیاڵیدا ئامادەن کاتێك کە دەیەوێ دوو لێوی هەڵبێنێتەوەو چەن وتەیەکییان ئاراستە بکات گورج دەگەڕێتەوە دنیای واقع, ئەو دیوارەی دێتە بەرچاو کەلەسەر سنگی کوردستانەکەی بنیات نراوە, ئەو دیوارەی کە چەقی رێگای پێ دەگرێت و دەبێتە دڕکی مەم و زین بۆیە ناچار دەبێت کەبەشەماڵی کوردستاندا دەنگی بگەیەنێتە ئازیزەکانی و بڵێ:

**ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی**

**تۆ خودا نی تۆ خۆشەویستی منی**

**لەئاسمان نی تاوێت ڕانەگا دەستم**

**لەقاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم**

**تۆی لەمن ون کردوو منی لەتۆ دوور**

**ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور**

ئەمانـەی کـە وتمـان بـا لـەولاوە بوەسـتێت ئـەو زمانـەی کـە شـاعیر شـیعری پـێ دەڵێـت کوردییـەکی پـاراوی خۆماڵییـە, کوردییـەك کـە نەدروسـتکراوەو نـە داتاشـراوە بـەڵکو کوردییەکـە بەهـەموو واتایـەکی وشـەوە رەسـەن و خومـاڵی, ئـەوەتا شـاعیر ئـەو وشـە کوردییە خۆماڵییانەی لەلا شیرینترە لەخونچەلێوی دڵدارەکەی:

**بەڵێ تۆ کیژی نازداری لەباری**

**منیش پیرێکی زورهان و دزێوم**

**بەڵام شیرینترە لەو شەکرە لێوە**

**وشەی کوردی کەهەڵدەڕژێ لەلێوم**

هـێمن و فۆلکلـۆر: یـەکێك لەمەرجـەکانی سـەرکەوتنی شـاعیر ئەوەیـە کـە هـەردەم ئـاوڕ لەبەرهـەمی شـاعیرانی پـێش خـۆی بداتـەوەو لەگەنجینـەی بـەنرخی فۆلکلـۆر کـەلك وەربگرێ و دروشمی یاخی بوون لەکۆن لەژێر پێی بنێت و لایەنە رۆشنەکانی کەلەپوور بکاتە کەرەسە بۆ ئەدەبەکەی هـەروەك گـۆرکی دەڵـێ (بناغـەی ئـەدەب لـەفۆلکلۆر, واتـە لەئەدەبی خەڵك دایە, فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شـاعیران و نووسـەران گـەر بەباشـی لـەڕابووردوو بگـەین بەرهـەمی ئـەمڕۆمان رەنگـین دەبێـت و ئەوسـا زۆر بـەوردی لـەگرنگی فۆلکلـۆر دەگـەین). گـەر لـەم لایەنەشـەوە لەشیعرەکانی مامۆستا هێمن ورد بینەوە زۆر بەئاشکرا لەشیعرەکانیدا ئەم دیمەنە خـۆی دەنوێنێت:

**رەمزی دڵداری لەزینێ فێرنەبوو یارم دەنا**

**کوا ئەویینداری وەفاداری وەکو من مەم ئەبێ**

**گیژی شاریمان لەخۆی وەرگرتووە چار شێوی رەش**

**داخەکەم نەمدی لەوێ مانگێکی دەورەی تەم نەبێ**

کە بەئاشکرا دیارە شاعیر ئاوڕی لەداستانە بەناوبانگەکەی (مەم وزین) داوەتەوە.

ئــاوڕ دانــەوەی شــاعیر بــۆ گەنجینــەی فۆلکلــۆر لــەو شــیعرەیدا کەلەژێرناونیشــانی (چارەنووسـی شـاعیر) دایـەو بـەو پـەڕی ئاشـکرای خـۆی دەنـوێنێ بڕوانـە هـێمن چـۆن وەستایانە دەست بۆ ئەم گەنجینە بەنرخە دەبات و بەرزترین شعری پێ دەهۆنێتەوە:

**بـــــــەهاربوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بـــــــایە**

**درۆیـــە گـــــــەر گوتویانە بە خونچێکی بـــەهار نـــــــایە**

لــــــەبارانێ مەپرسە تـــــاهەور بگرێ بـــــــەری رۆژێ

دەبێ بگریێم هەتا روی تۆ لەبن چـارشێوی رەشدایە

لەسەر بەفرێ بەکارنایە وەکـو بیستومە داوی رەش

لەسەر کوڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بسکە تاتایە

بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بـــۆ جەماڵی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانکوت دار کەپیر بـــوو تازە دانایە

لەڕووی هونەری شعرییەوە شـعرێکی زۆر سـەرکەوتووە بەراسـتی شـعرێکە بـەبڕوای مـن لەشاکارەکانی هێمنە بەڵام لەسەر دێری یەکەمی کەدەڵێ:

بــــــــەهاربوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بــــــــایە

درۆیـــە گـــــــەر گوتویانە بە خونچێکی بـــەهار نـــــــایە

ســەرنجێکم هەیەکــە ئەگــەر مامۆســتا رێگــەم بــدات دەیخەمــە روو ئــەویش ئەوەیــە کەمامۆستا دەیەوێت بیسەلمێنێت کەدرۆیـە (بەخونچـەیەك بـەهار نایـەت) چۆن وانییـە ئەوەتا کرێوەی زستانی شاعیر بۆتە بەهاری پڕ گوڵزار چونکە یاری لەگەڵدایە.

لێرەدا دەڵێم ناوەرۆکی ئـەو پەنـدە زۆر بـەرزە چـونکە کاتێـك بـەهار دێـت کاتێـك ژیـان مانای دەبێت کە هەموو مرۆڤ باوەشیان بەخۆشیدا کردبێت کەچەوساندنەوە بۆ هـەموو مرۆڤ و لەهەموو دونیادا نەهێڵرێت لێرەدا شاعیر خۆی  لەهەموو مرۆڤ جـودا دەکاتـەوە تەنها هەر بەهاتنی خۆشی بۆ خـۆی ئـیتر بـەهارەو هـیچ بیرێـك لەکەسـانی تـر ناکاتـەوە لەکۆتاییدا دەلێم ئەگەر مامۆستا هێمنی شاعیرئەم چەند وشەکەمەم لێ قبوڵ بکات خۆم بە بەختیار دەزانم بەڵێ خۆم گەلێ بەبەختیار دەزانم کەشاعیرێك کردەوەو قسـەی یـەك بێت دیارییەکم لێ قبوڵ بکات بام بچکۆلەش بێت من ئەم قبوڵ کردنەی بە پە ساپۆرتی دنیای شادمانی و بەختیاری دەزانم و سوپاس.

رۆژنامەی هاوکاری / ژ ٢٢٠ , ١٩٧٤.

# پێموایه باشی بۆ نەچووە

**کەریم حسامی**

- ١ -

لەژمارە (٢٣٨)ی ڕۆژنامەی هاوکاری بەڕێزدا لە ١١ / ١٠ / ١٩٧٤دا سەردێرێکی درشتو درێژ، نووسراوی (دڵشاد محەمەد ئەمین) سەرنجی ڕاکێشام. کە چاوم پێداخشاند وتارێك بوو لەسەر پێشەکی دیوانەکەی مامۆستا (هێمن) موکریانی نووسرابوو. لە خوێندنەوەی وتارەکەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم نووسەرە بەڕێزە دەبێ کاك (دڵشاد مەریوانی) بێ، وا ئێستا مەریوانی کردووە بە محەمەد ئەمین بەتایبەتی لەوەڕا کە دەنووسێ:( ئاگاداری جۆری دروستبوونی هێندێك لە شیعرەکانی بووم).

کارم بەوە نییە کاك دڵشاد مەریوانی تەنیا دوو ساڵ هێمنی ناسیبێ و جاروبار چاوی پێکەوتبێ، چۆن (لەگەڵ ئیحساسی هێمن کوردستانیدا ژیاوەو ئاگاداری جۆری دروست بوونی هەندێك لە شیعرەکانی بووە؟) لەکاتێکدا دیوانەکەی هێمن تازە بڵاوبۆتەوە. بەڵام لەوەی ڕا کە جارێکی دیکەیش لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری بەڕێزی (ڕۆژی کوردستان) دا نووسراوێکی کاك دڵشاد مەریوانیم بەناوی (ئاوارە بوونوغەزەلێك) لەسەر شیعرێکی مامۆستا هێمن خوێندبۆوەو ئەو دەمیش لام وابوو باشی بۆنەچووەو لێکدانەوەکەی شل و شەوێقە، ئیتر گومانم نەما کە دەبێ نووسراوەی ئەمجارەش هەر بە قەڵەمی کاك دڵشاد مەریوانی بێ، کە بەداخەوە لێرەشدا پێموایە باشی بۆ نەچووەو ئەمجارەیش بە دەستییەوە نەهاتووە.

ویستم لەسەر ئەم وتارەی (بیری سەربەست) شتێك بنووسم، بەڵام چونکە نووسراوەکە پێوەندی بە دیوانی شیعری مامۆستا هێمنەوە هەبوو، هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە هێندێك بۆ دوایە بگەڕێمەوەو جارێ لەسەر وتارەکەی کاك دڵشاد بەناوی (ئاوارەبوونوغەزەلێك) بنووسم و دوایە بێمەوە سەر ئەم (ڕەتکردنەوەی پێشەکی..)ە لام وایە ئەم بادانەوەو بۆ دوایە گەڕانەوە شتێکی نالەبار نییە.

کورد گوتەنی : (ماسی هەر دەمێکی بیگری تازەیە). لەنێو مەنگوڕانیش بادانەوە عەیب نییە، بەتایبەتی کە باسی ڕەخنەی ئەدەبی و شیعرو فەرهەنگ و ئەدەب بێ، ئەوە هەر کۆن نابێ.

کـاك دڵشـاد مـەریوانی لـەژمارە (٥)ی گۆڤـاری ڕۆژی کوردسـتان دا – ئـووتی ١٩٧٣ لـە ( ڕەخنەو لێکۆڵینەوەیەکی ساکار)دا غەزەلی (فرمێسکی گەش)ی لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن وەبەر پەڕەی هەلاجی داوەو شیکردتەوە.

نووسەر لە سەرەتاوە باسی (ڕەخنە) و (ڕەخنەگر) و (ڕەخنەلێگیراو) دەکا، بـەڵام کاتێك سەرنجی وتارەکە دەدەی، نەك هەر تووشی ڕەخنە نابی، بەڵکو کۆمەڵێك وشەو زاراوەی پەسندکردن و بـەباڵابڕین دەبینـی کـە تەنانـەت دەگـەڵ نـاوەڕۆکی غەزەلەکەش یـەکتر ناگرنەوە.

بەلای منـەوە کـاتێکی باسـی ڕەخنـەی ئـەدەبی دەکـرێ، مەبەست ئەوەیـە کـە ڕەخنـەگر ناتەواوی و کەم و کوڕی مەبەستەکە بخاتـە بـەر چـاوو بـاری ڕاسـت و لـەبارو داهێنـەری نیشـانبدا. ئـەودەم ڕەخنــەو لەسـەر نووسـین دەبێتـە هـۆی پێشـکەوتن و پـەرەگرتن و بووژاندنەوەی ئەدەب و زانیاری، ئەوەی کاك دڵشاد لەسەر ئەو غەزەلەی نووسـیوە، نـەك هـەر ڕەخنـە نییـە بـەڵکو هـەمووی پەسـندکردن و بەباڵابڕینـە. ئـەوەش بـەلای منـەوە نابێتە ڕەخنەی ئەدەبی، نووسەر لەو کاتەدا بەهەق هێنـدێ شـوێنی جـوانو ناسـکی ئـەم غەزەلـە دەخاتـە بەرچـاو، بـەڵام هـیچ کـەمو کوڕییـەك لەوغەزەلـەدا نابینـێ و بەچـاوی وەسـفو تـاریف بـە باڵایـدا دێتـە خـوارێ. پاشـان لـە قافیـەدا شـەلی دەکـاو تەنانـەت لـە شیعرێکدا هەر بۆی ناچێ کە شاعیر مەبەستی چییە! بەلای منەوە کاك دڵشاد دەبووایـە غەزەلێکی دیکە بۆ پێهەڵاگوتن هەڵبـژێرێ. چونکە مامۆستا هـێمن شـیعری زۆر بـەرزو تەڕو پـاراوی هەیـە کـە لەگـەڵ شـیعری شـاعیرە مەزنـەکانی دونیـا بەرامبـەری دەکـەن و بەڕاستی جێگەی شانازین.

ئـەو غەزەلـەی کـاك دڵشـاد هەڵیبـژاردووەو تـاریفی دەکـا، بـەلای منــەوە هێنـدێك لـە شـیعرەکانی، بەتایبـەتی ئـەو شـیعرەی کـە قورسـایی نووسـراوەکەی لەسـەرە، بـۆ ڕەخنـە لێگـرتن دەبـێ و ئەگـەر ڕەخنـەگر بـە وردی لـەم غەزەلـە بکۆڵێتـەوە، نـەك کـاك دڵشـاد واقیعیەت بخاتە پشتگوێ، ناتوانێ بەسەریدا تێپەڕێ و باسی کەمو کوڕییەکانی نەکا.

سـەیر ئەوەیـە کـاك دڵشـاد لـەنێو غەزەلەکـەدا بەشـی زۆر بەشـیعرێکەوە نووسـاوەو بـە (هومێـد) و (بـاوەڕ) و (توانـای نەلـەقیوو) و (هیـوا)ی شـاعیری دانـاوە، کـە دەنێـو ئـەم غەزەلەدا ماناکەی ناهومێدیە و هەر بێ هیوایی لێ دەبارێ. بەتایبـەتی ئەگـەر وەك کـاك دڵشاد دەڵێ کاتو سەردەمی دانانی ئەم غەزەلە، یانی ساڵی ١٩٤٨ لەبەر چاوبگرین. کـاتی

دانانی ئەو شیعرە پاش تێکچوونی کۆماری مەهابادە، لاوانی کورد پەردەی کڕی و ماتی و بێدەنگییان دادڕیووە، لە مەهاباد هەوەڵین بڵاوکراوەی ڕزگاری خوازی بەناوی (ڕێگا) پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد بڵاوکراوەتەوە. تێکۆشان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستپێکراوەتەوە. لەسەرو بەندێکی ئاوادا، شاعیری بەرزو خۆشەویستمان (شەشخانی هومێدی) لێدەگیرێ و (مۆرە هەڵداوێ)، بەڵام (بێهوودە بە هیوای دوو شەش)ە، جا لەوحاڵەدا کە شاعیر خۆی وەك ئینسانێکی (ڕاستو یەك ڕوو) پێ لەوەی دەنێ کە شەشخانی لێگیراوەو بێهوودە مۆرە هەڵداوێ، کاك دڵشادی ڕەخنەگر بۆی تێهەڵدێنێتەوەو دەڵێ: (گرتنی شەشخانی بە نموونەی ناهومێدی بە کار نەهێناوە).

نووسەری بەڕێز نەك هەر لەشیعرەکە. ئەگەر بە باشی لە قانونی تاوڵەش شارەزا بووبا، دەبوو بزانێ کاتێکی شەشخان گیرا، ئیتر مۆرە هەڵاویشتنی بەکار نایەو تەنانەت ناتوانێ دەست لە مۆرەشی دا، شاعیر خۆیشی دەڵێ: بێهوودە مۆرە هەڵداوێم. دەزانێ شەشیش دەفریای نایە. وشەی (بیهوودە) بەپێچەوانەی بیروڕای کاك دڵشاد هیچ تەماو هومێد ناهێڵێ و لە (دوو شەش) زیاتریش بەدی ناهێنێ و نابێتە (هیواش بە دوا ڕۆژ). ئەمە لە بارەی (شەشخانی ئومێد) بەڵام لەبارەی شیعری حەوتەم کە نووسەری بەڕێز بە سەریدا تێپەڕیوە، پێویستە بڵێم کە ئەژنۆ دە باوەشگرتن و دەستەوئەژنۆ دانیشتن لەنێو کوردەواریدا ئەوپەڕی ناهومێدی و دەستەوەستانییە، لام وانییە هیچ کوردێك ئەژنۆ دەباوەشگرتن بەهومێدو هیوا دابنێ.

خۆ ئەگەر بڕوانینە بۆچوونی کاك دڵشاد لە ئاخر شیعری ئەم غەزەلەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە بەداخەوە زۆر لەمەتڵەب دوورەو وەك فارس دەڵێ (از مرحلە پرت است). هێمنی شاعیر دەڵێ: (کوردە موحتاجی مەحەك نیم زێڕی بێ غەلوغەشم) کاك دڵشاد هێناویەتە سەر (ڕێژێمێکی کوردی و دەسبەسەری) کە هیچ پێوەندی بە مانای شێعرەکەوە نییە، (کوردە موحتاجی مەحەك نیم) مەسەلەی ڕیژێمی کوردی یا دەسبەسەری نییە.

شاعیر ڕوو دەکاتە نەتەوەکەی دەڵێ : پێویستی بەتاقیکردنەوە نییە، شاعیرێکی ڕاستو فیداکارونەبەزم. مەعلووم نییە نووسەر لەم شیعرەدا بۆچی باسی ڕژێمی کوردی و دەسبەسەری دەکا، دەبێ پیاو لە خۆی بپرسێ.

ئەمە کورتەیەك بوو لەسەر بۆچوونی کاك دڵشاد لەناوەرۆکی چەند شیعری ئەم غەزەلە، بەڵام لەسەر کێش و قافیەی غەزەلەکە؟

بەڵا لە درۆیەدا من زۆر لە کێش و سیلاب و کەرت و عەروز ناگەم.

وەبیرم دێ بەمنداڵی کتێبێکم دەخوێند بەناوی (ناصب الصبیان)، فاعیلاتون، مەفاعیلون، فەعولاتون، موتەفاعیلون و شتی ئاوای تێدابوو، غەزەلەکەم لەگەڵ (موتەفاعیلون، موتەفاعیلون، موتەفاعیلو)ی کاك دڵشاد بەراورد کرد، یەکیان نەدەگرتەوە. زۆری پێوە ماندوو نەبووم، چونکە لە نووسینەوەی شیعری دووهەمی ڕا بۆم دەرکەوت، هەر وەك من دە قافیەو کەرت و عەرووز ناگەم، کاك دڵشادیش زۆری لێ شارەزانییە.

کاك دڵشاد مەریوانی هەروەك ئەم شیعرەی لە گۆرانی حەسەن زیرەکی ڕەحمەتی وەرگرتبێ ئاوایە. دەنووسێ: سەردەمێك ئاوارە بووم و ماوەیەکیش دەسبەسەر.

قەت نەمدی ڕووی ئاسودەگی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم, ئەمن هیچ ناڵێم بەڵام تۆ ئەو خودایە، کەسێك باسی (کێش و سیلاب و عەرووز)بکا، ئەم (قەت)ە زڕوزەلامە بەسەلکی بەیتی دووهەمەوە دەنووسێنێ.

توخوا شیعری پاراوی مامۆستا هێمن بۆیە دەبێ بەم دەردەی بەری و بە (قەت)یك ئاوا شەل و گۆجی بکەی ؟ خۆ دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم لە بارەی کێش و قافیەوە کەم شاعیری کورد گەیاندوویەتە شاعیری بەرزی ئێمە هێمن کوردستانی. لەلای منەوە باشتر بوو نووسەر لەجیاتی پەسندکردن و بەباڵابڕین، وەك ڕەخنەگرێك ناوەڕۆك و جەوهەری شیعرەکەی خستبایە ڕوو، چونکە مامۆستا هێمن وەك من بیناسم لەو شاعیرە بەرزو بەهیمەتانەیە کە ڕەخنەی بەجێ و خەڵلاق و ڕێکوپێکی لە تاریفی نابەجێ پێ باشترە، ڕەخنەگریش دەبێ هەر ئەوەی لەبەرچاوبێ هەر ئەو شێوەیەش یارمەتی پێشکەوتن و بووژاندنەوەی ئەدەب و نووسراوی کوردی دەکا، جارێ تا وتاری دووهەم کە دێمەوە سەرباسی بیری سەربەست (ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن) کاك دڵشاد بەخوا دەسپێرم.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٤٠) , ١٩٧٣/١١/١.**

# پێموایه باشی بۆنەچووە

- ٢ -

لە وتاری پێشوودا نووسیبووم کە دەگەڕێمەوە سەر بیری سەربەست، و (ڕەتکردنەوەی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن) ئەوەی ڕاست بێ سەردێڕی وتارەکەی (بیری سەربەست) ئەوەندە درێژو قەبە بوو کەسێکی زۆر خۆی زەحمەت نەداباو وتارەکەی بە وردی نەخوێندبایەوە، لای وابوو (ئەم گومبەزە شەخسێکی تێدایە). بەڵام کاتێکی بە وتارەکەدا چوومە خوارێ و خوێندمەوە، ناوەرۆکی وتارەکەم ئەوەندە سەیر هاتە بەرچاو کە نەدەکرا بەسەریدا بازبدرێ و وەڵامی نەدرێتەوە.

دیارە دەبێ لەسەرەتاوە ئەوەندەش بڵێم کە وەڵامدانەوەی ئەم وتارە ڕەنگە هەرشتێك بێ وەك خۆی، چونکە کورد گووتەنی (جوابی تەحای پەحایە).

کاك دڵشاد محەمەد ئەمین هەر لەسەرەتاوە (شەلم کوێرم ناپارێزم) بەردەبێتەوە گیانی ڕەخەگرانی ئەدەبی و دەیانداتە بەرپەلامارو بەوەیان تاوانبار دەکا کە (هەموو خاوەنی بیروڕایەکی سیاسی تایبەت و ئیلتیزامێکیان هەیە بەپارتێکی سیاسیەوە).

لە قسەکانی کاك دڵشاد وا دیار دەکەوێ کە هیچ ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ئەوتۆ نییە خاوەنی بیروڕایەکی سیاسی نەبێ.

کەوابوو لێرەدا کاك دڵشاد بۆ بەتاقی تەنیا دەمێنێتەوەو لە دنیای بەخەیاڵو بێ ئیلتیزامیو بێ بیروڕاییدا بۆ پاراستنی بە ڕواڵەت (بەرهەمی ئەدەبی) کاغەز ڕەش دەکاتەوە هەوڵدەدا گوایە (بەرهەمە ئەدەبیەکان نەکرێنە قوربانی بۆ دیارخستنی باوەڕەکانیان).

کاك دڵشاد لە سەرەتای وتارەکەیدا هەندێك وشەی وەك (ئاوات و خەون) و خۆزگە و خشتەو هەڵێنجان و...) بەجۆرێکی وا بەکاردێنێ کە لەڕاستیدا ئەگەر بە دەرس بە خوێنەریان نەڵێتەوە، بۆی ناچنەوە سەریەك و تێگەیشتنیان دژوارە.

ئێستا بزانین کاك دڵشاد (پێشەکییەکەی دیوانی هێمن) نووسراوی زانای بەڕێز (دکتۆر عبدالرحمن قاسملو) چۆن ڕەت دەکاتەوەو دەیەوێ چ شتێك ڕەت بکاتەوەو دکتۆر قاسملو چی نووسیوە کە دەبێ ڕەت بکرێتەوە ؟ قەی ناکا، بەڵێنی داوە کە لە وتاری دووهەمیدا (بۆچوونەکانی خۆی بنووسێ... بۆ خوێندەوار ئاشکرا بکات کە مەبەستی چییە).

چاوەڕوان دەبین بـزانین چ دەنووسـێ، بـەڵام کـاك دڵشـاد لـەم وتارەشـدا هێنـدێك ڕسـتەو وشەی سەرنجڕاکێشی بە دوای یەکدا ڕیزکردوون کە دەکرێ سەرپێیی لەگـەڵی بـدوێین و باسیان بکەین.

نوسەر دەنووسێ: (دکتۆر قاسملو لەپێشەکییەکەدا بەناونیشانی (شـاعیری گـەل)... وەکـو هەموو ڕۆشنبیرێکی سیاسی مولتەزیم... دیوانەکەی هێمنی شاعیری کردۆتە قوربانی بـۆ سـەلماندنی بیروڕاکـانی... سـیمای پڕوپاگەندەییـەکی سیاسـی وەرگرتـووە بـۆ پـارتێکی دیاریکراو).

دەکرێ سەرنجی کاك دڵشاد مەریوانی یا (محەمەد ئەمین) بۆ هێندێك مەبەست ڕابکێشم کە ئەو لە نووسینەکەی خۆیدا لەبەرچاوی نەگرتوون:

١- کـاك دڵشـاد لەمەسـەلەیەکی زۆر سـەرەتایی نەگەیشـتووە ئـەویش فـەرقی نێـوان پێشەکیو لێکۆڵینەوە (دیراسە)یە، دکتۆر قاسملو نـەهاتووەو ئیـدیعای نـەکردووە کـە لـە دیوانەکەی هێمن دەکۆڵێتەوەو دیراسەی لەسەردەکاو لـەباری هونـەری شـیعرو ئەدەبـەوە لەسەری دەنووسـێ، یـان باسـی (کـەرت و عـەرووزو کـێش و سـیلاب و قافیـە) دەکا. خـۆ ئەگەر باسی ئەوەشی کردبایە، چونکە وەك بزانم دکتۆر قاسملو زانستگای ئەدەبی تـەواو نـەکردوە، دوور نـەبوو شـیعرەکانی مامۆسـتا هـێمن بـەو دەردەبـەرێ کـە کـاك دڵشـاد لـە غەزەلی (فرمێسکی گەش)دا بەسەری هێناوە.

٢- دکتــۆر قــاسملو پێشــەکی لەســەر دیــوانی شــاعیرێکی بــێ بــیروڕاو بــێ ئیلتیزامــی نەنووسـیوە، ئەگـەر کـاك دڵشـاد سـەرنجی دابـێ، شـیعرێکی بـەناوبانگی سیاسـی، هـەوەڵ شیعری دیوانی هێمن بە (کوردم ئەمن) بەهاندان بۆ خەبات و نەبەزین لە تێکۆشـان بـە وەلانانی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ دەست پێدەکاو بە (ڕقی پیرۆز) دوایی دێ:

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**

**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

**دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دا دێمەوە**

**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە**

ئەگەر دیوانەکەی هێمن بپشکنین، سەدی حەفتای شێعرەکانی سیاسـین و گـەلی کـورد بـۆ تێکۆشـان و نەبـەزین و خـەبات لـە دژی کۆنەپەرسـتی و ئیسـتعمار هانـدەدەن، کـەوابوو ئەگەر بەزمانێکی سیاسی باسی بەرهەمێکی ئـاوا سیاسـی بکـەین، یـان ئەگـەر ئـەدەبێکی

سیاسی به کێش و پارسەنگێکی سیاسی هەڵسەنگێنین گۆیە کارێکی بێ جێمان کردووە؟ تەنانەت داخوا دەکرێ لە نووسینی پێشەکی دیوانێکی ئەوتۆدا باسی سیاسەت و بیروڕای سیاسی نەکرێ؟

٣- کاك دڵشاد ئیدیعا دەکا کە (لەگەڵ ئیحساسی هێمن کوردستانیدا ژیاوم) بەڵام هێشتا ئەوەندەی نەزانیوە کە هێمن لە سیاسەتەوە بۆ شیعر چووەو دەپێش ئەوەیدا ببێتە پیاوێکی سیاسی و تێکۆشەرو بێتە ڕیزی ئەو (حیزبە دیاریکراوە)ی کە کاك دڵشاد ناوی نابا، چاومان بەشێعری هێمن ناکەوێ.

نووسەر ئەوەندەی نەزانیوە کە هێمنی شاعیر ئاوارە دەربەدەری پێ هەڵاگوتنی چاوی ڕەش و بسکی خاوو کوڵمەی گەش و لێوی ئاڵ نییە. دەربەدەری خەباتە، دەربەدەری ئەوەیە کە لە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تێکۆشاوە, دەربەدەری ئەوەیە لە دژی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی خەباتی کردووەو بەشیعری ئاگرینی سیاسی خەڵکی بۆ ڕزگاری هانداوە، دەگەڵ خەڵك ژیاوەو هەستی بەدەردو زام و بەشخوراوی نەتەوەکەی کردووە, جا بەلای کاك دڵشاد ئەگەر کەسێك ئەو خاسیەت و شێوەو ئاکارانە لە شێعرەکانی هێمندا دەستنیشان بکاو بەرزیان بکاتەوە، ئەوە (سیاسییەکی شۆڕشگێڕی دڵڕەقە)!.

٤- کاك دڵشاد دەڵێ : (باوەشم بۆ مرۆڤایەتی هێمن کردۆتەوە). مرۆڤایەتی وشەیەکی زۆر جوانە، بەڵام مەعلووم نییە نووسەری بەڕێزمان چۆن دەمانای و مەفهوومی (مرۆڤایەتی) دەگا، ئێمە کوردین، لە کوردەواریدا مرۆڤایەتی بۆ پیاوی ئازا، تێکۆشەر، نانبدە، بەدڵ، بەزیبك و خاوەن بیروباوەڕو... بەکاردێنن. جا ئەگەر ئەو ئاکارو خەسڵەتانەی کە دکتۆر قاسملو بۆ (شاعیری گەل) بەکاری هێناون مرۆڤایەتی نەبن، جێی خۆیەتی لە کاك دڵشاد بپرسین: باوەشی بۆ کام مرۆڤایەتی هێمن کردۆتەوە؟

٥- بەلای کاك دڵشادەوە ئەو ڕستەو وشەو خاڵانەی کە دکتۆر قاسملو لە پێشەکییەکەدا باسیان دەکاو نووسەر لە ١٢ خاڵدا دەستنیشانی کردوون کۆنن:

(جوانی کوردستان و بەرگری بۆ ڕزگاربوون، هەوڵدان بۆ ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی، وەدەنگ هاتن لەسەر پێشێلکردنی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، نەتەوایەتی و نەتەوەپەرستی پێشکەوتنخوازانە, بەشداری لە مەسەلەی ڕزگاری نەتەوایەتی بە دڵسۆزی، لایەنگری لە چینی بەشخوراو، نووسینی شیعرو ئەدەب بە زمانی سادەو ڕەوانی

خەڵك، بەشداری ژان و كوێرەوەری گەل، مولتەزیم بوون و وەلانانی بێ لایەنی و بەرەڵایی، نەچەسپان بە وشەو ئەدەبی وشك و برینگ، بەشداری خەباتی گەل, پێشوازی لە حیزبێكی پێشكەوتووو دیموكرات، ناهومێد نەبوون و ورە بەرنەدان، هومێد بە دوارۆژ (ئەوانە گشتیان بەلای كاك دڵشادەوە كۆنن). بەڵام ناڵێ بۆچی؟.

٦- كاك دڵشاد وا دیارە لە نووسیندا سەرە هەودای مەتڵەب و جڵەوی قەڵەمی لە دەست دەترازێ، هەر ئەوەندە كاغەز ڕەش كاتەوە، ئیتر بۆی گرنگ نییە چ دەنووسێ.

دەپێشدا ئەو شتانەی دكتۆر قاسملو لە بارەی خەم و پەژارەو لەگەڵ خەڵك ژیان و دەردو كوێرەوەری شاعیرەوە باسیان دەكا بە (كۆن و بیروڕای سیاسیەكی مولتەزیم) یان دەزانێو زۆریش لەوە تووڕەیە كە نوێنەر، یان شاعیری نەتەوەیەكی بەشخوراو باسی خەبات و تێكۆشانی كۆمەڵانی خەڵك بكا، بەڵام لەپڕ خۆی بەسەر ئەو واقیعیەتەدا دەكەوێ و دەڵێ: (ئەدیب.. كەسێكی هەست ناسكە، بەهەزارو یەك داو بەستراوەتەوە بە مرۆڤانی دەورو پشت.. بۆ گریانیان خەمناكە، بۆ پێكەنینیان دڵخۆشە، بۆ سەرفرازیان لە ستەم دەم بە خۆزگەیە) تا ئێرە هەر ئەوقسانەن كە دكتۆر قاسملو لەبارەی شاعیرەوە گووتوونی، بەڵام هەر دوا بەدوای ئەمە قەڵەمەكەی هەڵدەنگوێ و نسكۆیە دەباو بەسەر (خەونی ڕەش و وەنەوشەیی و سپی)دا دەكەوێ.

من خەونی خۆش و كورت و درێژو ئاڵۆز، تەنانەت مۆتەو كامووسیشم بیستبوو، بەڵام هەرگیز خەونی ڕەنگینم نەدیبوو نەشم بیستبوو كە خەون مادەیەو ڕەنگی جۆر بەجۆری هەیە، ناچار چووم پرسیارم لە مامۆستا هێمن كرد داخۆ قەت خەونی ڕەش و سپی و وەنەوشەیی دەبینێ ؟ لە وەڵامدا گوتی : (نەوەڵلا، ڕەنگە جار جار ئێواران خەونی زەرد ببینم، دەنا قەت خەونی وەنەوشەیی و سپی و ڕەشم نەدیوە)!

هاتەوە بیرم كە ڕەنگە ئەمە (خەون و خۆزگەو هەست و بیرو قسەی) ئەو ڕەخنەگرانەبێ كە (بیرو ڕای سیاسی تایبەتیان نییەوە ئیلتیزامێكیان بە پارتێكی سیاسییەوە نییەو تاقیكردنەوەكانیان بەشێوەیەكی كۆنترۆڵی و وشك نەبەستراوە و وشە و زاراوەی خەبات و ئازادی و گەلیان بەلاوە كۆنە).

٧- كاك دڵشاد وەك لە هۆنینەوەی وشەو ڕستەدا شارەزایە، بۆ سەپاندنی ئەو نەزەرە كە گوایە نووسینەكەی دكتۆر قاسملو لاوازە، ئەمانەتیشی لەژێر پێ ناوە.

قاسملو له لاپەڕەی (ن)دا (کاروانی خەبات)ی مامۆستا هێمنی بە نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی کوردی داناوەو ئەم چوار شیعرەشی لێهێناوەتەوە:

| | |
|---|---|
| هەر چوار تەنیشتی گیرابوو | له سەنگەرێکدا بە تەنێ |
| ئـــەو لاوەی بەڵێنی دابوو | هەتا مردن چەک دانەنێ |

*    *    *

| | |
|---|---|
| ڕووناکبیرێکی تـــــا ئیمڕۆ | دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون |
| ئێستا هیوای بە بووڵێڵ بوو | بۆ لە گەمارۆ دەربازبوون |

کاک دڵشاد پاش ئەوەی دوو شیعرەکەی پێشەوەی تۆزێك شەل کردووەو (ی)ی (لاوە)کەی لێ فرێداوە، دەنووسێ : (... شیعرەکانی هێمن ئەوەندە لاوازنیین کە ئەو نموونەیە پلەی هەرە بەرزییان بێت) گوایە بەمە کە دکتۆر قاسملو ئەم شیعرەی بە نموونەیەکی بەرز داناوە، (وەکو سیاسیەکی شۆڕشگێری دڵڕەق ڕوانیویەتە ئەدەبەکەی هێمن و ئەو هەموو شیعرە مرۆڤییە ناسکانەی فەرامۆشکردووە).

پێویستە لە کاك دڵشاد محەمەد ئەمین یان (مەریوانی) پرسیار بکەین، ئەگەر نووسەرێك شیعرێکی شاعیرێ پێ بەرز بوو، ئەوە مانای ئەوەیە کە شیعرە ناسکەکانی تری فەرامۆش کردووە؟ ... ئەگەر نووسەرێك چەند شیعری لە دیوانێك بە دڵ بوو، بۆچی سیاسییەکی دڵڕەقە ؟ .. من هیچ ناڵێم، بەڵام داخوا بەڕاست شێوەی بۆچوونی ڕەخنە وا لەسەر نووسین ئاوایە ؟

نا ئەمینی کاك دڵشاد محەمەد ئەمین لەوەدایە کە لەوچوار شیعرەی قاسملو بە پلەی بەرزی ئەدەبی کوردی داناون، تەنیا دوویانی هێناوەتەوە، بەڵام دەبوایە لە هێنانەوەکەی دا ئەم دوو شیعرەشی دەگەڵ خستبایە:

| | |
|---|---|
| ڕوناکبیرێکی تـــــا ئەمڕۆ | دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون |
| ئێستا هیوای بە بووڵێڵ بوو | بۆ لـــە گەمارۆ دەربازبوون |

تا خوێنەری بەڕێز حوکمی دابا، داخوا ئەم شیعرە نەگەیوەتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی؟ .. کەسێك سەری لە ئەدەب دەربچێ، چۆن ئەم شیعرە بە نموونەی بەرزی ئەدەبی کوردی دانانێ ؟.. ڕەنگە هی واش هەبێ ئەم شیعرەی پێ (ناسك و مرۆڤانە) نەبێ، ئیتر ئەوە خەتای قاسملو نییە، ئەوە کاری خودایە!

٨- تـا وتارەکـەی کـاك دڵشـاد زیـاتر درێـژ دەبێتـەوە، پـتر شـەکەت و مانـدوو دەبـێ و بۆچوونەکانی ساکارترو بێ کێش تر دەبن، ڕەخنـە لـەوە دەگـرێ کـە گوایـە (قـاسملو لـە لاپەڕە – میم – دا دەڵێت : خەبات بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئـازادی کۆمـەڵانی خـەڵك لـە ژن خۆشەویستترە).

بـەر لـەوەی ڕوونـی بکەمـەوە کـە کـاك دڵشـاد هێشـتا لـەم شـیعرەدا دەمانـای (ژن) نەگەیشتووەو پێی وایە لێرەدا ژن بە (ئینسانی مێ) بە شێوەی گشتی دانـراوە، دەمـەوێ ئەوە بڵێم کە دکتۆر قاسملو لە لاپەڕە (میم)دا وا نالێ: باشـترە نووسـەر لـە مەتڵەب ورد بێتەوە، تێی بگا، پاشان لەسەری بنوسێ.

دکتۆر قاسملو لە لاپەڕە (میم)دا دەڵێ : (لە لای هێمن خەبات بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمـەڵانی خـەڵك لـە ژن خۆشەویسـترە) کـاك دڵشـاد بەشـێوە نووسـینێکی تایبـەتی، بـە تێکدانی ڕستە و کێشانی چەند خـەتی بـێ جـێ بـە نێـو وشـەکاندا، ئەمـە تـەنیا دەکاتـە نـەزەری تایبـەتی دکتـۆر قـاسملو و ئەوەنـدە خـۆی مانـدوو ناکـا هـەر لـەم لاپـەڕەدا شیعرەکەی شاعیر بێنێتەوە کە دەڵێ:

**بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە**

**دووری لە ژن، نا مرادی**

**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر**

**لە لای من ئەتۆی ئازادی**

ئیتر ئەمە بەلای کاك دڵشادەوە (خۆ خەڵەتاندن و خۆ لە خشتەبردن) یـان هەرچـی بـێ، بـیروڕای هێمنـی شـاعیرە، شـاعیرێکی کـە کـاك دڵشـاد گوایـە (لەگـەڵ ئیحساسـی ژیـاوەو ئاگاداری جۆری دروستبوونی هێندێك لە شیعرەکانی بووە).

با کەمێك بۆ پێشەوە بگەڕێمەوە و بزانم کاك دڵشاد لـەم شـیعرەدا چـۆن دە وشـەی (ژن) گەیشـتووە، نووسـەری بـەڕێز پـاش ئـەوەی بیروڕاکـەی شـاعیر بـە دکتـۆر قـاسملوە دەچەسپێنێ دەنووسێ : (ئـەو قسـە پیـاوە سیاسـییەکان بـە ئـەدیبی پیـاوی دەڵێن واتـە (نێر) ئەی ئەگەر بە ئەدیبی ژنی بڵێن واتە (مێ).

کاك دڵشاد وا تێدەگا کە لە لای پیاوە سیاسییەکان (وشەکانی گەل و کۆمەڵانی خەڵك لـە لایەکەوە، وشەکانی ژن و پیاو لە لایەك..) دادەنرێن و لەوەڕا نەتیجە وەردەگرێ کەواتە

ئازادی و ڕزگاری له مرۆڤ خۆشەویستترە، چونكە لەبەر خۆشەویستی ئازادی و ڕزگاری ژنو پیاو هیچن.

كورد گوتەنی : (كەر لە كوێ كەوتووە و كوندە لەكوێ دڕاوە!) كاك دڵشادیش زۆر بەداخەوە لەوە نەگەیشتووە كە لێرەدا مەبەستی شاعیر لە (ژن) (ئینسانی مێ) بە چەشنێكی گشتی نییە، بەڵكو مەبەستی تەنیا هاسەرو هاوژیانی خۆیەتی كە دەڵێ:

**جاران پەناگای شەوانم،**

**ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو**

**گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە،**

**مایەی حەسانەوەی من بوو..**

**دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات**

**ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش**

**بەشەو لەئامێزی ئەودا**

**هەمووم دەكردن فەرامۆش**

خوێنەری بەڕێز.. ئەگەر چاوێك بە پارچە شیعرەكەدا بخشێنێ، بە هاسانی بۆی دەردەكەوێ كە بەداخەوە كاك دڵشاد نەك هەر نەیپێكاوە، بەڵكو زۆریش لە مەبەست دوورە، ئەگەر وەك كاك دڵشاد بۆی چووە مەبەست لە (ژن) لێرەدا بەچەشنێكی گشتی (ئینسانی مێ) بێ، دەبێ خوانەخواستە هەموو مێینەی دونیا بەهاو ئامێزی شاعیر دابنێین و بیلامانێ پەرژینێكی قایم بێ، هێمنی كاك دڵشادیش بەنێری وردە ماڵان بزانین ! دەماڵم خەرابێ، وەك من لەمێژساڵە هێمنی شاعیر دەناسم، لە تاقە ژنێك بەولاوە هیچ حەرەم سەرای نەبووە، ئەویش بەپیری سەری ئەو تاقە ژنەشی لەبەر خەبات و تێكۆشان و دەپێناوی ئازادی و ڕزگاری گەل و نەتەوەكەیدا، كە بەلای كاك دڵشادیەوە (وشەی كۆنن)، بەجێیهێشتووە، هەر بۆیەش بەهەق دەڵێ:

**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر**

**لە لای من ئەتۆی ئازادی**

بۆ ڕوون بوونەوەی كاك دڵشاد پێویستە ئەوەندەش بڵێم كە ئەم شیعرە تەنیا بیروڕای دكتۆر قاسملو نییە، بیروڕای هێمنی شاعیرە كە كاك دڵشاد (باوەشی بۆ مرۆڤایەتی كردۆتەوە)، خۆ ئەگەر ئەمە بیروڕای دكتۆر قاسملوش بێ جێگای شانازییە.. قاسملوو

ئاوەڵ و هاوبیرەکانی هەمیشە ئازادی و ڕزگاری کۆمەڵانی خەڵك و نەتەوەکەیان پێ لە (ژن) واتە لە ژیانی ژن و مێردایەتی تایبەتی، خۆشەویستتربووە، بەڵام (ژن) وەك (ئینسانی مێ)، هەر وەك دکتۆر قاسملو دەڵێ:

( لە شیعری هێمندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە، جوانی ژن ئیلهامدەری شاعیرە) (شەنگەبێری)، (یادگاری شیرین)، (کیژی لادێ) ... نموونەی ڕێزگرتن و خۆشەویستی شاعیرن بۆ ژن، چ بکەم تێگەیشتنی شیعرەکانی مامۆستا هێمن هێندێك دژوارەو بە گەرووی هەموو کەسدا ناچن.

تا وتاری سێیەم کە بادەدەمەوە سەر شێوەی دارشتنی ڕستەو باسی ڕێنووس و بەکارهێنانی وشە لە جێگای خۆیدا لە وتاری (بیری سەربەست)، سەرنجی خوێنەری بەرێز بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە کاکە دڵشاد لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێ: (هێمن گوتەنی ئەمن دەیڵێم و بێ باکم)، تۆ ئەو خودایەی بەهەقی دەناسن، مامۆستا (هێمنی شاعیر بۆ ئەم نووسینە دەڵێ: ئەمن دەیڵێم و بێ باکم)؟

**ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە (٢٤١) , ١٩٧٤/١١/٨.**

# مەگەر بۆخۆی تێی بگا

- ٣ -

خەریکبووم ئەم چەند وتارە لەسەر نووسراوەکەی کاک دڵشاد مەریوانی هەر بە ناونیشانی (پێموایە باشی بۆ نەچووە) بنووسم، بەڵام ناوەرۆکی وتاری ئەم جارە ئەوە دەبوو کە سەردێڕەکەی بگۆڕم.

لەکۆتایی وتاری دووهەمدا پرسیارم لەخوێنەری بەڕێز کردبوو:( تو ئەوخوایە مامۆستا هێمن بۆ ئەم جۆرە نووسینە گوتوویە: ئەمن دەیڵێم و بێ باکم؟)، چونکە مامۆستا دڵشاد ڕەتکردنەوەکەی خۆی بەم لەتە شیعرە دوایی پێهێنابوو، بۆئەوەی نیشانی بدەم کە مامۆستا هێمن (دەیڵێم و بێ باکم)ی بۆ ئەم جۆرە نووسینە بەکارنەهێناوە، پێویست بوو لە باری ڕێنووس و دارشتنی ڕستەو بەکارهێنانی وشەش بەسەر وتارەکەی کاک دڵشاددا بێمەوە، هەرچەند لەباری بۆچوون و چەشنی بیرورا سەبارەت بە ئەدەب و ئەدیبیشەوە ناکرێ بەسەریدا باز بدرێ و واز لە ڕەتکردنەوەی هێندێك بیرورا بێنین کە نووسەری بەڕێزمان هەوڵدەدا لە نێو ئەدەبی کوردیدا بڵاوی بکاتەوەو برەوی پێبدا.

پێویستە ئەوەندەش بڵێم کە ئەرکی زانایانی ڕێزمان و شارەزایانی ڕێنووسی کوردی بوو کە لەباری ڕێزمان و ڕێنووس و وشەو ڕستەوە لەسەر وتاری کاك دڵشاد بنووسن و وەڵامی بدەنەوە، چونکە سەقامگرتوویی زمانی کوردی دەپلەیەکی ناسکی ئەوتۆدایە ناکرێ خوارو خێچ ڕۆیشتنی قەڵەمەکان گوێی پێنەدرێ و کرۆکپی لێ بکرێ، لەبارەی پێکهاتنی زمانی یەکگرتوو، کۆڕی زانیاری کوردی هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری داوە. ئەدیب و نووسەرانی دیکەش لە دەرەوەی کۆڕی زانیاری بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاون و وتاری بە نرخیان بڵاوکردۆتەوە. من کە لەم وتارەدا دەمەوێ هێندێك تێبینی لەبارەی ڕێنووس و ڕێزمان بخەمە ڕوو، تەنها بۆچوون و بیروڕای خۆمەو ئیدیعا ناکەم کە هەموو ئەو بۆچوونانە ڕاست و ڕەوان و پڕ بەپێستی مەتڵەب بن.

**١- لەبارەی ڕێنووسەوە:**

بەلای منەوە، هەر بیسمیللا لەسەر دێڕی وتارەکەدا تووشی هەڵەی ڕێنووس دەبین، وەك (پێشەکییەکەی). دیارە نووسەری بەڕێز خۆشی لەسەر ڕێنووسی ئەم وشەیە ساغ نەبۆتەوە، چونکە لە دێرەگی (ستوون) دووهەم دێڕی (١٢)دا ئەم وشەی بەم شکڵە

نووسیوه: (پێشەکێکەی)، پاشان بای داوەتەوە سەر شێوەی پێشوو، بەلای منەوە ئەگەر قەڵەمەکەی کاك دڵشاد ڕاستەڕێی گرتبا، دەبوو بەم جۆرەی نووسیبا: (پێشەکیەکەی).

لە وتاری ماموٚستا دڵشاد دا زۆر وشەی ئەوتۆ هەیە کە لەباری ڕێنووسەوە جێگای پرسیارن. وەك (سیاسی بوٚە) دیرەگی یەکەم دێڕی هەشتەم، (تایبەتێکانی) هەمان دیرەگ دێڕی دووهەم دێڕی چوارەم، (سیاسی یێکی) هەمان دیرەگ دێڕی ٣٣، (ویستوییێتی) هەمان دیرەگ دێڕی ٤٢، (نەتەواییێتی) هەمان دیرەگ دێڕی ٥٦، (بەشداری یێکی) دیرەگی سێیەم دێڕی ٢١و هی تر. بەلای منەوە ئەمانەو زۆر وشەی دیکەش نوسینیان بەو شێوەیە ڕاست نییەو ئەگەر بەم جۆرە بنووسرێن : (سیاسیەوە، مرۆڤایەتی، سیاسییەکی، ویستوویەتی، نەتەوایەتی، بەشداریەکیو...) ڕێنووس و دەنگەکانیان پێکەوە ڕێکدەکەوێ و یەکدەگرێتەوە.

**٢- پیتی (ت) کە بەخۆڕایی بە کلکی وشەیەوە نووساندووە وەك: (دەبێت، بڵێت، بوێت، ناکاتو...)**

بەڕێز ماموٚستا مەسعود محەمەد لە ژمارە ١٨ی گۆڤاری بەیاندا باسی ئەم (ت)یە دەکا، بەلاّم زۆر زوو ناکۆکی نێوان بوون و نەبوونی لە وشەدا ئاشت دەکاتەوە و دەنوسێ هەردوکیان ڕاست و دروستن بەڵگەشی ئەوەیە کە (بە درێژایی کات لەکۆنەوە، بەسەر زارو خامەی میللەتی کوردو نوسەرانی کوردەوە بوون). هەرچەندە من زۆر لەمێژووی ئەدەبی کوردی شارەزانیم، بەلاّم دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە لام وایە بێجگە لە نووسەرانی ناوچەی سلێمانی کەم کەسی تر ئەم (ت)یە وا بە هەراوی بەکاردێنێ.

لە شێعری شاعیرەکانیشدا مەگەر (زەروورەتی شیعر) دەنا ئەو (ت)یە بەکار نەهاتووە بۆیە لام وایە بەکارهێنانی ئەم فیعلانە بەم جۆرە ڕاستە : (دەبێ ، بڵێ، بووێ، ناکا، دەکاو...) چونکە هەم زۆر لە سەر زارو زمانان سووکترەو هەم پیتێکیشی کەمترە ئەوەش بە زیاد بێ بۆ خۆی نیعمەتێکە.

**٣- دارشتنی ڕستە:**

ئەوەندەی بزانم، لە زمان و نووسینی کوردیدا هەمیشە، یان بەزۆری، کار (فعل) دەکەوێتە ئاخری ڕستە. ئەوانەی بەعەرەبی بیر دەکەنەوەو بە کوردی دەنووسن، هەر وەك نووسینی زمانی عەرەبی کار دەخەنە نێوەڕاست، یان سەرەتای ڕستەوە.

کاك دڵشادیش هەر چەندە وتارەکەی بە کوردی نووسیووە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە داوی تایبەتییەکانی ڕێزمانی عەرەبی ڕزگار بکا. با چەند نموونە لە وتاری کاك دڵشاد بێنینەوە:

١- (دەی چەسپێنێن بەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکەدا).

٢- (پێشەکی خشتەیەك دادەنێن لە لێکدانەوەی خۆیان).

٣- (بە هۆی پێشەکی یێکەوە چیمان پێ بڵێت دەربارەی بیروڕا سیاسییە تایبەتەکانی خۆی)

٤- (توانای باوەش کردنەوەییێکی وریایی یانەیان نییە بۆ ئومێدو ئاوات...)و زۆر شوێنی تریش کە لێرەدا ناکرێ هەموویان دەستنیشان بکرێن.

ئەمانەو زۆر ڕستەی دیکە، نەکەوتوونە نێو چوارچێوەی ڕێزمانی کوردی. بۆ نموونە ڕستەی یەکەم و دووهەم دەبووایە بەم جۆرە بنووسرێن : (بەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکەیدا دەچەسپێنن)، (پێشەکی لە لێکدانەوەی خۆیاندا خشتەیەك دادەنێن). لەبەر درێژبوونەوەی وتارەکە بە پێویستم نەزانی هەموو ڕستە نادروستنەکانی وتاری کاك دڵشاد بەشێوەی ڕاست بنووسمەوە.

**٤- بەکارهێنانی وشەو ڕستە لەجێگای خۆیدا:**

مامۆستا دڵشاد محەمەد ئەمین لە وتارەکەیدا هێندێك وشەو ڕستەی ئەوتۆی بەکارهێناون کە لەجێگای خۆیاندا نین و تێگەیشتنیان دژوارە، یان بڵێم لای من دژوارە. ڕەنگە چونکە من زانکۆی ئەدەبیم تەواو نەکردووە، بۆیە تێیان نەگەم. هەرچی بێ من لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆمەوە بۆیان دەچم.

با سەرێك بەنێو وتارەکەی (بیری سەربەست)دا بخولێنینەوەو هەر لەسەرەتاوە بە بەژن و باڵای نووسراوەکەدا بێینە خوارێ و وێڕای ڕێز بۆ مامۆستا دڵشاد، هێندێك وشەو ڕستەو زاراوە دەستنیشان بکەین و بزانین نووسەر دەیەوێ بڵێ چی ؟

١) لەسەرەتای وتارەکەدا کاك دڵشاد دەنووسێ : (ئەوانەی دەربارەی ڕەخنە تاقیکردنەوەیەك یان زیاتریان هەیە، گەر بەخۆیان و تاقیکردنەوەکانیاندا بچێنەوە...). لێکدانەوەی مانای ئەم ڕستەیەو خستنەوە سەریەکی وشەکانی زۆر دژوارە مانای وشەکان لێك نامۆیەو لەگەڵ یەکتر ڕێك ناکەوێ. وشەی تاقیکردنەوەو پێداچوونەوە لە جێی خۆی بەکارنەهاتووەو مانای ڕستەکە لە سەریەك ئاڵۆزو بێ سەرەوبەرەیە، پێموایە

نووسەر دەیەوێ بڵێ : (ئەوانەی ڕەخنەی ئەدەبی دەگرن، ئەگەر سەیرێکی خۆیان و ڕەخنەکانیان بکەین...) بەڵام دیارە ویستوویەتی ڕستەکە زۆر ئەدەبیانەو بەهێز بێ، بۆیە وای لێکردوە کەس بەهاسانی بۆی نەچێتەوە سەریەك !

٢) هەر لە دێڕەگی یەکەمدا دێڕی ٣٢، ٣٣، ٣٤، نوسەر دەڵێ : (ڕەخنەگرێك بۆ چاکتر شارەزابوون و قووڵتر چوونە ناو ناخی ئەدەبیەکەوە، واباشترە لەبەرهەمە ئەدەبێکەوە ئەوانە هەڵێنجێنێ کە مەبەستینی بە لێی یان پێچەوانەی...).

ئەوەی لێرەدا پتر سەرنجی ڕاکێشام، (چوونی ڕەخنەگرە بۆ ناو ناخی ئەدیب). چونکە ڕەخنەگرو ئەدیب هەر دووکیان ئینسانن، ئینسانی ماقووڵ و خۆش زەوق و خاوەن هونەرن. (ناخ)یش وابزانم بۆ قوڵایی، بۆ دەروون و بۆ هەناو بەکاردەهێندرێ. دەکرێ ڕەخنەگر بچێتە نێو ناخی ئەدەبەوە، وشەی ناخیش لەو جێگایەدا بەکاردێ. بەڵام نازانم ڕەخنەگر چۆن دەچێتەوە نێوناخی ئەدیبەوە؟ پرسیارم لە مامۆستا هێمن کرد، داخوا تائێستا هیچ ڕەخنەگرێك چۆتە ناو ناخی؟ گوتی: (دکتۆر دەڵێ کرمت هەیە) ! ئەگەر چاو لە بێ سەرەو بەرەیی ئەم ڕستە درێژە بپۆشین، ڕەنگە مەبەستی کاك دڵشاد ئەوە بێ کە ڕەخنەگر باشترە لە بەرهەمە ئەدەبیەکە ئەوانە دەستنیشان بکا، یان هەڵێنجێ کە مەبەستیەتی. جوانە، بەڵام ئەگەر وابێ کاك دڵشاد چ شتێك لە پێشەکییەکەی دکتۆر قاسلو ڕەت دەکاتەوە ؟ خۆ دکتۆر قاسملوش هەر ئەوانەی لە دیوانەکە (بەرهەمە ئەدەبیەکە)ی مامۆستا هێمن هەڵێنجاوە کە مەبەستیەتی. ئیتر نووسەری بەڕێز هەر بەگوێرەی قسەکانی خۆی ئەم ڕەخنەیەی بەجێ نییە.

٣) دیرەگی دووهەم، دێڕی ٥، ٦، ٧، ٨، ( کە شاعیرێکە خەونەکانیشی واقیعین و لانەوازێنن بۆی بۆتە سەرچاوەی داهێنانێکی مرۆڤانە حەزم دەکرد دیوانەکەی ڕەخنەکەم). تۆ بڵێی خوێنەرانی تریش هەر ئەوەندەی من لەم تەعبیرە ئەدەبیانە گەیشتبن: (خەونەکانیشی واقیعین و لانەوازێنن) ؟ پڕ بەدڵ سوپاسی ئەوکەسە دەکەم کە شارەزایی قەڵەمی کاك دڵشاد بێ و بۆم ڕوون بکاتەوە.

٤) دیرەگی سێیەم : دێڕی ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، (یاخیبوونێکیان تیا بەدی دەکرێت دژی فەرمانڕەوایی یێکی نارەسەن و بەربادی وەکو ڕژێمی ئێستای ئێران بەرامبەر بە مرۆڤانی ئێران).

ئەم هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێ. هیوام وایە خوێنەری بەڕێز لەم درێژدادڕیەم وەڕس و تووڕە نەبێ.

مامۆستا دڵشاد دەنووسێ : (قاسملو ئاوەڵەکانی... یاخیبوونێکیان تیا بەدی دەکرێت) کارم بەوە نییە کە نووسەری بەڕێز لێرەش دا (و)ێکی پەڕاندووە. قەیناکا، پیاو پیاو بێ واوێك هیچ نییە. بەڵام ناکرێ باسی ئەوە نەکەم کە مامۆستا دڵشادی نووسەر هێشتا نەیزانیوە یاخیبوون و خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە فەرقیان زۆرە. ئەم وشە تورکیە کە دەگەڵ (یاسای) مەغوولی هاتۆتە نێو زمانی کوردی و فارسیەوە، هەمیشە حکوومەتە زاڵم و خوێنمژەکان بۆ شۆڕشگێرانی بەکاردێنن.

یاخیبوون یانی لەهەق هەڵگەڕانەوە، یانی بەرهەڵستیکردنی شتی بەجێ و ڕەوا. یاخی بەو کەسە دەڵێن کە مل بۆ فەرمانی ڕەواو بەهەق ڕاناکێشی و لە ڕوویدا هەڵدەگەڕێتەوە. حکوومەتە دیکتاتۆرەکان شۆڕشگێڕان بەیاخی دەزانن. قاسملو و هاوەڵەکانی یاخی نین ئەوان تێکۆشەری سیاسی شۆڕشگێڕن کە لەدژی زوڵم و زۆرو ستەمی نەتەوایەتی، لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری و خوێنمژی شای ئێران، بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکەن. ئەوان یاخی نین، چونکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، پێڕەوی لەبەرنامەیەکی سیاسی ڕوون و پێشکەوتوو دەکەن. ئەوان یاخی نین، چونکە دروشمی خەباتیان ئازادی و دیموکراسی بۆ ئێران و وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە. ئەوان یاخی نین، چونکە ڕۆژنامەیەکی وەك ڕۆژنامەی (کوردستان) دەردەکەن کە وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەردرەوشێتەوە.

بیجگە لەمە، نوسەر هەر لەم ڕستەدا وشەی (ناڕەسەن و بەرباد)ی بەکارهێناوە، دەپێشدا دەبێ بڵێم ڕەسەن بۆ ڕژێم و بۆ نیزامی کۆمەڵایەتی بەکارنایە. بە زۆری بۆ یەك سم و ئاژەڵ و زیندەوەرو شتی وا ڕەسەن بەکاردێنن فاشیست و ڕەگەز پەرستەکانیش باسی ڕەگەزی ڕەسەن دەکەن.

وشەی (بەرباد) وشەیەکی فارسیەو ئاواش دەنووسرێ (برباد). ڕەنگە کاك دڵشادیش سەری لەزمانی فارسی دەربچێ چونکە لە ڕیشەی زمانەکانی ئارياييە. بەڵام بەداخەوە لێرەدا نەیپێکاوە. (برباد)یانی فەوتاو ، وێران ، نەماو،(برباد شده) یانی وێرانبوو، یانی

تێکوپێکدراو. (بربـاد دهنـده) یـانی وێرانکـەر. حـافزی شـیرازیش لـە شـیعرێکدا ئـاوای گووتوە:

**زلف برباد مده، تا ندهی بربادم**

**ناز بنیاد مکن، تا نکنی بنیادم**

کەوابوو (بەرباد)ی کاك دڵشاد لێرەدا چ مانای نییە. نووسەر لـە دیرەگـی پێنجـەم دێـڕی ١٦ جارێکی تریش وشەی (بەرباد)ی بەکارهێناوە کە لەوێشدا جێی خۆی نەگرتووە.

کـاك دڵشـاد هـەر لـەم ڕسـتەیەدا دەنووسـێ: (بەرامبـەر بـە مرۆڤـانی ئێـران). لاموایـە بەکارهێنانی مرۆڤ بەم جۆرە ڕاست نییە. مەبەسـت لـە (مرۆڤـان) چیە ؟ بەرامبـەر بـە ئینسانان، بەرامبـەر بـە پیـاوان ؟ هەریـەك لـەم دوانـە کەمەبەسـتی نووسـەربێ دروسـت نییە، **چونکە ڕژێمی ئێستای ئێران (بەرامبەر بە مرۆڤانی ئێران) نییـە. ڕژێمـی ئێـران دژی چین و توێژی جۆربەجۆری خەڵکی ئێرانە کە بریتییە لە ڕووناکبیری پێشکەوتوو، کرێکار، وەزیرو زەحمەتکێشان و بورژوازی نیشتمانی.**

هەر لەوکاتەشدا چین و توێژی ئەوتۆ هەن کە نەك هەر دژی ڕژێم نین، بەڵکوو پاڵپشت و پشتیوانی ڕژێمن. کەوابوو لە جیاتی مرۆڤـانی ئێـران دەبـێ گـەلان، یـا خـەڵکی ئێـران بەکاربێنین.

٥) هـەر دیرەگـی سـێیەم، دێـڕی ٨٠، ٨١، (بۆسـەر فرازیـان لـە سـتەم دەم بەخۆزگەیـە). (سەرفراز) وشەیەکی فارسیە، یانی سەربەرز. سەربەرزی لە ستەم مانای نییـە، پێویسـتە بگوترێ : (ڕزگاری لەستەم، دەربازبوون لـە سـتەم). نووسـەر ئەگـەر هـەر پێیخـۆش بـوو هێندێك وشەی فارسـی و عـەرەبی بکاتـە تێهەڵکێشـی وتارەکـەی دەبوایـە (رسـتگاری ، یـا نجات) لە (ستەمی) بەکارهێنابا. بەکورتی سەرفرازی بۆ ئەم جێگایە نابـێ و بەداخـەوە چاکی بۆ نەچووە.

٦) نارێکی ڕسـتەو زاراوەکـان لێرەشـدا بـنی نایـە و ناچارین بچینەوە دیرەگـی پێنجـەم. دێڕی ٦و ٧و ٨، (کـە لـە لایێـك دەیانـەوێت چـاوی سـوور بکـات و ئیحساسـە مرۆڤانەکـەی خـۆی ئەسـتوور بکـات و لـە لایێکـی تـرەوە، دەیانـەوێت فێـری قەناعـەت و ئـارامگرتن و ڕەفتاری بە ئەتەکێت و دبلوماسـی بێـت ..) زۆرم تـین بـۆ مێشـکی خـۆم هێنـا شـتێکی لێ هـەڵکرێنم، هیچـم بـۆ دەگـەڵ نـەکرا. نـەمزانی کـاك دڵشـاد دەیـەوێ چ بڵـێ ؟ وشـەی (دەیانەوێت) جەمعە. (چاوی سوور بکات و ئیحساسی ئەستور بکات) هەردووکیان تـاکن.

چاوی کێ سوور بکا ؟ چاو سوور کردن بە چ مەبەستێك بەکارهاتووە؟ بە مانا هانـدان ؟ بە مانا خـەمبارکردن ؟ هیچی دیـار نییـە. (ئیحساسـی ئەسـتوور) ئیحساس نـەبێ شـتی دیکـەی ئەسـتوورم بیسـتبوو، ئـەوە شـکور بـۆ هـەوەڵ جـار لـە ئـەدەبی کوردیـدا تووشـی (ئیحساسی ئەستوور)یش دەبین. ئاخیری خێربێ.

نووسەر دەڵێ (ئەتەکێت و دبلوماسی بێت و...) بەبێ ئـەوەی فیعلێکـی بـەدوادا هاتبـێ و ڕستە تەواو کرابێ، دەبڕێتەوە تەنانەت قـەولی نـەداوە لەدوایشـدا ڕسـتەکەمان بـۆ تـەواو بکا. لەبارەی وشەی (دبلوماسی بێت)ی کاك دڵشادە وەهەر ئەوەندە دەڵێم زمـانی کـوردی (پ)ی هەیـەو ئـەم وشـەیەش ئـاوا دەنووسـرێ : (دیپلوماسـی). ئـەو هـەموو ناڕێـك و بێسەرەوبەرییە وای لێکردم کە تکا لە نووسەری بەڕێزو خوێنـەرانی خۆشەویست بکـەم کـە مـەردی خـوا بـن ئەگـەر دەمانـاو نـاوەرۆکی ئـەم ڕسـتەو زاراوە گەیشـتن، منـیش تێبگەیەنن.

٧) هـەر هـەر لـە دێرەگـی پێنجەمـدا تووشـی ئـەم زاراوانـە دەبـین: (بـەربادی ڕقیـان هەڵنەستێنێ) (لە بەرژەوەنـدی مـرۆڤ بڕەخسێنرێت) و زۆر شـتی دیکـە، ئەگـەر لەسـەر هەمووان قسە بکەین، وەك فارس دەڵێ مەسنەوی حەفتا باتمانی کاغەز دەوێ.

**٥- ڕەخنەکردن یا ڕەخنەگرتن:**

مامۆستا دڵشاد لەوتارەکەیـدا شـێوەیەکی تـازەی هێناوەتـە نێـو ئـەدەبی کـوردی، ئـەویش وشەی (ڕەخنە کردنـە). وەك بـۆ خـۆی دەڵێ: (حـەزم دەکـرد دیوانەکـەی ڕەخنـە کـەم)، دیرەگی دووهەمە دێڕی هەشتەم. هـەر هـەمان دیـرەگ دێـڕی ١١: (پشت گوێ بخرێـت و ڕەخنـە نـەکرێت)، دیسان دێـڕی ٣٨ و ٣٩: (پـێش ئـەوەی ڕەخنـەی دیوانەکـە بکـەم).بـۆ هـەوەڵجارە کـە دەبینـم ڕەخنـەبکرێت، تـا ئێسـتا هـەر وا بـاوبوو ڕەخنـە دەگیرا، ڕخنـە لەسەر شتێك دەگیرا، بەڵام ڕەخنە نەدەکرا. کار دەکرێ، خەبات دەکرێ، تەنانەت هێلکەو ڕۆنـیش دەکـرێ ! بـەڵام ڕەخنـە دەگـیرێ. لێـرەدا جـارێکی تـریش ئـەو ڕاسـتییە ڕوون دەبێتـەوە کـە نووسـەری بـەڕێز بـە عـەرەبی بـیری کردۆتـەوە و لـە نووسـیندا بەسـەر کوردیـدا کـەوتووە. وشـەی (نقـد)ی عـەرەبی هەڵگێڕاوەتـەوەو (کـردن)ی کـوردی ڕەگـەڵ خستووەو بەلای خۆی وشەیەکی کوردی دروستکردووە. سەیر ئەوەیە نووسەر کە لەیەك دوو جێگادا وشەی (ڕەخنەگر)یشی بەکارهێناوە، بەڵام لێی ورد نەبۆتەوە کە بزانـێ ئـەم (اسم فاعل)ە لە چ فعلێکەوە هاتووە. هەر بۆیەش بەو دەردەچووە.

لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دێنم، چونکە بەڕاستی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی باری ئەدەبی و ڕستەو زاراوەو ڕێنووسی وتارەکەی کاك دڵشاد کاری ئەدیب و نووسەرانەو لە وزەی قەڵەمی مندا نییە. لە وتاری داهاتوودا دێمە سەر لێکۆڵینەوەی بیرو ڕای کاك دڵشاد محەمەد ئەمین لەباری بۆچوونی ئەدەب و ئەرکی ئەدیب و شاعیرو ڕەخنەگرەوە.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٤٢) , ١٩٧٤/١١/١٥ .**

# بابزانین چی ڕەت دەکاتەوە

- ٤ -

هەروەك لە وتاری سێیەمدا ناچار بووم سەردێڕی وتارەکە بگۆڕم، بەپێی ئەم ئەسڵەی کە پێویستە لە نووسیندا لەبەرچاو بیگری کە (سەردێڕی وتار دەبێ وەڵامدەری ناوەڕۆکی وتارەکە بێ)، ئەمجارەش سەردێڕەکەم گۆڕی. لە وتاری سێیەمدا نووسیبووم: دێمە سەرباسی بۆچوونی کاك دڵشاد لە بارەی ئەدەب و ئەرکی ئەدیب و شاعیرو ڕەخنەگرەوە، بەڵام ویستم زۆر پەلە نەکەم و جارێکی تریش بادەمەوە سەر ناوەڕۆکی وتاری (بیری سەربەست) ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن، بابزانین کاك دڵشاد چ شتێك لە پێشەکییەکەی (تاریك و ڕوون)، نووسراوی زانای بەڕێز دکتور قاسملو ڕەت دەکاتەوە. ئەگەر چاو بە وتارەکەی مامۆستا دڵشاددا بخشێنین بەڕاستی هیچمان بەرچاو ناکەوێ کە ڕەتکرابێتەوە. نووسەر بەڵێنی دابوو کە لە بەشی دووهەمی وتارەکەیدا، کە دەبووایە هەردوو دوابەدوای بەشی هەوەڵ نووسراباو بڵاوکرابایەوە.. بۆ خوێندەوار ئاشکرابکا کە مەبەستی (لە هەڵوەشاندنەوەی کام بۆچوونانەی قاسملووە)، بەڵام لە ناوەڕۆکی وتارەکەو شێوەی بۆچوونی نووسەر ڕا کە کورتی بکەینەوە، تەنیا دووشتمان بۆ دەردەکەوێ. یەکەمیان ئەوەیە کە کاك دڵشاد زۆر بەوەوە ماندووە کە ڕەخنەگر یان ئەدیب خاوەنی بیروڕای سیاسی بێ و ئیلتیزامی بە پارتێکی سیاسییەوە هەبێ ! دووهەمیش ئەوەیە کە زۆر بەو (١٣) خاڵەوە ماندووە کە دکتۆر قاسملو ویستوویەتی بەهۆی پێشەکییەکەوە دەستنیشانی بکا! بزانین دکتۆر قاسملو لە پێشەکی دیوانەکەی مامۆستا هێمنی شاعیردا چی گوتووە کەوا بووەتە هۆی ئەوەی نووسەرێکی وەك مامۆستا دڵشاد باسك لە ڕەتکردنەوەی هەڵماڵێ و پتر لە نیوەلاپەڕێکی ڕۆژنامەی هاوکاری لەسەر ڕەش کاتەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەکەی دیار نەبێت : لە لاپەڕی (أ)دا دکتۆر قاسملو دەنووسێ : (هێمن ، ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانە.. لەناسینو ناساندنی تەبیعەتی کوردستان و جوانییەکانیدا شارەزاو مامۆستایە). دیارە لەو لاپەڕەدا بەپێچەوانەی نووسینی کاك دڵشاد باسی (بەرگری لێکردن و ڕزگاربوون) نییە. باسی واقیعیەتێکە کە لەشیعرەکانی هێمندا خۆی دەنوێنێ. باسی ئەو دیمەنەیە کە تەنیا شیعری وەکو (بەهاری کوردستان) و(بەهاری لادێ)ی مامۆستا هێمن دەتوانێ

ئاوا بەخوێنەری بناسێنێ، خوێنەرێك كە بەدرێژایی تەمەنی چاوی بە لادێی كوردستان نەكەوتبێ:

**عەزیزم تۆ وەرە ئێرە كە چاو لە جوانی نابێ تێر**

**ببینە خاوو گیابەندو هەڵاڵەو سوێسن و شلێر**

**لە لایەك زاوەماك دەڕوا، لە لایەكی دەكەن هاوێر**

**لەلایەك باسكی هەڵماڵیوە بێری مەڕ دراوە بێر**

**دەبینی دیمەنی واجوان لە ناو بازاڕی پڕ ئازار؟**

دكتۆر قاسملو ئەو دیمەنە واقیعیە لە شیعرەكانی شاعیردا دەبینێ و دەنووسێ: (هێمن لەگەڵ تەبیعەت گەورەبووە لە تەبیعەت ئیلهامی وەرگرتووە)، بەڵام ئەگەر بچینە لاپەڕی (ب) مەعلووم نییە كاك دڵشاد بۆچی ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە ڕەخنەگرێك بنووسێ (كورد نەتەوەیەكی زۆر لێكراوەو مافی خوراوە) ؟ بۆچی لەوە دەترسێ كە بگووترێ (شاعیر ئارەزووی ئەوەیە كورد لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاربێ) ؟ بۆچی پێیوایە كە زمانی كوردی لە كوردستانی ئێران پێشێل نییەو ئەگەر بۆ ئازادبوونی زمانی كوردی خەبات بكرێ، (خۆ خەڵەتاندنە)و ئەگەر نووسەرێك ئەم دوو شیعرەی مامۆستا هێمن بە نموونە بێنێتەوە، ئەوە شۆڕشگێڕێگی سیاسی دڵڕەقە ؟:

**داخرا دەركی ڕۆژنامە**

**شكاوە نووكی خامە**

**كوردی نووسین حەرامە**

**دوژمن دەڵێ بێ تامە**

بۆچی كاك دڵشاد ڕەخنە لەوە دەگرێ كە (هێمن نەتەوەی خۆی خۆشبوێ و ڕقی لەنەتەوەی خۆی نەبێ)و (بەشەر دۆست بێت لە خەباتی نەتەوایەتیدا) ؟ مامۆستا دڵشاد لە لاپەڕە جیمی پێشەكییەكەدا بەشەر دۆستی شاعیر ڕەتدەكاتەوە لەوە داخدارە كە هێمن قازی محەمەدی وەك پێشەوای نەتەوەكەی خۆش ویستووە و خۆشەویستی ئەو كەسەی (بە دڵسۆزی بەشداری مەسەلەی ڕزگاری نەتەوایەتی كرد)، بۆ كاك دڵشادی ئەدیب (خۆ لە خشتەبردنە)!, بەلای كاك دڵشادەوە كە ئەدیب (بەزمانی جوتیاران قسە بكاو سادەو ڕەوان ئەدەبەكەی بنووسێتەوەو خەباتی جوتیاران و چەوساندنەوەیان دەستنیشان بكا)، ئەمە خۆ خەڵەتاندنە! بزانین نووسەری پێشەكییەی (تاریك و ڕوون)

لە لاپەڕەی (د) دا چ دەنووسێت کە کاك دڵشاد پێی لاوازە. دکتۆر قاسملو دەنووسێ: (فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوە نییە کە دانیشێ و لە دوورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکاو.. هێمن ئەو ئەسڵەی قبوولکردووە کە ئەرکی شاعیری گەلێکی زۆر لێکراو تەنیا لێکدانەوەو خستنە نێو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانی نییە. شاعیر لەپێشدا ئینسانە، ئینسانێکە ناسکە (دیارە هەستی ئەستوور نییە، وەك کاك دڵشاد دەڵێ)و زوو دەجووڵێتەوە.. چۆن شاعیری بەڕاستی، دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی بێلایەن بێ ؟)

**کاك دڵشاد محەمەد ئەمین ئەم بۆچوونەی پێ لاوازە. ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێ کە باشتر (دەگەڵ ئیحساسی مامۆستا هێمن ژیابێ و ئاگاداری جۆری دروستبوونی شیعرەکانی بێ)، بەڵام ناوەڕۆکی (تاریك و ڕوون)ی هێمن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە بۆچوونی دکتۆر قاسملو لێرەدا نەك هەر لاواز نییە بەڵکو ڕاست و لەبارو پڕ بە باڵایە.**

کاك دڵشاد پێشوازیکردن لە (پارتێکی نەتەوایەتی) بۆ شاعیرو بەشداری لە خەباتو تێکۆشانی گەل، بەشتێکی (کۆن و خۆ خەڵەتاندن) دەزانێ. لەکاتێکدا ئەو مامۆستا هێمنەی کە ئەو (لەگەڵ ئیحساسی) ژیاوە، هەر لەگەڵ پەیدابوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەگەڵ سەرەتای قۆناغی نوێی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، پێی ناوەتە مەیدانی ئەدەب و شیعرو گەیشتۆتە ئەو پلەیە کە بەشاعیری گەل بناسرێ. بابزانین هێمنی شاعیر وەزعی گەلی کورد لەپێش پەیدابوونی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا چۆن باس دەکات:

**لەمێژبوو هەقی کورد دەخورا بە فیڕۆ**
**لەمێژبوو کوردبوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ**
**لەمەیدانی شەقێنی دوژمنیدا**
**سەری سەرداری کوردی بوو وەکو گۆ**
**هەزار لاوی لە بەندیخانەدا مرد**
**هەزار پیاوی تەنافی خرایە ئەستۆ**
**کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی**
**کچی کوردی سەری کردبوو وە ئەژنۆ**

لەپێش پەیدابوونی حیزبی دیموکرات و گەشەکردنی خەباتی نەتەوایەتیدا، کاتێکی وەزعی گەلی کورد ئاوابووە، بێگومان شاعیرو ئەدیبی کوردی قەڵەمیان شکاوەو لێویان درواوە ئیلتیزامیشیان نەبووە. ئەگەر شاعیرێك ویستبی شیعر بڵێ، لە چوارچێوەی پێهەڵاگووتنی خاڵی ڕەش و بڕۆی کەوانی و لێوی ئاڵ و لیمۆی کاڵ تێنەپەڕیووە: (سەد نامی خودا بێ لە دوو پوستانی ئەنارت تەنك و شلك و ناسك و پڕچەنگ و قەشەنگە). دەور دەگۆڕێ، گەلی کورد قۆڵی لە خەباتی نەتەوایەتی هەڵدەماڵێ، شاعیری وەك هێمن دێتە مەیدانی خەبات و دەڵێ:

**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**

**ئاشقی کێو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

**من لە زنجیرو تەناف و دارو بەند باکم نییە**

**لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن.**

خەبات گەشە دەکا، پەرەدەستێنێ. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك پێویستییەکی مێژوویی دێتە کایەوە.. هێمنی شاعیر بە پێشوازییەوە دەچێ و لە بەڕێوبەرایەتی ئەو حیزبەدا جێدەگرێتەوەو دەڵێ:

**هەتە حیزبێکی دیموکراتی پێشڕەو**

**کە پێویستە لە دەوری کۆوەبی کۆ**

* * *

**مزگێنیم دەیە دەگەی بەئاوات**

**کوردە لەسایەی حیزبی دیموکرات**

کەوابوو کاتێك دکتۆر قاسملو دەڵێ:( شیعری هێمن ئاوێنەی قۆناغەکانی خەباتی گەلی کوردە)، بەپێچەوانەی بۆچوونی کاك دڵشاد، نەك هەر کۆن نییە، بەڵکو واقیعیەتە.. واقیعیەتێکی تازەو بەرچاو کە لە تەواوی دیوانەکەی هێمندا بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێ.

کاك دڵشاد لەخاڵی (١٠ – لەپەڕە – هێ)دا دیارە هەر ئەم بیروباوەڕە ڕەتدەکاتەوە کە دەنووسێ:( لەوبارەوە کە ئەدەب سەرخانی بارە کۆمەڵایەتیەکانە بەهەموو گۆشەو جۆری پێوەندێکانی پێوە کەواتە دەبێت ئەدەبەکە کت ومت دیاردەی قۆناغەکانی خەباتی گەلەکە بێت. ) بێجگە لە چەوتی دارشتنی ڕستەکەو هەڵە ڕێنووسی هێندێ وشە لەلایەن کاك دڵشادەوە، لام وایە بیروڕای دکتۆر قاسملو لەم بارەوە ڕاستەو بە

چەشـنێکی زانسـتی بـۆ ئـەم باسـە چـووە. **لـەوتاری داهـاتوودا وێـڕای ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکانی کاك دڵشاد لەبارەی دارشتنی ڕستەو ڕێنووسەوە، دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسەو بەپێی توانا باسی ئەوە دەکەم کە شیعرو ئەدەب دیاردەی قۆناغەکانی خەباتی گەلن.**

جاری لەم باسە تێدەپەڕم و تەنیا پرسیارێك لە كاك دڵشاد دەكـەم: ئەگـەر ئـەم دوانـزدە خاڵـە ( کـۆنن و توانـای بـاوەش کردنـەوەیـەکی وریاییانـەیان نییـە بـۆ ئومێـدو ئـاوات و خۆزگەو خەونـەکانی کـوردی مـرۆڤ) ئـەدی تازەکانیـان کامـەن ؟ ڕیزکردنـی وشـەی وەك خەون و خۆزگـەو ئومێـدو کـوردی مـرۆڤ و مرۆڤیانـەو شـتی واهاسـانە. مامۆسـتا دڵشـاد باشتر بوو خاڵە تازەکان نیشان بدا. ئەو ( زانست و تەکنەلۆجیای نوێ)یە نیشان بـدا کـە کۆمەڵی کـوردەواری تێدایـە. دەبـوو ئـەو (نـوێ)یـە نیشـان بـدا کـە ( لەسـەر بناغەیـەکی واقیعیی، مادی ڕاستو ڕەوان دارێژرابێت). **کەسێك کە بۆچوون و نووسین و لێکدانەوەی نووسـەرێك بـە (فـووتێکردن و ئیحسـاس خرۆشـاندن) بزانـێ، دەبـێ لانـی کـەم خـۆی (ئاڵترناتیف)ێك نیشان بداو شتێکی تر لە جێگای ئەودا بنێ. نەك هەر بەسـەر دێڕێکی قەبەو ڕیزکردنی وشەی گوایە ئەدیبانە (ڕەتی)کاتەوە.**

با بێینە سەر ئەو بەشە (لاوازە)ی کە مامۆستا دڵشاد وەك ئەدیبێك بە (باسێکی لاواز)ی دادەنـێ: تاریـك و ڕوون دیوانێکـە لێکۆڵینەوەیـەکی قـووڵی دەوێ. شـیکردنەوەی هـەر غەزەلـە شـیعرێکی ئـەم دیوانـە پێویسـتی بـە شـارەزایی و کـار لەسـەرکردن و لێوردبوونەوەیەکی زۆر هەیـە. دکتـۆر قـاسملو ئیـدیعای نـەکردووە کـە دیـوانی مامۆسـتا هێمنی شیکردۆتەوەو لێی کۆڵیوەتەوە لەباری ئەدەبییەو وەك بەرهەمێکی تەنیا ئەدەبی لێکیداوەتـەوە. دکتـۆر قـاسملو لەپێشـەکییەکی چـەند لاپەڕیـدا، شـیعرەکانی هـێمن وەك (ئاوێنەی قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد) لەبارەی سیاسییەوە نیشاندەدا کە کـاك دڵشـاد پێی کۆنن.

لـەبارەی ئەدەبیشـەوە باسـی شـێوەو نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی هـێمن دەکـاو دەنووسـێ: لـە سەرەتادا شیعرەکانی هێمن لـەژێر تەئسـیری ئـەدەبی فارسـی و شـاعیرە کوردەکـانی وەك نـالی دابـوون, دەنووسـێ:( شـیعرەکانی ڕەوانـن، بـەزمان جـوان و بـەمانا دەوڵەمەنـدن.) دەنووسـێ:( پـاش ماوەیـەکی سـەرەتایی.. خـۆی لـە قافیـەو وەزنـی شـیعری کلاسـیکی ڕزگاردەکـا... هـێمن دەگاتـە ترۆپکـی ئـەدەبی کـوردی و بەڕاسـتی ئـەدەبی کـوردی پـێش دەخـا). دکتـۆر قـاسملو دەنووسـێ:( هـێمن شـاعیرێکی ڕیالیسـتە، ڕیـالیزمی ڕەخنەگرانـە

لەناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمندا بەتـەواوی بەرچـاو دەکـەوێ.) دەنووسـێ: (زمـانی هـێمن زمانی کوردی پەتی و جوانە. نە پـڕە لەوشـەی بێگانـە و نـە وشـەی دەسـتکردی تێدایـە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە،) دەنووسـێ:( تـاکی لـە جـوانی پەرسـتیدا کەمـەو وشـە لـە دەسـتیدا وەك مێـوە, دڵتـەڕو خـۆش خەیاڵـەو ناسـك بینـە، بەهونـەرەو شارەزاو وشە ڕەنگینە). دکتۆر قاسملو بەمجۆرە لەسەر هێمن و لەسەر شیعرەکانی هـێمن دەنووسێ. ڕەنگە تەواو نـەبێ، ڕەنگە زۆر شـت نـەگووترابێ، ڕەنگـە هێشـتا هەوڵـدانێکی زۆری بـوێ تـا دیوانەکـەی هـێمن شـیدەکرێتەوە نرخـی خـۆی دەدرێتـێ. بـەڵام ئەوانـەی دکتۆر قاسملو لەسەر شاعیرو شیعرەکانی نووسیوون، نەك بۆ ڕەتکردنەوە نابن، بەڵکو بە بەژنی دیوانەکە بڕاون و وەڵامدەری ناوەڕۆکی دیوانەکەی شاعیرن.

**کاك دڵشاد ئەم پێشەکییە بە (وشەی باق و بریق و نەڕەی بێ مانا) دادەنـێ.** بـەڵام ئـەو ڕسـتەیەکی کـە خـۆی نووسـیوویە، رەنگـە بـە ئـەدەبی بزانـێ : (مـرۆڤ شـەیدای گوڵـە, دڕنـدایێتی ئـەم گێتییـەو کێشـە مێلاقییێکـی سـپی نـازدارە، بـەڵام درەبەنگـەکانی وایـان لێکردووە...)[1]! ئێستا بـا خوێنـەرانی بـەڕێز سـەر لـەم ئەدەبـە گوایـە نوێیـە دەربکـەن و بزانن کاك دڵشاد چۆن ئـەدەبی لـەبارو بـەهێزو پێـزو نوێمـان نیشان دەدا ! لێـرەدا ئـەم باسـە دەبڕمـەوە لـەوتاری داهـاتوودا سـەرپێی هـەروەك لـەوتاری ڕابـردوو بـەڵێنم دابـوو دێمە سەر باسی بۆچوونی کاك دڵشاد لەبارەی ئەوە داخوا (ئەدەب دیـاردەی قۆناغـەکانی خەباتی گەلە) یان ئەدیب و شاعیر بێ ئیلتیزام و ڕاڕاو واز وازیـن و بـێ بیروبـڕوا لـەنێو کۆمەڵ دا دەخولێنەوە؟

**ڕۆژنامەی هاوکاری : ژمارە - ٢٤٣ , ١٩٧٤/١١/٢٢.**

[1] ئەوەی ڕاستبێ کاك دڵشاد ئەو ڕستەیەی بەمشێوەیە نووسیبوو" مرۆڤی مرۆڤ، شەیدای گوڵە میلاقەیەکی سپی نازدارە، بەڵام دڕندایەتی ئەو گێتییەو کێشە دەربەنگەکانی وایان لێکردووە" وە لەبەر هەڵەیەکی چاپەمەنی لە چاپخانە وایلێهات و کاتێ هەستی پێکرا ڕۆژنامەکە چاپ دەکراو دەرفەتی ئەوەش بە دەستەوە نەما بوو ڕاست بکرێتەوە. ( ڕۆژنامەی هاوکاری)

# پێموایە باشی بۆ نەچووە

- ٥ -

لە وتاری پێشوودا نووسیبووم دێمەوە سەر ئەو باسەکە داخوا (ئەدەب دیاردەی قۆناغەکانی خەباتی گەلە) وەك دكتۆر قاسملو دەڵێ، یان ئەم قسانە (کۆنن و خۆ خەڵەتاندن و خۆ لە خشتەبردن)ە، وەك مامۆستا دڵشاد محەمەد ئەمین دەفەرەوێ.

بابزانین هەر ئەوەندە بەسە کە ئەدیب بڵێ: (هەزار نەعلەت لە گێتی یەکی بێ ژن، گێتییێکی بێ جوانی و نازداری و شیرینی) ؟ ( لێرەدا ببورن، تا لەبیرم نەچۆتەوە با ئەم پرسیارە لە کاك دڵشاد بکەم، داخوا لەباری ڕێنووسی کوردییەوە لەم دوو گێتییە کامەیان ڕاستە؟) ئەدەبی کوردی دەبێ نەعلەت لە دنیای کۆیلەتی و ژێردەستی و بەشخوراوی بێ دەسەلاتی بکا؟ داخوا ئەدیب و شاعیرانی کورد دەبێ وەك هەندێك لە شاعیرانی ئاخری سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، تەنیا بە بەژن و بالای ڕێكو لەبارو دیدەی مەست و پڕشنگداری یار هەڵبڵێن و لە تەعریفو تەوصیفی خاڵ و خەتو کولم و لێوو چاوو بڕۆو گوڵوگوڵزار و پیالەی مەی شنەی شەماڵو ئاسۆی جوانو تریفەی مانگ و ئەستێرەکاندا قەڵەمی خۆیان وەکار بخەن، یان وێڕای پاراستنی ئەم شێوەیە، ئەرکی دیکەشیان لە سەر شانە؟ ئەرکی ڕوونکردنەوەی کۆمەلانی خەڵك ئەرکی هاندان و ڕێنوێنی بۆ مەیدانی خەبات و تێکۆشان، ئەرکی هەوڵدان بۆ ڕزگاری و ئازادی، ئەرکی زیندووکردنەوەی ڕێبازی حاجی قادری کۆیی. **شاعیرو ئەدیبی نەتەوەیەك کە لەدواییەکانی سەدەی بیستەمدا، لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەشە، زمانی زگماکی لێ قەدەغەکراوە، نەتەوەیەك لەژێر ستەمی نەتەوایەتی و سیاسەتی تواندنەوەدا پشتی چەمیوە، چۆن دەتوانێ وەك کاك دڵشاد دەیەوێت، تەنیا باسی (نازداری و شیرینی و جوانی) بکاو هەر بە (لەعنەت لە گێتییەکی بێ ژن) فیکرو قەڵەم و هونەری خۆی ببەستێتەوە ؟**

بەڵێ، شۆخی و نازداری و لەباری دیمەنەکانی تەبیعەت هەموویان جوان دڵگیر و هەست بزوێن و دڵڕفێنن. بەڵێ دنیای بێ جوانی و بێ ژن ( بەلام ژنی جوان !) لەعنەتی لێبێ. لەمبارەوە لەگەڵ کاك دڵشادم، بەلام ناتوانم لەوبارەوە لەگەڵی بم کە وشەی ئازادی و ماف و خەبات و ڕزگاری نیشتمان و نیشتمان پەروەری و... بە کۆن بزانم. لام وایە

جوانی و دلگری و تەبیعەت و بەژن و باڵای یارو دڵبەری شۆخ و نازدارو (گێتی بە ژن و بێ ژن)، هەموویان بەبێ ئازادی و بەبێ ڕزگاری و سەربەستی بێ تام و بێ نرخن. مامۆستا هێمن لە بەستەی (شەنگەبێری)دا دەڵێ:

**جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە**

**ژووان و شەوڕاوو دڵداری، ڕازو نیازی بە دیلی**

چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەوەبم کە شاعیرو ئەدیب و ڕەخنەگری کورد، لە دونیای بێ بیرو باوەڕی وڕاڕایی و واز وازیدا بسووڕێتەوە، چونکە ئەدیبە، ئیتر (بەرهەمە ئەدەبیەکەی)نابێ بەلای سیاسەتەوە بچێ، چونکە ئەدیبە ئیتر چ کاری بەوەیە کە نەتەوەکەی دەچەوسێتەوەو ژێردەست و بێ کیانو بێ قەوارەیە. چونکە ئەدیبە چ کاری بە ئازادی و نیشتمان و نیشتمان پەروەری داوە. ئەدیبە با شیعر بڵێ و باسی جوانی و لەباری و شۆخ و شەنگی و نازداری بکا، چ کاری بە سیاسەت و خەبات و تێکۆشانە. زۆر جێگای داخە کە ڕووناکبیری نەتەوەی کورد لە دنیای ئەمڕۆدا ئەم بیروباوەڕە لەنێو ئەدەبی کوردیدا بڵاوبکاتەوە و شانازیشی پێوە بکاو بڵێ: ( **ئەمن دیلێم و بێ باکم)!**

ماوەیەك لەمەوبەر چەند ئەدیب و شاعیرو هونەرمەند لە ئێران گیران و دووانیش گوللەباران کران. بەوە تاوانبار کرابوون کە باسی سیاسەتیان کردووە. ڕژێم بەوانی دەگوت ئێوە ئەدیبن، چ کارتان بە سیاسەت داوە، لەسەر ئەو هەموو دیمەنی جوان و دنیای ڕەنگاوڕەنگ و جوانی و لەباری ژن و تام و خۆشی ژیان ڕا، بۆچی خۆتان گومڕا کردووەو باسی سیاسەت دەکەن؟

دیارە کاك دڵشادیش بۆ شاعیرو ئەدەبی کورد ئەو ڕێبازەی دەوێ. بەڵام هێمن ئەو شاعیرە نییەو تەنیا ئەو ڕێبازەشی نەگرتووەو هێمن ئەو شاعیرە نییە کە کاك دڵشاد دیەوێ و دەڵێ:( لەگەڵ ئیحساسی ژیاوم و ئاگاداری جۆری دروستبوونی شیعرەکانی بووم).

باسەرێك بەنێو (تاریك و ڕوون) دا بسوڕێینەوەو چاوێك بە شیعرەکاندا بخشێنین. بزانین چۆن بە ئاشکرا ئەم ڕاستیە دەردەکەوێ کە ئەدەب دیاردەی قۆناغەکانی خەباتی گەلەو پێوەندییەکی تەواوی بەژیانی شاعیرو پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵ و ڕادەی ژیان و خەباتی گەلەوە هەیە. ئیتر ئەوە تەنیا قسەو بیروڕای دکتۆر قاسملو نییە، ئەوە ڕەوتێکە

کە دیوانی هێمن بەتەواوی لەگەڵی ڕێکدەکەوێ. کورد گوتەنی یەزد دوورە گەز نیزیکە. ئەوە دیوانەکەمان لەبەر دەستەو بزانین چۆنە؟

ساڵی ١٩٤٢یە، کۆمەڵەی (ژ.ك) تازە دامەزراوە. هەوەڵین شیعری هێمن (کوردم ئەمن) بڵاودەبێتەوە. هەر چەند لەو کاتەدا گەنج و هەرزەکارو شایی بەخۆو دەوڵەمەندیشە، کە ئەوانە هەموویان بۆ کوڕێکی لاو لەسەردەمێکی تایبەتی تەمەندا زۆر گرنگن، بەڵام شاعیر چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ وەلا دەنێ و ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردی نیشتمانەکەی دەبێ و لە زنجیرو تەناف و دارو بەند ناترسێ و هێشتا دەڵێ: **(کوردم ئەمن).**

هەر لەو ساڵەدا شاعیر (وتووێژی کوڕ و کچ)ێك دەگێڕێتەوە. ئەگەر بیرو ڕای کاك دڵشاد بسەلمێنین، دەبوو ئەم ووتووێژە تەنیا باسی ئەوین و دڵداری و خۆشەویستیی و وەرەو مەکەو ئەیەڕۆو ماچ وموووچ دەسبازی بایە. بەڵام ووتووێژی ئەم کیژو کوڕە لەو قۆناغەی خەبات و ژیانی کوردەواری بە پێچەوانەی ئەمەیە. کەدەڵێ:

**دیلی، ژێردەستی ئەسیری، تاکەی ؟**

**ڕووتی، نەداری، فەقیری تاکەی ؟**

**(وەرە مەیدانێ لەڕێی نیشتمان**

**بکە قوربانی سەرو ماڵ و گیان)**

**کوڕ چی پێدەڵێ ؟**

**کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە**

**هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە**

**لەگوێن (ژاندارک) هەستە وەك مەردان**

**دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان**

ئەم قۆناغەی ژیانی گەل پێویستییەکی گرنگتری لە خۆشەویستی و حەز لێکردن دەخاتە پێش کچ‌و کوڕی کوردی کە شاعیر بەهەق دەستنیشانیکردووە.

هەر لەو سەروبەندە دایە، بیری ئازادیخوازی لە دژی دەرەبەگ و کۆنەپەرستی پەرەدەستێنێ. هێمن هەرچەندە کە خۆی کوڕە ئاغایەکی دەوڵەمەندیشە، بەڵام لەم قۆناغەدا کوتانی دەرەبەگ و ئاغا بەهۆی پێشکەوتنی ڕزگاریخوازی دەزانێ؟( ئەمن

دەیڵـێم و بـێ بـاکم) دەهۆنێتـەوە. لەبیرمـە منـداڵیش ئـەم شـیعرەیان لەبـەر کردبـوو لەکوچەو کۆڵاناندا دەیان گوتەوە:

**نیانە بیری سەربەستی**

**دەکەن فەخری بەژێر دەستی**

**دەڕۆن هەروا بەرەو پەستی**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

هـێمن وەك لـە وتـارێکی پێشـوودا بـاسمکردبوو، بـۆ ئـەم جـۆرە بـیرو بـاوەڕو نووسـینانە دەیگوت بێ باك بوو.

ساڵی ١٩٤٣یە. خەباتی گەلی کورد پەرەی گرتووە. گوڵ و گیاو چیاو کـەژی کوردسـتانیش گەشاونەوە. بۆ ژێردەستی کورد بە پەرۆشن و داخی دڵی خۆیان دەردەبڕن. شـاعیر گـوێ بۆ ڕازو نیازی گوڵە مێلاقەو وەنەوشە ڕادەگرێ و ناچار دەبێ ئەو ڕازو نیـازە تۆمـار بکـا کە مێلاقە دەڵێ:

**ئەمن لەخاکی کوردی ڕواوم**

**بە ئاوی ساردی کانی دێراوم**

**کورد وا هەژارن من هەژار نەبم**

**ئەوان داخدارن من داخدار نەبم**

وەنەوشەش لەم داخ و پەرۆشەدا هاوبەشی دەکاو دەڵێ:

**کە تۆ هەناوت بۆ کوردی بووە ڕەش**

**منیش بۆ کوردی سەرم نا لەهەش**

ساڵی (١٩٤٤)ە. گـەلی کـورد لـە بەشـێکی نیشـتمانەکەیدا دەسـەڵاتی گرتۆتـە دەسـت. ئـاڵای کوردسـتان لـە مـەهاباد هـەڵکراوە. هـێمن بـەجۆرێك لـەنێو دەریـای خـەبات و ئـەوینی نیشتماندا نوقم بووە کە لە هیچ دەمو سەعاتو خۆشی و ناخۆشییەکدا نیشـتمانی لـەبیر ناچێتەوەو لە بەستەی (تۆم هەر لەبیرە)دا دەڵێ:

**لە شایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا**

**لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا**

**لەکۆڕی ماتەم و گریان و شینا**

**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە**

*    *    *

**له کوێستانیٚ دەمی ڕاوو شکاریٚ**

**له مەزرایه که خۆم هەڵکرد له کاریٚ**

**لەجێژوانی که دەکوشم مەمکی یاریٚ**

**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیره**

ئەگەر ئازادی لە لای شاعیر لە هەموو شتێك گرنگترو نیشتمان لە هەموو شتێك خۆشەویستتر نەبا، چۆن لەجێژوانیٚ، لەو کاتی ناسکەدا لەبیری نەدەچۆوە؟

ساڵی (١٩٤٥)ە. کورد دەستەڵاتی سیاسی خۆی بەدنیا ڕاگەیاندووە. هێمن لە (دوا ڕۆژی ڕووناك)دا باسی ڕابردووی گەلی کورد دەکاو دەڵیٚ:

**لەمێژ بوو هەققی کورد دەخورا بەفیڕۆ**

**لەمێژ بوو کورد دەیکرد شین و ڕۆڕۆ**

**گوڵستان و زەمەندی کوردەواری**

**بەپێی دوژمن دەبوو پێشێل‌و بۆژۆ**

**لەبەر زوڵم و فشارو جەورو بێداد**

**چلۆن تێکچووبوو لێمان ڕایەڵ‌وپۆ**

شاعیر تەنیا بەباسی ڕابردوو واز ناهێنیٚ و بەدلگەرمییەوە باسی سەرکەوتن دەکا:

**لەپڕ جووڵاوە خەڵك و تێکی ڕووخاند**

**بناغەی کۆشکی ئیستیبدادی یارۆ**

**شکا بێگانە، پاڵاوتی لە ترسان**

**کوڕی کورد ، هاتەوە دیسان هەڵی تۆ.**

پاشان ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ خەبات و تێکۆشان هاندەداو وەبیریان دێنێتەوە کە پێویستە لە دەوری حیزبە پێشڕەوەکەیان کۆ ببنەوە:

**مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە**

**له فیشاڵ و له بوختان له دەمگۆ**

**هەتە حزبێکی دیموکراتی پێشڕەو**

**که پێویسته له دەوری کۆ وەبیٚ کۆ**

**دەسا خۆت هەڵکە، ڕێ ببڕە بە گورجی**

**بڕۆ پێش بێوچان ، لێبخوڕە.. باژۆ**

هەر لەساڵی ١٩٤٥دا شاعیر (یادگاری شیرین) دەهۆنێتەوە. شیرین هەروەك دكتۆر قاسملو لە پێشەكیەكەدا باسیكردوە. لەوكاتەدا كە بەشێوەیەكی زۆر وەستایانە برژانگی تیژو برۆی ڕاكشاو ودیدەی بەخورمارو بەژنی بەرزو ئارەقی گەردن و ماچی شیرن و خرمەی پاوانەی تێدا جێ كراوەتەوە، دەردو كوێرەوەری و بەشداربوونی كچی كوردیشی لە كارو زەحمەتكێشاندا نیشانداوەو شاعیر نەیتوانیوە خۆی لەهاندان بۆ ڕاپەرین، بۆ فڕێدانی چاشێو و گەیشتن بەزانست و سەنعەت بپارێزێ و دەڵێ:

**کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست**

**ڕاپەڕە، هەستە لەخەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە**

**دەرگە بشكێنە ، پەچە بدڕێنە ، ڕاكە مەدرەسە**

**چاری دەردی كوردەواری خوێندنە ، هەر خوێندنە**

بە كورتی هەروەك لە ڕێكخستنی دیوانەكەو تاریخی شیعرەكان دەردەكەوێ، (ڕێبەندان و شاعیر)، (بژی دیموكرات)، (ڕۆژی خۆشی)، (هەتاوی ئیقبال) ، (ڕەشەمە)، (دایكی نیشتمان)، (نەورۆزی كوردستان)،(كوردو ئازەربایجانی) هەموویان لەسەردەمی پەرەگرتنی خەباتی ڕزگاریخوازی كوردو دامەزرانی كۆماری دیموكراتی كوردستان گوتراون، هەموویان هەستی نیشتمانپەروەری، بەتینكردنی گڕی خەبات، هاندان بۆ تێكۆشان و خۆشی ڕزگاری لەژێردەستی و كۆیلەتیان تێدا دەبینرێ و نیشاندەری قۆناغێكی دیاریكراوی كۆمەڵن.. شاعیر لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە لەم چوارچێوەیە لابدا. خۆ ئەگەر ویستی سەرێك لە دنیای جوانی و نازداری و شۆخ و شەنگیش هەڵبێنێ، دیسان لە گۆشەیەكدا هەربایداوەتەوە سەر هەستی خەبات و تێكۆشان و نیشتمان پەرەوەری و نەیتوانیوە خۆی لە باسی سیاسەت و گیروگرفتەكانی كۆمەڵایەتی بپارێزێ.

ساڵی (١٩٤٧)ە، كۆماری كوردستان تێكدراوە، قیبلەی ئاواتی كورد ڕووخاوە، لەشكری زۆردارو خوێن خۆر كوردستانی ئیرانی داگیركردۆتەوە، گیران و ڕاونانی ئازادیخوازانی كورد دەستپێكراوە، شاعیری تێكۆشەرمان وەك زۆر لە بەڕێوەبەران و نیشتمانپەروەرانی كورد ڕایكردوەو بەرەو كوردستانی عێراق ڕۆیشتووە لە (گردبداغ)ی پشدەرێ

گیرساوەتەوەو بەستەی (ڕۆژگاری ڕەش)ی هۆنیوەتەوە، شاعیر دەردو داخی دڵی خۆی لەو ڕووداوو کارەساتە دەردەبڕێ بە پەرۆشەوە باسی ئەو تێشکان و لێقەومانە دەکا:

**وەپاش کەوت خەباتمان**

**داگیرکراوە وڵاتمان**

**تێپەڕێ ڕۆژی هاتمان**

**ڕوخا کۆشکی ئاواتمان**

* * *

**وڵاتمان کرا داگیر**

**ڕاوکەر بوونەوە نێچیر**

**یووسف خرانە ناو بیر**

* * *

**لە سەقزو لە بۆکان**

**تێکۆشەر لەدار دران**

**قارەمان لە ناوبران**

دیارە ئەم پارچە شیعرە لەباری هونەری شێعر و هۆندنەوەو ناسکی و تەڕوپاراوی و تەنانەت باسی لەباری و جوانی شیرینیشەوە، چەپی دەبەر شیعرەکانی تردا نەکردوەە:

**پۆلی جوان و نەشمیلان**

**دەستەی دەسماڵ تەنزیلان**

**ئەوساڵ ناچن بۆ دیلان**

**نەنگە دیلان بۆ دیلان**

* * *

**برِا نانی سەر خوانان**

**گرا لاوی گوێسوانان**

**کاڵ بۆوە پەنجەی جوانان**

**کوانی گەمەی جێژوانان ؟**

(ڕۆژگاری ڕەش) هەر وەك لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سەرەتای قۆناغێکی تازە داهاتی خەباتی گەلە، لەباری ئەدەب و شیعریشەوە سەرخانی ئەو قۆناغەیە, دیاردەی

ئەو ژیانەیە کە شاعیر نووسیبووی. هەر لەو سەروبەندەدا شاعیر (کچی مەهاباد)ی دێتەوە بیرو دەیەوێ لە دوورەوە ڕازو نیازی لەگەڵ بکا، بەم شێوە ناسکوجوانە دەیدوێنێ:

**لەباری، نازەنینی، نەرم و نۆڵی، دڵتەڕی، شادی**

**لەچاوی بەد بەدوور بی،ئەی کچی جوانی مەهابادی**

بەڵام لە ڕازونیازدا هەر باسی جوانی دڵداری لەگەڵ ناکاو بەزمانی سیاسیش دەیدوێنێ و دەڵێ:

**ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەسی بێگانەی و ئەمنیش**

**لەدووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەردو داخی بێ مرادی**

بەهاری (١٩٤٧)ە، هێمن لە کوردستانی عێراقەوە بەرەو کوردستان دەگەڕێتەوە، تووشی کوێستانچی و چادرو ڕەشماڵو هۆبەو هەوارو مەڕو مالات دەبێ و (بەهاری کوردستان) دەهۆنێتەوە کە لە هەر بارێکەوە بیگری شاکارێکەو گەنجینەی فەرهەنگ و وشەی زمانی کوردیە، شیعری بەهاری کوردستان ئەو (ناتورالیزم)ەیە کە دکتۆر قاسملو باسی دەکا، مامۆستا هێمن بەشێوەیەکی بێ وێنە باسی جوانی تەبیعەت و ڕازاوەیی دەشت و چیمەن و, ڕەنگینی چیاو کەژو لەنجەو لاری کیژوکاڵو هاتووچۆی بێری نێو مەڕو فیتەی شوان و باللۆرەی بەلەك چاوان و خۆشی بەهاری کوردستان و دیمەنە جوانەکانی دەکا، شاعیر لەژێر تەئسیری جوانی کوردستان و هەلومەرجی ژیانی ئەو ڕۆژەدا، پڕ بەدڵی کاك دڵشادەو ئیتر لەم شیعرە باسی سیاسەت و خەبات و تێکۆشان ناکا، بەلام ئەو شاعیرەی کە لەگەڵ خەبات و تێکۆشان خونچەی ئەدەبی پشکووتوە، ناتوانێ زۆر بەکەیفی کاك دڵشاد ببزوێتەوە، دەربەدەری.. بێ سەرو سامانی، لێقەومانی سیاسی کاری تێدەکاو دەردو داخی دەروونی خۆی بەهۆی (بابردەڵە) دەردەبڕێ و لەزمان بولبولێکی وەك خۆی لێقەوماو دەڵێ:

**چ خۆشە عیشق و سەمەستی ، چ خۆشە**

**چ خۆشە ژین بە سەربەستی.. چ خۆشە**

**چ تاڵە کۆیلەتیو دیلی ، چ تاڵە**

**بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاهو ناڵە**

**لە سوێ هێلانەکەم لەت لەت بوو جەرگم**

**لە تاوی گوڵ نەمام، نیزیکە مەرگم**

**چ ئینسافە ئەمن بەو دەنگی خۆشم**

**ئەسیرو دیل و زیندانی و خەمۆشم**

پاشان لەگەڵ بولبول دەبێتە هاودەردو ئێش ژانی خۆ بۆ دەردەخاو کوڵو کۆی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ:

**منیش ئەی بولبولی بەندی وەکو تۆم**

**وەها دوورم لە هێلانەو گوڵی خۆم**

**منیش وەك تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور**

**منیش هێلانەکەم لێکراوە خاپوور**

**منیش زۆرداری پرزەی لێ بڕیوم**

**منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم**

**منیش بێدادی شاباڵی شکاندم**

**بە ناکامی لە خوێناوی تلاندم**

**ژیانم پڕ لە ڕەنج و دەردو داخە**

**ئەوە گیرسامەوە لەو کێوو شاخە**

بەڵام لەسەر ئەو حاڵەش ڕا ورە بەرناداو واز ناهێنێ و دەڵێ:

**هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دەخوێنم**

**دەخوێنم بۆ گەلی خۆم، هەر دەخوێنم**

لێرەدا لەبەر ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز زۆر ماندوو نەبن، وا باشە وچانێك بدەین.. بەڵام بۆئەوەی بە جوانی دەرکەوێ کە ئەدەب دیاردەی قۆناغەکانی خەباتی گەلە، لەژمارەی داهاتوودا ئەم باسە درێژە پێ دەدەین.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە( ٢٤٤) ٢٩, /١١/١٩٧٤.**

## پێموایە باشی بۆ نەچووە

- ٦ -

لـە بەشـی پێشـووی سـوڕانەوەکەمان بـە نێـو گـوڵزاری تاریـك و ڕوونـدا، گەیشـتینە ئـەو جێگایە کە شـاعیر تووشـی دەربـەدەری و ئـاوارەیی بـووە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش وازی لـە خەبات و تێکۆشان نەهێناوە. دوا بەدوای ئەو ژیانەیە، شاعیر دەگاتەوە نێو ماڵو کـەس‌و کاری خۆی. ساڵی هەزارو نۆسەدو چل و هەشتە. هێمن دەست بەسەرو گۆشەنشینە. لـەو حاڵەدایە کە شەش خانی ئومێدی لێدەگیرێ و دنیایەك مـەمنوونی (فرمێسکی گـەش)ە، چونکە ناهێڵێ دوژمن بە ڕەنگە زەردەکـەی پێبکـەنێ. ئـەم وەزعـە هـەر درێـژەی هەیـە، لەوماوەیـەدا (گریـانی نیوەشـەو)و (ئـارەزووی فـڕین)و (گـۆمی خـوێن) دەهۆنێتـەوە کـە بەجوانی ئەو قۆناغە نیشاندەدەن کە شاعیر تێیدا ژیاوە.

لـە سـاڵی ١٩٥١دا خـەباتی سیاسـی لەسەرانسـەری ئێـران پەرەدەسـتێنێ. کوردسـتانیش لەوبارەوە لەدوا نییە. حیزبی دیموکراتی کوردسـتان وەك هێزێکـی سیاسـی لەکوردسـتان خۆی نیشاندەدا. لەوکاتـەدا هێمنـی شـاعیر بـە هیـواو هومێـدێکی زۆر دێتـەوە مەیـدانی خەبات و لە (ئاواتی بەرز)دا دەڵێ:

**دەستی دا دەستی برای و هاتە ناو کۆڕی خەبات**
**کیژی نەشمیل و لەبارو شۆخ و گوێ بە گواری کورد**
**فێری زۆر دەرسی بەکەڵك و باشی کردین تێشکان**
**جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجاری کورد!**
**بێ وچان دەڕواتە پێش و ڕێگە دەبڕێ بۆ هەدەف**
**زۆر لە ساڵان ڕوونترە ئەو ساڵەکە ئەفکاری کورد**
**وا گزینگی دا بەیانی جوانی ئازادی بەشەر**
**ڕۆژی ڕووناکە، نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد**
**دێتە سەر ڕێبازی ڕاست و دێتە ناوکۆڕی خەبات**
**خوارە پێچەی لێ بڕاوە پیاوی خێچ‌و خواری کورد**
**خۆی لەبەر لافاوی قینی توندی گەل ڕاناگرێ**
**دوژمنی وەحشی دڕندەو زاڵم و زۆرداری کورد**

لەم قۆناغەی خەباتدا، هێمن تـەنیا بـە بـیری نیشـتمانی و کوردایەتییـەوە فیکـری خـۆی نابەستێتەوەو بۆ پۆ پلەی بەرزترو بەر فراوانتری خەبات پەل داوێ و دەڵێ:

**تێکدەدەن کۆشکی بڵندی مفتەخۆری زگ زەلام**

**پاڵەو جوتیاری برسی، کارگەری بێکاری کورد**

**مەدرەسەو دانیشکەدە بۆ شارو لادێ دادەنێن**

**خوێندەواربێ تاکو ڕۆڵەی زیرەكو نازداری کورد**

هەر لەو ساڵانە دایە خەباتی گەلانی ئێران دەگاتە ئەوپەڕی توندو تیژی و شا لـە ترسـی قـین و تـووڕەیی خـەڵك بـەرەو ئیتاڵیـا دەیپـاڵێوێ. هێمنـی شـاعیر لـە کۆبوونـەوەیکی دە هەزار کەسیدا، بەو بۆنەوە (بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ) دەخوێنێتەوە.

ئەو سەردەمە زۆر درێژە ناکێشێ. جووڵانەوەی ڕزگـاریخوازی لـەئێران سـەرکوت دەکـرێ، ئازادیخوازان لەهەموو شوێنی وڵات دەکەونە بەر پەلامارو ڕاونان و ئازارو جەزرەبەوە.

لەکوردستانیش ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکان دەگیرێن و دەربەدەر دەکرێن. هێمن سەرلەنوێ تووشی دەربەدەری و خۆشاردنەوە دەبێ. لە (موو ناپسێنم)دا گۆشەیەکمان لە ژیانی ئەو سەردەمەی پێ نیشاندەدا کە چۆن دڵـی وەکـو زینـدانی ئیـنفیرادی تەنگەو لەبـەر دەردو خەفـەتی زۆر سـەری شووشـەی شـەراب بـادەداو ناچـارە خـۆی مـات بکـاو ناتوانـێ مـوو بپسێنێ:

**شەوانە هاونشینی جامی بادەم**

**بە بادە با پەژارەو غەم بە بادەم**

**کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من**

**سەری شووشەی شەراب واچاکە بادەم**

هەر لەو ساڵانەدایە کە لەبەر هەلومەرجی نالەباری خەبات و ژیان بێزارو تووڕە دەبێ و بۆ چاری دەردی پەنا بۆ ساقی و مەی و مەیخانە دەبا. لە (تووڕەیی)دا دەڵێ:

**حاسڵی تێگەیشتن و زانین**

**چ بوو بۆ من جگە لە کوێرەوەری ؟**

**سەردەمێکش پەنا دەبەم بۆ مەی**

**تا بزانم چلۆنە بێ خەبەری**

**لەو ولاتە کەسێک لەخەو ڕابێ**

**بەشی چارەڕەشی و خەم و شینە**

**تێگەیشتم عیلاجی دەردی من**

**مەستی و شێتی و نەزانینە**

لێرەدا تەنیا هەلومەرجی قۆناغی خەباتی گەلە، کە هێمن تووشی ئەو ڕۆژە دەکا مەستی و شێتی و نەزانی بە عیلاجی دەردی بزانێ. تا ساڵی ١٩٦١ ئەم وەزعە هەر درێژەی هەیە.

ساڵی ١٩٥٩ سازمانی ئەمنییەتی ئێران لە سەرانسەری کوردستان حیزبی دیموکرات پەلامار دەداو گەورەترین زیان وە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکەوێ. سەدان ڕۆڵەی نیشتمانپەروەرو ئەندامی (ح.د.ك) دەگیرێن و هەڵۆەدای هەندەران دەبن. مامۆستا هێمن لە سەرگوزشتەکەیدا دەنووسێ:

**"منیش لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی ڕوحی هاتم. ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدییە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام"**

بەڵێ، شیعرەکانی (بۆسەی ڕۆژگار ، چارەنووسی شاعیر، جۆلانە، ماچی شیرین، هێلانەی بەتاڵ، گلێنەی شاعیر) هەموویان دیاردەی ئەو قۆناغەن کە شاعیر تێیدا ژیاوە:

**ڕۆژگاری سپڵە بۆمن بۆسەیەکی نایەوە**

**نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ**

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بکەم**

**کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ**

**(بۆسەی ڕۆژگار) ل / ١٣٢**

**دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم**

**لە بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە**

**لەگەڵ چارەڕەشی و دوورە بەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم**

**لەمێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەر وایە**

**(چارەنووسی شاعیر) ل/ ١٣٣**

**الەگۆشەی بێ کەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و خەمبارم**

**نییە باکم ئەگەر ماڵم بە جارێکی بە قوڕ داچێ**

**بەشی کوردێکی زانا لەم وڵاتە مەینەت و دەردە**

**ئەوەی نەتویست بڵێ ڕەببی بە دەردی کوردی زانا چێ**

**(ماچی شیرن) ل/ ١٣٥**

**ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بی با**

**بە مەرگی تۆ مچوڕکیشم بەدڵدا نایە، با بی با**

**هونەر گەر خۆی پەرێشانی نابایە لەم وڵاتەیدا**

**بەشی من بۆ دەبوو چارە ڕەشی و خانە خەرابی با**

**وەبەر من نایەڵێ لێرەش مەی و ساقی جەنابی شێخ**

**دەنا لەولاو شەراب و حۆری با هەر بۆ جەنابی با**

**(گلێنەی شاعیر) ل/ ١٣٩**

ئەم شیعرانە نەك هەر نیشاندەری ژیانی ئەو سەردەمەی شاعیری گەلن،بەڵکو دیاردەی قۆناغی خەباتی کۆمەڵیش.

شیعری (هێلانەی بەتاڵ) لەکاتێکدا گوتراوە کە لەعێراق شۆڕشی ١٤ی تەمووز ڕوویداوە. کتێب و چاپەمەنی و شیعری کوردی بە چەشنێکی سەربەست و هەراوبڵاودەبێتەوەو دەنگیان دەگاتە کوردستانی ئێرانیش، بەڵام لە ئیران کوردی نووسین باسی سەرەو کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) نووسراوی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) لە مامۆستایەك دەگرن و( ٣) ساڵ حەبسی دەکەن. لە حاڵێکی ئاوادا شاعیر داخی دڵی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

**نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من**

**ئەوە سەختە کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵە ناڵی من**

**بەهار هات و تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانی دا**

**لەناو کونجی قەفەزدا دیارە چۆنە ئێستە حاڵی من**

**لە گوڵزاری ورینگەی بولبولی سەرمەست و شەیدا دێ**

**بەڵام نایە جریوێکیش لە هێلانەی بەتاڵی من**

لە ساڵی هەزارو نۆسەدو شێست و یەك بەولاوە. لە ژێر تەئسیری وەزعی کوردستانی عێراق هەروەك لە سەرگوشتەکەیدا دەنووسێ:

**(سەر لەنوێ تێهەڵچوومەوە هاوکاری ئازادی خوازانم دەست پێکردەوە).**

لەگەڵ ئەو تێهەڵچوونەوەدا شاعیر (گوڵی هیوا) دەهۆنێتەوە، کەهەر وەك لە ناوەکەیدا ڕادیارە، پشکووتنەوەی هیواو هومێدی لێ دەردەکەوێ. لەپێش ئەو تێهەڵچوونەوەدا ماوەیەکی زۆرە باسی ئازادی و هیواو تێکۆشان لە بەرهەمی ئەدەبی مامۆستا هێمندا نابینین.

لەساڵی ١٩٦٣دا (تەپڵی ئەمان) دەهۆنێتەوە. لەو شیعرە وێڕای سکاڵا لە دەست زەمانەوە دۆست و ئاشناو خزم و کەس و کار، بە گڕ ڕژێمدا دێ و دەڵێ:

**ئەوی دایم لە ژێر خەڵکا ژیاوە**

**لە سەر من پاڵەوان و قارەمانە**

**هەمە هیوا بە دوا ڕۆژێکی ڕووناك**

**بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە**

**بەشیوەن چاری نایە کاری ئێمە**

**خەبات ، کەڵکی نییە مامە خەمانە**

لێرەدا باشە لەکاك دڵشاد بپرسین ئەو مامۆستا هێمنەی کە لەساڵی ١٩٥٩دا ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتبوو، چۆن بوو پاش (٤)ساڵ تێهەڵدەچێتەوەو هیوای بە دواڕۆژێکی ڕووناکەو بەشی ئینسانی بێ هیواش بە مردن و نەمان دادەنێ ؟ داخۆ ئەو تەنیا لەژێر تەئسیری جوانی و نازداری و شیرینی و دنیای بە ژنەوە دابووە، یان لە ژێر تەئسیری گۆڕانی قۆناغی خەباتی کۆمەڵانی گەلی کورددا ؟ لەبەر ئەوە کاك دڵشاد لەگەڵ ئیحساسی مامۆستا هێمندا ژیاوە، دەکرێ باشتر وەڵامداتەوە.

با گەڕانەکەمان بەنێو گوڵزاری تاریك و ڕووندا درێژە پێبدەین. هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا مامۆستا هێمن (پەری شیعر) دێنێتە ژوانی خۆی. پەری شیعر, هەروەك دکتۆر قاسملوش لەپێشەکییەکەیدا بەنموونەی مامۆستایی شاعیر لە ئاست باسی ژن هێناوەتەوە، بەڕاستی شاکارەو دەکرێ بڵێین گەیوەتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی:

**شێعرێك وەك خوناوەی باران**

**شێعرێك وەك سرتەی دڵداران**

ناسکتر لە هەودای خەیاڵ

شیرینتر لە بزەی مناڵ

وەک ئارەقەی هەنیەی جوانان

وەک دڵە خورپەی جێژوانان

لە کوشینی دەستی دۆ خۆشتر

لە مەکەو ئەیەڕۆ خۆشتر

بەڵام هێمنی شاعیر لە پەری شیعریشدا کە ئەو هەموو ناسکی و جوانی و نازدارییەی تێدا جێکردۆتەوە، نەیتوانیوە خۆی لەباسی سیاسەت ببوێرێ و تەنیا بەباسی جوانی و دلگری وازبێنێ. لە دنیای خەیاڵەوە هاتۆتەوە دنیای واقعییەت، ئەو دنیایە کە لەو ڕۆژەدا تێیدا ژیاوە:

شێعرێک مزگێنی نەجات بێ

شەوچەلەی کۆڕی خەبات بێ

شێعرێک ڕەق بێ ، ڕق بێ ، قین بێ

گڕ بێ ، بڵێسە بێ ، تین بێ

بڵێسەی گوللەی هەڵمەت بێ

شەپۆلی ڕقی میللەت بێ

شێعرێک نووستوو ڕاپەڕێنێ

شێعرێک دوژمن داپەڕێنێ

نرکەی سینگی کرێکار بێ

ئاڵای شۆڕشی جوتیار بێ

شێعرێک هەم توونـد بێ هەم ورد بێ

یانی شیعری ئەوڕۆی کورد بێ

دیارە شێعری ئەوڕۆژی کورد، شێعری تەنیا پێ هەڵخوێندن بەجوانی تەبیعەت و لەباری ژن نەبوو. شێعری هاندان بۆ خەبات و تێکۆشان و نەبەزین بوو.

ساڵی هەزارو نۆسەدو شێست و هەشتە. لە کوردستانی ئێران ڕاپەڕینی چەکدار دەستپێکراوە، بەڵام لەبەر زۆر هۆی ئەوتۆ کە ئێرە جێگای باسکردنیان نییە، ئەو ڕاپەڕینە سەرکوتکراوە. دەیان کادری حیزبی و ڕۆڵەی نیشتمانپەروەر شەهیدکراون.

هەزران تێکۆشەر گیراون و بۆ بەندیخانـەکانی شا بـەڕێکراون. هـێمن سـەرلەنوێ بریـنـی سـەردەمی تێکچـوونی کۆمـاری مـەهابادی سـەرهەڵدەداتەوە لەبـەر دەردو پـەژارەی زۆر دیسان تا ماوەیەك پەنا بۆ مەی دەبا. له (ناسۆری تەشەنا)دا دەڵێ:

تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان

زامی کۆنەو بەمەیی کۆنی دەبێ مەڵهەمم کەم

ئێستا بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم

من کە ڕۆژێك دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم

چۆن نەبەم بۆ مەیومەیخانه پەنا ، تێگەیوم

لەو وڵاتە هەموو شت زۆرە ، بەنی ئادەم کەم

جوڵانـەوە لـە قۆنـاغی پاشەکشـەدایەو زوڵـم و زۆری ڕژێـم بەتوونـدی درێـژەی هەیـە. هێمنی شاعیر چ بکا باشە ؟ بەپێی بیروڕای کاك دڵشاد، چونکە ئەدیبـەو شـاعیرە دەبـێ هـەر بـەجوانی و جـوانی پەرسـتیەوە خـەریك بـێ ؟ نـا ، واناکـا. ڕادەکـا. نایـەوێ ببێتـە نۆکەری بێگانە. ترسی ئەوەی هەیـە بیگـرن، قەڵـەمی بشـکێنن و زمـانی ببەسـتن. بۆیـە ناچار دەبێ وڵات بەجێ بێڵێ، هەروەك لە (ڕەق هەڵاتم)دا دەڵێ:

کوا بەخۆشی خۆم بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم ؟

من لە ترسی زللەو باتووم و دار و شەق هەڵاتم

هەڵاتنیش دوو جۆرە. هێندی کەس هەڵدێ، دەبەزی و دەچێ خۆی لە گۆشەیەکی تـەرك مـەڵاس دەداو خواخوایـەتی کـەس نـەبینێ و کـەس نـەیبینێ. بـەڵام هـێمن لـەوجۆرە ڕاکردوانە نییەو لە دەربەدەریدا واناکا. بۆ خۆی هەڵاتووە، بەڵام بیروهەستی لەنێو گەلە بـەش خوراوەکەیـەتی. لەشـین و تازییـەی کـوڕو بـرا کوژراوەکانـدا بەشـدارە. لەخـەمو پەژارەیاندا شەریکەو (گەرمە شین)دەگێڕێ:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن دەگریم

بۆ هەڤاڵێکی کەچوو بێسەرو بێ شوێن دەگریم

ماچ دەکەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەبچە دێشن

بۆوسەرانەی بە گرێی قامچی دەگروێن دەگریم

دوور لە ئازادی لە زیندانی ڕەش و بۆگەندا

بۆ کەسانێکی دەژین چڵکن و دژوێن دەگریم

**تاكو نەسرێتەوە فرمێسکی هەتیوباری هەژار**

**تا هەتیو لێوی وەکو خونچە نەپشکوێن، دەگریم**

**تا بەدەستی پەری ئازادی لەسەر گۆڕی شەهید**

**گوڵە شلێرە لە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریم**

پاش ساڵی ١٩٦٨ ژیانی شاعیرو هەروەها خەباتی کۆمەڵایەتی گەلی کوردیش پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە. مەتەرێزی شەرەف، شەنگە بێری، ئامێزی ژن، شەپۆلی تۆڵە، ترۆپکی ڕزگاری، گاو گەردوون، شەو و شەیتان، ئارەق و تەین، فریشتەی پەڕیوە، کاروانی خەبات، لەبیرم مەکە، یادم بکەن، دەست کەوتی خەبات، بناری هەلگورد، ئەوانە هەموو بەرهەمی ئەدەبی ئەوقۆناغەن کە خەباتی گەلی کوردو ژیانی مام هێمنی پێدا دەڕۆن.

شەنگە بێری و ئامێزی ژن و فریشتەی پەڕیوەو لەبیرم مەکەو یادم بکەن، هەمویان لەتەڕو پاراوی و دەرخستنی ئیحساسی شاعیرانەو باسی و دلگری و ڕازاوەیی دیمەنەکانی تەبیعەت و جوانی و لەبارەی ژندا هیچیان نەهێشتۆتەوە. لەوانە بوو ئەگەر هەر بەستەی یەك دوو شیعریان تێدا نەبایە کە باسی خەبات و ئازادی و ڕزگاری و (قسەی کۆن) ! دەکەن، پڕ بەدڵی کاك دڵشاد بان. بەڵام هێمن شاعیری گەلە. شاعیری گەلێکی زۆر لێکراوە. هەروەك دکتۆر قاسملو لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: **" هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە"**

بەڕاستیش ناتوانێ خۆی لە خەبات و تێکۆشان جیابکاتەوە. بەلای هێمنەوە هەمیشە نیشتمان و خەبات و ئازادی لەژن، لە یار ، لە جوانی خۆشەویستتر بووە. لە (شەنگە بێری)دا دەڵێ:

**وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرینتر**

**نەمدەدا بە تەختی شایی دەنا بەردە بێری شوانی**

**جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە**

**ژوان و شەوڕاو و دڵداری، ڕازو نیازی بەدیلی**

لە (ئامێزی ژن)دا دەڵێ:

**بەڵێ سەختە ، یەکجار سەختە**

**دووری لە ژن ، نامرادی**

**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر**

**لەلای من ئەتۆی ئازادی**

**لە (لەبیرم مەکە)دا دەڵێ :**

**کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لەبیر**

**ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر...**

**خۆ فیدا بکا بۆ گەل و خاکی**

**ناوی نەمرە بە پاکی و چاکی**

**لە (یادم بکەن)دا دەڵێ :**

**یادم بکەن ، یادی منی دوور وڵات**

**یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات**

**یادی منی بێبەش لە خۆشی و شادی**

**یادی منی سەوداسەری ئازادی**

**ئەوانە هەموو بەڵگەی زیندوو و حاشالێنەکراون بۆ سەلماندنی ئەم چەند ڕاستییە :**

**١- شاعیرو ئەدیب و ڕەخنەگر ناتوانێ بێ بیروڕاو بێ ئیلتیزام و بێ ئامانج و ئاوات بێ.**

**٢- ئەدیب و شاعیری گەلێکی زۆر لێکراوو بەشخوراو لە دنیا ئەمڕۆدا، ناتوانێ خۆی بەجوانی و نازداری و پێ هەڵاگووتنی چاوی ڕەش و کوڵمی گەش و بەژنی بەرزەوە خەریك بکا. ڕەنگە شاعیرو ئەدیبی ئاواش هەبن، بەڵام مامۆستا هێمن ئەو شاعیرە نییە، بەڵکو لە کاتێکدا کە شاعیری خەبات و تێکۆشانە، شاعیری جوانی پەرستیشە.**

**٣) ئەوخاڵانەی دکتۆر قاسملو لە پێشەکی تاریك و ڕووندا پەنجەی لەسەر داناون، ئاوێنەی ناوەڕۆکی دیوانەکەن و ئەم بۆ چوونەشی زۆر ڕاستە کە دەڵێ:**

**" هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە".**

**ڕۆژنامەی هاوکاری: ژمارە (٢٤٥)، ٦/١٢/ ١٩٧٤.**

بیری سەربەست

# لە پەنا حەجەکەوە ... خشکەییێك

**کاکەی فەلاح**

- ١ -

ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا مشت ومڕێکی ڕەخنەگرانە، یا با بلێین دەمەتەقێیەکی (تیژ) لە نێوان مامۆستایان (کەریمی حیسامی و دڵشاد محەمەد ئەمین)دا بەرپا بوو، سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ وتارێك بە ناونیشانی (ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن) لە لایەن کاك دڵشادەوە هاوکاری ژمارە (٢٣٨) ١١/ ١٠/ ١٩٧٤ دوا بەدوای ئەو وتارە کاك حیسامی شەش وتاری دوور و درێژی بەزنجیرە لە ژمارەکانی (٢٤٠ و ٢٤١ و ٢٤٢ و ٢٤٣ و ٢٤٤ و ٢٤٥)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە. کاك دڵشادیش وەك بەدیهێنانی بەڵێنێك بۆ ڕەخنە لێگرتنی دیوانەکەی مامۆستا هێمن (تاریك و ڕوون) و ڕەتکردنەوەیەکی ناواخناوی بۆچوونەکانی کاك حیسامی کەوتە نووسین و وەڵامدانەوەو سەلماندنی بیرو ڕاو بۆچوونەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی " تاریك و ڕوون لە بۆچوونێکی مرۆڤانەدا " کە تا ئێستا سێ بەشی لێ بڵاوکراوەتەوە لە ژمارە (٢٤٣ و ٢٤٤ و ٢٤٥)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا کە لەوانەیە دوو سێ بەشی تری مابێ. باسو خواسی دەمەتەقێ کە ڕۆژنامەی بەڕێزی (گریق الشعب)یشی تەنیەوە بە نووسینێك لە لایەن مامۆستا حسین محەمەد سەعیدەوە، لە ژمارە ٣٧٠ ی ٦/ ١٢/ ١٩٧٤ دا بەناونیشانی (بەشداربوونێك لەو گفتۆگۆیەدا کە هەیە).

پێش هەموو شتێك حەز ئەکەم پێ لەو ڕاستییە بنێم کە ئەم دەمە تەقێ و ڕەخنەو ڕەخنەکاریە، سەرباری هەموو کەم وکورتی و جار جار  دوورکەوتنەوەو شتی لاوەکی تێئاخنێن و درێژەپێدان و سەرکردنێك، مایەی بایەخپێدان و سۆراخکردن و بەراوردێکی وردە لەلایەن نووسەران و خوێنەرانی کوردەوە تا ڕادەیەك بێ دەنگی وکپی دنیاو ئەدەبی کوردی هەژاندەوەو دیوانی (تاریك و ڕوون)ی کاك هێمن مەهابادیش کەوتۆتە گێژی باس و لێدوانەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیا بزووتنەوەیەکی پیرۆزی ئەدەبییە لەم ڕۆژەدا.

ئەوەی ڕاستی بێ، بناوانی ئەم لەسەر نووسین و دەمەتەقێیە ئەگەڕێتەوە بۆ وتارێك بەناوی (ئاوارەبوون و غەزەلێك) لەلایەن كاك دڵشادەوە كە لە ژمارە پێنجی ساڵی ١٩٧٣ی گۆڤاری (ڕۆژی كوردستان)دا بڵاویكردۆتەوە بەناوی ڕەخنەو لێكۆڵینەوەی (فرمێسكی گەش)ەوە. خوێندنەوەیەكی سەرپێی ئەو نووسینە پێمان ئەسەلمێنێ كە نەڕەخنەیەو نە نووسەرەكەی لە شیكردنەوە و لێكۆڵینەوەی بەیتەكاندا پێكاوەتی.. شیعرەكە هەر لە ناونیشانەكەیەوە كە (فرمێسكی گەش)ە بیگرە تا دوا بەیتی بریتییە لە چەند تابلۆیەكی ڕەشی نائومێدی و هەناسە ساردی و بێ هیوایی..

هەرچەند ئەكەم تێناگەم بۆ كاك ڵشاد لەناو ئەو هەموو شیعرە بەرزو ناسكانەی كاك هێمن دا ئەم فرمێسكە گەشەی بەنموونە هەڵبژاردووە!!

لەم ڕووەوە، من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ شیكردنەوەو بۆچوون و یەك لاكردنەوەكانی كاك حیسامی دام دەربارەی واتای ئەم شیعرە, وا دەرئەكەوێ دەربەدەری و ئاوارەیی و زامە ناسۆرەكانی شاعیر كارێكی ئەوتۆی كردۆتە سەر هەست و ویژدانی نووسەر كە هەرگیز واتای نائومێدی و بێ هیوایی و خۆشلكردنێكی بێ ئەندازەی بۆ ڕەشبینی پێ ڕەوا نەبینێ. بێ ئەوەی نووسەر گوێ بداتەوە واتا زەق و دیارەكانی ئەم شیعرەو تەنانەت وشەی (چارە ڕەشی و ئەو دابی كوردییەی كە لاگیری لێ قەوماو نییە)و ئەم جۆرە وشەو واتاو پەندانەی كەلە فەرهەنگی هیواداران و بڕواداراناا دەست ناكەون.

بەلای منەوە، ئەگەر هەر ئەبووایە لەم شیعرە بدوێین ئەبوو جگە لەوەی واتەی ڕاست و مەبەستی تەواوی شاعیرمان دەربخستایە، پەنجەمان بۆ ئەوە ڕابكێشایە كە شاعیر، وەك مرۆڤێكی هونەرمەندی هەست ناسك، تەواو ڕاستگۆ بووە لە دەربڕینی حاڵەتی دەروونی خۆیا، بێ پێچ و پەناو ڕتووش و دەسكاری ڕواڵەتاوی.

هەر بەم بۆنەیەشەوە لە باسی ئەم شیعرەدا حەز ئەكەم ئەوە بڵێم كە نووسەر لێچوواندنێكی بەهەڵەی نێوان دوو بەیتی گۆران و هێمنی بەنموونە هێناوەتەوە كە گوایە بەیتەكەی كاك (هێمن)ی لا بەهێزترە كە ئەڵێت:

**قەت لە دونیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم**

**مات و داماو و پەشێوو بێ كەس و چارە ڕەشم**

**نەك بەیتەكەی ((گۆران)) كە ئەڵێت:**

**قژ کاڵی ، لێو ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ**

**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ**

بەوەی نووسەر ئەڵێت:

گۆران لەبەیتێکدا پێنج سیفەت و وەسف کراوی کۆ کردۆتەوە، کەچی کاك هێمن لەنیو بەیتا پێنج سیفەت و وەسف کراوی ڕیزکردووە.. پێموایە ئەم شیکردنەوەو بەراوردە تەواو نەبێت وەسفەکەی گۆران زۆر وردترو شاعیرانەترە، چونکە شاعیر لەبەیتێکدا وەسفی پێنج شتی جیاوازی کردووە : قژ کاڵە.. لێو ئاڵە، پرشنگی نیگا کاڵە، کچە جوانە، سەر گۆنا نەختێ ئاڵە. بەڵام کاك هێمن تەنیا وەسفی خۆی کردووە بەوەی (مات و داماوو پەشێو و بێکەس‌و چارە ڕەشە) ئەم وشانە لە واتادا هەموویان زۆر لەیەك نزیکن‌و تەنیا بۆ یەك کەس کە شاعیر خۆیەتی بەکار هاتوون.

لەبەیتێکی تری ئەم شیعرەدا ناکۆکییەکی زەق ئەبینم کەئەڵێت:

**نایەڵێ دوژمن بە ڕەنگە زەردەکەی من پێ کەنێ**

**تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم**

ئەم فرمێسکە گەشەی کە شیعرەکەی پێ ناونراوە نازانم بۆ کاکی شاعیر ئەبێ مەمنوونی بێ.. فرمێسکی گەش کە بریتییە لە گریانێکی بەکوڵ و بەجۆش، زۆر لە ڕەنگە زەردەکە ئاشکراترو بەرچاوترو بەرچاوی دوژمن کەوتووترە، ئیتر تێناگەم بۆ لێرەدا وەك زەردەخەنەیەك دراوەتە قەڵەم و ڕەنگە زەردەکەی شاعیری بەجۆرێك شاردۆتەوە تا دوژمن پێی خۆش نەبێ و لەپاداشتی ئەو چاکەیەدا شاعیر بەدڵ‌مەمنوونی ببێت و سوپاسی بکات. نامەوێ بیشارمەوە، ئەو لەسەر نووسین و کۆڵینەوەو (ڕەخنە)یەی کە کاك دڵشاد دەربارەی (فرمێسکی گەش)ی نووسی, بەو شێوەیەی لەسەرەوە لێی دواین، ئەگەر کاك حیسامی وەك هاوبیرو بڕوایەك و هاوڕێیەکی دێرینی شاعیرو, پێشەکی نووس د. قاسملو وەڵامی وتارەکەی (ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن)ی نەدایەتەوە بەم چەشنەی ئێستا دەمە تەقێیەکە قووڵ نەئەبووەوەو هەر کەس لەڕاستی خۆیەوە شۆڕ نەئەبۆوەو ئەو مشت و مڕەش وەك ئەیبینن وا گەرم و گوڕو لەکوڵ نەئەبوو. ((لە ژمارەی داهاتوودا لە (ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکییەکەی دیوانەکەی هێمن) ئەدوێین)).

**ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە (٢٤٦) ، ١٩٧٤/١٢/١٣ .**

# له په‌نا حه‌جه‌كه‌وه ... خشكه‌یه‌ك

- ٢ -

كاك دڵشادمحه‌مه‌د ئه‌مین له ژماره (٢٣٨)ی ئه‌م ڕۆژنامه‌یه‌دا به‌ناونیشانی ڕه‌تكردنه‌وه‌یه‌كی پێشه‌كییه‌كه‌ی دیوانه‌كه‌ی هێمن) وتارێكی بلاوكرده‌وه.. منیش ویستم له‌باره‌ی ئه‌و نووسینه‌وه باری سه‌رنجی خۆم ده‌ربڕم.

پێشه‌كیش ئه‌مه‌وێ ئه‌وه بڵێم، سه‌باره‌ت به نزیكیم له‌م ڕۆژنامه‌یه، ئه‌و (بیری سه‌ربه‌ست)ه‌ی نووسراوه به سه‌ر سه‌ره‌تای نووسینكه‌وه هی ڕۆژنامه‌كه خۆیه‌تی، نه‌ك هی برای نووسه‌ر.

كاك دڵشاد هاتووه له‌پێشه‌وه باسی (ڕه‌خنه‌گرو ئه‌و كه‌سانه‌مان بۆ ئه‌كات كه خاوه‌ن بیروڕایه‌كی سیاسین و به پارتێكه‌وه به‌ستراونه‌ته‌وه به شێوه‌یه‌كی كۆنترۆڵی وشك له‌به‌ر ئیلتیزامه‌كه‌یان و خۆیان‌و بیروڕایه‌كانی خۆیانیان مه‌به‌سته نه‌ك ناخی شاعیرو ئه‌دیبه‌كه‌وه به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بیه‌كه‌ش ئه‌كه‌ن به قوربانی بیروڕاكانیان).

هه‌ر كه‌سێك كه‌مێ به‌وردی ئه‌م پێشه‌كییه بخوێنێته‌وه به‌ئاسانی ئه‌گاته چوار ئه‌نجام:

١- د.عبدولره‌حمان قاسملوڕه‌خنه‌گرێكی سیاسییه له‌م باسه‌دا.

٢- ڕه‌خنه‌و لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی بیری تایبه‌ت و سیاسییان هه‌یه‌و سه‌ر به پارتێكن هیچ بایه‌خێكی نییه‌و زیانی هه‌یه.

٣- دیوانه‌كه‌ی هێمن كراوه به قوربانی بیروڕا تایبه‌تییه‌كانی د. قاسملو.

٤- ته‌نیا ئه‌بێ هه‌ر به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی بنچینه‌ی ڕه‌خنه‌و لێكۆڵینه‌وه بێت.

بابزانین ئه‌مانه وان، یان پێچه‌وانه‌یان ڕاسته‌و ئه‌گه‌ینه كوێ؟ پێش ئه‌وه‌ی بیروڕای خۆم ده‌رباره‌ی ئه‌و چوار خاڵه‌ی لای سه‌ره‌وه ده‌ربڕم، حه‌ز ئه‌كه‌م په‌نجه بۆ ئه‌و هه‌لامه‌ته ڕابكێشم كه ته‌واو له نووسینی ڕه‌خنه‌و لێكۆڵینه‌وه‌ی كوردی یا وه‌ك باوی لێهاتووه، ئه‌ویش نووسینی جۆره پێشه‌كی و سه‌ره‌تایه‌كه بۆ ڕه‌خنه، نازانم بۆ ئه‌بێ یه‌كسه‌ر نه‌چینه ناو باس و ده‌ربڕینی مه‌به‌سته‌وه، بێ ئه‌وه‌ی كورته‌یه‌كی ئه‌و باس‌و خواس و بابه‌تانه‌ی له‌باره‌ی بنچینه‌و ڕێگاو شێوازی ڕه‌خنه‌وه هه‌ن و بیستوومانن لێیان بدوێین.. با ئێمه‌ش دوورنه‌كه‌وینه‌وه‌و بڵێین : به‌بڕوای ئێمه د. قاسملو وه‌ك ڕه‌خنه‌گرێكی سیاسی یان ئه‌ده‌بی پێشه‌كی بۆ (تاریك و ڕوون) نه‌نووسیوه.. به‌ڵكو ته‌نها وه‌ك هاوبیرو

یاوەرێكو هاوڕێیەكی دێرینو شارەزای وەختە بڵێم بست بەبستی هەڵگێرو داگێڕی ژیانی شاعیر هاتووە لەچەند لاپەڕەیەكی كەمدا، لەژێر ناوی (شاعیری گەل)دا خاوەنی (تاریك و ڕوون)ی پێشكەش بە خوێنەرانی كورد كردووە. ئەگەر چی شاعیرێكی ناسراوی وەك كاك هێمن زۆر دەمێكە بەشیعرەكانی خۆی پێشكەش بە نەتەوەی كورد كردووە، جگە لەمەش هەستی پیا نازین و ڕێزی بەرامبەر شاعیرو بەرهەمەكەی دەربڕیووەو وەك ڕۆشنبیرێكی سیاسی ئەدەب پەروەر و نیشانەی وەفاییەك ئەو پێشەكییە كورتەی نووسیوەو لەباری سەرنج و تێبینی و ئەو شارەزاییەی هەیەتی ئەركێكی سەرشانی خۆی جێ بەجێ كردووە. یەكێك بەكارێكی وا هەڵسێت پێموایە پێی ناڵێم ڕەخنەگر.. ئەركی ڕاستەقینەی ڕەخنەگر زۆر لەمە وردترو قووڵترو فراوانترە. بەڵێ ئەگەر د. قاسملو بهاتایە چەند نموونەیەكی بەرز یان نزمی لەهەموو مەیدان و ئاقارێكدا، لە شیعرەكانی كاك هێمن بهێنایەتەوەو لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەوە تەواوی شی بكردایەتەوەو دیوی ڕووناكو تاریكی بخستایەتەڕوو، گەشتێكی تێرو تەسەلی ڕەخنەگرانەو لێكۆڵەرەوانەی بەناو باخچە ڕەنگینەكەی دیوانەكەدا بكردایەو پەنجەی پەسند یان بێزاری بۆ گوڵە بەرز و گەشەكان و گوڵە سیسو ژاكاوەكان درێژ بكردایە، ڕەگ و ڕیشەی لەیەك ئاڵاوی ئەو گوڵانەیشی بەناخی شارەزا لێبووی ژیانی شاعیر خۆیەوە ببەستایەتەوە، ئێمە لەپێش كاك دڵشادەوە دەستی ئۆباڵمان ئەكێشا كە پێشەكی نووسەكەمان ڕەخنەگرە.

لەبارەی خاڵی دووەمەوە، ئایا ڕاستە هەر ڕەخنەگرێك خاوەنی بیروڕایەكی سیاسی تایبەت بێ و سەر بە پارتێك بێ ڕەخنەو لێكۆڵینەوەكەی تەنیا تەرخانە بۆ ئەو بیروڕا تایبەتە نەك بۆ هەست و نەستی پەنگ خواردووی ناخی شاعیرو ئەدەبەكە خۆی؟ پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕەخنەگرێك خاوەن بیروڕایەكی تایبەت نەبێ و سەر بە پارتێك نەبێ ڕەخنەو لێكۆڵینەوەكانی ڕاست و دروستن و تەنیا مەبەستی هەست و ناخو بەرهەمی شاعیرو ئەدیبەكەیە ؟.. فەرمان دەركردنی وا دەم بڕو گشتی ئەوەندەی من ئەقڵم پێی بشكێت ڕەوانییە, ئەگەر ئێمە ئەو قسەیەی كاك دڵشاد بسەلمێنین مانای وایە هەرچی نووسەرو ڕەخنەگر و شاعیر و لێكۆڵەرەوەو زاناو پسپۆڕێكی خاوەن بیروڕای تایبەت و سەر بە پارتێك هەیە دروست نییە هیچ ڕەخنەیەك بگرن، یان لەهیچ

شتێك بكۆڵنەوەو بدوێن، سەبارەت بەوەی لە گۆشەی تەسكی بیروڕای خۆیانەوە ئەڕوانن.
وابـزانم، لەگـەڵ هـەموو ڕێزێكمـان بـۆ ڕاوبۆچـوونی پێچـەوانە، گیروگرفتەكـە ئەوەنییـە كەلەبەر ئەوەی خاوەن بیروڕایەكی تایبەت و سەر بەپارتێكن بۆیاننـالوێ دەم لەڕەخنـەو لێكۆڵینەوەوهەڵسـەنگاندنەوە بـدەن، بـەڵكو لەوەدایـە كەئـەو جـۆرە كەسـانە ئـاخۆ تـا چ ڕادەیـەك شـارەزای ئـەدەب و ڕەخنـەو لێكۆڵینـەوەو نـرخ پێـدانن.. بـەپێی پێـودان و بنچینەكانی زانستی ڕەخنەو شیكردنەوەو بەراورد ئەجوولێنەوە...
مەسەلەی ڕەخنەی ئەدەبیش وەك هەموو ڕواڵەتێكی ئەدەبی و ژیـان، شـتێكی نیسـبییە. هەیە سـەر بەپارتێكیشـەو ڕەخنـەو نووسـینەكانی زۆر وردتـرو بـەپێزترن لـە نووسـینی یەكێكی پێچەوانەی ئەو.. هی واش هەیە پێچەوانەكەی بگری ڕاسـت دەرئەچێت. ڕەگـی ئەم جۆرە بەراوردو فەرمانانە ئەگەڕێتەوە بۆ بـەهرەو توانـاو شـارەزایی و زانسـتی نـەك بۆ بیروڕای تایبەتی پارتایەتی.
بـەواتای كـاك دڵشـاد بـێ ئـەبێ دیوانەكـەی هـێمن مهابـادی كرابـێ بـەقوربانی بـیروڕا تایبەتییـەكانی د.قـاسملو. یـەكێك ئـەم تێبینییـەی بەرچـاوبكەوێ وائـەزانێ شـاعیرو پێشـەكی نـووس هـاوبیروڕاو هاوڕێیـەكی تایبـەتی نـین. بـەڵێ ڕاسـتە د. قـاسملو وەك ڕۆشـنبیرێكی سیاسـی, بـۆ چـەند مەبەسـتێكی روونـاك و تایبـەت, تـەواو زیـاتر ئـەو شیعرانەی دەستنیشان كردووە كە ئاگری خەباتی نەتەوایەتییان خۆش كردووەو گیـانی ورەو زات و خـۆ بـەخت كردنیـان گرتۆتـە خـۆی و هـانی نەتـەوەی زۆر لێكـراوی كـورد ئەدەن بۆ داماڵینی تـەوقی دیلایـەتی و سـتەملێكردن لـە كوردسـتانی ئـەو دیـوا، ئـەوەش ڕاسـتە ڕەنگـە لـە هێنانـەوەی چـەند وێنەیـەكی شـیعرەكانا، لـەڕووی هونـەرەوە، سـەرنەكەوتبێ.. بـەڵام هـیچ ئـەوە ناگەیـەنێ كـە ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییـەی كردبـێ بـە قۆچی قوربانی بیروڕاكانی..
مایەوە ئەوەی كە ئاخۆ ڕاستە بەرهەمی ئەدەبی تاقە ڕێگایە بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و دنیای تایبەتی شاعیرو ئەدیب. بەڵێ ڕاستە بەڵام هەمووی نییە..
ئەگەر ڕەخنەگرێكی وریا هاوچەرخ و هاوڕێ و شارەزای تەواوی شـاعیرێك یـان ئـەدیبێك بـێ و هـەزاران تـەرمی ئـەمڕۆیان لـەگۆڕی دوێنێـدا بەیەكـەوە ناشـتبێ و بـە تۆمـاری بـیرەوەری و بۆنـەی شـیعرو هەڵسـوكەوتوو نـەبزی دڵـی بەرهەمـەكان بپێچـەوە، ئایـا

ڕەخنەگرێکی وا ناتوانێ، ئەگەر کەوتە نووسینەوەی ژان و کسپەو سۆزو خۆزگەو خەو وهیواکان، بەرهەمێکی پوختی ئەوتۆ بێنێتە کایەوە کە نەك هەر جوان و سەرکەوتووبێ، بەڵکو ببێتە سەرچاوەیەکی گەش و پڕشنگدار بۆ ئەو نووسەرو ڕەخنەگرو تینوانەش کە هەرچەن بین ئەنێن بەکانیاوی بەرهەمە ئەدەبییەکە خۆیەوە تاسەو تینوێتیان ناشکێت.

کاك دڵشاد هاتوە پێشەکییەکەی د. قاسملوی، لەڕووی بیروباوەڕی تایبەتییەوە، کردوە بە ۱۲ خاڵەوە، لەیەکێك وایە کە ئەم خاڵانە ئەخوێنێتەوە یەك بەیەکیان ڕەت ئەکاتەوەو بەرپەرچیان ئەداتەوە. کەچی سەرجەمیان بەخەتێکی ڕاست و چەپ (کۆنن.. زۆریش کۆنن) (کوێر) ئەکاتەوە، بەبێ ئەوەی کەم و زۆر لەجیاتی ئەو بیروباوەڕە نەتەوایەتییانە هیچ بریتییەك دابنێت، یان ئاوڕێك لەو ڕاستییە بداتەوە کە ئەو جۆرە بیروباوەڕە پێشکەوتن خوازە نەتەوایەتیانە، بۆ نەتەوەی کوردی لەکاروان جێماوی وڵاتی ئێران نوێ و پێویست و پڕ بەپێستی دارو باری ژیان و گوزەرانیانە بۆ خۆشکردنی بزووتنەوەی ڕزگاری و چاوکردنەوەو وریابوونەوەیان.

وەك دەرئەکەوێ کاك دڵشاد لە داوێنی نووسینەکەیەوە پێی لەسەر دوو تێبنیی ڕاگرتووە یەکەمیان: ڕەشبینی و گەشبینی ئەدەب . ئەوەی تریان (ئازادی و ژن و ئەدیب). لەیەکێك وایە، کە سەرنجەکانی بەشی یەکەم ئەخوێنێتەوە پێشەکی نووس بەتوندی ڕەخنەی لە شیعر گرتووە لەسەر ڕەشبینی وە نائومێدی و بێ هیواییەکانی. بەڵام من، بەش بەحاڵی خۆم، لە خوێندنەوەی پێشەکییەکەیدا شتێکی ئەوتۆم لەم بابەتە بەرچاو نەکەوت، ئەوە نەبێ کە لەڕۆژانی کشانەوەو شکستی بزووتنەوەی کوردایەتی دا جاروبار ڕۆژگارێکی ڕەشی ئەوتۆ یەخەی شاعیری گرتووە، ئەمیش وەك مرۆڤێکی هەست ناسك و دڵ بریندار و کۆلیل دەروون لە خەم کەیل و شاعیرێکی لەگەڵ خەڵك و خۆدا ڕاستگۆ, تابلۆی ئەو خەموپەژارەو نائومێدی لەبۆتەی شیعردا جۆشداوەو دەبڕیوە، پێشەکی نووسیش وەك شارەزایەکی ژیانی شاعیرو بەسەرهاتەکان و ڕەوتەنیەك، لەو پێشەکییەدا جاروبار پەنجەی بۆ ئەو جۆرە شیعرانە درێژکردووە، نەك بەمەبەستی ڕەخنەلێگرتن، بەڵکو تەنیا بۆ دەرخستنی ڕاستی و بەستنەوەیان بەسەردەمە ناخۆش و دژوارەکانی بزووتنەوەی کوردەوە. ئەگینا ئەو ڕاستیانەی کاك

دڵشاد لەبەشی یەکەمدا بۆ شاعیرو ئەدیبی هێناوەتەوە هەموویان تەواوو بەجێن و مایەی لێدوان نین.
ئەوەنەبێ کەهیچ مەرج نییە هەموو جۆرە شاعیرو ئەدیبێکی تێکۆشەرو ئاوارەو بەندو ستەملێکراو ئەبێ لەوجۆرە حاڵەتانەدا ڕەشبین و نائومێدو دەستەوەسان بێ. وابزانم لە مێژووی بەسەرهاتی زۆر ئەدیب و شاعیری بەرزی جیهاندا بەڵگەی پێسەلماندن ئەوەندە هەیە کە نموونە هێنانەوە بە پێویست نەزانین.
**ئازادی و ژن و ئەدیب:**
وائەزانم لەم بەشەدا تێکەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزییەك هەیە کەزۆرتر پێویستی بەڕوون کردنەوە هەیە : د. قاسملو لە پێشەکیەکەیدا بابەتێکی شاعیری لێکداوەتەوە کە (خەبات بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمەلآنی خەڵك لە ژن خۆشەویست ترە) ئەم قسەیە قسەی پیاوە سیاسییەکان نییە، قسەی شاعیرە کە مەبەستی خێزانەکەی خۆیەتی، هەر کەسێ شارەزای چەند لاپەڕەیەکی تۆماری ژیان و بەسەرهاتی ئاوارەیی و دەربەدەری کاك هێمن بێت ئەزانی تەریوی چییەو لەسەر چی ئاوارەیەو بۆچی ژن و تاقانەکەی بەجێهێشتووە. بۆ شاعیر هەیە لە تەوژمێکی بیرەوەری و یادی وروژاوا، بەنیازی سووربوونو پێداگرتن لەسەر بیروباوەڕی خۆی، ڕووبکاتە خێزانەکەی و بڵێ:
(ڕاستە تۆم زۆر خۆش ئەوێ بەلآم بمبەخشە کە ئازادی و رزگاری ولآتم لەتۆ خۆشتر ئەوێ).
ئەمەش شیعرە بەرزەکەی (گۆران)مان ئەخاتەوە یاد کە بەبۆنەی شەشی ڕەشی ئەیلوولەوە هەڵۆ بەگی پێکراو لەدەمەدەمی گیانەلآدا ڕووئەکاتە بولبولەکەی باخی سەراو پێی ئەڵێت:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم ئەگەر هاتە سەرنەعشم**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لەرێی عەشقی منا نەژیا**

**وەزیفەم بوو لەپێناوی ولآتێکا سەرم بەخشم**

**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا**

ئەوڕاستی خۆشەویستیی خەبات و ڕزگارییەی شاعیر لێی دواوەو لەگەڵ خۆشەویستی خێزانەکەیا بەراوردی کردووەو پارسەنگی ئەویانی داوە بەسەر ئەمیاندا, هەر بەڕاستی ئەگەر تەماشای تابلۆی ژیانەکەی بکەین ئەبینین تەواو سەلماندوویەتی و ئیشی پێی

کردووە, ئەگینا پێموایە شتێکی ڕەواو گونجاو نەبێ کەس بەپیری ئەوپرسەوە بچێت کەئایە ئافرەت خۆشەویستترە یان ڕزگاری نیشتمان؟ ئەگەر کاك دڵشاد لەباسی ژن یان ئافرەتدا لەڕێگای واتا جنسیەکەیەوە تێ هەڵچوایە دروست تربوو. ئەو بەشێوەیەکی سەیر لەمەسەلەکەوە ئالاَوەو وای بۆچووە : (مادام ئازادی و ڕزگاری لەنێرو مێ خۆشەویست ترە کەواتە ئازادی و ڕزگاری لە مرۆڤ خۆشەویست ترە، جا کە ژن و پیاو نەما ئەی گەل و کۆمەلاَنی خەڵك چین ؟ دوای مرۆڤ ئازادی و ڕزگاری کێ..هتد)

بەلای منەوە مەبەست ئەمە نییە. لێرەدا دوو جۆر خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی ئافرەت یان پیاو. مەبەستی پێشەکی نووس ئەوەیە کە شاعیر خۆشەویستی نیشتمانی شکاندووتەوە بەسەر خۆشەویستی و سۆزی ژنەکەی دا (بەواتا جنسیەکەی) ئەم ڕاستیەش لە زمانی شاعیر خۆیەوە ئەگێڕێتەوە کە لە (ئامێزی ژن)دا ئەڵێت:

**بەڵێ سەختە ، یەکجار سەختە**

**دووری لە ژن ، نا مرادی**

**بەلاَم لە ژن خۆشەویست تر**

**لەلای من ئەتۆی ئازادی**

مەسەلەی ئازادی و ڕزگاری و ولاَتیش هیچ ناکۆکییەکی تیانییە کە لەگەڵ بەرژەوەندی مرۆڤدا بگونجێ، بەڵکو بەپێچەوانەیەکی تەواوەوە ئازادی ولاَت بۆ سەربەستی و بەختیاری مرۆڤە زۆر لێکراو و چەوساوەکانە، بۆ بەرەلاَکردنی مەلە دیلەکانی ناو قەفەزە ئاسنینەکەیە کە پێی ئەڵێن ((نیشتمانی دیل)), ئەگەر ئازادی و ڕزگاری ولاَت کاك دڵشاد واتەنی (خۆخەڵەتاندن و لە خشتەبردن و وشەی باق و بریق و نەڕەی بێ ماناو قسەی کتێبی و لافیتە بێ) کە بەلای نیشتمان پەروەران و پێشکەوتن خوازانەوە تاقە ڕێگایەکە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ و گەڕانەوەی نرخ و بایەخی تەواو بۆ مرۆڤی دیل و چەوساوەو پلیشاوە، ئەوا نازانن بەلای کاك دڵشادەوە چ ڕێگایەکی دۆزراوەو داهێنراو هەیە تا کاروانی خەباتی مرۆڤایەتی بیگریتە بەر ڕووەو ئاسۆی ڕووناکی و پاشە ڕۆژی پڕشنگدار مل بنێ و لەژێر سێبەری بەئاوات گەیشتن و سەربەخۆیی و سەربەستی دا هەنگاوی گەورەی پێشکەوتن و دڵنیایی و دروست کردن داهێنان بنێت؟

لەم بارەیەوەشەوە وەك شتێك نامەوێ باز بەسەر دەربڕینێكدا بدەم كە جاروبار بەربای گوێمان ئەكەوێ كە ئەویش (قسەی كتێبی)یەو كاك دڵشادیش لە داوێنی نووسینەكەیەوە بەكاری هێناوە. ئەم دەربڕینە پێموایە بۆ هیچ ڕۆشنبیرێك نەهاتووە بەكاری بێنێ.. كتێب سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانستییە، كانگای تاقیكردنەوەو بەسەرهات و بیرە، پاڵاوتەی زانین و شارەزایی و لێهاتن و بەهرەیە، كتێبیش هەیە یەك پارچە ژەهرو دەرزی سڕكردن و بۆگەنییە.. ئەو (قسەی كتێبییە)ش كە لەو نووسینەدا هاتووە لەوانەی بەشی یەكەمە كە باسی ئازادی و ڕزگاری ئەكەن و پێویستە مرۆڤێكی باش هان بدرێ بینی پێوەنێ، نەك لەبەر چاوی بخەین و ببیزڕێ، بەڵكوو كڕنوشی ڕێزی بۆ بەرین .

**ڕۆژنامەی هاوكاری ، ژمارە (٢٤٧) ، ١٩٧٤/١٢/٢٠.**

## لە پەنا حەجەكەوە ... خشكەییەك

- ٣ -

دوا بەدوای وتارەكەی كاك دلشاد (ڕەتكردنەوەی پێشەكییەكەی دیوانەكەی هێمن) كاك كەریم حیسامی شەش وتاری دوورو درێژی لەم ڕۆژنامەیەدا  بە زنجیرەیەك، لەژێر ناونیشانی (پێموایە باشی بۆ نەچووە )و (مەگەر خۆی تێی بگا)و (با بزانین چی ڕەت دەكاتەوە) بڵاوكردەوە. ئەوەی ڕاستی بێ كاك حیسامی ئەوەندەی لقو پۆپی لە باسەكە كردۆتەوەو ئەوەندە شتی وروژاندووە، پیاو نازانێ لە چ دەرگایەكەوە بێتە ژوورەوە، ئەگەر ئێمەش هەمان شێوە بگرین لەوانەیە كە هاتینە ژوورەوە ڕێی چوونە دەرەوەو سەر لێدەركردنمان ئەوەندە ستەمو ئاڵۆزبێ بۆمان نەدۆزرێتەوە.

پێشەكی ئەڵێم هەق وابوو یەكێكی تر وەڵامی كاك دڵشادی بدایەتەوە نەك ئەو، سەبارەت بەوەی كە كاك حیسامی پەیوەندییەكی تەواو (خۆیانە)ی هەم بە پێشەكی نووسو هەم بە شاعیرەوە هەیەو ئەم پەیوەندییەش، بمانەوێو نەمانەوێ، بەرگێكی لەسەركردنەوە، نەك ڕەخنەگرتنو وەڵامدانەوە، ئەكا بە بەر كاسەكەداو زۆرجار لە مەبەستا دوورئەكەوێتەوەو ئەوەی ئەمانەوێ دەستنیشانی بكەین ئەوە نابێ، جگە لەوەش كە وەڵامی ئەدایەوە، بەلای منەوە باشتر ئەوەبوو كە بوەستایە چاوەڕوانی بڵاوكردنەوەی پاشماوەی یان تەواوكەری نوسینەكەی كاك دلشادی بكردایە لەسەر

(تاريكو ڕوون) چونكه پێموايه ئەوسا بەر چاومان ڕووناكترو مەسەلەی (دەمەتەقێ)كەش جوانتر خۆی له چوارچێوەيەكی بابەتی زانستانەدا ئەدیو ئەوەندەش لقو پۆپی لێنەئەبووەوە.

هەرچەن ئەكەم، ناتوانم به خۆم بسەلمێنم كه تاقه وتارێك، له هەر ئاستو ڕادەيەكدا بێ، شەش دانه وتار به ناوی ڕەخنەو لێكۆڵینەوەو ڕەتكردنەوەو وەڵامدانەوەوە هەڵبگرێ ئەگەر زۆر باسو خواسی لاوەكی له خۆيەوە نەپێچێ.

كاك حيسامی هەر له سەرەتای وتارەكەيەوە بەشێوەيەكی ئەوتۆ هاتۆته پێشەوە كه نووسينەكەی كاك دڵشادی بەلاوە هيچه (وامزانی ئەم گومبەزه شەخسێكی تيايه)و (جوابی تەحای پەحايه), جا كه مادام وايه يان به وتارێكی خەستو خۆڵو بابەتی وەڵامبدرێتەوە، يان پشتگوێ بخرێ، نەك به كردەوە ئەو هەموو بايەخەی بدرێتیو واشی دەرخەين هيچ نييه.

ئەوەی سەرەتای وتاری دووەم بخوێنێتەوە ئەگاته ئەوەی كاك دڵشاد دژی ئيلتيزامە، بەڵام نازانم چۆن كاك حيسامی گەيشتۆته ئەم (ڕاستی)يه. بەڵێ كاك دڵشاد لەو باوەڕەدايه كه هەر پێشەكی نووسێكی سياسی خاوەن ئيلتيزامی سەر به پارتێك ڕەوا نييه هيچ بەرهەمێكی ئەدەبی هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئايا ئەوە ئەگەيەنێ كه خاوەنەكەی بێ ئيلتيزامە؟ نەخێر. وشەی ئيلتيزام زۆر سەری لێ ئەبێتەوە، سەر به پارتێك، سەر به چينێك، سەر به نەتەوەيەك، سەر به ميللەتێك، سەر به نيشتمانێك....هتد، ڕوونكردنەوەی ئەم لايەنه زۆر شت ڕوون ئەكاتەوە، هەروەك چۆن ناولێنانی بێ ئيلتيزاميش زۆر شت ئەشێوێنێ.

كاك حيسامی له مەبەستی (٢)دا وای پيشانداوە كه (هەوەڵ شيعری ديوانی هێمن به "كوردم ئەمن" دەستپێدەكاو به "ڕقی پيرۆز" دوايی دێ ئەمه وايه، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانين كه بۆيه وايه، چونكه لەلايەن (بنكەی پێشەوا)وە دەرچووە، واته شێوەی دانانی ديوانەكه بريتی نييه له چۆنيەتی دەستپێكردنو هاتنو دواييپێهێنانی بەدوا شيعری شاعير، هيچ گومانم لەوەدا نييه كه شێوەی وا دانانی ديوانەكه له چوارچێوەی مەبەستی سياسی بنكەكەدايه، بەڵگەيشم يەكەم شيعرو دوا شيعری كاك هێمن نين، بەڵگەيەكی تريش بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەم (گوڵبژێرێكه له شيعرەكانی هێمن) كه بەلای منەوە ئەبوو ئەم ديوانی (تاريكو ڕوون)ه هەموو ئەو شيعرانەی بگرتايەته خۆی نايەوێ

بمرن، جگە لەوەش بەقەدەر ئەو سەرگوزەشتەی ژیانەی کە (لە کوێوە بۆ کوێ)یە ئەبووایە بایەخ بدرایە بە نووسینەوەو ڕوونکردنەوەی بۆنەو هۆو چۆنیەتی لە دایکبوونی شیعرەکان، نەك فەرامۆش بکرایە یان لابرایە. مەسەلەی (چاوی کەژاڵو گەردنی پڕ خاڵ)یش وەنەبێ شتێکی دەروونی بێ، بە تایبەتی لەو سەردەمی لاوێتییەو بۆ شاعیرێکی جوانی پەرستی وەك هێمن، تەنها بۆ مەبەستێکی سیاسیو هاندانێکی لاوان هاتۆتە پێشەوە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بەو ئاواتە گەیشتوەو گیروگرفتێکی ئەو سەردەمەی نەبووە.

نازانم بە چ پێوانەیەك سەدی حەفتای شیعرەکانی کاك هێمن سیاسیینو بۆ ئەبێ کە بەرهەم دیوانێکی شیعر بێ هەر بە زمانێکی پاراوی ئەدەبی هەڵنەسەنگێنرێو ئەم ئەدەبیو سیاسییە بۆ لە یەکتری جیا بکەینەوە؟

لە وتاری سێیەمیشدا کە تەرخانە بۆ باری ڕێنووسو داڕشتنی ڕستەو بەکارهێنانی وشە، خوێنەر وا ئەزانێ وەڵامدانەوەو ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی کاك دڵشاد کۆتایی هاتووە، کەچی هەر لە وتاری دواوەیدا ڕەتکردنەوە سەر هەڵئەداتەوە، کە هەق وابوو ئەم مەسەلەی ڕێزمانو ڕێنووسانە بخرایەتە دوای هەموو نووسینەکانەوە، با ئەوەش بڵێین کە هەموو نووسەران لەسەر ئەو ڕایەن کە تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش پاشاگەردانیو کەلە کەسیمان بە نووسینەکانمانەوە دیارەو کاك حیسامیش بۆیە دەستنیشانی ئەو هەڵانە ئەکا تا لەسەر کاك دڵشادی قەیدکا، ئەگینا بەم ڕۆژگارانە سەدان هەڵەی چاو زەق چاو زەق لە دووتوێی گۆڤارو کتێبو ڕۆژنامەکانا تەراتێن ئەکەن.

**ڕەخنەگرو ناخی ئەدیب:**

لای کاك حیسامی وایە بۆ ڕەخنەگر نەهاتووەو ناتوانێ بچێتە ناو ناخی شاعیر یان ئەدیبەوە، تەنها ئەتوانێ خۆبکا بە ناخی ئەدەبەکەدا. پێمووایە ناخی ئەدەبو ناخی ئەدیب هەر یەکێکەو لە یەکتر جیا ناکرێتەوە. دەربڕینی ناخ شتێکی مەجازییەو لە ئەدەبا مەبەست دنیای تایبەتی بیرکرنەوەو خەیاڵو هەستو سۆزو هیواو ئەم بابەتانەیە، هیچ پەیوەندییەکی بە ورگو ڕیخۆڵەوە نییە، زیاتر پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە، ئەگەرچی لە کۆنەوە ئەو شتانە بە دڵەوە بەستراوە بەو پێیەی کە سەرچاوەی ژیانە، وەك (دڵداری، بە دڵم نییە، دڵم گیراوە).

لەبەرئەوە بۆ هەموو ڕەخنەگرێك هەیە خۆی بكا بە ناخی ئەدیبا، یان لە بەرهەمە ئەدەبییەكەدا كە بەشێكە لە ناخەكە بۆ بەشەكانی تری بگەڕێ، بێ ئەوەی پێویستیمان بە ژووری عەمەلیات بێت. وشەی بەربادو نارەسەنو یاخیش لە فەرهەنگی ئەدەبی كوردستانی عێراقدا بەكارهاتووەو بەكاریش دێت، بەڵام وا دەرئەكەوێ ڕاوكردنی ئەو وشانە بۆ مەبەستی ڕوونكردنەوەی ڕێبازو دەوری خەباتگێڕانەیە, لە داوێنی ئەو وتاری سێیەمەوە كاك حیسامی پێ لەوە ئەنێ كە (لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی باری ئەدەبیو ڕستەو زاراوەو ڕێنووسی وتارەكەی كاك دڵشاد لە وزەی قەڵەمی ئەودا نییە)، چونكە (كاری ئەدیبو نووسەرانە)و، كەچی هەر لە پاڵ ئەو قسەیەدا ئەڵێ (لە وتاری داهاتوودا دێمە سەر لێكۆڵینەوەی بیروڕای كاك دڵشاد لەباری بۆچوونی ئەدەبو ئەركی ئەدیبو شاعیرو ڕەخنەگرەوە).

وتاری چوارەمی كاك حیسامی بریتییە لە دەستپێكردنەوەو چاو پیاخشاندنەوەیەكی سەر لە نوێی باسەكە. تێناگەم بۆ كاك حیسامی لای وایە كە ئەگەر بە موناسەبەتی شیعرێكەوەو لە شوێنێكدا (لەعنەت لە دنیای بێ ژن) كرا ئیتر ئەمە مانای وایە ئەو كەسە سەرومڕ ئەیەوێ شیعر تەنها تەرخانی (جوانیو شیرینیو نازداری) بێو بۆی نەهاتووە قەرەی سیاسەتو كۆمەڵایەتی بكەوێ. بە شاعیر، شاعیری ڕاستەقینە، سەربەستە لە دەربڕینی هەستو نەستو بەهرەی خۆیا، هەیە زۆرتر بە لای ئافرەتو جوانی سروشتا لەنگەر ئەگرێو داهێنان دائەهێنێ، هی واش هەیە زۆرتر زاماری برینو زامەكانی نەتەوەكەیەتیو بەرهەمی ئەكاتە كۆشەوە، واتە زۆرتر لە هەوێنی سیاسەتو دەردو بەڵای كۆمەڵایەتی نەتەوەكەی شیعرەكانی دائەڕێژێت، هی واش هەیە بیرو بڕوای چینی چەوساوەو مرۆڤایەتی كانیاوی بەهرەی شاعیرانەی ئەتەقێنێ، شاعیر، پێش ئەوەی سیاسی بێ، هونەرمەندە، هونەرمەندیش دنیای سۆزو ئەندێشەو هەست و ئاسۆی بیركردنەوەی خۆی هەیە، كە لە بنچینەدا ئەگەڕێتەوە بۆ بەهرەو تواناو سەلیقەو زەوقی تایبەتی خۆی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە كەوتە ژێر ئیلتزامێكی سیاسی پارتایەتییەوە ئیتر ڕادەی شاعیرانەی ئەبێ بێتە خوارەوە، هەیە بەرز ئەبێتەوە، هەشە وشك ئەبێتەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەكەدا، واتە پێش پارتایەتیو دوای پارتایەتی، شاعیر هەر شاعیرە پێش ئەوەی سیاسی بێ، ئەبێ هەڵسوكەوتێكی تایبەتیو تا ڕادەیەك جیاوازی لەگەڵدا بكرێو بتوانرێ (دەستدرێژی) بۆ ناو ناخو دنیاكەی نەكرێ، ئەگینا

قسەی خۆمان بێ، مەڵی شەوی حەزی شاعیرو ئەدیب زۆرتر حەز بە فڕینی ناو ئاسمانێکی فراوانو سەربەستی هەڵبژاردەی خۆی ئەکا نەك ئاسمانێکی بەسەرا سەپێنراو.

ئەم ڕاستیەش لەگەڵ سروشتی ئەوا هاتووەو خەتای کەس نییە، هەتا شاعیر ڕووناکترو پتەوترو بەبڕواتر ئەو مەسەلەیە ئەپەرستێ کە لە ناخەوە ئیمانی پێیەتی, بابەتی بەرهەمی جوانترو داهێنانی گەشتر دروست ئەکات.

لە ڕەتکردنەوی بۆچوونەکانی کاك دڵشادو ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی ڕێزمانو ڕێنووسو بەکارهێنانی وشەو دیاریکردنی سەردەمەکانی، نەك قۆناغی، خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانا حیسامی چەن کنەو ڕوونکردنەوەیەکی وردو جوانی هەیە، بەڵام داخەکەم کەفو کوڵی بۆچوونو گەرم بوون لە سەرجەمی وتارەکانیا ئەگەر درێژ نەبێ تەواو سپی ئەچێتەوە، کە سەرەکیەکانیان، بەسەرە قەڵەمێکی درشت نین ئەمانەی لای خوارەوەن.

**یەکەم: هاویشتنی پلارو توانجو تەشەری گاڵتەو سووك زانین:**

ئەو شێوازی ڕەخنەگرتنو ڕەتکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاك حیسامی لە وتارەکانیا گرتوویەتی، لەژێر کارتێکردنی ڕەخنەی ئەدەبی فارسیداو گوایە بۆ تێکەڵاوکردنی نوکتەو بەهاراتی گەشەپێدانو خۆشکردنی ئاسۆی خوێندنەوەو بەسەرکردنەوەیەکی پەندو قسەی نەستەقی کوردەواری شێوازێکی سەرکەوتوانەو سەلمێنەرانە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە بڕوای من زیانی ئەم جۆرە شێوەیە بۆ قەڵەمەکەی خۆیو نووسینەکەی خۆی ئەگەڕێتەوە, (وامزانی ئەم گومبەزە شەخسێکی تیایە، جوابی تەحای پەحایە، شەلم کوێرم ناپارێزم، لەگەڵ ئیحساسی هێمن ژیاوە، نووسەری بەڕێزمان، کاغەز ڕەش ئەکاتەوە، لە هۆنینەوەی وشەو ڕستەدا شارەزایە، ئەمانەتی لەژێر پێ ناوە، کەر لە کوێ کەوتوەو کوندە لە کوێ دڕاوە، مێینەی دنیا بەهاو ئامێزی شاعیر دابنێین، نێری وردە ماڵان، زانکۆی ئەدەبیم تەواو نەکردوە، ڕستەکە زۆر ئەدیبانەو بەهێز بێ، دکتۆر دەڵێت کرمت هەیە، لەم تەعبیرە ئەدیبانە گەیشتبین، لەم درێژ دادڕیەم، پیاو پیاو بێ واوێك هیچ نییە، نوسەرێکی وەك مامۆستا (دڵشاد), ئەم جۆرە دەربڕینو بەندو (نوکتانە) لە وتارو نووسینی ڕەخنەو ڕەخنەکاریا، ڕەنگە بۆ خوێنەر پێکەنینی بە دەمەوە بێ، بەڵام لەسەر حیسابی کێیە؟ لەسەر حیسابی ڕەخنە لێگیراوەو بۆ مەبەستی کەمکردنەوەو

گاڵتەکردنە بە نووسەرو نووسینەکانی، جا ئێمەش کە لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا مەبەستی تاقانەمان هەر ڕوونکردنەوەو پێ سەلماندنی خوێنەران‌و تەنانەت نووسەرەکەشە بۆمان نەهاتووە بە هیچ جۆرێ ملی ئەو ڕێیە بگرین کە دووراو دووریش بێ تۆزقاڵێ لە هەستی ناسکی نووسەر بڕووشێنین.

**دووەم: چوونە دەرەوەو لق لێکردنەوە:**

ئەوی بەو وتارانەدا بچێتەوە بە ئاسانی ئەگاتە ئەوەی کە زۆرجارو لە زۆر لاوە شتی لاوەکی‌و تێئاخنین‌و درێژەپێدانی ناپێویست ئەبینێ، وەك مەریوانی، یان محەممەد ئەمین‌و خەونی ڕەنگاو ڕەنگ‌و مەسەلەی بێ ئیلتیزامی‌و لەسەر ڕۆیشتنێکی زۆر ئەم لایەنەو ڕێنووس‌و ڕێزمان‌و لێکدانەوەیەکی زۆر وشەی یاخی‌و بەربادو ناڕەسەن‌و بەکارهێنانی بەشێکی (دەمەتەقێ) کە بۆ باسکردنی خەباتی سیاسی پارتەکەیان‌و, ئایا ئەدەب دیاردەی (قۆناغەکانی) خەباتی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران, ئەمانەو شتی تری لەم بابەتانەش کە بە بڕوای من لە چوارچێوەی دەمەتەقێکە چۆتە دەرەوەو لە شێوەی وەڵامدانەوەو ڕەتکردنەوە بەدەرە.

**سێیەم:** نووسەر هیچ بیری لە هەڵەی چاپ‌و سەهو نەکردۆتەوە، تێکرا هەمووی کردووە بە هەڵەو لە بەردەمی کاك دڵشادی داناوە بۆ نموونە: بەسەر تاقە واوێکا چییە بازی نەداوە, کە لەوانەیە نووسەرەکەی بیری چووبێ یان لە چاپکردن پەڕی بێ یان بەسەر ڕاستکەرەوەدا تێپەر بووبێ....یان وشەی (لانەوازێتی) بە (لانەوازێتن) نووسراوە کە ئەمە تاوانی نووسەر نییە, یان ئەو ڕستە پاش‌و پێش کەوتوەی کە (هاوکاری) خۆی دانی پیاناوەو ڕاستیکردۆتەوەو دەیان وشەو ڕستەی ئەوتۆ کە بە هەڵە چاپ‌و بڵاو ئەکرێتەوە.

**چوارەم:** دووبارەکردنەوەی ڕستەو دەربڕین، لەسەر هەمان شێوەی تەوس‌و تەشەر. وەك دووبارە کردنەوەی زۆر نا پێویستی ڕستەی (لەگەڵ ئیحساسی هێمن ژیاوە) کە بە لای منەوە یەکجار بەسە شوێنی خۆی ئەگرێ‌و پێویستی بەو هەموو بەکارهێنان‌و بیرخستنەوەیە ناکات، یان وشەی (مەریوانی)یە یان (محەممەد ئەمین) کە هەموو نووسەرێك سەربەستە لە بڵاوکردنەوەی ناو یان لەقەبی خۆی بەهەر شێوەیەك ئەیەوێ بێ ئەوەی خوێنەر لەسەر ئەوە هەڵبداتێ.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٤٨، ساڵی ١٩٧٥، ل٣ و ٧.**

# له پەنا حەجەکەوە ... خشکەییێەك

- ٤ -

کاك دلشاد محەمەد ئەمین لەم ڕۆژنامەیەداو لەژێر ناونیشانی (تاریكو ڕوون له بۆچوونێکی مرۆڤانەدا) پێنج وتاری دوورو درێژی بڵاوکردەوە ئەمیش، وەك کاك حیسامی، هەم تووڕەو ئاڵۆزەو هەم زۆر سەری له باسەکەش کردۆتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە تەنها دەستنیشانی دوو هەڵوێست ئەکەم، یەکەمیان له سەرەتای وتاری یەکەمەوە دەست پێ ئەکا کە دوورو نزیك پەیوەندی بە ڕێبازو ڕەوتی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکەوە نییەو بە زەقی ئەوەمان تێ ئەکەیەنێ کە کاك دڵشاد تەواو پەستەو نووسینەکانی کاك حیسامی، بە تایبەتی شێوازەکەی، وایلێکردوە کەفو کوڵی دڵی خۆی لەو پێشەکییەو سەرانسەری وتارەکانیا بڕێژێو وەك ڕەخنەگرێك .. لێکۆڵەرەوەیەك بە چاوێکی ترەوە بێتە کایەوەو له بەرهەمی (تاریك و ڕوون) ورد ببێتەوە تا ئەگاتە ئەوەی بڵێت: (بڕبەندەکان لووسم ناکەن، گوریسەکان منیان پێ شەتەك نادرێ، تەورەکانیش نامبڕنەوە, له هەموو جێ تەورێکەوە چرۆیەکی نوێ دەردەکەم، هەموو مۆرفینو فالیۆمەکانتان ڕەت دەکەمەوەو مرۆڤ پیرۆزترین زیندەی ئەم زەمینە بچووکەیەو.....هتد) ئەمە له قسەی پاڵەوانی چیرۆکێك ئەچێ نەك سەرەتای ڕەخنەیەك دووەم هەڵوێست: له کۆتایی وتاری سێیەما ئەڵێت: (....بەڵام کە شاعیرو دۆستانی شاعیر خۆیان وەکو سیاسییەکی پێشکەوتووخوازی هاوچەرخ پێشکەشکردو بە دەمارێکی گرژەوە هاتنە دواندن، ناچار بووم هەڵوێستی خۆم دیاری بکەمو کەسیش لەسەرحیسابی من نەبێتە قارەمان بە تایبەتی له کاتێکدا کە ئەو کەسو کەڵکە هەلگری باوەڕێك بن، من سەدی نەوەتی ڕەت بکەمەوە، .... هتد) بەم گیانو هەستەوە کاك دڵشاد دەروازەی ڕەخنەگرتنو لێکۆڵینەوەی (تاریكو ڕوون) ئەکاتەوەو دێتە پێشەوە، بێ ئەوەی کە گوێ بداتە ئەوەی کە له ناو نووسینی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنا ئەگەر (بڕبەندو گوریسو تەور) هاتەکایەوە ئەو هێمنیو بابەتیو وردکردنەوەو ماف پێدانەی کە مەرجو بنچینەی بنەڕەتی هەموو ڕەخنەیەکی ئەدەبییە وەك ڕەنگێك تەواو کاڵ ئەبێتەوەو لەبەر سەروو ژێرکردن نیشان ناپێکێ، جگە لەوەش ناوی خاوەنی (تاریكو ڕوون)ی بە جۆری بردووە کە گوایە هاتۆتە قسەو بە دەمارێکی گرژەوە دواوە،

له كاتێكدا به نووسین شتێكمان لهم بارهیهوه نهدیوه، جا ئهو (ناچاری)و (ڕهتكردنهوهی سهدی نهوهت)هو هاتنه پێشهوهی بهو جۆره بۆ ڕهخنهگرتنو لێكۆڵینهوهی بهرههمی شاعیرێكی وهكو كاك هێمن، پێموایه دروستو ڕهوا نهبێو لهوانهیه له مافی خۆی زۆر كهم بكاتهوه...

به پێچهوانهوه چهن جوانترو تهواوتر ئهبوو ئهگهر كاك دڵشاد، بهپێی ناونیشانی وتارهكهی (كه لام وایه پێش وهڵامدانهوهی كاك حیسامی له دڵیا مهیی بوو) بهڵێنهكهی خۆی بهێنایه دیو له (تاریكو ڕوون) بدوایهو شێوازی كاك حیسامی نهیجولاندایهو چۆن له شاعیر گهیشتبوو ئهوهی بدركاندایهو هەورازی ناچاری نهگرتایهته بهر..ههرچی چوو..چوو.

به لای منهوه، له باتی ئهوهی لهو جۆره دهرگایانهی لای سهرهوه، بچینه ناخی شاعیرو بهرههمهكهیهوه، ههق وابوو پێش هەموو شتێك به خهتێكی درشت ئهوه دیاری بكهین كه كاك هێمن یهكێكه له شاعیره ههڵكهوتووهكانی كوردستانی ئێران, له چلهكانهوه وهك بولبولێكی سهرگهرمو خولیادار بهستهی به سۆزو گهرموگوڕ بۆ نهتهوهی زۆر لێكراوی كوردو خاكی كوردستانی پێشێلكراوو خهباتی نهتهوایهتیو سروشتو جوانیو ئافرهتو, بۆ ژیانی ئاوارهییو دهربهدهریو هێلانهی شێواوی خۆی ئهخوێنێو ئهلاوێتهوه...

كاك دڵشاد، بهداخهوه، ههر له سهرهتای وتارهكانیهوه، به پێی بۆچوونو قهناعهتی خۆی، ئهو فهرمانهی داوه كه (هێمن شاعیری ئافرهتو جوانییه پێش ئهوهی شاعیری هیچ شتێكی تر بێت) بێ ئهوهی ئهو ڕاستییه بخاته بهرچاو كه ئایا شاعیر له چلهكانهوه شیعری سیاسی بۆ نهتهوهیهكی تهواو خوێندهوارو پێگهیشتوو و پێشكهوتوو ئهڵێت یان بۆ نهتهوهیهكی تهواو نهخوێندهوارو له كاروان جێماوی وهك نهتهوهی كورد له ئێرانا.. شیعری سیاسی، وهك هونهرێكی تا بڵێی سهختو دژواراوی، به پێچهوانهی بابهتهكانی تری شیعرهوه، ئهبێ ساكاریو ڕوونیو زهقییهكی ئهوتۆی تیا بێ كه مهبهستو نیازی خۆی له كارتێكردنی ڕاستهوخۆو هاندانو وروژاندنو ڕاپهراندنی جهماوهری گهل بێنێته دی، ئهو ساكاریو ڕوونیو زهقییه (لهرزوتا) نییه...بهڵكو ههوێنێكی پێویستی شیعری سیاسی شاعیرانی ناو نهتهوه دواكهوتوهكانه..جا ئهگهر كاك دڵشاد به چاوی ئهمڕۆ تهماشای شیعری چلهكانی هێمن بكا، یان شیعره ناسكهكانی كه بۆ ئافرهتو ئاوارهیی چاویان پشكوتووه زیاتر بیانجولێنێ، نهك شیعره سیاسییهكان، ئهوا مانای ئهوه

نییه که کاك هێمن نزار قەبانی کوردەو بە شاعیری ئافرەت ئەبێ بدرێتە قەڵەم، تەنانەت قەبانیش ئەو ناتۆرەیە بۆ خۆی ڕەت ئەکاتەوە، ئەو شێوەی لافیتەییەش کە کاك دڵشاد ناو بە ناو پەنجەی بۆ ڕائەکێشێ، جگە لەوەی کە لەژێر سێبەری هونەری شیعری سیاسیدایە، پێویستی خۆشکردنی بڵێسەی خەبات دروستی کردوە بۆ هەمان مەبەستەکانی شیعری سیاسی. ئەم جۆرە بە خەوش گرتنو بە خاڵی کەمو کورتی دانانە لەوانەیە بۆ شاعیرێکی تەواو لاوی شەستو حەفتاکانو ئەم سەردەمەی ئێستای نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراقا جێی خۆی بێ، نەك بۆ شاعیرێکی پەروەردەی چلەکانو ئەو سەردەمەی ئەوسای کوردستانی ئێرانو تەنانەت ئەم سەردەمەی ئێستای ئەو وڵاتەش. کاك دڵشاد بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هاتووە لە هەر شیعرەی بەیتێكو لە هەر هێشووەی بۆڵێکی هەڵبژاردون شاعیر لە ١٩٤٠ ەوە شیعری هەمە چەشنە ئەڵێ، کەچی ڕەخنەگر تازە بەیتێکی (شەوگاری تەنیایی)یی ساڵی ١٩٧٤:

**ستەمکاری منی دوورخستەوە لەو یارە شیرینەم**

**ئیتر من چۆن ڕقی زۆرم لە ئازارو ستەم نابێ**

بە نموونە ئەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەمە (ڕەنگدانەوەیەکی نەفسی)یەو نیشانەی ئەوەیە کە شاعیری ئافرەتەو بۆیە ڕقی زۆری لە ستەمکارە، چونکە لە یارەکەی دوورخستۆتەوە. بەڵێ بولبولەکەمان ئاوارەیەو باڵی بە هێلانەکەی ناگا، بەڵام لە بەرچی ئاوارەیە، ئایا لەسەر دڵدارەکەی، یان لەسەر نیشتمانو نەتەوەکەی؟ جا ئەگەر ئەو ڕقی دووریو ئاوارەییەش بخاتە سەر ڕقو قینە زۆرەکانی کەی بۆ ئەبێ شتێکی ڕەواو گونجاو نەبێ؟ بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەگەر وای دەرخەین بۆیە شاعیر ڕقی لە ئازارو ستەمە، چونکە لە یارەکەی دوورخستۆتەوە بۆ ئەبێ شتێکی ناڕەوامان درکاندبێت. هەر لە خوار ئەو بەیتەوە لە (شەوگاری تەنیایی)دا بەیتێکی تا بڵێی ناسكو ڕاستو ڕەوانمان بەرچاو ئەکەوێ:

**ئەوی سەر بەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەمو دەردە**

**چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەورو تەم نابێ**

ئەم بەیتە وەڵامی سەرەوە ئەداتەوەو پێ لەو ڕاستییە ئەنێ (کە مرۆڤی ڕاستو خەباتکەرو مرۆڤپەروەر، لە وێرانەیەکی وەکو ئەو وڵاتەدا، ئەگەر بیەوێ بەسەر بەرزی

بژی ئەبێ لە گێژاوی خەمو دەردا بێ، بەلگەش چیای سەرکەشو بڵندە کە هەرگیز هەورو تەمی ناڕەوێتەوە.

**کۆماری مەهابادو شیعری هێمن:**

ئاشکرایە یەکێك لە ئەرکە پیرۆزەکانی، بگرە هەرە گرنگەکانی شیعر ئەرکی کۆمەلایەتییە، جا ئەگەر بە وردیو بە چاوی چلەکان بڕوانینە ئەو کۆمەڵە شیعرە سیاسییە کە شاعیر خەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیو کۆمارە ساواکەی مەهابادی کردوە، بە زمانێکی سادەو ساکاری ئەوتۆ کە ئاگر خۆشکەری خەباتی نەتەوایەتییان بووەو جۆشینەی هەستو هۆشیان بووە تا ڕادەیەکی باش، بۆ ئەو ڕۆژو ڕۆژگارە، ئەو ئەرکە کۆمەلایەتییەی هێناوەتەدیو وەکو تۆوێك لە دلّو ویژدانی ئەو خەلّکە ساکارەدا شین بووەو جێگای خۆی کردۆتەوە. بەلێ ڕاستە ئەو جۆرە شیعرانە جێ دەستو پەنجەی لافیتەییو بۆنەو ساکارییان تەواو پێوە دیارە، بەلام ئەتوانین بلّێین کە بەشێوەیەکی گشتی شیعری سیاسی، وەك وتمان، لە نێو نەتەوە نەخوێندەوارو دواکەتووەکانا ئەم شەقلّەیان لە خۆیان داوە، چونکە بۆ زۆربەی گەل دروستبوون، نەك بۆ چەند ڕۆشنبیرێکی دیاریکراو، ڕەگو ڕیشەی ئەم بابەتە لافیتەییو بۆنەییو ساکارییانە لە بنەڕەتەوە ناچێتەوە بۆ مەسەلەی ئیلتیزامو پارتایەتی بەلّکو ڕاستەوخۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی هۆشیو تێگەیشتیو پلەی زانیاریو ڕۆشنبیری زۆربەی میللەت، ئەگەرچی شێوەی بۆچوونو چۆنیەتی هێنانە پێشەوەو تێوە ئالانو داڕشتنی لە بۆتەیەکی هونەریدا لەلایەن ئەم شاعیر، یان ئەو شاعیرەوە جیاوازی هەیەو وەك یەك دەرناچن.

ئەگەر کاك دلّشاد ئەو شەپۆلی ئازادیو سەربەستیو مافی چارەنووسی گەلانی جیهانی دوای شەڕی دووەمی دنیایە، بەرلە (٣٠) سالّ پێش ئەمڕۆ بێنێتە پێشچاو، ئاوڕێکی ڕاستەقینەش لەو لافاوی خۆشیو شادییە بداتەوە کە پاش سالّەهای سالّی دیلەتیو دەستبەسەری نەتەوەی کوردی ئێرانی بە سایەی کۆماری مەهابادەوە گرتەوە، لامواپە ئەم جۆرە ڕەخنانە ئاراستەی شاعیرو بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی ناکات، لە کاتێکدا کە هەموومان لەسەر ئەوە یەککەوتووین کە ئەو کۆمارە، لە مێژووی نەتەوەی کوردمانا ئەلّقەیەکی پیرۆزی زنجیرەی خەباتو ڕاپەڕینو شۆڕشەکانمانە... بۆ نموونە شیعری (ڕێبەندانو شاعیر) لە ڕووی هونەری شیعرییەوە بۆیە شاعیر ئەو تابلۆیانەی ئەوەندە تالّو ڕەشو ناهەموار کێشاوە تا سنووری دەریای خۆشیو شادییەکە فراوانترو دوورتر

بنوێنێ.. هەڵبژاردنی سەرەك كۆماریش، لە هیچ شۆڕشێكی گەلاندا، یەكسەر نابێتە (كولێرەو گەرمی هێنەر) تا ئەو ڕژێمە نوێیە ڕەگدا نەكوتێو بەرهەڵستەكانی ڕانەماڵێو میللەت نەكەوێتە سەر باری خۆی.

**دەك بەخێر بێی، قەدەمت خێرە، چ خۆشی ڕەشەمە**

**تاكو تۆ هاتی، نەماو تێپەڕی ڕۆژی ڕەشی مە**

ئەم بەیتەم بۆیە نووسیەوە كاك دڵشاد ئەڵێ، جارێ لە ڕووی مۆسیقاو سۆزەوە پێموایە تەواو نییە، بەم ڕایەدا وا دەر ئەكەوێ ڕەخنەگر تەنها لەم جۆرە شیعرە سیاسییانەدا بۆ مۆسیقاو سۆز ئەگەڕێت، هیچ دەخلی بە سەر ناوەڕۆكەوە، بیرەوە، نییە، بۆ شێوە، قەوارە عەودالە، حەز ئەكەم ئەوە بڵێم كە بۆ شیعری سیاسی، پێشی هەموو سۆزو مۆسیقاو كێشو قافیەیەك ناوەڕۆك مەرجی هەرە بنەڕەتییە، ئەگەر تەنها خۆمان ببەستینەوە بەتوێكڵەوە، بێ ئەوەی هیچ نرخو بایەخێك بدەین بە كاكڵ (ناوەڕۆك), ئەوە مانای ئەوەیە شیعرێكی مردوومان ئەوێ، شیعرمان بۆ شیعر ئەوێت، هونەرمان لەبەر چاوی ڕەشی هونەر خۆشئەوێ، ئەم ڕایەش دەمێكە كاروانی ژیان بەجێ هێشتووە.

**حاجی قادرو تاكە بەیتەكەی:**

حاجی قادر شاعیرێكی هەرە گەورەی نەتەوایەتی كوردەو لەو بەیتەدا كە كاك دڵشاد دەستنیشانی كردووە مەبەست شۆڤینیەتو بیرتەسكی نییەو بە هیچ جۆرێك نە ژەهرەو نە كوشندەیە، تەنها مەبەست شانازیكردنێكی ڕاستەقینەو دروستە بە نەتەوەوە. حاجی بەو شێوەیەو لە بۆنەیەكدا هانی ڕۆڵەكانی نەتەوەكەی داوە كە هەموو یەكێكیان شانازی بكەن بە زمانی زگماكی خۆیانەوە كە كوردییە، جا ئەگەر كاك هێمن شاعیر بە بۆنەی ئاهەنگی دروستكردنی پەیكەری حاجی قادری نەمرەوە شیعرێك دابنێو تێهەڵكێشێكی یەكێك لە بەیتەكانی بكات چ پێویستی بەم هەموو ناوو ناتورەیە هەیە؟.

**گۆرانو ڕای ڕەخنەگر:**

بەلای كاك دڵشادەوە گۆران شاعیرێكی ڕۆمانیكییەو بەس، كورد وتەنی: ئەم هەویرە زۆر ئاو ئەكێشێو قسەش هەزارە دوانی بە كارە: گۆران پێشەوای نوێ كەرەوەی شیعری كوردییە لە كلاسیكییەوە بۆ رۆمانتیكی، هەروەها لە ڕۆمانتیكییەوە بۆ ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی بەرەو سۆشیالیستی (هیوادارم بەپێی دەرفەتو توانا چەند تێبینی وتارێك لەم بارەیەوە پێشكەش بە ئەدەبی كوردی بكەم).

**بڕوای شاعیر:**

ئەگەر بڕوانینە سەرجەمی شیعرە سیاسییەکانی ئەبینین گەوهەری بڕوا بە سەرکەوتنی کورد لە دوو تۆیی هەموو بەیتەکانا ئەدرەوشێتەوە تەنانەت لەو بەیتەشدا.

**تا بە داسی دەسی ئەو پاڵە بەکارەی کوردی**

**دڕكو داڵی سەرەڕێ گشتی نەدروێن دەگریم**

وە نەبی تەنها بریتی بێ لە خەمو گریانێکی بە کوڵ، یان (هەڵوێستی لاتەریکی بێ بەرامبەر چینە زەبوونەکان) وەك کاك دڵشاد ئەڵێت، ئەم شیعرە جگە لەوەی کە (گەرمەشین)ێکی بە سۆزەو چەند تابلۆیەکی بلێسەدارە، هەستی شاعیرو بڕوای شاعیرمان بە سەرکەوتنی کورد وەك ڕۆژی ڕووناك پیشان ئەدات، شاعیر وەك هونەرمەندێکی خاوەن بڕوا لەم شیعرەدا تەواو وەستایانە ئەرکی شاعیرانەی خۆی بەجێ هێناوە.

**شاعیرو لادێ:**

ئەو چەند شیعرەی کاك دڵشاد لە وتاری سێیەما بە نموونە هێناونیەوەو لەو ڕێیەوە پەیوەندی نێوان لادێو شاری بە پێی تیوریەکانی مارکسیزم – ئەنگلیزم باسکردووە، ئەگەڕێنەوە بۆ چلەکان.. لەو سەردەمەدا شاعیر سەرەتای شیعر دانانو بزوتنەوەی سیاسی بووە، بە بڕوای من شاعیر، وەك هونەرمەندێکی پەروەردەی لادێ، تەنها وەسفی ئەو تابلۆ دلگیرانەی کردووە کە بەڕاستی هەستو نەستی جولاندووەو نەخشی کێشاوە، هەر لەو شیعرانەشدا جار جار هێرشی بردۆتە سەر ستەمکاریو ئاغایەتی!

**نمەیەك خوردەی دەسی وەرڕێزە شێخو حاکمو سەردار**

*　*　*

**دەکێشن زەحمەتو ناخۆن وەکو وان نانی خۆڕایی**

**دەکەن کارو دەرێژن ئارەقو ناژین بەڕیسوایی**

**لە سەریاندا نییە پۆزو ئیفادەو فیزی ئاغایی**

**لە سایەی زەحمەتو ڕەنجو لە سایەن کارو ئازایی**

**بەسەربەرزی دەژین بۆ کۆمەڵو گەل نابنە سەربار**

شاعیر وەك کوڕە شیخێکی دەست ڕۆیشتوو، ئەمە هەستی بێ لەو ڕۆژەدا، ئایا جێی ڕەخنەیە یان ڕێز؟

**شاعیرو جوانی ئافرەتو ئاوارەیی:**

لەم بارەیەوە بە دەستی ئەنقەست ئەمەویٚ لە کورتی بیبڕمەوە کە شاعیر، وەك کاك دڵشاد، لە وتارەکانی دواییدا، بە وردیو جوانی ئەم لایەنەی ڕوونکردۆتەوە، تەواو سەرکەوتوانەو هونەرمەندانە هەستی جوانی پەرستیو ئاوارەیی خۆی لە بۆتەی هونەری ناسکی شیعردا جۆشداوە..ئەوەی ئەمەویٚ ئەو بۆنەیەوە بیلێم ئەوەیە کە تا بابەتی شیعر خۆی (زاتی) بیٚ، واتە دەربارەی هەستو نەستی دەروونی شاعیر خۆی بیٚ، وەك مەیلی جوانی پەرستیو ئازارو ژیانی ئاوارەیی، شاعیر، بیەویٚو نەیەویٚ، شیعری بۆ خۆی ئەڵێت، خۆی زیاتر مەبەستەو وەك ئاوازێکی ناسۆر ئەیدا بە گوێی هەستی خۆیا، بە واتایەکی تر، وەك ئەو شیعرەی بۆ جوانی پەرستیو ژانی دەربەدەریو ئاوارەیی لە دایك ببیٚ هەوێنەکەی زیاتر بریتییە لە سۆزی شاعیر (عاگفە) نەك لە بیرەکەی، بۆیە هەمیشە گەرمو گوڕو بە جۆشو جووڵێنەرە. بە پێچەوانەی شیعری سیاسییەوە کە بابەتەکەی خۆیی نییە، پەیوەندی بە هەموو گەلو کۆمەڵەوە هەیەو کەرەسەو بابەتەکانیشی کەمتر سۆز ئەگرنە خۆیانو زۆرتر هەوێنی بیریان پێویستەو ئەگەر ماوەم بدەن ئەڵێم: تەڕو بڕیو گەرمو گوڕی سۆزیان کەمەو وشکنو ئەبیٚ لە ڕادەیەك دابن خەڵکی ڕەشۆکیو سادە لە زمانیان بگەنو کاریان تیٚ بکات. ئەمە نە خەتای منەو نە هەڵەی تۆیە، شتێکی پێموایە سروشتییەو دەسەڵات نییە..ئەرکی شاعیری پێشکەوتووخوازو نویٚ پەرستو هیواداریش ئەوەیە تا ڕادەیەك ئەتوانیٚ جوانیو ئافرەتو ئاوارەیی، وەك خەمو پەژارەیەکی خەستی خۆی ئاوێتەی خەمو پەژارەو ناسۆرییەکانی گەلەکەی بکاتو بە خوێنو ئارەقی هونەرمەندانە (هەویر)ی ئەو خەمانە جوان جوان بشێلیٚو پارچە پارچە لە تەنووری هەمیشە داگیرساوی هەرگیز نەکوژاوەی دەروونی بیانبرژێنیٚو سووریان بکاتەوە جا دەرخواردی هاودەردو ئازارەکانی چینی چەوساوەیان بدات.

هێمن موکریانی شاعیری کورد پەروەرو مرۆڤ ویستو جوانی پەرستو ئاوارەمان یەکێکە لەو شاعیرە هەڵکەوتوانەی ئەم سەردەمەمان، کە وەك بولبولێکی خۆشخوێن بەسەر لقی بەرزی هونەری شیعری کوردییەوە بەستەی بە سۆز بەسەر ئاواتو هیوای دوارۆژی کوردو خەباتو جوانیو ئاوارەییدا ئەخوێنیٚ. ڕێزم بۆ هەمووان.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٤٩، ساڵی ١٩٧٥، ل٣ و ٧.**

# چەند سەرنجێك لە تاریكو ڕوون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا

**کەمال غەمبار**

- ١ -

كاك دڵشاد محەمەد ئەمین لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەیە پێنج ئەڵقەی دوورو درێژی دەربارەی دیوانەكەی مامۆستا (هێمن) بڵاوكردەوە، دوا بەدوای ڕەتكردنەوەی پێشەكی دیوانەكە كە دكتۆر قاسملو نووسیبووی، مامۆستا كەریم حیسامی هاتە دەنگو ئەویش شەش وتاری درێژخایەنی بە زنجیرە بڵاوكردەوە. ئینجا مامۆستا كاكەی فەلاح چوار ئەڵقەی لەسەر هەردوولا بڵاوكردەوەو ڕای خۆی بە وردیو پوختی لەسەر بابەتی نووسینەكانو چۆنیەتی ڕەخنەو ڕەخنەگەری دەربڕیو تا ڕادەیەكی زۆر من لەگەڵ ڕایەكانی ئەوەو نووسینەكانیم بەدڵ بوو، هەرچەندە ئەمجۆرە نووسینو ڕەخنەگرتنە لە ڕاستیدا دیاردەیەكی ڕاستو دروستنو دەرگا ئەكەنەوە بۆ ساغكردنەوەی گەلێ مەسەلەی ئەدەبی، بەڵام لە سنوور دەرچوونو پەل هاویشتن بۆ هەندێ بابەتی لاوەكی هەرگیز خزمەتی بزووتنەوەی ئەدەبی نەتەوەكەمان ناكات، بەڵكو ڕامان ئەكێشێت بۆ شتی بێ سوودو كات كوشتنێكی بە فیڕۆیانەیە، هەر بۆیە منیش بە پێویستم زانی چەند سەرنجێكی خۆم لە ئاستی نووسینەكانی مامۆستا دڵشاد دا دەربڕم كە لە زۆر شت لەگەڵیان نیمو وابزانم مافی خۆی نەداوەتە دیوانەكەو پێشەكییەكەو نەیتوانیوە نیشانە بپێكێ، لەوانەشە خۆی وا تێبگات كە ڕووناكییەكی تەواوی خستۆتە سەر دیوانەكەی (هێمن)و لەسەر بنچینەیەكی زانستیانەو بە گیانێكی دوور لە لایەنگیرانە هەندێ كارتێكردنی تایبەتی هۆنراوەكانی یەك لا كردۆتەوە. ڕەتكردنەوەی پێشەكییەكەی دیوانەكەو پەنجە درێژكردن بۆ چەند خاڵێكی تایبەتیو ڕەفزكردنی هەموو نووسینەكە كارێكی نادروستە، چونكە ڕەتكردنەوەو ڕەفزكردنی هەر شتێك ئاوا بەسووكو ئاسانی نابێت، بەڵكو ئەگەر لە جیاتی (بدیل)ێكی لە شوێنا دابندرێت ئەگینا مەسەلەكە بە بۆشی ئەمێنێتەوە، ئەو كاتەش هەر دەستی نەدرابایە ماقووڵتر بوو...

سەرنجێك لە نووسینەكانی نووسەر ئەمانگەیێنێ بە چەند خاڵێكی تایبەتی كە ئەتوانین بە ڕوونی دەستنیشانیان بكەین:

١. ئیلتیـزام هونەرمەنـدو نووسـەر بـەرز ئەکاتـەوە وەك پڕوپاگەندەیـەکی تایبـەتی جا ڕادەی هونـەری هـەر چۆنێك بێـت. هـەروەها ئیلتیـزام ڕێگـەی داهێنـانو پێشکەوتن لـە نووسەر ئەگرێت.

٢. هێمن شاعیری ئافرەتەو بەس.

٣. شـیعرە سیاسـییەکانی هـێمن مـەرجی شـیعریان لـێ نایەتـە دیو بـریتین لـە قسـەی کتێبو لافیتە.

٤. مەسەلەی ڕەشبینیو روونبینی ئەدیب.

لـەم بەشـەدا ئەمـەوێ لـە خـاڵی یەکـەم بـدوێمو چـەند ڕوویـەکی ئـەم مەسـەلەیە ڕوون کەمـەوە، ئـەوەی کـە کـاك دڵشـاد نووسـیویەتی ئـەوە ئەگەیـەنێ کـە شـاعیرێك سـەر بـە پارتێك یان کۆمەڵێکی سیاسی بوو، پڕوپاگەنـدەی بـۆ ئـەکرێتو لـە هیچـەوە ئـەبێت بـە شتو بە پێی ئایدۆلۆژیەتی پارتییەکە بەرهەمەکەی سەیر ئـەکرێت، وە ئەگـەر شـاعیر مولتـەزیم بـوو، ئـەبێ لـە چوارچـێوەیەکی تایبـەتی سـەرهەڵبداو لـەو سـنوورەی بـۆی کێشراوە دەرنەچێت، وەك بڵێـی ئیلتیـزام جۆرە کۆتو پەیوەندییەکە لە دەستو پێـی نووســەر دەیئــاڵێنن لــەم ڕووەوە کــاك دڵشــاد دەڵێــت: "ئەوانــەی دەربــارەی ڕەخنــە تاقیکردنەوەیـەك یـان زیاتریـان هەیـە، گـەر بـە خۆیـانو تاقیکردنەوەکانیانـدا بچـنەوە دەبینین هەموو خاوەنی بیروڕایەکی سیاسـی تایبـەتو ئیلتزامێکمـان هەیـە بـە پـارتێکی سیاســییەوە تاقیکردنــەوەکانیان بەشــێوەیەکی کــۆنترۆڵی وشــك بەســتراوەتەوە بــە ئیلتیزامەکەیانەوە هـەموو دەم پێشـتر خۆیـانو بـیروڕا تایبەتیـەکانی خۆیـان مەبەسـتە وەك ناخو ئیحساسی ئەو ئەدیبەی ڕەخنەی لێدەگرن" دیسانەوە نووسەر لە دانیشـتنێکی تایبەتیـدا لـەو ڕایـە دابـووە کـە ئەگـەر (پیکاسـۆ) ئیلتزامـی نەبووایـە ئـەوا بـەرز نەئەکرایـەوە، چـونکە زۆر هونەرمەنـدی جیهـانی ڕادەی هونـەرییان لـە ژوور توانسـتو داهێنـــانی پیکاســـۆ بـــوو، بـــەڵام لەبەرئـــەوەی مولتـــەزیم نـــەبوون ئـــەو ناوبانگـــەیان وەرنەگرت..وا دیارە ئیلتیزام جۆرە پروپاگەندەیەکەو زۆر شتی پووچەڵی لەسـەر بنیـات ئـەنرێت. خـۆ ئەگـەر ئـەو بۆچـوونەی مامۆسـتا دڵشـاد ڕاسـت بووایـە ئەبوایـە شـاعیری مولتەزیمی لێنەهاتوو شوێنی بەهرەدارو کارامە بگرێتەوە.

ئەگەر چاوێك بـە نووسـەرە بەناوبانگـەکانی جیهانـا بگێـڕین بـە چـاکی بۆمـان ئاشـکرا دەبێت کە ئیلتیزام هەرگیز نەبۆتە کێوێك لە بەردەم داهێنـانو گەشـەپێدانی بەرهـەمی

ئـەدەبیو هونـەریو ڕێگـەی لـە نووسـەرو هونەرمەنـد نـەگرتووە کـە بایـەخ بـە ڕادەی ئیستاتێکی بەرهەمەکانیان نەدەن.
نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی شۆلۆخۆف دەڵێت: دوژمنـانی ناحـەز لـە دەرەوە دەڵێن: ئێمـەی نووسـەرانی سـۆڤیەت لەسـەر داواو فـەرمانی حـزب دەنووسـین، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە هەر یەکێك لە ئێمە بەپێی دڵو دەروونی خۆمان ئەنووسین، دڵیشمان هی حزبو گەلی خۆشەویستە کە بە هونەری خۆمان خزمەتی دەکەین".
لیـنین پێـی وابـوو کـە نابێـت ئـەدەب لـە ڕووی ڕەوشـتی داهێنانـەوە پێشـێڵ بکرێـتو بکەوێتـە ژێـر بـاری دەسـەڵاتی زۆرینـە بەسـەر کەمینـەو هـیچ گومـان لـەوادا نییـە گەمارۆدانی فراوان بۆ دەستپێشکەری شەخسیو ئـارەزووی تاکەکەسیو بیرو ئەندێشەو فۆرمو ناوەڕۆك هێجگار پێویستە.
بـە هەڵـە ناچـم کـە بڵێم نووسـەری مولتـەزیم لـە ڕێگـای ئیلتیزامێکـی هۆشمەندانـەوە ئەبێتە مرۆڤێکی خاوەن بینینێکی سیاسیانە (رۆیـە سیاسیـە)و بەرهەمـەکانی نموونـەی شیکردنەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵن. وەلەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی ئایدۆلۆژیانەی خۆیـدا مەسەلەی ئەدەب ئەبێتە بەشێکی گرنگ لە تێکۆشانی گەل، نەك مەسـەلەیەکی تایبـەتی خـۆیی (ژاتـی)، لـەم ڕووەوە لیۆنیـد سـوبولێڤ وتویـەتی: "ئێمـە هـەموو مافێکمـان وەرگرتـووە تـەنها یـەك هـەق نـەبێ ئـەویش ئەوەیـە کـە نـاتوانین ئـەدەبێکی پروپـووچ بنووسین".
هەروەها نووسەری هاوچەرخی سۆڤیەتی دەڵێت: "ئـەدەبی سـۆڤیەتی پـڕە لـە داهێنـانی هەمـەجۆر، داهێنـانی هونـەریمان هـەبووە وەکـو ڕۆمـانتیکیو دواڕۆژیو هـیچ نـا " الانگیباعیه والمستقبلیه واللاشیئیه "، بەڵام ئەم داهێنانانە پاشەکشەیان کـرد، سـەبارەت بە گۆڕانی ئایدیۆلۆژیەتی ئەو بیروباوەڕە سۆشیالیزمانەی کە بڕوامان پێی هەیە".
کەواتە مەسەلەی داهێنانو جۆری فۆڕمو نـاوەڕۆك ئەگەڕێتـەوە سـەر نووسـەر بـۆ خـۆی نەك شتێکە لە دەرەوە بە زۆر سـەپێندرا بێـتو نابێـت لێـی لابـدات. هـەر لـە کۆنـەوەش مایکۆڤسکی وتوویەتی: "ئێمە پێویستمان بە شاعیری زۆر هەیە، بەڵام ئەبێت جیاوازیـان هەبێت لە نێواندا".
جـا نووسـەری خـاوەن بـەهرە لـە ریـزی پـارتێکی سیاسـیدا هـەردەم گەشـە بـە بـەهرەو توانستی داهێنانی خۆی ئەداتو باوەشـی گـەرمی بـۆ ئەکرێتـەوەو سـەر بەرزیـە بـۆ ئـەو

حیزبە کە لەو رێگەوە پەرە بە بەرهەمەکانی بدات هەروەکو لینین دەڵێت:"بەهرە شتێکی دەگمەنە ئەبێ بەشێوەیەکی رێكو پێكو دروست بایەخی پێ بدرێت".

(پیکاسۆ) هونەرمەند بە گیانلەبەرێکی سیاسی ئەداتە قەڵەم کە هەردەم وریایە لە ئاستی رووداوەکانی جیهانداو گشتیان کاری تێئەکەن. جا ئەگەر ئەو رووداوانە، رووداوی جەرگبڕ بن یان ناسكو دڵبەجۆش بن".

پیکاسۆ بەرلەوەی ئیلتیزامی هەبێ هونەرمەندێکی کارامە بوو بە چەند قۆناغو قوتابخانەی هونەری تێپەڕیو کە بووە هونەرمەندێکی مولتەزیم نەبووە مرۆڤێکی تر، بە جۆری ئلتیزامەکە رادەی هونەرەکەی وەکو گەرماپێوێك بهێنێتە خوارەوەو بچێتە قاڵبێکی ترەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە هونەرەکەی روویەکی تری وەرگرت ئەویش خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بوو، بەپێی ئایدیۆلۆژیەتی پێشکەوتوخوازانەی هۆشمەندانە.

یان شاعیرێکی گەورەی وەك لویس ئاراگۆن کە لە سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی سوریالیزم یەکێك بوو لە ستوونە زلە خوێن گەرمەکانی، بەلام کە ساڵی ۱۹۳۰ ز لە کۆنگرەی (کارۆف) گەڕایەوەو بڕوای بە ریالیزمی سۆشیالیست هێنا پاش ئەوەی کە ئەندرێ بریتۆن لە ساڵی ۱۹۲۹ دا بەیانی دووەمی خۆی بلاوکردەوەو هەڵوێستی خۆی تیادا دیاریکرد کە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی مولتەزیمە، شۆڕشی چەپڕەوی سەرکێشانەی دوور لە هەموو حیزبێکی سیاسی، چونکە ڕای وابوو کە نابێت هونەرمەند سەر بە هیچ رێکخراوێکی کۆمەلایەتی بێت، جا هەر چۆنێك بێت تەنانەت شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەشی هەبێت".

وا بزانم رایەکەی کاك دڵشاد لەگەڵ ڕای بریتۆن جووتە لە رووی نامولتەزیمی هونەرمەند بە پارتێکی سیاسییەوە، هەروەها پۆڵ ئێلواری شاعیری ناسراویش لە ساڵی ۱۹۳۸ دا لە بریتۆن جیابۆوەو ئەویش بووە شاعیرێکی مولتەزیمو ئەندرێ بریتۆن بە تەنیایی مایەوەو چرای جولانەوەی سوریالی کوژرایەوەو کۆمەڵەکە هەڵوەشایەوە.

چاکترین بەڵگە کە بەدەستمانەوە بێت ئیلتیزامی شاعیری شیلی مەزن پاپلۆ نیرۆدایە کە ئەبێت چ جیاوازییەك ببینین لەنێوان ئەو کاتەی کە لە دەرەوەی کۆڕی ئیلتیزامدا وەستابوو وەکو شاعیرێكو دوای ئەوەی بوو بە شاعیرێکی مولتەزیم، مەگەر جۆرە گۆڕانێکی هەستپێکراو نەبێت لە رووی روونبینیو داهێنانی هونەری دروستکەرانەو لایەنی مرۆڤایەتی پڕشنگداردا، وە گومان لەوەدا نییە نەك تەنیا هاوبیرەکانی شاعیر

بەڵکو نووسەرە بورژوایەکانیش نێرۆدا بە شاعیرێکی گەورە ئەدەنە قەڵەم. بروسکەی ئاژانسی یونایتید پرێس کە هەواڵی خەڵاتی نۆبلی ئاداری ساڵی ١٩٧١ ی بڵاوکردەوە چاکترین نموونەیە کە ئیلتیزامە سیاسییەکەی شاعیر نەبووە پاسەپۆرتێك بەرەو ئەوپەڕی خەڵاتەکە وەك بۆچوونەکەی کاك دڵشاد..دەقی بروسکەکە بەم شێوەیە بوو "نیرۆدا کە ئێستا باڵویزی وڵاتەکەیەتی لە پایتەختی فەرەنسا خەڵاتی (نۆبڵ)ی پێ ڕەوا بینرا، چونکە هۆنراوە هەڵقوڵیوەکانی بە زیندوویەتی خۆڕسك، سەرئەنجامو خەوی سەرجەمی کیشوەرێك بە ژیان دەبەخشنەوە". ئەم بڕیارە گەورە پڕ لە ڕێز لێگرتنەی مەزنی جیهانی وەك شاعیرێك، سەرەڕای وەستانی نووسەرو ڕۆشنبیرە بۆرژواکان دژی ئەم بڕیارە، بە نموونەیەکی هاوچەرخ ئەدرێتە قەڵەم کە نیرۆدا شوێنی " س. ئەلیوتو ئەزرا پاوند"و هی تر ئەگرێتەوە, ئەوەش لە توانستی هونەری ئەوانە کەمناکاتەوە، بەڵکو سەلماندنی هەڵبژاردنی ئەو نموونانەن کە پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی ئەیسەپێنێ".

دیسانەوە هەڵوێستی شاعیری شۆڕشگێری سۆشیالیزم "مایکۆڤسکی" گەورەترین بەڵگە بۆ مەسەلەی ئیلتیزام کە بەر لە ئیلتیزام, واتە ساڵی ١٩١٢ چ هەڵوێستێکی هەبوو بەرامبەر شاعیرانی تر کە چۆن لەگەڵ (بۆرلیوك کرو چینخ و کلینۆف) بەناوی (زللەییێك لە ڕووی چێژی گشتیدا) بەیانێکیان دەرکرد تیایدا نووسرابوو: هەر ئێمەین بە تەنیا نوێنەری سەردەمی خۆمان، وشەکانی هونەر کە ئێمە دایئەڕێژین شەیپورێکە زەمانە فووی پیائەکات..ڕابردوو هەناسە بڕە، ئەکادیمیەتو شیعرەکانی پۆشکین لە دروشمەکانی هیرۆغلیفی تەماوی ترن.. لە کەشتی سەردەمەوە (عصر), پۆشکینو دوستویڤسکیو تۆلیستۆیو هیتر بخەنە دەریاوە".

ئاخۆ کە مایکۆڤسکی ئیلتیزامێکی پەیداکرد لە شاعیریەت کەوت؟ لێرەدا پرسیارێك ئەکەین مایکۆڤسکی چ دەورێکی بینی لە نوێکردنەوەو پێشخستنی شیعری شۆڤیەتی, نووسەری پێشکەوتنخوازی لوبنانی"حەننا مینە"  وەڵامی ئەم پرسیارەمان ئەداتەوە, مایکۆڤسکی لە ڕێگەی توانستی شیعرەکانییەوە کە ئیستاتێکیەتی دروستکەری داهێنەربوو شۆڕشێکی بەرپا کرد بە جۆری ئامرازی گرتەوەو بە ئاوازی هەڵقوڵیوو دیمەنی شیرینی هۆنراوە سەردەمی خۆی بە قسە هێنا".

لـه سـەرەوەش مایكۆڤسـكی لـە ڕووی هونـەری شـیعرەوە لـە پوشـكین بـالاتر نـەبوو، بەلگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە قسەكەی"لینین"ە كە جارێك كتێبێك بە دەست یەكێكـەوە ئەبینیو پێی ئەڵێت چ دەخوێنیتەوە؟ ئـەڵێت: مایكۆڤسكی, لینینـیش دەڵێـت: پۆشكین بخوێنــەرەوە، كــە واتــە تاقیكردنــەوەی نووســەر بەشــێوەیەكی كــۆنترۆلی وشــك بــە ئیلتیزامەكـەوە نەبەسـتراوەتەوە وەك مامۆسـتا دلشـاد تێیگەیشـتووە، وتـراوە: "هـیچ گیروگرفتی نییە كە هونەرمەند مرۆڤێكی مولتەزیم بێت بـەڵكو بنچینەیەو مـەرجێكی سەرەكییە لـە ژیـانی هونەرمەنـدو هونەرەكەیـدا". خـۆ بلـزاك كـە لـە ئاسـتی سیاسـەتدا دووره پـەرێز ئەوەسـتا، هـەموو سـۆزو هەسـتی بـەلای ئـەو چـینە بـوو كـە خـەریكی هەرەسـهێنان بـوو سـەرەڕای ئــەوەش هــەروەكو ئیـنگلس دەڵێـت: شـاكارە نایابـەكانی حەتمیـەتی ئـەم چـینەی"چـینی بـۆرژوا" زۆر چـاك نەخشـە كێشـاو بۆیـە بلـزاك بـە گەورەترین سەركەوتنی ڕیالیزم دەژمێردرێت".

یا شاعیرێكی وەكو ئەلیوت كە هەرگیز ناتوانێن بیخەینە پشتگوێو لـە بـەهرەی شـیعری كـەم كەینــەوە هــەر لەبەرئــەوەی كــە ڕایــە كۆمەڵایــەتیو سیاســییەكانی پوچــەڵو كۆنەپەرسـتان, مـەحموود دەروێـش كـە شـاعیرێكی پێشـكەوتنخوازی مولتەزیمـە دەڵێـت: "ناتوانم شیعری ئەزرا پاوند یاخود ئەلیوت بە شـیعرێكی شۆڕشـگێرانەیان دانـێم، بـەلام دایان ئەنێم كە چەمكێكی شۆڕشگێڕانەیان خستۆتە نـاو شـیعرەوە، واتـا ناگونجێ شـاعیر لەناو هۆنراوەدا شۆڕشگێر بێتو لە شەقامیشا كۆنەپەرست بێـت هـەروەها ناگونجێ لـە شەقامدا شۆڕشگێڕ بێتو لەناو هۆنراوەدا كۆنەپەرست بێت".

لێرەدا بەشێوەیەكی گشتی نكوڵی لەوە ناكرێت كە ئیلتیزام بە هیچ كلۆجێك بەرهەڵستی داهێنــانو دروســتكردنو پێشــكەوتنو پەرەپێــدانیو بەرهــەمی هونەرمەنــدو نووســەر ناكـات. وە ئەگـەر كـاك دڵشـاد وا بزانێـت، ئیلتیزامـی (هـێمن) بـە حیزبەكەیـەوە جـۆرە ڕەچـێتەیەكی تایبەتییــە ئــەبێ پــەیڕەوی بكــات، بــەلای منــەوە بۆچــوونێكی هەڵەیــە، چونكە شاعیر نەبۆتە ئامرازێك بەدەست ئیلتیزامەوە، ڕاستە "ئـەدیب سـۆپەرمان نییـە، گرامەفۆنیكی یەك دیو نییە، بەس پێكەنینی لەسەر تۆمار بكرێتو ژانو خەمێك كـاری تێنەكات، بەڵكو كەسێكی هەست ناسكە بە هەزارو یەك داو بەستراوەتەوە بە مرۆڤایـەتی دەورو پشتو گێتیو گەردوونو هەموو كارەساتەكانیانەوە" دیسانەوە كاك دڵشاد دەڵێت: ئەو ڕووداوانەی كەسێكی ئاسایی نایبینیو هەستی پـێ ناكـات ئـەو بـەدی دەكـاتو كـاری

تێدەکات، لە ماوەیەکی کەمدا هەزار جار دەمرێتو هەزارو یەکجار زیندوو دەبێتەوە, بەلای من مافێکی ڕەوای خۆیەتی کە خشتەی پیاوە سیاسییەکان ڕەتکاتەوە". لێرەدا نووسەر ئەدیب بە سوپەرمان دانانێ، بەڵام لە هەمان کاتیشا لە خەڵکی جیائەکاتەوە. ئاشکرایە ئینسانی سیاسی وەك شاعیر تێبینیو ڕای وردو سەرنجی قووڵی هەیە بەرامبەر ژیانو گۆڕانەکانی کۆمەڵ، مانای ئەوە نییە کە ئەبێ شاعیر ڕۆژێ هەزار جار بمرێتو هەزارو یەکجار زیندوو بێتەوە، ئاخۆ (هوشی مێن) کە سەرکردەیەکی بە وەجی گەلی ڤێتنام بوو ئەو ڕەوشتانەی کاك دڵشاد بۆ ئەدیبی دەستنیشان کردووە لێی ئەهاتە دی؟! شاعیری فەرەنسی بەناوبانگ پۆل ئێلوار وەڵامی ئەم پرسیارەمان ئەداتەوە: "شیعر نووسینتان نابێتە هۆیەکی ماقوول کە ئێوە خۆتان لە خەڵکی تر جیاکەنەوە".

مامۆستا دڵشاد لە کۆتایی وتارەکەیا دەڵێت: مرۆڤی مرۆڤ شەیدای گوڵە, دڕندەیەتی ئەم گێتیەو... لە پێناوی ژیانێکی مرۆڤانەدا قوربانی بەمرۆڤ دەدات, نەك لەپێناوی لافیتەیەکدا کە ناوی ڕزگاریو ئازادییە، مرۆڤ هەموو مرۆڤ واز لێ بینێ و لەناوی ببات" وەك بڵێی تێکۆشانی سیاسی هەر حیزبێك خۆخەڵەتاندنو لە خشتەبردنەو ڕەوڕەوەی مێژوو بە فووی ئەدیب ئەکەوێتە گەڕو پەیوەندییەکی دیالیکتیکی پتەوو نەپچڕاو نییە لەنێوان تێکۆشانی پارتە سیاسییەکانو گۆڕانی کۆمەڵگای ئادەمیزاددا، وە بەناوی پەرژوەندی مرۆڤو گرنگی لایەنی هونەری بەرهەم مەسەلەی ئیلتیزام شتێکی پوچەڵەو سەربەستیو بەرەڵایی نووسەر هەموو شتێکە لەم جیهانەدا، بەڵام کە نووسەر ئیلتیزامی نەبێ ئەبێ لەگەڵ کام هێزو بەرە بێت؟! گۆرکی وتەنی: ئێوە لەگەڵ کێن ئەی نووسەرەکان، هەڵوێستی خۆتان دیاری کەن!".

ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٥١، ساڵی ١٩٧٥.

# چەند سەرنجێك لە تاریكو روون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا

-٢-

لـە ئەڵقـەی یەكـەمی نووسـینەكانی كـاك دڵشـاد دا ئـەدیب جـۆرە رەوشـتو رەنـگو روخسارێكی تایبەتی پێوەلكاوە لـە چوارچێوەیەكی رۆمانسیدا ئەتوێتـەوە، چونكە وەك خـۆی دەڵێـت: سـۆپەرمان نییــە، كەسـێكی هەسـت ناسـكە بـە هـەزارو یـەك پـەت بەسـتراوەتەوە....هـەزارجار دەمریـتو هـەزارو یـەك جار زینـدوو دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەم ئەدیبە سنوورەكانی مامۆستا دڵشاد ئەشكێنێو داوەكان ئەپچڕێنێو ئەبێتـە پاڵـەوانێكی ئەفسانەیی وەك بڵێی بازووبەندی پێیە، بۆیە "بڕبەندەكان لووسـم ناكـەنو گوریسـەكان منیان پێ شەتەك نادرێتو تەورەكانیش نامبڕنەوە", بـەم شـێوەو رێبـازە كـاكی نووسـەر لەگەڵ هۆنراوەكانی هێمندا دەكەوێتە زۆرانبازیو بە هەموو جۆر ئەیەوێت بـە خوێنـەر بسەلمێنێ كە هێمن شاعیری ئافرەتو جوانییە نـەك شـاعیری ئـاوارەییو تێكۆشـان, بـەلای منـەوە شـتێكی ئاشـكرایە كـە ترازانـی شـاعیرو داپچـڕانی لـە مرۆڤایـەتیو دابەشـبوونی شەخسـیەتی بـۆ شـاعیرو مـرۆڤ خـۆی ئەخاتـە هەلۆیسـتێكی كـزو لاواز كـە نـەتوانی شیعرەكەی تەرخان كـات لـە پێنـاوی ئـەو ئامانجانـەی كـە بـڕوای پێهێنـاون هـەوڵیان بـۆ ئەدات، هەروەكو ئیفتیشینكو دەڵێت:"هـۆنراوە ئافرەتێكـە زوو تۆڵـە ئەسـێنێو چاو لـە درۆ ناپۆشێت"، كە شاعیرێكی وەكـو هـێمن سەرگوزشـتەی خۆیمـان بـۆ ئەگێڕێتـەوە، درۆ لەگەڵ خۆیو خوێنەر ناكات، ئەگەر شـاعیری جوانـیو ئـافرەتو جـنس بووایـە، ئـەویش وەكو شاعیری بەهرەدارو بلیمەت (رامبۆ) ئـەبوو، كـە بـووە بازرگـانێكی گـەورەی كـڕینو فرۆشتنی قوڵەڕەشەكان بە تەواوەتی وازی لە هۆنراوە هێناو تا سـەر خـەریكی بازرگـانی بـووە، مامۆسـتا دڵشـاد بـۆ نموونـە چـەند دێـرە شـیعرێكی هـێمن دەهێنێتـەوەو ئەیكاتـە بنكەی نووسینەكەو بۆچوونەكەی:

**شیعرێك هەم توند بێو هەم ورد بێ**

**یانی شیعری ئەورۆی كورد بێ**

"كە شاعیر ئەوە روانینی بێت بۆ شیعر وە دوو خەتی بۆ دیاری بكات یان بە دوو بابەتی گشتی بزانێت داخوا وەكو شاعیرێك شیعری زۆرتر بۆ كام بابەتیان وتووە!؟ وە ئەگەر بۆ هەردوو بابەتەكە شیعری داناوە ئایا لە كامیاندا سەركەوتووترو گونجاوترە تیایدا!؟!".

لێرەدا ئەم جۆرە پرسیارانە وەڵامی تایبەتی خۆیان هەیە، هیچ مەرجێکی سەرەکی نییە کە شاعیر لە کام بابەت شیعری زۆرتر داناوە بەو ناوە بخوێنرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەم مەرجە بکەین بە بنکە ئەوە ئەبێت زۆر شاعیری سیاسی گەورە کە لە کاتی خۆیا زۆربەی شیعرەکانیان دڵداری بوون ئەبێ ببن بە شاعیری دڵداری، ژمارەی هۆنراوە نابێتە پەساپۆرتی شاعیر، چونکە شاعیری وا هەیە واز لە بابەتی کۆن ئەهێنێ‌و ئەچێتە قاوغێکی ترەوە، بەپێی ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بێت، ئەبێ بڕوا بە سنوور شکاندن‌و تێپەڕاندن (تجاوز)ی هونەرمەندو نووسەر نەهێنین‌و گوێ نەدەینە نوێکردنەوەو داهێنان‌و دروستکردن. دیسانەوە کە دەڵێت:

"وە ئەگەر بۆ هەردوو بابەتەکە شیعری داناوە، ئایا لە کامیاندا سەرکەوتووترو گونجاوترەو داهێنەرانەترە تیایدا؟ " وا بزانم ئەگەر ئەم پرسیارە لە (هێمن)ی شاعیر بکەیت یەکسەر پێت دەڵێت:

لە شیعرە دڵدارییەکانم، لە جوانی ئافرەت‌و دیمەنە ڕەنگینەکانی کوردستان، بەڵام بۆ؟! ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیەو وەڵامێکی ڕاست‌و دروستی ئەوێ..

گەر چاوێك بە شیعرەکانی لویس ئاراگۆندا بگێڕین، ڕاستییەکمان بۆ ساغ ئەبێتەوە کە ئەو شیعرانەی بۆ (ئەلیزا)ی خێزانەکەی خۆی دایناون زۆر قووڵترو هەست بزوێنترن لە شیعرە سیاسییەکانی، بەڵام ئاخۆ ئاراگۆن بە چ ناوێك ناسراوە؟! بە شاعیری دڵداری یان شاعیری بەرگری؟ بێگومان ئەوەی ئەم شاعیرە گەورەیە، بناسێت ئەزانێت چ دەورێکی باڵای بینی لە بەرگری کردنی گەلەکەی‌و جەنگان دژی سوپای نازی "هۆنراوە کورتەکانی بە ئاسانی ئەنووسرانەوەو ئەو دەست‌و ئەم دەستی ئەکردو زوو لەبەرئەکران‌و لە ئێستەگەکانی ڕادیۆی دژ بە فاشیستەکان بڵاو ئەکرانەوە"، یا شاعیرێکی وەك (ناڤم حکمت) ئەبێت شاعیری خێزان‌و مناڵەکانی بێت، بە سۆزترین هۆنراوەکانی ئەو بابەتانەن کە لەباری ژیان‌و چۆنیەتی زروفی خێزانەکەی ئەدوێن، گەرچی ئەم گیروگرفتەی کە شاعیر دووچاری بووە بەشێکە لە هی گشتی کە گەل‌و مرۆڤایەتییە و جیا ناکرێتەوە، بەڵام شاعیری مرۆڤایەتی (ناڤم حکمت) بە شاعیرێکی ئینسانی ناوی دەرکردووە... خۆ ئەگەر سەیری شیعرەکانی گۆران بکەین ئەبینین زۆربەیان دڵداری‌و وەسفی سروشت‌و بابەتی ترن، وە سەرکەوتنی زیاتری لە شیعرە سیاسییەکان وەدەسهێناوە، کەواتە وەك کاك دڵشاد بۆی چووە شاعیرێکی ڕۆمانتیکییەو

بەس، لێرەدا من نامەوێ بچمە بنەوانی ڕایەکەی کاك دڵشادەوەو لە کاکڵی نووسینەکەم دەرچم هەروەك مامۆستا کاکەی فەلاح بەجێ دێڵمەوە:چاوەڕوانی ئەم کاتەم کە مامۆستا دڵشاد ڕاستی بۆچوونەکەی خۆی بۆ خوێنەران ساغ ئەکاتەوە.

بێینەوە سەر هێمن‌و شیعرەکانی مامۆستا دڵشاد دەڵێت: هەر خوێندەوارێك "تاریك‌و ڕوون" بخوێنێتەوە کە دیوانی هێمنی کوردستانییەو دایناوە بە "گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی", یەکسەر تێدەگات کە هێمن شاعیری ئافرەت‌و جوانییە پێش ئەوەی شاعیری هیچ شتێکی تر بێت, وەلاوازی گەر تەشبیە بکەین بە نەخۆشی شیعر ئەوە بە پێچەوانەی شیعرە ناسکەکانی, شیعرە سیاسییەکانی زۆربەی لەرزو تایانەو خۆنادەن بە دەست شیفاوەو, لەسەر نوێنی ڕووکاری‌و قووڵبوونەوە تەنیا دەنگی لافیتەیی بە شەکەتی‌و خەستەیی دەمێننەوەو داهێنانی نوێیان کەم تێدا دەبینین، لە کاتێکدا کە شیعرەکانی بۆ ئافرەت‌و جوانی‌و ئیحساسی لانەوازی مرۆڤ لەم زەمینەداو ناسکی تەعبیر تا دێت قووڵترو فراوانتر دەبن جگە لە هەندێکیان کە ئەویش شتێکی ئاساییەو مەرج نییە هەموو بەرهەمی شاعیرێك برنجی بێت‌و لاوازی نەبێت لە بابەتێکدا" وەك دەرئەکەوێت کاکی نووسەر ڕایەکەی خۆی بە ڕای زۆربەی خەڵکی وریا تێدەگات‌و گەشتێك بەناو "تاریك‌و ڕوون"دا دەکات، بەڵام کام گەشت‌و کام هۆی گەشت کردن‌و کام بۆچوونێك!؟

بەر لە هەموو شتێك ئەبێ ئەوە بزانین کە ڕۆشنبیری‌و هونەرو ئەدەب، لە واقیعی پێشکەوتن‌و شارستانییەتی گەلان جیا ناکرێتەوە، وە کات‌و شوێن کارێکی گەورە ئەکەنە سەر ئەدەب، وە ئەدیب پەیوەندیەکی دیالیکتیکی پتەوی هەیە بە کات‌و جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و ڕێگەی بەرهەمی پیشەسازی‌و کشتوکاڵو پەیڕەوکردنی هەرجۆرە پرۆگرامێك لە ڕەخنەگرتن‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە واقیعی ناوبراو پێشێڵ کات، دوورە لە قوتابخانەی ڕەخنەگرتنی مارکیسیزمانە، بۆیە دەڵێم نووسەری خۆشەویست لە شیکردنەوەی شیعرە سیاسییەکانی هێمن سەرنەکەوتووە، چونکە هەر دیوێکی شیعرەکانی خستۆتە بەر ڕووناکی بەڵام دیوەکانی تری چاوی لێ پۆشیوە..ئەبووایە چاوێك بە نووسینەکەی هێمندا بگێڕێت، کەمێك ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کوردستانی ئێران‌و ڕادەی خوێندەواری‌و ڕۆشنبیر گەلی کوردی بکردایە، دکتۆر عیزەدین ڕەسووڵ باسی سەردەمی گەشانەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی

ئەکاتو ئەڵێت:"سەردەمی مەهاباد، ئەو سەردەمەیە کە بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانو لەماوەی دامەزراندنییەوە بۆ ساڵێك لە مەهاباد دەست پێئەکات کە بەراستی بە ماوەی گەشانەوەی ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنی کوردی ئەژمێردرێت، لە ناوچەیەکدا کە پێش ئەو کاتە هیچ مافی وەی نەبوو سەربەست بێت لە دەرکردنی وشەی کوردی بەرەو ڕووناکی" ماوەیەکی زۆر کەم نەبێت ئەویش لە ناوچەیەکی بچووك نەك هەموو کوردستانی ئێران جا کەی گەلی کورد سەربەستیو خوێندەواریو خوێندنی بە زمانی (زگماك)ی خۆی بە خۆوە دیوە؟! (هێمن)ێك لەو قاوغەدا سەری دەرهێنابێو وەك شاعیرێکی سیاسی ئەبێ شیعرەکانی چۆن بن؟! یا ئەبی ئەو شاعیرانە کە سەردەمی هێمنو دوای ئەو شیعری سیاسییان وتبێت ڕادەی داهێنانو هونەری شیعریان چۆن بێت؟! ئاخۆ هێمن دواکەتووە لە کاروانی ئەم جۆرە شیعرەدا؟! ڕاستە هەر شاعیری ئافرەتو جوانییە؟!

با منیش گەشتێك بکەم بە دیوانەکەی شاعیرداو لەبەر دەرگای (کوردم ئەمن)دا بوەستمو سەرێك لە شاعیرو شیعرەکەیدا خوارکەمەوە، تا بزانین ئەگەر سەرەتایەکی پتەوو سەرکەوتوو بێت بۆ ئەبێ شیعرەکانی تری پووچەڵ بن؟! کە شاعیر دەڵێت:

**گەر لە برسانو لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**
**من لە زنجیرو تەنافو دارو بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

کاك دڵشاد تەنیا دێرێك هەڵدەبژێرێت:

**ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕ خاڵم نیم**
**ئاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن**

"هەموو خوێندەوارێك دەزانێت ساڵی ۱۳۲۱ گوتویەتی" ئەوەی سەرەوە دوو دێڕە لە یەکەم شیعری دیوانەکەی کە کردیان بە خوێنی سیاوەحش بەسەر ئەو خەڵکەوە" دیسانەوە دەڵێت: قسەیەکی زۆر بێ تامو بێ ئیحساسی مرۆڤانەیە". ئەبووایە کاك دڵشاد سەرنجی لە ساڵی دانانی شیعرەکە بدابایە ئەوجا "نەعلەتی لە هەزار کیوو تەلانو بەرد بکردایە، کە مرۆڤ...ئافرەت...خۆشەویستی تێدانەبێ" ئەم شیعرە ئەگەڕێتەوە ئەو سەردەمەی کە (هێمن) چووە ڕیزی کۆمەڵەی (ژ.ك)و بووە بە شاعیرێکی ئەوتۆ کە ئەو

حەلە وا لە سیاسەت گەیشتبوو, کەپیاوی سیاسی ئەبێ دووربێت لە شیعری دڵداریو باسی جوانی، تووشی بینینێکی سۆفیانە ببوو، وابزانم ئەم جۆرە بیرو رایانە نیشانەی رادەی ڕۆشنبیری شاعیرە، کە زۆر کەس لە قۆناخێکی تایبەتییەوە بچنە قۆناخێکی تر، شتی نوێ بە وشکی وەرئەگرنو زۆر چاك لە مەسەلە نوێیەکە ناگاتو لەوانەیە تووشی هەڵەو دوورکەوتنەوەو لادانیش ببێ لە هێلی مەسەلەکەوە، بەلام ئاخۆ ئەو ساڵەی کە ئەم شیعرەی تیا دانراوە، واتا ساڵی ١٩٤٢ چ قۆناخێکە لە واقیعی میللەتەکەمان؟! ئایا ئەم شیعرە ماقوولترو پڕشنگدارترە، یا ئەی ڕەقیبی (دڵدار) کە دکتۆر مارف خەزنەدار بە (مارسلیز)ی نەتەوەی کوردی دائەنێ..خۆ ئەگەر بە پێی بیروڕای ئەمڕۆی هەڵسەنگینی ئەبینی لە ڕووی فۆرمو داڕشتندا شیعر نییە، بەڵکو تۆپەڵە قسەیەو لەسەریەك داندراوە بڕوانە چ دەڵێت:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان**

**نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

**کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**

**زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان**

لە دواییدا دەڵێت:

**ئێمە ڕۆڵەی (میدیا)و (کەی خەسرەو)ین**

**دینمانە.. ئایینمانە نیشتمان**

چ لایەنێکی هونەریت بەرچاو ئەکەوێت لەم سروودەدا؟! سەرنجێك لە داڕشتنی وشەکانو قاڵبی شیعرەکە، سەرنجێ لە بیرو باوەڕی شاعیر, ئێمە ڕۆڵەی (میدیا)و (کەی خەسرەو)ین...لە هەموو ڕوویێکەوە پووچەڵ ئەکرێتەوە، کە ئەو شیعرە نییە کاك دڵشاد بەدوایا دەگەڕێت، بەلام لە سەرەوەش بۆتە شیعرێکی شۆڕشگێڕو تەقلیدێکی نەتەوایەتی، کەم ئاهەنگو موناسەبەت هەیە ئەم سرووده نەوترێتو خەڵکەکە بە جۆش نەهێنێ، کەواتە لێرەدا بۆمان هەیە پرسیارێ بکەینو دووربین لە هەر جۆرە لایەنگیرییەكو داتاشین بۆ لایەك، (کوردم ئەمن) شیعرترە یا (ئەی ڕەقیب)؟, هەرچەندە هێمن پێش دڵدار ئەم شیعرەی گووتوەو هەر شیعرەش زروفێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەلام گەر هۆنراوەکەی هێمن کرابێتە (خوێنی سیاوەحشو قسەی زۆر بێ تامو ئیحساسی مرۆڤانە بێت) ئەبێ (ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خەسرەوین) چ بێت،

ڕۆڵەی پاشایان، یا ڕۆڵەی کاوەی ئاسنگەر؟! لەسەرەوەش نابێ لە نرخی سرودەکە کەم کەینەوە، چونکە دەوری خۆی بینیوەو هێشتاش بەردەوامە.

جا ئەبێ بە پێی زروفو واقیعی گەل بەرهەمی نووسەر هەڵسەنگێنینو لە مەحەکی بدەین. مەسەلەکەش زۆر ئاشکرایە کە شیعری سیاسی زاتییەتی کەم تیایەو شاعیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەچێتە ناو واقیعی ژیانەوەو موعاناتی توندو تیژو ژانی خەمو پەژارەکانی جۆرە شەقلێکی تایبەتی ئەبەخشن بە شیعرەکانی کە ڕەنگو ڕوخساری شێوەی خگابی حماسیو ڕاستەوخۆیان پێوە دیار بێ.

وا بزانم هەر بە تەنیا شیعرە سیاسییەکانی هێمن لەو چوارچێوەیەدا ناخولێنەوە، بەڵکو زۆربەی شاعیرەکانمان ئاوانو لەوانەیە هێمن لەوان پێشکەوتووتر بێت لە دارشتنو مەرجی هونەری شیعردا. وە ئەگەر مەبەستی مامۆستا دڵشاد شیعری لافیتە بێت، گوایە شیعرەکانی هێمن زۆربەی لەرزو تایانەو خۆ نادەن بە شیفاوە، ئەمەوێ لە کاك دڵشاد بپرسم کام شاعیر شاعیر ڕەنگی لافیتەیی بە شیعرە سیاسییەکانییەوە نەلکاوە، چ شاعیرە مردووەکانمان چ زیندووەکانمان، با لێرەدا بەراوردێك بکەین لەنێوان شیعرەکانی هێمنو شاعیرانی تردا. تا خوێنەری خۆشەویست لە ڕایەکانی کاکی نووسەر بگەنو گەر بە گوێی ئەو بکەین ئەبێت شیعرە ساسییەکانی زۆربەی شاعیرەکانمان تور دەینە دەریاوەو سیاسەتو شیعری سیاسی بە نەعلەت بکەینو نەڵێین شیعری سیاسیمان هەیە. بۆ نموونە (داری ئازادی)یەکەی بێکەس کە بەرزترین شیعرە سیاسییەکانی شاعیرەو لە کاتی خۆیا تەقینەوەیەکی گەورە بووە لە جوولاندنی هەستو نەستی ڕۆڵەکانی گەلی کوردو جۆرە تینو جۆشێکی بەخشیوە بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمان، بێکەس دەڵێت:

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ**

**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ**

لە دواییدا دەڵێت:

**نێرو مێ هەر دوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**

**دوورە دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێ نافڕێ**

ئەم هۆنراوە، دێڕەكانی شەقڵێكی ڕاپۆرتییان پێوە دیارەو بریتین لە دروشمو لافیتەی وەرگیراو وەكو: "الحریه شجره تسقی بالدماو", (الاستقلال یۆخژ ولایعگی), دیسانەوە دوو دێری لە جەمیل صدقی زەهاوی وەرگیراوەو كراوەتە كوردی:

**یرفع الشعب فریقان اناث وذكور**

**وهل الطائر الا بجناحیه یطیر**

دێڕەكەی دوایی: یشهد التاریخ علی قدم الصداقه الكردیه — العربیه.

ئەم هۆنراوەی (بێكەس) نەوتی كڵپەی تێكۆشانی گەلەكەمان بوو لە مانگرتنو خۆنیشانداناو ڕاپەڕینەكانی، ئەگەر بێكەس نركەی بێتو بڵێت:

**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە كووشتن سڵ نەكا**

**هەر بڕوخێ بەس نییە تاكو نەسێنرێ نادرێ**

(هێمن) لەوێ تێپەڕ ئەكاتو شۆڕشگێڕانە دێتە دەنگو لە هاڕژنە ئەداتو ئەڵێت:

**توخوونی دوژمنی بەد كارە نابین**

**كە سووتاوە دەسی ئێمە بە پشكۆ**

**زمانی ئێمە گەر نازانێ دوژمن**

**دەبێ حاڵی بكەین ئەو جار بە بڕنۆ**

**لە پێشماندایە دواڕۆژێكی ڕووناك**

**ئیتر ناخورێ هەقی ئێمە بە فیڕۆ**

**مەهاباد ١٩٤٥**

كەمێك لەم چەند دێڕەی (دوا ڕۆژی ڕووناك) ووردبینەوە كە شاعیر بەر لە (بێكەس)یش دایناوە، ئەگەینە ئەنجامێ كە (هێمن) پێش بێكەس كەوتۆتەوەو شیعرە (سیاسییەكانی) ئەو زۆر بالآترن لە هی بێكەسو شاعیرانی تر یا (ئازاری خوا)یەكەی ئەحمەد هەردی كە لە گۆڤاری بڵێسە بلاویكردۆتەوەو ئەم پێشەكییەی بۆ نووسیە: "ئەمە یەكێكە لەو هەڵبەستە شۆڕشگێڕانەی كە لە دەمی پاشایەتی كۆنی ڕماودا گۆرانی سەردەمی هەموو ئازادی پەروەرێك بوو، یادێكی بە سۆزی خەباتی خوێناوی هەموو چینە نیشتمانییەكانی گەلی پێوەیە كە ئەبێ هەموو كاتێ بە شانازییەوە گۆرانی ڕێگای كاروانی خەباتمان بەسەر دەمەوە بێ":

**ئازادی خوای کوردین ئێمە**

**شورەی پۆڵاو بەردین ئێمە**

**پشتی جوتیاری زەبوونین**

**ئاڵای بەرزی چوونیەک بوونین**

**شیری دەستی لێقەوماوین**

**لە ڕووی زوڵما هەڵکیشراوین**

**ئاغاو بە گزادانی زۆردار**

**جەردەی گیانی کوردی هەژار**

**خوێن خۆری ئەم نیشتمانەن**

**ئاڵەتی دەستی بێگانەن**

**ڕوژی خۆی گیانیان دەردێنین**

**تۆڵەی گەلیان لێ ئەسێنین**

ئەمەش نموونەی شیعری شاعیرێکی هەڵکەوتووی کورد (هەردی)یە کە هەمان ڕەنگو ڕوخساری هەیە:

**ئەو گەلەی لە خەوا ڕاستی بۆتەوە**

**نابەزێ لە ڕێی ئەم ژیانەدا**

**قاچی ڕۆڵەکەی گەر بە کۆتەوە**

**هەڵوەرێت لە ناو بەندیخانەدا**

ئایا کاک دلشاد چ جۆرە داهێنانێكو بەهایەکی هونەری ئەبینێ لە هۆنراوە سیاسییەکانی بێکەسو هەردیو دلزارو زیوەرو دیلانو شاعیرانی تر، هێمن لەم نیعەتە بێبەشەو، لە ڕیزی شاعیرەکانی دەوری خۆی ناوەستێت.

هێمن لە شیعرە کۆمەلایەتییەکانیشی لە پێشەوەی شاعیرەکانمان وەستاوەو شارەزایانە چارەسەری دەردەکانی کۆمەڵی کردووەو بەهرەی شیعری خۆی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە تێکەلاو کردووە، کە ئەو حەلە شاعیرەکانی کوردستانی عێراق دووربن لەم جۆرە بیرو باوەڕانە وەکو لە (وتووێژی کچو کوڕ)دا دەرئەکەوێت، کوڕ:

**دیدە گیان کچی کوردی ژیکەلە**

**داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە**

**(لينين) ڕاپەڕی ماڵی چارشێوا**

**تۆ هێشتا حەپسی لەژێر چارشێوا**

**لە گوێن (ژاندارک) هەستە وەک مەردان**

**دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان**

بەراوردێك لەگەڵ هۆنراوەکەی (بێکەس) (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە گیرودەو بەنیدت زیانو زوڵمە).

هەرچەندە شیعرەکەی هێمن کۆنترە، بەڵام لە ناوەڕۆكو فۆرمدا سەرکەوتووترە لە شیعرەکەی بێکەس، (هێمن)یش نکۆڵی ناکات لەوەی کە گۆڤاری گەلاویژ ڕۆڵێکی باشی یاری کردو لاوەکانی فێری کوردی خوێندنەوەکرد، لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانی عێراقەوە چاوی بە شیعرەکانی بێکەسو پیرەمێردو ئەحمەد موختارو حەمدی کەوتووە. بەڵام شیعرە سیاسییەکانی هێمن بە پێی زروفی ئەو کاتە لە هی شاعیرانی تر نزمتر نەبووە. بەڵام لە سەرەوەش مامۆستا دڵشاد بە چاوێکی تر شیعرەکانی یەکلا دەکاتەوەو خەتێکی زل بە سەر هەموو شیعرە سیاسییەکانی دائەهێنێو لە (تاریكو ڕوون)دا دەریان ئەکاتە دەرەوە، چونکە (قسەی کتێبنو لافیتەن)، ئەبووایە بڵێت قسەی ڕۆژنامەن (حکی الجرائد) عەرەب وتەنی، نەك کتێب، تا ئێستا وا یەکەم جارە قسەی کتێب بکەوێتە بەر داسی نووسەر، ئەبێ نووسینی کاك دڵشاد شیاوی ئەوە نەبێ بچێتە ناو کتێبانەوە، چونکە نووسینی کتێب سادەو ڕەشۆکییە نووسەرە برژوایەکان زۆرجار گاڵتە بە ڕۆژنامە ئەکەنو ئەڵێن قسەی ڕۆژنامەکان، گوایە قسەکانی وان ئەتەکێتو شێوازێکی تایبەتی هەیە، پایەی سنووورداری پێوە دیارە، بەڵام وا ئێمە کتێبیشمان بۆ زیاد بوو، ئیتر شاعیری بەهرەداری گەورەی عەرەب (المتنبی) زۆر بە هەڵە چووە کە وتوویەتی:

**"وخیر جلیس في الزمان کتاب" واتا چاکترین هۆگر لە دونیادا کتێبە.**

هەروەها کاك دڵشاد دەڵێت: تەنانەت بەرامبەر چینە زەبوونەکانیش هەڵوێستی لاتەریکی وەردەگرێتو دەڵێت:

**تا بە داسی دەسی ئەو پالە بە کارەی کورد**

**دڕكو داڵی سەرەڕێ گشتی نەدروێن دەگریم**

هـەموو شـاعیرێك دەتوانێـت بگـری، زۆربەشـیان دەتـوانن خـەڵکی بخەنـە گریـان گـەر مەسـەلەکە هـەر (سـۆز) بێـت بـە تـەنیا، بـەڵام کـەم شـاعیر دەتوانێـت هـەنگاوێك پـێش خەڵکەکە بکەوێتو ڕابەر بێت بۆ ژیانێکی بێ گریانو چەوساندنەوە"

گریانی شاعیر، گریانێکی بێ دەسەڵاتانەی ڕاسـتەقینە نییـەو ڕاکردنێـك نییـە لـە ژیانـدا وەك نووسەر تێیگەیشتووە، چونکە پێناسەکەی شاعیرو شیعرە شۆڕشگێرەکانی چاکترین بەڵگەن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی ئەدرێتە پاڵ شاعیر، وە گەر شاعیرێکی جیهـانی ئەمەی بگوتبایە ئەوە ڕوویەکی تری وەرئـەگرتو ئەچـووە قـالبێکی تـرەوە، بـەڵام مـادام هێمن گوتوویەتی، ئەوە شتێکی ترەو، مەبەست چەسپاندنی نا شـاعیریەتی (هـێمن)ە لـە ڕووی سیاسییەوە. کەچی شاعیری یۆنانی وەکو (منلاوس لاورس) لە نامەکەیدا بۆ (نـاڤم حکمـت) شـیعرەکەی مـۆرکێکی مرۆڤایـەتی وەرئـەگرێتو ئەچـێتە ڕیـزی شـاکارە بـە نرخەکانی شاعیرە ئینسانییەکانی جیهان، لاورس دەڵێت:

**پێناکەنمو**

**هەرگیز پێناکەنین**

**هەتا فرمێسکی جیهان نەسرێتەوە**

*        *        *        *

**(ناڤم) کە سبەی**

**زنجیرو کۆتەکەنمان ئەپچڕێنین**

**ئەو حەلە دێم بۆ دیدەنیتو**

**بە یەك ئەگەینەوە**

وە ئەگـەر کـاك دڵشـاد، وا بزانێـت شـاعیرەکانی ئـەمڕۆ، وە بەتایبـەتی لاوەکـان, سـنووری شیعری لافیتە داریان شکاندووە، ڕاستی بۆ نەچووە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم کام شـاعیری لاو خۆی بە خاوەن بەهرەو داهێنانو نوێکردنـەوەی دەزانـێ، گـەر بـە چاوێکی ورد سـەیری شیعرەکانی بکەیت ئـەبینێ ئـەم دیاردەیـە بـە زەقـی خۆمـان بـۆ دەرئـەخات، بـۆ نموونـە چـەند دێرێکـی شـاعیرێکی لاوی بـەهرەدار ئەخەمـە بەرچـاو، کـە هـیچ لایـەك نکـۆڵی لەپێشکەوتنی هونەری شیعری ناکات کە (شێرکۆ بێکەس)ەو دەڵێت:

**تەنیا لە لوولەی تفەنگا**

**ئازادی چاوی هەڵدێنێ**

**هەق بانگ ئەدا**

**تەنیا هەر لە ئاستی چەکا**

**داگیرکەر ملی کەچ ئەکا**

**ئەم هۆنراوە دروشمێکی سیاسییە، وتەی ماوتسی تۆنگە کە دەڵێت:"لە لوولەی تفەنگا دەسەڵاتی ناوەندی سەر هەڵئەدا"**

**تەنیا هەر لە ئاستی چەکا**

**داگیرکەر ملی کەچ ئەکا**

**هەمان مانای یەکەم ئەبەخشێ.**

**وەکو دەرئەکەوێت نووسەر ئەیەوێت وا لە خوێنەر بگەیێنێ، ئا ئەمەیە مەسەلەی ئیلتیزامی شاعیرو پووچەنی شیعرە سیاسییەکانی، گەر (هێمن) سیاسی نەبووایە ئێستا شاعیرێکی تر بوو، وا ئەزانێت هەر تەنیا شیعرە سیاسییەکانی (هێمن) ئەو رێچکەیان گرتووە, نەك شیعری گشت شاعیرەکانمان، بگرە شاعیرانی گەلی عەرەبیش سەرەڕای جیاوازی واقیعی ڕۆشنبیریو هونەریو ئەدەبی هەردوو نەتەوە، محمد الجزائری دەڵێت: پاش ئەوەی بڕگەیەك لە شیعری شاعیرێکی عەرەب ئەهێنێتەوە" ئەم بڕگەیە زیاتر لە بەڵگەیێکمان ئەدا بە دەستەوە کە شیعری زۆربەی شاعیرەکانی عێراق سەرەتایەتیو شەقڵی پەخشانو ڕاستەوخۆییو لافیتەییان پێوە دیارە.. شیعرەکانی زۆربەی شاعیرەکانمان بە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ٥٨ کەوتبوونو هانە هانکیان پێوە نووسابووو پەیڕەوی نووسینی سیاسییان دەکرد".**

**هەروەها سعدی یوسف دەڵێت: "ڕێبازی سیاسی ئاشکرایە، بەڵام لە دەرەوەی هۆنراوەدا، کە کارێکی هونەرییە، ئەمەوێ بڵێم سیاسەت وەك چەمکێكو چالاکییەكو زەمینەیەك، هێشتا لە هۆنراوەدا بە شێوەی بیروباوەڕ خۆی نیشان ئەدات، نەك بە شێوەی ناوەڕۆکی هونەرانە، واتە پەیوەندی نێوان سیاسەتو شیعر نەگەیشتۆتە قۆناغی تەمسیلکردن".**

**وە گەر ئەوە باری شیعری سیاسی شاعیرانی عەرەب بێت ئەبێ باری شیعری ئێمە چۆن بێت، بە تایبەتی ئەو هۆنراوانەی چارێکە سەدەیێك زیاترە دانراونو ڕۆڵی خۆیان بینیوەو چوونەتە دەفتەری (شیعری کوردی)مانەوە, گەر بە پێی بیروباوەڕی سەردەمو پێشکەوتنو گۆڕانی شیعری ئەمڕۆ، هۆنراوەی سیاسی هەڵسەنگێنین، ئەبێ نەك شیعر، بەڵکو هەموو کەلەپووری نەتەوایەتیمان بسووتێنینو لەبەر نەبوونی سامانی**

نەتەوایەتیمان (ڕەق هەڵگەڕێین)..بۆیە ئەبینین "نووسەرە سۆڤیەتییەکان بە پێی نەریتی وڵاتەکەیان سەردەمو پایەی شیعری خۆیان ئەپێون".

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٥٢، ساڵی ١٩٧٥.**

## چەند سەرنجێك لە تاریكو ڕوون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا

- ٣ -

مامۆستا دڵشاد لە وتاری سێیەما دەڵێت: هێمن تووشی (دەردە ڕۆژهەڵاتی)یێکە دەبێت کە ئەویش کەس پەرستییە، کە زۆرجار ئەو دەردە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی لەژێردا دەپڵیشێتەوە وا دەبینی کە پێشەوابوونی وەکو سەر کۆمارێك یان وەکو ڕابەرێك بەسە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی بگەنە ئامانجو ئاواتەکانیان:

**میللەتی ئێمە هومێدی زۆر بە کاری پێشەوایە**

لە کاتێکا کە من دژی کەس پەرستی (عبادە الفرد)م، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەو ڕۆژەی هێمن بەو ڕێبازە هەنگاوی ئەنا، بە دەیان پارتییە پێشکەتنخوازە چەپڕەوەکان تووشی ئەم نەخۆشییە هاتبوون ئاخۆ کەی ئەم دەردە چارەسەکرا؟! ئێستا ئەم دەردە لە ناو بزوتنەوەی گەلانا باوە یاخود نا؟! ئەگەر هێمنێك چەند دێڕێك شیعری بۆ پێشەوا قازی وتبێت زۆر نەڕۆیشتووەو لە خەت لای نەداوە کە بە هەڵەیەکی گەورەی دابنێین، جگە لەوە کە پەیوەندییەکی گیانیو سیاسی هەبووە لەنێوان هەردووکیانا، سەرەڕای دەوری پێشەوا قازی لە دروستکردنی کۆماری مەهاباد، ئەگەر (هێمن) تووشی ئەم دەردە بووبێت ئەبێ بە مایکۆفسکی بڵێین چی کە لە ساڵی ١٩٢٤دا شیوەنێك بۆ لینین دادەنێتو دەڵێت:

**ئەگەر منو هاوارەکانم پێشێل کراین**

**نەفرەت لە ئاسمان ئەکەمو**

**بۆمبایەك بە (کرملین)**

**ئەدەمو هاوار ئەکەم بروخێ**

**کۆمیتەی ..**

مامۆستا دڵشاد له ئەڵقەی پێنجەمدا نوسیوویەتی: کاتێك شاعیر بۆی هەیە خۆشەویستی بۆ ئافرەتێك یان کەسێك لە تەك خۆشەویستی بۆ نیشتمان‌و گەل‌و شتەکانی تر دابنێت‌و پێکیانەوە ببەستێ کە پەیوەندییەکی جەدەلی (ماددی) بدۆزینەوە لەنێوانیانداو دیاری بکات‌و بیکاتە مەرکەزێکی بەهێز بۆ پێکەوە لکاندنی هەردوو خۆشەویستییەکە "واتە خۆشەویستی بۆ زاتێك لەگەڵ خۆشەویستی بۆ کۆمەڵێك یا نیشتمانێك" لە دواییدا بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایەی نموونەی شیعری شاعیری نەفرەتلێکراو بودلێر دەهێنێتەوە، لەپاشا باسی جێگای چینایەتی شاعیرو ئیلتیزامی فیکری‌و تەنزیمی‌و سەرەڕۆیی‌و سامکردن لە هەندێ شتی دیاریکراو دەکات‌و دەڵێت: هێمن شاعیرێکی بورجوای چاوکراوەیە.

لێرەدا دەمویست کاکی نووسەر (بودلێریێك) نەکاتە ڕەمزێك‌و نیشانەیەك بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی هێمن‌و بیرو باوەڕەکانی شاعیر، چونکە بودلێر وەکو شاعیرێك، بیروڕاو هەڵوێستی لە هی هێمن پێشکەوتنخوازترو شۆڕشگێڕتر نەبووە کە بیکەینە وێردی سەرزمانمان‌و شادەی پێی بینین‌و داوا لە شاعیرێکی وەکو هێمن بکەین کە پەیڕەوی ئەو بکات، ڕاستە بۆدلێر شاعیرێکی خاوەن بەهرەو هونەرمەندە، بەڵام "زامەکان‌و برینەکانی‌و تەمەڵی‌و بەسوودی‌و پەککەوتنی خۆی لە دەروونی ئەم سەردەمە پڕ لە کاری بەردەوامدا دەرئەخست".

شاعیری گەورەی ئەڵمانیا گۆتە دەڵێت: هەموو هۆنراوەی کات‌و زروفن‌و لە واقیع وەرگیراون‌و لەسەری بنیاتنراون‌و لە ناویا چەسپاون هیچ کاریشم بەسەر ئەو هۆنراوە نییە کە لەسەر هیچ ڕاست ئەبێتەوە" کەچی بۆدلێر بە پێچەوانەوە دەڵێت: "هۆنراوەی ڕاستەقینە ئەو هۆنراوەیە کە تەنیا لەبەر خۆشی نووسینی هۆنراوەکە وتراوە" ئەم جۆرە ڕایەی بۆدلێر لەگەڵ ڕێبازی هونەر بۆ هونەرەو ئەدەب بۆ ئەدەب لێکئەداتەوە دوور لە شەقامی کاروانی گەل ئەوەستێت‌و لە دوورەوە سەیری قۆناغی ژیان ئەکات..

"ئێمە کە گوێمان لە گۆرانییەکانی پۆل رۆبسن ئەبێت تێدەگەین چ خزمەتێکی گەورەی مەسەلەی ئاشتی‌و مرۆڤ دەکەن، هەرچەندە پوختەی گۆرانییەکانی هۆنراوەی ئاشکراو وشەی سادەن، بەڵام پڕن لە جوانی‌و شیرینی‌و هۆیەکی ئاسانە کە شیعر تەنیا خۆی لەناو وشەدا بئاڵێنێ" ئەو کاتە لەسەر کەناری وشە گیان ئەدات‌و ناگاتە مێشکی خوێنەر کە ڕایبکێشێ بۆ ڕیزی مەسەلەکەوە". وە مرۆڤی پێشکەوتنخواز ئەو مرۆڤەیە هەروەکو

نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی تمارا موتلیفا دەڵێت: کە لەنێوان پەیوەندی دەورو پشتی خـۆیو هەڵوێسـتی بەرامبـەر نیشـتمانەکەیو ئـەو ئافرەتـەی کـە خۆشـی ئـەوێتو شارسـتانی خـۆیو هـی جیهـانو دۆسـتو هەڤاڵـەکانی دەرئەکـەوێ "باسـی جـوانیو تەڤینەوەی هەستی خۆشەویستیو دڵداری هـەرگیز شـاعیر لـە خۆشەویستی گەلەکـەی جیاناکەنەوە، وە شیعرەکانی هێمن بە تایبەتی سیاسییەکانی لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بـە نرخانـە جیانابنـەوە کـە زادەی بـیری ڕۆشـنبیرانو پێشکەوتنخوازانی هـەموو مرۆڤێکـی سـەرزەمینن، چـونکە شـاعیر نایـەوێت خـۆی بـەو وشـە زلانـەی نـاو بـەیاناتی شـیعری ببەستێتەوەو دوور بێـت لـە چاودێری هەستی تـەواو بـە واقیعـی خـۆیو نەتەوەکـەیو مرۆڤایـەتی لـەم ڕووەوە ئـاراگۆن دەڵێـت: کـە دادا دان بـە غـەریزە داناهێنـێ، هـەر لـە پێشـەوە دژی ئـەم لێکدانـەوە وەسـتا، بۆیـە داوامـان لێئـەکات کـە خۆمـان لـە هـەموو چاودێریەکی سەر زانی خۆمان ڕزگارکەین".

دیسان کاك دڵشاد دەڵێت: کەرچی هێمن وەکو شاعیرێکی "زۆرجار چورتم تووش هاتوو" لە هەندێ شیعردا باسی تێکشاندنی خـۆی کـردووە، بـەڵام دیـارە دەنـووکی گروپەکـەی, واتا ئامۆژگاری دۆستانی ئیلتیزامەکەی کە دەبێت شاعیر هەردەم خۆشبین بێو سوور بێ لەسـەر خـەباتو ئەدەبەکـەی. نـابی باسـی خـەمی تێـدا بێـت، خەمیشـی تێـدابێت دەبـێ دوایینەی هەڵسانەوە بێت. لێرە دەمەوێت ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە کە کـاك دڵشاد بـۆی چـووە، ڕاسـتە شـاعیر زۆرجـار ورە بەرئـەداتو ئەچـێتەوە قـاوغێکی تـرو تووشـی ڕەشـبینیو نائومێـدی ئـەبێت، بـەڵام پێشـڕەوە سیاسـییەکەی لـەم کەندەڵانـە ڕزگـاری ئەکاتو ئاسۆیەکی تری بـۆ ئەکاتـەوە کـە گۆشـەگیریو خـەم خواردنـەوەی شـاعیر دەردی کۆمـەڵ چارەسـەر ناکـەنو برینـەکانی سـارێژ ناکـەن.. بۆیـە هـەنری لۆڤاڤـەر دەڵێـت: وازهێنان لە شێوە کۆنەکانو دروستکردنی شێوە نوێیەکان بە ئەزموونی ڕاسـتکراوەو بـە کردەوەی هەسـتکردن بـە ڕووداوەکـانی نوشوسـتیو کـەوتنو ڕەخنـە لـەخۆگرتن نـەبێت نایەتــە دی، وە لــەم ئەرکــە گرانــەدا, کــە مەبەســت هــۆش وەرگرتنــە (ڕەخنــەو ڕەخنەلـەخۆگرتن), هونەرمەنـد نـاتوانێ بـە تـەنیا بێـت، وە هەرچـەندە خـۆی لـە گۆشەگیری دەرباز کرد سەربەستی پتر ئەبی ئەمەش پێویست بەوە ئەکات کە هەست بـە (خەڵك) واتە بە گەلو جەماوەرو پێشڕەوە سیاسییەکەی بکات".

من لەگەڵ کاکی نووسەر نیم کە ئیلتیزام ئەوەیە کە ئەدەب نابێ باسی خەمی تێدا بێت، گەر باسی خەم نەکرێتو حوزنو خەمو پەژارە بەخۆوە نەبینێ تام لە ژیانی خۆشی ناکات، بەڵام مانای ئەوە نییە بە چاویلکەیەکی ڕەش سەیری ژیان بکاتو تەنیا تارمایەی ڕەشو ترشو تاڵی تێدا ببینێو هیچی تر، چاویش لە ئاستی ڕووی گەشو ڕووناکیدا بنوقێنێو وەك بڵێی مرۆڤ دروست بووە، کە هەردەم کلۆڵو خەم نشین بێ و لەم جیهانە بێزاربێو خەمو پەژارە دایبگرێت, لەم ڕووەوە نموونەی زۆرمان بەدەستەوەیە ماوتسی تۆنگ دەڵێت: ئەدەبی سۆڤیتی لەسەردەمی بنیادنانی سۆشیالیستیدا بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕووی ڕووناکی ئەدوێت، لەسەرەوەش دەربارەی کەموکورییەکان لە ئیشو کارو شەخسیاتی سەلبی ئەنووسێت، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ نیشاندانی ڕووی ڕووناکە بەتەواوەتی، بەم شێوەیە هەردوولا بەیەك چاوو یەکسانی باس ناکات".. ڕاستە کە شاعیر باسی خەم ئەکات ئەبێت دواییەکەی هەڵسانەوە بێت، چونکە هەروەکو لینین دەڵێت: "دایلێکتیك ئەو تیۆرەیە کە چۆنیەتی دژەکانمان "الاچداد" نیشان ئەدات کە ئەبنو لەوانەیە بەشێوەیەکی ئاسایی یەکگرن، وە لە چ کاتێکا یەکگرتوونە، وە کە یەکێك ئەبێتە ئەوی تر، بەڵام ناکۆکی نێوانیانو ململانێیان شتێکی موتڵەقە، هەر دژێك ئەیەوێت بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێتو دژەکە لە بن بێنێ" نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی مەکسم گۆرکێ زۆرجار ئەکەوێتە ژێر باری نائومێدیو کڵپەی شۆڕشگێڕی لەدڵو دەروونیا کز ئەبوو, لە تێکۆشان سارد ئەبۆوە، بەڵام لینین دەستی ئەگرتو لە گێژەنەی شپرزەییو ورە بەردان ڕزگاری ئەکرد بۆیە وتوویەتی: "حەز لە ئەدەبی هاوچەرخ ناکەم لەبەرئەوەی بە چاوێکی ڕەشبینی سەیری ژیان ئەکات.. ژیان لە هی ناو کتێبەکان جوانترە، ئەگەر کتێبەکەش نایاب بێت".

وە کە کاك دڵشاد هۆنراوەکانی هێمن بە قسەی ناو کتێب تێئەگات وا بزانم هێمن شانازی بەوەوە دەکات کە کتێب ڕابەڕی شاعیرەو بینینی خۆی لە ژیانی گەلی کوردو گەلانی جیهانو هۆنینەوەی ئەو کتێبانەی بەرهەمی شەونخونیو ئەرکو ڕەنجی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو هونەرمەندانەو, لەم ڕێگەوە مێشکی خۆی ڕۆشن ئەکاتەوەو ڕێگەی خۆی پێ دەرئەکات بە پێچەوانەی نزار قەبانی کە دەڵێت: "شیعر کردەوەیەکی سەرەو ژێرکردنە کە مرۆڤێکی تووڕە ئەیکاتو جێبەجێی ئەکات.. شیعر

بزووتنەوەیەکە لەناو مەندی (سکون) کتێبو کەلەپوورو زماندا، شیعر بە شۆڕشو منالّیەتیو شێتی بەستراوەتەوە".

کاك دلّشاد لە کۆتایی دوا ئەلّقەی نووسینەکانیدا دەلّێت "باوانەکەم .. بە بڕوای من شیعر کارەباییێکی مرۆڤانەیە بە گوێرەی یاسایەکی دالیکتیکی ئاشکراو ڕەوان لە سالیبو مووجەبێك پێکهاتووە سۆزێك کە زادەی وەعی بێت + توانای داهێنانی هونەری = بەو کارەبا مرۆڤانەیە شیعری پێ دەلّێن" لە دواییدا دەلّێت: شیعر ماددەیەکە بەگوێرەی وەعی چینایەتی خۆیو تێگەیشتنی لە مرۆڤ و گەردوونو کارەساتەکانی ناوی دەیخاتە کار بۆ خزمەتی ئەو فەلسەفەیەی باوەڕی پێی هەیە" کە دەلّێین کارەبا سالبو مووجەب، ئەبێ چۆن لەم دوو سەرەی تەلی کارەبا بگەین"گەرمو سارد" کامیان ساردنو کامیان گەرمن؟! فۆڕمەکە یان ناوەڕۆکەکە... ئاخۆ مەرجە کارەبایەکە مرۆڤانە بێت..زۆر شیعر هەیە دوژمن بە مرۆڤەو ژەهر بلاوئەکاتەوە کەچی شیعرەو هونەری شیعری تیایە، مەسەلەی ئایدۆلۆژیەتی شاعیریش شتێکی ترە..بۆ نموونە شاعیرێکی ئینگلیزی کپلینغ کە دوژمنێکی خوێنینی هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتووخوازانەیەو شاعیرێکی نازی پەرستو خاوەن زاراوی بۆگەنو پووچەلّە دەلّێت: ڕۆژهەلات هەر ڕۆژهەلاتەو، ڕۆژئاواش ڕۆژئاوای بارگرانی مرۆڤی سپییە، دەربارەی بەریتانیا چ دەزانن ئەوانە کێن کە تەنیا بەریتانیا دەیانناسێت؟

ئاو ئەو شاعیرەی کە دەلّێت:"من چیم بۆ کردی ئەی ئینگلتەرای خۆشەویستم" وە کە هەموو خەلّکی ئاسیاو ئەفریقای ئازادیخواز بە مرۆڤو دارو بەردو خاكو خۆلّییەوە نەفرەت لە گیانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ئەکەنو تف لە هۆنراوەکانی شاعیر دەکەن کە دەلّێ:

**با لەنێوان دار خورماو**

**زەنگی کەنیسەکاندا**

**دەلّێت:**

**ئەی سەربازی بەریتانی**

**جارێکی تر بگەرێرەوە ماندالی".**

وە کە شاعیر لە پیاهەلّدانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیو چۆنیەتی داگیرکردنی ولاتاندا (داهێنانێك)ی وە دەستهێنا بێت، ئەبێ شیعرەکانی چ کارەبایەکی مرۆڤانە بنو ئەگەر

سالبو مووجەبەکە بە گوێرەی ئەو معادلەی کاك دڵشاد بۆی داناون لە ڕێگەی وەعییەوە بگـەن بـە یـەك تـەوژمی مرۆڤانـە سـازئەکەن؟ ئـاخۆ ئـەو تەعریفـە بـۆ شـیعرێك ئەگونجێت؟!... لێرەدا بـە چاکی بۆمـان ڕوون ئەبێتـەوە سۆزی وەعـی شـاعیر دیـارە کـە چییە + توانـای داهێنـانی هونـەری - کـە نکـۆڵی لـەوە ناکرێـت، بـەڵام ئەنجامەکـەی ئـەم معادەلەیە ئایا کارەبایەکی مرۆڤانەیە؟! لە دواییدا دەڵێت: شـیعر ماددەیـەکی ..."بـەپێی ئایدۆلۆژیەتی ماتریالیزم وەعی ڕەنگدانەوەی ماددەیـە هونـەرو ئـەدەبیش ڕەنگدانـەوەی ماددەن، چونکە تەنانەت بیرو خولیای مـرۆڤ هەرچـەندە دوورکەونـەوە لـە چوارچـێوەی واقیـع دەرناچـن.. ژیـان سەرچـاوەیەکی لـەبن نـەهاتوو ماددەیـەکی بـە پیـتو فراوانـی ئەدەبە، بۆیە دەڵێم کە شیعر ماددە نییە..هەروەکو هێگڵ دەڵێت: "شوێنەواری هونـەری لە ناوەراستی ڕێگەی نێوان هەستپێکراوی ڕاستەوخۆو بیری ئایدیالیست دەوەستێت، هەر تەنیا بیرێکی ڕووت، بەڵام بە بوون (وجود)ێکی ماددیش دانانـدرێت".

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٥٣، ساڵی ١٩٧٥.**

# با منیش لێرەوە پەنجەیەکی تێوەردەم!

**محەمەدی مەلا کەریم**

*بە پەراوێزی ڕەخنەکانی دڵشاد محەمەد ئەمینەوە لە هێمنی کوردستانی:*

کاك دڵشاد لەگەڵ ئەوەشدا کە بە سەنگو تەرازووی شاعیرانە وەك خۆی ئەڵێ، هێمنی هێناوەتە پای "دادگا"، لەگەڵ کۆڵینەوەکەیدا وەك قەشەکانی سەردەمی (پشکنینەوە)ی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا لەسەر ئەم وشەو ئەو وشە لەگەڵی ئەکۆڵێتەوە. گوێ بەوە نادا کە لە شیعردا مەرج نییە هەر وشەیەك مەعنا حەرفییەکەی بداو زیادەڕەۆیی دروستەو ئەگەر شاعیر لە تافی خۆشیەکەیدا بڵێ خەم لە دڵما نەما درۆ ناکا هەرچەند خەم و پەژارەیەکی زۆری کەشی لە دڵدا مابێ.. بە داخەوە بەشێکی گرنگی ڕەخنەکانی کاك دڵشاد لەسەر ئەم بناغەیە بنیاتنراوە. کە دێتە مەیدانی سیاسەتیشەوە کاك دڵشاد خۆی لێئەکا بە دادیار (محامی)ی بەرژوەندی جوتیارانو کرێکاران. بێگومان مایەی خۆشبەختییە ڕۆشنبیرێکی تریش بێتە بەرەی خەباتەوە بۆ مافی کرێکارانو جوتیاران، بەڵام بە مەرجێ لەبەر ڕووناکی ئەو بیروباوەڕەدا بڕوا بەرێوە کە ڕێگای ڕاست پیشانی کرێکارانو جوتیاران ئەدا، واتە: مارکسیزم " لینینیزم". جا ئاخۆ کاك دڵشاد ئەم مەرجەی تیا هاتۆتەدی، یان لێی نزیك بووەتەوە تا خۆشییەکەمان تا سەر بێ، یا خێر؟ بە داخەوە: نەو.

کاك دڵشاد، درێژەی نەدەینێ ئەیەوێ لەم بستە زەوییە گەمارۆدراوە، لە سەردەمی دەرەبەگیو لە قوڕقوڕاگەی ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی ئێراندا ژیاوەی کوردستاندا کە سالێك پتر نەژیاو مەودای دەسەڵاتی لە مەهابادو چەند ناوچەیەکی دەورو پشتی تێنەپەڕی بوو، کێشەی یەکەم بە کێشەی نێوان ڕەنج خۆرانو ڕەنج خوراوانی ناوخۆ دانێ. بێئاگا لەوەی کە ئیدیای ڕەنج خوراوان خۆیان ڕێگای هەڵەشەیی وا نەداو قۆناغی جیاجیای بۆخەبات دیاریکردووەو لێکیداوەتەوە، کەوا بۆ گەلانی ژێردەستە مەبەستی یەکەم وەدەستهێنانی ئازادی سیاسییەو، ڕێگاش بەرەی یەکگرتووی هەموو چینەکانی گەلەو پاش لێبوونەوە لە وەدەستهێنانو جێگرکردنی ئەم ئازادییە، کێشەی چینایەتی ئەبێ بە کێشەی سەرەکیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی شان بە شانی پاراستنی ئازادی ئەبێ بە شا ئەڵقەی ئامانجەکانی خەبات.

دڵشاد زۆر سادەو ساکار بە هێمن ئـەڵێ تـۆ بـە شـانو بـاڵی مـانگی ساردو سـڕو بـەفراوی (ڕێبەنـدان)ا هەڵئـەدەی؟ هـەڵکردنی ئـاڵای کوردسـتان لـەو مانگـەدا بەچـی ئەچێ مـادام هێشـتا ڕووتـەو هـەتیوی کـورد لـە سـەرمادا چـەقۆی ددانیـان دێو دادی کۆمەڵایـەتییان دەستگیر نەبووە؟

بەڕاستی پێشینان ڕاستییان وتوە کە وتویانە (نیمە مـەلا دیـن میبـەرەد.. نیمـە حـەکیم جان میبەرەد).. نیمە مارکسیستیش بە دروشمی سەرەڕۆیانەی وەك (یا هیچ، یا هەموو) ئەیانـەوی هەرچـی بەرهـەمێکی خـەباتی خوێنـاوی ساڵەهای ساڵە بـە هیچـی دەرکـەن چـونکە هێشـتان ئـەو ئامانجـەی بـە خـەیاڵی خۆیـان دوا ئامانجـە نەهاتۆتـەدی. دڵشـادی گرانەتای چەپڕەوی گرتـوویش، پـاش دەیـان سـاڵ خـەباتی بـە ئاکـام نەگەیشـتووی گـەلی کـورد ڕێگـای خـۆی ئـەدا بڵـێ ئـەو سـەرکەوتنە مێژووییـە مەزنـە لەپاشـان خـەڵتانی خوێنکراوەی گەلی کورد کە بە هەزار چەرمە سەریو کوێرەوەری دەسخرا، هـیچ نـەبوو بە هیچ نە ئەچوو.. سەد حەیفو سەد مەخابن!

ئینجا خۆزگە کاك دڵشاد ئەم "چەپڕەوی"یەشی تا سەر بووایە..

ئـەمان وت مـادام مەبەسـتییەتی "چـەپڕەو" بـێ هـەر ئەکەوێتـە سـەر ڕێـی ڕاسـتی چەپڕەوی.. بەداخەوە چەند دێڕێکی پێ ناچێ بائەداتـەوە هێرشـێکی بـێ ئامـان لـەژێر پەردەی "ئیلتیزامی واعی!"دا ئەباتە سەر ئیلتیزامو ئـەو بنێشـتە خۆشـەیە ئەجوێتـەوە کە چەند ساڵێکە لە ریڤیزیۆنیستەکانی ئەوروپاوە هاتووەو کەوتۆتە سەر زمانی هەنـدێ "ڕۆشـنبیر"ی ئێمـەش.. گوایـە "هـیچ پارتییـەك ناتوانـێ پـڕ بـە پـڕی چـینێك جێـی بگرێتـەوەو بـە قـەوارەی تـەواوی ڕەوڕەوەی داخوازییـەکان ڕێگـای پێشـکەوتنو گـۆڕان بکرێتەبەر تا سەر". بێ گوێدانە شێوەی ئاڵۆزی ڕستە داڕشتنی کاك دڵشاد کە بەداخەوە بـووە بـە تـەوقو لـە هـەموو نووسـینەکانیا لـە ملـی نابێتـەوەو، منـیش هـەر بۆیـە لـەم دەمەتەقێیە "پوختە"ی بیرەکانیم پیشانداوەو (سایە)کانیم نەهێناوەتـەوە، بڵێم چی ئەگەر کەسێك لە مەیدانێکا ئەوەنـدە کـۆڵ بـێو کەچـی ڕووشـی بـێ وا زەقو ڕەوان ئـەو شتەی خۆی بە هەڵ لێی حـاڵی بـووە بیکا بـە مـاڵو بیـدا بـە گـوێی خـەڵکا؟ جارێ کـام پارتییە خۆی دەق لە جیاتی چینەکەی داناوەو ویستویەتی کتو مـت جێـی بگرێتـەوە؟ ئەگەر پارتییە بۆرجوازییەکان ئەگرێ، بە دەگمەن یـەکێکیان تیـا هەڵئەکـەوێ خـۆی بـە پارتی چینێك بزانێ. هەموو لافی ئـەوە لێئـەدەن پـارتی تێکـرای گـەلنو ئـەڵێن هـەموو

گـەلان لەگەڵـەو بـە نـاوی هەمووانـەوە قسـەئەکەن. پـارتی چـینی کرێکـارو جوتیـارانی هەژاریشە کە یا بە ناوی پارتی کۆمۆنیست یا کرێکارانەوە کار ئەکا، ڕۆژو شەو دووبارەی ئەکاتەوە کە هەرگیز پارتی ناتوانێ جێگەی چین بگرێتـەوە. پـارتی، هـەر پارتێـك بـێ، پێشڕەوی چینێك واتە بەشی وریـاو تێگەیشـتوو ڕێـكو پێکـی چـینە. هـیچ پارتێـك بـێ چینەکەی هیچی پـێ نـاکرێ، بـەڵام بایـەخی لەوەدایـە تـا ئـەمیش نـەبێ خـەباتی چین ڕێگای ڕاستی خۆی نادۆزێتـەوە. ئـەنجا کـاك دڵشـاد، نـازانم چـۆن وا بـە ئاسـانی ئـەتوانی بڕیـار بـدا کـەوا "هـیچ پارتێـك ناتوانـێ بـە قـەوارەی تـەواوی ڕەوڕەوەی داخوازییـەکان ڕێگـای پێشـکەوتنو گـۆڕان بکرێتـە بـەر تـا سـەر، ئـەوە هـەر خاسـیەتی پـارتی چـینی کرێکارە، چونکە بناغـەی چینایەتی چینەکانی تـر لەسـەر چەسـپاندنەوە دامـەزراوەو، چەسـپاندنەوەش تـا سـەر نابـێ. سـەرەنجام چـینی کرێکـارو جوتیـارانی هـەژار ڕژێمـی چەسپاندنەوە سەرەونخون ئەکەنەوە. لەو کاتەوە پاش ماوەیـەك بـەش بـە حاڵی چینی کرێکـاریش چـینایەتی نامینـێو سـەرەنجام پـارتی چـینی کرێکـار خۆیشـی ئەتوێتـەوە، چونکە ئەرکی سەرشانی خۆی بە تەواوی بەجێ هێناوەو کۆمەڵ گەیشـتووەتە ڕادەیـەکی وای پێشکەتن پێویستی بە پارتیو دەوڵەتیش نەبێ، بـەڵام ئەمـە زۆر جیایـە لـەوەی کـە کاك دڵشاد ئەیڵێ. لە قسەکەی کاك دڵشادەوە، یان وردتر لە قسەکانی ئایدیۆلۆجستەکانی نێو کۆلۆنیالیزمەوە کە کاك دڵشاد وەك هەنگی لـە داردا دۆزیبێتـەوە وا بزانـێ کـەس تـا ئێستا ئەمەی نەبیستوە ئەیلێتەوە، ئەوە تێئەگەین پـارتی هەرچـەند شۆڕشـگێریش بـێ، پاش ماوەیەك بۆگەن ئەکاو ئەبی بە (چـینێکی نـوێ)و دەسـبەرداری ئامانجـەکانی خـۆی ئەبێو ئەبێتەوە بە شمڵی شەڕو ئەچێتە گەردنی گەل.. چەند تاقیکردنەوەی تا ئێستای تێکـڕای وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان درۆی ئـەم بـیرەی دەربڕیـوەو ڕۆژ بـە ڕۆژیـش باسـتر دەریئـەبڕێ. کـاك دڵشـادیش مەبەسـتی نییـە ئـەو ڕاسـتییە لەبەرچـاو بگـرێو هـەر ئەوەنـدەی ئـەوێ سـەتڵی ئـاوی کردبـێ بـە ئاوانـەی شـای ناحـەزانی بـیری مارکیسـیزم" لینینیزمداو، لە خوا بەزیاد بێ!

بەڵام ئێوە بێن ئەوەم بۆ لێبدەنەوە ئەبێ کاك دڵشاد چۆن لـە مـەعنای (ئیلتیـزام) بگـاو، بۆ ئەبێ ئیلتیزامی ئەو "ورياو ڕووناکبیرانەو واعـی" بـێو هـی خـەڵك تـەڵقی عـەزازیل بێو چووبێتە گەردنیانو مارەکەی شێخ هۆمەر بێ لێی نەبێتەوە؟ بۆ ئەبێ ئەم هـەموو

خەڵکە مولتەزیمە "دەبەنگو تاریکبیرو بێ ئاگا"بن بۆ؟ کێیە ئەتوانێ ئەو بڕیارە بداو نەترسێ دڵی لێبدا؟

کاك دڵشاد گەلێ نموونەی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە لە شیعری هێمندا دروشمی ناو خۆپیشاندان بە زەقی دیارە. ئەمە ڕاستە وایە. بەڵام من ئەمەوی ئەوە بپرسم ئاخۆ حەرامە ئەگەر لەناو حەشاماتێکی چەند هەزار کەسیدا لە ئاهەنگی هەڵکردنی یەکەمجاری ئاڵای کوردو کوردستانا شاعیرێك ئەوەندەی تر گڕ بەربداتە دڵی ساڵەهای ساڵ سووتاویان‌و هاوار بکا بۆ ژیانی سەر کۆمارو دیموکرات‌و مەرگی دوژمنانی نەتەوەو وڵاتەکەی؟ وە ئاخۆ ئەگەر شیعری وا نەڵێ ئەبێ شیعری چۆن بڵێ بۆ ئەو هەزاران کەسە: شیعری دڵداری یان شیعری ڕوانگەیی؟ ئێمە مافی ئەوەمان هەیە ئەگەر هێمن وتی ئەم شیعرانەم شیعری بۆنە نین‌و شاکاری ئەدەبین، بڵێین نەخێر هیچ وانییە. بەڵام بێین‌و بە دوو هێڵی ڕاست‌و چەپ هەموو بکوژێنینەوە، چونکە وەك مەولەوی سالم‌و گۆران لە دەروون‌و ئافرەت‌و جوانی نادوێن، ئەمە بە هیچ سەنگ‌و تەرازوویەك ڕەوای حەق نییە.

پرژی هێرشی کاك دڵشاد تاقە چرایەکی تاریکستانی سەدەکانی ڕابردووی کوردستانیشی گرتووەتەوە. بە قسەکانی کاك دڵشاد بێ حاجی قادری مەزنی کۆیی کە وتوویەتی:

**ئەگەر کوردی زمانی خۆی نەزانی**

**موحەققەق داکی حیزەو با بیزانی**

بەوە بووە بە بیر تەسك‌و شۆڤێنیست‌و خزمەتگوزاری ئیمپریالیزمی جیهانی.. بەڵێ دڵشاد ئەم تاوانانەی ڕاستەوخۆ بە پاڵ هێمن داوە کە ئەم مەعنایەی حاجی لە شیعری خۆیدا دووبارە کردۆتەوە، بەڵام دیارە ئەگەر بزانین جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو سەردەمەی تێکرای کوردستان کە حاجی ئەو شیعرەی تیا وتووەو ئەمڕۆی کوردستانی ئێران‌و (تورکیا)دا نییە کە هێمن ئەو شیعرەیان بۆ ئەڵێ تەنها بەو ئامانجە ئەگەین کە حاجیش (وەك هێمن!) بە ڕێگای خزمەتی بیری تەسك‌و شۆڤێنیزم‌و ئیمپریالیزمی جیهانیدا ڕۆییوە، چونکە دیارە بانێك‌و دوو هەوا هەرگیز ناگونجێ..

دڵشاد ئەگەر ڕەخنەکەی وا بگرتایە کەوا گەلی کوردی ئێران تاوانباری کوردی نەزانینی خۆی نییە، تاوانبار ڕژێمی کۆنەپەرستی تارانە کە گەلی کوردی ئێرانی لە مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەیی بێبەش کردووە، بێگومان ڕەخنەکەی ڕاست‌و بەجێ ئەبوو. بەڵام وا

دیـاره دڵشـاد زیـاتر ئـەوەی مەبەسـتە ڕەخنـە کەڵەکـە بکـاو مەبەسـتی نییـە ئـاخۆ کەڵەکەکەی خۆ ڕاگیرئەکا یان لە خۆیەوە ئەتەپیَو تیری ڕەخنەکەی ئەگاتـە نیشانە یـا نە؟

کـاك دڵشـاد لـە سـەرێکی کەشـەوە ئەیـەوێ کێـوێکی قـاف لـەنێوان شـاعیری تێکۆشـەرو شـاعیری ئـادەمیزادا قـنج کاتـەوە لـەوە ناکۆڵێتـەوە کـەوا ئەگـەر هـێمن ناتەواویـەکی لـە مەیدانی دەربڕینی هەبێ ئەوەتـە درۆ ناکـاو حـەزی خـۆی لـەئافرەتو بیرکردنـەوەی لـە یارەکەی بـە ئاشـکرا ئەخاتـە سـەر قاقـەز.. دڵشـاد لـەوە ناکۆڵێتـەوە کـە هـێمن ڕۆڵـەی چ چینێكو پەروەردەی چ ئاوو هەوایەكو قوتـابی کـام ئیدیایـەو لـە چ بارێکا وا زیـاتر بـە یـادی یارەکەیـەوە شـیعر ئـەڵێ, ئـەم دیاردەیـە لـە خۆیـدا ئـەنجامی چ قۆنـاغێکی ژیـانی بزووتنــەوەی نیشــتمانپەروەری کــوردی ئێــرانو تێکــرای خــەباتی ئــازادی بەخشــی ناوچەکەیە.. بۆیە ئەیەوێ هێمن (پەری) بێو فڕی بەسەر ئەم جیهانەوە نەبێ..

نـاتوانم لـە هـەموو بابەتـە بـۆ ڕەخنـە لێگـرتن شـیاوەکانی ڕەخنەکـەی کـاك دڵشـاد بکۆڵمەوە.. بەڵام ڕاستتان ئەوێ لەکاتی خوێندنـەوەی وتارەکـانی کـاك دڵشـادا وا ئەهاتـە بەرچاو هێمن گیراوەو (مودەعی عام)ێکی داخ لە دڵـی لـێ ڕاسـتبووەتەوە پەروەندەیـەکی دوورو درێژی بۆ ئامادە کردووە کە بنیـادەم گـوێی لـەو پەروەندەیـە ئـەبی ئـەو مەسـەلە کوردییەی دێتەوە یاد کە ئەڵێ: مێرد ئەگەر لە بیـانوو گـرتن بـێ لـە ژنەکـەی، کـە ئـارد ببێژێ پێی ئەڵێ بۆ سەر ئەجووڵێنیو، کە هەویر بشێلێ پێی ئەڵێ بۆ قنگ ئەلەقێنی!

قسە درێژەی زۆر کێشا. با ئیتر بیبڕینەوە. بەڵام پێویسـتە لـەدوا دواییـدا ئـەوەش بڵێین وتـن زۆر ئاسـانە. گـرنگ ئەوەیـە پیـاو لەبـەر ڕوونـاکی ڕێڕەوێکـی ڕەخنـەیی ئاشـکرادا ڕەخنــە بگــرێ.. کــە ڕەخنــەی گــرت پەیوەنــدی ڕەخنــە لــێگیراوو کارەکــەی, بــەو بــارو هەڵکەوتەوە کە تیا ژیاوەو کاری تیـا کـردووە, لەبەرچـاو بـێ وا نـەبێ هـەر ئـەوەمان بـۆ ئەمێنێتەوە بڵێین قسە هەزارە یەکێکی بەکارە.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٢٥٦، ساڵی ١٩٧٥.**

# ئافرەت لەناو هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن دا

## کوردستان موکریانی

گەر دیوانێ، چیرۆکێ، ڕۆمانێ، بەسەرهاتێ هەرچی لەم بابەتانەم وەدەست کەوت وەکو ئافرەتێك پڕ بەدڵ ئارەزوو دەکەم بزانم خاوەنەکەی چۆن سەیری ئافرەت دەکات وچۆنی دێتە بەرچاو؟! مرۆڤێکی جووانکیلەو بەس .. بووکە شووشەیەکی قشتیلەو بەناز .. پوولدارێك .. بەندەیەك .. هۆیەکی ڕابواردنو زیادبوون، یان نهێنییێکی داپۆشراو ؟ ! .

لە دیوانی بەنرخی (تاریك و ڕوون) دا وا دەردەکەوێ ،کەوا زۆربەی پیاوی کورد وەکو گیاندارێکی گوێ دیرو کەمەربەستە، هۆیەکی زۆربوون ، ئامرازێکی نێومالّ و ڕاژەکەی منداڵ ئافرەتی دێتە بەرچاو ، ئافرەتێك نەخێر، بەڵکو گیاندارێك شوێنی چوار دیواری تاری ماڵەوەیەو بەس، ئەمما هۆنەری بەڕێز مامۆستا هێمن بەشێوەیەکی تر ئافرەتی دێتە بەرچاو وەکو ئادەمیزادێك پێویستی بەسەربەخۆیی و سەربەستی و خوێندن و کارکردن و خەبات کردن و ... هتد هەیە ،بەلاّم لەباری دڵدارییەوە مامۆستا هێمن باوەڕێکی ئەوتۆی بەئافرەت نییە!

**مامۆستا هێمن وسەربەستیی ئافرەت:**

مامۆستا هێمن وەکو زۆربەی ڕەوشەنبیرانی کورد دەنێو هۆنراوە بەرزو ناسك و شۆڕشگێڕەکانیدا داوای سەربەخۆیی و ئازادی ئافرەتی کورد دەکات و هانی پساندنی کۆت وبەندو زنجیری دەدات ، مامۆستا لەو باوەڕەدایە ، گەلێکی ژێردەست و بەندو دیلی وەکو کورد ئازادو سەربەست نابێ تاوەکو نیوەی کۆمەڵی، کە ئافرەتە لەنێو چوار دیواری تاری ماڵەوە دا بەسترابێتەوە ، لەپارچە هۆنراوەی (یادگاریشیرین) دا لەلاپەڕە (٧٠) دا دەڵێ:

چـــۆن دەبێ سەربەست گــەلی ژێر دەست کـــە کچ داب‍ـــەستەبـــێ

بـــــەس نەبێ ئەو کۆیلەتـی و ئەو کـــچ لە ژوور داب‍ــــــــەستنــــــە

مامۆستا هێمن داوای فڕێدانی عەباو پەچەی ئافرەتی کورد دەکات و تێی دەگەیەنێت ، کەوا لە ڕۆژگارانی ڕابردوودا ئافرەتی کورد خۆی لەنێو ئەو چەترە ڕەشە بۆرە چڵکنە

نەپێچاوەتەوە ، بەڵکو ئەمە دیاری دوژمنی بەدکارە، لەپارچە هۆنراوەی (یادگاری شیرین)دا لەلاپەڕە (٧١) دا دەڵێ:

**ئەو پەچەو ڕووبەندو چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ**

**ئەو شڕو شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە**

هۆنەری بەرێز ، وەکو ڕابەرێکی زرنگ و تێگەیشتوو و دووربین چۆن گیروگرفتی دواکەوتنی ئافرەتی کورد دەخاتە ڕوو، ئاواش هۆی چارەسەرکردنی بۆ دەستنیشان دەکا، بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی پێویستی سەرشانی خۆی بەشکانی دەرگای داخراو ، بەدڕاندنی پەچەی بەسەر ڕوو گوڵی داپۆشراو, بەچوونە قوتابخانەو خوێندن، چونکە خوێندن تاکە چەك و هۆی ڕزگارکردنی ئافرەتە لە نەزانین و دواکەوتن و زیندانیماڵەوەدا، لە لاپەڕە (٧٢) ی هەمان پارچە هۆنراوەی باسکراودا دەڵێ:

**دەرگە بشکێنە ، پەچە بدڕێنە ، ڕاکە مەدرەسە**

**چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە**

مامۆستا هێمن لەم باوەڕەدایە، کەوامافی گەلی کوردی بەشخوراوو دابەشکراو تەنیا بە هەوڵ و کۆششو خەباتی پیاو ناستێندرێ، بەڵکو بەهاوکاری ئافرەت و پیاو ئاواتی گەلی کوردی دلێر دێتەکایە، لە (شەپۆلی تۆڵە) لە لاپەڕە (١٧٦)دا دەڵێ:

**تاکو سەنگەر نەگرێ لاوو کیژ**

**نادرێ مافی گەلی کوردی دلێر**

بوێژ، لەلاپەڕە (١٤٢) دا لەپارچە هۆنراوەی (گوڵی هیوا) دا وێنەی ئافرەتی شۆڕشگێڕی کورد ئاوا پیشاندەدات:

**شەقت هەڵدا لەزێڕو جل**

**تووڕت داوە کلدان و کل**

**توندت کردووە پشتێنی شل**

**فیشەکدانت کردۆتە مل**

**پساندت بازنەو پاوانە**

**دەستت دا تفەنگ پیاوانە**

**مامۆستا هێمن و ئافرەتی لادێ:**

وەكو لەسەر گوزشتەی مامۆستا هێمن ڕا دیارە، كەوا زۆربەی ژیانی لەلادێ یەكانی كوردستانی خۆشەویست بردۆتە سەر. كیژی لادێ بەجوانی ، ناسكی، هێمنی، ساكاری، رەفتاری بەرزی، داوێنپاكیو شۆخ و شەنگی كاریگەرێكی زۆر بەهێزو توانای هەبووە لەسەر هۆنەر، بەڕادەیەك بۆتە شێت و شەیداو دێوانەی، لە پارچە هۆنراوەی (كیژی لادێ)دا لەلاپەڕە (٦٤) دەڵێ:

**مـنت كـردووە شێت و وێتـی خـۆت**

**وەختـە لـەسوێیان گیانم دەرچێ بۆت**

هۆنەر لە پارچە هۆنراوەی (بەهاری كوردستان)دا لەلاپەڕە (١٠٩)دا تابلۆی ڕووخساری جوانی و لەباریو ناسك و بێگەردو سیحراوی و بێ فڕوفێڵی ڕەوەندمان پێشاندەدات و دەڵێ:

**لێـو ئـاڵن ، دەم بـچووكـن**

**خـوێن شـیرین ، رەزا سووكـن**

**كـوڵمـەیان وەك گـوڵووكن**

**گـەورە كـچن ، نـۆبووكن**

مامۆستا هێمن ، لەپارچە هۆنراوەی (بەهاری لادێ)دا لەلاپەڕە (٦٠)دا ئەو پیشەو كردەوانە دەستنیشان دەكات، كەوا ئافرەتی كوردی لادێ یی دەیكات و لە دۆشین و نانكردن و ئاو هێنان و مەشكە ژەندن و بژاركردن و ... هتد.

**كچێك پێیەتی دوو گۆزە بەلەنجە دەچتە سەرئـاوێ**

**كـچێكی تـر شـەكۆی هـەڵگرتوە دەڕواتە پـاراوێ**

**ژنێك چەند ماشەری پێیە دەیانهێنێتە بەرتـاوێ**

**ژنێكی تـر بـە دەستـاڕێ دەهـاڕێ گەنمی بۆدراوێ**

**بـەرەو ماڵ بوونەوە پۆلێك و پۆلێك دەچنەوە بۆ بژار**

لە پارچە هۆنراوەی (یادگاری شیرن)دا لەلاپەڕە (٧٠) مامۆستا هێمن جیاوازی نێوان كارو كردەوەو پیشەی ئافرەتی كورد لەگەڵ كیژانی كۆمەڵانی دێ دا پیشان دەدات و دەڵێت: **كچی خەڵكی خەریكی دروستكردنی ئەتۆمن و بەئاسماندا دەفڕن و دەریای دەپشكنن و گـرەوی زانست و زانیاری و هونەریان لەپیاوان بردۆتەوە، كەچی پیشەی ئافرەتی كوردیش تەشی ڕستنو گۆرەوی چنین ولەنێو چواردیواری ماڵەوە دانیشتنە .**

**کــوڕ بەزینە ئــەو لەعیـلم و ئـەو لەکارو سەنعەتا**

**گــۆرەویشە ســەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە**

ئەم دێڕە هۆنراوەی مامۆستا هێمن لەپارچە هۆنراوەی (کیژی لادێ)دا لەلاپـەڕە (٦٤) دا ئەوە روون دەکاتەوە کەوا ،کیژی لادێ لە کیژی شار سەربەست ترەو دەڵێ:

**چــارشێوت نیــە ڕووناگری لـەکەس**

**نـامووسی خۆتە پاسەوان و بەس .**

بەڵگەیــەکی دی ئــەوەی، کــەوا کیــژی لادێ لەکچــی شــار سەربەســت تــرە ئــەم دێــڕە هۆنراوەیەیە کە لەلاپەڕە (١٣٢) دابلاۆکراوەتەوەو دەڵێ:

**کـــیژی شـــاریمان لــەخۆی وەرگـرتـــووە چــارشێــۆی ڕەش**

**داخەکەم نەمـدی لـــــەوێ مــانگێکی دەورەی تــــەم نــەبێ**

**مامۆستا هێمن ودڵداری:**

مامۆسـتا هـێمن وەکـو زۆربـەی هۆنـەرانمان تووشـی داوی دڵـداری بـووە، هـەروەکو چـۆن هێزی بەتینی پیرۆزی کوردایەتی و نیشتیمان پەرستێتی بوونەتـە سەرچاوەی خورپـەو ئیلـهامی هـۆنراوە بەنرخـەکانی نیشـتمانی، ئـاواش ئـافرەتی کـورد سـروش و خورپـەی هۆنراوە دڵداریکانی پێ بەخشیوە، بوێژ با وەکو لەلاپەڕە (٤٩) دا دەڵێ:

**ئــاشقی چــاوی کـەژاڵ وگـەردنی پڕ خـاڵ نیم**

**ئــاشقی کێــوو تـەلان و بــەندەن و بەردم ئەمن**

ئەمما لەلاپەڕە (١٠٣) دا لەپارچە هۆنراوەی نایابی (کچی مەهاباد) ئاوا گیرۆدەی ئـەوینی دڵداری بووە لەنێو ئاتەشکەدەی خۆشەویستی دا گەیشتۆتە پلەی شێت بوون، بەڕادەیەك لەسەدەی بیستەمدا ، لەوانەیە پیشەی فەرهادی کێو هەڵکەن وەخۆ بگرێ و دەڵێ:

**لەسوێ یانت وەها دێوانەبووم چاو مەستی خـوێن شــیرین**

**لەقــەڕنی بیستەمــا ڕەنـگە ڕەچــاوکەم کـاری فەرهادی**

ئەگەرچی مامۆستا هێمن ئازادی گەل‌و نیشتیمانەکەی لەلای لە ئافرەت خۆشەویست تـر بێت و دوورکەوتنی لێی لەلا سەختو ناهەمواربێت و لە لاپەڕە (١٧٣) دا بڵێت:

**بـــەڵێ سەختە ، یــەکــجار سەخــتە**

**دووری لـــــەژن ، نــــــامـــــــرادی**

**بـــەلاَم لـــەژن خــۆشەویســـت تـــر**

**لــــەلای مــــن ئـــەتــــۆی ئـــــازادی**

ئەمما بویێژ لەوکاتـەدا ، کـەوا ڕێگـای کۆشـش‌وخەبات‌و ئـازادکردنی گـەلی گرتۆتەبـەر بـۆ ئافرەتێك دەناڵێنیٚ، تاوەکو لەم کارە سەختە هاوکاری بێت، کەواتا باوەکو ئازادی خۆشتر بوێـت، نــاتوانیٚ ئـازادی گــەل‌و خۆشویسـتنی ئـافرەت لێـك جـودا بکاتــەوەو لێکیـان دوورخاتەوە ، لەلاپەڕە (٢٢٦) دا دەڵێ:

**ســـەرم وڕەو گـــیانــــــم دێـــشـــیٚ**

**کـــــەس نیـــە نـــازم بــکــــێشیٚ**

هەربۆیـە هۆنـەر بەخەووخـەیالٚی ئـافرەتێکی نەشمیلانـەوە شـەوان سـەر دەنێتـە سـەر سەرین، بەشـکم کیـژێك بێتـە خـەوی و لەخـەوی دا نـازی بکێشیٚ، لەپارچـە هـۆنراوەی (بناری هەڵگورد)دا لەلاپەڕە (٢٢٤) ئاوا خەونە خۆشەکەی خۆی دەگێڕێتەوە:

**یـــــەکێك خۆی لــــــەپالٚ دەخـــزاندم**

**یـــــەك یـــەخەی بـــۆ دەترازانـــدم**

**یـــــەك بـــــەناز خـــۆی ریٚ دەخستـم**

هەسـتیار، ئەوەنـدەی گراویەکـەی خـۆی خۆشویسـتووە نەیویسـتووە هـیچ سـاتیٚ لێـی دوورکەوێتەوە ، جا بۆئەوەی هەمیشەو هەردەم لەلای بەنـدبێت دڵـی شـیرین و چـووکەو نازداری خۆی بۆ کردۆتە جۆلانە ، لە هۆنراوەی (جۆلانە) دا لەلاپەڕە (١٣٤) دا دەڵێ:

**دڵـــــــــە کـــوتم نییە، دڵـــــم**

**جـــێی کیـــــژێکی خـانومـــانە**

**منـــــداڵە ، ئـــــۆقرەی نــــاگری**

**بــــۆم دروست کـــردوە جـــــۆلانە**

مامۆستا هێمن ، ئەم جۆلانەی بۆ دڵنەوازەکەی لەچ دڵێکدا دروستکردوە ؟ لەدڵێکدا گەر بە گرمەی تۆپی دوژمن ڕانەچڵەکیٚ بەخرمەی بازنـەی خۆشەویستەکەی دادەخـورپیٚ و ڕادەچڵەکیٚ و لەلاپەڕە (٦٩) دا دەڵێ:

**دڵ بەگرمەی تۆپی گەورەی دوژمنیش ڕانەچڵەکی**

**دادەخـــورپیٚ ئـــەم دڵە، ئەمما بەخرمەی بازنە**

هۆنەر قامك بۆ ئەو كارە ناڕەوایە ئەو بیروباوەڕە كۆنانە درێژ دەكات و ، كەوا هەندێ ئافرەتی چاونەكراوە باوەڕیان پێ هەیەو وا تێ گەیشتوون ، كەوا پارە .. سامان .. كۆشك و باڵەخانە ، هۆی بەختەوەری و كامەرانی ژیانە، نەك خۆشەویستی ڕاستەقینەو دڵسۆزی و لێكگەیشتن .مامۆستای بوێژ ، دڵدارەكەی بەجێی دەهێڵێ و واز لەخۆشەویستییە پیرۆزەكەی نیوانیان دێنێ و ئەو كۆشك و تەلارو ئاوات و خۆزگەو خواستەی كە هەردوویان بەخەیاڵ بنیاتیان نابوو ، دەیڕوخێنێ و هیچ بەزییەكیشی بە فرمێسكی خوێنینی هۆنەری دڵبڕاودا نایەتەوە ، لەلاپەڕە (١٣٦) دا دەڵێ:

**كەمالت بێ كەماڵت بۆچییە لەو شارە وێرانە**

**كەماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست كەمالی من**

لەكاتێكدا مامۆستا هێمن خۆی بەرابەرو پێشڕەوو پارێزەرو ڕاوێژكەرو هاندەرو ڕێپێشاندەرو بگرە دڵسۆزترین و نزیكترین كەسی ئافرەت لە هۆنراوەكانیدا بۆمان دەنوێنێ، بەرانبەر ئەمانەدا هەموو لاپەڕە لە (٢٠٥) دا لە پارچە هۆنراوەی (لەبیرم مەكە) دا مۆری گوناهكاری و تاوانباری بە ناوچەوانی هەموو ئافرەتێكەوە دەنێ ودەڵێ:

**تێ نەگەیشت بوو دڵداری بێ هۆش**

**كە كچ زوو كوڕان دەكەن فەرامۆش**

زۆر موخابینە مامۆستا هێمن بەو هەموو هەستە بەرزو پاك و پاراوەیەوە ئافرەت بەتاوانی فەرامۆشكردنی خۆشەویستەكەی بداتە قەڵەم .. گەر خۆشەویستەكەی لە كولیجە گاڵتەی بەهەستی ئەو كردبێ ئەوە مانای ئەوە نییە ، هەموو ئافرەتێك خاوەن ئەم هەست و نەست و بیرو سۆزەن. من لەوباوەڕەدام گەر لەداب و خوو ڕەوشتی ئافرەتدا لەیادكردن و فەرامۆش كردن و گاڵتەپێكردن هەبووایە، هەرگیزاو هەرگیز دەها ئافرەتی ڕەفتار بەرزو داوێن پاك و یەك ڕەنگ لەپێناوی خۆشەویستی دا نەدەكوژران و نەدەبوونە قوربانی، ئێمەی كورد ئاگاداری ئەو هەموو قوربانیەین، كە ئافرەتی كورد لەڕێگای خۆشەویستێكی پاك و خاوێن و بێ لەكەدا داویەتی، كەچی دڵدارەكانیان لەدوای كوژرانی ئافرەتە خۆشەویستەكانیان هیچیان وەكو مەجنون نەكەوتنە دەشت وكێوان كەسیشیان وەكو فەقێ خەڵوز ئاوریان تێ بەرنەبوو نەبوونە ڕەژوو، هیچ كامێكیشیان وەكو پەروانە بە بڵێسەی مۆم نەسووتانو نەبوونە قەقنەس، ئەمن بەرامبەر ئەوانە

نـالێم كـوڕان كچـان لـەبیر دەكـەن ، بـەڵكو وەرامەكـەی ئـەم دێـڕە هـۆنراوەی خۆتـان دەدەمەوە كەلـەلاپەڕە (٢٠٤) دابلاۆكراوەتەوەو دەڵێ:

ژیــــن ڕانـــاوەستێ ، هـــەوەس نـــامرێ
دڵـــــداری لـــــەگەڵ مردوو نـــــاكرێ

**گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (٢٦)، حوزەیرانی ١٩٧٥.**

## دینامیکی بیرۆکەو شاعیری لەنێوان هێمن و هەڵمەت دا

**هیوا عومەر ئەحمەد**

هۆنراوە، هەڵبەست، یا هۆزان... بریتییە لە دەربڕینی هەست و نەست و هەڵچوون و ژانو ئازارو خۆشی و شادی و وێنەی گیراوی شانۆی جیهان و شانۆگەری ژیان... بەو شێوە تایبەتییەی کە شاعیر دەیبینێ هەستی پێدەکات. گەر مرۆڤێك چەند جارێ دیمەنی (دووئاوان) ی دیبێت و پیایدا تێپەڕبووبێ لەوانەیە ئەو دیمەنە دەگمەنە دڵڕفێنە، کەمێك هەستی جولاندبێت و کەمێك شادیو خۆشی پێ بەخشی بێ هەروەك چۆن ڕوانبێتیە تابلۆیەك یا نیگارێکی نیگارکێشێکی فرە هەست وبلیمەت، بەلاّم ئەگەر مرۆڤ لە هۆنراوەکەی (پیرەمێرد) بڕی و بەچاوی ئەو لەنێوان هۆنراوەی (دووئاوان) ەوە لەودیمەنە بڕوانێ، کاتێ دەڵێت:

**(دووئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە**

**سەرەوخوار ئەڕۆی بەپێچ و دەورە**

**تـۆ بە ڕووناکی وێنەی بلووری**

**ئاوی زیندەگی گشت شارەزووری.........هتد)**

ئەوا ئەو تابلۆیە گیانی بەبەردا ئەکرێ و لەهەموو چرکەیەکا ڕمبازی ئەسپ سوارو خرشەو خرپەی کراسی (کەتان) ی (نازدارنی جاف) و تەقەی داکوتانی خێوەتی (ڕەشماڵانی جاف) دەبیسترێ و هەستی پێ دەکرێ... شاعیر مرۆڤە...مرۆڤیش خاوەن ژانو ئازارە...کەواتە خاوەن ئامانجێکەو سەری تالی ئەو کلافە دەزوەی ناسیوە کە ڕێ پێشاندەریەتی بۆ بەئامانج گەیشتن و شوێن پێ و وشەی خۆی دەناسی و کلافە دەزووە ڕێنوماکەرەکە نا ئالۆزێنێ.

مامۆستا (هێمن و هەڵمەت) یش وەك هەموو شاعیرێکی ویژدان زیندوو ئامانجیان خزمەتی مرۆڤایەتی و نەمانی چەوسانەوە و زۆرداری و ئازادبوونی گیان و ژیان و مرۆڤو بگرە ئازادی مرۆڤیشە...وەك هۆنراوەکانیان تێمان ئەگەیەنن، ڕێبازیان بۆ گەیشتن بەئامانج و خزمەتی مرۆڤایەتی و بەرەنگاری چەوسێنەرو دەربڕینی هەست و ژان و ئازاری چەوساوەو ڕەش و ڕووتە, مامۆستایان لەبنەماکانی پێکهێنەری کەسایەتی شاعیردا جیاوازیان هەیەو هەریەکەیان مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەیەو شەقڵی تایبەتی

خۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست و نەست و ئیلهامیان زادەی یەك كات و شوێن و مەڵبەندن‌و لەگەڵ هەمان مرۆڤاندا هەڵسوكەوتیان هەیەو بەرەو ڕوویان ئەبنەوە، بۆیە شتێكی ئاساییە كە هەردوو شاعیر هەست بە ڕووكاری دەكەن هەریەكەیان بەنەخشەكێشی خۆی نەخشە بكێشێت و خەیاڵی گاز بكات لەچاوی ئەوەوە لەژیان وگەردوون بڕوانن...هتد، ئەم هاوهەستییەش ماكی لێدوان‌و خستنەڕووە كورت و سەرپێییەكەمانە...جا هیوادارم سوودێ ببەخشێ.

**یەكەم:**

مامۆستا هێمن لەمانگە شەوێكا ئیلهام وچێژ لەدیمەنی شوانێكی قەد پاڵی شەنگ وشەپاڵی كوێستانێكی كوردستان وەردەگرێ بەمە ماتە هەست و بیری دەهەژێت و سۆزو عاتیفەی هەڵ دەچێ و فوارەی هۆنراوەی بڵند ئەبێتەوەو خەڵكی بانگ دەكات وەك ئەو، ئەم دیمەنە ببینن كە چێژەی ئەمی مەست كردووە، ئەوانیش بورووژێنێت كۆتری ئارامیان ئاشت بكاتەوەو ڕابەریان بكات بۆ جیهانێكی تایبەتی و پڕ لە جوانی و پاكی و سەربەستی و دوور لەچەوساندنەوەو پەستی... چێژو شیرینی ئەم دیمەنە هێندە بەپێز دەبێت كە هۆنەر مەست دەكات و ڕاپێی دەرئەبڕێ لەوەی چ جۆرە جوانی وچێژێكە...بەڵام كە تێئەگا دەنگی چریكەی بلوێری شوانێكە، وەك وێنەگرێكی هەستیار وێنەی دەروونی خۆی‌و دەروونی سروشت ئەگرێ و لە هۆنراوەیەكا بۆمان دەشواتەوەو بۆمان دەڵێ.

**نـــیوە شەوە ، دونیا خامۆش**
**دێتە گوێم ئاهەنگێكی خـــۆش**
**ئـــاهەنگێكی دڵ پەروەرە**
**شادی هێنە ، خەفـــەت بەرە**
**ئـــاهەنگێكی دڵنەوازە**
**تارە، یۆلۆنە، یــــا سازە؟**
**نـــا نا ئاهەنگی بلوێرە**
**جا وەرە گوێی بۆ ڕادێــــــرە**

كاتێك لەهەست‌و نەستی شوانە تێ ئەگا، لە هەڵتووتان و بلۆێرژەنییەكەیەوە...ئاواتی پێ دەخوازێ وحەز دەكا لە جیاتی ئەو بووایە.

**هـــــــەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە**

**کە بەو مانگەشەوە جـــــــوانە...**

هەڵمەتیش لە (خۆزگەی شەوانی باراندا) خۆزگـە بەوشـەوانەی هـێمن دەخـوازێ ، بـەلاّم ئەم ئاوات خواستنە جیایە لەئاوات خواستنەکەی هێمن کە ئاواتی پێ دەخـوازێ، چـونکە سەربەست و گەردن ئازادەو (ئاغا) ش کە ترۆپکی چەوسانەوەو، زۆرداریيە ، بە نۆکـەری ناگرێ، بەلاّم هەڵمەت، بۆیە کاشکی پێ دەخوازێ، چونکە ئـەو شـوانە کـوڕی چـیاو دۆڵو نشیوو جەنگـەڵی کوردسـتانەو لـە گونـدێکی بنـاردا ئـەژی و لەگـەڵ بـەفر هاودەمـەو پـڕ سوێی دڵی شنەی کوێسـتان و پـڕ تـوێی دڵـی ئـاوی ڕەوان هەڵدەمـژێ و گـوێی لەقاسـپەی کەوو خووڕەی ئاوە.

**هۆ شوانەکە.... خۆزگەم بەخۆت**

**بەس نییە تۆ پڕ سوێی دڵت شنەی کوێستان هەڵدەمژێ ...**

**دووهەم:**

شاعیر وەکو هەر مرۆڤێکـی دیکـە لـە سـەردەمێکا... سەوداسـەری جـوانێ دەبـێ گـیرۆدەی ژوانێ دەبێ، هەست بەشەنگی ئافرەتێ ئەکا، شیعریشی بۆ ئـەڵێت و بۆشـی ئـەژی، بـەلاّم هێمن ئەوەی لا ڕوونـە کـە هـاودەمی ئـافرەت پێویسـتییەکی مەزنـەو دووری لـە ئـافرەت کارێکی سەختە، لەگەڵ ئەمەشدا لە ئافرەت خۆشەویستڕو بەنرختڕی ناسـیوە بـۆی دەژی و بـۆی ئـەمرێ و بـۆی ئەژێتـەوە ...کـە ئـەویش ولاّت و خـاك و سـەربەرزی و ئـازادی ولاّتەکەیەتی.

**بەڵێ سەختە ، یەکجار سەختە**

**دووری لەژن ، نامرادی**

**بەلاّم لە ژن خۆشەویستتر**

**لەلای من ئەتۆی ئازادی**

(هەڵمەت) بە (فـلاش بـاك) ێ ئـاوڕێ لـەڕابردوو ئەداتـەوەو سـەردەمی منـاڵی دێنێتـەوە پێش چاوی کە لەجیهانە تەسکە سنوردراوەکەیدا، تەنیا دایکی خۆشویسـتووە، بـەلاّم کـە گەورەبوو فامی کردۆتەوە دایکی هەمووان و خێزانە گەورەکەی کۆمەڵگەی خۆشـدەوێ و گیان لەسەر دەستانە بۆی و بەپیرۆزی دەگرێ .

**جاران هەرتۆم خۆشدەویست**

**دایە ئێستا من گەورەم و عاشقی دارو بەردی ئەم وڵاتەو**

**بەفری لوتکەو هەتاوم....**

**سێیەم:**

هەڵمەت داوا لەهەژاران دەکا گەر هاتوو لە خەمی هەژارەکانا نەتوایەوەو هەردەم بۆ ئەوان نەژیا، ئەوا سزی بدەن لەداری دەن.

**هەژارەکان ... ئەگەر نەبووم ... بەپەڵە هەورێ**

**لەگەردنی کەژوو کێوی ئەم شارە**

**شعرەکانم تف ڕێژبکەن**

**لقی داربەڕوویەکم بـۆ بکەنە سێدارە**

یان ئەڵێ:

**هەژارەکان ...**

**گەر هەستان کرد دەنگم دەنگی ئێوە نییە**

**ڕەنگم ڕەنگی ئێوە نییە**

**گەڕ هەستان کرد خەمم خەمی ئێوە نییە**

**دەمم دەمی ئێوە نییە**

**شیعرەکانم بدڕێنن**

**وەکو پەیکەرێکی نابووت بمڕوخێنن...**

مام هێمن خۆی محەکی خۆیەتی و خۆی سزای خۆی ئەدا گەرلە ڕێگەی خزمەتی گەڵ و نیشتیمان لابدات.

**گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەلێم**

**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن.**

**چوارەم:**

هـێمن لەئاوێنـەی دەوروبـەریا ... بەدفـەڕی و دووڕوویـی و بوودەڵـەیی و نەگریسـی و مەینەت و ژان و ڕاڕایی و ناپاکی و لەخۆیدا نامۆیی دەبینێ. بۆیـە ئەیـەوێ لـەم جیهانـە بـن بۆشـە مۆلەقـە، قوتاربێـت و بـیری ئـازادی و پچـڕانی زنجـیرو بەنـدوباوو پـەیڕەوی

نەزۆك و ڕزیوی ئەكەوێتە كەللەو ئەیەوێ وەك باڵداری، مەلێ، بفڕێ و سەربەست بێ و بەئازادی ئاشنابێ.

**هێزم لێ بڕا تاكەی دەربەرم**

**لەناو مەینەتودەردەسەر زەمین**

**ئەوە بەینێكە كەوتۆتە سەرم**

**بیری ئازادی و ئارەزووی فڕین**

ئەم ئارەزووی فڕینە كە تروپكی ئەندێشە فراوانی و ڕۆمانسییە نەك تەنیا هەر (هێمن)ی گرتبێتەوە، بەڵكو گەلێ هۆنەری هاوچەرخی دیكەی گرتۆتەوە وەك (هەڵمەت)...بەلاّم فرینی هەڵمەت بەپێیە نەك بەباڵ ، وەمەبەستیشی دیدەنی نزرگاو مەڵبەندی پیرۆزی ئازیزیەتی.

**بەرەو كفری هەڵدەفریم بەپێ نەك بەباڵ**

**لە قولاّیی كۆمی چەمە ماتەمەكەی دا**

**ڕێژنەی ڕەشی ئارەقەمم**

**دەشۆردەوەو خۆم دەدایە بەر شاباڵی شنەی شەماڵ...**

هەڵمەت وەك بەپێ دەفرێت بۆ مەڵبەندێكی دیكە هەروەها دەیەوێ بچێتەوە قۆناخی منالّی و سەركێشییەكانی منالّی بكاتەوە.

**ئای ئەگەر ئێستا ئەمتوانی بەڕاستی نەك بەخەیاڵ**

**دەبوومە وە بە منالّ**

**چمكی كراسە شۆڕەكەمم**

**توند توند دەگرت بەدەمم**

**پێنجەم:**

لە هۆنراوەی(بەهاری لادێ) دا، مامۆستا هێمن باسی جوتیاری چاپوك و بێ باكمان بۆ دەكات كەبە دڵپاكی و پێخاوسی و ئارەق ڕشتن وسنگ ڕووتی بژێوی خۆی وخێزانەكەی دابێن ئەكاو لە پێناوی ئەمەشدا پشوونادات لەكارو ئەركەكەی بێزارنابێ و بەتوندو گورجو گۆڵی و بێ فڕوفێل بە سادەیی و بە دڵپاكی و دروستی وچوست وچالاكی هەوڵی خۆی ئەداو بەرەو پێشەوە ڕێگەی دەبڕێ و بەگژ تاڵ وتفتی و ساردو گەرمی و تین و كڕیوەو بەفرو باران و هەوردادێ و بەرهەمی خۆی پێشكەش دەكات بەبرای مرۆڤی.

**ئەوێستا کاکی جوتیاری بەکاری چـاپوك ومەزبووت**

**بەبێ باکی بە دڵپاکی، بــەپێخواسی، بــەسنگی ڕووت**

**دەدێرێ ئاو، دەچێنێ تۆو، دەکا جێ شەتلی پەین وکووت**

**دەرێژێ ئارەقە، پەیدا بکا تا بۆمنداڵی قووت**

**پشوونادا، وچان نادا، وەرزنابێ لەئەرك وكار**

هەڵمەت ڕەوتی مەبەستی ئەم هۆنراوەیە دەگەێنێتە ئێلاخ و پەرەی پێ ئەداو بە سواری ئەسپێکی ڕەسەنی بەکاردا بەبناردا هەڵئەبەزێ و هۆنراوەکە تەواو دەکات بەوجۆرەی بە دەست و پەنجەی قڵیشاوی سـەر بەقەتماغـەو سـنگی ڕووت و پێـی خاووسـی جوتیارەکـان فێری خۆشەویستی و گۆرانی ومرۆڤ ویستیان کردووە.

**مـــــن گۆرانیم نـــــــەدەزانی**

**هـــــەژارەکان فێریان کـــــردم**

**تـــــووڕە بوونم نــــــــەدەزانی**

**زۆر دارەکان فێریان کردم ........**

**دەست وپەنجەی قڵیشاو پێی خاوسی**

**جوتیارەکان فێریان کردم**

**هەر ڕادەیەك لەپێناو هەژاراندا نەمری**

**ئەگەر مردن هەر نەش بوایە**

**لەپێناوی هەژاراندا من دەمردم**

نـەك هـەر ئەمەنـدە بـەڵكو لـە (دوابڕیـاردا) بـوون و ناسـراوی خـۆی بـە هەژارەکانـەوە دەبەستێتەوەو نایەوێ لێیان دووربێ و بۆ ئەوان ئەژی.

**من چیم ئەگەر ئێوە ناوم لەبەر نەکەن**

**شاعیر...کێیە؟ چییە...؟ ئەگەر**

**ئێوە تاجی لەسەر نەکەن ...**

**شەشەم:**

زانـاو شـارەزا دەروونییـەکان لـەو بـاوڕەدان (خـەون ئاوێنـەی ، کەسـایەتی و شـانۆگەری ڕۆژانەی مرۆڤە) وەهەندێکیان دای دەنێن بە (بەدیهاتنی حەزوئارەزوو خولیا...بەدینـە هاتووەکانی مرۆڤ )... ئەگەر لەژیانی هێمن وردبینەوە لەنێوان هۆنراوەکانییەوە، بۆمـان دەرئەکـەوێ، کـە هـەردەم تێکـەڵاوی ڕەش و ڕووت و خـەڵکی خـاکی بـووەو ژانـەکانی ئاوێتەی ژانەکانیان کردووە, لە خۆشیدا لەگەڵیانا تریقاوەتەوەو لەتەنگانەشدا پشتی تـێ نـەکردوون و خۆشـی خـۆی کـە زۆر کـەمیش بـووە لـە بـزەی سـەرلێوی ئـەو خەڵکـەوە هەڵهێنجاوەو هەردەم سکاڵایانی بیستووەو گوێی بۆ شل کردوون و وەك خاوەن هەستێك و ویـژدان زیندوویـەك، لـەبوون و هـۆو چـۆنی ژیـانی خـۆی و ژیـانی کۆمەڵەکـەی تۆژیوەتەوەو ویستویەتی یاقووتی ڕاستی لەناو قوڕو لیتـەی شـێواندنا دەربهێنێت و بـە خەڵکی بناسێنێ و ئازاری هەموویان یەکخاو ئاواتی هەموویان یەکخاو خەم و پـەژارەیان یەکخا. بۆیە شتێکی ئاساییە، کە کاتێ خەونێکی سەوزی خۆیمان بـۆ دەگێڕێتـەوە. باسـی ئەو ڕەش و ڕووتەو ژان وئازارو خەم و خەونی ئەو ڕەش ڕووتە بێ.

**لــە کاتی نیوە شەودا بــــوو شەوێ دی**

**ژنێکی پیرو ڕەشپۆشم لەخەو دی ...**

هەڵمەتیش کـە لەژیانیـدا هـۆگرو سەوداسـەری ئازادییـەو ئـەو ئازادییـە ناوچـە پـەڕێکی زێـڕین ناگۆڕێتـەوە بـە ژیـانی پارچـە پـەڕێکی زێـڕین، یـاخیش دەبـێ بـۆ پاراسـتن و هێشتنەوەی سەربەستی و ئازادییەکەی ... بەم پێیە شـتێکی ئاسایی دەبێت کـە لـەکاتێ خەونێکمان بۆ ئەگێڕێتەوە ... وا لەپاڵەوانی خەونەکەی بکا، کاتێ دەیانەوێ، لەکۆشکێکا دەسبەسەری بکەن تاجی شاهی لەسەر بکەن.. ئەم تاجـە وردوخـاش دەکـاو بـە گـەردەنی ئازادو گیانی سەرکێشەوە ئەدا لە شەقەی باڵ و ئەفڕێ بۆ ئەو پەڕی زەوی و ئاسمان.

**خەوم بینی ئیمپڕاتۆری جیهان بووم**

**تۆش پەرییە تاوانباری بێ تاوان بووی**

**دەرکراوی بەهەشتی زەوی و ئاسمان بووی**

**لە کۆشکەکەمدا میوان بووی**

**تاجەکەمم کردە سەرت ..**

هەڵمەت شەیدای خاك وخۆڵو تاڤگەو نشێوو نەویو بڵندیو گردویاڵو بنارو قەد پاڵ و چیاو شاخی وڵاتەکەیەتی و هەموویان بەجوان ئەزانێ و ئیلهام و چێژیان لێ وەرئەگرێ، شتێکی نائاسایی نییە گەر لەخەونێکا باسی ئەوەمان بۆ بکات کە لەسەر ترۆپکی بڵندترین شاخی وڵاتەکەی ئەوەستێت و ئەڕوانێتە دەورووبەری و چاوی لەجوانی سروشت تێر ئەکاو ژیانی تێکەڵ ژیانی لادێ و شوان و کچۆڵەی بەفراوو خۆڕەی کوێستان دەکات:

خەوم بینی ... شەوبوو لەسەر لوتکەی حەسارۆست ڕاوەستاوم...

کەیلی جوانی کوردستان بوو گلێنەی دڵی تەماشام...

بەهەر لایەکدا دەمڕوانی ، هەر جوانی بوو

قاسپەی کەو بوو ... باڕەی مەڕبوو ،گۆرانی بوو،

بۆنی پرچی کچۆڵەی ... ڕێی کانی بوو

حەوتەم:

سەرەڕای ژانی دەربەدەری و ئاوارەیی ولانەوازی و شەکەتی لەش وماندوویی گیان و دەردەسەری و مەینەت وئازار... مام هێمن خەمێکی قورسی دیکەی هەیە کە بۆمان دەگێڕێتەوە ئەویش دووری و دەردی دووری خۆشەویستانە، ئەودووریەی، تروسکا ییەك هیوای نزیکبوونەوەی تیا بەدی ناکرێ... باسی دووری جگەرگۆشە بێ نازەکەیمان بۆ دەکات کە لێی دوورەو دووری نێوانیان هێکجار سەخت و بە سنورە:

ئەی ئەوکەسەی دەتپەرستم و لێم ونی

تۆ خودانی ، تۆ خۆشەویستی منی

لە ئاسمان نی تا وێت ڕانەگا دەستم

لەقاف نی کالەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم ...

هەڵمەت..جگەر گۆشەی نییە، تا باسی دورییەکەیمان بۆ بکات، بەڵکو باسی دوڵبەرەکەیمان بۆ دەکات... کە چەندە لێی دوورەو ئەم دووریەش خەم و ژانی ئاوارەییو لانەوازەییەکەی پتر ئەکاو نێوانیان تەنراوەو ڕێگای پێگەیشتنی ستەم و پڕ زەبرە.

**ئامۆزاگیان**

**تۆ دووریت و ڕێگاش دووره ، ئامۆزاگیان**

**هەزارەها کێوو تەلان هەزارەها چەتەی برسی**

**لەنێوانماندا سنووره ئامۆزاگیان ...**

**هەشتەم:**

کێژێ داخوازی هۆنراوەیەك دەکا لە هەڵمەت، هۆنەریش دەستەوستانی خۆی نیشان ئەدات بەرامبەر ئەو داواکاریە، ئەم دەسەوسانەش وەنەبێ لە ئەنجامی بێ تینی هۆنەرەوەیی و توانای بەسەر هۆنراوەیەکی وادا نەشکێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ، کە کیژە خۆی شیعرەو ئیلهامو چاوگی چێژی ئەدیبانەیە، لەبەر ئەمە تا هۆنەر لەوچاوگە (کە جوانی گۆناو دەمو لێوو پێستی پەمەییە) پاراو نەبێ ، ئیلهامی بۆنایەو دەسەوساوە.

**نۆههم:**

هێمن لە (ئامێزی ژن) دا، باسی نازو بەهرەی بەتام و چێژو گەرم و گوڕی خۆشی و ژیان و دووریی لە ئاهێن و پەستی و بەجوانی ئافرەت مەستی و ئارامی دڵ و دووری لەژن و سوگوارمان بۆ دەکات، بەڵام باسی لەمانە خۆشترو بەنرخترمان بۆ دەکات کە (ئازادی) یە.

**بەڵێ سەختە ، یەکجار سەختە**

**دووری لەژن، نامرادی**

**بەڵام لەژن خۆشەویست تر**

**لەلای من ئەتۆی ئازادی**

هەڵمەتیش وەك پێویست لەسەر زمانی کەوێکی دیلکراوی ناو کۆشکی شاهی و نێوان بەهرەو خۆشی و نازی خوایی ، کە لەهیچ پێویستییەکی مادی کەمی نییە ( ئەوکاتەی خۆی دەرباز کرد ... شازادە لێ ی پرسی بۆ لەم نازو خۆشی یە ڕادەکەیت ، چ شتێك لەم ژیانەت خۆشتر دەست ئەکەوێت) ... پێمان دەڵێت کە ( لە گشت شت بەبەهاترو ئازیزتر ئازادی و لوتکەی چیاکانە).

**بۆ کوێ ئەڕۆی ئەی کەوی جوان**

**کوێ لەکۆشم گەرمترە**

**چی لەم کۆشکە بەرزترە**

**کەوی فێرە بەفری کوێستان**

**وتی: لوتکەی چیاکانی کوردستان**

**دەهەم:**

هەڵمەت ... بۆدیدارو دیدەنی دڵخوازەکەی ... داوا لە پەڵە هەورێ دەکات بیکاتـە کـۆڵ و بیگەیەنێتە جێ مەبەست.. هەروەها سەرێك لەخەزێنـەی فۆلکلـۆری کـوردی ئـەداو وەك پاڵەوانی ئەفسانە کۆنەکان پێویستی بە (سیمورخێ) هەیە بیگەیەنێتە دڵخوازەکەی.

**ئەرێ بشێ هەورێک نەبێ**

**سواری پشتی خۆیم بکات**

**بۆ وڵاتەکەی خۆمم ببات**

**یان کە دەڵێت:**

**بۆ هەڵبەستێک دەگەڕێم وەك سیمرخێ**

**گشت سنوورەکان ببڕێ**

**بۆ وڵاتە دوورەکەی خۆم هەڵمگرێ**

**تا دێتەوە هۆش و دەڵێت:**

**گەر خوام هەبێ هیچم ناوێت لە خواکەم**

**دووپێ نەبێ تا کوردستان پێی ڕاکەم**

**مامۆستا هێمن گەر بلوێ لەمە پتر دەکات و گەرخۆشەویستەکەی لـەئاسمان بـێ دەچـێتە لای‌و خۆ ئەگـەر لەسـەر زەوی بـوو تەنانـەت لـە قوللـەی قـافیش بێـت کاڵـەی ئاسـنی بـۆ هەڵئەکێشێ و ئەیگاتێ، بـەلأم خۆشەویسـتەکەی لـەم شـوێنانە نییـە.. هێجگـار دووریـش نییە، بەلأم بستۆکێ کێشراوە لێکی کردوون.**

**تۆی لەمن ون کردو منی لەتۆ دوور**

**ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور**

**یانزەهەم:**

هێمنـی دنیـا دیـدە .. لەگێژەڵووکـەی بەسـام و تونـدی خـەزان دەسـڵەمێتەوەو بـەوە تاوانباری دەکات کە پەلاماری باخ و ڕەزو نەمامی شلك و تەڕو گوڵی بۆنخۆشی بەبەرامـە

پــەڕە پــەڕە دەکــات وجــوانی سروشــت ئەشــێڵێ و خەنــەی پەنجــەی بــووکی سروشــت دەشواتەوە:

**کێژەڵووکەی بەسام وتوندی خەزان**

**کە پەلاماری دایە باخ و ڕەزان**

**دەشکێنیٚ نەمامی شلك وتەڕ**

**گوڵی بۆن خۆش و تەڕ دەکا پەڕ پەڕ**

**ئەو گوڵەی باخی پیٚ دەڕازاوە**

**داخەکەم ئێستە هەڵپڕوکاوە**

هەڵمــەت ڕەشــەبای دەســتەبرای (گێژەڵووکــە)، بــەتاوانبار دائــەنیٚ لــە چــەپەری تاوانــا گــەمارۆی ئــەدات و دادگــای بۆگــەرم دەکــات، چــونکە پــەل وپــۆی داری شــکاندوەو منــداڵی هەڵپڕووقاندوەو باڵداری لە لێر تەڕاندوەو چاوی شــاری ئــازار داوە ... بۆیــە دەبــیٚ ســزای خۆی وەرگرێت.

**تا ڕەشەباش تاوانبارە**

**ئەی ڕەشەبا، کەم پەل وپۆی داری شکان؟**

**ئەی ڕەشەبا، کەم مناڵی هەڵپڕوکان ؟**

**ئەی ڕەشەبا، کەم باڵداری لەلێر تەڕان ؟**

**دوانزەهەم:**

زۆربەی مرۆڤ هەرچەندە لەو ڕۆژەدا دەژین کە بەسەری دەبەن، بەڵام نــاتوانن کــە گشــت ڕابردوو بنێژن و لەیادی بکەن ... هەر چۆن بۆ داهاتوو دەکێشن، چونکە دەزانن داهاتوو تەواوکەری ئێستایەو ئێستاش بەردەوامی و تەواوکەری ڕابردووە، هێمنیش یەکێکــە لــەم کەرتە گەورەی مرۆڤ و ڕابوردوو گۆڕ ناکات و نایەویٚ هەموو ڕۆژی سەرلەنویٚ لــە دایــك بێتــەوە لــە نوکــەوە کــاروان بخاتــە ڕیٚ، چــونکە زوڵــم و زۆرداری زۆرداران و تریقانــەوەی نازداران و ماچ و مووچی ژوان کانییــەکی شــێتن لــەیادیاو لەگــەڵ هــەر دەرفەتێکــدا ســەر هەلئەدەنەوە وەك لە (ماچی شیرین) دادەبینین بە (فلاش باك) ئاوڕێــك لــەفیلمی ژیــانی خۆی ئەداتەوەو بیرەوەری سەردەمی منــالی ئەیهــەژێنیٚ کــە چــۆن ماچــێکی شــیرینی لــەو نــازدارە شــەنگە ئەســتاندووە تــاکو ئــەمرۆش گــیرۆدەی ئــەو یادگاریــەو کــەف وکوڵەکــەی دانامرکێتەوە هەردەم دەژێتەوە:

به منداڵی له لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووه ماچێ
بەپیریش لەزەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ
بەسەد دکتۆرو دەرمان و پەرستار ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لەدڵ ڕاچێ

هەڵمەتیش لەم دەستەیەیە، کاتێ بە (فلاش باك) لەفیلمی ژیانی ڕابردووی ورد ئەبێتەوە جیهانی منداڵی زیندوو دەکاتەوە، یادی ماچێکی شیرینی لێوی ئاڵی نازدارێ نایهەژێنێ بەڵکو یادی کاروساکاری و فێڵبازی و بزێوی منالی دەیورژێنێ و کاژێری ڕۆژگارو بەسەر هات بەلای ڕاستا، واته بۆ دواوه بائەداتەوه لەخۆی ئەڕوانێت:

ڕۆژانێ بوو لەو کوێستانه
هەر چەند باران دەباری
داوو تەپکەم دەنایەوه
بۆکۆتره کێوی و پاساری ...

یان کە بە منداڵی:

بە منالی کە پەڵکە زێرینەی سامالْ
ئاسۆی دەگرت وەك ڕەوه پەپووڵەی خەیاڵ
حەزم دەکرد وەك مەلْ بدەم لەشەقەی باڵ
بڕۆم ... بڕۆم وەها هەڵفڕم بۆ بەرز
هیچ سیمرخێ نەمهێنێتەوه بۆسەر ئەرز

**سیانزەهەم:**

ئەو کەسەی بژی بۆ مرۆڤ ومرۆڤایەتی، مرۆڤیش بۆ ئەو دەژی، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەمرن ...کەواتە ئەو ئادەمییە نەمر دەبێ‌و، هەردەم لەدڵی مرۆڤدا لاوەوپیربوون و مردنی بۆ نییە، هێمنیش چرایەکە لەو چرا هەڵکراوه پڕشنگدارەی کە شەوەزەنگی ژیانی زۆری ڕۆشن کردۆتەوەو وەك پێویست گڕ لەخۆی بەرئەدات و بۆیان دەبێتە ڕووناکی و ویژدانی خۆی ژێر دەکاتەوه، چونکە نایەوێ بەچرا دابنرێ، بێ ئەوەی ڕووناکی هەبێ ناشیەوێ خەڵکی بەتاریکی بمینێتەوەو ڕێگەی ژیانی پڕ هاتو نەهاتی تاریك و نوتەك ڕۆشن دەکاتەوه، تائەو ئاستەی له مەودای توانایەتی.

**خۆم دەسووتێم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بكەم**

**كێ لەڕێ خەڵكا وەكو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ**

ئەم بیرو هەستەش هەڵمەت دەگرێتەوە ، بنۆڕە چۆن بە(شێوازی هەڵمەت) ی دەمانهەژێنێ:

**ئەگەر شەوێ لەشەوان**

**لەتۆی خاكی گڵكۆوە**

**ڕووناكییەك دڵۆپ ، دڵۆپ ،تاریكی ماڵی كردو كردی بەچراخان**

**وانەزانی مۆمە ، منم ... من ئەسووتێم بەدیار تۆوە ئەی دایە گیان**

**چواردەهەم:**

هەرچـەندە هـێمن بـاری زسـتان وتـۆف وتـاری خـەزان ئـەزانێ كـە چـەن تـوڕەو شـێتن، سروشـت لـە زسـتانا چـەند دڵتەنگـەو پـیرە ڕەشـەبا چـۆن دەنركێنێـت و ئاسمـان چـۆن فرمێسـكی بەسـەر گلگـۆی خاكـدا دەبارێنێـت، بـەلاَم هێنـدە سەوداسـەرو شـەیدای دڵخوازەكەیەتی، تـەنیا نزیكـی دڵخوازەكـەی ئـەم زسـتانە ڕەشـە دەگۆڕێـت بـە بـەهارێكی شـین و ئاسمـانێكی سـاوو تەنانـەت سروشـتیش تـارای بـووكێنی دەپۆشـێت بـە هـاتنی گوڵەكەی هێمن:

**بەهاربوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە**

**درۆیە گەر گوتوویانە ، بە خونچێكی بەهار نایە**

هەرچـەندە ئـەم گۆڕانـە بەسـەر هەڵمـەت دانایـەت، بـەلاَم وەك كامێرایـەكی زینـدوو ئەوەمان دەخاتە پێش چاو، لە تابلۆیەكی نایابی هۆنراوەكەیدا، كە زستانی بە هەڕەشـەو گوڕەشەی لادی و تەنگە بەری، بۆ شوانی بەرباران خۆشە، چونكە لەگەڵ دۆستەكەیدا لە ئامێزی یەكتر خزاون و زستان بۆیەكتر دەكەنە بەهارو دەبنە چاوگی شادی یەكتری:

**هۆ ... هۆ شوانە سەر شێتەكە**

**شەو درەنگە سەرما و تۆفە**

**بەس لەسۆنگەی خۆشیەك دا كەناگیرێ**

**لەش ولاری ـ خازە ـ وا توند هەڵگڵۆفە**

**دە دوا ماچی لێ بستێنە خۆت ئاسایی**

**ڕەوانەی كە ... هەتا سەرەڕێی ئاوایی ...**

**پانزدەهەم:**

**هـێمن کـە دڵـی بۆتـە پێشـانگایەکی خـەمی مـرۆڤ و سـەگواری ژیـان وژانـی دەردە کۆمەڵایەتییەکانو ئازاری ئاوارەیی و لانەوازی، دەیەوێت کەمێ ئەم مۆتەکە قورسەی سەر دڵی سوك بکات و شەوێ ڕوو دەکاتە سەر گردێك و لە بەرزاییەوە نزیك بە ئەستێرەکان سکاڵای خۆی بۆیان دەکات وهاوبەشی خەمی خۆیان دەکات، چونکە ئەم کارە بە دەرمانو سارێژی برینەکەی تۆێی دڵی دا ئەنێ:**

**تەك و تەنیا دەچم بۆ گردەکەی سەر دێ**

**بەدڵتەنگی و کزو خەمناکی ڕادەکشێم لەسەرِ بەردێ**

**دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا**

**شەووبێ دەنگی چەن خۆشە ، هەمیشە خۆزگە هەر شەوبا**

**وەکو ئاواڵی چاك ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم**

**هەتا بۆیان بەیان کەم ، موو بەموو ڕازی دەروونی خۆم**

**هەڵمەتیش داخوازی لە ئەستێرەکان دەکات کە لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ کوێ ؟ بۆ بەرزایەکەی جێ نزرگەی خۆیان ... بۆ ئەوەی لەوبڵندییەوە تۆزێ لە وڵاتە دوورەکەی ڕامێنێ و تاسەی ئەو دوورییە بشکێت و دڵی گڕ گرتووی ڕابژەنێت و ژیری بکاتەوە ... بەڵێنیش بە ئەستێرەکان ئەدا کەبەبێ دەنگی دەمینێتەوە:**

**ئەی ئەستێرە دوورەکە لەگەڵ خۆتدا بمبە**

**تابەرەبەیان ...**

**تیشکەکانت نا دزم ...**

**ئەم ئاشنایەتییەی هەڵمەت و گەردوون شتێکی سەیرو سەمەرە نییە هەر چۆن ئەم سکاڵای خۆی بۆ گەردوون وئەندامەکانی دەکات ، هەروەها گەردوون و سروشت و ئەندامەکانی ... سکاڵا بۆ هەڵمەت دەکەن.**

**چنگێ ئاوم لەناو دیجلە دەرهێناوە**

**دلۆپ ، دلۆپ ، ئاو گریا**

**ووتی: بریا**

**دەتدامە بەر ئەم هەتاوەو دەبووم بە تەم**

**دەچوومەوە بۆ بەرزایی**

**کوێستانەکەم**

**شانزەهەم:**

**هـێمن لـە(بۆسـەی ڕۆژگـار) دا، باسـی هـاودەمی خـۆی و خـەم ئـەکا، کەچـەند دڵسـۆزە تەنانـەت لـەو ڕۆژانـەی لـەو پـەڕی نـا سـۆرو سـوگوار دایـە لای بـەرناداو هەمیشـە لـەبن باخـەڵی خـزاوەو تێکـەڵ هەناسـەو ئاخافتنییـەتی و لـەژێر سـایەی یـەکترا دەشـنێتەوەو دەمی زامەکانی و برینی کۆنی دێنێتەوە سۆ .**

**نیمە ئاواڵێ لەگۆشەی بێکەسی دا غەم نەبێ**

**چاکە ئەو لێرەش وەفای هەرماوە، سایەی کەم نەبێ ...**

**وادەرئەکەوێ کەخەم تەنیا ئاوەڵ ودڵسۆزی هێمن نەبووە لە گۆشەی بێ کەسیدا ، بـەڵکو هــاوەڵ وهــاودەمی هەڵمــەتیش بــووەو بــە مــوولێی دوور نەکەوتۆتــەوە ... بــەڵام هەڤاڵییەکی سەیرو سەمەرەی دوای ترس و سڵە مینەوەیـەکی فـرە, ئـاوازی دڵ کـەرەوەو شادی دەری هەڵمەت هەر گۆرانی خەمەکانییەتی, بۆیە دەروونی خولیای خەمەو ڕەنگـی خەمی گرتووە.**

**جاران لە خەم زۆر دەتر سام**

**بەڵام ئێستا هەرچەندە هەست بکەم تەنیام**

**دەمێنمەوە.**

**لێم ببورە ئەگەر هات و شیعرەکانم**

**وشک وزڕبوون**

**ساردو سڕبوون**

**لەزستانی ژوورەکەتدا**

**توانەوە وەک چلوورە ...**

**کاتێ کیژێ بەرۆکی هێمن دەگرێت بۆ هۆنراوەیەك ، ئەمیش بـەوە خـۆی دەپەڕێنێتـەوە کەگوایە چۆتە تەمەنەوەو شعریش وەك کچی جوان و لاو سەر نادا لەشـاعیری پـیرو لێـی دوورە پەرێزە:**

**شعرت دەوێ لەمنی پیر**

**لەمنی پیری گۆشە گیر ...**

تا لەکۆتایدا دەڵێت:

**پەری شیعر وەك كچی جوان**

**بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان**

**حەڤدەهەم:**

هێمن ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردی ولاتەکەیەتی لە جیاتی شەیدایی چاوی کەژاڵی خوێن گەرمان و گەردنی پڕ خاڵی کەوڕەوان... هەرچەندە لەسەر ئەم ئەشقە توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت ودەردە، بەلاّم هەر ئەمەندە نا بەلّکو گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ڕەق بێتەوە تا لەسەر هەردبێ واز لەم ئەشقەی ناهێنێ، گەر بەزنجیرو تەناف و دارو بەندو کۆت چاو ترسێن بکرێت، ئەم باکی نییەو هەر ئاشقی ئازیزەکەیەتی.

**گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی وحەسرەت ودەردم ئەمن**

**قەد لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم ، مەردم ئەمن**

**ئاشقی چاوی کەژاڵ وگەردەنی پڕخاڵ نیم**

**ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

هەڵمەت ئەم سنوورەی هێمن دەشکێنێت و پڕ بە قوڕگی هاوار دەکات کەوا لەجیاتی ئاشقی (شێت) ی دارو دەوەن و کوسارو خاك و بەهاری ولاّتەکەیەتی:

**نەءگیانەکەم نەمن دەست بەرداری تۆ دەبم و**

**نەسەوزایی لە دارستانەکانی کوێستان دەبڕێ و**

**نە بێستانەکانی گەرمیان بێ شەمامەدەبن ...**

**گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٦)، ئاداری ١٩٧٨.**

# قۆناخەکانی شیعری هێمن

**محەمەد ئەمین ئەحمەد**

بۆچوونە ناوجیهانی ئەم شیعری هەر شاعیرێکەوە، پێویستە چەند مەسەلەیەکی ورد هەیە بزانرێ کە پەیوەندییان بە ژیان و هەڵسوکەوتی شاعیرو دەوروبەریەوە هەیەو رووناکییەکی تەواوی بخرێتە سەر بۆ زانینی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەند ییەکی راستەوخۆیان هەیە بەشاعیرو کۆمەڵ ولایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیرییەکانییەوە.. ئەوەشیان بۆدەستنیشانکردنی ئەو قۆناخەی کە شیعرەکانی پێدا رۆیشتوون، هەرچەندە ئەم کارەش سووكو ئاسان نییە، چونکە لەوانەیە ئێستاکە ئەو ماوەیەمان نەبێ بەدوای زۆرلەو مەسەلانەدا بگەرێین کە پەییوەندییان بە لێکۆلینەوەکەمانەوە هەبێ.. دووەمیان ئێمە بەهۆی دیوانی (تاریك و روون)ەوە، یا بەهۆی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەوە دەتوانین شتێك لەو بارەیەوەوە دەست بێنین، کە زیاتر شێوەی توێژینەوە دەگرێتەوە خۆی و تاکو بە هۆی ئەو شیکردنەوەوە دەگەینە ئەنجامی مەبەستەکەمان، هەرچەندە زانینی ئەو لایەنانە، کە باسمانکرد، مەرجێکی سەرەکییە بۆ ناسینی هونەرمەندی پایەبەرزو بلیمەت کە ئەو داهێنانە جوانانەی، کە بەهۆی پوخت و سفتی کارە هونەریەکەوەو هەلۆیستی رۆژانەی خۆی، خۆی لەناو کۆمەڵ دادەچەسپێنێ. چونکە هونەرمەند ئەرکێکی کۆمەلایەتی بەجێ دێنی و ئەمەشیان جێ بەجێ نابێت ئەگەر(خەڵك) بەرەو پیری ئەو داهێنانەوە نەچێت.. وە لەبەر ئەم چەند هۆیانەی پێشوو ناچارین پەنا بەرینە بەر(تاریكو روون) و (ئەزموونە شعیریەکانی)هێمن و(ئیعترافاتی) شاعیر خۆی، تاکو بتوانین قۆناخە شعرییەکانی دەستنیشان بکەین. تاکو نەکەوینە ناو لێشاوی بەزەییو ئەندێشەوە بەڵکو بەشێوەیەکی زانستیانە هەندێ لەو قۆناخانە دەستنیشان بکەین. ئیمە دەزانین دەستپێکردنی هەر هونەرمەندێك بەچەند پلەو پایەدا رۆیشتووە بەڵکو چەند قۆناخی بریوە، تا گەیشتۆتە ئەو پایەیەی کە لە ئەنجامدا خۆی و هونەرەکەی تێدا دەگرێتەوە. ئێمە دەزانین هیچ هونەرمەندێك هەر لەخۆیەوە، سەری هەڵنەداوە یا بەبێ بەهرەی هونەری پێ نەگەیشتووە, بەڵکو بەهرەی هونەری تێدا هەبووەو ئینجا کارتێکردنی خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵ و رووداوەکانی ژیان کاریان تێکردووە وەبوونەتە هۆی ئەوە کە

هونەرمەنـد بـەدوای ڕاسـتییە ون بووەکـەدا  بگـەڕێ لێـرەدا، تەنانـەت زۆر جـاریش وای لەهونەرمەند کردووەکە لەو پەڕی  بەختـەوەریو خۆشـی ژیانـدا بێنێتـە خـوارەوەو بـە خـەیاڵی دانەیـەت. بـەڵکو بـەنانی جۆ(قـانع)بـێ! هـەر سـووریش بـووەو کـۆڵی نـەداوەو نەبەزیوە، بەپێچەوانەی  ئەو هونەرمەندە کە هەناسەی کورتو سوارەو ناتوانێ ڕێرەوی ژیان بگۆڕێو شتی تازە بێنێتەکایەوە. لێرەدا مەبەستمان بەبـەراوردکردنی هونەرمەنـدی لاواز، لەگـەڵ هونەرمەنـدی ڕەسـەنو هەڵکـەوتودا نییـە، بـەڵکو دەمانـەوێ قۆناخـە شیعرییەکانی،مامۆستا (هێمن)ی بلیمەت بەپێی ئەو بۆ چوونانەمان دەستنیشان بکـەین، لەبەرئەوەی کە ئەم لێکۆلینەوەیە زۆری دەوێ، زۆر شت ناخەینە ڕووەوە، دەتـوانین ئـەو قۆناخـە شـیعریانە کـە مامۆسـتا (هێمن)ی بـەهرەدار پێدا ڕۆیشـتووە بیکـەین بەچـەند بەشێکی سەرەکی.. هەر چەندە لەنێوان قۆناخەکانیشدا سـەرکەوتنو دابـەزین، ئومێـدو نائومێدی، دیار دەدەن، واتە هەڵچوونو داچوونێك دروست دەکـەن، بـەلاَم نابێتـە هـۆی تێکـــدانی ئـــەم قۆناخانـــە کـــە ئـــەوانیش بەســـتراون بـــەبارە سیاســـی و کۆمەلایەتییەکـەو...هتـد.. هـەروا بـاری دەروونـی و فیکـری فەلسـەفی و بیروبـاوەڕ، ڕای هونەرمەنـدیشو هەڵوێسـتی لـەولا بمێنێتـەوە.. جـا لێـرەدا بـەپێی بۆچـوونی خـۆم حەزدەکەم هەریەکە لەو قۆناخانە سیمای خۆی بدەمێ، چونکە نـاتوانین ژیـانی شـاعیرو بارە خێزانییەکەی, باری کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیەکەو لەگەڵ پەروەردەی منـداڵی شـاعیری و هەڵسوکەوتی لـەماڵو لەقوتابخانـەو لـەناو هاوەلآنیـدا جیـا بکەینـەوە، بۆیـە بەپێی مێژووی شیعرەکانی ئەو قۆناخانە بەمجۆرەی خوارەوە دابەش دەکەین:

**یەکەم قۆناخی لاوێتی:**

کـە لەپێگەیشـتنی شـاعی، وەکـو شـاعیرێك ناسـرابێ دەسـت پێـدەکا، واتـە لەسـاڵی ٩٣٩/١٩٤٠/٩٤١/٩٤٢ دا یەکەم شیعری (خاوەنی زێرە)لە ساڵی ٩٤١/١٣٢٠دا بەرهەمی هێنـاوە، لـەو مێـژووەوە تـا دەگاتـە سـاڵی (٩٤٦/٩٤٧). دووەم لەسـاڵی (١٩٤٧)وە وەکـو شـاعیرێکی پێگەیشتوو قۆناخی شیعری لای وی دەست پێدەکا. هەرچـەندە لەهـەرەتی لاوێتـی دایـە، بەلاَم ئەو کارەساتە هەرەگەورە کاریگەرە، کاری تێدەکا، تاکو دەگاتە ساڵی ٩٥٣ کە شیعری (ئاواتی بەرز)ی شاعیرمان لە دایك دەبێ و لەگەڵ شیعرەکانی ئەوسەردەمەی دا..

سـێیەم لەسـاڵی ١٩٥٣ داقۆنـاخی سـێیەم دەسـت پێـدەکا کـە شـاعیری بـەهرەدار تووشـی نووشووسـتیو نائومێـدیو تێکشـکان دەبـێ و تـا دەگاتـە سـاڵی (١٩٥٩) کـە شـیعری

(چارەنوسی شاعیر)و شیعرەکانی  تری کە لەو بابەتەن لەدایك دەبن.چوارەم قۆناخی چوارەم لەساڵی (٩٥٩)دەست پێدەکا، تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٠.وە لەنێوان  (٩٥٩) و(٩٧٠) شیعری (گەرمەشین) و شیعرەکانی تری دێنە کایەوە.

قۆناخی پێنجەم لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٠) وە دەست پێدەکا...وە لەئەنجامی  ئەم دابەشکردنەدا چەندەها لق و پۆی لێ دەبێتەوە وەئەوەشیان لەلاپەڕەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.

**(قۆناخی یەکەم) قۆناخی لاوێتی:**

ئێمە دەزانین (هێمن)لەدایکبووی ساڵی (١٩٢١)، بەلاّم نازانین  لەسالاّنی ١٩٣٣- ١٩٣٩ دا شیعری وتووە یا نەء ؟ واتە لەتەمەنی (١٢) ساڵیدا یا لە تەمەنی (١٧- ١٨)ساڵیدا شیعری هەبوە یا نەو؟!

بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێشەکی (تاریك و ڕوون) و (ئەزموونە) شیعرییەکەی، کە لە پێشەکیەکەدا دەڵێ: (ساڵی ١٣١٧ کە لاوێکی (١٧) ساڵ بووم ، مامۆستاکەم لە کولیجە ڕۆیشت ومنیش دەستم لە خوێندن هەلگرت و چوومەوە ماڵی و دەستمکرد بە کاروکاسبی... بە ڕۆژ کارم دەکردو بەشەو موتالاّ..) (ئینجا لەسەر باسەکەی دەڕواو دەڵێ (١٣٢٠- ١٩٤١ م) من لاوێکی پێگەیشتووبووم لەکارو باری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کارامە ببوم و لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیشدا، شارەزایی تەواوم پەیدا کردبوو بۆ خۆشم شیعرم دادەنا. هەروەها دەڵێ: ( شازدە حەڤدە ساڵیدا دەستم بەشیعر دانان کرد. چونکە زیاتر لەژێر تەئسیری شیعری  فارسی دابووم. بە فارسی شیعرم دەگووت) وە (لە تەمەنی بیست ساڵییەوە بووم بە شاعیر، زیاتر هەست و عاتیفەی خۆمم دەخستنە نێو شیعرەوە)

بەلاّم وەکو خۆی دەڵێ ئەو شیعرانەی کە نوسیبووی لە دووتۆی دەفتەرێکدا بوون و هەمووشیان سووتێنراون. (ڕۆژێك خەریکی شیعر نووسینەوە بووم کارێکم هاتە پێش وە دەرکەوتم و دەرفتەرەکەم لە گۆڕێ بە جێهێشت. ترسی وەم نەبوو بابم لەو وەختەدا بێتە دیوەخان زۆرم پێ نەچوو کە هاتمەوە دەفتەرە سوور دیار نەبوو پرسیارم کرد گوتیان: بابت دەستی دایەو بردی؟ لە پشتێن بەرەو ژێرم مرد. پێموانەبوو بەهاسانی نەجاتم بێ. زانیم خراپم لێ قەوماوە. شیعرەکانم پوختە نەبوون، لاسایی شاعیرە کۆنەکانم کردبۆوە، هەموو جۆرە شیعرێکم دانابوو، تەنانەت لە فڕ هاویشتن دا لاسایی

شێخ ڕەزاو ئیرەج میرزای فارسیشم کردبۆوە. بۆیە هەقم بوو بترسم. من هەم شاعیر بووم و هەم ئیعترافم بە گوناە کردبوو. با بەخەیاڵیش بێ. منیش وەك شێخ ڕەزا بوختانم بۆ خۆم کردبوو و بابم شتی وای پێ قەبووڵ نەدەکرا. بەلاّم وادیاربوو نەیخوێند بوونەوە) .

لەم وتوویژەی مامۆستا (هێمن)وە لەم دانپێدانانەی شاعیر خۆی؟ زۆرشتمان دەدا بەدەستەوە یەکێك لەوانە کە مەبەستمانە ئەوەمان بۆ جەخت دەکا کە دەفتەری شیعری وەکو لاوێکی پێگەیشتوو هەبووە وە هەمووجۆرە شیعرێکی وتووە. وەلەپێشەکێکەدا بۆمان دەردەکەوی، کە لەساڵی (١٩٤١)دا لاوێکی پێگەیشتوو بووە، (لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیشدا شارەزایی تەواوم پەیدا کردبوو. بۆخۆشم شیعرم دادەنا. دیوانێکی گەورەم دروستکردبوو. بابم ئەگەرچی بۆخۆی ئەهلی زەوق بوو شیعری زۆر پێخۆش بوو.. زۆری پێ ناخۆش بوو من ببم بە شاعیر. لەکن ئەو ببڕای ببڕای باسی شاعیری خۆم نەکردووە.دەفتەری شیعرەکانم وەك بێچوە پشیلە لە بابم دەشاردەوە)

لێرەدا دژوارییەك دروست دەبێ، چونکە لە (ئەزموونی شاعیریم)دا ئەوەی وتووە کە هیچ بەخەیاڵیدا نەهاتووە ببێ بە شاعیر یان ئەدیب یا نووسەر بەڵکو حەزی کردووە ببێ بەئەفسەرو دکتۆر، کەچی لەم پێشەکی دیوانەکەیدا دەبینین شاعیرمان هەر لەمنداڵییەوە حەزی لەشیعرو ئەدەبیات کردووە، بەڵکو لە شازدەو حەڤدە ساڵیدا شیعری وتووە،لە تەمەنی بیست ساڵیدا بەتەواوی شاعیریەتی (هێمن) نەشونومای کردوووە.

لەو سالاّنەدا، واتە لە دەوروبەری گۆڤاری گەلاوێژدا یەکەم شیعری بۆ بلاّوکراوەتەوە، کە دەڵێ: یەکەم شیعرم لەگۆڤاری گەلاّوێژدا بەناوێکی موستەعار بلاّو بۆوە. شیعرێکی سیاسی ڕێكوپێكو ڕەوانە. ئەوەدەمی زۆرم شایی بەخۆم بوو کە شیعرم لەگۆڤاریدا چاپ دەکرێ، کەچی ئێستا خۆم لێ بێ ساحێب کردووەو نامەوێ کەس بزانێ ئەوشیعرە ئی منە، هەروەها دەڵێ: (دووەم شیعرم لەژمارەی (٢)ی گۆڤاری (نیشتمان)دا نزیکەی (٣٣) ساڵ پێش چاپکراوەوە لەلاپەڕەی (٥٢) ی تاریك و ڕوون دا دووبارە چاپ کراوەتەوە ) ئەم شیعرە کە باسی دەکاو لەدیوانەکەی دایە (دەیڵێم وبێ باکم) مێژووی لەسەر نییە؟ بەپێی ئەم قسەیەی شاعیری بەناوبانگ کە پێش (٣٣)ساڵ بلاّوبووبێتەوە ئەوا دەگەڕێتەوە ساڵی (١٩٤٥) ی زایینی: ئەگەر شاعیر مەبەستی لەو (٣٣) ساڵە بەپێی ساڵی

زایینی بێت....وەئەگەر مەبەستی لەساڵی کوردیش بێ ئەوا دەکاتە (١٣٢٤) هەمان شت دەگرێتەوە. کەچی شیعری واشی لەدیوانەکەیدا هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٩٤١) زایینی. بەناوی (خاوەنی زێڕ)ەوە، تۆمارکراوە. واتە سەرەتای شیعری (هێمن) پێش (١٩٤١) دەست پێدەکا، بەلاَم وەکو شاعیرێکی پێگەیشتوو و بڕوای بەخۆی کردبێ لەساڵی (١٩٤١) دا بەدی دەکرێ و شوێن پەنجەی خۆی لە جیهانی شیعردا کردۆتەوە. ئەمەشیان بەقۆناخی شیعری لاوێتی شاعیر دادەنرێ، هەرچەندە لەو دەستنووسەی کە باوکی سووتاندوویەتی هیچ شعرێکمان بەرچنگ نەکەوتووە، بەلاَم لە ئەنجامی گەلاَلەکردنی مێژووی شیعرەکانی (من دەیلێم و بێ باکم) لەگەڵ شیعری (خاوەن زێڕ) ساکاریان پێوە دیارە، بەڵکو شیعری موناسەبەتە. شیعرێکی دروشمییە هەر وەکو خۆی دەڵێ (ئەو دەمی زۆرم پەرۆش بوو، بەلاَم پاشان گووتم دەستی خۆش بێ، چونکە بێگومان ئێستا مابان خۆم دەمسووتاندن. ڕاستە هەموو مەوزون بوون و قافیەیان هەبوو، بەلاَم لاسایی تەواو بوون، هەستی شاعیرانەی خۆمیان کەم تیا بوو، پاشانیش زۆری وام فڕێ داون)، واتە وەکو هەموو (نوسەرێك) یا (شاعیرێك)ی تازە پێگەیشتوو دەستی دابێتە نووسین و شیعر دەبێ بەو قۆناخەدا تێپەڕبووبێت، لە قسەکانی(هێمن) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێش تەمەنی بیست ساڵیش شیعری ووتوە.کە بریتی بوون لە کێش‌و قافیەو (ئێستا مابان بۆخۆم دەمسووتاندن) ئەوەشیان ڕاستییەکە ناشاردرێتەوە، چونکە پلەی پێگەیشتنی (هێمن) لەقۆناخی ئیستایدا دەیان وەکو ئەو شیعرە مەوزوون موقە ففایە دەپێچێتەوە. بۆیە لەڕوانگەی ئێستایدا دەڕوانێتە ئەو سەردەمە.. وە ئەم پێشەکییەشی لەساڵی ٣ ـ ١١ ـ ١٩٥٢ دا نووسیوەتەوە. بەلاَم سەرکەوتنی شاعیرو قۆناخە شیعرییەکانی جگە لەو سەرەتایەی کە سووتان و فەوتاون، دەتوانین بەمجۆرە دابەشی بکەین کە لە پێشەوە باسمانکرد. بەلاَم دەبێت ئەم پرسیارەش بکەین ئەگەر مامۆستا هێمن وەکو خۆی دەڵێ ئەو شیعرانەی کە بێ کەڵك بوون ولەئەنجامدا حەزی لە سووتاندنیان کردبێ و فڕێی دابێ ئەدی چۆن لەساڵی ١٩٤١ دا شیعری(خاوەنی زێڕ) ی داناوە؟ یا ماوەتەوەو نەفەوتاوە؟ هەرچەندە ئەم پارچە شیعرەی جوانەو پڕ مانایە، بەلاَم سەرەتایی پێوە دیارە لەکاتێك دابمانەوێ بەراوردێکی کورت لەنێوان (خاوەنی زێڕ)و شیعرێکی ئەو سەردەمەی بکەین؟ لەلایەکی ترەوە ئەو شیعرەی لەبیست ساڵی دا(١٩٤١) داینـاوە کە دەڵی:

لەبارو قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ

ئەگەر کوڕەو وەگەر گۆجەو شەلۆ گێڕ

بەژن باریك وشووشو شۆڕەلاوە

ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵەو ورگ تێڕ

دەڵێن زاناو ئەدیب و خوێندەوارە

ئـــەگەر نەیخوێندبێ شەش پیتو دوو دێر

بەڵام زێڕت نەبێ سووکی ئەگەر تۆ

بـــــــــدەی دەرسی هەزاری وەك شكسپیر

ئەگەرچی ئەم پارچە شیعرە پەردە لەسەر کۆمەڵی بۆرژواو دەرەبەگ و خاوەن پوولۆ پارەو سامان هەڵدەداتەوە، بەشێوەیەکی هێمنانە توانج وپەلاریان تێدەگرێ کە پارە لای وان هەموو شتێکە ئیتر زانست وسەقافەتی چی؟ هەر لەدانپێدانانەکەی (هێمن) وابۆی دەچم کە باوکی حەزی نەکردووە یا نەیوویستوە (هێمن)ی کوڕی ببێ بە شاعیر، بەڵکو نەیشیویستووە ببێ بە دکتور یان ئەفسەر، بەڵکو ویستوویەتی ببێ بەزانایەکی گەورە، خزمەتی ئایین و شەریعەتی ئیسلام بکا، وەکو خۆی دەڵێ وجێگای باوکی بگرێتەوە.. هەروەکو بیروباوەڕی هەموو پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمانە حەزیان لەشیعری گوناهکردن و جوێن فرۆشتن نەکردووە، چونکە لەقورئاندا باسی ئەوەی کردووەکە (والشعراء یتبعهم الغاوون الم ترانهم فی کل واد یهیمون، یقولون مالا یفعلون، الا اللـژین أمنوا وعملوا الصالحات) واتە بەپێی ئەم ئایەتە بەهۆی سۆفیگەرێتی بنەماڵەی هێمن، باوکی حەزی نەکردووە کوڕەکەی ببێ بەشاعیر(بۆیە هەقم بوو بترسم.من هەم شاعیر بووم وهەم ئیعترافم بەگوناه کردبوو با بەخەیاڵیش بێت . منیش وەك شێخ ڕەزا بوختانم بۆ خۆم کردبوو وبابیشم شتی وای پێ قبوولْ نەدەکرا) ئەم قسەیەی دیارو ئاشکرایە ویستوویەتی ڕێبازی شێخ ڕەزا ڕەچاو بکا؟ یا لەبەر ئەوە بووە کە شیعرەکانی توونده تیژبوون، بەتایبەتی بەگژا چوونی شێخ و سۆفی و کۆلکە مەلاو خانەقادا، بۆیە باوکی نەیویستووە ئەو نهێنییانە بدرکێنێ و لە بنەماڵەکەیان هەڵبگەڕێتەوە، ئەم ڕووداوەش ڕووداوێکی مێژوویم دەخاتەوە یاد کە باوکی شاعیری بەناوبانگ (الفرزدق) ی شاعیری عەرەب....نەیویستووە کوڕەکەی ببێ بەشاعیرو ناچار شکایەتی لای ئیمام

(علی) کـردووه، ئـەویش داوای لێ دەکا کـە ڕوو بکاتـە قورئـان و شـەریعەت. ئەوهۆیانـە هەمووشـایانی بـاس و لێکۆلینـەوەن و هەرچـۆن بـووبێ. ئـەمجۆرە شـیعرانەی مامۆسـتا هێمن بەسەرەتای قۆناخی یەکەمی دادەنرێت کە زیاتر بەشێوەی کلاسیکییەکی خەست وخـۆل شـیعری نووسـیوە بەتایبـەتی (خـاوەنی زێـڕ)و (دەیلـێم وبـێ بـاکم)..وە نـەبێ شـیعرەکانی لـەم قەوارەیـە دەرچووبن، بـەلکو گـۆڕانێکی هـەرە گـەورەیان تیادایـە ، ئـەم باسەش دەهێلینەوە بۆدەرفەتێکیتر، چونکە ئینتماکردنی بۆ (کۆمەلە)، دەست هەلگرتنی لـە یـارو شـەوداوەت، جـوانترین وبـەرزترین شـیعری داهێنـاوە کـە هـەتا هەتایـە لـەگوێی مێژووی نەتەوایەتیماندا دەزرینگێتەوە (گەرچی تووشی ڕەنجـەڕۆیی وحەسـرەت ودەردم ئـەمن).مـن وابەباشـی دەزانم کـە ئـەو شـیعرەی (بکـرێ بـەقۆناخی یەکەمی،کـە لەسـالی (١٩٤٢)دا داینـاوە وەکـو لاوێکـی خـوێن گـەرم بـیر بکاتـەوەو قۆنـاخی هـەرزەکاری بـەجێ دەهێلی وەکولە سایکلۆژیادا باسکراوە.دەبا ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە مەبەسـتمان لـە قۆناخی یەکەم تەنیا ئەوە نییە کـە شـاعیری پایەبـەرز لەبـەر ئـەوە کـەلاوێکی زیـرەك و کاسـب و وریـا بـووە بۆیـە ناومـان نـاوە قۆنـاخی یەکـەم. نـەخێر، بـەلکو مەبەسـتمان شـیعرەکانیەتی، وە هـەروەکو وتمـان. ئـەم قۆناخـەش لەسـالأنی ١٩٤١/٩٤٢/٩٤٧هـەر بـە قۆناخی یەکەم دادەنرێت. وەلـەم قۆناخـەدا زیـاتر (ڕیـالزم)یانـە بـیر دەکاتـەوە، تـا وردە وردە بـەرەو ڕۆخـی خـەم وخەفـەت ودەردو مەینـەت، ئومێـدو نائومێـدی سـۆزو سـکالأ هەنگاو دەنێ وەئاشکرا لە هەندێ شیعرەکانی سالی ١٩٥٣ دا دیاردەکەوی. هەروەکو شاعیر خۆی لە (ئـەزموونی شـاعیریم) و (پێشـەکی دیوانەکـەی دا، لـەکوێ وە بـۆ کـوێ) داباسـی کردووە کە لەدوایی سالی (١٩٤٧) تووشی ئەو حەسرەتو نامۆییە بووە. هەرچـەندە کاکـە ( ئاوارە) لە(بیری نوێ) دا قۆناخی لاوێتی شاعیری لە سالی (١٩٤٥) دەستنیشانکردووە کـە دەلێ (شاعیر لەهەڕەتو تافی لاوێتیـدا بەشـداری لەچالأکی سیاسـی کـردووە، بەتایبـەتی لەسەردەمی (کۆمەلە) و بەرەو دواوە بەشیعری شیرینو ناسکی نیشتیمانی وکۆمەلایـەتی هانی گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی کۆمـەلانی خـەلکی داوە. کـە شـاعیر لـە هەسـتی مرۆڤ پەرستیدا ئەتوێتەوە هەموو ئازاروئەشکەنجەی ئەوان لەئاوێنەی گیان و بیری ئـەم دا تیشـك ئەداتـەوە) ئینجـا دەلـێ ( بـەم چەشـنە شـاعیر تـا سـالی ١٩٤٥ کـە سـەرەتای شاعیریەتی بووە ئاوێنەیەکی سەردەمی ڕاپەڕینی خۆیەتی و هـەموو ئـازارو ئەشـکەنجەو مەینەتی لەبیرو باوەریدا تیشك ئەدەنەوە. شاعیر مرۆڤێکی هەست زینـدوو، ئـازادیخواز،

مرۆڤ پەروەر، نیشتیمان پەرستە) بەپێی بۆچوونمان کە لەپێشەوە باسمانکرد، سەرەتای شاعیریەتی هێمن لەساڵی ١٩٤١/١٩٤٢ دەست پێدەکا چ بە لەوباسکردنەی کە لە پێشەکیەکەی دا باسی کردووەو چ لەشیعری (خاوەنی زێڕ) چ لەشیعری (کوردم ئەمن)دا کە ئەم شیعرە بە بەهێزترین شیعری مامۆستا هێمن دادەنرێ کە لەساڵی ١٩٤٢دا وتوویەتی، بەلاّم ساڵانی ١٩٤٥/١٩٤٦/١٩٤٧ دا دەتوانین بڵێین هێمن توانیویەتی شیعرەکانی خەستتر بکاتەوە ، وێنەی واقیعی زیاتر بەخۆیەوە بگرێت ، وزیاترلەکەم وکوڕیی ونەخۆشییەکانی گەلّ ونیشتیمان و مرۆڤی کورد نزیك بێتەوە . هەروەکو لەشیعری (خاوەنی زێڕ ١٩٤١ کوردم ئەمن ساڵی ١٩٤٢، دەیڵێم و بی باکم، قەلاّی نیشتیمان، ئەمەکی گولاّن ساڵی ١٩٤٣، بەهاری لادی ١٩٤٣، تۆم هەر لەبیرە ١٩٤٤، کیژی لادی ١٩٤٥، بژی دیموکرات ١٩٤٥ڕۆژی خۆشی ١٩٤٥، هەتاوی ئیقبال (مێژووی لەسەر نییە) ڕێبەندان وشاعیر ١٩٤٦ ، نەورۆزی ڕزگاری ١٩٤٦، پێکەنینی گولّ ،١٩٤٦ بلوێری شوان ١٩٤٦، کوردو ئازربایجانی ١٩٤٦) تادەگاتە (ڕۆژگاری ڕەش کەساڵی ١٣٢٦/١٩٤٧ ) دا وتوویەتی کە دەبێتە قۆناخێکی تایبەتی و سەرەکی لەقۆناخە شیعرییەکانی (هێمن) هەرچەندە هێمن خۆی لەهەڕەتی لاوێتی دایە، بەلاّم شیعری قۆناخی دووەمی لە شیعری شاعیرێکی پیری خاوەن ئەزموون و دنیا دیدەو قاڵبوو خۆی دەنوێنێ.

**قۆناخی دووەم**

ئەم قۆناخەش لەساڵی ١٩٤٧دا وەکو شاعیرێکی پێگەیشتووی قاڵبووی ناو ڕوداوو کارەسات دەست پێدەکا. تا دەگاتە ساڵی ١٩٥٣ کە شیعری (ئاواتی بەرز) ی شاعیرمان لەدایك دەبێ، هێمن خۆی دەڵێ (هەرچەندە لە شیعرەکانی پێشووشمدا سۆزی شاعیرانەو خەمناکانە تا ڕادەیەك بەدی دەکرێ. بەلاّم ئەو سۆزە لەپاش ساڵی ١٩٤٧ دا کە توونەترین زەبرم لێ دراو گەورەترین موسیبەتم بەسەرهات. لەتیف ترو گەرمترو شاعیرانەتر کەوتە نێو شیعرمەوە لە (بابردەڵە) دا کە ئەو ساڵ لە ولاتی غەریبایەتیدا گوتوومە لەگەڵ بولبول دەدوێم).

لەو قسەیەی مامۆستا هێمن بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شیعرەشی لەساڵی ١٩٤٧ داداناوە، کە ئەو خەمناکی یەش باسیکردووە لە (ئاواتی بەرزدا) کە ساڵی ١٣٣٢/١٩٥٣ دا وتراوە. گەڕانەوەیەکی هەرە بەهێزی تێدایە، بەڵکو بەرەو قۆناخی لاوێتی دەکشێ واتە هەر لەشیعری لاوێتی (هێمن) دادەنرێ،چونکە بەهەمان هێزو تواناو سۆزو عاتیفەوە دەڵێ:

**دەستی دا دەستی برای و هاتە ناو کۆڕی خەبات**

**کیژی نەشمیل و لەبارو شۆخ وگوێ بەگواری کورد**

**واتـە لـەم سـاڵەوە، بـەهۆی ئـەو کارەساتەوە کـارێکی هـەرە گـەورە دەکاتـە سـەر شـاعیری پایـەدار، وای لێـدەکا کـە بـەرەو قۆنـاخی نوشووسـتی و نائومێـدی هـەنگاوبنێت. کـە هەرچەندە لەم قۆناخەشدا بەتێکرا لەڕیالیزمی لای نـەداوە، بـەلاّم لـەناو ئاهوهەناسـەی گەرم وحەسرەتدا زیاتر ئولفەت دەگرێ. ئەو لاوە بێ باکە، پڕ لەڕقی پیرۆز کە دەڵێ:**

**منـــــــم لاوێکی بێ پـــــــەروا**

**لـــــــەکەس باکم نییە بـــــــەخوا**

**ئـــــەگەر ئـــاغا لەحەپسم کـــــا**

**ئـــــــەمن دەیڵێم وبێ بـــــــاکم**

**کە دەیبینین چۆن لەپاشان وا پەنا دەباتـە بەرسـۆزو گریـان وئـاهو ناڵەی بێـداری شـەو. هـێمن، وەکـو دەڵـێ: (لـەپاش سـاڵی ١٩٤٧ دا کەتونـدترین زەبـرم لێـدراو گـەورەترین موسـیبەتم بەسـەرهات)، چـونکە شـاعیر (لـە کاتێکـدا سـەر گـەرمی بـادەی سـەرکەوتنەو دڵشادی باخی ئاوات و ئامانجی بەرگرتوویەتی، ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەی جـەرگبڕ ئەبێت).**

**ئەم بەڵگەیەو چەند بەڵگەیەکی تریش کە لەکاتی خۆیدا باسیان لێوە دەکـەین ئـەوەمان پێ ڕادەگەێنی کە پەرچی ڕایەکەی دکتۆر قاسملو دەداتـەوە کـە دەڵـێ هـێمن نـەیتوانیوە هاندەری ڕێرەوی ژیان بێت بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەندێشەو تـاکو لـە واقیعـە تاڵەکـە ڕابکاو خۆی ڕزگار بکا, بەلای منەوە جگە لەو زەبـرو تووندییـەی ژیـان و موسـیبەتەکە تووشی شاعیر بووە هۆی کەش هەیە بۆ هاندانی شاعیر بەرەو سۆزو ئەندێشەو نامۆیی و نائومێـدی کـە ئەوەشـیان مـاکی پـەروەردەی منـداڵی و نـەریتی ماڵـەوەیان وحـوجرەو تەکیەو سۆفیو باوکی و خێزانەکەیانە!, بۆیە دەبیـنین وردە وردە دەکەوێتـە گومانـەوە، پەنا دەباتە بەرسۆزو ڕۆمانسیەت، چـونکە کـاتی شـادیەکەی بـەئاگرو خـەم دائـەپلۆخی، ژانی ئازارە بەسوێیەکان نێرك ئەکەن، لە ناخی دەریای سـۆزو هەسـتەوە، فرمێسـکی بـێ پایان سەرئەکا، لەقوڵپی هەرهەنسکێکا ئاخ و ئۆفێـك جوانەمـەرگ ئـەبێ، جـا شـاعیرێکی هەسـت ناسـکی وەك هـێمن زۆرجـار لەگۆشـەیی تەنیاییـدا سـکاڵایەکی تـەزیوو دنیـای دەروونی ئەشلەقێنێ و هەناسەیەکی سارد بەدەم تاسەیەکی نەرم و گەرمەوە بەبا ئەدا.**

**بـــــــــەڵێ گریانی نیوەی شـــەو دەکـــــا ناسۆری دڵ مەرهـــــەم**

**کـــــــوڵ وکۆم دادەمـــــــــرکێنێ و بـــــەجێ دێڵێ دڵی من خـەم**

شاعیر پایەدار هەست بەتەنیایی دەکا. تەنیا هاوڕێیەکی هەیە، ئـەویش خەمـە وەکو لـە (شیعری سکاڵاکەیدا باسمان کـرد). وەئـەم سـۆزەش لـە شـیعرەکانی (ڕۆژگـاری ڕەش ١٩٤٧، کچی مەهاباد ١٩٤٧ ،بابردەڵە ١٩٤٧، فرمێسکی گـەش ١٩٤٧، گریـانی نیـوە شـەو ١٩٤٨، گـۆمی خـوێن ١٩٥٣) دا بـەدی دەکـرێن هـەر چـەندە لەسـالاَ نـی ١٣٢٩، ١٩٥٠، ١٣٣٠، ١٩٥١،١٣٣١- ١٩٥٢، (١٩٥٥/١٣٣٤) و سـاڵی (١٣٣٥/ ١٩٥٦) و(٩٥٨/١٣٣٧) داشـیعری ئـەو تۆمـان بەرچـاو ناکـەوێت؟ بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی ئومێدو نائومێـدی لەسـاڵی ١٩٥٩ دا زیـاتر سـەر هەڵـدەداو وەکو شاعیرخۆی باسی کردووە دەڵێ:

١ ـ (ساڵی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆرم شووم بوو لەمێژووی ژیانی من دا) جگە لەوە هۆیـەکی تـری هەرە گەورەتر کاری کردۆتە سەر شاعیر ئەوەیە کە خۆی دەڵێ:

٢ ـ (منیش لەو سـەردەمەدا تووشـی نەخۆشـی یـەکی ڕۆحـی هـاتم. ناهومێدییـەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم) دوورنییە وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، خـاڵی دووەم ، لەگەل خاڵی یەکەمـدا پەیوەندییـەکی هـەرە بـەهێزیان لەگـەڵ یەکدا هـەبوو بـێ!! کـە دەبێتە پردێك بۆ قۆناخی سێیەمی شیعری هێمن

**قۆناخی سێیەم**

لەساڵی(١٩٥٣) وە دەست پێدەکا تـا دەگاتـە سـاڵی (١٩٥٩) لـەدوای ئەوساڵەشـەوە تـا دەگاتـە شەستەکان کە شیعری (بۆسەی ڕۆژگاری لە ١٣٣٨) دا وتـووە. چارەنووسـی شـاعیر لەسـاڵی ١٩٥٩/٣٣٨ داوە (ماچـی شـیرین) لەسـاڵی ٩٥٩/١٣٣٨ دا) وتـووە. کـە لـە (گلێنـەی شـاعیردا) بەتەواوی دیارو ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە کە لە ساڵی ١٩٦١ دا ئەم شیعرە دەڵێ:

**ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا**

**بەمەرگی تۆ مچوڕکێشم بەدڵدا نایە بـــــــابیبا**

**قۆناخی چوارەم:**

لە (ناسۆری تەشەنا) دالە ژیانی واقیعی ڕادەکـاو بـەرەو ڕۆمانسیـەتێکی پـڕ لـە ئەندێشـە هەنگاو دەنێ شیعرەکانی لەم قۆناخەدا زیاتر خەستر دەبێتەوە کە لەساڵی (١٩٦٠) دەست پێدەکا تا دەگاتە (١٩٧٠).

**قۆناخی پێنجەم:**

لەساڵی هەفتاوە دەست پێدەکا تا دەگاتە شیعری (عیشق وئازادی) و (جوانی بەس نییە)و (چاوێلکە) و (جەژنە پیرۆزە ، کە لەپاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق دا بلاْوکراوەتەوە) هتد. هەرقۆناخێك لەم قۆناخانە کە باسمانکرد سیماو ڕوخساری تایبەتی خۆی هەیە. بائەوەشمان لەبیرنەچێت کە لەنێوان ساڵی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٧٨، شاعیری پایەدار شیعری وتووە کەچی مێژووی دانانی لەسەر نییە، یا ساڵی واش هەیە (لە ئەنجامی بەراوردکردنی مێژووی شیعرەکانییەوە) شیعری نەبووە، لەوانەیە وتوویێتی بلاْو نەبوویێتەوە. بۆیە دەبینین زنجیرەی ساڵنامەی شیعرەکانی پچڕ پچڕ دێنە بەرچاو بۆ نمونەش شیعری (دەیلێم وەبێ باکم)، (قەلاْی نیشتیمان)، (هەتاوی ئیقبال) مێژووی دانانیان لەسەر نییە. هەروەها شیعری (موو ناپسێنم). وەلەساڵی(١٣٢٩/١٩٥٠) (١٣٣٠/١٩٥١) (١٣٣١/١٩٥٢) (١٣٣٥/١٩٥٦) (٩٥٨/١٣٣٧) (١٣٤٣/١٩٦٤) (٩٦٥/١٣٤٤) (٩٧٥/١٣٥٤) لەم ساڵانەدا شیعری (هێمن) مان بەدەگمەن دێتە بەرچاو بەڵکو هەر بلاْونەکراوەتەوە!! وابزانم (حەز دەکەم بە هەڵەدا چووبێتم) ئەو مافەمان هەیە بپرسین بۆچی لەو ساڵانەدا شیعر نەبووە؟ ئایا ڕووداوەکان نەیهەژاندوونی؟ یان هەیبووەو بۆچ بلاْوی نەکردوونەتەوە؟ ئەوەندە دەتوانم بڵێم دیوانەکەی (تاریك و ڕوون) کە گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی (هێمن) ەوە لەساڵی ١٣٥٣/١٩٧٤ دا کەوتۆتە بازاڕەوە، وابزانم ئەم گوڵبژێرەش تا ڕادەیەك وەلاْممان دەداتەوە کە هەیبوەو هەیەتی.. وەئەم کەم بلاْوکردنەوەش لەلایەنی شاعیرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە (هێمن) شاعیرێکی سەنعەتکارە، لە سالێك سێ چوار شیعر دادەنی!!

**گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧٥) تەمووزی ١٩٧٩.**

# هێمن وسکالاَ

**محەمەد ئەمین ئەحمەد**

**(ئەوڕۆکە هەر کەسێ لە ئەدەبی کوردی شارەزابێ ناوی هێمنی بیستووە، شیعرەکانی خوێندۆتەوەو بێگومان دەزانی کە هێمن یەکێك لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە).**

واتـە هـێمن نـەغمـەی بـوونی ئەزەلییـە، لەگـەڵ شـنەبای کوێـستانا دەخزێتـە نـاخی دارو درەخـت و مـرۆڤ و سـاتەکانی ژیانـەوە، بەسـۆزێکی پـڕ لـە ڕازو نیـازەوە، لـەناو کلێـەو بڵێسەی ئاتەشی دەروونی پڕ جۆش و خرۆشـەوە جێگـای خـۆی لەناڵـەی نـەی سـووتاوی دەستی ئاوازی سەرفیرازی دەکاتەوە. دڵە داماوەکەی دەلاوێنـێو لەگـەڵ سـکاڵای هەسـت و نەستی تێکەڵاو دەبێتەوەو لەگەڵ ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیا، کە بریتین لەئاوارەیی و بێکەسـی و دووره ولاَت و ئومێـدو نائومێـدی و دێوانـەی دەسـتی سـووڕی دەوران ،کـە بوونەتـە مـاكو هـەوینی ژانـی پـیرۆز کـە لای هـێمن کـۆ دەبنـەوەو وەکـو منـداڵی سـاوا دەیانگرێتە باوەشو سەرو ماچیان لەسەر تەلی ئێش و ئازارەکانیان دا تۆمار دەکا.

بەڵێ، هەروەکو لە (ناڵەی جودایی) دا دەڵێ:

**چـــۆن نەناڵی ئەو دڵە ئەنگاوتەیـە**
**بـــــەرد لەبەردی بێتەوە دەنگی هەیـە**

یــادەڵــێ:

**ئـــــاگری سینەم بڵێسەی دێو ولاَت ڕۆشن دەکـــا**
**ئەو دەمەی خۆم وەك دڵۆپێك دەچمە ناو دەریای عەدەم**

شاعیری پایەدار بەخەیاڵیشی دانایەت لەپاش گڕوبڵێسەو سووتوو بێتە گەردێك و بچێتە ناو گۆمی عەدەمـەوە. وە گـوێی نـەداوەتی چـونکە (خـدر) نییـە بـۆ تەمـەن شـێت بێـت، بـەڵکو ئەوەنـدەی دەوێ وەکـو هـەموو مرۆڤێکـی بەختـەوەری ئـەم سـەردەمە لـەناو خێزانێکی بەختـەوەردا لـە ئـامێزی ژنێکـی نـەرم و نـۆڵو نـیان دا بـەبێ تـرسو لـەرز، دەسـت لـەملان بکـا، دوور لـە ڕەقیـب، دەم بنێتـە نێـو دەمـی خۆشەویسـتەکەی، بـەبێ پاڕانەوەی کڕنووش بردن.

ئێمە دەزانین ئەدەبی ڕەسەن، ئەو ئەدەبەیە کە ڕاستی هونەری تێدا بەدی دەکرێ و نەترسانە, لەناخی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەدوێ کەشاعیر تێدا ئەندامێکی هەرە بەهێزو کاریگەرە، ئەدەبی ڕاستەقینەو شۆڕشگێڕ لە ناخییەوە سەر هەڵدەداو لەناو کۆمەڵ دا دەتەقێتەوەو تیشك دەهاوێتە دەوروبەری.. بۆیە بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین: شیعرەکانی هێمن خۆی لە خۆی دا کەلەپوورێکی ئەدەبی و شۆڕشگێرە، مەبەستمان لەو زاراوە تەنیا لایەنە ڕامیاریەکەی نییە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، هەوڵدەدا بۆ گۆڕینەوەیان. کە لەژێر تەرزو نەریتی کۆنی بێ سەمەردا منیلەیان دێ و ،شتی تازەی پوخت و پاراو و سفت دادەهێنێ کە لەگەڵ سیستەمی ئەم سەردەمەدا گونجاو بێ.

**بۆیە شیعرەکانی (هێمن) شان بەشانی شیعری جیهانی دەڕوات، بەڵکو بەزیادیشەوە، لەگەڵ نازم حیکمەت و پابلو نیرۆداو جەواهیری و خەیام و بێکەس و سەلام و بێخودو زێوەرو حاجی قادرو قانع و گۆرانو ئەحمەد هەردیدا یەك دەگرنەوە.**

هێمنو شاعیرە تازە خاوەن دەنگە تایبەتیەکانیشمان، تێکرا بۆ مرۆڤ ومرۆڤایەتی ئەم کیشوەرە دەنووسن و مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی پاك و خاوێن و بێ گەرددا دەکەن، چونکە ئەو مرۆڤانەن ماك و هەوێنی ژانو ژیان.. بۆیە دەبینین (هێمن) هیچ کاتێك مرۆڤی کورد لەمرۆڤی تر جیاناکاتەوە، بەڵکو دێت و کات و سات و ڕووداوەکانی ژیان و مێژوو زەق دەکاتەوەو زەمەنەکان تەی دەکاو شوێنەکان دەگەڕێو لەگەڵ شوێنو کاتو مرۆڤ دا یەکیان دەخاتەوە. واتە ئەدەبی ڕەسەن وشاعیری ڕەسەن و ڕاستگۆ ئەو شاعیرەیە، کە بەبیرێکی تەسکەوە، نەڕوانێتە دەورو پشتی خۆی، بەڵکو ئێش و ئازارو ئومێدو نائومێدیو خۆشی و ناخۆشی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی بگرێتە باوەش و دژی هەموو ڕەشبینێك بوەستیو لایەنگیری ئاوو هەواو هەتاو بکات .

بەم جۆرە دەبینین هەستی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ئاوارەیی و نامۆیی و سۆزو سکالاً دا تێکەڵاو دەبن. ئەمجۆرە سۆزانەش لە شیعرەکانی مامۆستا (هێمن) دا، بەئاشکرا بەدی دەکرێن.. زیاتر ئەو سۆزانە لە شەودا خەستتر دەڕوانن، بۆیە شیعری ئومێدی نائومێدیی هێمن لەگەڵ شەودا زیاتر ئولفەت دەگرن و هۆگر دەبن و لەگەڵیانا دەروونی دەحەسێتەوە کاتێ باسی (شەو) مان بۆ دەکا مەبەستی تەنیا لەوشەی (شەو) وەکو زاراوەیەك نییە، بەڵکو شەو لای (هێمن) و شاعیرانی ترمان زۆر پیرۆزەو شەو لەلای

هێمن چەندەها جۆرە ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەوەشیان دەکەوێتە سەر باری دەروونی شاعیر، لەشیعری ( تۆم هەر لەبیرە) دا شەوو ڕۆژی لەلا وەك یەك وایە كە دەڵێ:

**بەشەو تاکو بەسەرما زاڵ دەبێ خەو**

**بەڕۆژ تاکو دووبارە دێتەوە شەو**

**لەکاتێك دا کە دەدوێنم ئەم و ئەو**

**ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لەبیرە**

بەڵام کاتێ زەردی ئێوارە دادێ، زەردی ئومێدو نائومێدی لێوە دەتکێ و دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی پڕ لەئەندێشەو ئاوات و سۆز و گریان، کەشاعیر سکاڵای خۆی تێدا هەڵدەڕێژەێ و خەم و خەفەتی خۆی و کۆمەڵەکەی بەبا دەدا، کە لە (گریانی نیوە شەودا) دەڵێ:

**شەوانە ئەو دەمانەی شەو دەگاتە کاتی نیوەی شەو**

**خەڵك نووست و لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو**

**سکووتێکی بەسام سەرتا سەری ئەو دێیە دادەگرێ**

**دەڵێی هەر زیندەوارێکی هەیە لەو دێیەدا دەمرێ**

**لە هیچ لا خشپەیەك نایە، چرای ماڵێکی ناییسێ**

**بەئەسپایی لەماڵ دێمە دەرێ دەخوشم وەکو نیسێ**

کاتێ لەماڵ دەردەچێ بەو نیازەی تۆزێ شنەی با هەڵمژێ و سەیری ئەستێران بکاو لەگەڵیان دا بدوێ و بیانکاتە شەریکی خەمەکانی کە دەڵێ:

**دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا**

**شەوو بێدەنگی چەند خۆشە هەمیشە خۆزگە هەر شەوبا**

دیارە شاعیر لەم شەوەدا دڵخۆش و سەرمەست و دەروون بەختەوەربووە، ئەگینا شاعیری پایەدار لە شیعرەکانی تری دا خەم شۆڕدەبێتەوە، بۆیە لێرەدا شەوەکەی شەوێکی موژدەبەخشە، کەچی ئەو خۆزگەیەی بەو شێوە نامێنێتەوەو بەڵکو شەوەزەنگ شاباڵی خۆی دەکێشێتە دەروونی شاعیرەوە کە لە (شەوی شاعیر) دا دەڵێ:

**کێ دەزانی بەشەو لەمن چی دەکا ئەو خەیاڵە پەشێوو ئاڵۆزەم**

**کێ دەزانێ کە چم بەسەر دێنی ئەو دڵە پڕ بڵێسەو سۆزەم**

تۆ بڵێی شاعیر هەر حەزی لە (شەو) و تاریکی شەو بێ ؟

لەبەراورد کردنی شیعرەکانی و هەڵسانگاندنیاندا. بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر هەرگێز حەزی لە شەوی سامناك و ترسێنەر نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی ڕەشبینیش نییە کە ئەم گێتیە لەپێش چاوی دا هەر تاریکستان بێ و ئیتر هیچ مۆمێکی تیادا هەڵنەکرابێ! بەڵکو هیوای بەوەیە کە ڕۆژ بێتەوەو ئەو کارەساتە ناهەموارەی شەوەزەنگە بێ دەرامەتە بڕەوێنێ.. بۆیە پەنای بردۆتە بەرشەو تاکو دا خوازی و گریی دڵ و دەروونی بۆ بکاتەوەو کەف وکوڵی دڵە بەئاوات نەگەیشتووەکەی، (کە ئامێزی خۆشەویستەکەیەتی) دابمرکێنێ و نەغمەی ئۆخەی لێ بەرزبێتەوە. سا بەڵکو ئەو شەوە کۆتایی بێت و ڕۆژ لەشاعیر هەڵبێت کاتێ ڕۆژیش هەڵدێتەوە هیچ برینێکی سارێژ ناکات، چونکە ئەویش وەکو شەو خۆ دەنوێنێ، شەوەکە تاڕادەیەك ئەندێشە بەخشە کەچی ڕۆژەکە هیچ لەمەسەلەی ناگۆڕێت بەڵکو زیاتر تەشەنەی پێ دەکا, زیاتر سۆزی نامۆیی و ئاوارەیی و ئومێدو نائومێدی لەناو دڵیا سەوز دەکا تاوای لێدێت پەنا بەرێتە بەر ئەندێشەو, سەربانێکی ڕۆمانسیەت بۆخۆی ساز بکات و جارجاریش تارماییەکی ڕەشبین بەسەر دڵە خەماویەکەیدا بکشێ و شۆڕبێتەوە، وەکو دەڵێ:

**شـــــەوانە گــــــر نەکەم ئەو شیوەن و نــــاڵێن وگـریانە**

**دەســـــــــووتێنێ وجوودم ئــاگری ئەم جــــەرگە بــریانە**

**بـــــەڵی گـــــــــریانی نیوەی شەو دەکا ناسۆری دڵ مەرهەم**

**کــــــــوڵ و کۆم دادەمرکێنێ و بەجێ دێلێ دڵـــــــی من خەم**

بەمجۆرە دەبینین (شەو) و (فرمێسك) و (گریان) و (زامی تەشەنەو ناسۆر) و (شیوەن) و (ناڵە) لەگریانی نیوە شەوی هێمن دا هەنسك دەدەن.

ئەم گریان و هەناسە ساردیەی هێمن ئەوە ناگەیێنێت کە ڕەشبین بووبێ! بەڵکو ئەو دادو ئاخ و ئۆفە دەستکردن.

مادام دەستی ڕۆژگاری چەپگەردە، بۆیە لەشیعری (ئارەزووی فڕین)دا شاعیر ئاواتە خوازی ڕزگاربوونە لە دستی کاولی خەم کە دەڵێ:

**ئــــەوکاتـــــە هەستە برۆ بــــەرەو ژوور**

**مــــــەوێستـــــە هەتـــا تەشکی ئـــاسمان**

**بـــم بەرە نزیك ئاسۆی جــــــوان و سوور**

**نــــــەجــــاتم بــــدە لە کــــــاولی خەمان**

شاعیر نایەوی تەنیا ئەو بەغەم بێ, بەڵکو دەیەوی سروشت و گیاندارانیش لەگەڵیا هاوەبەشی خەم‌و شەوی دوورو درێژیش بن .. مۆمەکەشی تواوەتەوە یا بڵێین دەتوێتەوە، دەیان مۆمی تر هەڵبکرێ ئینجا ئەو شەوە زەنگە چمکێکی لێ ڕووناك بێتەوە. دەبێ هێمن چارەسەری دەردەکەی بکا؟ چی بکا ؟ پەنا دەباتە بەر هەمان شەوو مەی و دەکەوێتە بادانی سەری شووشە کە دەڵێ:

**شـــەوانە هـــاونشینی جـــامی بـــادەم**

**بـــە بـــادە بـــا پـــەژارەو غەم بە بـــادەم**

**کـــە دەستـــی رۆژگـــاری بـــای دا سەری من**

**ســـــــەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم**

دیارە دەسەلآتی رۆژگاری نییە بۆیە لە داخانا سەری شووشەی شەراب بادەدا، تاوای لێدێت وردە وردەهەنگاو بەرەو نائومێدییەکی سەخت و خەست دەنێ، چونکە ڕۆژگاری سپڵە وای بۆ سازکردووە، لێرەدا ڕایەکەی (دکتور قاسملو) مان بۆ جەخت دەکا هەر چەندە من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، چونکە ڕۆژگار جاری وا هەیە دەورێك دەبینێ مرۆڤ کاس‌و وێڵ دەکا. کە لە دەرفەتێکی تردا باسی ئەوە دەکەم. دکتور قاسملو دەڵێ:
(هێمن شاعیر جارێکی تر تووشی نائومێدی دەبێ)..(ئەو توورەییەو ڕەشی چارەنووسی شاعیر, لە شیعرەکانی تریشی دا هەر بەرچاو دەکەوێ ..) ئینجا لەسەر باسەکەی دەڕواو دەڵێ:

(لەناسۆری تەشەنادا ڕاکردن لەژیانی واقیعی ، لەوحەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووەو نایەوێ قبووڵی بکا بەتەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆرێ ڕێگای نییە خۆی دوور بخاتەوە، دەیەوی ڕابکاو خەیاڵی دەکا) هەر وەهاش بەیارمەتی مەی ڕوو لەدنیایەکی دیکە دەکاو لە شیعری (گاو گەردوون) و (شەو و شەیتان) و (شەوی شاعیر)و (شەوگاری تەنیایی) یش دەڵێ:

**لـــەناو ئـــاورینگ و ئـــاونگا شـــەوم ڕادەبرێ بێ هەمدەم**

**بـــەڵی شـــەوگـاری تـــەنیایی بـەبێ فرمێسك وخەم نابێ**

کەچی لەئێوارەی پاییزدا دەڵێ:

**ئـــاخ دیسان ڕوو پـــەرێك درا**

**لـــــە رۆژ ئـــەژمێری تـــەمەنم**

ئـــاخ دیسان شەو داھـــاتەوە

مـــــن ھــــەر وا دوورە وەتەنم

ئـــاخ دیســـان چوومە ژێر باڵی

ڕەشــــی شەوگــــاری تـەنیایی

ئـــاخ دیسان دەبـــــێ بچێژم

زەھــــراوی تــاڵی جــــوودای

دەڕۆم دەلــــەرزم دەتــــــرسم

لـــــەپەلامـــــاری مۆتەی شەو

داد لـــــەدەس ئــــەو دڵەی بە خەم

وای لــــــەدەس ئەو چاوەی بێ خەو

دەرۆم تـــا سەر پێکـــــەوە نێم

دەگـــــەڵ دەردو ژان و ئێشــــم

دەڕۆم تــــــاشەوێکی پـــــاییز

مــــــن شەو نـــخوونی بکێشم

دوا بەدوای ئەو بیرانە، دەبینن شاعیر لە پڕێکا دەستی مرۆڤە خەفتبارەکە دەگرێ و دەیکا بە مۆمێك، بە مەشخەڵێك بۆ چەسپاندنی ئەو (زاتە) سووتاوە گڕگرتووە کە شاعیر خۆیەتی، دەسووتێ نەك لەپێناوی سووتاندن و بەس, بەڵکو دەسووتێ تاکو ڕێگا بۆ خەڵکی ڕۆشن بکا. کە لە بۆسەی (ڕۆژگار)، دا دەڵێ:

شــــادی جــــارێکی بــــەمیــوانـــی نـــەھاتۆتە دڵم

ڕەنـــگە خــــەڵوەتخانەی خـەم شوێنی نـــامەحرەم نەبێ

خــــــۆم دەسووتێنم ھەتا بەزمی خەڵك ڕۆشـــن بــــــکەم

کـــێ لــــە ڕێی خەڵکا وەکـــو شاعـیردەسووتێ شەم نەبێ

تۆ بڵێی وا بێ کە شادی ھیچ نەدیبێ؟ بۆچی ڕۆژێ لەڕۆژان ئەو شادییە نەھاتۆتە میوانی؟ ئەگەر ئەو میوانە ئازیزە جارێکیان میوانداری پێکرد بێ خۆ دەبێ لەجێگایەکدا دایبنێ قابیل بەبالای بێ! خۆ ناشبێ لە ژوورێکی ساکارو تەپیودا دابنرێ؟! نەخێر.. جێگای ئەو میوانە (شادیە) پەڕەیی دڵە ! بەلام لای شاعیر نامەحرەمە، چونکە

ئەو دڵە بۆتە مەحرەمخانەی خەم، (حەرەم) یش نابێ مێوانێکی غەریبی تێدا دابنرێ ! ئەدی کەی دەبێ؟

ئەم وێنە شیعرییانەمان بۆ دادەهێنێ کە وشەکانی وەکو چۆلەکە دەجریوێنن، پەڕو باڵ دەکەنو لانەش دروست دەکەن.. شاعیرمان ئەو ڕستە چڕانەو وشە پڕ واتانەو موسیقای ناوەوەی شیعرەکەو وێنەکان بە هونەرمەندانە دادەهێنێ. بەمجۆرە دەبینین (هێمن) شاعیری هەست بەتین و دڵ ناسك، شریتی تەمەنی ڕابووردوو داهاتوو لەگەڵ بیرەوەری هەموو ساتەکاندا لەناو دڵ و دەروونی دا سەر هەڵدەدەن و دەیان نەشتەری تێدا هاتووچۆ دەکەن و برینەکانی دەبنە باخچەیەکی وشك و زەرد هەڵگەڕاو، باغەوانەکەشی لەگەڵ تەم و غەم و فرمێسك و پەژارەدا ئۆڵفەت دەگرێ و ناچار تریێی ڕەزەکەی دەکاتە شەرابو پەنا دەباتە بەر مەستی، تاکو دڵە نەسرەوتەکەی بە هونەرێکی مەست دابمرکێنێ، کە لەو هونەرە زێتر هیچ شك نابات کە دەڵێ:

**دەزانی بۆچی من هێندە پەریشان و خەفەت بارم**

**لەبازاری ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە**

ئومێد و نائومیدی، دەردو حەسرەت و مەینەت و عەزرەت بە زیادە لە شیعرەکانی هێمندا دیارن بەتایبەتی لە شیعری (ناڵەی جودایی) و (گریانی نیوە شەو) و (عیشق وئازادی) کەلە ساڵی ١٩٧٧ بلاَو کراوەتەوە . بەبێ موبالەغە کردن دەڵێم (عیشق وئازادی) ڕۆمانێکە .. داستانێکە بەلوتکەی ئاسۆی شیعری (هێمن) و ترۆپکی ئومێدو نائومێدی دادەنرێ ! کە کەم کەس لەو شاعیرە بلیمەتانە توانیبێتی لە دارشتنی ئەو شیعرە بە ئارام بێ و شاکارانە دایرژتبێ، مەگەر سۆزو سکاڵای گەرمی هێمن و معاناتەکانی ئیلهامی ئەو شیعرەی پێ بەخشی بێ !! کە دەڵێ:

**ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**

**کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لەناخم دا خەمێکی تر**

**لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەر سووتاو**

**بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر.. ژەمێکی تر .**

دەتوانم بڵێم نەك لەوێنەو بەلاغەت و زمان دا هێمن لەم پارچە شیعرەدا، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵکو لەڕووی کێش و قافیەشەوە سەرکەوتووە، تەی کردنی مێژوویەکی دوورو درێژو گەڕانەوە بۆ ئەو ساتەی کە تێدا ژیاوە کارێکی هونەری

هەرەشـاکارە ، بەنەغمەیـەکی خەمناکـەوە، بـەزمانێکی تـەڕو بـڕەوە، بەسـۆزێکی لاواندنەوەوە، هەست و نەست و هۆش و ئەندێشەی مرۆڤ دەبزوێنێ، هەموو دەبنـە چاو دەڕواننە ئەو ئێش و ناسۆرەوە کە تك تك زوخاوی لێ دێتـە خوارو هیچ مەرهـەمێك نییە ئەو برینانە سارێژبکاتەوە لەعیشق و سووتان زیاتر، جگە لـەو کزەو کسپەکانی خـەم، هۆشـیار ترمـان دەکاتـەوەو دەمانخاتـە نـاو تابلۆیـەکی هەناسـە ساردی و ئـاهی دڵدارانەوە. وە لەو هەناسەو ئاخ‌و ئۆفانەدا ئەوین و خۆشەویستی و ئامێزی ژن و ئازادی و سەربەستی مرۆڤـی سۆفیگەر بـەدی دەکرێ. کـە هـێمن لـەو شیعرەی دا سۆفییەکی تەواوە وەکو تاغور لەگەڵ هەموو چپەو کسپەو جریـوەو جوانی و سۆزو سکاڵاو نـامۆو ئومێدو نائومێدی دا دەجووڵێ, لە (ناڵـەی جودایی) و (بابردەڵـە) و (ناسـۆری تەشـەنا) و(گریانی نیوە شەو) و (شەوی شاعیر) و (عیشق وئازادی) یەك دەبێتەوە (توحد) دەکاو تووشی حلولیـەت دەبێ!! هـێمن بـەم شـێوەیە دەسـووتی و هەڵویسـتی خـۆی دەسنیشـان دەکاو لەگەڵ سروشت و بەهاری سپی و بەهاری سوردا دەدوێ. هێمن لەداڕشتنی شیعری عیشق و ئازادی دا کێش و قافیەیەکی سـەختی گرتۆتـە بـەر مەگـەر هـێمن تـوانیبێتی و لـەو داهێنـان و داڕشـتنەدا نـەگلابێ. وێنـە بـەدوای وێنـە ڕەمـز بـەدوای ڕەمـزەوە ئـەم داهێنانەی وای لێکردووە بیگەیێنێتە ترۆپکی بلیمەتی. وە ئێمە دەزانین چ نووسەر بێ.. چ شاعیر "بۆ ئەوە نانوسێت کە تەنیا خۆی وەربگـرێ، بـەڵکو بـۆ ئـەوە دەنووسـی کـە تـام وچـێژ لەداهێنانەکـەی وەربگـری، وە ئـەم تـام و چـێژەش دەبێتـە هـۆی پاڵـدەرێك و هانـدانێك بـۆ نووسـینەوەو داهێنـانی لـەبارتر، وەبـەوەش تـۆزێ کـەف‌و کـوڵی ئـەو زوورووفەش دادەمرکێنێ کە هەستی پێدەکا. بـەم چەشـنە نووسـەرو شـاعیر لـەدوای ژان گرتنێکــی خەســت, وشــەکان گێنگــل دەبەســتن و کــاتێ لــەدایك دەبــن هەســت بەحەسانەوەیەك دەکەن. کاتێ ئـاوڕ لـەو جۆرە شـیعرانە دەدەینـەوە وا هەسـت دەکـەین کەلە پیرێکی موغان گوێ دەگـرین کـە بـە یـاهو یـاهو شـەرابی خوشەویسـتی و ئـەوین و (عشـق و ئـازادی) سـووتان و توانـەوەو یـەکبوونی دەرخـواردی موریـدەکانی دەداو زام و برینەکانیان مەرهەم دەکاو دەبێتە شیفا گێڕیان، هـەتا گوێ لـە ئـاهو ناڵـەی (هێلانـەی دڵ)، بگرین کە دەڵێ:

**ئـــــەری ئەی ئاسکی ناسک هەتــاکەی دەستەمۆ نابی؟**

**ئـــــــەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ هەتاکەی نایە ماڵی من؟**

**گوتت: بۆت دێمە جێژوانێ، هەزارسوێندت بە شاڵم خوارد**

**لە ئاهی ئاشقانەی من بترسە، نەک لە شاڵی من**

**ئەم وتانە هەڵقرچانە, بۆن کرووزە ، ئاسکێکی سرك، ئاسکە پیرۆزەیە, کە خۆی بەدەست هەموو کەسێکەوە نادات ! ئاهە، ژانە، ئەم خۆشەویستە سەیرە وادە دەداو نایهێنێتە جێ؟ هێمن زۆر سەقافەتەکەی پان و بەرینە ئەو ئاسکە پیرۆزەیەی لە کەلەپوور وەرگرتووە!**

**گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٥١) (١٩٧٩).**

# زمان لەشیعری هێمن دا

**محەمەد ئەمین محەمەد**

لەڕاستیدا گەر بمانەوێ لەشیعرەکانی (هێمن) بدوێین، بابەتە شیعرییەکانی یەك یەك شی بکەینەوە، پێویستە ئاگاشمان لەمێژوویەکی دوورو درێژی ژیانی ئەم شاعیرە پایەداربێت. چ لەبارەی (السیرە الزاتیە)ەوەو چ لەبارەی کۆمەڵی کوردەواریمانەوە.. لەبەر ئەوە دەبێ شارەزاییەکی تەواومان لەزۆر مەسەلە بێت وەکو کەلەپووری نەتەوایەتی، سەقافەتی شاعیر، شاعیرەکانی هاوچەرخی و شاعیرەکانی دەورو پشت. بەرهەمەکانی شاعیرو دەسنووسەکانی و ئەلبوومی ڕۆژانەو بۆئەوەی زیاتر شۆڕببینە ناو شیعرەکانی و دەستنیشانکردنی ئەو قۆناخە کە پێدا ڕۆیشتوون و لەچ قوتابخانەیەکی شیعری دابنرێ ! لایەنی زمانو رەوانبێژی و هونەری شیعری، بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە. هەر چەندە ئەم لێکۆلینەوەیەی من کردوومە زیاتر شێوەی توێژینەوەی گرتۆتەبەر، بەلاّم لەبەر نەبوونی سەرچاوە جگە لەتاریك و ڕوون و پێشەکی دیوانەکەی و ئەزموونی شیعریم و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و هاوکاری و پاشکوی عیراق و گۆڤاری ڕۆژی کوردستان زیاتر بەرچاومان نەکەوتووە, هەرچۆنی بووبی دەرگا لەسەر پشتە بۆ هەموو خامە ڕەنگینێك بەبێ کینەو هەڵچوون بێتە کایەو باری سەرنجی خۆی دەربڕی. هەوڵی وشەی پاك و بێگەردی کوردی بێت. لێرەوە دەمانەوێ لەم بابەتە بدوین، کە جیهانی شیعری هێمن جیهانێکی سەیرە پڕە لە کارەسات و ڕووداو و ئەزموون و خەندەو فرمێسك، ئەم ژیانە ناهەموارەو ئەو شیعرە پڕ سۆزو سکالاّیە وای لە هەندی کردووە، کە شاعیری پایەدار، بە شاعیرێکی خۆپەرست (ژاتی) دابنێت.. پێش ئەوە ئەم بابەتە، بتو ێژینەوە ، دەبێ چەند ڕستەیەك لە وتەکانی مامۆستا هێمن بۆ بەڵگە بهێنینەوە کە لە (ئەزموونی شاعیریم) دا دەری بڕیوە. دەڵێ (یەکێك لە تایبەتیەکانی شیعری من ئەوەیە کە نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فکری سیاسی تێکەڵ دەکەم) لەسەر باسەکەی دەڕوا دەڵێ (ئەم کارەم کردووە ، جا نازانم تا کوێ سەرکەوتوم) ئەو دەقە وا دەگەیێنێ کە شیعر لای مامۆستا (هێمن) وەکو لای هەندێ لە شاعیرەنەمرەکانمان (بێکەس ، سەلام ، حاجی قادر ، گۆران, قانیع ..) ئیلتزامە، ئیلزام نییە, هێمن دەڵێ (شاعیر ناتوانی ئەوی هەستی پێ نەکا بیکاتە شیعر) وە شاعیری

ڕاستگۆ هیچ کاتێك مولزەم نیە بۆ خەڵکی ناو کۆشك و تەلار، شیعر بڵێ ! چونکە شیعری کۆشك و تەلار بەسەر چوو . شیعر بۆ خەڵکی چەوساوەیە، شیعر بۆ مرۆڤە، بۆیە دەبێتە ئەرك، هەڵوێست، هەست بە (مسوؤلیە)ت کردن! شیعر لای وی بخوورد نییە لە ژیر پێی دەسەلاتدارانداا بسووتێنرێت ! شیعر سوالکردن نییە! یا دەسماڵی حەریر نییە خانم و شازادەکان لە کۆڵی بکەن ! وە یا بۆ ئارەزوویەکی ڕۆژانە بەشان و باڵیان دا هەڵبدری! شیعر ئەوە نییە بۆ لایە لایەی ورگنەکان و تورخەکان ، بووتری! یا وشەی نەستەق و نوکتەی خۆش بێت ! خەڵکی دەسرۆو یاخەڵکی سەر شۆستەکان و سەر شەقامەکانی پێ گێژو وێژ بکرێو بخلافرێن! هێمن دەڵێ (داوای دراو و ماڵیشم لە کەس نەکردووە تا بزانم دەمداتێ یا نا ؟ )[٣]وە یا شیعر ئەوە نییە هەر وشەسازی بێت و بەس! یا شاعیرخۆی بکا بە پاڵەوان و گوێی خەڵکی پێ تەپ بکا! نەخێر شیعر، لەزاتەوە هەڵدەقووڵی و دەبێتە دەنگ و هەڵوێست و ئێش و ژان و خەم و خەفەتەو خەندەی لێ لەدایك دەبێ، بەمەرجێ ئەو زاتە لەگەڵ زاتی گشتیدا واتە (کۆمەڵ) تەفاعل بکا ! لەسەر شاعیری ڕاستگۆ ئەوەیە کە شەونخوونی لەگەڵیا بچێژێ ! موعاناتی لەگەڵدا بکێشێ وە ئەم هونەرەش شتێکی وا سووك نییە یا وشەی شاعیر وشەیەکی بێ سەنگ نییە، کە صیفەتی شاعیرێتی ڕەسەنی وەرگرت دەبێتە موڵکی قەوم و خوێش و نەتەوە ، وە ئەوەشیان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی هەرە گەورەو چەند هەڵوێستێکی تایبەتییەوە دێت. بەبێ دۆڕاندن و کڕنووش بردن، ئینجا دەتوانێ ئالای شیعری ڕاستەقینە بەبێ بەرتیل دان و خۆ خەڵە تاندن بەرزبکاتەوە، بۆیە هێمن لە (پەری شیعر)دا دەڵێ:

شیعریکی تەڕ شیعرێکی خۆش
شیعرێك دلان بێنێتە جۆش
ئەی کچی جوان ! کچی لەبار
ئەی کچی زاناو خوێندەوار!
شیعرت دەوێ لە منی پیر
لەمنی پیری گۆشە گیر
لە شاعیری دەفتەر دڕاو
لە شاعیری زمان بڕاو

**لــــــــــه شـــــاعـــيری بـــەســـالا چوو**

**لـــــــــــه شـــــاعـــــيری وشك هــەلاتوو**

لێرەدا ترۆپکی شیعرو پیشەی هونەری شیعریمان دەداتێ. کە دەبێ شیعر (دلان بنێتە جۆش) کەی؟ لە کاتێکدا دەبێ شاعیر بسووتێ و دوروبەری خۆی ڕۆشن بکا؟! ڕووناکی ببەخشێ ! وەکو نازم حیکمەت دەڵێ: من نەسووتێم تۆ نەسووتێت کێ بێ ڕووناکی بداتە ئەو خەڵکە ! بۆیە دەبینین شیعر لای (هێمن) مرۆڤە.. گیانلەبەرە.. درەختە..مەرهەمی گۆشتەزوونە ، شیعرێك وەکو دەریای بێ بن بێ، گەرمتر لە باوەشی ژن بێ، بەڵکو شێعرێ بێ، سرودی شادی و دەنگی ئازادی و مژدە بەخش بێ، ڕق و قینو گڕو بڵێسەو تین بێ، بۆیە لە شیعری (پەری شیعر) دا دەڵێ:

**شيــــعــــرێك دامـــــرکێنـــــێ دەروون**

**بــــــەبـــــرینان بێنــــێ گــــۆشتــە زوون**

**نـــاسكـــــتر لـــــه هـــــەودای خەیـاڵ**

**شـــیرنـــتر لـــــه بـــــــــزەی مـــنـــاڵ**

ئا بەمجۆرە دەبینین دەنگی زوڵاڵی شیعر لای شاعیری خاوەن هەڵوێست و ئەزموون بەرز دەبێتەوە، ئەو دڵە بە غوربەت پێچراوەیە، نابێ تۆزێ لەزاتییەتی خۆی بدوێ و هەناسەیەك بدا؟! ئایا دەیان (زات) واتە (من و منایەتی) لە ناو دڵ و دەروونی دا کۆنەبۆتەوە؟ ئایا ئەزموونی شاعیرێکی وا ئەزموونی هەموو مرۆڤێك هەریەکە بەپێی تاقیکردنەوەی خۆی تێدا بەدی ناکرێ. کە لە (بابەردەڵە) دا دەڵێ:

**لـەســـوڵێ هێلانەکەم لـــەت لـــەت بوو جەرگم**

**لـــــــەتـــــاوی گـــــوڵ نەمـــــــام ، نیزیکە مەرگم**

ئایا شیعرە دڵداریەکانی (ئەحمەد هەردی) تەعبیر لە ئەزموونێکی تایبەتی شاعیر ناکاتەوە، کەچی لەسەر زمانی هەموو دڵدارێکەوە دەیڵێتەوە؟ ئایا مرۆڤێکی خەم و خەفەتی پەنگخواردووی ناو دڵە داماوەکەی چی لەدەست دێ غەیری دابەشکردنی بەسەر لێقەوماواندا ! سەیری ئەم لە خۆبووردنە بکەن ! تا چ ڕادەیەك شاعیر بەخۆی دەنازێ ! واتە شاعیری ناودار خۆ پەرست نییە! بەڵکو دەیەوێ لە خۆشی و شادیدا لەترشی وتاڵیدا ، هاوەڵی مرۆڤ ومرۆڤایەتی بێت . وەچۆن لەو (تاکییەی) خۆیەوە (زات). لە (منایەتییەکی) دانەخراودا هەموو منایەتی یەکان دەگرێتەوە خۆی ؟!

(زاتی) خۆی لەگەڵ (زاتەکانی) تردا دەتوێنێتەوە، بۆیە کاتێ دەوترێ (هێمن) یا شیعری (هێمن) واتە هەموو مرۆڤ و هەموو کۆمەڵ دەگرێتەوە، وەکو (نالی) ، (مەحوی) و (مەولەوی) و (سالم) و (حاجی قادر) و (گۆران) و (قانیع) و دەیانی تر هەموو بوونەتە کەرتێك لە کەلەپووری نەتەوەکەمان هەرگیز لێی جیا ناکرێنەوە، ئەگەر شیعری زاتیشیان وتووبێ و جار جار خۆشیانیان لاواندبێتەوە ؟! واتە ئەو (زاتە) لەگەڵ کۆمەڵ وا تێکەڵاو دەبێ، جۆرە (حلولی) یەتێك دروست دەبێ. ئا لەم ڕوانگەیەوە دەبینین (هێمن) ی شاعیر وەکو هونەمەند یٚکی کوردو هەست بە پیشەی هونەری و ئەرکی هونەری دەکا. هەوڵی داوە ئەو ئەرکانە بهێنێتە دی بۆیە واهەست دەکرێ، کەمرۆڤ و ئازارەکانی دەگرێتە باوەش لە (زاتی) یەتی خۆیەوە جار جار دەیانلاوێنێتەوە، چونکە گومانی تێدا نییە "هونەرمەند ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە سەرشان. وە ئەو ئەرکەش جێ بەجێ نابێت ئەگەر بێت و جەماوەر بەپێشوازی داهێنانە هونەرییەکەیەوە نەبێت. وەجەختکردنی هونەرمەند بۆ زاتی یەتی خۆی، دەبێ کارێکی هونەری وەدەست بێنێ. وە ئەوەشیان مەحاڵە ئەگەر گوێگرێك بۆ ئەو کارە هونەریە نەبێ. چونکە باڵۆرە وتن تەنیا بۆ زاتی خۆی دەبێ و هیچی تر. جەماوەر هیچ ڕێزێکی لێ ناگرێ".

واتە ئەگەر هاتوو ئەو زاتە داخراو بوو هەر لە خۆیەوە بڕووانێتە کارە هونەریەکەی و بای باڵی خۆی بداو بە (من ، منایەتی) یەکی تەسك، لەو باوەڕە دام کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە، بەلاّم کەی کاریگەردەبێ لە کاتێکدا لەگەڵ خەونەکانی کۆمەڵ دا (تفاعل) یٚکی کیمیاوی هەرە بەهێز بکات. وە (زاتی) شاعیر یا بڵێین (زاتیەتی هونەرمەند لە پێش هەموو شتێکدا بریتییە لە بەهرەکەی، بەهرەش لەهەموو کاتێکدا جۆر بەجۆرو ڕەسەنە. وەنەبوونی بەهرەش لە جەوهەردا هەر یەکە هەرچەندە بەپلەیەکی جیاواز خۆیان دەنوێنن. وەخاوەنی بێ بەهرە، ئەوکەسەیە کە دەسەپاچەیە، هیچی پێ نییەو دەسبەتاڵە لە وتنی وشەی تایبەتی خۆیداو بەو شێوە تایبەتیەی کە خۆی دەری دەبڕی، بۆیە لەناو شتە گشتیەکانا ون دەبێ و خۆی دەشارێتەوە) بۆیە (هێمن) ی شاعیر لە قۆناخی هەڵچوون تێپەڕیوە، بەقسەی ئەم و ئەو غرور نابێ، بەلاّم لەهەمان کاتدا زاتێکی داخراو بێ سەمەری هەڵنەگرتووە.

هەرچەندە سۆزو ئەندێشەو ئەزموونی زاتی دەرژێنێتە ناو گلێنەی شیعرەوە ، بەتەوازوونەوە دەڵێ :( شیعریشم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوەو ، هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بکەم) بەو نیازە هیممەتی هومێدی شاعیر ئەتلەسی ناهومێدی دا بدڕێ و پەنچە نەرم و نۆڵەکەی تۆزی غوربەت و لە ڕوومەتە ژاکاوەکەی بسڕێ و ماندوێتی ژیانی بەئاوات نەگەیشتووی بیگەیێنێتە ئاوات و نامۆیی لە بیربباتەوە، چونکە پێی خۆش نەبوو هاودەمی قەل بێ، یا بێزراوی و گەل بێ، بۆیە لە ئەزموونەکەی دا دەڵێ (بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد، من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم، کەس تا ئێستا بێ حورمەتی نەکردووم ، داوای دارایی و ماڵیشم لەکەس نەکردووە، تا بزانم دەمداتێ یانا؟ لە لێقەومانیشدا نانیان داومێ و ڕایان گرتووم). لەم دەقە ئەوەمان بۆ جەخت دەکا کە شاعیری پایەدار شاعرێکی (مکتسب) نەبووە، بە شیعر وتن بژی!! باوەڕیشی بەدوا ڕۆژی مرۆڤ هەیە (مرۆڤ هەرچەند بژی و هەرچەند فێربێ هێشتا کەم فێربووەو زۆر شتی نەزانیوە). ئەمما لەلایەن زمانەوە، وا بەباشی دەزانم مامۆستا (هێمن) خۆی بێنینە قسەو باسی ئەم لایەنەمان بۆبکا، چونکە زمان لای شاعیری ڕەسەن بڕبڕەی ژیانەو مانە، وشەکان خۆی دەزانی لەکوێ دایاندەنی و ڕستەکان بەچی سۆزێك دەهۆنێتەوە، ڕەوانبێژییەکی پاك و پاراو دروست دەکاو وێنەکان بژار دەکاو دەیانهۆنێتەوە، ناوەرۆکەکەش خۆی لە خۆیدا شتە بەتایبەتی لەشیعری (جوانی بەس نییە) دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە لەم بابەتە دێینەوە سەری تۆزێ باسی لێوەدەکەین .... بۆیە بەدەگمەن وشەی بێگانە لە شیعرەکانی دا بەدی دەکرێن ، ئەگەر هەشی بێ ئەوا لەواتە ئەسڵیەکەی خۆی دەرچووەو بۆتە وشەیەکی کوردی پەتی وەکو وشەی (حاشا) شەوی (یەڵدا) (خاتیرەی تاڵ) (عومرم) (ئوسوول و قاعیدەو نەزم حیساب) و (غەریبی) و (هومێد/امید) (نەجات) (وجود) (ڕەدیف) (عەدەم) (خەسار) ئا چەند وشەیەك بەم جۆرە خزاونەتە ناو شیعری مامۆستا(هێمن)ەوە ، چ قەیدییە، چونکە ئەو وشانە سیماو روخساری وشەی کوردیان وەرگرتووە ، کەچی بەپێچەوانەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانەوە، کە وشەی عارەبی و فارسی و تورکییان بەکارهێناوە، چونکە ئەو سەردەمە وا دەگونجا هەرچەندە ئەمەشیان لەنرخی هیچ شاعیرێکی پایەداری کورد کەم ناکاتەوە بەڵکو جێگای شانازییە کە بەهەموو تواناییەکیانەوە خزمەتی زمانی کوردیان کردووە. بۆ بە هێمن دەڵێ (مەسەلەی زمانیش زۆر بەگرنگ

دەگرم و تێدەکۆشم کام وشە ڕەسەنە بەکاری بێنم. ئەوەی بەئەرکی سەرشانی خۆم و هەموو ئەدیبێکی کوردی دەزانم، بەداخەوە من جگە لە زمانی کوردی و فارسی چ زمانێکی دیکە نازانم، شارەزاییم لە ئەدەبی دەوڵەمەندی فارسیدا کەم نییەو کاتی خۆی زۆرم خوێندۆتەوەو کەڵکم لێ وەرگرتوون ،شیعری شاعرە مەزنەکانی خۆشمان دەخوێنمەوەو کارم تێ دەکەن).

ڕادەی ڕۆشنبیری شاعیری پایەدار، تا بڵێی بەرزە، تەنانەت ئاگاشی لە ئەدەبی جیهانی هەیە. هەر وەکو خۆی دەڵێ زمانی کوردی و فارسی چاك دەزانی و کەڵکی لێ وەرگرتووە وە لەو باوەڕەش دام لە ڕێگای زمانی کوردی و فارسییەوە لە کەلەپووری (ئیسلامی)یش کەڵکی وەرگرتووە، بەلاّم شاعیر لەڕوانگەی شیعری کورییەوە، دەڕوانێتە ئاسۆی شیعر، هەوڵی داوە خۆی لە سەبکی فارسی ڕزگار بکاو بە زمانی کوردی (ئەسیل) بنووسی بەپێی ئەو دانپێدانانەی شاعیرکە دەڵێ (ئەزموونی شاعریش لە شیعرێك زۆر دیارە، ئەو ڕۆژانەی

من خەریکی بەراوارد کردنی شیرین و خەسرەوی خاناو خەسرەو شیرینی نیزامیم ، یا ڕاستیەکەی بڵێم خەریکم لە ژێر سێبەری فارسییەکەدا کوردی. گۆرانی بزانم).

جگە لەوەش شاعیر، شیعری کێش و قافیەداری پێخۆشترە هەرچەندە ڕقیشی لە شیعری تازە نییە بە مەرجێك کێشی تێدا هەبێت !! جگە لەوە هێمن کەمتر لە شیعرەکانی دا (تصنع) دەکا بەڵکو شیعری (تکلف) زۆر لە خۆکردنی نییە گەر هەشبێ ئەوا بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن.

**ڕادەیەك دەربارەی ئەو (تصنع)ە**

شاعیری هاوچەرخ ئەسپی خۆی لە مەیدانی شیعری کوردیدا تاو داوە، هەست بە پروکاندنو ماندویەتی نەکردووەو ناکات، لە شیعری (جوانی بەس نییە) دا کە لە پاشکۆی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان دا بلاّوکراوەتەوە، سەرکەوتنێکی ئەو تۆیی وەدەست نەهێناوە، مەبەستمان ناوەڕۆك نییە، دەبوایە ئەو شیعرە هی قۆناغی لاوێتی بوایە. هەرچەندە ئەمەش لەشیعرو نرخ و پایەی مامۆستا هێمن کەم ناکاتەوە، بەلاّم دەرگاش دەکاتەوە بۆ ڕەخنەگرتن، بەپێچەوانەی شیعرەکانی تری کاك (هێمن). لەوانەشە خوێنەری بەڕێز ڕای جیاوازی هەبێ، بەلاّم من سوورم لەسەر ڕایەکەم و دووپاتی

دەکەمەوە کە مەبەستم ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بەتایبەتی چەند دێڕەکانی دوایی بەرزن.

کە دەڵێ: **بــــەلآم هەی تف لــــــە کیژی وا**

**حـــــــاشا لە گەڵی خـــــــۆی بکا**

**بێزم لـــــە جوانـــــــێ هەڵدەستێ**

**زێـــــدو گەڵــــی نەپــــــەرستێ**

**ژیـــــان هــــــــەواو هەوەس نییە**

**جـــــــوانی بـــــەتەنێ بەس نییە**

ئەمەشیان لەمعاناتێکی تایبەتییەوە هەڵقولآوە، بەلآم جۆرە (تصنع)ی تێدا کردووە. بـەلآم لـە ڕەنـگ و ڕوخساردا. لـە مۆسـیقای نـاوەوەی وشـەکاندا لـە دەربڕینـی سـۆزدا، کەرخە، کە دەڵێ:

**کــــــە ڕێك دەگوشم پەنجەی نـــــەرم**

**لـــــــەشی ســــــــــڕم دەبێ گـــــەرم**

خـۆ ئەگـەر لەبـەر کـێش و قافیەکـەی (سـەرواکەی) نەبوایـە ئـەوا مامۆسـتا هـێمن بـە جۆرێکیتر ئەو معاناتەی دا دەرشتەوە، چونکە زمان لای وی وەکو هـەویر وایـە. یـا وەکـو ملوانکەی ملی کیژۆڵەیە دەزانێ چۆن هەڵسوکەوتی پێدەکا،

بــە پێچــەوانەی شــیعری (عیشــق و ئــازادی) یــەوە، یــا (ناڵــەی جــودایی)یــەوە. لــە گوێگرتنیاندا، یا لە خوێندنەوەیاندا هەست بەهێزێکی شاراوە دەکرێ وەکو هێڵی بەیانی بەرزو نزم دەبنەوە، ئەو سۆزو ئەندێشانە، ئەو کزەو کسپانە، ئـەو بـۆن کرووزانـە، ئـەو وێنە چڕانە، ئەو مۆسیقا ماتەمە لە کوێوە دەخزێنە ناخەوە ! جگە لەو کـێش و قافییـە (سـەروا) نەمرەکـەی، ئاوازەکـان بـەپێی تـەوزیعی لەحنـەکان بـەرزو نـزم دەبنـەوە، تێکەڵاودەبن، جیادەبنەوە . دیمەنێکی نامۆ و ئـاوارەوو ژان و ژوارو خۆشـی و لـە زەتێـك ساز دەکەن ... مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەی دا دەبێتە تاجرێکی کەشتی شەکەت .

کەچـی لەشـیعری (جـوانی بـەس نییـە) دا وێنـەکان دەسـتکردن. وشـەکان سـادەو قسـەی ڕۆژانە زیاتر پێیانەوە دیارە لە قاڵبی شیعر دەردەچـی و دەبێتـە پەخشانێکی هونـەری، چونکە وا هەست دەکرێ کە مامۆستا (هێمن)ی شـاعیر، لـەو شـیعرەی دا بـەزۆر دەیـەوێ وێنەو ڕستەو وشەی تێبئاخنێ ! کێشێکی ڕەق و تـەق بـەکاربهێنێ ! ئەگـەر بگەڕێینـەوە سەر شیعری (شەوی شاعیر) دەبینین سەرەڕای ئـەوەی کـە لـەکێش و مۆسـیقای نـاوەوەی

سەختییەك بەدی دەكرێ، بەلاَم لەهەمان كاتیشدا حەز لە خـوێندنەوەو بیستنی دەكرێ كە دەڵێ:

**بابا تاهـــیر منیش دەڵێم وەكو تۆ**

**ئاخ لەدەس دیدە وای لەچەنگی دڵ**

**دڵی جوانـی پەرست و چاوی هەوەس**

**شەو هەتـــا ڕۆژ بەمن دەدەن گینگل**

دەبینین سەرەڕای قورسی كێش و قافییە (سەروا)ی ئەم شیعرەو ئاڵ و گۆڕكردنی وشـەو ڕسـتەكان، هەرچـەندە لەبـەر ڕەوانبێژیەكـەی زیـاتر دەگـونجێ، بـەلاَم زیـاتر هەسـت بـە قورسی دەكرێ. یا بەواتایەكی تر، هەرچەند (سـەروای) ئـەو شـیعرە كۆتـایی هـاتووە بـە (زەنـە) خـۆی لـە خـۆی دا تـۆزێ پـێش خواردنـەوە و وەسـتانێكی كـپ كـراوەی تێدایـە. سـەرباری ئـەوەش مامۆسـتا هـێمن نـەیتوانیوە هـەر دوو سـەرواكە جـووت كـا لـە تەرازوویەكی پڕ ئاوازی جوڵێنەردا كە ئەمەیان خۆری ڕەوانـی و دەنگدانـەوەی نـاوەوەی وەسـتاندوە و سـەركوڵۆمی كـردووە . لەلایـەكی تـرەوە دەبـێ ئـەوەش لـەیاد نەكـەین كـە هەڵچوونی دەروونـی لـەو هـۆنراوەدا پەیوەندێیـەكی ڕاسـتەوخۆی بـەباری دەنگدانـەوەی نـاوەوەی وشـەو دەسـتەواژەكانەوە هەیـە. بۆیـە لێـرەدا ئـەو دەنگدانەوەیـە ڕێگـای لـە هەڵچوونە شاعیرانەكەی (هێمن) گرتووە خزانویەتیە گێرسانەوە دەڵێ:

**دڵی جوانـی پەرست و چاوی هەوەس**

**شەو هەتـــا ڕۆژ بەمن دەدەن گینگل !!**

وە لە هەمان شیعردا دەڵێ:

**كێ دەزانێ بەشەو لەمن چی دەكا**

**ئەو خەیاڵە پە شێوو ئاڵۆزەم !**

**كێ دەزانێ كە چم بەسەر دێنێ**

**ئـــــەو دڵە پڕ بڵێسەو سۆزەم .**

لەئەنجام دا دەڵێم:ئەو جۆرە ڕوانینە هیچ كـاتێ لـە نرخـی شـیعری مامۆسـتا (هـێمن) ی پایەدار كەم ناكاتەوە بەڵكو بەزیادەوە زەخمێك دەدەنە شیعرەكان چونكە هـەر شـیعرێك كەلە دایك دەبێ معاناتێكی تایبەتی دەیانهێنێتەكایەوە.

**گۆڤاری (بەیان) ، ژمارە (٥٩)، شوباتی ١٩٨٠.**

# هێمن و بۆنی غەریبی

محمد فەریق حەسەن

**بەشی یەکەم**

**سەرەتا:**

لەڕیزی شاعیرانی ئەمڕۆی کورددا هێمن جێگایەکی تایبەتی بۆخۆی کردۆتەوە، دڵنیام هیچ کام لەوانەی کە ئێستا لەژیاندان هێندەی هێمن شیعریان لای جەماوەر ئاشناو خۆشەویست نییە.. شیعری هێمن گەورەترین ڕووبەرلەکوردستان دادەپۆشێ ، باوەڕ ناکەم خوێندەوار هەبێ، لەبەرهەمی ئەوی لەبەر نەبێ.. وابزانم خەڵکەکە لەم هەڵوێستەیاندا بەهەڵەدا نەچووبن، چونکە لەم ڕۆژگارەدا کە خوێنەران نرخ بۆ نووسەرێك یاخود شاعیرێك دادەنێن گرنگیەکی تەواویش بە هەڵوێستی دەدەن، هێمنیش جگە لەشیعر خاوەنی هەڵوێستی خۆیەتی، شیعرەکانی بەزوویی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان جێ دەهێڵن و لەپەڕەی دڵی خەڵکەکەدا جێی خۆیان دەکەنەوە.

خاوەنی تاقیکردنەوەی خۆیەتی و نوسخەی دووەمی شاعیرێکی ترنییە. وێنەی هەنەری و زاراوەی هاوچەرخەکانی خۆی کەمتر دەجوێتەوە، لێرەدا لێیان جیادەبێتەوە، ئەم جیابوونەوەیەش لەخۆیدا بەهرەیە بۆ شاعیر.. لەو توخمانەیەکە گۆران-ی لێ دروست بووە، بۆیە تاکو بەتەمەندا هەڵبکشێ، شیعرەکانیشی ڕووەو هەوراز هەڵدەکشێن.

زیاتر سرووش لەژیان چاوەندازەکانی لادێ وەردەگرێ جووت و گێرە، شوان و بێری، هۆبەوهەوار.

لەوانەیە لەم دەرفەتەدا لەتوانامدا نەبێ کالآیەك ببڕم شیاوی بالآی شاعیرمان بێ، (کارێکی سەیرە!) بەڵکو کردەنی نییە، بەرهەمی هونەرمەندێك بترەنجێنینە چوارچێوەیەکی سنوردارەوە، یان بیهاوێینە سەرمێزی نەشتەرگەری، تاکو لەنهێنی بیرکردنەوەی ئاگادار بین،مۆرسەکانی بدۆزینەوەو بیگێڕینەوە سەرتوخمە سەرەتاییەکانی، ئەمجا بزانین چۆن بەرهەمەکەی داڕشتووە؟ دواجار لەسەر ئەم پێودانگە هەڵیسەنگێنین. چونکە هەرهونەرمەندێك جیهانێکی تایبەتی هەیە. شێوەنووسینی خۆی هەیە. جیاوازی بەهرەو پلەی ڕۆشنبیری و قووڵی بۆچوونیانە بۆ ژیان و کۆمەڵ، ئەمانەش زیاتر پەیوەندییان بەخودی هونەرمەندەکەوە هەیە، بۆیە

هـيچ هونەرمەنـدێكی ڕاستەقینە لـەوی تـر ناچـێ، هـەروا بەئاسـانیش نـاتوانین تێیـان بگەین، هەروەكو نامەوێ خۆم لەقەرەی كێشو سەروا بدەم، مەگەر زۆر ناچاربم ئەویش بـۆ تەسـەل كردنـی باسـەكەم، هـەروەها ناشمـەوێ بـە مـانگو سـاڵ ژیننامـەی شـاعیر تۆماربكـەم، كـەی چـۆتە بەرخوێنـدن؟ تەمـەنی چـەند بـوو؟ چـی و چـی خوێنـدووە؟ بەقــەدەر ئەوەنــدە نــەبێ كــە پەیوەنــدیی بەباســەكەوە هــەبێ، چونــكە شــاعیر، لــەژیاندایەو ئێستا لەهەڕەتی بەرهەمهێناندایە، دوای ئـەوەش (تەمـەنی شاعیر بەساڵ حساب ناكرێ، بەڵكو ڕادەی داهێنان و هێزو پێزی بەرهەمەكەی بۆ حیساب دەكـرێ كە دەیخاتە پاڵ سامانی ئەدەبیی نەتەوەكەی).

لێـرەدا دەمـەوێ بـەش بـەحاڵی خـۆم چـەند سـەرنجێكی كـە هـەمن لەسـەر شـیعرەكانی مامۆستا هێمن، بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر كارتێكردنی و ئاوارەییدا گوتوونی، دەریانبڕم هەرچۆنێك بێ دەڵێم: هێمن شاعیری ئازادی و خۆشەویستییە ، دابەڕوویـەكی هەڵچووە، ڕەگـی بـەناو كەندولەنـدی نیشـتماندا ڕۆچـووە، لەسـەر ڕیشـەیەكی تونـد بەنـدە، بەئـەزموونێكی دوورو درێـژەوە شـارەزای دەروونـی گەلەكەیـەتی، لەگـەڵ ئازارەكانیـدا، لەگەڵ چرۆی هیوایدا دەژی.

لـەو شـاعیرانەیە كـە نـاوی نەتەوەكـەیان دەكەنـە نازنـاوی خۆیـان، چـۆن كـە وتمـان (جەواهیری) دەڵێن: شـاعیری گـەورەی عـەرەب، یـان كـەوتمان (نـازم حیكمـەت) دەڵـێین: شاعیری گەورەی تورك .. هەمان شێوە، كە وتمان هێمن، دەڵێین:شـاعیری گـەورەی كـورد، (نووسەری گـەورە هەمیشـە سیمای نەتەوەكـەی پێوەیـە، ئەمـەش كەسایەتی نەتـەوەیی نووسەر بەزر دەكاتەوە).

هێمن، بەتـەنها شیعرەكانی لـەپێناوی مەسـەلەكەیدا تـەرخان نـەكردووە، بـەڵكو هـەموو توانای لە سەرەتای گەلاڵە بوونییەوە لەسەر ئەو مەبەستە تاپۆ كـردووە، تاقـە دەنگێكـی زوڵاڵ و بەردەوام دوای كارەسات و بێ پسانەوە لەپەردەی گوێمان دەداو شیعری بـەرگری دەڵێ، دەنگی هێمنە بەرگریی سەردەمی بزووتنەوە.

تاكو ئێسـتاش شـیعری سـتوونی بڵاودەكاتـەوە، ڕەنگـە بەهەڵـەدا نەچووبم ئەگـەر بڵـێم: بەمردنی هێمن لەوانەیە ئەمجۆرە شیعرەمان لەدەست بچێ..

خـاوەنی نەختینەیـەكی لـەبن نـەهاتووە لـە وشـەی ناسـك و بەمۆسـیقای دایەلێكتـە شیرینەكەی موكریان بەتایبەتی، فەرهەنگێك وشەی ڕەسەنی كوردییە بەگشتی (ئۆخژن،

بەردەبێر، بەرپەڕۆچکە، تیرەگ، چلۆوك، خرمژن، داسوو، زەنگولٚ زەنگولٚ، زنوێر، زۆزان و ئاران، سرتە، سێبەنگی، سیخوا ،شەوگەڕ، کازیوە، کوڕژن، کەوشەن، گەوالٚ گەوالٚ، ملانە، هەدادان، هەلٚکورمان، نوالٚە، هەلٚەمووت ..) لە ڕسکاندن و پێگەیشتنیدا، وەکو شاعیرێك، کۆمەلٚێ هۆ کۆبوونەتەوەو هاوکارییان کردووە.. شاعیر هەر لەمندالٚییەوە گوێی بە شیعری حاجی ، نالی ، کوردی ، سالم و ، مەولەوی .. هتد ، زرنگاوەتەوەو دیوانێکی شاعیرانەی هاتۆتە بەردەست.. لەناو خێزانێکی خوێندەوارو دارادا پەروەردە بووە، لەهەمووی گرنکتر زانایەکی وەك (فەوزی) فریشتە ئاسا، دێ و دەست دەداتە بالٚی: (دەبێ بلٚێم من دەسکردی فەوزیم ئەو هەلٚیوەشاندمەوەو تێکی هەلٚشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە)

**ئافرەت و مەسەلە:**

شاعیر دلٚداریی تەڕو سیاسەتی وشك لەدەفرێکدا جۆش دەدا، هەلٚیاندەشێلٚێ و پێکەوە دەیانگونجێنێ، ئەمە خاسییەتێکی شیعری هێمنە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بۆنی غەریبییان لێدێ و لەژێر کارتێکردنی غوربەتدا گوتوونی، هەر بەهۆی ئەو جۆشدانەشەوە توانیویێتی لەدروشم بەرزکردنەوە قوتاری بێ، زۆرجار ئافرەت و خۆشەویستی دەبنە مەسەلەو، مەسەلەش دەبێتەوە بەخۆشەویستی، جێگۆرکێیان پێدەکا، تا هەردووکیان دەبنە یەك و توند پێکیانەوە دەبەستێ.

**شەنگەبێری ! سالٚی سالان لەکوێستانێ، لــــەناومەڕی**

**بۆ مەڕدۆشین هەلٚت دەکرد ئەو باسکی سپی مەرمەڕی**

**لەبەر هاڕەی گۆبەرۆكو گوارەو کرمەك و ژێرچەنە**

**نیوەڕۆیە لــەبەر بێری کــــۆڕی مــەڕی ڕادەپەڕی**

سەرەتا، شیعرەکە لەدەوری خۆشەویستەکەی دەسووڕێتەوە، بەلاٚم دلٚداریش لەسایەی ئازادیدا خۆشە، بۆیە ناچارە، ئەو ژیانەی کوێستان بەخۆی و بە هەموو دیمەنە دلٚفرێنەکانیوە، دلٚداری، بەهەموو ڕازو خوازێکیوە جێ بهێلٚێ، گۆچان فرێ بداو شتێکی گەورەتر دەست بداتێ، بەتایبەتی ئەم ولاٚتی بەلاوە شیرینترە تا دەزگیرانەکەی.

**شەنگەبێری گراوی خۆم وێنووسی جـــەمالٚ و جوانی؟**

**ئێستاش پالٚێنی وەك جاران لەشوان ومێگەل دەڕوانی؟**

کـه لـه مەسـەلە گەورەکـەدا سـەرکەوت و هێمنـی بـاڵی کێشـایەوە، چـەك دادەنـێ و گۆچـانەکەی جـاران دەکاتـەوە باسـکی، ڕوو لەهەوارگـەی خۆشەویسـتی دەکاتـەوە، یەکجارییەکی و هەتاسەر، لەژێر باڵی ئاشتی و سـەرفرازیدا، بەرچـاو ڕوونـەو بەهیوایـە، بەڵکو مزگێنیمان دەداتێ، بەوەی (زۆری نەماوە) ئەو ڕۆژە دابێ.

هێمن ،لەم شیعرەدا خێڵەکییـەو لـەخێڵ جێمـاوە، تـەواو شـارەزای ئـەو ژیانەیـە، شـیعری وەهـا بەشـاعیرێکی شارسـتانی نانووسـرێ، هێمـای تایبـەتیمان دەداتـێ کـە لـە گـوزەرانی کوێسـتان و خێڵـەو ژوورەوە وەریگرتـوون ( شمشـاڵ، گـرم و هـوڕی مەشـکەی گـاوس، بەردەبێر ، شەنگەبیزا) بەرگێکی کوردانەی ڕەسەنی بەباڵای شیعرەکە بڕیوە.

کە پارچە شیعری (موو ناپسێنم) دەخوێنیتەوە، دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە دوو دیـوی هەیە، یەکەمجار لەوە دەچێ بـۆ خۆشەویسـتێکی گـوتبێ کـە لەکیسـی چـووەو، لـە دڵیـدا بۆتە داخ، کەچی کە زیاتر بەناو شـیعرەکەدا شـۆڕدەبێتەوە، تێدەگـەی یـادی هاوڕێیـەکی دەکاتەوە، ڕۆژگار بەیەکجاری لێی دابڕیوە، یاخود بـەهیوای گـۆڕانێکی دڵخۆشـکەر بـووەو نەهاتۆتەدی ، دیارە ئەمەش بەر بۆ خەیاڵ بەرەڵڵا دەکاو شیعرەکە گەورەتر دەکا، واتـای گەورەتری دەداتێ.

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی ، گەرچی پێت دابووم بـــەڵێنی

لـــەناو کـوردا نـەبوو پەیمان شکاندن
لـــەکوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

* * *

ئـــەگەر چی ڕۆیی، قەت ناچێ لەیادم
دەکـەم یـادت، بـەیادی تـــۆوە شادم
کە بارگەت بـــۆ هەوار تێکنا عەزیزم
شکـــا ئـــــــەستووندەگی تاوڵی مرادم

**هێمن ونامۆیی:**

نـامۆیی، هەسـت بەتـەنیا بـاڵی کردنـە، ون بوونـە، پلیشـانەوەیە لـەژێر زەبـرو زەنگـدا، بەتایبـەتی لـە شـوێنێکدا کـە مـرۆڤ دووجـار چەوسـاوەیە، چـینایەتی و نەتەوایـەتی، دەستەوسانە، هاونیشتمانیی پلەی دووەمە، پێشەکی ڕەنگ بۆ تەفروتووناکردنی ڕێژراوە، هـەر لـەباج دانـان لەسـەر زمانەکـەی، کـە دیـارترین سـیمای نەتەوەیـە، هـەتا شـێواندنی کەلـەپوورو مێـژووی، سـڕینەوەی شارسـتانێتی دێرینـەی، سـنووردانان بـۆ جـمو جووڵەکانی، تاساندنی دەنگی ئازادیخوازانەی و بەشەر دۆستییەکەی، نـاتوانێ پـڕ بـەدەم هاوار بکا ... چی هاوارێك ئـەو دەیکا بـەر دیـوارێکی زەبـەللاح دەکـەوێ و دەگەڕێتـەوە، ناگاتە جێ، بێ دەرەتانە هەمیشە تارمایی بەبەردەمیدا دێت ودەچێ، گـەردنی دەخـورێ، هەر ڕۆژە کەسێکی نزیکی، ئازیزێکی، دەبێتە خۆراکی جانەوەر!... نە دڵـی بـەماڵ وحـاڵ خۆشـە، نـە بـەو دەزگایـەی، وەك ئامێرێـك دەیڕەتێنـێ، دەبێتـە بورغوویـەکی بچـووك لەکارگەیەکی زەلامدا، کە سلاك بـوو، فـڕێ دەدرێتـە تەنەکـەی خۆڵـەوە، جیاوازییـەکی زۆرو بۆشـاییەکی فـراوان دەبینـێ لـەنێوان ڕووت و ڕەجـاڵی خـۆی و تێـرو تەسـەلیی چینەکەی بەرامبەریدا، کردەی ئەمەو بردەی ئەوان.

جـا ئـیتر ئـادەمیزاد لـەو کۆمەڵگایانـەدا چـۆن هەسـت بـە غـەریبی ناکـا؟ بەتایبـەتی ئادەمیزادی هۆشمەندو زانا ئادەمیزادی هونەرمەندو دانا.

مرۆڤی هونەرمەندو زانا، لەڕەشە خەڵکەکە زیاتر بەئاگایە، بۆیە غوربەتەکەشی زیاترە، بگـرە هەنـدێ جـار بەئاگاییەکـەی دەبێتـە تـەناف و لەگـەردەنی دەئـاڵێ، وەکـو پاڵـەوانی شیعری (موو ناپسێنم)ی لێ بەسەردێ.

هێمنـیش، وەکـو یـەکێ لـەو ڕۆشـنبیرە بەئاگایانـە، غەریبـە !.. کـاتێ شـیعرەکانی دەخوێنێتـەوە هەسـت دەکـەی خـەمی نەتەوەیـەکی بەکۆلەوەیـە، یـادی دەکاتـەوە، دەیلاوێنێ، لەگەڵ کارەساتی ڕابوردوودا دەژی، خـۆی تێـدا دەخواتـەوە، ئـەو کەسـەرە لـە دڵیدا، ناوی پاڵەوانەکانی هەمیشە لەسەر زاریەتی، بیری دۆستەکانی، ئەوانەی (بارگـەیان بـۆ هـەوار تێکنـا) و ئەوانـەی مـاون، هـی نیشـتمانی شـیرین دەکاتـەوە، نیشـتیمان هـەر نیشـتیمانەو دۆسـت هـەر دۆسـتە، نـابێزرێن.. بۆیـە لێیـان هەڵنایـە، بـەڵکو بەپیریانـەوە دەچێ، دەیەوێ لە دۆزەخی ئێستای ڕزگاری بێ و خۆی باوێتـەوە باوەشـی وڵاتـی شـیرین، بەدیداری دۆستو یارەکانی شادەبێتەوە، ئەو شادییەی کە مەبەستیەتی، لەئەنجامی ئـەم

ئالّو گۆڕەدا سۆزی غەریبی  سەر هەڵدەداو کودەتایەك لەشیعرەکانیدا بەرپا دەبیّ...
کودەتایەك، وەك هەڵچوونێکی هۆشیارانەی ڕێکوپێك، هەڵچوونی شاعیرێکی خاوەن بەهرەی هەست ناسك، کە زۆر جودایە لەو هەڵچوونە قوولاّنە دەبنە هۆی تاساندنی بەهرەو سەلیقەی خاوەنەکەی، (خالّی دەست پێکردنی ئەم هەڵچوون و یاخی بوونە هۆشیارە لەوێوە سەر هەڵدەدا کە هەرچەند دەکۆشیّ لەگەلّ ئەم دەوروبەرەی ئێستایدا ناگونجیّ و ڕانایە، خۆی بەغەریب دەزانیّ و لەگەلّ دەورو بەرەکەیدا دەکەوێتە ناکۆکی) ویست و ئارەزووی ئەم جیاوازە لەهی زۆرکەس لەوانەی دەوروبەری، بۆیە ناکۆکی نێوانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەتەنێتەوە، هەتا ڕوو لەزیادیش بیّ ئەم شیعری شاکار دەلّیّ، کەواتە غوربەتەکەی ئەم بۆتە ئیلهام دەرێك و شیعری ڕەوانی پیّ دەبەخشیّ، بەلای چاکەی شاعیردا شکاوەتەوە.

ئەگەر چاوێك بەتاریكو ڕوون، گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بخشێنین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی شیعرە شاکارەکانی لەژێر کارتێکردنی غوربەت و ڕاونان و دوورە ولاّتیدا گوتووە ، (لەو گەشت و گەڕانەدا بووم کە پارچە شیعری بەهاری کوردستانم گوت، کەبۆخۆم ئێستاش، زۆرم  خۆش دەویّ و بەشاکاری دەزانم).

گرنگترین هۆی بوونی بەرهەمێکی ئەدەبی یاخود هونەریی، بوونی خاوەنەکەیەتی ، بۆیە گەڕان بەشوێن بەسەرهات و باری دەروونی ئەو هونەرمەندەدا بۆی هەیە زۆر لایەنی هونەرەکەیمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

منیش کە پێویستم بوو، پەنا دەبەمە بەر (لەکویّ بۆکویّ؟) کە شاعیر وەکو بیرەوەری و هەم وەکو پێشەکی، دیوانەکەی پیّ ڕازاندۆتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەو مەبەستەکانم ڕستەی لیّ دەخوازم.

وەکو هەندیّ کەس نالێم پێشەکیی تاریكو ڕوون لە شیعرەکانی بەهێزترە!.. بەپێچەوانەوە، چونکە بەرلە هەموو شتێك ئەگەر هێمن شاعیر نەبووایە، نەدیوانی دەبوو، نە پێشەکیشی بۆ دەنووسی، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو پێشەکییە زیرەکی و بیرتیژیی شاعیر نیشاندەدا.. دوای تێپەڕینی پتر لەچلّ سالّ بەسەر هاتوچۆی حوجرەو قوتابخانەدا، وەکو دوێنیّ بووبیّ، باسی پۆلی یەکەمی سەرەتاییمان بۆ دەگێڕێتەوەو هێشتا قسەی مامۆستاکانی بیرماوە.. ئەمە لەخۆیدا زیرەکییە، زیرەکیش مەرجی سەرەکییە بۆ هەموو مرۆڤێکی داهێنەر، دوای ئەوەش کە دێینە سەر

شـيعرەکانی ئـەوجا باشـتر بۆمـان سـاغ دەبێتـەوە کـە هـێمن چـۆن کـەڵکی لـە یادگـارو بیرەوەرییەکانی خۆی وەرگرتووە.

هێمن، دڵی بێگەردە، بۆیە ئەگەر گەردی لێ بنیشێ، ئاشکرا پێوەی دیـارە، هەسـتی ناسـکە بەرگەی زریان و کارەسـات نـاگرێ، ڕووداوەکـان لـەدەماری کاردەکـەن، بـەجۆرێ ڕۆژگـاری تەمەن ناتوانن بیری ببەنـەوە (مردنـی عیـزەتو تـۆرانی یاسـەمەنم بـاش وەبـیردێ، ئـەم ڕووداوە یەکـەم زەبـری تونـد بـوو کـە وەهەسـتی منداڵانـەی مـن کـەوت و یەکێکـە لەبیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم) کە دێتە سەر مردنی بـاوکی، دەڵـێ (ئێسـتا کـە ئـەو دێڕانە دەنووسم بەزەحمەت فرمێسکم بۆ ڕادەوەستن، ئەوەندە دەڵێم دەردی بـاب مـردن دەردێکی گرانەو پیاو لەهەر تەمەنێکدا بابی بمرێ هەست بەهـەتیوی دەکـا..) لـە باسـی ئاوارەیی خۆیدا دەڵێ : (ئەوە پێنـج ساڵ و چـەند مانگـە ئـاوارەو دەربـەدەر دەخولێمـەوە هەژار گوتەنی هەر شەوە میوانی خانە خوێیەکم و هەر ڕۆژە لەجێ یـەك ..) بـەم دێـڕە بیرەوەرییانەدا ڕادەی ناسکیی هەست و، سۆزی شـاعیرمان بـۆ سـاغ دەبێتـەوە.. جا ئـیتر داماڵین لە کۆمەڵ، دووری وڵات و خێزان، چۆن کاری تێ ناکەن؟

هێمن، لەوڵاتو ماڵی خۆیدا هەست بە غەریبی دەکا، چونکە چەرخ لەگەڵیدا بەرپەرچە، ئەمیش وەکو ئەندامێکم هوشیار، لەڕەشە خەڵکەکە زیـاتر هەسـت بـە کۆیلەیـەتی دەکـا، بەڕادەیەك، لە کەس و کاری خۆیشـی بێـزارەو گلــەیی و گــازەندەی هەیـە .. ئـەم وەکـو مرۆڤ ساویلکەکان ئامادە نییە (تەپلێ ئەمان) لێ بدا:

**لــەماڵی خۆم دەکەم بــــۆنی غەریبی**

**کــــە بێزارم لــــەهـــــەرچێکی هەمانە**

**ئــەوی خۆشم دەویست وەك گیانی شیرین**

**تـــــەمـــــاشای بۆتە مشتەی ناو هەمانە**

بەڵام، شاعیر وەکو هەست بە غوربەتەکە دەکا، چارەشی بۆ دۆزیوەتەوە، بۆیە بە بێزاری دەرەبڕین و خەمخواردن قایل نییەو ملکەچی چارەنووس نابێ، بـەڵکو داوای جوڵانـدن و شتی گەورەتر دەکا، هەروەك ئامادەش نییە چۆك دابدا.

لەمێـژە ئـەو ڕایـە پـووچ بۆتـەوە کـە دەڵـێ: هونـەر، دەربڕینێکـی ڕووتـە لـەخودی هونەرمەندەکە، ڕەنگـدانەوەی هەسـت و سـۆزی خۆیـەتی و هیچـی تـر، بـەڵکو هونـەر بڕیـاردان و هەڵوێسـت ئـــاشکراکردنە بەرامبـەر ژیـان و کۆمـەڵ، کـە هونەرمەنـد خـۆی

ئەندامێکی هۆشمەندو زیندووی ناو ئەو کۆمەڵەیە، بگرە لەوە زیاتریش، واتە هەر بە تەنیا ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵ و هەڵوێست وەرگرتن نییە !.. بەڵکو پوختەی مێژووی سەردەمە، ئێمە لەغوربەتی شاعیرێکەوە، غوربەتی نەتەوەیەك هەست پێ دەکەین نەك هی تاقە کەسێك, ئارنست فیشەر دەڵێ: (هەستکردن بە نامۆیی گشتی بەرە بەرە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ ورە بەردان و بێزارییەکی تەواو، ئەمجا بەرەو نەهلیستییەت. دیارە نەهلیستییەتیش داوای هیچ جۆرە ئیلتیزامێك لەکەس ناکا), هێمن، گەلێ جار دەترازێو هەست بەبێزارییەکی تەواو دەکا، تا ئەو ڕادەیەی باوەڕی بە خۆیشی نامینێ.

لە(سازی ناساز) دا خۆی لەبەردەم کارەساتە نوێکەدا پێ ڕاگیر نابێ کە کوتو مت بیردەخاتەوە، شاعیر لەبەردەم ئەو هەڵوێستانەی کارەساتە جەرگبڕەکەی سەردەمی خۆی لەکوت و پڕدا، کە بەو قەبەییە چاوەڕوان نەدەکرا، وەکو مۆم دەتوێتەوەو نازانێ چلۆن وەڵام بداتەوە.

**چـۆن دەتـوانم بـەتۆ بـڵێم من چیم**

**خـۆم گـومـانم هەیە کە هەم یا نیم !**

ئەوەندە هەیە، ئەم ون بوونە زۆر ناخایەنێ، هەڵنووتان بڕستی لێ نابڕێ و لەگەلەکەی دووری ناخاتەوە، (بۆسەی ڕۆژگار) کە ئاوازێکی ماتەمەو تەنیا نۆ دێڕە، ئەگەر ئەم وشەمانەمان لێ دەرهێنا، ئەوسا لەدەروونی شاعیر نزیکتر دەبینەوە، (غەم، فرمێسك، ماتەم، مەینەت، کوشتنی من، پەرێشان، تەم، خەم) کەچی لەگەڵ ئەم حاڵەشدا، خۆی بۆ خەڵك فیدا دەکا.

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خـەڵك ڕۆشن بـکەم**

**کێ لەڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ**

شاعیری سۆڤێتی ڕەسوڵ حەمزا تۆڤ دەڵێ: (کە شاعیر پاڵی دا بە گەلەکەیەوەو بوونە یەك دەنگ، ئیتر لەناو جەنجاڵێکدا ون نابێ و دەنگی ناکەوێ، ئەم وشەیەی کە دەیڵێ هی خۆیەتی، قسەی خەڵکی تر ناجوێتەوە، بەڵام کە وشەکە دەنگ دەداتەوە دەبێتە وشەی گەل، کار وەها دەڕوا لەگەڵ شاعیری ڕاستگۆدا), هێمنی شاعیریش خۆی دەسووتێنێ هەتا بەزمی خەڵکی ڕۆشن بکا، ئەمەش ئەو پەڕی لەخۆ بوردنە، سووتانە لەپێناوی گەلەکەیدا، بۆیە وشەکانی وشەی گەلن و هی تەنها خۆی نین.

غوربەتی هێمن زۆر جیاوازە لەهی (مۆدیرنیزمەکان)، چونکە ئەوان خاوەنی هێڵێکی ئەیدیۆلۆژی سەربەخۆ نین، تەنیا چەند خاڵێکی لاوەکی کۆیان دەکاتەوە وەك: (دەربازبوون لەجیهانە ڕاستەقینەکەو دروستکردنی یاساو جیهانێکی خەیاڵاوی پووچ ، چاویان لەیاسا ڕاستەقینەکە دەقووچێنن کە گەمە بە چارەنووسیان دەکاو ئەویشە کۆمەڵ دەجووڵێنێ. دەیانەوێ مرۆڤ بەرز بکەنەوە، بەلاَم لەسەر حسابی دابڕینی لەواقیع! .. ئەمەش ئەنجامەکەی پێچەوانە دەشکێتەوە ! چونکە مرۆڤ زیندووترین بەشی واقعە ڕاستەقینەکەیە کەوابوو غوربەتی ئەوان هەلاَتنە، سەنگەر چۆلکردنە.

غوربەت کالاَیەك نییە بەبالاَی گەلێکی تایبەتی بڕابێ، یاخود لەسەر نەتەوەیەك تاپۆکرابێ بەلکو جیهانییە، بەتایبەتی لەو کۆمەلگایانەدا کە سەربەستی ڕاستەقینە نییە، ئەو کۆمەلگایانەی بناغەیان لەسەر دەسەلاَتی پارە دامەزراوە، لەو ولاَتانەدا کە سەرمایەداریی گەیشتۆتە ترۆپکی نامرۆڤایەتی، تاکە چارەیەکیش بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەستهێنانی سەربەستی و ڕزگار بوون لەو ڕاڕاییەی تێیدا دەتلێنەوە، تێکۆشانی شێلگیرە بۆ هەلتەکاندنی ئەو جۆرە ڕژێمانە لەبنەڕەتەوەو دەربازکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە لەژێر چنگیان، دیارە ئەم کارەش هەر لەدەستی چەوساوەکان دێ، دوای ئەوەی تیۆرو پێشەنگێکی شۆڕشگێڕ بۆخۆیان هەلدەبژێرن و ڕیزەکانیان یەکدەخەن، کەچی مۆدیرنیزمەکان: ( تەنیا بێزاری دەردەبڕن و ناجووڵێن، بگرە لەوەش خراپتر، مرۆڤ بە تارمایی و جنۆکە دەزانن ! .. ئەم شتانەش لە بنەڕەتەوە نین), بۆیە غوربەتەکە ئەوان دەق لەخاك و پای ڕۆشنبیری بۆرژوا دایە.

کافکا دەلێ: (لەئاوارەکان خۆیان ئاوارەتر دەژیم), سەبارەت بەسەرنجی بەرامبەر بەژیان و کۆمەلْ دەلێ: (ئامانج هەیە، بەلاَم نازانم بەچ ڕێگایەکدا بۆی بچم)، ڕێگا هەیە بەلاَم ئامانج نییە), خۆیشی بەتێکۆشەرێك زانیوە، کەچی نە ئامانجی ڕوون بووە لە تێکۆشانداو نە زانیویەتی چ ڕێگایەك هەلْبژێرێ، (لەگەلْ ئەمانەشدا لەسەر نووسین بەردەوام دەبم، نووسین خەباتە لەپێناوی پارێزگاری خۆمدا).

غوربەت ئاوەهایە لای ڕۆشنبیری بۆرژوا، کە لە کەلْە نووسەرێکی وەکو کافکادا دەردەکەوێ، تەنیا بۆ خۆی دەژی و خەمی خۆیەتی، تەنانەت بەرهەمەکانیشی لەپێناوی پارێزگاری خۆیدا نووسیوە، کەچی بەلای هێمنەوە، ئامانج ڕزگاربونە، تاقە ڕێگاش بەگژاچوونە.

هێمن، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بەلایەکدا ساغ بکاتەوە بڕوای بەتووڕەبوونە پیرۆزەکە هەیە ، بەتایبەتی لەسەردەمێکی وەها دژواردا کە دۆست و دوژمن دەستەو یەخەن و دوژمنانی گەلان تەنها گوێ لە دەنگی بارووت دەگرن و هیچی تر، لە (ترووپکی ڕزگاری) دا، سوورە لەسەرهەڵسانەوەی دوا هەڵنووتان و کورتکردنەوەی ڕێگا، باوەڕیشی بەخۆی هەیە، ئۆدن، گەورەیی شاعیر لەسێ خاڵدا کۆ دەکاتەوە:

١- بەهرەیەکی زیندوو، بۆ نووسینی زمانێك کە لەبیر نەچێتەوە.

٢- تێگەیشتنێکی قووڵ لەو چاخەی شاعیری تێدا دەژی.

٣- ئاشنایەتی شاعیر لەگەڵ پێشکەوتووترین فەلسەفەی سەردەمەکەیدا)[١٤].

بەش بەحاڵی خۆم، ئەم خاڵانە با بە تەواویش نەبێ، بەلاَم لەهێمندا دەیانبینم، غوربەتی ئەم گەلێ جودایە لەهی ئەوانە کە باوەڕیان بەخۆیان و، بەوزەی لەبن نەهاتووی گەل نەماوە، لەگێژەنی ڕاڕایی و واهیمەدا خول دەخۆن.

هێمن نامۆیە، بەلاَم خۆی بەستۆتەوە بە مەسەلەیەکەوە، پشتی تێ ناکاو خۆی دانابڕێ، یاخود مرۆڤ لەکۆمەڵ دانابڕێ، خۆیشی ئەندامێکی هۆشیارێتی، دەیەوێ بوونی گەلەکەی بپارێزێ، شیعری بەرگری بۆ دەڵێ، کەوابوو هەمیشە شیعرەکانی نوێ و زیندوون، شیعری نوێش بۆ هەموو مرۆڤ نوێیە.

(شاعیرەکانی ئەم سەردەمە بەو واقیعە قایل نین کە تێی کەوتوون، بەلاَم لەبەردەمیشیدا هەڵنایەن، بەڵکو بەرەنگاری دەبنەوە، بەرەنگارییەکی توندو کاریگەر), ئەم دیاردەیە تەواو لەشیعرەکانی هێمن دا ئاشکرایە، بەتایبەتی لە (ڕقی پیرۆز) دا، کە کۆتایی دیوانەکەی پێ هێناوە، ئەو هەمیشە بەهیوای گۆڕانەو خۆی هەوڵی بۆ دەدا، هەن هێمن تەنیا بەشاعیری ئافرەت و خۆشەویستی دەزانن، ئەوانە دەیانەوێ ببێ بە پاڵەوانێکی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان و بەتاکە سوارەو کۆمەڵ لەبناغەوە هەڵتەکێنێو سەرلەنوێ وەکو خۆی دەیەوێ بنیاتی بنێتەوە ! ... بەچی ؟ .. بەشیعر !! ..

هەرگیز نامەوێ لەنرخی شیعر کەم بکەمەوە، بەلاَم ئەم کارە ئەوەندەش ئاسان نییە تاکو شاعیرێك لەعەودەی بێ: (ئەو ئەدەبەی بە چەند سەد لاپەڕەیەك دەیەوێ کەندو کۆسپی ژیان تەخت بکا، سەر بەجۆرە بیرکردنەوەیەکە دەتوانین پێی بڵێین تۆباویەت و خەیاڵ ! تۆباویەتیش مەترسیی زۆرە لەسەر خەڵکی، خەویان لێ دەخا، کە خەبەریان

دەبێتەوە لەو کەسانە دەچن کە بەدەم خەوەوە دەڕۆن تا دەگەنە لێواری گوێسوانەو، تەپ دەکەوتە خوار).

خۆ ناشکرێ هێمن بە نوێنەر (دیکادانس)ی کورد بدەینە قەڵەم !.. نەخێر، چونکە ئەم پرزەبڕاو نییە گەشبینەو بڕوای پتەوە بەدوارۆژی گەلەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا کە:

**شینـــــــم گەڵێک گێڕاو شادیم کەم دیوە**

**خـــــــۆشی دەڵێن هەیە، بەڵام نەم دیوە**

بەو حاڵەشەوە گۆرانی بەبالآی مێلاقەو گوڵووك، تەشق و تەلآن، کەزیەو سێبەنگی کیژی مەهاباد، بەبالآی خۆردا هەڵدەدا، لە (عیشق و ئازادی) دا دەڵێ:

**هـــەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا**

**لەنێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر**

**دووری لەژن:**

هێمن ، لەدوور وڵاتییەوە بیری خێزانەکەی دەکا، غەریبی هەڵدەڕمێ بەتایبەتی ئەم بەئارەزووی خۆی بەجێی نەهێشتوون، لە(ئامێزی ژن) دا، دەڵێ:

**بـــەڵێ سەختـــە، یـــەکجار ســـەختە**

**دووری لـــەژن، نـــــامـــــــرادی**

**بـــــەڵام لــــــەژن خــــۆشەویستتر**

**لــــەلای مــــن ئــــەتـــۆی ئازادی**

شاعیریش وەکو هەموو کەسێك ئامێزی ژنی خۆش دەوێ، ئەمەش ڕاستگۆییە، بەلآم ئازادیی بەلاوە خۆشەویستترە، بۆیە زیاتر شاعیری (ئازادی) یە، هی مەسەلەیە.

لە(سنوور)دا، کە وەکو نامەیەك بۆ خێزانەکەی دەنێرێ، بەهەموو خۆشەویستی و سۆزێکەوە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی، هێشتا مەسەلەکەی بیرناچێ هۆی ئاوارەبوونی لەبەرچاوە

**ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی**

**تۆ خودا نی ، تــــۆ خۆشەویستی منی**

**لــــەئاسمان نی، تا وێت ڕانەگا دەستم**

**لەقاف نی، کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم**

ئەوی ڕاستی بێ نامۆیی لە کارەساتەکەوە بۆتە خاسییەتێکی شیعری هێمن، ئەو لەوساوە لانـەوازە، واتـە غوربەتەکـەی تـەنیا دوور کەوتنـەوە نییـە لـەخاك بـەڵکو هەرەسـهێنانی ئاواتە بەرزەکانیەتی، ڕەنجی بێ بەرێتی و پێشێل بوونی ئارەزووەکانی، ڕێـك نەکـەوتنی هێمنـە لەگـەڵ دەوروبەرەکەیـدا، نـاتوانێ هـەروا بـە ئاسـانی لـەو غوربەتـە ڕزگـاری بـێ مەگـەر بـە نەشـئەی سـەرکەوتنێکی نـوێ کارەسـاتەکان کاریـان لـە شـادەماری کـردووە، چونکە (هونەرمەند، بیەوێ یاخود نەیەوێ، نەك تـەنها بـە سـەردەمەکەیەوە بەسـتراوە، بەڵکو بەستراویشەوە بـە نەتەوەکەیـەوە، جا ئـەم کـارە لـە هۆشمەنـدیی هونەرمەنـد بـێ یـاخود بـە پێچـەوانەوە، ئـەو کـاری خـۆی هـەر دەکـا ، چ لـە بابـەت هەڵبـژاردنا بـێ ، چ لەشێوازدا)، ئەگەر سەرنجێکی قـووڵ لەشـیعری (بابردەڵە) بـدەین کـە مێـژووی (١٣٢٦)ی پێوەیە، ئەوسا دەزانـین ئـەو قـۆرت و کەسـەرانەی بەسـەر گەلەکەیـدا هـاتوون تـا چـەند کاریان لەناخی کردووەو هەژاندوویانە:

**لەسوێ هێلانەکەم لەت لەت بوو جەرگم**

**لەتاوی گوڵ نەمام، نیزیکە مــــەرگم**

چ ئــەم شــیعرەو چ (ســنوور) دوو ئــاوازی ماتــەمن، دوو دیمــەنی تــراژدین و شــاعیر پێشکەشمان دەکاو هەردوکیانی بەکێشی درێژ هۆنیوەتەوە، کەچی (بـەهاری کوردسـتان)، کە هەوایەکی شادی بەخشی تێدایە بەکێشی کورت گوتوویەتی ئەمەش شـارەزایی شـاعیر نیشـاندەدا (خــەلیلی کـوڕی ئەحمــەدی فەراهیــدی ، گەیشــتبووە ئــەو ڕاسـتییە کــە هەڵبـژاردنی کێشـەکان پەیوەنـدییان بـەباری دەروونـی شـاعیرەوە هەیـە، لەوانەیـە دوای گـەڕان و خوێندنەوەیـەکی زۆر گەیشـتبێتە ئـەو ڕایـە، سـەرنجی داوەتـە شـاعیرەکان، کـە ویستوویانە لەخەم بدوێن، بەکێشی درێژ دەریان بڕیوە،کە باسی بارێکی شادی بەخشیان کردووە، کێشی کورتیان هەڵبژاردووە).

**گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٦٥) ئابی ١٩٨٠.**

# هێمن و بۆنی غەریبی

**بەشی دووەم**

**مەیو خەیاڵی شاعیرانە:**

لە دوور وڵاتیدا، کە سۆزی غەریبی بەر بینی دەگرێ، پەنا دەباتە بەر مەی. مەی لای ئەم دووکەڵکێشە،پەژارەو خەمەپەنگخواردووەکانی ناو دەروونی لێوە سەر دەکەن.هەروەها خەیالێکی خۆشی دەداتێ، خەیاڵیش شتێکی پێویستە بۆ شاعیر، بۆیە لە " تاڵەی جودایی" دا ، کە یەکێکە لە شیعرە شاکارەکانی، وەها دەستپێدەکا:

ساقیا! وا بادەوە! وا بادەوە

روو لەلای من کە بە جامی بادەوە.

بەم چەشنە دەبێتە مشتەری مەیخانە، نازدارێك شك نابا تۆزی غەریبی بسڕێ، بەخەیاڵی ( بادە) ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، ئەو دێڕەی سەرەوە چەند جارێك دەڵێتەوە، هەر جارەی لە ڕووخسارێکی نوێدا, بەلای هێمنەوە (مەی) بۆ کەسێکی وەکو خۆی حەلالە!! دەبا بزانین بۆچی

مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ

بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووتو ڕەجاڵ

بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین

بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆرو برین

دیارە ئەم شیعرە جیاوازی زۆرە لەچاو ئەوانەی لەوێ، لەماڵی خۆیداو لەسەر پشت گوتوونی. چ وەکو چۆنیەتی و چ وەك چەندیەتی.بەتایبەتی ئەو شیعرە لە سەد دێڕ پترە، بەلاّم ئەو هەڵکشانە ڕێی ئەوەم لێ ناگرێ ڕەخنە لەم چەند دێڕەی سەرەوە بگرم بەوەی هەست بە (مبالغە) دەکەم. هێمن بەو ڕادەیەش پەرێشان نییە، دوای ئەوەش کەسێ خاوەنی نامەیەکی پیرۆزبێو لەگەیاندنی بێ.ئەبێ چاوەڕوانی چەرمەسەریش بکا. هەرچۆنێ بێ هێمن ئەگەر بەلەش لێرەبێ ئەوا بە دڵ لەو دیوە، یاخود موکریانێکی بچکۆڵەیەو لێرە ڕەشماڵی هەڵداوە.

که مەست بوو، بە دەنگێکی نـزم شـیعرە خۆشـەکەی مەولـەوی " مـەولا جـلال الـدینی رۆمی" دەڵێ: " گوێم بۆ هەڵخە حیکایەتت بۆ بکەم، وەکو حیکایەتی ئەو نەیەی کە لە ئەسڵی خۆیدا جودا کردۆتەوەو، شەکوای حاڵی خۆی دەکا".

**جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی**

**بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی**

**" بشنو از نی چون حکایت میکند**

**وەز جداییها شکایت میکند"**

شـاعیرمان، بـەو حسـابەی پـەروەردەی ئـەودیوە، هـەر دەبـێ ئـەدەبیاتی فارسـی کـاری تێکردبێ، ئەمەش شتێکی ئاساییە، ڕەنگە زیاتر مەولەوی کاری تێکردبێ، کـە پـەنای بـۆ مەی بردو سەرخۆش بوو، بۆ کەسێ دەگەڕێ حاڵی لە حاڵی خـۆی بچێ. ئـەو چارەیەش لە غوربەتەکەی مەولەویدا دەدۆزێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کاری کردۆتە سـەر هـێمن‌و تێهەڵکێشی شـیعری خـۆی کـردووە.حەزدەکـەم رای تایبـەتی مامۆسـتا هـێمن خـۆی لێـرە تۆماربکـەم:" مەولـەوی کـاری نەکردۆتـە شـیعرەکانم، بـەلاّم کـاری کردۆتـە دەروونم‌و هەژانـدوومی، ئەگەر ئەو شیعرەی مەولـەویم نەبیسـتایە، باوەڕناکـەم ناڵـەی جـودابیم وا بە ڕەوانی گووتبا".هەرچۆنێ بێ شکایەت‌و ناڵەی شاعیر لە هی (نەی) تێپەڕانـدووە.ئـەم ناڵەی خۆی تێکەڵ بە هی مرۆڤایەتی دەکا:

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە**

**بانگی ئازادی‌و گرووی یەکسانییە**

ئەم شیعرە، نەوای مۆسیقایەکی غەمگینی تێدایە، بەرزو نزم.. شاعیریش مرۆڤـەو دڵـی ناسکە. هێمن لەم دوورە وڵاتییە پـتر لـە جاران هانـا بـۆ کەلـەپوور دەبـا، دەیانهێنێتـەوە گـۆڕێ‌و کـەڵکیان لێ وەردەگـرێ. هەنـدێجار خـۆی بـە پاڵـەوانانی بـەیت‌و چـیرۆکە فۆلکلۆرییەکان دەچوێنێ. ئەمەش وەکو هەوڵێك بۆ زیاتر نزیـك کەوتنـەوە لـە کۆنینـەو مێژووی گەلەکەی، ئەوێ کە بـە لـەش لـە گەلەکـەی دابـڕاوە، نـەبادا بـە بـیرو پەیوەنـدی رۆحی لێی دابڕێ، پێی لە زەمینەی خۆی بترازێ‌و لە حەوادا بمێنێتەوە.

هەر کەسێ بێ کەلەپوورو یادگار بـژی, شـاعیر بـێ ئـەو شـتانە ئـۆقرەی نییـەو لاوك بـۆ ڕابردوو دەڵێ،ئێستای درێژەپێدانی ئەوسایە.هێمن ئەوەنـدەی ئـاوڕ بـۆ دواوە دەداتـەوە، نیو هێندە کارەساتەکانی سەرجەمی دنیا نایانبزوێنێ.

کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەك (مەمێ)

(یایەزین) لەکوێیە هاواری کەمێ؟

کوا قەرە تاژدین؟ (چەکۆ) و (عورفۆ) لەکوێن؟

بێنە هانام وەك پڵینگی چەنگ بە خوێن

(لاسە شۆڕ)ێك بووم غەنیمی دوژمنان

ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان

وا بە تەنیایی لەنێو خوێندا شەلاڵ

کوانێ عێل؟ و کوانێ (خانزاد)و (خەزال)؟

کە مەم خاتووزینی بووە، لاس خـەزاڵ‌و، سـیامەند خـەج‌و، بـرایم خـاتوو پـەریخان، ئـەم کـوا؟ کێـی هەیـە؟ ئەگـەر هەشـبێ بـە چـی؟ ئـەو لەکوێـستان‌و ئـەم لـە گـەرمیان، چۆن دەنگیان بەیەکدا دەگات؟ ئەم شیعرە بەیتێکەو کۆمەڵێ بەیتی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.
هەرچەنـدە گـەلێك جـار، لەسـەرتاوە وەکـو پیرێکـی لـەرزۆکی چـەماوە، بـە گۆچـانێکەوە، کونجی مەیخانان دەگرێ‌و دەست لەزۆر شت دەشوا، بەلاَم کاتێکت زانـی خـوێنی لاویـەتی لەدەمارەکانیدا کفە دەکا. گۆڕەکەی ئەوسای ماوە، کوڕەلاوە، گۆچانی لێ فڕێداوە، لەڕیزی پێشەوەی کارواندایەو بەڕێوەیە.

دێم هەتا هەمبێ بڕست‌و بیرو هۆش

گەر گلاَشم کوردەواری‌و ئێوە خۆش

بەهۆی مەیەوە، خەیاڵێکی شاعیرانەی دروستکردووە، لەو جۆرە خەیالاَنەی کە دوورن لە واهیمەوە، چونکە لە کۆتاییدا توانیویەتی خۆی لەو جاڕسی‌و پەرێشان حاڵییە قوتاربکا. واتە خەیاڵی بۆ مەبەستی خۆی بەکارهێناوە، نەك ئەم کەوتبێتە ژێر ڕکێفی خەیاڵەوە. " شاعیر کە بەخەبەرە خەو دەبینێ. بابەت خۆی بەسەردا ناسەپێنێ، بـەڵکو ئـەم خـۆی بەسەر بابەتەکە دەسەپێنێ، ئەمەیە جیاوازیەکە، شـاعیر یـاری بـە خـەیاڵ دەکـا، کەچـی مرۆڤی تووڕەو نێربۆز ئەو کەسەیە کە خەیاڵ خۆی بەسەردا دەسەپێنێ".

ئەگەرچی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، چەند جارێك هەست بە سەرکەوتن‌و تێکشکان دەکەین، بەڵام بە زۆری لە کۆتاییدا ئاسۆی هیوای ڕوونە، ئەوی ڕاستی بێ لەت‌و پەت بوون‌و برینداربوونی دەروونی کەسانی ناو شیعرەکانی هێمن، بێ نەوایی‌و کڕووزانەوەیان، حاڵی چەند کەسانێکی خەستە نیین، شاعیر هەڵیبژاردبن، یان زادەی واهیمەو خەیاڵی شاعیر خۆی بن، بەڵکو ئەوە حاڵی زۆربەیە، ئەو بەرزی‌و نزمییانەی لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون، جارێ ژێرکەوتن‌و جارێکیتر سەرکەوتنی ئاوات‌و ئارەزووەکان، کت‌و مت لەو سەرکەوتن‌و ژێرکەوتنانە دەچن کە شاعیر لە ژیانی سیاسی‌و خەباتی نەتەوەییدا تووشیان هاتووە.

هێمن، سوور دەزانێ گۆشەگیری‌و ورەبەردان چاری زامەکانی ناکا. ئیتر خۆی ناخواتەوە، تا ئەو ڕۆژەی مۆمی تەمەنی دەکوژێتەوە، ئامادەنییە چۆك دابدا، بۆ ئەوەی بگاتەوە بە ڕۆژگاری خۆی، کاڵەی لێ هەڵدەکێشێ‌و نیازی گەڕانەوەی هەیە، بە وەفایە بۆ سەرچاوەکەی، کە گەڕایەوە بە یادی ئەوسای (دەفتەر). گەنج دەبێتەوەو کەڵ دەخا، سوورە لەسەر ئەو گەڕانەوە پیرۆزە، بۆیە (دێم) زۆر جار دەڵێتەوە.

هەندێ جار هێمنی شاعیر ورە بەر دەدا دەسەوسان‌و کۆڵەوار دادەمێنێ، هەتا هێمنی خاوەن (بیر) بە پەلەپرووزێ فریای دەکەوێ‌و دەست دەداتە باڵی، تا لەو گێژاوەی دەربێنێ، ئەو خەریکە نوقم دەبێ.

ئەو (من)ەی هێمن لە دێڕی شیعردا بەکاردێنێ، نیشانەی خودو کەسایەتی شاعیرە، لەهەمان کاتدا هێندە ئاوەڵایە، جێی گەلێکی تێدا دەبێتەوە، ئەمجا باوەش بۆ هەموو مرۆڤێکی کۆیلە دەکاتەوە، واتە لە ئازاری خۆیەوە بۆ هی گەلەکەی‌و، لەوێوە بۆ ئازاری مرۆڤ.

لەو (من) انە لاریم نییە کە شاعیر بەکاریان دێنێ‌و، ناتوانێ دەستبەرداریان بێ، بە تایبەتی لەو شیعرانەدا کە لە دەوری خۆشەویستی دەسووڕێتەوە، هەر وەکو چۆن ناتوانیین شەخسیەتی شاعیر لە بەرهەمەکەی دوور بخەینەوە." جا چی تێدا دەمێنێتەوە ئەگەر خودی شاعیرمان لە دێڕی شیعر دەرهێنا ؟!.. بە تایبەتی لە هی دڵداریدا.. ئەمە مانای وانییە دەمانەوێ کەسایەتیشی بسڕینەوەو لە کۆمەڵی دابڕین؟".

خودی هونەرمەند بەر لە گشت شتێك بەهرەکەیەتی، بەهرەیەکی زیندوو، هەمیشەیی‌و ڕەسەن، وشەی تایبەتی خۆی دێنێ، لە شوێنی تایبەتیدا جێی دەکاتەوە، بەشێوەی

تایبەتی خۆی، لێرەوە جێ دەستی نووسەر بە بەرهەمەکەیەوە دەبینین، دوای ئەوەیش" ئـەوەی گـۆرانی بـە بـالای میللەتێکدا هەڵبـدا نـاکرێ تـەنیا بـاڵ بـێ، بـەڵکو کۆمـەڵی لـە دواوەیەو، ئەویش پاڵی پێوەدەنێ".

هێمنی خاوەن بیر پێمان دەڵێ: گـەل هەڵدەنووتێ، تووشـی شکسـت دێ، بـەلام هـەنگاوی دوای هەڵـــەنگووتن هەڵســـانەوەیە.. هێمنـــی شـــاعیریش پێمـــان دەڵـــێ: ئـــەدەبیش لەتیژکردنەوەی ناکۆکیەکاندا ڕۆڵی خۆی هەیە.

**ئارەقەی جوتیار:**

(ئـارەق‌و تـین) شـارەزایی تـەواوی شـاعیر نیشـاندەدا لـە ململانێـی جوتیـارو دەرەبەگـدا، ڕەنجـی بـێ بـەری جوتیـاران، هەناسـەی ساردیان، دەسـت بڕینیـان بـەجۆرەها فڕوفێـڵ، بیرکردنەوەی ساکاریان، سـووربوونیان لەسـەر نوێـژو ڕۆژوو، ئـەم شـیعرە کـە بەتایبـەتی لەسەر مەسەلەی جوتیارن دەڕوا، بۆی هەیـە ئەوانـەی مەبەسـتیانە کـەڵکی لێ وەربگـرن، کەڵك لە ئەزموونی شاعیر.

ئارەق‌و تین، شـیعرێکی ڕەوانـە، سازێکی ئاشـنایە بـە گـوێ، جوانکارییـەکی بـەرز، شـاعیر گـەڕاوە، لـە ژیـانی جوتیـارن " لقگـە"ی هەڵبـژاردووە، لێکیـداون‌و توانیویـەتی فیلمێکـی کورتی گوزەرانی ئەوانمان بخاتە پێش چاو، ڕێچکەی ئارەقەی نێوچاوانی جوتیارو شان‌و قـۆڵ کووتـانی پاڵـەو گـەوزی داسـی وەرزێـری بـەر قرچـەی هـەتاوی هـاوینی تێـدا دەخوێنیتەوە، دیارە گشت ئەو لەقتانـەی تێکـەڵ بـە خـەیاڵی شاعیرانەی خـۆی کـردووە، بەهۆی خەیاڵەوە" توانیویەتی توخمەکان بە جۆرێك ڕێك بخا تـا مـرۆڤ بـە ئاسـانی ئـەو پەیوەندییانە ببینێ کە جاران نا دیاربوون، بەشێوەیەك کۆیان دەکاتەوە کە لەوەو پـێش نەبوون".

**پێش ئەوەی شەمی سەر چاکی**

**ئاخر فرمێسکی هەڵوەرێ**

**پێش ئەوەی گژەبای تووڕە**

**ژیلەمۆی پەپوولە بەرێ**

ئـەمجا دێتـە سـەر دژەکـەی ئـەو سـەر کـە ئاغایـەو لەسـای سێبـەردایە، پـاڵی لێداوەتـەوە سوورە سووری ڕوومەتی دێ.. کردەی جووتیارەو بردەی ئەو " ئالیوت لـەو بڕوایـە دایـە

کـە باشـترین ڕێگـە بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـتیی مەسـەلەیەك، وێنـەگرتنو دەرخسـتنی دژەکەیەتی کە چەوتییە"

**بەڵام حەیف ئێستاش لێرە**

**من برسیم و کەسێك تێرە**

**نە قەت ئارەقی ئەسڕیوە**

**نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە**

ئـەم شـیعرە وەکـو بـیر تـوێشـووی زۆر پێیـە. جگـە لـەوەش لەبـەر داڕشـتنە جوانەکـەی دەاتوانێ سەرنجی زۆر نەوەی دوای ئێمە بۆ لای خـۆی ڕابکێشـێ، تـەنیا لەبـەر ئـەوە ئـەم بڕیـارە نـادەم گوایـە لەسـەر کێشمەکێشـی جوتیـاران دێتـە وەلام، کـە بـۆ سـبەی ڕۆژ دەستەچیلەو ئاگر خۆش کەریەتی.. نەو ! چـونکە بـا شـیعر خـاوەنی فیکـری خـاوێنیش بێ، بەس نییە بـۆ ئـەوەی ببێتـە شـیعرێکی بـاڵا، چـونکە نـاکرێ لایەنـە هونەریەکەشـی فەرامۆش بکرێ، بەڵکو لایەنە هونەرییەکە تەواوکەری لایەنە فیکرییەکەیەتی.

**گەشتێك بەناو یادگارەکاندا:**

لە (فریشتەی پەڕیوە)دا، گەشتێك بەناو یادگارەکانیدا دەکاو شـانازییان پێـوە دەکـا، هـەر بـەو گـەرمو گوڕییـەی سـەردەمی لاویـەتی شـیعرەکە دەهۆنێتـەوە، شـانازی کـردنیش بـە ڕابوردووەوە مرۆڤ بەرەو نامۆیی کێش دەکا.

**لە مەیدان دیومە نێسکەی ئەسپی خۆش بەز**

**لەگەڵ دەستو جلیتی شۆڕە سواران**

**گەڕی شاییم لەپێش چاوی گەڕاوە،**

**لەرەی مەم، سووکە ڕەوتی گوێ بە گواران**

چاوەندازی جوان جوان لە ژیانی کوردەواریو بەسەرهاتی شاعیر، لە وێنـەی خـەیاڵاویـدا، لەگەڵ مۆسیقایەکی غەمگیندا، بەسەر شاشـەی بیرەوەرییەکانیـدا ڕادەبـوورن، تـا دەگاتـە دۆخی ئێستای، کە پیرو ماندوو بووە، بەلام لە وشەی شیرینی کوردی زۆری پێمـاوە، ئـەم بێزارییـە لـە ئێسـتایو شـانازی کـردن بـە ڕابـوردووەوە، لـە شـوێنی تریشـدا بەرچـاومان دەکەوێ، وەك لە (ناڵەی جودایی)دا دەڵێ:

**بوومە گەپجاڕو دەکا گاڵتا بە من**

**ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چووبوو لە من**

شیعری " گاو گەردوون، شەوو شەیتان، کاروانی خەبات، لەبیرم مەکە، بناری هەڵگورد" چیرۆکە شیعرن، بەزۆری باسی بەسەرهاتی لاوێك دەکەن لەگەڵ مەرگدا بەرەو ڕوو بۆتەوە، لە پێناوی مەبەستێکی گەورەدا بەگژ بەرامبەرەکەی دا چووە، شاعیر نایەوێ چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو مەبەستێکی پیرۆزی هەیەو گەرەکیەتی ڕوونی بکاتەوە.

**تارماییو مردن:**

ئادەمیزاد کۆتاییەکی تراژیدی هەیە، ئاوی حەیات بە کەس پەیدا نەکراوە، شاعیر ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی هەڵدەکشێ، هەتا ڕۆژگاریش تێپەڕێ لە مردن نزیکتر دەبێتەوە، با بەدڵ گەنجیش بێ، یاخود لەوەی دەترسێ بمرێو بە کامی دڵ نەگات، لە "پەیامی ڕانەگەیەندراو"دا دەڵێ:

**گووتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت، ئەمما**

**لە کورتیدا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا**

لە (عشقو ئازادی)دا، ئەوەندە لە تەمەنی خۆی دەترسێ باوەڕی بەوە نییە شەوێکیتر بچێتەوە سەر مێزی بادە، یان مۆمێکیتر بکوژێنێتەوەو ساڵ نوێ بکاتەوە.

**لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەر سووتاو**

**بە چی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر ژەمێکی تر**

بەڵام، با بزانین هێمن بۆ هێندە بە تەنگ تەمەنەوەیە.. نیازی چی پێی هەیە؟

**خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێدا نووسێم**

**ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە ناو دەمێکی تر**

پێمخۆشە نەیشارمەوە کە ئەم دێڕەی لای خوارەوەی عیشقو ئازادی، لە وتەکانی ڕەسووڵ حەمزاتۆفی شاعیری گەلی ئاڤاری لەمەڕ داغستان دەچێ، کە دەڵێ" گەلەکەی منیش ڕۆمیۆجۆلێتی خۆی هەبووە، کە خەڵکی ئەم دونیایە هیچیان لەسەر نەبیستوون، هۆی نەبوونی شەکسپیرێکی (ئاڤار)ی بوو.

**نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ**

**دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زینو مەمێکی تر.**

**دووبارەكردنەوە:**

حەزدەكـەم ئـەو دیاردەیـەش ئاشـكرابكەم كـە تایبەتـە بـەو شـیعرانەوە كـە لـەژێر كارتێكردنی غوربەتو دووره ولأتیدا گوتوونی، ئەویش دووبارەكردنەوەی وشـەیەك یـان دەسـتەواژەیەك لەسـەرەتای نیـوە دێـڕی شـیعرەكانەوە هەرچـەندە شـتەكە دیاردەیـەكی كلاسیكی شیعری كوردییە. بۆنموونـە لـە "ماچـی خـودایی"دا چـل جـار وەرە دەڵێتـەوەو شیعرەكە كۆتایی دێ." ئەمەشیان بۆ ئەوەیە تا هەستی دەروونی بكەوێتـە ڕێژگـەی ئـەو كێشەوە كە دەیەوێ هەستەكەی پـێ دەربـبڕێ، هـەروەها بـۆ ئـەوەی خـۆ ئامـادەكردنێكی دەروونی بۆ پەیدابێو ڕێگای بەردەمی  تەختو زنجیرەی هۆنراوەكە بە نـەرمو لووسـی بێتە خوارەوە.

**وەرە! ئەستێرەكەی شەوگاری تارم**

**وەرە! یارم وەرە ئەی تازە یارم**

ئەمەش خشتەیەكە بە ژمارەی ئەو وشەو دەسـتەواژانەی كـە شـاعیر بـە زۆری دووبـارەی كردوونەتەوە.

**ئارەقو تین:**

٢٠ جار(پێش ئەوەی)، ١٠ جار(من)، ٢٢جار (نە).

**بناری هەڵگورد:**

٧ (جێ جێ)،١١(یەك)، ٧ (هێشتا).

**یادم كەن:**

٢٢ (لەودەمەی دا)، ٤ ( یادی منی)

**ناڵەی جودایی:**

٢٣ ( ئەوكەسە)، ٣١ (دێم)

**ئێوارەی پایز:**

٥ (ئاخ) ، ٤٢ (بە)

**دەسكەوتی خەبات:**

١٦(نە)، ١٠ ( ئەوێستاش)

**مەتەرێزی شەرەف:**

١٠ (لێرەش)

**ماچی خودایی:**

٤٠ (وەرە)

٩ (لەو دەمەی)

**ترۆپکی ڕزگاری:**

٢١(دەڕۆم)

**پەری شیعر:**

١٤ (شیعرێك)

**گەرمەشین:**

٨ (بۆ)

**وێنەی هونەری:**

شیعر چ بە شێوەی ستوونی داڕێژرابێ‌و چ پەیڕەوی نوێی کردبێ، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە هەمیشە وێنەی شیعری بە یەکێ لەو ستوونانە دەژمێردرێ کە بینای شیعرەکەی لەسەر ڕاوەستاوە.

هێمن، لە دارشتنی وێنەی هونەریدا هێمنە، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی ئێستاوە، کە بە شوێن یەکدا وێنەکان پێکەوە دەبەستنەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی پەیوەندییەکی پتەوی نەپساو بکەن لەنێوان مرۆڤو سروشتدا، ئەو پەیوەندییە قووڵانەی خوێندەوارێکی ئاسایی هەستی بە بوونیان نەکردووە، وەکو بڵێی لەم وێنە هونەرییە لاوەکی‌و بە هوروژمەیاندا مەبەستی یەکەم‌و کۆتاییان ماندووکردن‌و سەر لێشێوانی خوێنەربێ، کە هەرگیز ئەمە ئەرکی شیعر نییە.

هێمن، وێنەی بە هورووژمی نییەو کەم (ی) ئیزافە ڕیز دەکا.. لەو وێنانەدا کە هەڵیان دەبژێرێ، پەیوەندییەکی قوولّ لەنێوان مرۆڤو سروشتدا بەدی دەکرێ، سروشتی کوردستان سەرچاوەی وێنەکانییەتی، خەیاڵێکی ڕێك‌و پێك‌و ڕامکراوی دوور لە هەڵچوونێکی سەرچلانە، لە وێنەکانیدا هەست پێ دەکەین.

(چارەنووسی شاعیر) یەکێکە لەو شیعرە ناسکانەی کە بە وێنەی هونەری ڕازاوەتەوە.

**لەسەر بەفرێ بەکارنایە وەکو بیستوومە داوی ڕەش**

**لەسەر کوڵمەت ئەدی بۆ دلگرە ئەو بسکە تاتایە؟**

شاعیر گەڕاوەو وێنەکانی لە دەوروبەری خۆی هەڵوێنجاوە.. پەیوەندی بارانو هەورو خۆر، لەگەڵ گریانو چارشێوی ڕەشو ڕووی دەزگیرانەکەی، دژایەتی نێوان هەورو با.. داوی ڕەش لەسەر بەفری سپی، کە ئاشکرایەو نێچیر ناگرێ، لەگەڵ بسکی ڕەشو کوڵمەی سپی، کە (دڵ) دەبێتە نێچیری، پیرەدار، کە ناچەمێو پیرەپیاو، کە لە ئاستی جوانیدا وەکو کەمەی گۆچان دەچەمێتەوە.

لە پەیامی (ڕانەگەیەندراو)دا، کۆمەڵێ وێنەی جوانمان بۆ دروست دەکا، خوێنەر دادەچڵەکێنو ناچارە بەسەرسامییەوە هەڵوێستەیەك بکا،

**هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ**

**ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەو شارە ڕاناگا**

شاعیر بەراوردێك لەنێوان خۆیو ( کە ڕوو لەپیرییەو تا دێ پشتی کۆمتر دەبێ) لەگەڵ مینی ژۆپدا ( کە ڕۆژ بەڕۆژ کورتتر دەبێتەوە) دەکاو ئەنجام ئیتر ناتوانێ دەستو داوێنی کچی ئەم شارە ببێ، دیارە بەکارهێنانی ئەم وێنانە لە پلەی ئیستاتیکی شیعرەکە بەرزدەکەنەوە، لەلایەکیتریشەوە خەیاڵی بەپێزی شاعیرانەی هێمنمان بۆ دەردەخەن" کە باسی شارەزاییە ئیستاتیکیەکەی دەکەین، مەبەستمان لە هەستکردنی مرۆڤە بە سروشت، هەستێکی قووڵو بەپێز،بە ڕادەیەك بتوانێ هەرچی یاساو شتە تەباکان هەیە لەسروشتدا، بیاندۆزێتەوەو پێکەوە بیانگونجێنێ.

ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ، لە لێشاوی بەرهەمی سەدان شاعیردا، پاشاگەردانییەکی تەواو دەبینرێ. ناچاری بەدوو دڵیەوە بۆ شیعرێکی ڕەسەن بگەڕێی، ئەویش تاکوتەرا بەرچاو دەکەون، ئەمڕۆ ڕەسەنایەتیەکە لە شیعری هێمندا ئاشکرایە.

دەتوانم بڵێم: بە چاوی خەیاڵی خۆی وێنەکان دەبینێو بە زادەی بیری خۆی دەیانهۆنێتەوە، ئەگینا لاسایکردنەوەو خواستنو دووبارە دارشتنەوەی شیعری بێگانە بە زەقی پرزەی شیعری کوردی ئەمڕۆی بریوە، ئەگەر تاکو توویەك لەم دیاردە دزێوە قووتاریان بووبێ، یەکێکیان هێمنە، ڕۆدانی پەیکەرتاشی فەرەنسایی دەڵێ:" گەورە هونەرمەندان ئەوانەن کە بەچاوی خۆیان سەرنج لەو شتانە دەدەن کە خەڵکی پێش ئەوان دیویانە، دەشزانن چۆن جوانی بدۆزنەوە. ئەو جوانییە سەرنجی خەڵکەکەی بەر لەخۆیانی ڕانەکێشاوە، هونەرمەندە بێ دەسەلأتەکانیش ئەوانەن کە هەمیشە چاویلکەی خواستەمەنیان لەچاودایە".

**بەرەو شۆڕشگێڕی:**

ئەگەر هێمن، سەرەتا وەکو خوێن گەرمێك بە هەموو کەفو کوڵو سەرکەشێتی سەردەمی لاویەتییەوە، دەستی دابێتە هونەری شیعرو پێخۆری سۆزێکی نەتەوایەتی ڕووتو قووت بووبێو هیچیتر، لەمێژە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەی هەڵبواردووە. دوای ئەوەی چەندان هەورازو نشێوی دیوە، لەهەر تێکشکانێ ئەزموونێکی نوێی دەستگیربووە، لەتاکرەوی‌و سەرکەشێتی ڕزگاری بووەو پاڵی داوە بە پاڵی تویژێکی پانو بەرینەوە لە جوتیارانو ڕۆشنبیرانی نەتەوەکەی، ڕێك‌وپێکتر لە جارانو لە پێناوی پەیڕەوێکی دیاریکراوو ئاواتێکی پیرۆزدا دەڕەنجێ، بۆیە دەتوانین بڵێین لە یاخی بوونی تێپەڕاندووە، ڕووەو شۆڕشگێڕی هەنگاو دەنێ" سەرەتای گەشەسەندنی هەموو هونەرێك بە یاخی بوون دەستی پێکردووە، یاخی بوون یەکێکە لە خاسیەتەکانی هونەرو، هەر وەهاش دەمێنێتەوە، بەلام یاخی بوون پەیوەستە بە تاکڕەوییەوە، خۆ ئەگەر شاعیر توانی لەو تاکڕەوییە خۆی قووتار بکاو جەماوەر دوای خۆی بخاو تاکو شوێن پێی هەلگرنو، لەڕەوتو ئاستی کۆمەڵو مێژوو گەیشت، ئەو حەلە دەتوانێ بەرەو شۆڕشگێڕی بڕوات".

**دوو گلەیی:**

**یەکەم/**

لەگەڵ ئەم هەموو شیعرەدا کە دوای کارەساتەکە گووتونی، نەیتوانیوە لە سنووری کوردستان تێپەڕێ.. لەو ساوە ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین لە چنگی داگیرکەر ڕزگاریان بووە، مێژوو دەیان ڕاپەڕینی دلێرانەی ئازادیخوازانی گەلانی بە خوێنی شەهیدانیان تۆمارکردووە. ئێستاش زەوی لەژێر پێی داگیرکەرا بووە بە ئاگرو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشەدایە، هیچ کام لەم شۆڕش‌و ڕاپەڕینانە سەرنجی شاعیریان ڕانەکێشاوەو کاریان تێنەکردووە، بۆیە شیعری بۆ نەگووتون.

ئەمڕۆ هونەرمەندان بیانەوێ‌و نەیانەوێ خۆیان لەناو جەنگەی ڕووداوەکانی جیهاندا دەبیننەوە،بەهۆی ڕادیۆ.. تەلەفزیۆن.. فاکسمایل، دەیان گۆڤاری ناوخۆو هەندەرانەوە، کە ڕاستەوخۆو بێ پرس خۆیان لە ڕووداوەکان بخەفێنینو ئاگامان لەسەرانسەری جیهانە، کەچی شاعیرێکی وەك هێمن، تەنانەت نەیکردووە مەسەلەکەی ببەستێتەوە بە مەسەلەی گەلانەوە، جگە لە شیعری" کوردو ئازەربایجانی" کە لە هەڕەتی کۆماری

مەهاباددا گووتونی، ئەگینا دوای کارەساتەکە، لەو جۆرە شیعرانە بە میوانیش ڕێیان نەکەوتۆتە تاریك‌و ڕوونەوە. لەوە دەچێ لە کەسایەتی نەتەوایەتی خۆی نەیەتە خوارەوە!.. یاخود مەسەلەکەی خۆی هەموو شتێکی بیر بردبێتەوە، هەرچۆنێ بێ شاعیر لەبەرامبەر مێژوودا بەرپرسیارە، جارێکیتر ئەو کارەساتانە ڕوو نادەنەوە تاکو ئەم وەك شاعیرێك لایان لێ بکاتەوە، ڕەوڕەوەی مێژووش لەبەر خاتری ئەو ناگەڕێتەوە دوواوە.

**دووەم/**

ڕاستە شاعیر لە ئارەق‌و تیندا، موعاناتی ژیانی جوتیارانی کوردستانمان بۆ دەکاتە تابلۆ، جوتیارانیش زۆرینەن، بەلاّم شاعیرمان گرنگیەکی ئەوتۆی نەداوە بەو چینەی بنیادنەری سبەینێیەو جێی بڕوایە. با ئەمرۆکەش بە تەواوی نەڕسکابێ‌و لەسەرەتای گەشەکردنابێ، شاعیر زۆر کەم لا لەم لایەنە دەکاتەوە. وەك لە ئاواتی بەرزدا دەڵێ:

**تێکدەدەن کۆشکی بڵندی مفتەخۆری زگ زەلام**

**پاڵەو و جوتیاری برسی، کارگەری بێکاری کورد**

" مادام هونەرمەند خۆی یەکێکە لەو کارگوزارە خێرخوایانەی بەشدارییەکی تەواو دەکەن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای نوێ، بۆیە لەسەری پێویستە گرنگییەکی تەواو بدا بەوانەی کە لە ڕیزەکانی بەراییدان بۆ ڕەخساندنی ئەو پێشکەوتنە گشتییە".

ئەمەو جگە لەو بێزاری دەربڕینەی کە گەلێك جار شاعیر سەغلەت دەکاو خۆی بە "بێ بژێو،بەشخوراو، پەڕوەریو، هتد". دەزانێ کە لە شوێنێکی تریشدا پەنجەم بۆ ڕاکێشاوە، لەو باوەڕەدام شاعیر هێندەش بێ دەرەتان نییە.

لە کۆتاییدا، ڕێزو نەوازشم پێشکەش بە شاعیر دەکەم، بەو هیوایەی توانیبێتم ڕۆشنایم خستبێتە سەر شیعرەکانی‌و ڕاستیم پێکابێ.

تەمموزی ١٩٨٧

**گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (٦٦) ئەیلولی ١٩٨٠.**

# هێمنیش مرد *

## جۆیس بلۆ، ئا: دەشتی

هێمنی شاعیری ناوداری کورد لە شەوی ١٨ی نیسانی ١٩٨٦داو لەشاری ورمێ بە نەخۆشی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد، بنەماڵەکەیان بێ ئەوەی گوێ بە قەدەغەی پۆلیس و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بدەن لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بە خاکیان سپارد ، لەناو ئاپۆڕەی خەڵکیدا لە مزگەوتی حاجی سەید بایەزیدو لە کاتی نوێژکردن لەسەر جەنازەکەیدا جێگەیەکی بەتاڵ نەمابوو، مزگەوتەکانی سنەو ورمێ و کرماشان لەڕۆژانی دواتر لە پرسەی گیانی ئەو مرۆڤە دا هەروەها بوون.

سەید موحەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری، کە زیاتر بەنازناوی (هێمن) ناسراوبوو، لەساڵی ١٩٢١ لەگوندی(لاچین)ی نزیك مەهاباد هاتۆتە دنیا، سەید حەسەنی شێخەلئیسلامی باوکی هێمن یەکێك بووە لەنەوەکانی مەلا جامی چۆڕی و ئەو بنەماڵەیە سێ سەد ساڵێك دەبێت لە مەهاباد دەژین. (زەینەب)ی دایکی هێمن لە بنەماڵەی شێخی بورهانی ناوداری موکریانییە، ئەو ساڵەی هێمنی تێدا لەدایك بوو پیاوەکانی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هێرشیان هێنابوە سەر مەهاباد و شارەکە وەبەر تالآن کەوتبوو، وەکو زۆر ماڵو خێزانەکانی ئەو شارە،ماڵە باوانی هێمنیش شارەکە بە جێدەهێڵن و ڕوو لە دێهات دەکەن.

ئەو خێزانە حەوت منداڵیان دەبێت و بەگوێرەی تەمەن هێمن کوڕی دووەمینی ئەو ماڵە بوو. زۆرجاران بەتایبەتی دەیسەلماند, کە تەمەنی منداڵی وی لەتەك (یاسەمین)ی دایەنی و (عیزەت)ی لەلەیدا بەخۆشی گوزەراوە، ئەوان خەڵکی ئازەربایجان بوون و لەوانیش فێری زمانی تورکی بووە. سەعید ناکام یەکەمین مامۆستای هێمن بوە. ناکام ئەو نوسەرو ڕۆژنامەوانەیە کە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی بۆکوردی وەرگێڕاوە، لەپاشان باوکی ڕەوانەی خوێندنگای (سەعادەت)ی دەوڵەتی دەکات، لەوێ لەتەك مامۆستا فارسی زمانەکانیدا کە نە ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ زمانی کوردی و نە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا هەبووە هێمن دوچاری جۆرێك لە دژواری دەبێتەوە کە هەرگیز لەبیری ناکات. لە تەمەنی سێزدە ساڵان باوکی دەینێرێتە لای شێخی بورهان کە زانایەکی ناوداری تەریقەتی نەقشبەندی بوو، خانەقای شێخ لە ناوچەی شەرەفکەندی کە

دەکەوێتــە نێــوان مــەهابادو بۆکــان هەڵکــەوتبوو, نــاوو ناوبــانگی شــێخی بورهــان و خانەقاکــەی ســنوری کوردستانیشــی تێپەڕانــدبوو، لاوان لەهــەموو لایــەکی کوردســتانی گەورەوە ڕوویان تێدەکرد ،بێجگە لە فەقێیەکانی ئەوێ خوێنـدکارانی هینـدی، ئـەفغانی، تورك، تورکمان و فارسیش دەهاتن و لە ژێر دەستی شێخدا دەیانخوێند.

ئەم تێکەڵاوی‌و ئاشنایەتییە کاریگەریەکی زۆر لەسەر هێمنی گەنج بەجێدەهێڵێ. گـەڵێ لەزانایان و گەورە پیاوان دەهـاتن بـۆ زیـارەتی شـێخی بورهـان و لـە خانـەقادا دەمانـەوە، لەگەڵ خوێندکارانیدا دەکەوتنە وتووێژو دەرسیان پێدەگوتن، بەو جۆرە هـێمن کەسـانی وەکو قازی موحەمەدی سەرۆك کۆماری کوردو سەیفی قازی شاعیرو زانای مـەزن حـاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی و ڕوناکبیری پێشکەوتوو عەلی خانی ئـەمیری دەناسـێت و کەڵکیان لێوەردەگرێت، بەڵام ئەوەی لەهەموان زیاتر کاریگەری بەسەر هێمنەوە هـەبووە مەلا ئەحمەدی فەوزییـە. هـێمن لەبـەر دەسـتی ئـەو زاتـە ئاشـنایی لەگـەڵ مامۆسـتایانی ئــەدەبیاتی کــوردی پەیــدا دەکــات و، لەبــەرایی لەگــەڵ داهێنــانی ســەردەمی زێڕینــی ئەدەبیاتی تەریقەتی سۆفیگەری و هەڵبەستی ئـایینی ئاشـنا دەبێت، لەوێنـەی مـەحوی نەقشبەندی (١٨٣٠- ١٩٠٤)، مەلای حەریق (١٨٥١- ١٩٠٧) لەوەش زیاتر شـیعرە نیشـتیمانی و ئەڤینییـەکانی نـالی (مـەلا خـدری ئەحمـەدی شـارەزووری ١٧٩٧- ١٨٥٦) هەسـت و هۆشـی داگیر دەکـەن. نـالی یەکـەمین شـاعیرە کـە غـەزەل و قەسـیدەکانی خـۆی بـەزاری سـۆرانی کــوردی دانــاوە، دەســەڵاتێکی بــاڵای بەســەر تــەکنیکی شــیعردا هــەبوە، بەرهەمــەکانی نموونەی بەرزی شـیعرو هەڵبەسـتی کـوردین. هـەروەها شـاگردی بلیمـەتی نـالی ، حـاجی قادری کۆییش (١٨١٦- ١٨٩٤) دەناسێ، کە شیعرەکانی بە ناوەڕۆکێکی کۆمەلایەتی و زمـانی سادە ناسراون و هەندێ لـە دێـڕە شـیعرو هۆنراوەکـانی بونەتـە پەنـدو کەوتونەتـە سـەر زارانەوە . وەکو چۆن ئاشـنای شـیعرە هیجاییـەکانی شـێخ ڕەزای تاڵـەبانیش (١٨٣٢- ١٩٠٩) دەبێـت . لـەناو شـاعیرانی دڵخـوازی ئـەویش دەشـێ نـاوی عەبـدوڵا بـەگ ببـەین ، کـە بەمیسـباحوددیوان (ئـەدەب) نـاودێر دەکرێـت، شـیعری (ئـەدەب) لەلایـەنی ئـەدەبی و ئیســتاتیکیەوە زۆر دەوڵەمەنــدە کــە نوێنــەرەوەی ئــەڤینی خــۆی و ژنەکەیــەتی، هەڵبەستەکانی سەرشاری ئەڤینێکی بە خوڕو تـا ڕادەیـەکیش لـە دەرەوەی دابـوو نـەریت بوون.....

له حەڤدە ساڵیدا هێمن دەست له خوێنـدن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتـەوە نـاو خێزانەکـەی لەشێلاناوێ. لەگەڵ دژوارییەکانی ژیانی گوندنشینی و ڕەنجبەریش هـێمن دەسـتبەرداری گۆڤـارو کتێـب نابێـت، دوا بـەدوای کۆتـایی هـاتنی کـارو بارەکـانی لـەباخ و مـەزرا ، دەگەڕایەوە ماڵ و دەچووەوە لای کتێب و نوسینەکانی.

لـە ١٦ی ئۆگستۆسـی ١٩٤٢دا کاتێـك جولاّنـەوەی نهێنـی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان پێکـدێت بەپشـتگیری عەبـدولڕەحمانی زەبیحـی ، تـەبای زۆرینـەی هاوڕێکـانی دەبێتـە ئەندامی کۆمەڵەو نازناوی نهێنی (هێمن) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت ، هۆنراوە ناودارەکـەی لەو سەروبەندەدا دەنوسێت:

**کوردم ئەمن**

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**

**قەت لــەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم کوردم ئەمن**

**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم**

**ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن وبەردم ئەمن**

**گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمرۆ ڕەق هەڵێم**

**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**

**من لەزنجیرو تەناف و دارو بەند باکم نییە**

**لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

یەکەمین شیعری هێمن لەساڵی ١٩٤٣داو لەژمارەی دوەمینی گۆڤاری (نیشتیمان)، کە شێخ عەبدولـەتیفی کـوڕی شـێخ موحەمـەدی بـەرزنجی لـە لاجـان دەریهێنـاوە بلاّوبۆتـەوە، لەژێرەوەیدا ناوی (م.ش.هێمن) نوسراوە. شـیعرەکە دەنگدانـەوەی چاکی دەبێـت، بـاوکی هێمن کـە چـاوی بەشـیعرەکە کـەوتبوو چووبوە دڵیـەوە، لـە کوڕەکـەی داوا دەکـات نـاوی ڕاسـتەقینەی نوسـەرەکەی بۆبدۆزێتـەوە، هـێمن لەماوەیـەکی کورتـدا دەبێتـە ئەنـدامی دەستەی نوسەرانی نیشتیمان و شیعرە تازەکانی تیا بلاّو دەکاتەوە ، هەروەها هەنـدێ لـە شـیعرەکانی لـە گۆڤارەکـانی دیکـەی کۆمەڵـەدا، وەکـو (ئـاوات) بلاّودەکرێنـەوە. هەرلـەو کاتەدا شـانۆنامە شـیعرییەکەی خـۆی (دایکـی نیشـتیمان) دەنوسـێتەوە، کـە نـاوەڕۆکێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، ژیان و مێژووی کوردان، لەوێدا قارەمانەکان هەوڵ وخـەباتیان لـە پێناو ڕزگاری دایکی نیشـتمان و ژیـانێکی سەربەسـتدا بـوو، شـانۆگەری دایکـی نیشـتیمان

سەدایەکی گەورەی نایەوە، بۆ ماوەی چوار مانگان و لە هەموو شارو دێهاتی ناوچەی موکریان هاتە نواندن و نمایشکردن، لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانیش بە حەسرەت بینینی بوون بێگومان ئەم شانۆنامەیە لە بزواندنی هوشیاری نەتەوەیی ئەو خەڵکە ڕۆلێکی مەزنی بینی، تەماشاکەران دەهاتنە جۆش و دەگریان، لەدواییش بە گەرمی لەسەرحاڵی کوردان دەکەوتنە دەمەتەقێ. دەسکەوتی ئەم شانۆ نامەیە لەسەرووی هەموو پێشینییەك بوو، لەسایەی ئەم داهاتەوە توانی چاپخانەیەك بۆ خۆی بکرێت و لەمەهاباد دایبمەزرێنێت .[1]

لەمانگی تشرینی ١٩٤٥دا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهابادیەکەمین کۆنگرێسی خۆی دەبەستێ، قازی موحەمەد، کە پێشتر لە ژێر ناوی نهێنی (بینایی) ئەندامی کۆمەڵە بووە, بە سەرۆکی ئەم پارتە تازەیە دەستنیشان دەکرێت، هەر لەو بۆنەیەداو بۆ جاری یەکەم هێمن یەکێك لەهەڵبەستەکانی خۆی لەکۆڕی کۆنگرەدا بۆ خەڵکەکە دەخوێنێتەوە، ئەوانەی لەوێ دەبن سەریان سووڕدەمێنێت! کاتێ پەی بەوە دەبەن کەوا سەید موحەمەدەمینی شێخەلئسلامی کە ڕوبەڕویان ولەسەر مینبەری مزگەوتی سوور شیعر دەخوێنێتەوە ، ئەوە هێمنی شاعیری نیشتیمانپەروەری خۆشەویستیان خۆیەتی. کۆمیتەی نەتەوەیی حیزب حاجی بابە شێخ وەکو سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێ و هێمن ماوەیەك دەبێت بەسکرتێری ئەو، بەلآم پاشان بەتەواوەتی خەباتی خۆی دەخاتە پاڵ کۆمسیۆنی تەبلیغات و دەبێتە هاوکاری ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی هاواری کوردو هاواری نیشتمانی, زانای هێژا عەبدولڕحمانی زەبیحی (کەلە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا لەزیندانەکانی عێراقدا مرد) ، هەروەها گڕوگاڵی مندالآن و هەلآلەو، شیعرو هۆنراوەکانی تیادا بلآودەکرنەوە.

لەساڵی ١٩٤٦ دا کوردی ئێران لەپارچەیەکی وڵاتی خۆیان ئازادی خۆیان بەدەست دێنن و هێمن چاوو دڵی بەدامەزرانی کۆماری مەهاباد شاد دەبێت، وڵاتپارێزانی کورد لەهەرچوار لای کوردستانەوە ڕوودەکەنە مەهابادو کۆماری ساوا دەبێتە نیشانەی سەرکەوتنی خواستی نەتەوییی هەزاران ساڵەی کورد، کۆماری تازە نازناوی (شاعیری نەتەوەیی) بەهێمن و هەژار دەبەخشێ، کە هەردووکیان بەوپەڕی شۆڕو فیداکارییەوە لەڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی گەلی کورد بەشداری دەکەن.

هێمن لەتەك ئەو کەسانەی کە لە ژیانی سیاسی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە هەڵسوکەوت دەکا، لەوێنەی قازی موحەمەد ،هەمزە عەبدولاّ، موستەفاخۆشناو، میرحاج، کاك ڕەحمان موهتەدی و قودسی،هەر لەوساڵەشدا (واتا ساڵی١٩٤٦) ژن دەهێنێت.

بەڵام لەمانگی کانوونی ١٩٤٦دا لەشکری شا هێرش دەکاتە سەر کۆمارو داگیری دەکات. سەرکردەکان دەستگیر دەکەن و هێمن بەدڵێکی شکستەوە کارەساتی شەهید کردنی قازی موحەمەدو سەدری قازی و سەیفی قازی لەبەرەبەیانی ٣١ ئاداری ١٩٤٧ لەمەیدانی چوارچرا دەبینێت، هەرلەو مەیدانەی کەساڵێك لەوەبەر دامەزراندنی کۆماری لێڕاگەیاندرابوو، ئەولەسەر ئەو ڕووداوە دەنووسیّ:

زانا بوو کورد پەروەر بوو

پێشەوا بوو، ڕابەر بوو

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو

خەمی خەڵکی لەبەربوو

* * *

دا خرا دەرکی ڕۆژنامە

شکاون نووکی خامە

کوردی نووسین حەرامە

دوژمن دەڵی بێتامە

دڕان کاغەزو دەفتەر

گیران شاعیرو نوسەر

بۆ هێمن، هەروەکو بۆ هاوڕێکانیشی, حەسەنی مەلا قزڵجی، عەبدولڕحمانی شەرەفکەندی،عەبدەلڕەحمانی محەمەد ئەمینی زەبیحی، دەرویەك بۆ حەوانەوە نەمابوو،ئەو خۆی داوێتە قەلاّدزیّ لەکوردستانی عێراق وپاشی ماوەیەك گەڵێ بیری خاك و وڵاتی خۆی دەکا، بارودۆخەکەش کەمێك ئارام دەبێتەوە، بۆیە بەرەو شێلاناویّ دەگەڕێتەوە لای خاوو خێزانەکەی.لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەندامانی حیزبی تودە بۆ پەیوەندی برایەتی گەلانی ئێران دەچڕێت:

کوردو ئازەربایجانی هەردوو داوایان ڕەوایە(٢)

هەر بژین و پایەداربیّ یەکیەتی ئەم دوو برایە

هەروەها ڕەخنە لەئاغاو بێگانان دەگرێ:

**ئەوەی ئاغا بێ بێکارە**

**جەبوون و قەڵس و لاسارە**

**دزی و ڕێگرتنی کارە**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

**لەشەرم و شوورەیی مردم**

**بەخۆم من چۆن بڵێم کوردم**

**کەئاغا ئابڕووی بردم**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم(٣)**

لەساڵی ١٩٤٨ هەوڵی تیرۆرکاری شا لەزانستگای تاران دەبێتە بیانو بۆ قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکان و شالأوی ستەمکاری بۆ ماوەیەکی درێژ دەستپێدەکات، هێمن بەنهێنی و بێدەنگ ژیانێکی کولەمەرگی بەسەردەبات.لەساڵی ١٩٦٨دا بڕیاری وازهێنان لەهەموو شت دەدات، کوردستانی ئێران و ماڵ وخاوو خێزان و خۆشگوزەرانی، ئاودیوی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق دەبێت و لەوێ لەگەڵ کۆنە هەڤاڵەکانی وەکو هەژارو زەبیحی و قاسملو یەکدەگرێتەوە. لێرەوە بۆ هێمن دەورانێکی پڕ لە داهێنانی مەزن دەست پێدەکات، لەگۆڤارە کوردییەکانی عێراق شیعرو لێکۆڵینەوەکانی بلأودەکاتەوە، یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی (تاریك و ڕوون) لە بەغدا لە ١٩٧٤ بە چاپ دەگەیەنێت. تێکستی بەیتەکانی ناوچەی موکریان کە لە کاتی خۆی ئۆسکارمان لە ساڵانی ١٩٠٦ و ١٩٠٩ لەبەرلین لەچاپی دابوون،وەردەگێڕێتە سەر ڕێنووسی عەرەبی و لەژێرناوی (توحفەی موزە فەریە)دا بەشەرح و پەراوێزی زۆرەوە لەدوو بەرگدا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپ و بلاودەکاتەوە.

کوردانی چەپگەرای ئێران بەتێکرایی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ کە خانەوادەی پەهلەوی لە تەخت هێنایە خوارو شای ناچار کرد ڕابکات، بەشداریانکردبوو.ئەوان بەهیوای کۆتایهاتنی ستەمکاری بوون, هێمن سایری بەرپرسانی حیزبی دیموکرات و هەموو ولأتپارێزانی کورد گەڕایەوە بۆکوردستانی ئێران، خەڵکی مەهاباد بەئاهەنگو شایی پێشوازییەکی مەزنیان لەشاعیری ناوداریان کرد.

لەدوای ئـەوەی ڕۆژانـی خۆشـی بەسەرچـوون، پێکهاتـە سیاسـیەکان توندڕەوانـە کەوتنـە نێومەیدان، حیزبی توده (پارتی کۆمۆنیستی ئێران)لـەحیزبی دیمـوکرات دەخوازێـت کـە خواسـتە نەتەوەییـەکانی کـورد بـەلاوە بنـێ و پشـتیوانی (لـەڕژێمی نـوێ و ئـەنتی ئیمپریالیسـتی)تـاران بکـات. لەحالێکـدا کوردەکـان بەشـی زۆری ناوچەکوردنشـینەکانیان بەدەستەوەبوو، تـامی ئازادیـان چێشـتبوو، ئـیتر بـەوە ڕازی نـەبوون کەلـەوڵاتی خۆیانـدا کەسـانێکی دیکـە بەڕێوەبـەریان بکـات و داوای (خودموختـاری – ئۆتۆنـۆمی)یـان دەکـرد بۆکوردستانی ئێران.حەوت کەس لەئەندامانی حیزبی دیمـوکرات لـەژێر نفـوزی حیزبـی تودەدا لە دروشمی ئۆتۆنۆمی پاشگەز دەبنەوەو کشانەوەی خۆیـان لـە حیزبـی دیمـوکرات ڕادەگەیەنن، کوردستان بەجێدەهێڵن و دەچنە تاران. هێمنـیش لەگـەڵ غـەنی بلوریـان و موحەمەد ڕەحیمی قازی لەتەك (گروهی حەوت نەفەری) دا دەبن.

دوابـەدوای پێـنج سـاڵی پـڕ لەئاریشـەوگێرەو کێشـە، هـێمن دێـت ولـە ورمـێ نیشـتەجێ دەبێو ئینتیشاراتی سەلاحەددین دادەمەزرێنێت.

شازادەو گەدای (مارك تۆین) وەردەگێڕێتـە سـەرزمانی کـوردی و چـاپێکی تـازەی دیـوانی نـالی و وەفـایی و دیـوانی حـەریق (کـە شـاعیرێکی مەهابادیەولـەکۆتایی سـەدەی نـۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست ژیاوە)[٤] ئامادەدەکات.

ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵە هەڵبەستێکی دیکەی خـۆی لـە نامیلکەیـەك بـەناوی (ناڵـەی جـودایی) چـاپ کردبـوو، لەسـاڵی ١٩٨٣دا (پاشـەرۆکی مامۆسـتا هـێمن) کـەوا کـۆکراوەی وتـارو لێکۆڵینەوەکان و هەڵبەستەکانی دواییەتی لەبەرگێکدا لەمەهاباد بڵاّودەبێتەوە.

خـۆی لـەوڵاتی خۆیـدا ئـاوارەبوو، ئەوژیانـەی کەلـەناو گەڵەکـەی خۆیـدا دەیگوزەرانـد گەلێکی بەلاوە دژواربوو, هەڵبژاردنێکی سیاسی خراپی لەکۆڵ داهاتبوو!،هاوڕێکانی لەناو حیزبی دیموکرات لێی دەگێڕنەوەو حاڵی دەکەن، کەئەوان بەگەڕانـەوەی بۆلایـان گـەلێك شـادە کـەیفخۆش دەبـن، بـەلاّم لـەم میانـەدا نەخۆشـی زاڵـتر دەبێـت و هێمنـی شاسـواری قـاڵبوی بیروبـاوەڕی وەختـی پێشـوو لـە ورمـێ بـە وەسـتانی دڵ لەگـەڵ هـەموو کـول و حەسرەتەکانی سـەردەنێتەوە، بـەلاّم شـیعرە بەسـۆزو ناسـك و پاراوەکـانی تـا سـەد سـاڵی دیکەش لەدڵی نەوەکانی کورد دەمێنن.

**پەراوێزەکان:**

**★ ئەم وتارە بە قەڵەمی خانمی کوردناسی ناودار خاتوو جۆیس بلۆ، مامۆستای زمانی کوردی لەزانستگای پاریس و بەزمانی فەرەنسی، لە سەرو بەندی کۆچی دوایی هێمنی شاعیردا بۆ گۆڤاری (هیوا) بلاّوکراوەی ئەنستیتۆی کورد لەپاریس، نوسراوە.**

١- سەبارەت بەشانۆ نامەی (دایکی نیشتیمان) هەرچی لەو وتارەدا هاتوە ڕاستە، هێمن خۆشی لەو پێشەکییەدا، کەبەناونیشانی (لەکوێوە بۆکوێ) بۆ دیوانی تاریك و ڕوونی نووسیوە باس لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەو تیاتری دایکی نیشتیمانیش دەکات، بەلاّم نەیگوتوە من نووسیومە،لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکەش ئەوە نەهاتووە، هێمن خۆشی پارچە هۆنراوەیەکی بەو ناوەوە هەیەو لەتاریك و ڕووندا بلاّوکراوەتەوە.

٢- کوردو ئازربایجانی، ناونیشانی ئەو پارچە شیعرەیە کەهێمن لەساڵی ١٩٤٦دا بەبۆنەی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی هاوپەیمانێتی لەنێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازربایجان لەتەورێز نوسیویەتی.

٣- ئەم پاچە هۆنراوەیە لەسەرەتای بوونە ئەندامی کۆمەڵەی هێمن نوسراوە، لەساڵی ١٩٤٥داو لەوەلاّمی شیعرێکی (فانی)دا کەلە ژمارە (٤،٣)ی گۆڤاری نیشتیماندا بلاّوکراوەتەوە،شیعرەکەی فانی بەم داوەتەوە:ئەمن دەیلێم و بێباکم!.

٤- حەریق(١٨٥١-١٩٠٧) لەبنەچەدا خەڵکی ناوچەی سورداشی سەربە شاری سلێمانییە، بەلاّم پاشان بە فەقێیەتی بۆ خوێندن ڕوودەکاتە مەهابادو لەوێ جێگیر دەبێت.

**گۆڤاری (هیوا)، بلاّوکراوەی ئەنیستۆنی کوردلەباریس، ژمارە(٥)، ١٩٨٦.**

## شاعیری ناوداری کورد هێمن ١٩٢١/٥/٥-١٩٨٦/٤/١٧

### کەریم حیسامی

ڕۆژی حەڤدەی ئەوریلی ١٩٨٦ دڵی شاعیری ناوداری کورد، شاعیری گەل، شاعیری ئـەڤین و جوانی، شاعیری شۆڕش وان و شاعیری نەبەزو نیشتیمانپەروەر سـەید محەمـەد ئـەمینی شیخ الاسلامی (هێمن) لـە لێـدان کـەوت ومالْئـاوایی لەگـەلْی کـوردو لـە شـیعرو ئـەدەب و فەرهەنگی کوردو لە چیاو کەژو دەشت و دەرو گولْ و گولْزاری کوردسـتان کـردو بـەجێی هێشت. هێمن هەر وەك بەشی زۆری ژیانی لە دەربـەدەری و دووره ولاّتـیو لێقەوماویـدا ڕابوارد، هەر ئاواش لەدەربەدەری دا مرد، دوور لـە گونـدەکـەی، دوور لەشـاره جوانەکـەی مـەهاباد کـە بـە قیبلـەی دلْـدارانی نـاو دەبـرد، دوور لەبـەزم و خۆشـی ومـەجلیسو میوانـداری کـوردەواری دا مـرد ، بـەلاّم خـەلْکی بەشـەرەفی کوردسـتان تـەرمی شـاعیری نیشـتیمانپەروەریان بـێ نـاز نـەکرد، تەرمەکـەیان هێنـاوە مـەهابادو لـە گۆڕسـتانی بـداغ سـولتان، لـەنێو کـۆڕی شـەهیدانی کوردسـتان کـە (گەرمـە شـینی) بـۆ دەگێـڕان و بۆیـان دەگریا. (بۆ هەموو پـیرو جـوانێکی لەسـەر کوردسـتان - چـوونە بـن داریْ بـەبیْ وەی کـە بشلوێن دەگریم) بەڕێزەوە بە خاکیان سپارد. لـە ورمـێ، لـە بۆکـان، لـە سـنە، لـە سـەقز، لەتاران مەجلیسی سەرخۆشی و پرسەیان بۆ دانا، هـێمن شـیعرو ئـەدەبی کـوردی بـەجێ هێشت، بـەلاّم بێگومـان شـاعیرو نووسـەرو ئـەدەب دۆسـتانی کـورد یـادی هـێمن هەمیشـە زیندوو ڕادەگرن و لەبیری ناکەن. هێمن یەکێك لـەو شـاعیره هەلْکـەوتوو و بەناوبانگـەی کوردستان بوو لەسەرەتای چلەکانەوە، واتە لەهەڕەتی لاویـی و لەسـەرەتای سـەرهەلْدانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لەکوردستانی ئێران، هاتە مەیدانی سیاسی ومەیدانی شـیعرو ئەدەب و لەو مەیدانەدا تا مردن لەسـەر بیروبـاوەری نیشـتیمانپەروەری و هانـدانی لاوان بۆ مەیدانی خەبات، ئەسپی لینگ داو لەباری هونەری شعریشەوە خۆی گەیاندە لوتکـەی شیعرو ئەدەب، گۆی لەمەیدانی هونەریشدا بـردەوە، هـێمن وەك بولبـولێکی سـەرگەرم و خولیـای بەسـتەی بەسـۆزو شـیعری شۆرشـوانی بـۆ نەتـەوەی زۆرلێکـراوی کـوردو بـۆ کوردسـتانی جـوانو پێشـێلْکراو ، بـۆ خـەباتی نەتەوایـەتی و سروشـت و جـوانی و ژن و ئەڤین و بۆ ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیی و بۆ هێلانەی شێواو تیکدراوی میللـەتی کـورد خوێندوویەو هۆندوویەتیەوە. هێمن هەرچەندە کوڕە ئاغایـەکی دەسـت ڕۆیشـتوو بـوو ،

بەلآم تێکەڵ بوون بەسیاسەت و هەستی نیشتیمانپەروەری لەچینی خۆی جیاکردەوەو تەنانـەت هێنـدێ جار بەگژ شێخ وئاغاو دەرەبـەگانیش دا هات و پـێ بـەپێی قۆنـاخی خەبات هاتە پێش و لە واقیعی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری هەوێنی شیعرەکانی وەرگرت، هێمن لەسەرەتای خەباتی سیاسی و لەو دەمەوە کە پێی نا مەیدانی شیعر ئـیتر بریاری دا نەبەزێ، سەر بۆ بێگانە شۆڕ نـەکاو لـە (زنجیرو تـەناف) نەسڵەمێتەوەو (لـەت لـەتی بکەن هەرکوردبێ) و بەکوردی بژی.

گـــــەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمـــــن

قـــــەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم ، مەردم ئەمـــــن

ئـــــــاشقی چـــــاوی کەژال وگەردنی پـــــڕ خـاڵ نیـــــم

ئـــــــاشقی کێوو تـــــــەلان و بەندەن و بەردم ئەمـــــن

گـــــــەر لەبـــــرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم

نـــــۆکەری بێگانە ناکەم تا لـــــــــەسەر هەردم ئـــــەمن

مـــــن لــــــەزنجیرو تـــــەناف و دارو بەرد بــــــاکم نییە

لـــەت لەتم کەن بمکوژن ، هێشتـــا دەڵێم کوردم ئـــــەمن

ئەوانە شیعری هێمن و لەبەرهەمی هەست وهۆش وبیری ئەم شاعیرە مەزنـەن ، بـەلآم ماوەی چڵ ساڵە، بوون بەویردی زمانی شۆڕشگێڕانی کـوردو هـەزاران منـاڵی قوتابخانـەو لاوی سەرگەرم ئەم شیعرەیان کردۆتە رەمزی نیشتیمانپەروەری و ڕاهاتن بە تێکۆشـان و بەربەرەکانی دژی زۆر دارو داگیرکەران ،

لە(شەنگە بێری) دا دەڵـــێ:

جـــــــیابونەوەت دەردە، بەلآم تۆش دەزانی تـــامی نییە

ژوان و شـــــــــەو ڕاوی دڵداری و ڕازو نیازی بـــــــەدیلی

بـەڵێ هـێمن هەسـتی نیشـتیمانپەروەری هێنـدە بـەرزبوو کـە لەهـەموو هەلومەرجێکـدا نیشتیمانەکەی لەبیر نەدەچووەوە:

لـــــــــەکوێستانێ دەمی ڕاوو شکـــاری

لــــــە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لەکاری

لـــــــەجێ ژوانی کە دەگوشم مەمکی یاری

ئـــــــــەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

هێمن ولاَت وگەلی خۆی باش ناسیوەو زۆردارو مسکێنی لێك کردۆتەوەو لە مەیدانی خەباتی نێوان چەوسێنەرو چەوساوەدا لانی زەحمەتکێشانی گرتووەو دەرەبەگ و چەوسێنەری کوردی کوتاوە:

بـــــەشەو تـــا ڕۆژ دەکەن تـــەگبیر

چ مـــــڵکێکـــی بـــــکەن داگـــــیر

چ دامـــــاوێك بـــــکەن یـــــەخسیر

ئـــــــەمـــــن دەیڵێم وبـــــێ باکم

*      *      *

ئـــــــەوەی ئـــــاغایە بێکـــــارە

جـــــەبوون وقـــــەڵس ولاســـــارە

دزی وڕێ گـــــــــرتنی کـــــــارە

ئـــــــــەمن دەیڵێم وبـــــێ باکم

هێمن لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا باکی لەکەس نەبووەو بێ پەروا واقیعی ژیانی کوردەواری خستۆتە روو ، لە بەهاری لادێ دا زۆر بەجوانی وەرزێرو زەحمەتکێشی گوندی نیشان دەداو دەڵێ:

هەموویان توندو تۆڵ و گورج وگۆڵ وچوست و چالاَکن

هەموویان بێ فڕوفێڵ و بەکارو سادەو پاکن

لەلاَدێ دا خەراپ زۆر کەم دەبینی نێرو مێ چاکن

نەئالۆدە بەئالکول ونەفێری بەنگ وتریاکن

دەبێ بێ دەرسی ئەخلاق لێرە بخوێنێ کوڕێژکەی شار

*      *      *

دەکێشن زەحمەت و ناخۆن وەکو وان نانی خۆڕایی

دەکەن کارو دەرێژن ئارەق و ناژین بـــــەڕسوایی

لەسەریان دا نییە پۆز وئیفادە و فیزی ئاغایی

لەسایەی زەحمەت ورەنج و لەسایەی کارو ئازایی

بەسەر بەرزی دەژین بۆکۆمەڵ وگەل نابنە سەربار

هـێمن تەماشـای کۆمــەڵی کـوردەواری دەکـاو دەبینــێ نیـوێکی کۆمەڵەکـەی ژنــن ولـە تێکۆشان‌و خەباتی سیاسی دوورن ولەنێو ماڵێ دا دیل و کۆیلـەی داب و رەسمـی ناحـەزی عاشیرەتی و لـەماف و زانسـتی ژیـانی سـەردەم بـێ بـەهرەن ، بۆیـە لەبەسـتەی (یادگـاری شیرین) دا بانگی کچی کورد دەکاو دەڵێ:

دارزینـــــــە.. مردنە ئاخر هەتا کەی پێت بـــــــڵێن

نــــابێ بێیتە دەر لـــــەماڵ ، مافی ژیانی کوا ؟ ژنە

لادە چــــــارشێوی رەشت با دەرکەوێ کـــوڵمی گەشت

چــــۆن لەقەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەم رووگرتــنە

با هەزار (زی) و(گادەر) و (لاوێنی) روو نیشتمان هـــەبـێ

تــــاکو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لــــێخـنە

کـــــــۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست

راپـەڕە، هـــەستە لەخەو، ئاخر چ وەختی خەوتـــــنە

هـێمن دوای رووخـانی کۆمـاری دیمـۆکراتی کوردسـتان، لەبەسـتەی (رۆژگـاری رەش) دا وەزعی کوردو کوردستان دەکاتە تابلۆیەکی زیندوو ونیشانی دەدا:

| | |
|---|---|
| داخـــــرا دەرکی رۆژنامــــە | شکـــاون نووکی خامـــــە |
| کـــــوردی نووسین حەرامــــــە | دوژمـــــن دەڵێ بێ تامـــە |

* * *

| | |
|---|---|
| دڕان کــــــاغەزو دەفتـــــەر | گـــیران شاعیرو نووســــەر |
| کـــــــۆمەڵێک بوون دەربەدەر | کـــۆمەڵێکیش دەس بەسەر |

هێمن لە هەموو هەلومەرجێکی نالەبارو ناخۆش دا ، ورەی بەرنـەداوەو هەمیشە بـڕوای بەخەبات و سەرکەوتن توند بووەو لەشیعری جۆر بەجۆردا ئەم بڕوایەی دەربڕیوە:

رۆژ بەرۆژ قایم ترە، مەحکەم ترە، بڕوایەکـەی

دەم بەدەم چاکتر دەبێ، باشتردەبێ، ئاکاری کورد

بێ وچان دەڕواتە پێش و ڕێگا دەبڕێ بۆ هــــەدەف

زور لەسالان روونترە ئەوساڵەکە ئەفکـــــاری کورد

ئەگەر وابێ، ئـەو شـینەی هـێمن بـۆ گـۆرانی گێـڕاوە ، بـۆ هـێمن خـۆی بگێـڕن و وێنـەی لەشیعرەکانی (شینی گۆران) لەبارەی خۆی بگێڕینەوە دەبێ بڵێین:

**شـــاعیریک بوو بەنرخ و بێ وێنـە        بیری ڕۆشن بوو، چـــەشنی ئاوێنە**

**تاکی کەم بوو لەجوان پـــەرستی دا        وەکـــو سێو بوو وشە لـــــەدەستی دا**

**هەستی پاک، مێشکی تازە، بیری نوێ        شیعری پر سۆز، قسەی بەتام وخـوێ**

**دڵتەڕو خۆش خـــەیاڵ و نـــاسک بین        بـــــەهونەر ،شارەزا، وشە ڕەنگـــین**

ئـەو سـیفەتانەی کـە هـێمن لـەو شـیعرانەدا بـۆ گـۆرانی دانـاون ، لـە خـودی هێمنـیش دا بەشـکڵی دیکـەو بەشـێوەی  جـۆر بـەجۆر هـەبوون ولـە شیعروهەسـت وقسـەی خـۆش وپەخشانی ڕەوانو بەتام و خوێ دا خۆیان دەنواند.

هێمن لـە کاتێکـدا بەرامبـەر دوژمـن خـۆڕاگرو دڵـڕەق و بـەقین بـوو، هـەر لـەو کاتەشـدا گەلێك بەهەسـت و دڵناسـك بـوو و دەگریـا، بـەلام هـەر وەك دڵڕەقییەکـەی (ڕقـی پـیرۆز بوو):

**دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**

**لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

**دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەلادەکەم دا دێمەوە**

**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە**

گریانەکەشی گریانێکی شۆڕش گێڕانەیـە، گریـانێکی دڵسـۆزانە بـۆ نیشـتیمان، گریـانێکی هاندەرانەو گریانێك بۆ هەژارو زەحمەتکێشانی کوردستان:

**بـــۆ کوڕێکی نەبەزیوی لەسەنگەردا مـــرد**

**نەك بەسەر شۆڕیو بە بێ شەرمی لەسەر نوێن، دەگریم**

**بۆ ولاتێکی بە فرمێسك و بە خوێن دێرابێ**

**من کە سەیرانی دەردو دەشتی دەکەم، خوێن دەگریم**

**تا وەکو مۆڵگەو پێشێلی سوپای دوژمن بێ**

**کێڵگە پڕ پیتەکەم و بەندەنی بژوێن دەگریم**

**تـــا کرێکارو فەلاح، ڕەنجبەرو ڕۆشن بـــیر**

**دەست لەیەك نەگرن و پیاوانە نەبزوێن دەگریم**

**تاكو بۆ تۆڵەیی ئەو ڕۆڵە شەهیدانەیی کورد**

**خەنجەری ڕۆڵەیی ئازا هەموو نەسوێن دەگریم**

**تا بەداسی دەسی ئەو پاڵە بەکارەی کوردی**

**دڕك وداڵی سەرەڕێ گشتی نەدروێن دەگریم**

هێمن هەرچەندە بەتەواوی ڕێبازی کلاسیکی لە شیعری کوردی دا بەرنەدابوو، بەلام شێوە کلاسیکییەکەی لەگەل هونەری تازەو شێوەی نوێ تێکەڵ کردووەو ڕیئالیزمی کردۆتە ڕیبازی بیرو شیعرە جوانەکانی، کەم کەس هەبووە لە شیعردا وەکو هێمن خۆ لەخەیاڵ ڕزگار بکاو بێتە سەر واقعیەت و ڕووکاری ڕاستەقینەی کۆمەڵی خۆی لە گەڵ جوانی سروشت کاراکترو خاسێتەکانی تاکی کۆمەڵ نیشان بدا:

| | |
|---|---|
| **پێش ئەوەی گزنگی هەتـــاو** | **ترووپکی چیا بنگێـوێ** |
| **پێش ئەوەی شنەی بەیـــانی** | **بسکی بەڕەزا ببزێـــوێ** |
| **پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو** | **لە زەردوما دەنگ داتـەوە** |
| **پێش ئەوەی شەمی سەرچاکـی** | **ئاخر فرمێسکی هەڵوەری** |
| **پێش ئەوەی شەوگەری دڵتـــەڕ** | **وەڕەز بێ لە ماڵەو مـــاڵان** |
| **پێش ئەوەی بێری شل ومـــــل** | **چاوی خەواڵوو هـــەڵ بێنێ** |
| **پێش ئەوەی شوان مەڕی شەوێن** | **وەگیرێ ، بـــەردا دەس بێنێ** |
| **پێش ئەوەی پۆلی نـــەشمیلان** | **شل شل داگەڕێن بۆکـــــانی** |
| **پێش ئەوەی سەر کـــانی ودەراو** | **ژاوەی بێ لەپەری جوانـــی** |
| **پێش ئەوەی حاجی سەلەم خۆر** | **هەژارێك هەڵنێ بە تەمـــال** |
| **پێش ئەوەی دەروێشی چـــڵکن** | **پەنجەی خەلیفەی گوشی بێ** |
| **پێش ئەوەی گزیری بـــەدفەر** | **لەدیوە خان پاروو بــــادا** |

هێمن هەر لەم تابلۆیە دا دێتە سەر ڕەنج و تێکۆشانی جوتیارو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **گـــەر جوتیار ئارەق نـــەڕێژێ** | **گەر هەتاو تیشك ناوێژێ** |
| **دانیشتووی ناو کۆشك وقـەلاَ** | **دەخـــۆن نانی گـــەلاَ گـــەلاَ؟** |

پاش ئەوەی بەجوانی باسی (دانیشتووی ناو کۆشك وقەلاَ) دەکاو نیشانی دەدا کە مفتـە خۆری ورگ زل هەر دانیشتووەو قەت هیچی نەکردووە:

نــه قەت ئارەقی سڕیــوە　　نەقەت گەوزی هەڵبڕیوە
نــــە بەگەرما داهێــزاوە　　نەخەوی لــەچاوی زاوە

ڕێبازی گەلیش دیاری دەکاو دەڵێ:

ڕێبازی شۆڕش بەرنـــادەم　　ڕێگا بەداگیرکەر نادەم
لەشان و باهۆی خۆم دادی　　هەڵگرم ئاڵای ئـازادی

نەك هەر ئەوە ، هێمن لە چەند تابلۆیەکی دیکەیدا بە زمانێکی دەوڵەمەند وپاراو ، بە قەڵەمێکی سیحراوی، بەهونەرێکی بەرز، دیمەنە جوانەکانی کوردستان و ژیان و خەباتی کۆمەڵانی کوردەواریمان نیشان دەدا، پەخشانەکانی هێمن گەشتۆتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی و لەئەدەبی پێگەیشتووی گەلانی دیکە نامێنێتەوەوکورد دەتوانێ شانازییان پێوە بکا.

ژیان وخەباتی هێمن لە وتاریك ودوو وتاردا بە تەواوی ڕوون ناکرێتەوەو پێویستییان بە لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینێکی فرە هەراو هەیە، ژیانی ئەوشاعیرە مەزنە پڕ بووە لە دەردو داخ و برسێتی و دەربەدەری وناتەواوی:

هــــــونەرمەندو ژیانی خۆش مەحـــــاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ، ژینی تـــاڵـــە
منیش چونکە بڕێك خاوەن هونەر بـــــووم
هــەمیشە ڕەنجەڕۆ بووم دەر بــــەدەر بــووم
هەزار گۆوەندو سەد پەندم بەســـــــەرهات
لــــە ئامێزم نەگرتووە بــــــــووکی ئاوات

بەڕاستی ئەمـە بـوو ژیـانی شـاعیرێکی وەك هـێمن لـە کـوردەواری دا ، ڕەنگـە هـەر لـە نێوکوردیش دا شاعیری مەزن و هونەرمەنـدی هەڵکەوتووهـەر ئەمـە ژیانیـان بێ لـەژێر دەستی دوژمن ودۆستی نەزان دا، تووشی هەژاری وچارە ڕەشی و بەندو ئـازار بـن، بـەڵام لەسەر ئەو حاڵەشەوە هێمن وەعدو بەڵێنی خۆی بردە سەر:

هـــــەتا دوژمن نەگەوزێنی دەخـــــوێنــم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هــــــەر دەخوێنم

بەڵێ هێمن هەتا دوا هەناسەی ژیان بۆ گەلی خۆی خوێندی، نووسی و هەدای نەداو قەڵەمی لە دەست نەکەوت، بەلاّم حەیفێك و سەد مخابن:

ڕۆیی بێ وەی گەلی بگا بە مـــــراد
ڕۆیی بێ وەی ببینێ کــــــورد ئازاد
ڕۆیی ئاواتی بردە بن گـــــــڵی ڕەش
ڕۆیی کورد ماوە بێ کەس وبــــێ بەش
چەند هونەرمەندو شاعیرن مـــــــردن
(داخەکەم کوردی ئێمە هـــەر کوردن)

گۆڤاری پەیڤ، ژمارە(٢)، لە لەندەن - ١٩٨٦.

باسی ئەدەبی:

# شـــــــــــیعری هێمن

## خالید ئەحمەد شەریف

کە دەڵێن "هێمن" مەبەست "شیعری هێمن"ە چونکو گومانی تێدا نییە ئێمە هێمن وەك "شاعیرێك" دەناسین کە گوتیشمان "شیعری هێمن" خود بە خود شیعری کوردی دێتە گۆڕ،جا بۆیە بۆ تێگەیشتنی دروستو زانستییانەی شیعری هێمن ناچار دەبین بەرکولێك لە شیعری کوردیو ئەو قۆناغانەی (لە کۆنو نوێدا) بڕیویەتی بکەین، تا بەڵکو بتوانین لە گەشەو گۆڕانی شیعری نوێی کوردیدا جێی هێمن وەك شاعیرێكو شیعری هێمن وەك داهێنانێكو بەرهەمێك لە خەرمانی شیعری کوردی بنەخشێنین.

دەتوانین بەرکوتی گەشەو نەشەی شیعری کوردی لە کۆنو نوێدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

ئەگەرچی باباتاهیری عوریانو خانیو مەلای جزیری بەمەودای زەمانی گەلێك پێشترن، بەڵام بەوەی کە لەهجەو دیالێکتەکانیان شێوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەمڕۆیان نییە. بۆیە لەلایەنی لێکۆڵینەوەی شیعریو گەشەی شیعری کوردییەوە ناتوانین بە پێوەرێکی گشتیو هەمەلایەنە، هەڵیان سەنگێنین.

سێ کوچکەی بابان (نالیو سالمو کوردی) وەك بنیاتنەرانی ڕێبازی کلاسیکی شیعری کوردی دەناسرێن. دەتوانین سیمای پوختو لایەنە ئاشکراکانی ئەم ڕیبازانەش بەم لایەنانە بناسینەوە:

١. دەکارهێنانی کێشی عەرووز.

٢. بایەخدان بە بەلاغەتو ئارایشیو واژەو جیناسو بەشەکانی دیکەی ڕەوانبێژی.

٣. سوود وەرگرتنی زیادە لە پێویست لە "مانای زەینی" بۆ دارشتنی نێوەڕۆك.

٤. نەبوونی یەکەتی بابەتو پشت بەستن بە مانای تاکە شیعر.

٥. بەکارهێنانی زۆری وشەی بێگانە بە تایبەت عەرەبیو فارسیو تا ڕادەیەکیش تورکی.

دیارە ئەوانەی گوتمان بەو مانایە نییە کە داغی دواکەوتن لەنێو چاوانی شیعری شیعری کلاسیکی کوردی بدەین.

**شیعری رۆمانتیك:**

پاش بە دەسەڵات بوونی ئیستیکباری جیهانی (سەرمایەداری جیهانی)و باڵ کێشانی بەسەر زۆربەی گەلانی جیهاندا بزووتنەوەیەکی نوێخوازی پەرەی گرتو بەتایبەت پاش جوولانەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێرانو تورکیادا, میللەتی کوردیش کەوتە بەر تەوژمی نوێخوازیو تازەبوونەوەو سەردەمێکی نوێی ڕۆشنبیری لە شیعروی فەرهەنگو ئەدەبی کوردیدا لە دایك بوو.

وەك مامۆستای نەمر گۆران دەڵێ: ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٣٥، سەردەمی تازەبوونەوەی شیعری ناوچەی سلێمانییە. ئەو شەپۆلە بەهۆی تێکۆشانی شاعیری نەمر شێخ نووری شێخ ساڵحو ڕەشید نەجیبو خودی گۆران لەژێر کارتێکردنی شێوازی ئەدەبی نوێی تورکی پەرەی سەند. ڕووداوە مێژووییەکانی وڵاتی کوردەواریش وەك بزووتنەوەی شێخ مەحموودی نەمر لە دژی ئیستعماری ئینگلیزو دەیان ڕووداوی دیکەی تەوژمی ئەم شەپۆلە نوێخوازییەیان بەهێزترکرد. لەمەودوا بەگژداچوونێکی تەلیسمی شیعری کلاسیکی کوردی دەبینرێو لە هەموو لایەکەوە بانگەواز بۆ ژیانێکی نوێ جاڕ دەدرێ. ئەوەتا ئەحمەد موختار بەگ دەڵێ:

**شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زولفو چاو بکەن**

**کەم بەیانی پەرچەمو کاکۆڵی ئاڵوزاو بکەن**

**لایدەن کەم باسی سونبول یا گوڵی لاولاو بکەن**

**ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**

دەیان نموونەی دیکە لە ناڵەی دەروونی شاعیرانی تازەی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەمان بەڵگەیەکی ڕوونی تازەبوونەوەو بەخۆداهاتنی شیعری کوردییە بەمەبەستی بەرەو پێشخستنی ژیانێکی تازەو لێرەدا شیعر دەبێتە ئامرازی خەبات لە نوێکردنەوەی خۆیداو جووڵاندنەوەی بیرومژی خەڵك. بۆیە لامان ڕاستر وایە قۆناغی شیعری ڕۆمانتیك کە لە ئەدەبی جیهاندا دوو پلەی کۆنەپەرستیو پێشکەوتنخوازی پێدراوە لە ئەدەبی کوردیدا بەپێی ناوەڕۆکی گەشو نوێ ناوی قۆناغی ڕۆشنبیری پێبدرێ. سیمای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا بە کورتی بەم چەشنە نیشان دەدرێ:

١. لاوازی کێشو قافیە.

٢. خۆدزینەوە لە کێشی عەرووز.

٣. دەكارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردیو زاراوەو ڕستەی ئاودارو دنەدەرو هاندەر.
٤. نێوەڕۆکێکی نەتەوەیی زۆرو زەوەند.
٥. عەینی بوونی مەبەستو باسکردن لە ژیانی ڕۆژانەو سەردەم.
٦. هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی سادەبوونو ڕەوانی ماناو خۆدزینەوە لە بەلاغەتو وشەکاری.
٧. یەکێتی بابەت. خۆدزینەوە لە باسی زولفی ئالۆزو چاوی ڕەشو کوڵمی گەشو برۆی پەیوەستو....

قۆناغی ڕۆمانتیك بەپێی باری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە تەمەنێکی کورتی بوو ڕووپەڕی ئەم ڕێبازە بە هاتنە گۆڕی شیعری نوێی کوردی هەڵدراوەو مەیدان بۆ جوڵانەوەی شیعری نوێ بەجێما، بەڵام مامۆستا گۆران گوتەنی ئەم قۆناغە کەم تەمەنە "قووەتێکی موئەسیری" بە شیعری کوردی بەخشی.

ڕەوتی ڕۆمانتیکی ئەو سەردەمە پڕە لە ڕەخنەو ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە ژیانی نالەبارو دواکەتوانەی کوردەواریو سەرکردەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییە کوردەکان. بۆیە هەندێ کەس شیعری ئەو سەردەمە بە تایبەت دوای مردنی مەحویو شێخ ڕەزا بە ڕیالیزمێکی ڕەخنەگرانە ناو دەبەنو بڕوایان بە قۆناغی ڕۆمانتیك لە شیعری کوردی ئەم چەرخەدا نییە.

بێگومان ژیانی نوێ، پەیوەندی نوێو بیروبڕوای نوێو بەم پێیەش، شیعری نوێی پێدەوێ کە مامۆستا گۆران ئەم ئەرکە مێژووییەی لە شیعری کوردیدا بە ئەنجام گەیاند. لێرەشدا دەتوانین بە دەست نیشانکردنی چەند خاڵێك سیمای شیعری کوردی ڕوونتر بکەینەوە.

١. سەرنج ڕاکێشترین سیمای شیعر لە قۆناغی نوێدا عەینی بوونە.
٢. دەکارهێنانی کێشی خۆماڵی ڕەسەن - جووت قافیەو کێشی پەنجە کە بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ شیعری فۆلکلۆریو هەورامی.
٣. دەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی. هێنانە گۆڕی مۆسیقاو ئاوازی وشەی کوردیو باسی جوانییە سروشتییەکانی وڵات (گۆران - کۆمەڵە شاخێك بەرزو گەردەن گەش ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش).
٤. ژن وەك مرۆیەکی هاوشانو هاوبەش لە ژیاندا دەناسرێ.

دەبێ بەو پەڕی شانازییەوە بڵێین کە ئەدەبەکەمان سەرەڕای تەمەنی کورتی لە چاو ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەی جیهان هەنگاوی بەرزی بۆ پێشەوە ناوەو بۆتە ئەدەبێکی بەهێزی بەرەوپێش "دینامیك".

مەبەست لەم سەرەتایە چوونە نێو دنیای شیعرو شاعیری هێمن بوو. بێگومان دەروازەیەك پێویستەو ئەم دەروازەیەش خود بەخود هەمان ڕەوتی شیعری کوردییە کە بە کورتی باسمان کرد. جا ئێستاش بە پێی تواناو بیری لاوازی خۆمان پێ مەلەیەك لە کەنارەکانی دەریای قووڵی "شیعری هێمن" دەکەین بەو هیوایە کە مێوژێك لە کەویژێك بێ‌و قەترە لە دەریایەك.

سەرەتای شیعری هێمن: خەباتو ڕاپەڕینی نەتەوەکەمان لە دژی ڕژێمی ستەمکاری ڕەزاشاو حەمەڕەزای کوڕی بناغەو بنچینەی شیعری هێمن پێکدێنێ. دەبەرچاو گرتنی حاڵی لێقەوماوان‌و زۆرلێکراوان‌و دیفاع لە مافی گەل‌و کۆمەڵی چەوساوەی کورد دەبێتە هۆی ئەوە کە بڵێین شیعری هێمن ڕیالیزمێکی شۆڕشگێڕانەو ڕەخنەگرانەیە بۆیە ڕیالیستییە کە باسی ڕووداوە راستەقینەکان بەو جۆرەی کە هەن دەکا. لە لایەکیشەوە ڕەخنەگرانەیە چونکو نالەباری دەردو دواکەتوویی باس دەکاو شۆڕشگێڕانەشە چونکو بەگژ نالەباری سەردەمی خۆیدا دەچێ. بۆ نموونە شیعری "خاوەنی زێڕ" چاو لێدەکەین:

**لەبارو قیتو قۆزەخاوەنی زێر**

**ئەگەر کووڕەو ئەگەر گۆجەو شەل‌و گێڕا.**

**بەڵام زێڕت نەبێ سووکی ئەگەر تۆ**

**بدەی دەرسی هەزاری وەك شەکسپیر!**

"پووڵ‌و پارە" لە سەردەمێکدا کە ژیانی مەعنەوی مرۆبوونی خۆی لە دەستدا بێ هەموو شتێکە، پوولدار قیتو قۆزە، بەژنی شووش‌و باریکە. ئەگەر زێرت نەبێ ئیسك گرانی. بەڵێ ئەگەر زێڕت نەبێ‌و دەرسی هەزاری وەکو شەکسپێر بدەی بێ سوودەو هێشتا هەر سووك‌و بێ بایەخە.

هێمن لە بەگژداچوونی ئیمپریالیزمدا ڕاناوەستێ‌و دەڵێ بۆ ئەم دنیا خۆرانە تەنیا گەڕانی سەرمایە مەبەستەو ئەوی بایەخێکی نەبێ ئینسان‌و ئینسانەتییە.

**سەرمایەی وان لە گەڕدابێ**

**با زۆر دەرك بە قۆر گیرێ**

**دۆلار لە برەو نەکەوێ**

**با کۆڵەوار بێ داپیرێ**

هەر وەك ئیشارەمان پێکرد خەبات دژی ڕژێمی شاو دارو دەستەکەی هەمیشە زەمینەیەکی پانو بەرین بوو بۆ شیعری هێمن وەك لە "دەبرۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ" و گەلێك شیعری دیکەی تاریكو ڕوون) دەبینرێ. شان بەشانیش باسی ئەو بارودۆخە نالەبارو نائاساییو کوشتو بڕو ماڵ وێرانییە دەکا کە نەتەوەی کورد پێیدا تێپەڕیوەو لە سەردەمی پادشایەتییدا گوزەراندویەتی.

هیچ کات هێمن نەژادێکی لە نەژادێکی دیکە بەرزتر دانەناوەو هەرگیز شای بە نوێنەری ڕاستی نەتەوەی فارس نەناسیوە، تەنانەت ڕاکردنی شای بە سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئێران زانیوە بە هەموو نەتەوەکانییەوە.

هێمن نیشتمانی خۆی لە قووڵایی دڵەوە خۆشدەوێو لەپێناو ڕزگاریدا هەوڵ دەدا:

**وەتەن گیانو سەروماڵم فیدای تۆ**

**وەگیانی من کەوێ دەردو بەڵای تۆ**

**لە پێناوت دەنێم سەر تا بزانی**

**منم ڕۆڵێکی ئازاو با وەفای تۆ**

بنەمای ئەم خۆشەویستییە ئەو بابەتە مەوزووعییانەن کە سیمای سروشتو ژیانی پاکی لادێ نشینیو کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە.

جوانی سروشتو دابو نەریتو ژن هەمیشە تابلۆیەك بوون کە لەبەرچاوی شاعیردا نە کاڵ بوونەوەو نەپەردەی نیسیان بەسەریاندا دەدرا. ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەنجبەرو جوتیار جێگایەکی گەورەیان لە شیعری هێمندا پێدراوە. دەربارەی جووتیارو ڕەنجبەری کورد دەڵێ:

**بەهارە کاتی کارە، خۆشەویستم بۆچی بێم بۆ شار**

**ئەگەر من بێمە شاری کێ وەئەستۆ بگرێ کاروبار**

**لە سایەی زەحمەتو ڕەنجو لە سایەی کارو ئازایی**

**بەسەربەرزی دەژین بۆ کۆمەڵو گەل تا نەبن سەربار**

لێرەدا دەتوانین مەسەلەیەکی زەقی شیعری هێمن وەك پەنابردنە بەر لادێو ژیانی سادەو ساکارو بێ ئارایشی لادێو گفتوگۆ لەگەڵ تەبیعەتو پێهەڵگوتن بە کەژو چیاو فەسڵو گوڵو گیای چیاکان باس بکەین کە شوێنی ڕۆمانیسمی تێدا بەدی دەکرێ وەك شیعری "ئەمەکی گوڵان" کە دەڵێ:

**بە وەنەوشەی گوت  مێلاقە جارێك**

**ئەتۆ کە پەلکت وا سوورو گەشە**

**دەروونت بۆچی خەڵووزی ڕەشە؟**

یاخود:

**چ خۆشە کارو کووڕی مەڕ چ خۆشە پڕمەیی کەحلان**

**چ خۆشە فیتەفیتی شوان چ خۆشە ئۆحەیی گاوان**

دیسان دووپاتکردنەوەی وشەی تەئکیدو بەکارهێنانی وەزنی فۆلکلۆرو درێژی شیعرەکان بە دوور لە زمانێکی حەماسی وامان لێدەکا کە بڵێین هێمن ماوەی تەمەنی شیعری خۆیدا پەنجەی لەگەڵ سەبکی ڕۆمانتیکدا نەرم کردووەو توانیویەتی وەك شۆڕە سوارێك ئەسپی خۆی لینگ بدا.

هێمن لەم کارەدا ئەگەرچی سەبکی گۆرانو ناسکی بیروخەیاڵی سۆفیانەی شیعری فارسی بەخۆیەوە گرتووە بەجێیە لێرەدا پەنجە بۆ بەراوردکردنی شیعری شەنگەبێری کە وێنەیەکی خۆماڵی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوارییە راکێشین. بەڵام سەربەخۆیی شیعری خۆی پاراستووە. شیعری ژێرەوەی هێمن:

**کە ئێواران کەزیت دەکردن سێ بەنگیو چاوت دەڕشت**

**بەو کەزیو چاوە نەرمانە بێ رەحمانە شوانت دەکوشت**

**شەنگە بیزا بە سەماوە سوژدەی دەربردە بەر بەژنت**

وەبیر هێنەرەوەی ئەو شیعرەی گۆرانە کە دەڵێ:

**کاتێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ**

**ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵمو خەتو خاڵ**

لە شیعری "تاڵەی جودایی"دا سیمای شیعری سۆفیانەی فارسی بە تایبەتی شیعری مەولانا بەدی دەکرێ وەك دەڵێ:

**گوێم دەیە ئەی دیدەمەستی قیتو قۆز**

**تا بناڵێنم وەکو بلوێر بە سۆز**

**گەرچی ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**

**شیوەنێکم پێیە نەی نەی کردووە.**

**گۆڤاری سروە، ژ١٥، ل ١١- ١٤.**

# هێمن لەگوڵزاری ئەدەبی کوردیدا

**نوری عەلی ئەمین**

سروشـتی کوردسـتان جـوانی دیمـەنی چـیاو ڕووبارەکـانو کێڵگـەکان و خـوڕەی ئـاوی تاڤگـەکانو قاسـپەی کـەوی نێـو نزارەکـان و جریوەجریـوی مەلـەکان و باڵنـدەکان، دڵ و دەروون و مێشکی مرۆڤـی کـورد دەهـەژێنێ بـۆ بەرهـەمی بـەنرخ و نایـاب .. لـەپاڵ ئـەم سروشتە جوانەش دا، نەبوونیو کوێرەوەری وداماوی و زوڵم و زۆری دوژمنـان ئاوڕیشـی بووەو نەیانهێشتووە لـەکۆنو نـوێ دا بـەپێی پێویسـت بـاڵا بکات و لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـــدا گەشەبســـێنێ. هەمیشــە لەلایـــەن ڕەگەزپەرســـتەکان حـــل خوارەکانـــەوە چەوسێنراوەتەوەو سەرکوت کراوە، بەڵام کۆڵی نەداوەو بەڕوویاندا هـەڵ چۆتەوە چۆکی بۆ دانەنواندوون. ئەم بارەنالەبارەو دیمەنە جوانـەکانی، بوونەتـە مایـەی ئـەوە وێـژدانی مرۆڤـی کـورد ببـزوێ و بەچـەندان هەسـتیاری نەبـەزو کەڵەشـاعیر بهێنێتـە مەیـدانی تێکۆشان و بەرهەمی جوان، وەك شاعیری نەمر.. ئەحمـەدی خـانی و مـەلای جـەزیری و نالی و سالم و کوردی و پیرەمێـردو زێـوەرو ئەحمـەدموختارو مـەحوی و گۆران وحسـیب قەرەداخی و دڵزارو عەلی کەمال باپیرو بێکەسو قـانع و مینـە چـان و چـەندانی دیکـەی وەك ئـەم کەڵـە شـاعیرانە، کـە سـنگی خۆیـان لـەپێناوی گـەل و نیشـتیماندا،کردووە بـە قـەڵغان لـەڕووی دوژمنـان و ناحـەزانی کـورددا، هـەروەها نووسـەری بـەناوبانگی تێـدا هەڵکـەوتووە، کـە توانیویانـە، بـەبیرو هـۆش و پێنووسـەکەی خۆیـان، بـەڕووی دوژمنـدا بێنـەوەو بڵێسـەی حـەق و داسـتانی پـڕ ئـازایی و بـوێری و کەڵـەمێردی بـۆ گەڵەکـەیان تۆماربکەن و ئاگر بەر بدەنە نێو جەرگی ڕەگەزپەرستەکان و خوێن خۆرەکانی کورد .. ئــەوا لێــرەدا نــاوی یــەکێ لەکەڵــە شــاعیرەکانی کوردســتانی ئێــران (هــێمن) بەوێنــە دەهێنینەوە..

**هێمن:**

هێمن .. شاعیری گـەلێکی سـتەم دیـدەو چەوسـاوە بـووە، لەکوردسـتانی ئێـران و لەسـاڵی (١٩٢١) لەگوندی (لاچینی) سەر بە سابلاخ (مەهاباد) لەدایکبووە. چاوی لەژینگەیەکی پڕ لـەکوێرەوەری و ڕاو ڕاوێـن و دەربەدەریـدا هـەڵهێناوە.. وەك خـۆی دەڵـێ لەژیانیـدا، زۆر ڕۆژی ڕەشو تـاڵو ڕەنجـەڕۆیی دیـوە ،گەلەکەشـی بـەداماوی و کەساسـی بەدەسـت شـای

ئێـران و کۆنـە پەرسـت و ڕەگـەز خوازەکانـەوە دەی نالآنـد.. سـۆزی دەروونـی دەجـولاو بەپێنووسەکەی هەرچی لەدڵی داهەبوو، هەڵیدەڕشت و دەیگوت:

**گەرچی تووشی ڕەنجەرۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**

**قەد لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم،مەردم ئـەمن**

**ئاشقی چـــاوی کەژاڵ وگەردنی پــــڕخـــاڵ نیـم**

**ئاشقی کـــێوو تـــەلان و بەنـــدەن وبـەردەم ئەمن**

**گەر لـەبرسان و لەبەر بێ بـــەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**

**نۆکەری بێگانـــە ناکـــەم، تـــا لەسەرهەردم ئـــەمن**

**من لـــەزنجیرو تـــەناف ودارو بـــەند بـــاکم نـییە**

**لـــەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

**خێزانەکەی هێمن:**

هێمن کوڕی سەید حەسەنی شێخ الاسلامی موکرییە، وەك خۆی دەڵێ: باوکی لەمێژووەوە هاتۆتە سـابلاخ ولـەوێ بنەماڵەیـەکی گـەورەی دامەزرانـدووە. دایکیشـی نـاوی زەینـەب و کچی شێخی بورهان بوو، کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن.

هێمن دەڵێ: دایکم زۆر لێم بەگڵەیی بوو، هەموو جارێکیش دەی دایەوە بەچاوم داو دەی گـوت: پێـو قـەدەمت ڕەش بـوو، هـەرتۆم کەوتـە زگ، لـەش سـاغیم بەخۆمـەوە نـەدی. کوێرەوەری و پەژارە ڕووی تێ کردین.. مـەمکم دایـە وشـکی. باوکـت سـیپاڵکە شرێکیشـی لەماڵدا نەمابوو، لەشکری شکاك هەڵیان کوتایە سەر سابلاغ.. ئێمەش وەك خـەڵکانی دی سابلاغ هەرچیمان هەبوو، بەتالان برا.. منیش دەم بە پێکەنین، دەمگوتە دایکم. خەمت نەبێ، کە گەورە بووم، پاداشتت دەدەمەوەو دەتحەوێنمەوە ..

بـاوکم: بەشـی خـۆی دەوڵەمەنـد بـوو، هـەم بـەدڵ و دەسـت بـلاو بـوو، چـاکی بـەخێو دەکـردین. پێـنچ خوشـك و دووبـرا بـووین .. زۆر بـەتێری و پۆشـتەییی، دەی ژیـانیین، بەلام بنەماڵەکەمان، لەسەر نەریتی کۆنی باوباپیرمـان دەچـوون بـەرێوەو ڕێیـان نـەدەدا ئاوێتە بەکەڕە کرمانج ببم و لەهەموو خۆشی سەردەمی منـداڵیم بێبـەش بـووم. چـەند حـەزم دەکـرد، ئاوێتـەیان بـبم لەتـەکیانا یـاری بکـەم. بەداخـەوە ڕێـم نـەدەدرا، چـونکە نـــەجیب زادە بـــووم و دەبـــوو، وەك یەخسـیر بچـوومایە دیوەخـانی گـەورە پیــاوان و لەسەرچۆك دابنیشم و فزە لەخۆم ببڕم و هەرچیش هات لەبەری هەڵبسم، بـەلام هـێمن

حـەزی بەسـەربەرزی خـەڵكی و ئاوێتـە بوونیـان كـردووەو حـەزی بـەئازادی كـردووەو هەستی بەجیاوازی چینایەتی كردووەو پڕ بەدڵ دژ بەوجیاوازییە بووەو دەبێژێ:

**خـــــۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بكەم**

**كێ لەڕێی خەڵكا، وەكو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ؟**

**باری ڕۆشنبیری هێمن:**

هێمن دەڵێ: ئـەڵفو بـێم لەخزمـەت مامۆسـتا سـەعید ناكامـدا خوێنـدووە، ئەوسـاتەش مێرد منداڵ بووم. براكەم هەرچەندە مامۆستای تایبەتی بـۆ گیرابـوو، بـەلاّم لەخوێنـدن زۆر دەترسا، خەریك بوو منیش بترسێنێ و بەدەردی خۆیم بەرێ، بـەلاّم مامۆسـتا ناكـام سـامی لەخوێنـدن شـكاندوم وتێـی گـەیانم، كـە خوێنـدەواری خـۆش و شـیرینەو مایـەی سەركەوتنی گەلانە .. دەرمانی دەردی نەزانیە . وە ئەم كتێبانەی پێ خوێندمەوە:

- بزنۆكەو مەڕۆكەی حسین حوزنی.
- كتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی.
- شیعرە گاڵتەكانی شێخ ڕەزا.
- قەسیدە درێژەكەی عارف سایب.

بەشـی هـەرەزۆری ئـەم كتێبانـەم لەبـەربوو، بەتایبـەتی شـیعرەكەی عـارف سـایب، وەك تـووتی دەم خوێنـدەوەو لەواتاكـەی دەگەیشـتم. كـە سـامم شـكا، بـابم ناردمییـە سـابلاّخ لەقوتابخانەی (سەعادەت) ناونووسی كردم.لـەو قوتابخانەیـەش دا، كـەس نەیـدەوێرا. بـە كوردی بدوێ ڕەگەز پەرستەكان خوێندنیان بەزمانی خۆمان لێ قەدەغە كردبووین.

لـە قوتابخانـە بەفارسـی دەمانخوێنـد، مامۆسـتاكەمان پیـاوێكی تووڕەو كوێرەموشـەبوو، شوڵێكی بەدەستەوە بوو، هەركەس دەرسەكەی جوان نەزانییایـە تێـی دەسـرەواند، بـەلاّم من بەژیری خۆم فێـری فارسـی بـووم و لـە دەرسـەكان ژیرانـە سـەردەكەوتم.چـوار پـۆلم لەقوتابخانـــەی ســـەعادەت و پەهلـــەوی خوێنـــد.دەس و خەتەكـــەم زۆر خـــۆش بـــوو، هەرچەندە حەزم نەدەكرد دەست لەخوێندنی قوتابخانە هەڵ بگرم، بەلاّم بـەزۆر ڕاپـێچ كرام بۆخانەقای شێخی بورهان لە سابلاّغ.

چـوار سـاڵ لەخانـەقا خوێنـدم، بەڕاسـتی زانستگایەكی گـەورەبوو، پـەناگای بێكەسـان و پیاوچـاك و دینـدارو زانـاو پیـاوكوژو نـەزان و بێكـارەو پەككەوتـەو شـەل وكـوێران بـوو، هەموویان پێكەوە لەبن میچی ئەو خانەقایەدا دەژیان بەبێ فەرق وجودایی.

خانـەقا .. ببـووە مەڵبەنـدی پیاوەگـەورەکان و زاناکـانی ئـەو سـەردەمە، وەك مامۆسـتا فـەوزی، سـەیفی قـازی پێشـەوا قـازی محەمـەد و دەیـان کەڵـەپیاوی دیکـەی کوردسـتانی ئێران، بەتایبەتی هەرێمی سابلاّغ.

هـێمن دەڵـێ: بەهـەزاران شـیعری فارسـیم لەبـەربوو، شـیعری کوردیشـم دەخوێنـدەوەو لەگـەڵ هـەژاردا لەبـەرمان دەکـرد.هـەروەها دەبێـژێ: شـیعر خوێندنـەوەو ئاوێتـە بـوون بەئەدیبەکانی خانەقا، زەوقی وێژەیی لەمن دا بزواند.

بـاوکم لەخانــەقاوە، ڕای گــوێزتم بــۆ گۆنــدی (کولیجــە)و لــەوێ مامۆســتا فــەوزی: هەڵیوەشاندمەوەو تێکی هەڵشێلام وسەرلەنوێ دروستی کردمەوەو سەرتاپا بـاری ژیـان و ڕۆشنبیری گۆڕیم و تێی گەیاندم من ڕۆڵـەی کـوردم و کـوردیش نەتەوەیـەکی بێبـەش و چارەڕەش و داماوەو دەبێت کورد بە خوێندەواری و ڕووناکبیری لەدەست خوێن ڕێژەکان خۆی رزگار بکات .

مامۆستا فەوزی.. فێری کردم چۆن بنووسم و زەوقی ئەدەبیم بجووڵێ و وڵاتەکەی خـۆم خـۆش بـوێ و زمـانی کوردیم لاخـۆش بکات و لـەدوا ڕۆژ دا بیکـەم بـەزمانی ئـەدەب و ڕۆشنبیری.

هێمن دەڵـێ: لـەپاڵ خوێنـدن و شیعرگووتنیشـدا ، خـەریکی کوشـتوکاڵ و زەوی کـێڵاّن و شــتی دیکــەش بــووم، وەك ئاژەڵــداری و، خــەرمان هــەڵگرتن و ڕاوەبــەرازو، گــوێگرتن لەشمشاڵ و بلوێری شوانەکان و دەبێژێ:

**نیوە شەوە، دنیا خامۆش**
**دێتە گوێم، ئاهەنگێکی خۆش**
**نا.نا.. ئاهەنگی بڵوێرە**
**جاوەرە، گوێی بۆ ڕادێرە**
**هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە**
**کە بەو مانگە شەوە جوانە**
**دانیشتووی لەرژدو هەڵدێر**
**پەنجە دەبزێوی لە بڵوێر**
**دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی**
**شادی، بەکەیفی، بێ خەمی**

**ئاغاش بەنۆکەر ناگری**

**وەك من لەداخا نامری**

**چالاکی وئاوێتە بوونی بەسیاسەت:**

**ئەگـەر سـەرتاپا شـیعرەمانی هـێمن بخوێنینـەوە، جەوهـەری هێمنمـان بـۆ دەردەکـەوێ دەزانـین هـێمن کەڵـە شـاعیری سـەردەمی خـۆی بـووەو شـیعرەکانی لـەدڵ و دەروونـی کۆمەلأن و جەماوەری کورددا، جێی خۆی کردۆتەوەو، گـەلی کـوردی هانداوە،کەلـەپێناوی سـەربەخۆیی دا، لەتـەك ڕەگەزپەرسـتانی بجـەنگن و کـۆڵ نەدەن،هـەتا مـافی خۆیـان بـە دەست دەکەوێ چونکە بەبێ فیداکاری، گەل ناگاتە ئامانجی خۆی ..**

**ئەوەتا لە هەڵبەستی "دوا ڕۆژی ڕووناك"دا، دەبێژێ:**

**لـــــەمێژبوو، حـــــەقی کورد دەخورا بـــەفیرۆ**
**لـــــەمێژبوو، کـــــــوردبوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ**
**لـــــە مەیدانـــــی شەقێنی دوژمـــــنی دا ..**
**ســـــەری سەرداری کـــوردی بوو، وەکــــــو گۆ**
**بـــــە دەوری لاشی نیوە گیـــانی ئـــــــەودا**
**هـــــەوار گــــــورگ و چەقەڵ دەیکرد مـــــڵ ومۆ**
**دەیـــــان بەست بۆ کوتانی مەرج وپەیمـــان**
**هـــــەناوی لێی دەهـــــات بۆ چڕووك بۆسۆ**
**لـــــەدێ دا ئـــەمنیەی لـــــــێ ببوە مێمڵ**
**لـــــە شاری (شـــــارەبانی) لـێ ببۆ، ســــۆ**
**هـــــەزار لاوی لـــــە بـــەندیخانەدا ،مـــرد**
**هـــــەزار پیاوی تـــەنافی خـــــرایە ئـــەستۆ**

**هـەروەها هـێمن لەسـەر زوڵـم و زۆرداری ئەمنیـەو شـارەبانی ڕەگەزپەرسـتەکانی دەڕواو دەبێژێ:**

**برِا .. نێفەك ،درِا سەرپێچ ودەسماڵ**
**برا .. کیژو، درا کوڕ ،پاڵە پەستۆ**

دەیان کرد،دەغڵ ودانی ئێمە بەش بەش

دەیـــــــان برددانەوێڵەی ئێمە کۆ کۆ

پەنیرو رۆنەکەی ئێمە بەزاری

ئەوان دەخورا ،دەما بۆ ئێمە،هەردۆ

مریشك وقازوو بارۆکەو مراوی

بەشی وان بوو ،بەشی ئێمەش پەڕو پۆ

هێمن .. سەبارەت بەوەی نیشتیمانەکەی و نەتەوەکەی خۆشویستووەو هەستی بەئازارو ئەشـــکەنجەو ســـتەم و بەدبـــەختی و کـــوێرەوەری کـــورد دەکـــرد، پـــەلی بـــۆ ڕووناکییەك،دەهاوێشت دەستی بگاتێ پێکەوە بکەونە خەبات بۆ سەرفرازی میللەتی کورد لە خوێن ڕێژەکانی، کە نەیاندەهێشت کورد بەسەربەستی زمانەکەی خۆیان بەکاربهێنن و ئەدەبەکان گەشە پێ بدەن و ڕۆشنبیرییان بداتە بەرهەم، بۆیە لە هەڵبەستی (ڕۆژگاری ڕەشدا) دەبێژێ:

داخرا ، دەرکی رۆژنامە

شکاون، نووکی خامە

کوردی نووسین حەرامە

دوژمن دەڵێ بێ نامە

دڕان کاغەزو دەفتەر

گیران شاعیرو نووسەر

هێمن لەگەڵ ئەوەدا، کە کوردستانو نەتەوەی کوردی زۆر خۆشدەویست، بەلاّم ڕقی لەهیچ نەتەوەیەکی دیکە نەدەبووەو هەرگیز لەشیعرەکانی شتی وەها بەرچاو ناکەوێ و، بەیەك چاو دەینۆڕییە گەلانی سەر گێتی ..

هێمن .. وەك خۆی دەبێژێ: خواخوام بوو، بۆ ڕۆژێ دەگەڕام، ئەستێرەیێکی گەش لەکوردستانی ئێران دا بە دەربکەوێ ولەگەڵیا دەست بداتە خەبات بۆ ڕزگاری میللەتی کورد .. ئەو ئاواتەی لە ١٦ ی ئابی (١٩٤٢)دا هاتەدی و کۆمەڵەی (ژ . ك) دامەزرا، بوو بە ئەندام لەو کۆمەڵەیەداو، پێی نایە قۆناخێکی نوێ و تێکۆشانێکی بەجەرگ وچووە نێو جەرگەی هەموو توێژو چینەکانی کوردەوارییەوەو بوو بەشاعیرێکی جەربەزەو

کۆڵنـەدەر.. کۆمەڵـەش دەسـتی دایـە بەرزکردنـەوەی ڕاددەی ڕۆشـنبیری کـوردو، چـەند گۆڤار ڕۆژنامەو نامیلکەی بلاوکردەوە، وەك:

**- گۆڤاری نیشتیمان**

**- ڕۆژنامەی کوردستان**

**- گۆڤاری هەلاڵە**

**- دایکی نیشتیمان**

کۆمەڵـە تـوانی هـەر بـەداهاتی خـۆی چـاپخانەیەکی دەسـتی بکـرێ و لـە مـەهابادا دای بمەزرێنێ.. خواکردی و فاشیزم و نازیتی تێکشکان وهێتلەر و مۆسولینی گیران و کوژران و جـەنگ کۆتـایی هـات . ڕوونـاکیش کەوتـە ولاتـی ئێمـەوەو (حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان)یش دامەزرا .. من بووم بە سکرتیری هەیئەتی ڕەئیسەی میللی لەحیزب دا .. بەلام کارەکە زۆری نەخایاند، هاوپەیمانـەکان لـەئێران چوونە دەرێ و شـای گـۆڕ بـەگۆڕ دیسان بەر بووە ویزەی گەلانی ئێران و سەرتیپ موزەفەری، فەرمانـدەی تیپـی مـەهاباد، بەسوپاوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران، بەسـەدان لاوو تێکۆشـەری کـوردی گوللـەبارانکرد، وە پێشەوای نەمریش (قازی محەمەد) ی لەمەهاباد، لە سێدارەداو دەرەبەگـەکان کەوتنـە جووڵەو مێچکە مێچکە بۆشای ئێران.

**ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمن:**

هێمن .. لەم ژینگە پڕ لە زوڵـم و زۆرداری یـەی کوردسـتانی ئێرانـدا، چاوی هـەڵهێناوە، چی دیوە؟ میللەتێکی داماو بەدەست زاڵمێکی وەك شای ئێرانەوە دەنـاڵێنی، دزوجـەردەو پیاو خراپی سەرتاپای ولاتی گرتۆتەوە بـە بەرچاوی خۆیـەوە ، بەسـەدان لەسـێدارەدران وکـوژران لەکوردسـتانی ئێـران دا.. پێشـەوای نـەمرو کەڵـەپیاوەکانی کوردلـەئێران، یـان گیران، یان کوژران، یان هەڵهاتن و خاکی خۆیان بەجێهێشت، بێگومان دەبێت شیعرەکانی هێمن، ڕەنگدانـەوەی ئـەو بارودۆخـەیان پێـوە دیـاربێ و فرمێسکی هـێمن و ڕەنجـەڕۆیی لەنێوان، وشەکانی شیعرەکانیدا، ببینرێ ئەوەتا:

لەشیوەنی قازی دا ،دەبێژی:

**ڕۆڵەی وەفاداری کورد**

**پێشەوای ئارام و و ورد**

**بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد**

**گیانی فیدای (گەل) کرد**

**زانا بوو، کورد پەروەر بوو**

**پێشەوا بوو، ڕابەربوو**

**هەر کورد نەبوو بەشەر بوو**

**خەمی خەڵکی لەبەربوو**

**بۆیە دێوی ئیستیعمار**

**کۆنەپەرستی زۆر دار**

**زاڵم ،خوێن ڕێژ، بەدکردار**

**بۆیان ئامادە کرد ،دار**

**هێمن .. سەبارەت بە (ئاغا) خوێنخۆرەکان و جووتیارە چەوساوەکان و زەحمەتکێشانی میللەتەکەی دەبێژێ:**

**ئەوەی ئاغا بێ بێکارە**

**جەبوون وقەڵس و لاسارە**

**دزی و ڕێ گرتنی کارە**

**ئەمن دەیڵێم وبێ باکم**

**لەشەرم و شوورەیی مردم**

**بەخۆم من چۆن بڵێم کوردم**

**کەئاغا ئابڕووی بردم**

**ئەمن دەیڵێم وبێ باکم**

**هێمن ، وەك شاعیریکی گەل و خەباتکەرێکی نەفەس درێژر دوور بەدوور ناڕوانێتە کوێرەوەرییەکانی و برینە قووڵەکانی گەلەکەی بەڵکو هەست و نەستی بەرانبەر بەگەلە چەوساوەکەی دەبزوێ، وەك لەم شیعرەدا، دەبێژێ:**

**ڕۆڵەی کوردم ، فێری هەورازو لێژم**

**تا زۆر بڕۆم ، زیاتر ئارەق بڕێژم**

**کورتر دەبێ ڕێگای دوور ودرێژم**

**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون**

**دەڕۆم ، دەڕۆم، تا ترۆپکی ڕزگاربوون.**

هێمن .. هەروا لەسەر شیعرەکەی (ترۆپکی ڕزگاری) دەڕوات و دەڵێ: گەلی کوردم پەروەردەی هەورازو نشیوەو، باکی لەکەوتن نییەو دەزانی هەر کەوتنێ، ئەگەر میللەت کۆڵ نەدا، سەرکەوتنی بەدودا دێ:

**من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم**

**گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتووم**

**هاتمەدەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم**

**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون**

**دەڕۆم ، دەڕۆم، تا ترۆپکی ڕزگاربوون**

**گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٤١) ١٩٨٨.**

# هێمن ناسی

**تەها فەیزی زادە**

مامۆستا هێمن دیاردەیەکی هونەرییەو دەکرێ لە زۆرلایەنەوە بچینە سەر باسو لەگەڵێك ڕوانگەوە تێی بڕوانین. وەك مامۆستا هێمنو شیعری کوردی، مامۆستا هێمنو پەخشانی کوردی، پلەو پایەی مامۆستا لە ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیدا، جێی مامۆستا لە زمانو ئەدەبی کوردیدا، چۆنیەتیو ڕادەی تیشکی مامۆستا بەسەر چاپەمەنییەکانی کوردەواریدا، ئەو ڕچانەی کە مامۆستا شکاندوونی بۆ بەرەی پاش خۆی، سەرهەڵدانی باسێکی نوێ بە ناوی هێمن ناسی .... منیش بەش بە حاڵی خۆم دەڕوانمە مامۆستا هێمن. تەنانەت لە سیلەی "وشەو زاراوەی ڕەسەنی کوردی" ڕا گوتم:

بەش بە حاڵی خۆم تێدەڕوانم، جا نازانم سۆمایی چاوی من تا چ ڕادەیەكو چەندە هێزی هەیە. چەند هۆی هەیە کە ئەم مەبەستەم هەڵبژاردووە:

١. زاراوەی ڕەسەن، بناغەی ئەدەبی زمانە، تیغەڕەی پشتی ڕێزمانەو ئەستوندەگی تاوڵی زمانە.

٢. دەمێکە کار لەسەر وشەو زاراوەی ڕەسەنی کوردی دەکەم نموونەکەشی قاموسی نۆبەرەو ناوە دوانەکانی کوردییەو لێدوان لەم مەبەستە، لام هاسانە.

٣. شوێنەوارەکانی مامۆستا بە تێکرایی، بۆ خۆیان کۆگا, بەڵگە (ئارشیو)ن لە وشەو زاراوەی کوردی.

٤. مامۆستا لە تەواوی، ژیانی تەرخان کردووی خۆی بۆ بووژانەوەی زمانو ئەدەبی کوردی، هەوڵی بێ وچانی داوە کە وشەو زاراوەی کوردی ببینێتەوەو لە چەنگ ئەدەبی نەنووسراو (ادبیات شفاهی)یان دەرێنیو بە خڕوپڕی بیانداتە ئەدەبی نووسراو (ادبیات مکتوب) جا لەو ڕێگایەوە دڵنیا بووە کە ئیتر دەمێننو دەمێننەوە.

٥. لەو دواییانەدا کە هەستی پێداویستی بە خڕکردنەوەی وشەو زاراوەی، ڕەسەنی کوردی، ئیتر تەواوی گیانی داگرتبووو دەمێك نەبوو کە پێی ڕانەگا، بە خۆی نەبوو لێکدا، لێکدا بە خەڵکی دەگوتو لە گۆواری سروەدا دەینوسی.

"پیاوی چاك بن، وەرن ئەو وشەو زاراوانەی کە هەمانو کەمیش نین، بەڵام لە بیرچوونەوە یا هێشتا هەر بەبیردا نەهاتوونو بەسەر زارو زمانانددا ڕانەبردوون، کۆیان

کەینەوە، ئەو وشەو زاراوانەی کە هاتوونە پاڵ کتێبو گۆوارو ڕۆژنامەو چاپەمەنییان, ئەوا خودا لێمانی نەستێنی وە خڕکراونو دەمێنن، بەڵام بەشی زۆرتریان هێشتا کۆنەکراونەتەوەو نەنووسراونەتەوە! خودا لێمان هەڵناگری، ئەو خەرمانەی هەروا بە سووری بە جێ بێڵێنو ئاوڕی وێنەدەینساڵ درەنگە، بارانی پاییزی لێی دەدا، سەرمای زستانی بە دوادا دێ، خواردنێك کە بابو باپیران بۆیان بەجێ هێشتووین، بەبێ کێشەوە کردنو داخستن لە دەشتێ بە فیرۆ دەچێ، زۆری پێ ناچێ بۆ خۆمان بەبێ دەغڵو دان دەمێنینەوە! بەڵام ئێمە دەستو پێ سپیلکەو حازرخۆری بێ سێبەر نین، وەرن هەرەوەزە، ئەو دەغڵو دانەی هەڵگرینەوەو دایخەین، خەڵکی دیکە دەمێکە خەرمانی خۆیان هەڵگرتۆتەوەو خەتەری لە گۆڕی دامانی خەرمانیان لە دڵ چۆتەدەر. تێی وروکێن، دەست ببزێون، زووکەن، لە چاوی منوو کەوێ، پاشان بە بەروبووی دەحەسێنەوە.

ئێستێ کە بۆتان دەرکەوت بۆ لەنێو ئەو هەموو مەبەستانەی کە شیاوی باسنو سەرنج ڕاکێشەری لێکۆڵینەوەن، هەر لەسەر مەبەستی "مامۆستا هێمنو وشەو زاراوەی ڕەسەنی کوردی" ساغ بوومەوە، بێ ئەوەی، ماوە بە هیچ شتی لاوەکی بدەمو لە مەبەست لابدەم ڕاستەوخۆ لێی دەدوێم:

مامۆستا ویستوویەتی بە کوردییەکی ساکارو هەر بەم ڕاوێژەی کە بە منداڵی فێری بووە، هەستی خۆی دەربڕێ. ئەم کوردییە ساکارەش چەند سەرچاوەی هەیە. سەرچاوەکانی هەرە گرینگیان ئەوانەن:

١. قسەکردنو وتووێژی دێهاتییەکان.

٢. دابو نەریتی کۆمەڵایەتی.

٣. بەیت.

٤. پەندی پێشینانو مەتەڵۆکەو قسەی نەستەق.

٥. شوێنەوارەکانی ئەو نوسەرو شاعیرانە کە بەم وشەو زاراوەی ڕەسەنی کوردی بیروباوەڕی خۆیان نواندووە.

٦. ئایین.

٧. چیرۆك.

٨. گۆرانی.

ئـەم سەرچـاوانەش کـە وشـەو زاراوەی ڕەسـەنی کوردییـان لـێ هەڵـدەقوڵێ‌و مامۆسـتاش "مامۆستای تێنوو" ئەوەنـدەی پێداویسـتی دڵـی بووبـێ، ئـاوی لـێ خواردونەتـەوە، بـەڵام تێنوایەتی لێیان نەشکاوە! من بۆ هەر کام لەم سەرچاوانە هەر لـە قـەدەر وتارێـك، نـەك کتێبێك، شایەد لە شیعرو پەخشانی مامۆستا بەرچاو دەخەم. بـەم مەرجـە کـە خوێنـەر ئەمانە بە مێوژێك بزانی لە کەویژێك‌و کەمێك لە گەلێك.

١. قسەکردنی دێهاتییەکان:

مامۆستا شێوە قسەکردنی دێهاتییەکانی پاش سووکە دەست تێدانێکی شـیاو بـە بناخـەی کـاری هونـەری خـۆی دانـاوە. شـێعرو پەشـخانی خـۆی لەسـەر ئـەم بناخـە هەڵچـنیوەو کۆشك‌و سەرایەکی ئەوتۆی لێ سـازکردووە کـە دڵـی مانـدووی پـێ دەحەسـێتەوەو گیـانی سەخڵەتی پێ دەبووژێتەوەو هەستی سیسی پێ دەگەشێتەوە. دیواری کۆشکەکە بە وشەو زاراوەی ڕەسەن دەرەنگێنێ‌و میچەکەی هەر بەوەدەنەخشێنێ‌و باخچەکەی دەجەملێنێ.

شایەد لە شیعر:

دێم بەرەو زوورگ‌و تەلان‌و کەندو لەند

دێم بەرەو بژوێن وزەنوێرو زەمەند.

دێم بەرەو پاناوك‌و هەورازو نشێو.

دێم بەرەو ئەشکەوت‌و زەندۆڵ‌و پەسیو."

"ناڵەی جودایی, ل٢٣"

وشەی ڕەسەن:

زوورگ: گردی بچکۆڵە، بچکۆڵە.

کەندو لەند: بەرزو نزم

زەمەند: گژو گیای تێکچرژاو

پاناوك: گۆڕایی لاپاڵی چیا

زەندۆڵ: کونی نێو تاشەبەرد یا قەڵشتی زلی زەوی

وشـەکانی سـەروو پـێش مامۆسـتا هـێمن لـە هـیچ کـام لـە شـوێنەوارەکانی شـاعیراندا نەهاتوون‌و هەر بەهۆی قەڵەمی مامۆسـتاوە لـە ئـەدەبی نەنووسـراو (ادبیـات شـفاهی)را هاتوونەتە نێو ئەدەبی نووسراو (ادبیات مکتوب)، بەڵام زاراوەکە هەبووەو بەکار براوە.

**شایەد لە پەخشان:**

"......کاکە ئەگەر ڕێوی لەبەرم هەڵات، ئەوا، تاژیەکەی تێبەردەدەم.

ئەگەر کوشتی باشە، دەنا لە کونێی دەکا، کە کونەکە زۆر قووڵ نەبوو، ئەم دارەی لێ پێچەك دەدەمو دەیهێنمەدەر. ئەگەر زۆر قووڵ بوو، تولەکەی لە باڵ دەکەم. ئەگەر ئەویش بۆی نەهاتەدەر، تەڵەی لێ دادەنێمەوە ئاخری پێوە دەبێ....."

"گۆواری سروە – ژمارە ٤، ل٦٤".

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

لەبەر کەسێك هەڵاتن، تاژی تێ بەردان، ڕێوی لە کون کردن، قووڵ بوون، دار لێ پێچەك دان، هێنانەدەر، لە باڵ کردن، هاتنەدەر، تەڵە لە ڕێوی دانانەوە، پێوە بوون.

مامۆستا ئەم زاراوانەی سەرووی لەم قەڵتە پەخشانەدا وەبیر خستووینەوە. بەڵام پێشووش هەبوونو دەکارکراون. لێرەدا زاراوەی " دار لێ پێچەك دان" پێش مامۆستا دەکار نەکراوەو تەنیا بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە خراوەتە نێو ئەدەبی نووسراو بەڵێ:

ڕە پێچەك + دان هەبووە. وەك:

بۆ خۆم نەدەچوومە ژوور چ بکەم ڕەپێچەکیان دام!

**وشەگەلی ڕەسەن:**

وشەگەلی سەروو هەموویان ڕەسەنن، بەڵام وشەی "پێچەك" بەهۆی لێکۆڵینەوەی مامۆستا دۆزراوەتەوەو چۆتە پاڵ ئەدەبی نووسراو.

پێچەك: دارێکی نەرمو درێژی سەر لەلە کراوە کە بۆ لێ بادانی تووکی کەروێشك بەکاردێ.

**دابو نەریتی کۆمەڵایەتی:**

مەبەستی بنەڕەتی مامۆستا لە وەبیرخستنەوەی ئەو دابو دەستوورانە، ئەم زاراوەو وشەگەلەن کە لە چوارچێوەی دابو دەستووره ڕابردووەکەدان. بزانین دابو دەستووری ڕابردووی "ڕاوە تاژی" چۆن بۆتە قامووسێکی پڕ لە وشەو زاراوەی ڕەسەن؟

**وشەگەلی رەسەن:**

باز، قوتە، ترەکین، کرِاڕ، ڕەپستە، سەپسێن، بێرون، بەچ. لەوانە دوو وشەی: کرِاڕ = ڕەقەن = سەپسێن = بەچی گەورەی تاژی.

بەهۆی قەڵەمی مامۆستا هاتوونەتە نێو ئەدەبی نووسراوەوە.

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

پەڕەوازەبوون، دەست کردنەوە، تا دەستی لەسەر دانێی، زۆر ڕمووده بوون، لێرەدا رمووده = هۆگر یا ئۆگر، بەهۆی لێکۆڵینەوەی مامۆستاوە چوونەتە پاڵ ئەدەبی نووسراو. لەوانەیە زۆر کەس لە ئێمەمانان بە جۆرێکی دیکە لە مەبەستی بنچینەیی مامۆستا تێگەیبین. یەکێك لە خوێنەرانی گۆواری سروە گوتبووی...."ڕاوە تاژی خۆ باوی نەماوە، خواردنی گۆشتی کەروێشکیش بە هیندێك کەس هەر ناکەوێ، لام وایە مەبەست لە نوسینی ئەم وتارە وەبیرهێنانەوەی سەردەمی ئاغاو نۆکەری بووبێ!".

پێم وایە ئەگەر ماباو مەرگی لەناکاو دەرفەتی داباو گیانی نەژاکاباو وا زوو بۆ لای نەمان نەچووبا هەروەها لە مەیدانی داب‌و دستوورەکانی تریشدا، ئەسپی خۆی لینگ دەداو بەسەدان وشەو زاراوەی ڕەسەنی دەبینیەوەو ئەوانیشی تێکەڵ بە ئەدەبی نووسراوە دەکردن.

مامۆستا بۆ دیتنەوەی زاراوەی کوردی کەلکێکی زۆری لە بەیت وەرگرتووەو بە شیعرو پەخشان لێی دواوە.

**شایەد لە شیعر:**

**"مانگی کانوونێ بە چلوان دەرکرام!"**

**وەك برایم لەو وڵاتە راو نرام**

**ئەوینە، شێخی سەنعانی غەیب زان**

**دەکاتە گاورو شوانی بەرازان**

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**

**من خەریکم بۆ کچە شێخی پەژیوان ببمەوە!"**

**(ناڵەی جودایی، ل٢١، ٦١، ٩٣)**

**وشەگەلی ڕەسەن:**

راو + نان=راونان.

وەر+گەڕان = وەرگەڕان.

برایم = بەیتی برایمۆك، بەیتێکی بەناوبانگە بەیتی پێنجەمی توحفەی مووزەفەریەی پێکهێناوە، کە رەحمان بەکر گوتوویەتی زۆر شایەری دیکەش هەر گوتوویانە.

(بڕواننــه توحفــەی مووزەفەریــە کــۆڕی زانیــاری کــورد، بەغــدا، ١٩٧٥، ســاخکردنەوەی مامۆستا هێمن، ل٩٧)

شـێخی سـەنعان بـەیتێکی بەناوبانگـە بـە سـێ زاراوەی موکریـانی، بادینـانیو هـەورامی گوتراوە، بۆ وێنە دێری یەکەم لە هەر کام لەو زاراوانە، بەرچاو دەخەین:

"ساڵێکی حەزرەتی غەوسی گەیلانی چوو بۆ بەغدایە.....

(بەیتی شێخی سەنعان بە زاراوەی موکریانی، فۆلکلۆریک)

گوە بدێرین نوتقا ئاشقان دا ئـەز بخوێنم ڤـێ خـەتێ حەمـدو سـەنایا خالقـێ سـوبحان ژ شاهی قودرەتێ

(شێخ سەنعان محەمەد فەقێ تەیران، مۆسکۆ ١٩٦٥، مارگرێت رۆدینکۆ، ل٥)

بە نام بێ چوون پادشای بێ بـاك، فـەرد بـێ شـەریك حـەیی تـەنیای تـاك، جـە کەعبـەی شەریف هیمەت وازی کرد، چەنی موریدان ڕووبەڕا ئاورد.

(بەیتی شێخی سەنعان، علی محمد ڕۆشن بە تصحیح محمد قرەداغی، گۆواری ڕۆشـنبیری نوێ ٧١ کانوونی یەکەم ١٩٧٨)

**شایەد لە پەخشان:**

مامۆسـتا کاتێـك بەیتـەکانی کتـێبی "توحفـەی مووزەفەریـە"ی لێکداوەتـەوەو کـاکڵی هەموانی بۆ دەرخستووین زۆر وشەو زاراوەی، ڕەسەنی وەبیرهێناوینەوە.

**وشەگەلی ڕەسەن:**

بوێر: نەترس، دژی ترسەنۆك.

"توحفەی موزەفەریە، ل٢٣"

بەدفەڕ، سەر بە سودەر، چیفڕك، مل، گوڵ لـەنێو ئەوانـەدا، وشـەگەلی بـوێرو جیفـڕك بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە هاتوونەتە پاڵ ئەدەبی نووسراو.

"توحفەی مووزەفەریە، ل١١٢"

ئەم وشە گەلەم لە قەڵتە پەخشاندا هەڵبژاردوون:

"....خاتوون ئەستیو دایکی بـۆ دڵ دانـەوەی شـێخاڵ دەچـنە مـەڕی، فـەرخ ناحـەجمێو وەدوویان دەکەوێ. دایکی خاتوون ئەستییە سیری دەخواو زمانی دەسووتێو نـا مـاقووڵی دەکاو ئێستر وەسەر فەرخ دەپەڕێنی.

فەرخ رقی لێ هەڵدەگرێ، دەپێشدا تۆڵەیەکی لێ دەستێنێتەوەو کارێکی وا دەکا کە منداڵی هەرە قۆشمەو بەدفەڕ نەبێ، نایکەن. دڕووی وەبن کلکی ئێستر دەدا کە پیرێژنە سەر بە سۆدرەکە سواری بووە. دڕوو وەبن کلکی ئێستر دان گاڵتە نیە، ئێستر شێت دەبێ، جیفڕك هەڵداوێ: ئەم لاو ئەو لا دەکا، تا پیرێژن هەڵدەدێرێو چی وانامێنێ ملی بشکێنێ. فەرخ بەوەش لە کۆڵی نابێتەوە دوعای لێ دەکاو دەیکاتە بەردێکی شین..."

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

وە دووی کەسێك کەوتن سیر خواردنو زمان سووتانو ناماقووڵی کردن، ئێستر وە سەر کەسێك پەڕاندن، ڕق هەڵگرتن لە کەسێك، تۆڵە لە کەسێك ئەستاندنەوە، شێت بوون، جیفڕك هەڵاویشتن مل شکاندن، لە کۆڵ بوونەوە، دوعا لێ کردن لە کەسێك دوعا کردن بۆ کەسێك.

**سەرنج:**

ئەم زاراوە بە گۆڕینی حەرفی ئیزافەی بۆ, لێ، دەبنە دژی یەکتر. لەنێو ئەوانەدا، زاراوەگەلی:

سیر خواردنو زمان سووتانو ناماقووڵی کردن، جیفڕك هەڵاویشتن، دوعا لێ کردن لە کەسێك, بە هۆی قەڵەمی مامۆستاوە چوونەتە پاڵ ئەدەبی نووسراو.

**پەندی پێشینان: شایەد لە شێعر:**

**هەر بەڵایەک لە ئاسمانەوە بێ، با لەوێش نەهاتبێ بۆ من**

**کە گەیشتە زەوی دەکا پرسیار، ئەرێ لە کوێیەماڵی مام هێمن؟**

**پەندی پێشینان:**

"هەر بەڵایەك لە ئاسمانێ بێتە خوارێ، بۆ منە!"

**وشەگەلی ڕەسەن:**

ئاسمان، با = ئەگەرچی بەڵا، پرسیار = پرسی (بۆنی مازە، ڕەگی کار) + ئار (پاشبەند بۆ ناوی مەسدەر)، پرسیار = ناوی مەسدەر، با ئامرازی شەرت (حرف شرگ) بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە وەسەر ئەدەبی نووسراو خراون.

**شایەد لە پەخشان:**

لە موکریان باوە دەڵێن: "بنەماڵەی قزڵجی وەك بێچووی مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر مەلەوانن"

(بڕواننە پێکەنینی گەدا چاپی دووهەم، سەرەتا لە مامۆستا هێمن، حەسەن قزڵجی، ل٥ – پاشەرۆکی مامۆستا هێمن، ١٣٦٢، لە چاپەمەنیەکانی سەیدیان، ل٨١), کە دەگەڕێتەوە سەر ئەم قسە نەستەقە: یەك بە یەکێ دەڵێ: وەك بێچووی مراوی وای، هەر سەرت لە هێلکە هێناوەتەدەر مەلوان بووی = هەر لە منداڵییەوە پیتۆڵ بووی، بەرامبەرەکەی (معادل) ئەوەیە: (فلانی: بچە سیمرغ است) لە فارسیدا.

**وشەگەلی ڕەسەن:**

بێچوو، هێلکە، مەلەوان، مەلە + وان وەك رەز + ئە + وان= رەزەوان.

باخ + ئەوان، سەید + ئە + وان.

**زاراوەی ڕەسەن:**

وەك بێچووی مراوی بوون، لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوان بوون.

**شوێنەوارەکانی نووسەرانو شاعیران:**

**شایەد لە شێعر**

**"بۆنی ڕزگاریت لە شیعری دێ چ جوانت هۆندەوە**

**ئەی هەژار، ئەی شاعیری تێکۆشەری ناوداری کورد"**

**(بڕواننە تاریكو روون، ١٣٥٢، ل١٢٥).**

**وشەگەلی ڕەسەن:**

بۆن، ناو، هۆندنەوە، هەژار = هە + ژار هەر وەك هەتاو = هە + تاو. هەلینگ دان = هە + لینگ + دان.

کەوابوو ماکی هەژار، ژارە. بەرامبەرەکەی لە فارسیدا زار، وەك دەڵێین: حال زار.

**شایەد لە پەخشان:**

**" گۆرانی مەزنی خۆمان"**

**وەسفێکی چیاکانی هەورامانی کردووە. لە ترۆپکە هەرە بەرزەکانی ئەم چیایانە بەرزترە. بەلام کانی بەر تریفەی مانگە شەوی پێ لە دەریای بێ سنوور جوانترە." (پاشەرۆك، ل٢٠١)**

**وشەگەلی ڕەسەن:**

**چیا، بەرز، تریفە، ترۆپك = دوند = لوتکە. وشەی ترۆپك بەهۆی قەلەمی مامۆستاوە رەگەل ئەدەبی نووسراو کەوتووە. بەرزتر بوون، هەرە بەرزبوون = ئاوالناوی عالی (صفت عالی) بەرزترین. کەوابوو هەرە = ترین، جێگۆڕگێ پێکردنو بە جێ دانانی ئامرازی هەرە بەهۆی قەلەمی مامۆستاوە خۆی لە پاڵ ئەدەبی نووسراو ڕۆکردووە. ئەوانەی سەروو زاراوەگەلی ئەم قەلتە پەخشانە بوون.**

**ئایین:**

**لە خودا پاڕانەوە، چلە کێشان، نوێژ، پاش نوێژ ئەم وشەگەلە ڕەسەننو مامۆستا لە شوێنەواری خۆی خستوون.**

**شایەد لە شیعر:**

**"سێبەری مەرگم لە پێشدایەو بەرەو مەنزڵ دەڕۆم**

**ناخی گۆڕی تەنگە جێگام هەر تلاسابێ، قەدەم."**

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

**سێبەری مەرگ لە پێشدا بوون. تلاسان = هەڵخلیسکان. بەرەو مەنزڵ رۆیشتن = بەرەو خودا رۆیشتن.**

**ئایەی: انا لله وانا الیه راجعون.**

**(نالەی جودایی، ل٣٨).**

**شایەد لە پەخشان:**

**(بەراستی نازانم چۆن. هەستی گڕ گرتووی دەروونی خۆم دەربڕم. نازانم بە چ زمانێك شوکرانەی چاکەی ئێوەی خۆشەویست ببژێرم. زمانو قەلەمم لە دەربڕینو نووسینی ئەو لوتفەتان لالو کۆلن".(پاشەرۆك، ل١٨٩)**

**وشەگەلی ڕەسەن:**

زانـین، گـڕ، نووسـین، زمـان، لاڵ، کـۆڵ، تیـژ، ئـەو وشـانە بـەهۆی مامۆسـتاوە تێکـەڵ بـە ئەدەبی نووسراو کراوە.

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

هەست دەربڕین، زمان لاڵ بوون، قەڵەم کۆڵ بوون، شوکرانە بژاردن. ناوی فاعیلەکـەی = شوکرانە بژێر وەك: بەوەی هەتە شوکرانە بژێر بە. قەڵەم کۆڵ بـوون شـوکرانە بـژاردن دوو زاراوەن، کە بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە لە ئەدەبی نووسراو کەوتوون.

**چیرۆك، شایەد لە شیعر:**

**زەمانی زوو هەبوو میرێکی زۆردار**

**دزێوو دڵڕەق‌و خوێنرێژو لاسار**

**دڵی خۆش بوو بە ئازاری هەژاران**

**بەدەس ئەو چوون هەزاران و هەزاران**

**قسەی خۆشی دەگەڵ خەڵکی جوێن بوو**

**هەمیشە تیخی جەلادی بە خوێن بوو**

**دڕەندەی هارو ماری بێ ڕەزا بوو**

**لەتاڵان و بڕۆیە شارەزا بوو**

**گڕووگریان، بەناوی ئەو دەکرد ژیر**

**لەوی تۆقیبوو هەم زارۆك‌و هەم پیر**

"ناڵەی جودایی، ل٥٣"

**وشەگەلی ڕەسەن:**

دزێو، دڵڕەق = دل + رەق، خوێنرێـژ = خـوێن + رێـژ لـە ڕشـتن یـان رژتـن، جـوێن، نـاوی دوانە:

تـاڵانۆ بـڕۆ، زارۆك‌و پـیر، گڕووگـر = گـڕوو + گـڕ، لـە گـرتن – ژیـر، گڕووگـر، بـە هـۆی قەڵەمی مامۆستاوە ڕەنێو ئەدەبی نووسراو کەتوون.

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

لاساربوون، بە دەستی کەسێك چوون، بـەخوێن بـوون، دڕەنـدە، هـاربوون، مـاری بـێ رەزا بوون، ژیرکردن، لە کەسێك، تۆقینی زارۆك.

ئەم هەموو زاراوانەی سەروو بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە چونەتە نێو ئەدەبی نووسراو، شایەد لە پەخشان:

"......من زۆرم چیرۆك بیستوونو کەمیشم نەخوێندوونەوە." تا ئێستا چیرۆکی کورتی وام نەبیستووەو نەخوێندۆتەوە کە ئەوەندەی لكو پۆپ لێ بێتەوە. ئەگەر بە بیری نووسەرێکی وەك "ئەلیکساندر دۆما"دا هاتبا بێگومان چەند بەرگ رۆمانی شیرینو درێژی لێ دروست دەکرد...." (توحفەی مووزەفەریە، ل١٠٤).

**وشەگەلی ڕەسەن:**

چیرۆك، بیر، نووسەر= نووس (بونی موزاریع، ڕەگی کار) + ئەر (نیشانەی ناوی یا سیفەتی فاعیلی) = نووسەر درێژ، ناوی دوانە:

لكو پۆپ ئەم ناوی دوانەی لكو پۆپ، بەهۆی قەڵەمی مامۆستاوە لە ئەدەبی نووسراو کەوتووە.

**زاراوەگەلی ڕەسەن:**

چیرۆك بیستن، لكو پۆپ لە شتێك بوونەوە، بەبیر داهاتن، چیرۆك بیستن لەو زاراوانەیە کە مامۆستا دۆزیویەتەوە.

**گۆرانی:**

مامۆستا زۆرجار لە گۆرانی هەوێنی شێعری بۆ سازبووە. بۆ وێنە لە خۆیم بیستووە کە: فرمێسکی ر نووی بەفر پنجی لە دڵیدا داکوتاوەو شیعری لێ دروست کردووە.

**شایەد لە شیعر:**

**"تۆ گوتت: من عاشقی سەوداسەرو دینم دەوێ...**

**من گوتم: تاکوو بە ئاواتت بگەی دینم...."**

**(پاشەرۆك، ل٢٠١٧)**

**وشەی ڕەسەن:**

دین = شێت، دین = دیتن. ئەم دوو وشانە مامۆستا دیونێوەو بردوونیە پاڵ ئەدەبی نووسراو.

زاراوە: بە ئاوات گەیشتن.

**شایەد لە پەخشان:**

"....لە ناوچەی موکریاندا هەر ئاغەیەك دانگە ملکێك، کۆنە دیوەخانێك، قوڵە بارگینێك, کەچە زینێكو پیرە تاژییێکی هەبایە، خۆشخوانێکی رادەگرت، کە شەوانە لە دیوەخان بەیتو باوو گۆرانی بۆ بڵێ...." (توحفەی مووزەفەریە، ل٧)

**وشەی ڕەسەن:**

زین، تاژی، گۆرانی، شەوانە وشەی شەوانە بەهۆی مامۆستاوە لە ئەدەبی نووسراو خراوە.

**زاراوەی ڕەسەن:**

خۆشخوان راگرتن، بەیتو باوو گۆرانی گوتن.

دوا قسەم ئەوەیە: لەم رۆ بەولاوەو لێرە بەدواوەوە، چاوەڕوان دەکرێ:

١. لکێکی نوێ لە زمانو ئەدەبی کوردی پێکبێ بە ناوی هێمن ناسی.

٢. زۆربەی زاراوەو وشەگەلی دەکارکراوی مامۆستا هێمن، ببنە قسەی نەستەقو بەسەر زارو زمانەندا بێن.

٣. قامووسی تایبەتیو سەربەخۆ لە وشەو زاراوە، رەسەنەکانی مامۆستا هێمن دابندرێ.

٤. زۆری پێدەچێ بەلانی کەمەوە، سێ چوار لاوی هەڵکەوتوو، لە گوێن هێمن سەرهەڵدەن.

٥. هەرچی دەکەین بیرو ڕایە — گەوهەرمان کەوتە دەریایە — بەسەد غەواس، بۆن دەرنایە!

بەڵام: كل نفس ژائقه الموت.

**گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٢، ل٢٨-٣٠ و ژ٢٣، ل٤٨-٥١.**

# دەگەڵ هێمن لە دوایین قۆناخی ژیانیدا

**فاروق کەیخووسرەوی**

لێرەدا وەك کەسێك کە لە دوو ساڵونیوی ئاخری ژیانی مامۆستادا لەنزیکەوە دەگەڵی بووە، کاری دەگەڵ کردووەو دەرسی لێ فێربووە، دەمەوێ چەند خاڵی گرینگ لە بیرەوەرییەکانم بگێڕمەوە. کە هەم کورتە مێژوویەکی سەرەتای دامەزراندنی ئینتشاراتەو هەم گۆشەیەك لە ژیانو ئەخلاقو ئاکاری هێمن دەخاتەروو.

بۆ ئەوەی زۆر لە مەبەست دوور نەکەومەوە بە پێویستی نازانم باسی ئەو بیرەوەرییانە بکەم کە دەگەڕێنەوە بۆ یەکەم ساڵەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، کە مامۆستای دووره وەتەن گەڕاوە نیشتمانو منیش بۆ یەکەم جار بە خزمەتی دەگەیشتم.

بەهاری ساڵی ١٣٦٣ کاتێك پاش خولێکی پڕ گێژاوی ژیانی خۆم تازە دەهاتمەوە نێو ماڵو منداڵەکەم. برادەرێك کە لە دواییدا بوو بە بەرپرسی ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، خەبەری پێدام کە مامۆستا هێمن لە ورمێیەو دەتوانین بچینە خزمەتی، منیش کە ئەو دیدارەم بە ئاوات دەخواست، زۆرم پێخۆش بووو دەستبەجێ ئامادەیی خۆم دەربڕی.

مامۆستا تا ئەو کاتە لە گوندەکەی خۆشی شیلان ئاوێ دەژیاو لەو سەروبەندەدا بڕیاریدابوو چیدی لە دێ دانەنیشێو پاشماوەی ژیانە پڕ خێرو بێرەکەی بێتەوە یەکێك لە شارەکانی کوردستان.

لەو دانیشتنەدا ئەو برادەرە پێشنیاری دامەزراندنی ناوەندێکی فەرهەنگی لە ورمێ هێنایە گۆڕێو پاش باس لەسەر ئامانجە گشتییەکانی تێکۆشانی ئەو ناوەندە کە بریتی بوو لە خزمەت بە زمانو ئەدەبو فەرهەنگی کورد، مامۆستا قەبووڵی کردو منیش کە لەو بارەوە هیچ زانستو ئەزموونێکم نەبووو ئەوەم بە کاری خۆم نەدەزانی، لەسەر داوای مامۆستاو لەبەر ویستی دڵی خۆم کە بە ئاواتەوە بووم ئەوەندەی پێم دەکرێ لە خزمەت بە گەلو وڵاتەکەم خۆ نەبوێرم بەبێ سێو دوو لێکردن ڕامگەیاند کە دەتوانم لەم بزووتنەوە فەرهەنگییەدا بەشداری بکەم. ڕاستە بۆخۆم هیچم لە دەست نەدەهات، بەڵام بوونی مامۆستاو ڕێنموونی ئەو دڵگەرمی دەکردم.

پاش ماوەیەك بیر لێکردنەوەو گەڵاڵە دارشتن بڕیارماندا لە یەکەم قۆناخی تێکۆشاندا ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی لە شاری ورمێ دابمەزرێنین کە بەرنامەو ئامانجە گشتییەکانی لە ناوەکەیدا دیاریکراوە. هێشتا گەڵاڵەیەکمان بۆ بڵاوکردنەوەی گۆوارێکی ئەدەبی - فەرهەنگی نەبووو لە راستیدا بە بیریشماندا نەدەهات کە بتوانین کارێك دەست پێبکەین کە بەرهەمەکەی ببێ بە گۆوارێکی وەك "سروە" کە تا ئێستا بەردەوام بڵاوکراوەتەوەو لە داهاتووشدا سەرکەوتنی زیاتری بۆ چاوەڕوان دەکرێ. بۆ راگەیاندنی سەرەتای تێکۆشانی ئەم ناوەندە بڕیاردرا کە لە ڕۆژی جێژنی مەولوودی پێغەمبەری خۆشەویستی خوا حەزرەتی محەممەد (د.خ)دا کتێب فرۆشی ئەم ناوەندە فەرهەنگییە لە شاری ورمێ بکرێتەوە. هەروەها لە یەکەم هەوڵدانی ئینتشارات بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی مامۆستا پێشنیاری کرد دیوانی نالیو دیوانی وەفایی بچنەوە ژێرچاپ. خۆیشی ماوەیەك زەحمەتی بە دیوانی نالییەوە کێشاو لەسەر هێندێك وشەو ڕوونکردنەوەی مانای شیعرەکان چەند دێڕێکی لە شەرحە پڕ بایەخەکەی مامۆستا مەلا (عەبدولکەریم مودەریس) زیادکرد. جگە لەو دوو دیوانەو کتێبی "شاری وێران" نووسراوی کاك عەلی حەسەنیانی، وەرگێڕانی "سەیاحەتنامەی ئەولیا چەڵەبی" بۆ زمانی فارسیشی بە من سپارد، کە لەو کارەدا زۆرجار بۆ خۆی یارمەتی دەدام. ئەم چوار کتێبەمان وەك یەکەم بەرهەمی کاری ئینتشارات ناردە ژێر چاپو زۆر زوویش بڵاوکرانەوە.

لێرەدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شاعیرو نووسەرە لاوەکان موسابەقەیەکی زانستی - ئەدەبی ڕاگەیەندرا کە دوابەدوای ئەوە سێڵاوی نامەو شیعرو نووسینی لاوەکانو پشتیوانی مامۆستا پایەبەرزەکان بەرەو ئینتشارات کەوتە ڕێ. ئەم پێشوازییە بوو کە فیکری بڵاوکردنەوەی گۆوارێکی ئەدەبی - فەرهەنگی خستە مێشکمانەوە. دیسان نەماندەوێرا ناوی گۆواری لەسەر دابنێین. چونکە گۆوار بە تەنیا یەك ژمارە نابڕێتەوەو لەدوای یەکەمین ژمارە خەڵك چاوەڕوانی ژمارەکانی دواتریش دەبن. بۆیەش نەماندەوێرا کە دڵنیا نەبووین شیعرو نووسراوەی دیکەمان بگاتەدەست، بەڵام مامۆستا دڵنیای کردین کە پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارە لاوەکان هاندەدرێن شتی دیکەمان بۆ ئامادەبکەنو ئەمە بۆ خۆی کارێکی گەورەیە.

مەسەلەی دیکە هەڵبژاردنی ناوی گۆوارەکە بوو، دەبوو ناوێك بێ سادەو لە زمان سووك، خوێندنەوەی ئاسان بێو لەوانەش گرینگتر لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەدەبی فەرهەنگی گۆوارەکە یەك بکەوێو...هەرکەس هاتوچۆی دەکردین پرسیارمان پێی دەکردو ئەویش ناوێکی پێشنیار دەکرد. هەروەك بتەوێ ناو بۆ کۆرپەیەکی نەشمیلانە هەڵبژێری لەڕاستیشدا هەروا بوو. گۆواری ئەدەبی کوردی کۆرپەیەکی نازدار بوو کە نەك هەر دایكو بابێك، بەڵکو هەزاران چاوی کوردی ئەدەب دۆستو نیشتمانپەروەر چاوەڕوانی بوون. دوای ئەو هەموو پرسو جۆیە ناوی "سروە"مان بۆ گۆوارەکە هەڵبژارد. ناوێك کە زۆر خێرا دەنگیدایەوەو هەمووان پێمان باش بوو.

لەوکاتەوە کە بڕیار درا گۆوارەکە بۆ چاپ ئامادە بکرێ کەوتینە خۆ تەیارکردن. نە تایپیستی کوردیمان بوو نەگرافیستو نە کەسێکی وا کە سەری لەم کارانە دەربچێ. بەو دەستوبردەش کەسی وا بەئەزموونمان دەست نەدەکەوت. یەکێك لە برادەرانمان ناردە کلاسی ماشێن نووسی، کە خودا عومری بدا زۆر زوو فێربووو دەستیکرد بە تایپکردنی مەتڵەبەکان بۆ کاری گرافیكو ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانی گۆوارەکەش بە هاوفیکری یەکترو بەکەڵك وەرگرتن لە گۆوارە فارسییەکان دەستبەکاربووینو بەرە بەرە ئەزموونمان دەست دەکەوت. بەخۆشییەوە ئێستا گیروگرفت کەمتر بووەو هەتابێ کەمتریش دەبێ.

بەر لەتایپکردن، شیعرو نووسینەکانمان دەهێنا، مامۆستا دادەنیشت، مژی لە سغارەکەی دەداو گوێی بۆ شل دەکردین، بۆمان دەخوێندەوەو لەهەر جێگایەك بە وشەیەکی ناحەز یا ناڕەسەنو داتاشاو گەیشتباین فڕێی دەداو وشەیەکی ڕەسەنی کوردی لە جێگا دادەنا، بەڕاستی کە وەك فەرهەنگێکی ئامادە بۆ وشە دانەدەماو وەك لە گیرفانی دەربێنێ تەحویلی دەداین. لە هەر جێگایەکیش بە وشەیەکی زانستی یا فەنی گەیشتباین کە لە کوردیدا هاوتای نەبێ ئەسڵی عەرەبی یا فارسی یا تەنانەت ئەوروپایی وشەکەی لە داتاشینی وشە پێ باشتربوو. مامۆستا لەو بڕوایە دابوو کە داتاشینو دانانی وشەی تازە بۆ شتی وا کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا نەبووە کاری فەرهەنگستان یا کۆڕێکی پێکهاتوو لە زانایانی شارەزاو ئەدیبو زمانزانە کوردەکانەو هەرکەس سەربەخۆ نابێ دەست لە کارێکی وا گرینگ بدا. تا ئەوکاتەش کە فەرهەنگستانێکی وا پێکدێ باش وایە هەر لە وشە بێگانەکان کەلك وەربگیرێ، بەڵام قالبی وشەکان بە کوردیو بەپێی

ڕێزمانی کوردی دابڕێژێن. ئەڵبەت لەسەر ئەو وشە داتاشراوانەی کە ئێستا لە زمانی کوردیدا جێگای خۆیان کردۆتەوەو دەکرێ بڵێین هەمووان دەیانناسن (وەك ڕێنووس، ڕێزمان، نووسەر،.....) قسەیەکی نەبوو، گرێ پووچکەیەکی تر کە دەبوو بکرێتەوە ئەوەبوو کە لە هەر لایەکەوە کۆڕێك یا دەستەیەك دەرەتانی لە چاپدانو بلاوکردنەوەی گۆوار یا کتێبیان بۆ فەراهەم دێ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ڕێنووس یا ڕێزمانێکی ستاندارد، هەر کتێب یا گۆوارو ڕۆژنامەیەك بەشێوەیەك بلاودەکەنەوەو بەمجۆرە زیاتر سەر لەخوێنەری کورد دەشوێنن. ئەوە بوو کە ماموستا بە پێویستی دەزانی چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ زمانو ڕێنووسی گۆواری "سروە" دیار بکرێ. بۆ ئەوکارەش بە ڕێنموونی خۆیو بە کەلك وەرگرتن لە هێندێك سەرچاوەی تر زنجیرە وتارێك لەسەر ڕێنووسو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی ئامادەکران کە لە چوار ژمارەی یەکەمی "سروە"دا بلاوکرانەوە.

ماموستا گەلاڵەی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی ئەدەبی کوردی دارشتبوو کە داخی گرانم، بە زیندی سەری خۆی پێکنەهات. لەو گۆنکرەدا دەیویست بە دانیشتن لەگەڵ زاناو ئەدیبە کوردەکانو ماموستایانی خاوەن ڕای هەموو لایەکی کوردستانو دەرەوەی وڵات ڕێنووسو زمانی ئەدەبی ستانداردو پێکهاتنی فەرهەنگستانو هێندێك مەسەلەی گرینگی تر بخرێتە بەر باسو بڕیاریان لەسەر بدرێ. یەکەمین کۆنگرە شەش مانگ پاش کۆچی دوایی ماموستا پێکهاتو تاڕادەیەکی زۆریش لەم ڕێبازەدا سەرکەوت.

خێرو بەرەکەتی وجوودی ماموستا بۆ ئینتشارات تەنیا لەوەدا نەبوو کە وشە لە دەستیدا وەك مێو نەرم بوو. یا بەڕادەیەکی زۆر زیاتر لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە زمانی کوردی باش دەزانیو نووسینەکانی سادەو پەتیو پاراو بوون. داخی گرانم بەر لەوەی بە کامی دڵی خۆمان بەهرەی لێ وەربگرین لە دەستمان دەرچوون. یا کەلكو قازانجی ماموستا تەنیا ئەو چەند شیعرو وتارە تازە نەبوو کە لە چەند ژمارەی "سروە"دا بلاوکرانەوەو ئەگەر خودای تەعالا بە حیکمەتی خۆی هێمنی لێ نەستاندبایەنەوە زۆر بەرهەمی دیکەشی پێشکەش دەکردین. ماموستا هۆی ئیعتیبار پەیداکردنی ئینتشارات بوو. ئەو نەبا بە دەیانو سەدان نووسەرو شاعیری لاوی تازەکار نەدەکرا قەدرو مەنزلەتێکی ئەوتۆ بۆ گۆواری "سروە"و ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردیو وەدەست بێنین. ماموستا مۆمێکی تیشك ئاوێژ بوو کە لە

هەموو گۆشەو قوژبنێکی ولاتەکەمانەوە لە دەوری خڕدەبوونەوەو لەڕووناکایی وجوودی فــەیزیان وەردەگــرت. مامۆســتا کانوونێــك بــوو، پالەپشــتێك بــوو، هانــدەرێك بــوو، ڕێنیشاندەرێك بوو، مورشیدێك بوو کە مریدێکی بێ ئـەژماری لـە خـۆی کۆ دەکـردەوە. ڕۆژنەبوو ژوورەکەی پڕنەبێ لە میوانی کـوردو غـەیری کـورد، ئێرانـیو غـەیری ئێرانـی کە لـە هـەموو لایـەکی ولاتـەوە، تەنانـەت لـە هەندەرانـەوە دەهاتنـە خزمـەتیو لەگـەڵی دادەنیشتنو بەرهەمی ئەدەبی خۆیان پێشکەش دەکـرد. ئەوانـەش کـە نەیانـدەتوانی لـە نزیکەوە زیارەتی بکەن بە ناردنی نامە هەستی دەروونی خۆیان دەردەبـڕیو نووسـراوەو شیعری خۆیان بۆ ڕاستکردنەوەو لە چاپدانی دەنارده خزمەتی، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشو دەست خۆشانەیەك بێ. ڕاستە کە جگە لە وجوودی هێمن، عەلاقەی لاوەکان بـە فەرهەنگو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیان عامیلێکی گرینگی ئەم پێشوازییە بووو ئێستاش کـە هێمنمـان لـەنێودا نییـە هـەر هاتوچـۆی ئینتشـارات دەکـەن، بـەلام بەشـی هـەرە بەکارهاتوویان ئەوانەن کە ئەگەر هـێمن نـەبا هـەرگیز ڕوویـان تـێ نـەدەکردین، ئەوانـە ئێستاش هەر بە بۆنەی ناوی هێمنو یـادی هـێمنو ڕێبـازی هێمنـەوە پەیوەنـدی خۆیـان دەگەڵ ئینتشارات ڕاگرتووە.

جاری وابـوو کـە لەبـەر میـوانی زۆر بـە چـەند ڕۆژانـیش نەمانـدەتوانی تـاوێکی دەگـەڵ دانیشینو مەتڵەبێکی بۆ بخوێنینەوە تا هەڵەکانی بگرێ، یـاخۆ پرسـیارێکی بچـووکی لـێ بکەین. بە ناچار دەگەڵی دەچووینەوە ماڵی خۆیانو لەوێ پرسیارمان لـێ دەکـرد. بـەلام ماڵەکەی لە ژووری کارەکەی پتر میوانی لێ بوو، هەمیشەی خودا جمەی دەهات، ئـەویش نەوەك خزمو کەسو کـاری خـۆی بـەڵکو ئەوانـەی کـە پێـوەی دەهـاتنو پێیـان خۆشـبوو ماوەیەك یا شەوێك لە نزیکەوە لە خزمەتی دانیشنو بەهرەی لێ وەربگرن.

سەرەڕای پیریو بێ هێزی قەت لە کار مانـدوو نـەدەبوو. نـە لـە میـوانی ئیـدارەو نـە لـە میـوانی ماڵـەوە. چـەند جاری وابـووە کـە تـا دوای نیـوە شـەو یـا تـا بـەیان دادەنیشـتین، شیعرو نووسـینی لاوەکانمـان بـۆی دەخوێنـدەوە، هەڵـەکانی ڕاسـت دەکـردەوە، ڕێنمـوونی دەکردنو ڕێگای پێ نیشان دەدان. ئێداره سەعاتی کاری ڕەسمی ڕادەگەیاند، بەلام بۆ ئەو وەختو بێ وەخت مانای نەبوو، جاری وابـوو کـە دەگەیشـتینە بـەر دەرگـا میوانێـك لـە جێگایـەکی دوورەوە دەهـات کـە نەیـدەتوانی یـا نەیدەویسـت دەگـەڵ مامۆسـتا بچێتەوە ماڵێو نەشـدەکرا پێـی بڵێین ئیـدارە تەعتیلـەو ڕۆژی دواتـر وەرەوە. دەگەڕاینـەوەو دوو

سێ سەعاتی تریش لەبەر ئەو دادەنیشتین. جا چ کاتی نیوەڕۆ بایەو چ ئێوارە فەرقی نەدەکرد. زۆرجار لە ماڵێ میوانی وای دەبوو کە تا درەنگ وەخت دەگەڵی دادەنیشتن بۆ ئەوەی زیاتر لە خزمەتیدابن‌و کەڵك لە زانست‌و قسەخۆشەکان‌و بیرەوەرییەکانی وەربگرن، لە وەختی خەوتنەکەشیان دەقرتاند، کەچی بەسەر ئەو هەموو کارو زەحمەتەدا قەتم نەدی تێکبچێ‌و ڕووگرژ بکا. لەوپەڕی ماندووبوونیدا کە دەیانگوت مامۆستا لاوێك هاتووە دەڵێ پێمخۆشە مامۆستا ببینم، نا لە قسەیدا نەبوو. زۆرجار ڕانەدەوەستا کە ئەو لاوە بێتە خزمەتی، خۆی بەرەو پیری دەچوو. چەندجار بە پێخواسی ڕێگای گرتۆتە بەرو لە نیوە ڕێگادا پێڵاوەکانمان پێ گەیاندووە.

ڕەنگ بێ ئەگەر مامۆستا ئەو ئەخلاقەی نەباو ئەوەندەی خەڵك لە خۆ نەهاڵاندبا، دەیتوانی لە گۆشەیەك دابنیشێ‌و چەند هێندی ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا لە دەستماندان، لە ئەزموون‌و زانست‌و هونەری خۆی دەهێنا سەر کاغەز، بەلام ئەو ئەخلاق‌و ئاکارە شەخسیەتێکی بە هێمن داوە کە زۆر لە ئی بەرهەمە نووسراوەکانی زیاترو بەرزترە. ئەو زانایەك بوو کە هەموو شتی بۆخۆی نەدەویست، بەرەی تازە پێگەیشتووی دەخستە سەر ڕێگا، دەستی دەگرتن‌و دارەدارەی پێدەکردن.

هێمن نەیدەویست کە کورد بێ‌و تاقە یەك هێمن, ئەو دەیویست هەموو هەر هێمن بن‌و بە هەق خوێنی ئەوە لە دەماری بەرەی نوێدا دەجوولێتەوەو مەرەکەبی زانستی ئەوە لاپەڕەی شیعرو ئەدەبی ئەمڕۆو داهاتوومانی پێ ڕەش دەبێتەوە.

کاتێك نووسەرێکی لاو دەهات‌و شیعر یا نووسینی خۆی دەردەهێناو خۆشی پێی وابوو کە هیچی نەهێشتۆتەوە، مامۆستا گەورەترین کاری بە دەستەوەبا دایدەناو نووسینەکەی دەخوێندەوە، ئەگەر زۆریش خراپ‌و بێ سوود با نەرم‌و هێدی‌و بە شێوەیەکی دڵسۆزانە بۆ نووسەری شیدەکردەوە کە هەڵەو نەقسی کارەکەی لە کوێدایەو بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکووڕییانە دەبێ چ بکا. لە ئەزموونی سەردەمی لاوەتی خۆی نەقڵی بۆ دەگێڕاوەو بەشێوەیەك پێی حاڵی دەکرد کە نەك هەر نەدەبوو هۆی نائومێدی‌و دڵشکاوی لاوی تازەکار، بەڵکو زیاتری پاڵ پێوە دەنا درێژە بە کارەکەی بدا.

هێمن لە ڕادەبەدەر هیوای بە بەرەی تازە پێگەیشتووی نووسەرو شاعیرە لاوەکان بوو. دەگەڵ ڕێزو ئیحترامێك کە بۆ مامۆستا گەورەکانی دادەنا. کاتێك بەرهەمی پوخت‌و

پاراوی لاوێکی دەدی لە خۆشیان خەنی دەبوو، دەیگوت ئێمەی پیر دەڕۆین، داهاتوو ئی لاوەکانەو هیوای دواڕۆژی نەتەوەکەمان ئەوانن.

**ئاو نەبوو ئەو دەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو**

**ئاو شوکور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم؟**

لە هەمان کاتیشدا مامۆستا گەورەکانی قەت لە بیر نەدەچوو، ئەوەندەی پێی کرابا بە خزمەتیان دەگەیشتو دەیویست "سروە" بە شیعرو بەرهەمە جوانەکانیان بڕازێنێتەوە.

هێمن بە ڕادەیەك خۆ بەکەمزانو موتەوازیع بوو کە تەنیا لە پیاوی وا زاناو بە ئەخلاق شتی وا چاوەڕوان دەکرێ. نەك هەر دەگەڵ ئەدیبو نووسەری کورد، بەڵکو دەگەڵ هەموو خەڵکی وڵاتەکەی ئاوابێ ئیفادەو گەرموگوڕبوو. کاتێك دەگوترا کورد قەدری هونەرمەند نازانێ زۆری پێ ناخۆش دەبوو. دەیگوت: لەوە زیاتر چمان لەم نەتەوە لێقەوماوە داماوە دەوێ کە ئێستا کە شوکر هەر زەقو زیندووین هەزاران منداڵە کوردمان بە ناوکراوە. یا وەك لە "تاریكو ڕوون دا" دەڵێ: "بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد، من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم. کەس تا ئێستا بێ حورمەتی پێ نەکردوونم. داوای دراووماڵیشم لە کەس نەکردووە تا بزانم دەمداتێ یا نا. لە لێقەومانیشدا نانیان داومێو ڕایان گرتووم. شیعریشم بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوەو هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بکەم. ئەوان پێیان ناخۆش بێ یا خۆش من کە شیعرم بۆ هات ناتوانم نەیڵێم."

**(تاریكو ڕوون ٥ – ٤٤)**

لێرەدا بەجێیە ڕواڵەتێکی دیکەی ئەخلاقو ئاکاری هێمن بخەینە بەر باس کە ئەویش بێ بایەخی دنیای مادی بەلای هێمنەوە بوو. ئەوەندەی لە بیرم بێ لەنێو کۆمەڵی خۆماندا تاقە ئینسانێکی ترم نەدیوە بە قەدەر هێمن ڕووی لە مادیات وەرگێڕابێو لەجیهانێکی دیکەدا بژی. ئەوەی قەت گوێی نەدەدایە پووڵو حقووقو داهات بوو، ئەگەریش ویستبای تەنیا لەبەر بەڕێ چوونی ژیانی ماڵو منداڵەکەی بوو، دەنا بەو مەرجەی بتوانێ خزمەت بەزمانو ئەدەبی کوردی درێژە بدا حازر بوو لە سەر بەردی ڕەقی شەقامەکان بخەوێ. جاری وابوو کە کەسی وایان لە ماڵەوە نەدەبوو شتومەکی پێویستیان بۆ بکڕێ خێزانی پووڵی لە گیرفانی دەناو داوای لێ دەکرد فلانە شت بکڕێ.

ماموّستا دەهاتە ئینتشارات دەیگوت لە مالێ ئەو شتەیان دەوێو پوولێش لەوگیرفانەمدایە بوّیان بکرن، بەبێ ئەوەی خوّی رەنگی پوولەکەش ببینێ یەکمان شتەکەی دەکری‌و دەیبردەوە. ئەوەش لەبەر زەحمەت‌و نارەحەتی یەکەی نەبوو، چونکو تەنانەت بوّ کرینی شەمچەیەك یا روّژنامەیەکیش هەر وای دەکرد. ماموّستا هەر پێی خوّش نەبوو فیکرو خەیالی خوّی بە پوول‌و شت کرینێ شتی واوە مەشغوول بکا.

ئەگەر بمەوێ لەم چەشنە بیرەوەرییانە بگێرمەوەو خەسلەت‌و ئاکاری ماموّستا باس بکەم لەم ژمارەدا دەبێ جگە لەوە شتێکی دیکە نەنووسرێ، کەوا بێ پاشماوەکەی بدەینە دەست دوّستانی دیکەو ژمارەکانی داهاتووی ئەم زنجیرە وتارە.

لە کوّتاییدا باسی یەکێکی تر لە بەرنامەکانی ماموّستا بوّ خزمەت بە زمان‌و فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردی دەکەم. لە یەکەم روّژی دامەزراندنی ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردییەوە، یەکێك لە گەورەترین ئاواتەکانی ماموّستا هێمن ئەوە بوو کتێبی خوێندنی پوّلی یەکەمی سەرەتایی بەزمانی کوردی ئامادە بکرێ‌و لەچوارچێوەی قانوونی ئەساسی کوّماری ئیسلامی ئێراندا مندالی کورد ئەدەبیاتی زمانی خوّی بخوێنێ. بەپێی ویستی ماموّستاو لەدرێژەی کارێکدا کە پێشتر دەستی پێکردبوو گەلالەی ئەو کتێبەم دارشت‌و ئامادەکردنی کتێبەکەم دەست پێکرد، بەلام لەبەر کاری زوّرو کەمی ماوە بەداخەوە تەواوکردنی وە درەنگ کەوت. کوّچی دوایی ماموّستا ئەو شانازییەی لە دەست دەرکردین کە ئەویش چاوێکی پێدابگێرێ‌و هەلەکانی راست بکاتەوە.

لە یەکەمین کوّنگرەی ئەدەبی شاری مەهابادا ئەو کتێبە لەلایەن کوّمیسیوّنێکی تایبەتییەوە کە بوّ ئەو کارە

دیاری کرابوو کەوتە بەر لێکوّلینەوە. ئەندامانی بەرێزو خاوەن رای کوّمیسیوّن دوای ئالوگوّرێکی زوّر بەکەلك بەجێ بوّ چاپ‌و بلاوکردنەوە پەسەندیان کردو ماوەیەکە بلاوکراوەتەوە، بەلام ئامادەبوونی ئەو کتێبەش هەر یادگاری ماموّستایەو هاندەری ئەسلی بوّ سازبوونی هەر ئەوە. یادی بەخێربێ.

**گوّڤاری سروە، بانەمەری سالی ١٣٦٩، ژ٤٦، ل٢٥- ٢٩.**

# جێی من پەنا بەردە

**سەرۆ قادر**

لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٥، چوومە شاری ورمێو مەبەستیشم دیتنی مامۆستا هێمن بوو، کە تا ئەو کات لە نزیکەوە نەمبینی بوو. کە دەڵێم چوومە ورمێ، لە شاخەوە لەناو پێشمەرگەکانڕا هاتبووم، لەناو ئەوانەی کە ژمارەیەکی زۆریان ئەو ئەدیبو ئەدەب دۆستانە بوون، چەکیان لە شاندا بووو لە شاخدا پێشقەرە ولایەتی (ئەدەبی بەرەنگاری)یان دەکرد.

هەڵبەت جگە لە باسو دەمەتەقێکانی نێوان خۆمان لە بنکە پێشمەرگەییەکانمان، لە ڕادیۆو نووسراوەی حزبە کوردییە ئێرانییەکاندا بیروڕای جیاجیاو زۆرجار نالایەقمان لەسەر شەخسیەتی مامۆستا دەبیستو دەکەوتە بەرچاو، هەر ئەوانەی لە نزیکەوە سووکایەتیان پێکرد بوو، ئەو کات ........ تۆمەتی (بەزیوی)و خۆفرۆشیان دەدایە پاڵی.

هەر کە لە هۆڵی کتێبفرۆشی (بنکەی صلاح الدین) چووینە ژوورێ پیرەمێردێکی ڕووخۆشو دەم بەپێکەنین ڕاوەستا بوو، بەبێ پرسین زانیم خۆیەتی. زۆر بە گەرمی پێشوازی کردم، منیش پێموت پێشمەرگەمو لەو دیوەوە بە کۆمەڵێك پرسیار هاتوومە دیدەنیت، لێم هاتە پێشو لە نزیکەوە تێیگەیاندم کە ئەو (لەسەر تەنافێکی باریك ڕاوەستاوە)و هەردەم چاودێری دەکرێت، بۆیە ناتوانێت هەموو شتێك بە ئازادیو بە درێژی بڵێت. لە ڕاستیدا هەر واش بوو، چونکە هێمن لە قسەکانی نەبوو بۆوە کە دوو پاسداری فارس هاتنە لامانو یەکێکیان وەك (ڕدێن سپی) ئەم شوێنە کە زۆر بەبێ ئەدەبانە خۆی هەڵدایە باسەکەمانو وتی: (ایشون استاد هیمن هستند، شاعر گرانقدر کرد زبان)، واتە (ئەمە مامۆستا هێمنە، شاعیری پایەبەرزی کورد) نەمهێشت زۆری لەسەر بڕێسێت کە بە ڕەقی وتم: (استاد هیمن هیچ نیازی به معرفی کس ندارد چون خودش به اندازه کافی شناخته شده هستن) واتە (مامۆستا هێمن پێویستی بە کەس نییە بیناسێنێ، چونکە خۆی بە ئەندازەی پێویست ناسراوە). هەستم کرد مامۆستا هێمن زۆر ڕای لەم دەمە تەقەو لێك هەڵبەزینەوە بوو، پاش دەمێك بەجێیان هێشتین، زۆر بەیەکەوە دواینو باسی زۆر شتمان کرد، بەڵام ئەوەی بە دەقی دەیخەمە بەردەم،

ئەوەیە کە نووسیومەتەوە هەر بەوەندەش وازدێنمو بە درێژی گێڕانەوەی ئەم دیدارەم بۆ مەجالێکی تر هەڵدەگرم، ئێستاش دەقی چەند پرسیارەکە:

**★ مامۆستا لەم کاتەدا زیاتر خۆت بە چییەوە خەریك دەکەیت؟**

– هەروەك دەزانن بۆ خۆم لێرە لە ورمێ دانیشتوومو دەستم بە کلاوی خۆمەوە گرتووە با نەیبات، لابەلاش ڕۆژانە دێمە ئێرەو سەپەرشتی دەرچوونی گۆڤاری (سروە) دەکەم، هەوڵیش دەدەم ئەوەندەی بۆم بلوێت، نووسینو کتێبی کوردی بلاوبکرێتەوە. ئەوەی پرسیت ئایا بەرهەمی تازەم هەیە؟ نەوەڵڵا هیچی نوێم نییە، ئێستا شیعر نانووسم، وازم لە شاعیری هێناوە، هەر بۆیەش ئێستا بە خۆم ناڵێم شاعیر. بەرهەمی من ئەوانەی کە لە ڕابردوودا بلاوم کردوونەتەوە. ئەوانەن بەرهەمی ژیانی من.

**★ ئەم دوو شیعرەی لەم دواییەدا بلاوت کردووونەوە، مەبەستم شیعرەکەی (بانە)و ئەویتریان (زێوە)یە، بە چییان لە قەڵەم دەدەی؟**

– ئەم دووانە هیچیان هەڵبەستی من نین، شیعری (مناسەباتن) یان جوانتر وایە بڵێم شیعری (کوتەك)ن.

**★ خۆ لە ڕاستیدا تامی شیعرەکانی تری تۆیان لێ نایەت، ئەگەر ناوی تۆیان لەسەر نەنووسرێت کەس وا هەست ناکات تۆ نووسیوتن.**

– ڕاستە .. (دەستی بۆ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری سروە بردو ئەو شیعرەی تیا خوێندەوە کە خۆی لەسەر (لەیلا قاسمی) داناوە. بەلام ئەوەیان شیعری خۆمە. وەختی خۆی لە عێراق نووسیم، بەلام نەموێرا بلاوی بکەمەوە، وا لێرەدا بلاوم کردۆتەوە.

**★ مامۆستا زۆر بە گۆڤاری (سروە) دڵخۆشیت، بەلام من پێموانییە شتێکی هێندە بێت، چونکە زۆر ئازاد نییە، بۆیە دەڵێم ناگاتە گۆزینگی ئەو گۆڤارانەی لە عێراق لەژێر سایەی فاشیزم وا بلاودەکرێنەوە، وەك (کاروان)و (بەیان)و.......**

– نا، نا کوڕە ئینسافت هەبێت، ئێمە لەم گۆڤارەدا یان بڵێم لە کوردستانی ئێراندا پتر ڕوو لە ئەدەب دەکەینو سیاسەتمان بۆ ئێوەی کوردستانی ئەو دیو بەجێ هێشتووە.

**★ مامۆستا پێتوایە بەم چەشنەو لەم وەزعەتدا دەتوانی خزمەتی ئەدەبی کوردی بکەیت؟**

– من هەوڵی خۆم دەدەم، لە وەختی خۆیدا ئەدیبە فارسەکان لە کاتی دیکتاتۆری حەمە ڕەزادا لەناو ئێران توانیان هەندێك مەجال بۆ پێشخستنی ئەدەبی فارسی بدۆزنەوە.

بـەکردەوەش لـە توانـای هـاتن‌و کردیـان، مەبەسـتم کەسـانی وەك مـەحموود دەوڵـەت ئابادی‌و ئەحمەدی شاملۆو .... خەڵکی تری لەمجۆرەیـە، وەك دەبیـنین وا ئێسـتا گۆڤـاری خنجیلانـەی (سـروە) دەردەکـەین، شـتی باشـی زۆر تێدایـەو حـەزیش دەکـەم گەنجـەکان بەشداری تیا بکەن. هەروەها (دیوانی نالی)شمان لە چاپ داوەتەوە، لەم وەزعەدا ئەوەنـدە کەم نییە.

**★ مامۆستا هێمن دەبـێ بمبووریـت، بـەڵام لـەم دواییـەدا ژمارەیـەکی زۆر لـەو کەسـانەی خۆشیان دەوێیت، گلەییت لێدەکەن، پێتوایە تۆ جێگات ئێرەیە؟**

– من ئێستا لەسەر تەنافێکی زۆر باریکدا لە یاریکردن دام‌و ئەگەر وریا نەبم سەرم تێدا دەچێت. (بۆ ئەوەی هـیچ کـەس لـە قسـەکانی تێنـەگات بـە زاراوەی پـوختی کوردسـتانی عێراق دەدوا چونکە جاری یەکەم بە زاراوەی کوردستانی ئێران قسەی دەکرد کـە وشـەی فارسی زۆر تێدابوو)، ئێمـە لـە کوردسـتانی ئێرانـدا شۆڕشـەکەمان....ئـەگینا شـوێنی مـن ئێرە نییە، جێی من پەنا بەردە، دەبوو لە پەنا بەرداندا بمرم نەك لێرەدا.

**ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٣٤)، ١٩٩٣/١٢/٣٠.**

# یادێك لەمامۆستا هێمن

**ناسری ڕەزازی**

بیرەوەریی ئەو ڕۆژو شەوە خۆشانەی پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، هەرگیز لە بیر ناچنەوە. ئەو ڕۆژو شەوانە هەمووی هیواو شادیی و شەپۆلی ئازادی بوون. هیوای خەڵك بە گشتی و بەتایبەت گەلی کورد لە کوردستان وابوو کە لەمەودوا، فریشتەی ئازادیو ئاسایش بەدەمیانەوە پێدەکەنێ و کوردستانیش دوای ساڵەهای ساڵ جەخارو ئازارو تێپەڕاندنی هەورازو لێژی سامناکی سیاسی و پاشکەوتوویی دەستی چەوساندنەوەی نەتەوەی زاڵ و حکوومەتی ناوەندی، هەناسەیان دێتەوە بەرو، تۆزی مەینەتی لەسەر ژیانی خۆیان دەتەکێنن و سەرلەنوێ دەبوژێنەوە و بەرەو لووتکەی سەربەرزی هەنگاو هەڵدێننەوە.

ئەو ڕۆژو شەوانە، هەمووی هەر پێکەنین و خۆشی و هەراو هەڵپەڕکێ بوون. لەسەرانسەری کوردستان و بەتایبەتی لەسنەی ئێمەدا، شنەبای کوردایەتی هەڵیکردبوو، خەڵك لەو پەڕی دڵا وایدا بەخۆیاندا دەچوونەوەو هەرچی پتر خۆیان کوردانە دەڕازاندەوە. کەنیشکی باڵابەرزی جوانی سنەیی، بەبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و سەدان جۆری کوردییەوە، ئەوەندەی دیکە خۆیان دەنواندو نیگای نازیان بەلای لاوی جوانشیرین و کەواو پانتۆل لەبەردا دەهاڵاند. شارەکەمان پەلکە زێڕینەیەکی تێکەڵاوی سیاسەت و پێشمەرگەو شیعرو موزیکای کوردی بوو. لە حەفتەدا بەدەیان شایی و زەماوەند دەکرانو ڕواڵەتی شاریان پتر دەنەخشاند. ئازادییەکە هێندە گەرم و هیوادەربوو، کە خەڵکی سنە بەرە بەرە، کارەساتی دڵتەزێنی شەڕی نەورۆزی ١٩٧٩ یان لەبیر دەبردەوەو، بیریان لە داهاتوویەکی ڕوون و گەیشتنی کوردان بەمافی ڕەوای خۆیان دەکردەوە، بەڵام...؟؟

ئا لەو ڕۆژو شەوانە و لەو سەرو بەندانەدا بوو، کە شاعیری مەزن و پیری دڵسووتاوی ڕێگای کوردستان، مامۆستا هێمن، بۆ یەکەمجار دوای گەڕانەوەی پێی نایە شارەکەمان .

ئێوارەیەکی هاوینی هەر ئەوسەردەمە، لەگەڵ چەند هاوڕێ، لەقان لەقان بەرەو بان پردی کەمانگەرو لەوێشەوە سەرووتر بەرەو ئوستانداری هەڵکشاین. کە گەیشتینە ئەوێ، کاتێ ئاوڕمان داوە، دیتمان بەر تالاڕی فەرهەنگ وهونەری سنە، یان (سەمعی و

بەصەری) كۆن، كە بەرانبەر بە ئوستانداری بوو ، جەنجاڵە، ئەگەر چووینە پێش دیتمان دەنگی خوێندنەوەی شیعر دێ. بەحوكمی ئەوەی كە سنە جێگای لەدایكبوونمەو بۆ مەسەلەی گۆرانی لەوێوە سەرم هەڵێناوە، خەڵكەكە دەیانناسیم ، گوتیان ئەوە فلانە كەسیش هات و بە چەپڵەڕێزان بەرێیان كردمە سەر شانۆ.

بەڵێ ئەگەر وەسەر كەوتم، لەبەر دڵە كوتەو دیتنی مامۆستا هێمن و كۆڕی شیعرەكە، كە بەكوردی بوو ئاگام لە خۆ نەمابوو. لەو كۆڕەدا، بێژكە لە مامۆستا هێمن، كاك عوسمانی ئەحمەدی و كاك بیهرۆزی كورد ئەحمەدی و كاك ئەمیری پاشاخانی وچەن كەسی دیكە بەشدار بوون.

لەلایەن كۆڕەكەوە بەخێراتنی من كراو. منیش سپاسی برادەرانم كردو دانیشتم. لەوكاتەدا مامۆستا هێمن، شیعری (ناڵەی جودایی) ی دەخوێندەوە. دوایان لێ كردم كە ئەو شیعرە بە مەقامێك بڵێمەوە، بەلاّم من گوتم دیتنی مامۆستا هێمن و گەشیو خۆشیی كۆڕەكە وەها دایگرتبووم كە جارێ ناتوانم هیچ بڵێم. برێك تامڵم لێ بگرن، ئەوسا بەسەرچاو. بەڕاستی ئەوەندە دڵەكوتە دایگرتبووم كە بەخۆمەوە نەمابووم، چونكە پاش چەند ساڵ بندەستبوون و ژێردەستەیی، بەرێوەبردنی كۆڕێكی ئەدەبی بەكوردی و بێ سانسۆر ئەویش لە(سنە)، بۆمن ڕووداوێكی لەپڕو گرنگ بوو.

مامۆستا هێمن و كاك عوسمان و كاك بێهرووز شیعریان خوێندەوەو منیش گۆرانیم گوت. مامۆستا هێمن فرە زانایانەو مامۆستایانە، سەبارەت بەشیعر بەگشتی و شیعری كوردی بەتایبەتی قسەی كرد وبیروڕای خۆی دەربڕی. چەند كەسێكیش سەبارەت بەهێمنو شیعرەكانی قسەیان كرد كاك بێهرووزیش هەر لەو بارەوە وتارێكی خوێندوە. لەسەر داوای بەشداران، مامۆستا هێمن شیعری عشق وئازادی خوێندەوەو .كە گەیشتە ئەوبەندەی: هەتا چارشێو بەسەرتۆوە دەبینم نازەنینی كورد. یەكێك لەكچەكان خۆی پێ ڕانەگیراو هەستا گوتی: ئێمە تا تۆمان هەس، چارشێو فرە ئاین. تا شاعیرێ وەك تۆ هاوارمان بۆ بكا، ئێمە ئیفتخار ئەكەین ... لەناكاو بوو بە چەپڵەڕێزان، مامۆستا هێمنیش ناچار بوو...ماوەیەكی باش ڕاوەستێ، تا خوێندنەوەی شیعرەكەی درێژەی پێ بدا...

بەڵێ كۆڕ دوایی پێ هات ، ئەوكاتە كاك برایمی یونسی ئوستانداری سنەبوو. ئەویش لەوێ بوو . كاك برایم و زۆر كەس داوایان لەمامۆستا هێمن كرد شەو میوانیان بێ،

بەلاَم مامۆستا هێمن گوتی دەڕۆم بۆ ماڵی ناسرو دڵی منی نەشکاند، منیش ئیتر بیرم لیَ کردەوە کە سەعات (٩) یەو چوونەوە بۆ ماڵ کە لەپڕەو لەوانەیە هیچ خواردنێك بۆ کۆمەلێك میوان ئامادە نەبیَ و ئەگەریش ببیَ بەش ناکا، تەلەفوونم بۆ میوانسەرای سنە کردو جێگەم گرتەوەو ، بەکۆمەڵ هەمووومان چوین بۆ ئەویَ.

نانمان لەمیوانسەرا خواردو هاتینەوە بۆ ماڵی خۆمان. لە ماڵیَ، مامۆستا شیعرێکی خوێندەوەو هەندیَ قسەی سەردەمی دەربەدەریی خۆی و چۆڵبوونی بەغدا لەکوردو کاتی ئاشبەتاڵ و دانانی نالەی جودایی بۆ کردین. ئەوسا شەو درەنگیَ، برادەرانی حیزب مامۆستایان بردەوە بۆ لای خۆیان. کاسێتی دانیشتنی ئەو شەوەم هەر لاماوە چەند ڕستەیەك لەقسەو باسی دانیشتنی یەکەم ، ساڵی ١٩٧٩:

لە پێشدا باسەکەمان لەسەر (حەسەن زیرەك)، دەستی پێکرد، پاشان هاتە سەر شیعر مامۆستا لێرەدا گوتی: کاکە کە ئاشبەتاڵ دەستی پێکرد ، ئەمن یەئسێکی گەورە دایگرتم، شیعری سازی ناساز هی ئەو سەردەمەیە کە ناهومێد بووم: دوکتۆرێکی خەڵکی چەمچەماڵ لەویَ بوو، گوتی: بە خوا ناهومێدی تێدایە، مامۆستا هێمنیش گوتی: وایە بەلاَم لێم گەڕێن. با ڕۆژێکیش بۆ خۆم بم ؟ کاکە من دووجار غەریبیم بەسەردا هاتووە. من لەئیراق، کۆمەلێك دۆست و ئاشنام لە خۆخڕ کردەوە، کەچی لەپڕڕا ، بەغدا لەکورد چۆڵ بوو ، کوردەکانی خۆشمان ئەوانەی ئێران، زۆربەیان چوونەوە ئەورووپاو من بە تەنیَ لە بەغدا مامەوە. ناڵەی جودابیم لەو وەختەدا گوتوە. دڵنیاش بە ئەگەر مەسنەوی مەولەویم بە دەستەوەبا هەر ئەوەم دەخوێندەوە و غەمی خۆم پیَ بە بادەدا ، بەلاَم مەسنەوی نەبوو، بیَ مەسنەوی ناڵەی جودابیم دانا.

پاش گوتنی گۆرانیی (بلوێری شوان) کە شیعری مامۆستا هێمنەو کاك محەمەدی ماملیَ گوتوویەتی، مامۆستا گوتی: کاکە ئەو شیعرە وەکو دوێنیَ شەو باسم کرد، شیعری سەرەتای شاعیریمە، هی وەختێکە کە لاو بووم ، وەڵلاَهی دە وەختێکدا بوو کەزۆریش لاو بووم، بەخودای دەسڕۆیشتووش بووم و زۆریش دەوڵەمەند بووم، بەلاَم خەمی میللەتەکەم وای لێکردبووم کە ئەو شیعرە بڵێم. ئەوە بەخەیاڵی خۆم سەرەتای شاعیریمە، کە پێموایە تاریخی (١٩٤٦) ە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. دە وەختی لێقەومانمدا بوو، چونکە ئەو دەمیش هەر پێموابوو کەمیللەتەکەم زۆر بەدبەختە.

بەداخەوە ئەو دکتۆرەی کەپێشتر ئاماژەم پێکرد ولە دانیشتنەکەدا بوو، هەر فرجەی نەدەدا مامۆستا هێمن قسەکانی تەواو بکا. مامۆستا هەر قسەیەکی دەکرد ئەو دکتۆرە خۆی تێ دەقوڵتاند و قسەکەی مامۆستای  نیوە چڵ دەکرد. پیاویش شەرمی دەکرد بڵێ کابرا قسەکانی مەبڕە؟ ساڵی ١٩٨٢ کەمامۆستامان لە شیلاناوێ دیتەوە گوتی: بەخێر بێن، بەلاّم جارێ پێم بلێ بزانم ئەو دکتۆرەتان لەگەڵ نییە؟؟

ڕۆژی دوایی لە تەلە ڤزیۆنی سنە، کۆڕێکیان بۆ ڕێك خست. پرۆگرامەکە ڕاستەوخۆ بلاّو دەبووەوە، دوای پرسیارەکانی وان و وەلاّمەکانی مامۆستا، داوایان کرد شیعرێکی خۆی بخوێنێتەوە مامۆستا  گوتی: ئەگەر ڕێگام بدەن ، پێم خۆشە کاکە بێهرووز شیعرێکی من بخوێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو شیعری من دەخوێنێتەوە... تازە دەزانم چم گوتووە. دیوانی ناڵەی جودایی یان لەبەر دەستدا بوو ، کاك بێهرووز کە کردییەوە ، شیعری (ئێوارەی پایز)ی هاتە بەر دەست دەستی بە خوێندنەوەی کرد مامۆستا بە دوای هەر بەندێکدا سەری ڕادەوەشاند دیاربوو بەبەرنامەکەو ئەو هەوایەی کە تێیدا بوو، زۆر کەیف خۆش بوو. با ئەویچە بێژم: لەسەر داوای خەڵکی سنە ئەو بەرنامەیە دوو سێ جار بلاّوکرایەوە. ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیان مامۆستامان برد بۆ داوێنی (چیای ئاویەر)و (لەکانی شەفا) بارو بنەمان لێ ڕاخست و دانیشتین. مامۆستا لەو بەرزاییە ، دەستی کرد بە سێبەر بۆ چاوی و، بەدەم ڕامان بە بەدیمەنی جوان و سیحراویی سنەوە ، کە وەك تابلۆیەکی ڕەنگین و زیندوو لەبەر ڕۆژ دەدرەوشایەوە. گوتی ئەمجارە سنەمان بە هەموو فەرهەنگ و زانست و دڵسۆزی و جوانییەوە لەگەڵەو قەت دوژمن دەرۆستمان نایە.

ئەو ڕۆژە دوای ئەو قسەیە، بیرم لەوە دەکردەوە کە: ئەگەر ساڵەکانی ٤٥-٤٦ ، کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، هەر لە ناوچەی موکریان قەتیس مابووەوە، لەو چوارچێوە تەنگەبەرە بهاتبایە دەرو هەموو  کوردستان و بەتایبەت کوردستانی ئەردەلانی گرتباوەو، فێڵ و تەڵەکەی ئیمپریالست و دا گیرکەرانی کوردستانی لەسەر نەبا، چارەنووسی ئەو حکوومەتە جوانەمەرگە وانەدەبوو و ڕەوەندی شۆڕشی کوردستانی ئێرانیش ئەوە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

ئەو سەفەرەی مامۆستا هێمن بۆلای ئێمە، بیرەوەرییەکە کە هیچ کات لەبیر ناچێتەوە، بڕوا بکەن لە لایەن خەڵك و بەتایبەت کیژو کوڕی لاوەوە، پێشوازییەکی وەها شازو

گەرمی لێکرا کە هەر لەیەکەم وشەکانی سەر زاریدا ، پیاو دەیتوانی لەرزەو لەرەی ئەو خۆشی و ڕەزامەندییە، کە مامۆستا تووشی هاتبوو، هەست پێ بکا. هەرئەو ڕۆژە شیعری (سنە)ی کە تازە نووسیبووی و، بەم دوو بەندە دەستی پێدەکرد، بۆ خەڵك خوێندەوە:

**لـــــەمێژە ئاواتی منــــــە**

**بــبینم وڵاتــــــی سنــــە**

**زێدی کۆن وڕەسەنی کــــورد**

**بەدرێژایی تەمەنی کــــورد**

مامۆستا لەو شیعرەدا هەستی بەرزو ئاگراویی خۆی بەرانبەر بەشاری ئێمە. وەك کانگای فەرهەنگ و زانست، سەنگەری خۆڕاگری و حەماسە، مەکۆی پەروەرینی دەیان زاناو شاعیرو نووسەرو هۆزانی گەورەی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان دەربڕیووە کە وەختی خۆی هاتوون و لە قوتابخانەکانی سنە، لە بەردەست مامۆستایانی بە نێوبانگو زانا، تۆشەیەك لە زانست و پێشکەوتنیان لەگەڵ خۆیان بەدیاری بردووە.

دیارە بۆ ئێمە کە لەوکاتەدا شەیدای شۆڕشی نەتەوایەتی و. خولیای شیعرو ئەدەبو موزیکای کوردی بووین ، هاتنی مامۆستا هێمن و چاوپێکەوتنی و لەتەکیابوون، وەکو خەون وخەیاڵ وابوو، ئێمەمانان هێمنمان لە (تاریك و ڕوون) ی خەیاڵماندا و بەرهەمەکانی دیکەی دەهاتە بەرچاو. پێمان وانەبوو ڕۆژێك دێت. کە مامۆستا بەسیمای شیرینیەوە، بەدەممانەوە پێ بکەنێ و، کاتێك کە شیعرەکانی خۆیمان بەڕەوانی وجوانی بۆ بخوێنێتەوە. فرمێسکی ڕەزامەندی بەچاویدا بێتە خوار و بەتاسەوە مژێکی دیکە لە جگەرەکەی بداتەوە.

**قسە خۆشەکانی مامۆستا:**

لەو ڕۆژو شەوانەدا کە لەگەڵ مامۆستا هێمن و هاوڕییەکان کۆ دەبووینەوە، فرە جار دەبوو بە دەمەتەقەی شیرین و پڕ لەمانای دوو زاراوەی موکری و ئەردەڵانی.جارێکیان مامۆستا هێمن بە زاراوە ڕەوان و پاراوەکەی کە دەتگوت بەسەر مەخمەڵدا باز دەدا، قسەی دەکرد، ناخلاّف کوڕێکی (سنەیی) ی خوێنگەرم لە کۆڕەکەدا کە خۆماڵی بوو، هەڵیدایە و بە ئەردەلانییەکی تۆخ گوتی: مامۆستا گیان قوربان خوەت و شیعرەکانۆ بم، ئومێوارم هەمیشە هەرخوەش بی و هەربکەنی!! مامۆستاش بە حازر جوابی بزەیەکی

هاتیٚ وگوتی: جا ڕۆڵەگیان ئەگەر هەربکەنم، ترپترەم دەپسیٚ و هیچ ولأت ناهیٚڵم!! ئیتر کیٚ ما لەبەر پیٚکەنین وشیکردنەوەی (کەنین وپیٚکەنین)، بۆ هەردووك لا ...

وەك باسمکرد، کاتیٚك لەگەڵ مامۆستا هیٚمن و هاوڕیٚیان چووین بۆ کانی شەفا، پاش سازکردنی کەباب و خواردن و خواردنەوە و قسە وباس و جەفەنگ و گەپلیٚدان، گەڕاینەوە بۆ ناو شاری سنە. شەو بڕیارماندا کە بەیانییەکەی بڕۆین بۆ مەریوان. نازانم لەبەرچی بوو، گیانی مامۆستا هیٚمن لیری دەرکردو پیٚستی دەست و سەروچاو ولەشی سوور هەڵگەڕان و ئەستوور بوون.کە چووین بۆ مەریوان ، میوانی کاك مەحموودی ئاشتیانی بووین.کاك مەحموود لەمامۆستای پرسی: قوربان بەلاٚ دوورە ئینشاللاٚ، ئەوە بۆ وات لیٚ هاتووە؟ مامۆستا هیٚمنیش وتی: هیچ, کانی شەفا کاری خۆی کرد! کاك مەحموودیش وتی: کانی شەفا بۆ قوربان؟ مامۆستا هیٚمنیش گوتی: وەڵلاٚهی لەگەڵ برادەران چووین بۆکانی شەفا، ئاوی ئەویٚم خواردەوە، بەلاٚم باش بوو کاری لە خواریٚ نەکرد وە لەسەرەوە لیٚی دام!!

کاتیٚك لەگەڵ مامۆستا هیٚمن لەمەریوان بووین، من وکاك سیرووسی چابوککاری و کاك فەرەیدوونی جەلال پیٚنجویٚنی و چەند کەسی دیکە کە ناتوانم نیٚویان بیٚنم، ئیٚوارەیەکیان تۆشەوبەرەی خواردن و خواردنەوەیەکی باشمان هەڵگرت و لە خزمەت مامۆستا هیٚمندا، چووین بۆ زریٚوار. بەڕاستی بۆ هیچ کامیٚکمان ئەو ئیٚوارەیە فەرامۆش نابیٚ. باسی زۆر هاتە گۆڕیٚ. چ ئەدەبی، چ سیاسی، چ کۆمەلایەتی و هی دیکەش شویٚنەکەمان تەریك و کل بوو.کەسمان بەسەردا نەدەهات. مامۆستا هیٚمن سەرگوزیشتەی سەردەمی لاوەتیی خۆی بۆ دەگیٚڕاینەوە، ئەمە هەموو گیانمان ببوو بوگویٚ. مامۆستا گوتی، مەلا رەحیمی ئیبنوعەباسی، مەلای ئاشیگولاٚنیٚ بوو، مانگی ڕەمەزان، من ودۆستیٚکی دیکە، کە سەردەمی لاوەتیمان بوو، چووین بۆ لای بۆ جەژنە پیرۆزە. دوای نانخواردن، چووین بۆ مزگەوت، بۆ هەلگرتنی دەسنویٚژ، مەلا رەحیم دەرسی فەقیٚکەریی لیٚ دەگوتەوەو ١٢ سوختەی لەلابوو هەموویان بەڕۆژوو بوون. وەیان زانی ئیٚمەش بەڕۆژوین! لەو کاتەیدا کە لەسەر حەوز دەستنویٚژمان هەڵدەگرت، یەك لەفەقیٚکان، کە خەڵکی شیلاناویٚ بوو، لەپەنا دەستمەوە پیٚی گوتم: مامۆستا ناشیٚ شەشەکانیش نەگری؟ گوتی ئەمنیش گوتم: بە خودای کاکە ئەو گووەی بەمن ناخوریٚ!!

**مەهاباد و چوونمان بۆ ماڵی مامۆستا هێمن:**

لەوماوەیەیـدا کـە لـە کوردسـتان شـەڕ وپێکـدادان بـوو، مـەهاباد لـەژێر کـۆنترۆڵی پێشمەرگەدابوو من و مەرزیەش چووین بۆ ئەوێ بۆ ماڵی (دۆسـتێکمان). نـازانم دەلیلـی چـی بـوو کـە ئێمـە لـەماوەی ئـەو چـەند ڕۆژەدا، نـەمانتوانی بچـین بـۆلای مامۆسـتا. ڕۆژێکیـان لـەو ماڵـە بـەنیازی بـازاڕ هاتمـە دەرێ، لەسـەرکۆلانی گەڕەکەکـەیان ئەوەنـدەم زانی مامۆستا هێمن بەرەو خوار دێ. ئەگەرمنی دیت، زۆری پێ سەیر بوو. گـوتی ئـەرێ ئەوە لێرە چ دەکـەی؟ ئـەمنیش زۆر تێکچووم، فریـای ئـەوە نەکـەوتم کـە درۆی بـۆ سـاز کەم. گوتم وەڵلا ئەوە لەگەڵ مەرزیە ، لەماڵی فلاڵنـە کەسین. گـوتی باشـە ئـەمن لەسـنە هاتمە ماڵە بەقوڕگیراوەکەی تۆ، تۆش ئەوە چەند ڕۆژە لێرەی ئـەدی چۆن سـەرێکت لـە کاولاشەی ئەم مامە پیرەیەی خۆت هەڵنەهێناوە، گوتم هەقتەو ئێـوارە دوای سـەعات (٤) لەگەڵ مەرزیە دێینە خزمەتت. گوتی خـۆ ئـەمن شـێخ نـیم بێنـە خزمـەتم . بـەخودای لەقەلأدزێ ڕا ویسکیان بۆ هێنـاوم. ئەگـەر نەیـەی لەقیسـە خـۆت داوە. مامۆسـتا بەپەلـە بوو.منیش بەلێنم دایە کە ئێوارە ببین بە میوانی و لەیەك جوێ بووینەوە هەرئەوکاتە کە هێشتا ئەوەنـدە لـەماڵ دوورنەکەوتبوومـەوە، چوومەوە بەمەرزیـەم گـوت. مامۆسـتا هێمنم دیت و ڕووداوەکەم بۆ گێڕاوەو، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە گوتی زۆر باشـە، ئێـوارە بڕۆین. ئێوارە چووین بۆ ماڵی مامۆستا هێمن. کاك سەلاحی کوڕی و ژنەکـەی هـاتن بـە پیریمانـەوەو، وەژوورکـەوتین. مامۆسـتاو خێزانـی بـەدیتنی ئێمـە زۆر کـەیفیان بـزووت. مامۆستا ویسکییەکەی هێنا  لێمان خواردەوەو دەسمان بەقسەوباس کرد. مامۆستا لەمنی پرسی  مەرزیە لەگەڵت چۆنە؟ منیش گوتم زۆر باشە، بۆ؟ وەڵلاهـی ئـەمن شـەوێ کـاتی خەوتن، کە شیعرم بۆدێ، هەڵدەستم  گلۆپەکە پێ دەکـەم بینووسمـەوە، کەچـی ژنەکـەم دەڵێ بیکوژێنـەوە بـا خەوەکـەمان نـەزڕێ، ئیـدی شـعرەکەی منـیش لەگـەڵ گلۆپەکـە دەکوژێتەوە؟ لەوکاتـەدا مامۆسـتا، کتێبـی (ناڵـەی جودایی)ی لەبەردەسـت خـۆی دانـابوو دەسـتی بـۆ بـرد چـەند لاپەڕەیـەکی هەڵداوەو گـوتی  ناڵـەی جـوداییم لـەتۆ بیسـتووەو چاکیشـت گوتۆتـەوە. ئەگـەر پێتکـرا، شـتێك لەسـەر ئـەم شـیعرەش کـەنێوی (ماچـی خودایی)یە، دانێ‌و بیڵێ.مامۆستا شیعرەکەی بۆ خوێندمەوە ومنیش گوتم بـێ زەحمـەت بمدەیە بـا چـاوێکی لێ بکـەم، مەرزیـەو ئـەو دۆسـتەی کـە میـوانی بـووین شـایەتن، پـاش

هەندێك ڕامان، ئەو گۆرانییەم کە ئێستا لەکوردستان لەزۆربەی مالأن هەیە، لەسەر داناو بۆم گوت.مامۆستا گەلێکی پێخۆش بوو.

لەلای مامۆستا هێمن گەڕاینەوە بۆماڵی دۆستەکەمان، دیتمان دووکەس دانیشتوون کە چووینە پێش، کاك مەلا محەمەدی جوانڕۆیی و کاك فاتح ڕەسووڵ بوون کە تازە گەیشتبوونە مەهابادو بەبۆنەی مەلأڕەسووڵی پێشنمازەوە هاتبوون. ئەو شەوەشمان لەگەڵ ئەوان بەباس وگوت و بێژ لەسەر کۆمەڵەو دێموکرات بردەسەر.

مەلا ڕەسووڵ هەر ئەو ئێوارەیە سەختی لێ کردین کە: محی الدین ئاغای بابانزادە کومیتەی ناوەندی حزبی دێمۆکراتی بانگهێشتووە بۆ باغەکەی خۆی (باغی دۆستاڵی) و ئێمەش میوانین.

بەڵێ بەیانی بەخاو خێزەوە چووین بۆ ماڵی دۆستاڵی.کە گەیشتینە ئەوێ. دکتۆر قاسملوو،کاك عەزیزی ماملێ، مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، مامە غەنی بلووریان، مامۆستا هێمن، مەلاغفوری شاعیری نابینا، کاك ڕەسووڵی بابان زادەو کۆمەڵێك پێشمەرگەی حیزب لەوێ بوون. سفرەوخوانێکی باشیان ڕازاندبووەوە. پاش دانیشتن، دەستکرا بەخواردن و خواردنەوەو قسەی خۆش و باسی ئەدەبی و سیاسی و هەمەڕەنگ. دەیانزانی گای ئێمە بەلای کۆمەڵەدا دەقۆڕێنێ، هەندێك سەریان کردە کاوڵی ئێمەو بڕێك سابلأغیانە دایانگرتین، بەلأم ئێمە هەر کۆڵمان نەدەدا؟

دەمەتەقێی سیاسی بوو بەبەزمی گۆرانی.یادی بەخێر،دوکتور قاسملوو،داوای گۆرانیی سەیزادەی لێکردم دیارە ئەو سەیزادەیەی کە من لەتەلەڤزیۆنی سنە، (لەکاروانی شیعرو گۆرانی) دا گوتوومە، نەك سەیزادەی کاك محەمەدی ماملێ.ئەو گۆرانییەشیان لەبەرئەوە داواکرد، چونکە کاك ڕەسووڵی بابانزادە حەزی لەسەیزادەیەك دەکرد کە ئێستا هاوسەرن و پێکەوە لەسوێد دەژین. منیش گۆرانییەکەم دەست پێکرد. ئەگەر دەمگوت، دوکتورو برادەران، ئەو گورانییەیان لەگەڵم دەگوتەوەو، منیش لەوەی کە سەربەندەکەیان بۆ دەستاندمەوە، ئەوەندەی دیکە لەسەر زەوقی گووتنی بووم.

مامۆستا هێمن سەرخۆش بوو، ڕووی لەمەرزیە کردو بە گاڵتەوە گوتی: دەمانچەیەکم هەیە لەگەڵ کلأشنکۆفێك و شەست فیشەك، ئەگەر پێش بەکاری هونەری ناسر بگری، دەتکووژم، مەرزیەش گوتی مامۆستا دەزانم خۆت داخ لەدڵی، ئەمن قەت نەبوومەتە هۆی ئەوە کە ناسر پشتی لە هونەرەکەی سارد ببێتەوە.

پاش خواردن و خواردنەوەو تێربوون، شووشە بەتاڵەکانیان بەنیشانە داکردو فیشەکێکی زۆری حیزبیشیان کە لە ئێراقەوە بۆ دەهات بە خۆڕا پێوەنان و، وردە وردە، بەرەو شاری مەهاباد بووینەوەو بەیانیەکەی مەهابادمان بەجێهێشت و بەرەو سنە گەڕاینەوە.

**من و مامۆستا هێمن و شێلاناوێ:**

ساڵی ۱۹۸۲ کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین، لە(کۆڕی هونەریی بانگەواز)ی کۆمەڵە، منو کاك فەریبورزی فەخاری و کاك نەجمەدینی غولامی، چووین بۆ حاجیا ڵیکەند، بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگێك بەیادی شەهید جەمالی موفتی، لەوێ من وتارێکم لەسەر هونەری شۆڕشگێڕانە خوێندەوەو پاش تەواوبوونی پڕۆگرامەکە، داوامان لەکاك ڕزگاری سابلاغ کرد کە بەرێمان کا بۆ شێلاناوێ لای مامۆستا هێمن. ئەویش سەفەرەکەی بۆ تەدارەك دیتین و لەگەڵ کاك کەریمی قادری، کاك سیامەندی موعینی، کاك محەمەدی حەسەنخاڵی، کاك فارووقی بلووری، کاك فەریبورزی فەخاری، کاك نەجمەدینی غولامیو کاك ڕەحمەت، لەگوندی (حاجی ئاڵیکەند) ەوە چووین بۆ شێلاناوێ بۆ لای مامۆستا هێمن، هەر کە گەیشتینە ئەوێ و مامۆستامان دیت، لەگەرمەی چاك وچۆنی و بەخێراتندا ، گوتی:ناسر گیان دوێنێ خواردوومەتەوە ئەمڕۆ هەڵیدێنمەوە !

هەر لەمەزراکەی خۆیدا دانیشتین ودەستمان بەقسەو باس کرد. مەلا حەمەدەمینی دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینیش، کە لە شێلاناوێ دادەنیشت، هات و تێکەڵ بە کۆڕەکەمان بوو. مامۆستا هێمن لەپێشدا شیعرێکی تازەی خوێندەوە بەنێوی (ڕنووی ئاگری) ی، کە بەچیای ئاگریدا هەڵیداوە. پاشان گوتی. تێدەگەی کە چیای ئاگری سەر بەگڕکانەو یەکەمین کێوە لە کوردستان، کە شۆڕشی کوردی تێدا هەڵگیرساوە کاك کەریمی قادری گوتی مەبەستت چیای ئاگری داغە؟ مامۆستا هێمنیش گوتی: چیای ئاگری هەر نێوی (ئاگری) یە؟ ئەوە تورك وشەی (داغ) یان پێ زیاد کردووە، دەنا لەبنەڕەتدا ئاگرییە، چیایەکی زۆر سەیرە، من بەتەیارە بەسەریدا ڕۆیشتووم دیارە بە وانێکەوە نەمدیوە!.

من گۆرانیی (لەسەر ئارێزەوە) م بۆ گوت، مامۆستا گوتی بە ڕاستی هونەرە، من پێموایە شۆڕشی بێ هونەر، شۆرش نییە، هونەرە شۆڕش گەورەتردەکا لەوەی کە هەیە. جا هونەر بەهەر شێوەیەك بێ. لەبیرمە جارێکی لەمەهاباد، باسی وەیان کرد کە نێوی یەکیەتیی هونەرمەندان بکەین بە: یەکیەتیی هونەرو وێژە، گوتم ئەوەش یەکێکە لەو

دیارییانەی لەقەلاًدزێڕا بۆمان هێناونەوە بوو بەپێکەنین...پاشان گوتی: هونەرمەندان کافییە، چونکە شاعیریش بۆ خۆی هونەرمەندە، دەنگخۆشیش هونەرمەندە، ساز لیدەریش هونەرمەندە. وەك پێشتر باسمکرد، من هەر ئەو ڕۆژە بەرلەوەی کە بڕۆین بۆلای مامۆستا هێمن، لەحاجییەڵیکەند لەسەرمەسەلەی هونەرو هونەری شۆڕشگێڕانە، وتارێکم خوێندەوە.مەلا حەمەدەمین گوتی: مامۆستا، کاك ناسر ئەمڕۆ لەسەر هونەر جوان قسەی کرد. مامۆستاش لەوەلاًمی مەلا حەمەدەمیندا گوتی:عەرزت دەکەم کاکە مولاحەزە فەرموو، من گوتوومەو ئەلعانیش دەیڵێم. هونەر وەختێکی لە خزمەتی دوژمندا نەبوو، لەخزمەتی ئینسانییەتدایە. لەخزمەتی ئیرتیجاعدا نەبوو، لە خزمەتی ئینسانییەتدایە. ئایا قاسپەی کەوێکی کە نازانن چ دەڵێ و هەر دەنگە، مێشکی ئینسانێکی مارکسی ئیسراحەتی پێ دەکا یان نە؟ کەوابوو ئەوەش هەر هونەرەو لەخزمەتی ئینساندایە. ئەمما دیارە ئەگەر هونەر لایەنی عیلیمی هەبێ، باشتریشە. دەنا پێت وابێ کە کابرا بە کچێکی جوانیش هەڵدەڵێ هونەر نییە، ئەویش هەر هونەرە. دیارە وەڵلاً من ئیشقم پێ وایە کەمالی ئینسانییەتە، چونکە ئەگەر ئیشقێك نەبا، نەناسرێك وجوودی دەبوو، نە هێمنێك وجوودی دەبوو. نە لنینێك وجودی دەبوو، نە مارکسێك وجوودی دەبوو. کە وابوو ئیشقە ئەوانە بە وجوود دێنێ.

کاك نەجمە، سروردی بیرەوەریی دووی ڕێبەندانی گوت، مامۆستا گوتی بژی ڕەنجبەر، چونکە ڕەنجبەریش ئیحتیاجی بەهونەرمەند هەیە. بەبڕوای من کۆمەڵگا ئیحتیاجی بەهونەرمەند هەیە.مژێکی لەسیغارەکەی داوگوتی: نازانم بۆ ماوین؟؟ ئێمەی میللەتی کورد، بڕوابکە زمان و هونەرەکەمان هێشتووینیەتەوە تا ئێستاش. ئەوشاخانەو زمان و هونەرەکەمان، دەنا زۆردەمێکە تێدا چووبووین. بەڕاستی دەبێ بڵێین چ باعیسی مانەوەی مەیە؟ ئەم زمانە، ئەو شاخ و کێوانە، دەنا هیچی دیکە نییە.

کاك نەجمە باسی شەریف, شاعیری ملوانکەی شینی بۆ مامۆستا کردو گوتی مامۆستا،کاك شەریف زۆری پێخۆش بوو بتبینێ. مامۆستاش گوتی: لەکوێیە شەریف ئەلعانەکانە؟کاك نەجمەش گوتی وا لە قوربە .مامۆستا گوتی کوڕێکی زۆر موستەعیددە، بەبڕوای من زوو پێ دەگا، کاك نەجمە گوتی: شەریف ماوەیەك لەزیندان بوو، مامۆستا گوتی گرینگ نییە بازەجر بکێشێ.شاعیر بڕێك زەجر نەکێشێ، نابێتە شاعیرو بەرهەمەکانی لەدڵەوە هەڵناقوڵن.

مـن داوای لێبـوردنم لەمامۆسـتا کـرد، چـونکە ماوەیـەك بـوو نەچـووبوومە خزمـەتی و مامۆستاش گلەی لێکردم، بەڵام گوتی دیسان هەر بەخێر بێی هەرچەند دەزانم وەزعەکە ئاڵۆزە، بۆ خۆت دەزانـی ئـەوە وەزع نییـە تێیـداین. نـازانم بەچـی دەبـێ ؟! ئەگـەر بـەوە بڵێی ژیان کە ئێستا ئێمە هەمانە، نازانم دەبێ مردن چۆن بێ؟ بوو بە پێکەنین ...

مامۆستا درێژەی بەقسەکانی داو گوتی: ڕۆژێك لە مەهاباد لاوەکانم لێ کۆببووەوە و کوڕە گوتم بـرا، مـردنیش ئەوەنـدە نـاخۆش نییـە کـە ئێـوە لێـی تۆقیـون؟ پیـاو برێـك دەمـی خواردەکاتـەوەو تـەواو. کوڕێکیـان گـوتی وەڵڵا ئـەمن ڕۆژێکـی دیـتم تـۆ رەگبارێکـت بـە سەردا هات، خۆت دانەواند.منیش گوتم هەتیوە من کەنگێ گوتوومـە برینـداری خۆشـە؟ دەترسام بریندار بم، بۆیە خۆمم دانەواند. بوو بەپێکەنین...

کاك کەریمی قادریش گوتی:مامۆستا ئەدی مەسەلەی کابرای پیرێژنەی؟مامۆسـتاش پـاش ئەوەی کەبرێك پێکەنی گوتی: بەڵێ،ساڵی ١٩٧٩ کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هێرشـی کردە سەر مەهاباد، نـە پێشمەرگە، نـە خـەڵك،خۆیان ڕانـەگرت و لـەخڕی نـاوزەنگ کـە بارەگای یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی لێ بوو، گیرساینەوە.

مامۆسـتا گـوتی لەئاشـی پشـکاوێ، لەگـەڵ کۆمیتـەی چـاپەمەنی (انتشـارات) ی حیزبـی دیمۆکرات، لە گوندێکی تاقەماڵی، خـەریکی دەرکردنـی بڵاوکـراوەو نوسـراوەکانی حیـزب بووین.

گـەورەو پـیری ئـەو تاقـە ماڵـە ژنێـك بـوو بـەنێوی (پـوورە ئایشـێ). ئەگـەر دەنگـی هەلیکۆپتەر دەهات، هەڵدەهات، نازانم راداری بەکوێوە بوو! هەرچـەندە بەتەمـەن خـۆی لـە هەشـتادەدا بـەڵام زیـت و وریـاو بەدەسـت وبـرد بـوو. زۆربـەی کـات بەسـەری دەکردینەوەولـەو سـەرلێدانانەش لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ منـدا، نوکتـەو باسـی خـۆش دەخولڤا؟ بۆ بەدبەختیش لەنێوان ئەو هەموو حەشاماتەدا لەبەر وەی سەری من سپی و پـیر بـووم، منـی دیتبـووەو ئەگـەر شـتێك دەبـوو بـانگی منـی دەکـرد.بـەڵێ فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەر زۆر دەهاتنـە سـەرمان. لەبـەر دەرگـای کۆمیتـەی چـاپەمەنی دووگاشـە بەردبەریان وەیەك کەوتبوو، لەبنەوە کەلێنێکی گەورەیان لێ درووست ببوو. ئەو کەلێنە موڵکی کومیتەکەی ئێمە بوو، کەچی برادەرانی ناوەندی لەکاتی هاتنی فڕۆکـە وکۆپتـەر، تێی دەخزان و ئێمەش پەنامان دەبردە کونی دیکە!

ڕۆژێـك هـەر هـەموو مانـدوو مـردوو، ڕاکشـابووین، لـەپڕ پـوورە ئایشـێ بەبـەردەرکی مەقـەڕدا هـەڵات و گـوتی مامۆسـتا تـەیارەکێ هـات. ئەمـەش چووینە دەرێ کـە خۆمـان لەکونە تەیاران باوێین دیتمان پوورە ئایشێ خۆی دەکونێکی خزاندووە. هەرکەمنی دیت گوتی مامۆستا، گوتم بەڵێ. گوتی تۆ وەرە کونێ مـن تەماشـاکا، کـونێ مـن. گـوتم جـا بـۆ تەماشای کەم؟ گوتی بزانە کونێ من چاترە یان هـی وان؟ منـیش گـوتم:هـیچ شـکم تێـدا نییە، هی تۆ لەهی هەموان چاترە! ئیدی ئەوە تەماشاکردنی ناوێ! جا فەقیرە هەر تێش نەگەیبوو کە مەبەستم چییە؟ بەراستی حەساسییەتێکی سەیری هەبوو.

ڕۆژێکی دیکە ئیشوکارمان گەلێك زۆر بوو، دەبوو بەپەلە ڕایانپەڕێنین و تەواوی بکەین، مانـدوو و شـەکەت درێـژ ببـووین، لـەپڕ پـوورە ئایشـێمان لێ پەیـدا بووگـوتی مامۆسـتا تەیارەیەکێ هات؟منیش چوومە دەرێ وگوتم:ئەرێ پوورێ بۆ لەکۆڵمان نابییەوە؟ دەڵێی ڕاداریان دەمیتکە خستووی؟!

پرسـیارم لـە مامۆسـتا کـرد کـە لەگـەڵ مامۆسـتا تـاهیر تۆفیـق دۆسـتایەتیتان هـەبوو؟ مامۆستاش گوتی: بەڵێ زۆر، هەرچی چووبامە هـەولێر دەچوومە کنـی. مەحەبـەتێکی خاسمان هەبوو نیسبەت بەیەکدی.

ئەی لەگەڵ ساڵح دیلان چی؟

دەگەڵ ساڵح دیلان بەو ئەندازەیـەی نـەبوو، چـونکە ئـەو خـۆی بەگۆرانیبێـژ نـەدەزانی. هەرچەنـدە پێی ناخۆش بوو داوای گـۆرانیی لێ بکـەی، بـەلام بـۆمنی گـوت وگـوتی: ئـەوە ٢٠ساڵە گۆرانیم نەگوتووە، بەلام بۆتۆی دەڵێم. چی بۆ گوتی؟

مەقامی ئەژدەهاکی بۆ گوتم. هەرچەند دەنگی کەوتبوو، بەلام بـەبڕوای مـن، ئـەژدهاکی چاك گوتـوەو مـن لـەناو ئـەو گۆرانییانەیـدا کـە گوتوویـەتی، ئـەژدهاکم لەهـەمووان پـێ باشترە.

باسی شیعری نوێ هاتەگۆڕ. مامۆستا هێمن گوتی: مامۆستایەك کتێبێکی بـۆ هێنـاوم کـە لەسەر شـێخ نـووری شـێخ سـاڵحی نوسـیووە. شـێخ نـووری مامۆسـتای شـیعری نوێیـە لـە کوردستان.جا مەنزوورم ئەوەیە کە شاعیر زۆرجار دەتوانی ئیلهامێکی چکۆڵە لە شـتێکی زۆر گەورەدا دروست بکا. شـێخ شـەهاب کـوڕی شـێخ نـووری بـوو... مەردانـە لـەبن داردا ڕاوەستا. کەس هێندە ئازا نەمردووە لەتاریخدا. من یـەك شـیعرم بـۆ نووسـیوە. دوو سـێ

جاریش بە خوێن لەقەبرەکەیان دەنووسییەوەو دیارە پاکیان دەکردەوە. نەشیاندەزانی هی کام شاعیرە دەڵێم:

**نالی لەکوێە ببینی ،کە پاتەختی شارەزوور**

**ئەستێرەکانی ڕادەکشێن، وەك شەهابی نوور**

میسرەعی دووهەمی هی (نالی) یە ها ، من تەنیا زەحمەتی میسرەعێکم کێشاوە، بەلاَم ئەم شەهابی نوورەو، میسرەعێکی نالی هێنانەوە، من بۆ خۆم پێموایە هونەرێکە، بێ ئەوەی خۆشم زۆر زەحمەت دابێ. کاك نەجم گوتی: شێخ شەهابیش شاعیر بووە؟ مامۆستا هێمنیش گوتی: بەڵێ شەهابیش خۆی شاعیر بووە، بەلاَم نە شاعیرێکی وا. باوکی شاعیرێکی زۆر گەورەبوو. بەتایبەتی ئەو کتێبەی کە ئەو کوڕە نووسیویەتی، منی خستۆتە شکەوەکە کامیان بدەم بەسەر کامیاندا؟ (شێخ نووری) بەسەر (گۆران). یان (گۆران) بەسەر (شێخ نوری) دا؟؟ یانێ گەیوەتە ئەو حەددەی کەوابم، چونکە ئەو کوڕە زۆری زەحمەت کێشاوە.

لەوەیدا کەزیاتر بووە لە گۆران هیچ شکم تێدا نییە، بۆ خۆت دەزانی کوردێکی کە فارسی بزانێت، ئەدەبیاتی کوردیشی بەرەو باشە دەڕوا. شێخ نووری نوسەریش بووە، بەلاَم گۆران نووسەرێکی باش نەبووە. شتێکی وا گرنگ وەکو نووسەر لە گۆران بەجێ نەماوە. ئەوەیە منی خستۆتە زەحمەت کە موتاڵەعەی چی بۆ بکەم. نازانم لەکام شاعیری فارس موتەئەسیرە ئەم کابرایە!؟ کامە شاعیری تورك، کاری کردۆتە سەری؟ شێخ نووری لەگۆران پتر شارەزایی لە فۆلکلوردا هەبووە. ئەوەشیانم گومان تێدا نەماوە کە گۆران کەمتری شارەزایی هەبووە بەسەر فۆلکلۆردا.

فۆلکلۆر زۆر جێگای ئیستفادەیە. وەختێکی ئێمە بەیتێکی فۆلکلۆری دەبینین بەنێوی کاکە میرو کاکە شێخ، باسی ئەوەی دەکا کە دوو حاکمی مەرگەو پشدەرێ، دوو برا بوونە بەنێوی کاکە میر کاکە شێخ، ژنی خەڵکییان بردووە ئەسپیان پێ قەڵەو کردوون، بۆیەش ژنیان بردوون، چونکە گوتوویانە ئەسپ بەدەستی ژنان قەڵەوتر دەبێ. بەلاَم لە موقابیلدا کابرا بە ڕاشکاوی بەلەهجەی دێهاتییانە گوتوویەتی: دەشیانگان دوایە، کەچی شەرەفنامە باسی دەکا کە کابرایەك بەنێوی حەیدەر گۆران، خەڵکی کۆکردۆتەوە، ئاغاوحاکمەکانی دەعوەت کردوون و هەردووکی کوشتوون لە مەجلیسێدا. ئیدی سەر گوزیشتەی حەیدەرگۆران لێرەدا ونە.جا من لە نوسینێکی خۆمدا دەڵێم کێیە کە ئەو

سپارتاکۆسی کوردییەم بۆ ببێنێتەوە، کە کێ بووە ئەوحەیدەر گۆرانە؟ هیچ مێژوونووسێکی کورد باسی نەکردووە؟ کەچی فۆلکلۆر باسی دەکا؟ بەلاّم شەرەفخانی بەدلیسی لەکتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: ئەو میرحاجە، دەچوو بۆ زیارەتی سوڵتانی ئەستەمبۆڵی، لەحاڵی سوجدەیدا، مەرگەیی لەخودا بە دوور، شەهیدیان کرد. جا سەیری کە فۆلکلۆر حەقیقەتی تاریخە، کەچی تاریخنووس درۆزنە. لەسەتا هەشتای مێژوونووسانی پێشوو درۆزنن. ئێستاکەش هەتا پیاو حەقیقەتێك دەبینێتەوە، تووشی گیروگرفت دەبێ.

باسی کاك حەمە جەزا هاتە گۆڕ،گوتم نەهاتووە بۆ لات؟مامۆستا لە وەلاّمداگوتی: وەڵلاّهی جوابی ناردووە کە دێ، بەلاّم کاکە خۆتان دەزانن، من برێك تحریمم و، هەمووپیاوێك ناتوانێ من ببینێ!! (مەبەستی لەحیزبی دێمۆکرات بوو، چونکە ماوەیەك لەژێرکۆنترۆڵی ئەواندا بوو.)

بەرلەچوونی ئێمە، کاك عەبدوڵلاّی موهتەدی نامەیەکی بۆ مامۆستا هێمن ناردو داوای لێکرد بێتە لای کۆمەڵەو ئێمە ئامادەین بیپارێزین.مامۆستا هێمن قەبووڵی نەکرد. ئێمەش کە چووین بۆلای مامۆستا، پێشمەرگەکانی حیزب دەوروبەری ئاوایی شیلاناوێیان بەکەمین تەنیبوو، وەیان دەزانی هاتووین مامۆستا لەگەڵ خۆمان بەرین!

مامۆستا مژێکی لە سیغارەکەی داو پاش قەدەرێك،گوتی: بەڕاستی پێش ئێوە زۆر ڕشامەوە، بەلاّم بەدیتنی ئەنگۆ هیچ ناخۆشیم نەماوە. لەکاتی ڕشانەوەکەدا برادەرێك یارمەتیی دەدام، گوتم وازم لێ بێنە توخودای با بمرم. ئەویش گوتی وەڵلاّهی حەیفەبمری، وامەڵێ. جا چییە منیش شەست و سێ ساڵی هیجریم عەمر کردووە، ئیدی ئەوجارە مردن چییە پیاو هەردەمرێ.دوایی ڕووی لەکاك مەلا حەمەد ئەمین کردو گوتی: مەعلوومەکە کێش ٦٣ ساڵی عومر کردووە؟! برادەران زۆر پێکەنین و (مەلاحەمەدەمین)یش هەر پێکەنی.

مامۆستا دیسان گوتی: مردن هەر دەبێ، بەلاّم پیاو شتێك لەپاش خۆی بەجێ بهێڵێ خۆشترە. مەسەلەن حەیفە بڵێی حاجی قادری کۆیی مردووە! نە تەنیا نەمردووە! بەڵکو میللەتێکی زیندوو کردۆتەوە.حاجی قادر گاڵتەی بە تاریخ کردووە.حاجی قادر زۆر لەپێش تاریخدایە. پاشان ڕووی لەمەلا حەمەدەمین کردو گوتی: وەختێکی مەلایەکی وەك جەنابت کە ئێستا مەلای ئاوەدانییەکی، مەسەلەن هەمیشە ڕۆژنامە

ناخوێنیەوە،حاجی قادر ئەو دەمی، واتە قەرنی نۆزدە، ڕۆژنامەی خوێندۆتەوەو ئاگای لە هەموو ڕووداوەکانی دنیا بووە.

لە مەزرایەکی ئەولاترەوە پیاوێك بەرەو لامان هات، کە نزیك بۆوە، مامۆستا هێمن گوتی: ئەوەش یەکێکە لەموریدەکانی ناسر هات. پاش بەخێراتن مامۆستا گوتی ئەوەش کاك ساڵحی ئامۆزامە و، خەڵکی (لاچین)ە دیارە ماڵوێرانە و ئەویش یەکێك لەئاوارەکانی لاچینێیە. مامۆستا هێمن گوتی: ئەویش ناسری ڕەزازیە، جا وەرە چت لێ دەوێ تا بۆت بڵێ. کاك ساڵحیش گوتی: چۆن مەگەر کاك ناسریش بوو بە پێشمەرگە؟ مامۆستاش گوتی: ئاوایە ئیدی چ بکەین؟ کاك ساڵحیش گوتی نەوەڵلا کاك ناسر نابێ ببێ بە پێشمەرگە؟ کاك ناسر دەبێ خەریکی کاری هونەری بێ. حەیفە بۆ بەکوشتنی بدەن! کاك کەریمی قادریش گوتی: کاك ناسر پێشمەرگەیەکی هونەرمەندە. مەلا حەمەدەمینیش گوتی: کۆڕی هونەرە! مامۆستا هێمنیش گوتی: هەموو هونەرمەندێك بۆخۆی پێشمەرگەیە ئیدی. کاك ساڵحیش گوتی باشە، بەلاّم حەق نییە چەك هەڵبگرێ. مامۆستا هێمنیش گوتی: بۆ دیفاع پێویستە پێی بێ. کاك ساڵح دیسان گوتی: دەمانچەیەکی چکۆلووکە بەسە، ئیدی نەك ئەو هەموو چەك وچۆڵە. مامۆستا هێمنیش گوتی:ڕاستە، بەلاّم تا گوروهەکەی، دەستەکەی، سازمانەکەی لەمردنی بپارێزێ چاترە.

ئەو قسانەی کاك ساڵح لەبەر ئەوەبوو کە گوتی: بۆیە دەڵێم، چونکە حەیف بوو، (جەمالی موفتی)مان لەدەست دەرچوو. مامۆستا هێمنیش گوتی: بەڕاستی حەیف بوو. چونکە جەمال جێگەی هومێدی دوا ڕۆژ بوو مامۆستا هێمن گوتی: من شیعرێکت بۆ دەخوێنمەوە، تۆش گۆرانییەك بۆ کاك ساڵح بڵێ. منیش گوتم: بەسەرچاو. مامۆستا شیعری (شینی لەیلا قاسم)ی خوێندەوە و من و کاك نەجمەدینیش گۆرانییەکمان بۆ کاك ساڵح چڕی. کە لە گۆرانییەکە بووینەوە، کاك ساڵح گوتی: دەك بەخێر بێنەوە، خۆ دەنگی خۆشتر بووە.مامۆستا هێمنیش گوتی: کاکە ئاوی ساردی موکریان خۆ ئاوی کانی شەفای وان نییە؟

من گوتم مامۆستا یادی ئێوارەکەی زرێوار بەخێر، مامۆستاش گوتی: بەڕاستی یادی بەخێر. لەپڕ گوتی: بیستوومە کە شەریف لە سەر زرێوار شعرێکی داناوە. دەڵێن زۆر جوانە. جا ئەگەر پێش وەی بلاّوی بکاتەوە من بینیم بۆی چاك دەکەم. دەڵێن لەو شیعرەدا داوای لەو دەروێشە کردووە کە فەیلەقووس و شارەکەی لە ئاودا نوقم کردووە

بووە بەزرێوار، دیسان هەستێتەوە و مەریوان وەکوو شارەکەی فەیلەقووس نوقم بکاو زرێوارێکی دیکەی لێ دروست بکاتەوە.
بەڕاستی پێم سەیر بوو لەشارێکی وەکو سنە، کە خوێندن و نووسینی کوردیی لێ نەبووە شتێکی واهەڵکەوێ.من یەکەمجار لەو (شەوی شیعر)ەی مەهابادا کە دیتم، کاتێ شیعری بۆ خوێندمەوە، بڕێك بەساردیم وەرگرت، پێموابوو کە ئەو منداڵە بۆ دەبێ شاعیر بێ، ئەگەر دەستی پێکرد، دیتم شاعیرە. ئەویش بۆ خۆی بڕێك شەرمی دەکرد، بەڵام دوایی گوتم تۆ خۆت نەناسیوە ڕۆڵە. تۆ شاعیری، ئەوانی دیکە قسەی دەکەن، شاعیر نین.
دیسان باسی فۆلکلۆر هاتەوە گۆڕێ، مامۆستا گوتی: بەڕاستی لە فۆلکلوردا پیاو تووشی شتی وادەبێ کە شاعیری زۆر گەورە، سەری کڕنووشی لەبەر دادەنەوێنێ. من بۆخۆم ڕۆژێکی شایەرێك گۆرانیی دەگوت، بەندێکی گوت.

**بریا دەرزی بام، تیژ و تەنك بام**

**دەروازەبانی، سینگ و مەمك بام**

دوایی پێم گوت: کاکە دەکرێ سەودایەکی بکەین بەنیوەی دیوانەکەم؟ من نیوەی دیوانەکەی خۆمت دەدەمێ، تۆش بڵێ ئەو بەیتە هی هێمنە؟ ئەمە ناسکیی تێدایە، ئەمە عیففەتی تێدایە، ئەمە هەزار شتی تێدایە. ئەمە کابرا لە خۆڕا گوتوویەتی، شاعیرێکی بێناو، کەس نازانێ کێیە. ڕووی لەمن کردو گوتی: زۆر جوانە ئەم بەیتە، حەتمەن بیخە ناو گۆرانییەکانتەوە. فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، بەتایبەت کرمانجی، کە من ئێستا خەریکی لێکۆلینەوەم لەسەری، چونکە هی ئەوان زۆر لە هی ئێمە بەرزترەو، پێکەوە هەڵناسەنگێندرێن. ئێوەی سنەیی، دیارە فۆلکلۆرتان نەماوە؟ بەڵام ئەولاتر بەرەو گۆران ماوتانە، سلێمانی بەکوللی نەیماوە؟ موکریان تا ڕادەیەك ماویەتی، ئەویش دیارە پیاو دەبێ زۆرمەرهوونی ئوسکارمان بێ کە(تحفه مظفریه) ی پێش هەشتا ساڵ کۆکردۆتەوە، دەنا هی موکریانیش لەتەواو بووندا بوو. بەبڕوای من هەرکەس ئیشقی بەهونەری کوردی و بە ئەدەبیاتی کوردی بێ، دەبێ ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، وەکو شاهنامەی کوردی زمانی کوردیی لێ فێر ببێ.جا لەناو زمانەکەشدا شتی زۆر سەیری تێدایە.

مـن لەپێشـەکیی ئـەم کتێبـەدا باسـم کـردووە، گوتوومـە هەمیشـە لەدرێـژەی تاریخـدا جیـاوازیی چـینایەتی لـە نێـوان ئینسـانەکاندا هـەبووە، بـەڵام ڕێگـای زانسـتیانەی بـۆ نەبینراوەتەوە. تۆ تەماشای مەم و زین بکە.کە لـە توحفـەی موزەفەرییەدایـە، هـەمووی جیاوازی چینایەتیە. ئاخری شاعیر، پاشای بەکوشت دەداو نۆکەرەکەدەکاتە پاشا.

ئێستا ئەو کتێبەی کە عەرزم کردی دەبێ پێشەکی بۆبنووسم، یەکێك لەوانـەی کـە زۆرم لازمە،(مەم و زینی خانی)یە مەم و زینی خانی زۆر وەپێش تاریخی کەوتووە، فۆلکلـۆری کـوردی بەشـی کرمـانجی، زۆرتـر باسـی شـەڕو کێشـەو چەوسـانەوە وحەماسـەو ڕووداوی ڕاستەقینەیە. لەڕاستیشدا هەر وایە، بەشی کرمانجی فرمێسکیان پتر ڕشتووەو فۆلکلۆری زۆر گــەورەیان هەیــە. کوردەکــانی شــوورەوی، هــەوڵ و تەقــەلای باشــیان داوە بــۆ کۆکردنـەوەی ئەم فۆلکلۆرانە. بەتایبەت قـەناتی کـوردۆیێف تـەواوی دێهاتی کوردسـتانی تورکیــاو ئەرمەنســتان گــەڕاوە، بۆئــەوەی لــەپیر و بەساڵاچــووەکان شــت کۆبکاتــەوە. کوردەکانی ئەرمەنستان کتێبی باش باشیان داوەتە دەرێ.

مـن ئێسـتا کتێبـێکم لەبەردەسـتدایە کەداسـتانە بـۆ منـداڵان و، هـی پرۆفسـۆر قـەناتی کوردۆیێڤە. تەماشام کرد ئەگەر وەکو هەژار بکەم کە نووسیوویەتی (مـەم وزینـی خـانی هەژار کردوویە بە موکریانی)، (بۆخۆی دەڵێ وەکو وەیە کە نـانی بەنانـەوە بخـۆی) ئـەم داستانانە بکەمە سۆرانی، هیچم نەکردووە. گـۆتم بـۆ نەیکەمـە فارسـی. هـەم ئـەدەبیاتی کوردی بەفارسی بناسێنم، هەم کتێبەکەش بێنمە مەیدان. ئێستا خـەریکم کـاری لەسـەر دەکەم. دووسێ داستانیشم لێ وەرگێڕاوە. ئەم کتێبـە هـەر چـەند لەیەکیـەتیی شـوورەوی چاپ کراوە. بەڵام یەکەم داستانی لەسەر مەکری ژنانە کـە ئیهانـەی زۆر دەکـا بـەژن. بـۆ من گرنـگ نییە چونکە کات و جێگا (زمان ومکان)لەبەرچاو دەگرم.

یەکێکی دیکەی زانینی زمانی حەیواناتە، کە لەتەورات ولە قورئانیشدا هەیـە، کـە گوایـە سـولەیمان زانیویـەتی. ئــەوە یــەکێك لــەئارەزووەکانی بەشــەر بــووە کــە بزانــێ ئــەم گیانلەبەرانە دەڵێن چی؟؟ خودا بیزانێ من بۆخـۆم کاتێـك کـە ئەوداسـتانەم خوێنـدەوە، ڕۆژێکی لەنێو باغی دانیشتبووم، دەعبا دەیانخوێند، گوتم چەند خۆش بوو کە ئـەمنیش لـەزمانی ئەوانـە گەیشـتبام؟ مەلاحەمـەدەمین گـوتی: ئـەو دەمـی دەبـووی بەحـەزرەتی سـولەیمان. بـوو بەپێکـەنین ... مامۆسـتاش گـوتی: بـەڵێ ئــەوە یـەکێك لـەئارەزووەکانی

بەشەرە، کە هەتا بەسەر تەبیعەتدا زاڵ بێ، هێشتا هەر بەزۆر شتی دیکە نەگەیشتووە. من پێموایە، ڕۆژێك بەشەربەو ئارەزووە دەگا.

کاسێتەکە هەتا ئێرە بەشی کرد، کاسێتی دیکەمان پێ نەبوو، دەنا پاش ئەو دانیشتنە، چووینەوە بۆماڵی مامۆستاو هەتا شەو لای دێرێ لەماڵێ ماینەوەو، لەسەر بارودۆخی کوردستان و زۆر شتی دیکە، قسەمان کردو شەو درەنگانێ گەڕاینەوە بۆ حاجیەلێکەند. لێرەدا نامەوێ باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە مامۆستا لەچ بارودۆخێکدا دەژیا. ئەوە ژیان نەبوو کە ئەو تێدا بوو. براکەی لە شێلاناوێ ژوورێکی پێ دابوو، وەکو مامۆستا خۆی دەیگوت: ژووری چی کونە تەیارەکەی پوورە ئایشێم وەبیر دێنێتەوە. بەڕاستی ژیانێکی ناخۆشی ڕادەبوارد.

خوێنەری هێژا، مامۆستا هێمن ساڵی ١٩٧٨ کە شۆرشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد، کوردستانی بندەستی ئێراقی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەشی دیکەی کوردستانی بندەستی ئێران و، بەدیتنی کەس وکارەکەی، لەزێدەکەی خۆی لەمەهاباد، شادبۆوە، ساڵی ١٩٧٩ کە من بەختم هێنای، چەن ڕۆژێك لەخزمەتیدا بووم هەتا دانیشتنەکانی دیکە، بۆم ڕوون بووەوە کە مامۆستا هێمن، لەسەر مەسەلەی زمان. حەساسییەتی نییەو بەرپرسانە لێی دێتە کەوان بەزمانی سادەو ساکاری کوردی کە گوندی و لادێییەکانی کوردستان، بەتایبەت موکریان قسەیان پێدەکرد. دەینووسی و یەك ڕێنووسی ڕەچاو دەکرد. بەرای من لە مامۆستا هەژار باشترو ڕەوانتری دەنووسی، هەمیشە ئەو وشانەی بەکاردەهێنا، کە خۆڕسك بوون، نەك دەسکرد، لەپەخشاندا دەستێکی باڵای هەبوو، هەتا شیعر، وشەی ڕەسەنی کوردیی وای بەکاردەبرد کە بەر لە خۆی شاعیرانی دیکەی کورد ئەو کارەیان نەکردووەو پێی نەگەیشتبوون. مامۆستا هێمن شارەزای بەیت و چیرۆك و پەندی پێشینان و مەتەڵۆکە کوردییەکان بوو. ئەو چەند جارەی کە یەکترمان دیت هەمیشە دەیگوت: بەیتە کوردییەکان بخوێنەوەو لەبەریان بکەو، شتیان لێ فێر ببە. مامۆستا دەیگوت بەیتبێژەکانمان هەم شاعیرن، هەمیش دەنگخۆش.لەڕاستیشدا درووستی دەگوت، چونکە بەیتە کوردییەکان باشترین سەرچاوەن بۆ شاعیران و نووسەران گۆرانیبێژانی کورد.

لەکۆتاییدا ،من شاعیر نیم کە شیعرەکانی مامۆستا هێمن هەڵسەنگێنم، بەلاّم تا ئەو ڕادەیەی کە شارەزای زمانی کوردیم، پێموایە هەر نووسەرێکی کورد،کە دەیەوێ فێری

زمـانی کـوردی ببـێ و سـاکار بنووسـێ، پێشـەکیی دیـوانی (تاریـك و ڕوون)ی مامۆسـتا هێمنو، ئەو پێشەکییەی کـە بـۆ (تحفـە مڤفریـھ)ی ئۆسـکارمانی نووسـیوە بخوێنێتـەوە، ئەوسا بەوە دەگا کە چۆن دەبێ بەکوردی بنووسێ.

**گۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە (٢٢)، سوید ١٩٩٤.**

## هێمن، شاعیری خەم و خاوەن هەڵوێست

### سەعید شوان ـ سونقر کولیایی

کە شەودادێ مرۆڤێکی ئاوارەو دەربەدەر، لەژوورێکی ساردو سڕا بەدەستە لەرزۆکەکانی هەردوو ئەژنۆکانی توند گوشیوە. هیچ شتێ نابیستێ بێجگە لەدەنگی خورپەی دڵی بێ ئۆقرەو بێ ئارامی.چاو ئەبرێتە ئەستێرەکان ، دانە بە دانە ئەیانژمێرێ. کەچی هیچ هێزێ نییە دادی بدات، زامی بەسۆی سارێژ بکا، دەروازە داخراوەکانی ئومێدی بکاتەوە، جارێ ئارەقەی ناوچەوانی بسڕێ و ماندووی لەشی دەربچێ، تەنیا ساتێ خەم و پەژارەی قورسی فەراموش بکات. یەك ڕۆژێ گریان سەری لێ نەدات، هاودەمێك، دڵسۆزێك نییە گرێ کوێرەی ژیانی خۆی بۆ بکاتەوە، پڕ بەگەرووی بانگ ئەکات، کەچی کەسێ نییە وڵامی بداتەوە، گوێ لەڕازی ئاگرینی بگرێت، ئازیزێ نییە خەم و ڕەوێنێك نییە بە خەندەیەکی شیرینی ئەو برینانەی لەبیر بباتەوە، لەو دیوی سنووری کش‌و ماتەوە چۆڵە چرایەکی بۆ ڕۆشن کات و ئەمیش بەتروسکەی ڕووناکی بگەڕێتەوە ناو دڵە تەنهاو شەوەزەنگەکەی. کەسێ کە ئاوارە بوو لەشاری شادی و خۆشی وەدەر نرا، بەسیکاردی غەریبی دڵی سەد پارە کرا، شادەمارەکانی هەموو پرزول پرزول بوون، سەراپا خوێنی ئاگر تێبەربووی بڵێسەی سەند، شەپۆڵی ئەشکی سوور بەهەردوو گونایا هاتە خوارەوە، هەموو ڕێگەی تەلبەندو بەئاسن کێڵرا، دەنگێکی کپی دوور نەبێ سەدایەکی خۆشی لێوە بێ، دڵی بە جارێ بووبێتە زوخاڵ و خۆڵەمێش، لە چۆڵێکی بیابانی کاکی بە کاکی غوربەتا لەگێژەڵووکەی توڕەی خەمناکی زیاتر نەبینی، هەنگاوەکانی شل ببن و لەدوای نەیەن، هەردوو چاوی گلاراوی تارماییەکی ڕەش و تاریکی بەسەراکێشرابێ، گۆشتی هەموو لە ئێسقان جیا بووبێتەوە، زوخاو بەئەندامیا بڕژێتە خوار، شەوێکی دەیجووری یەلدای بەسەرا هاتبێ، دێوەزمەی نەهامەتی گشت خەونە سەوزەکانی ژاکاندبێ، خەزانی دڵڕەق وەکو دوژمنی گەڵای بەداری کامەرانیا نەهێشتبێ، مامۆستای لووتکە (هێمن) هەزار چیرۆکی تراژیدی خەمناك لەلاپەڕەکانی ژیانیا بخوێندرێتەوە، یادگارێکانی لەتاڵ زیاتر نەبێ، خەم بووبێتە مەکۆی تەمەنی، هیچ کاتێ ئارامێ نەبینێ، شاعیر لەمێژە کەوتووەتە بەرپەرچەپۆکی ڕۆژگار، وەکو ئەڵێت:

**ئەو کەسەی هێندە نەبوو زوێرو زگار.**

**وا نـــــەکەوتە بەر چەپۆکی ڕۆژگار**

بـەڵێ، چـەپۆکی ڕۆژگـاری چـەپگەرد گـەلێ سـەختە، تونـد وجگـەربڕە، بێـرەحم و بـێ بەزەییە، وەکو بـەرداش مـرۆڤ ئـەهارێ، دەرفـەتی ئـەوەی نـادات هەناسـەیەکی کامـەرانی هەڵکشێ، لەسەرهەتاکو دامان ئەیکاتە زوخاڵ، تـۆوی ئـازاری لـەناو دڵا ئـەڕوێنێ، رەسـوڵ هـەمزاتوف ئـەڵێت: (پیـاو نـاتوانێ بەمـە بـاوەڕ نـەکات کـە ئـاگر چـۆن دارو دوو دەخـوا، بەهەرەش ئاوها لەسەر هەستی مرۆڤایەتی لەسەر کینەو خۆشەویستی پەروەردە ئـەبێت، شیعریش لە خەندەی شیرین و فرمێسکی تاڵەوە لەدایك ئەبێ).

ماموستا (هـێمن)یـش کـوێرەوەری و بەدبـەختی زۆر کێشاوە، لـەخاکی شـیرین و ئـازیزی بەزۆرو بێ ڕەزای دڵ ئاوارەیان کرد. کـە ئـەو کەوتـە کـونجی شـارانەوە، ئـەبێ هـەر ڕۆژە جێگەیەك و هەر شەوە مەنزلێکی تازە، هەر جارە شێوەو ڕەنگێکی نامۆو ناپەسەندی دڵ ببینێ، شاعیر لەشوێنێکی غەریب و ناسور لەنگەری گرتووە، هەموو لایەکی دەورو بەری بە ئەو ئاشنا نین، هیچ دیمەنێك خەم لابەر نین بۆ ئەو، هیچ بستێ خاك نییـە باوەشـی بۆ بکاتەوەو وەکو کۆرپەیەکی جگەرگۆشەی خۆی توند لە ئامێزی بگرێ و نازی هەڵگرێ کە ئەڵێت:

**خەم ڕەوێنێك لێرە من ناکەم بـــەدی**

**چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەn[**

یـــان ئـــــەڵــێت:

**دەردی دووری دەردی دووری کـوشتمی**

**دەردی وشیاری و سەبوڕری کوشتمی**

زۆر کەسان هەن کە جارێ یان ڕۆژێ لەڕۆژان ساردی و گـەرمی ژیانیـان نـەدیوە، بێجگـە لەجێگەی نەرم و نیان هەمیشە لەماڵی خۆشاو گەڕان و کـەیف و سـەفان، ئەوانـە نـازانن برسـێتی و هـەژاری و دەردی ئـاوارەیی و بـێ بـەزەیی چـارەنووس، ڕەنگـە ڕەخنـە بگـرن لەوانـەی کـە دادو بێـداد ئەکـەن لـە دەسـتی خـەمی زۆریـان، ماموسـتا هـێمن بـەم دێـڕە شیعرانە وڵامی ئەو کەسانە ئەداتەوە:

**ئـــەو کەسە نـەیچێشتووە دەردی ژیان**

**ئـــەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برك و ژان**

ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم
شـــــــــانی دانەخزا لەبن باری ستەم
ئـــــەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی
تـــیروتـــــانەی بێ تەمیزانی نەدی

واتـە ئـەو دەردی ژیـانی چێشـتووە، دڵـە خەمبارەکـەی کراوەتـە نیشـانە بـۆ تـیری خـەم، هەرچی ئازاری دنیا هەیە ڕوویان لەو کردووە، بۆیە ناڵە ناڵ بکات، بێزاربێت لەشـەوانی جودایی، مافی خۆیەتی، ئەی ئەوانەی ئەم هەموو دەردەسەریەیان نەدیوە نـابێ خۆیـان ببەنە هاوتای شاعیر.

مامۆستا(هێمن) خەم و ئـازارو بوونەتـە میراتـێ بـۆی، بوونەتـە مـۆری ناوچـاوانی، بۆیـە ئینسانێکی دڵتەنگ و بێ دەرەتانە بەمجۆرە باسی خۆی ئەکات:

نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بـەسەردا دابەشم

یـــــان:

ژیـــــــانم پــــڕ لـــــە ڕەنجە و نامورادی
بـــــــە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی

مامۆسـتا (هـێمن) ئەگـەر بـەوردی سـەیری بـاری ژیـانی بکـەین، هەرلەمناڵییـەوە تـاکو کۆتایی هەموو پەڕەکانی هەڵبدەینەوە، زۆر نەهامەتی بەدی ئەکـەین، بەتایبـەتی منـاڵی زۆر بێبەش بووە لەخۆشـی و سەربەسـتی. وەهـەروەها لـە هـەڕەتی لاوێتیـدا کەوتووەتـە بەرشالاوی ڕاونان و ئاوارەیی، هەزاران هەورازو هەڵدێری دیـوە، بۆیـە شـاعیر ئـەو گشـت کارەساتانەی بەشیعر هۆنیوەتەوە.مامۆستا (هێمن) لەکوێوە بۆ کوێ ئەڵێت:

(پێوە بووم و زۆر درێژی بنووسم تەماشام کرد،دەبێتە چیرۆکێکی درێـژو شـیرین و پـڕ کارەسات، چ چیرۆکێك لەبەسـەرهاتی ئینسـانێك لـەواقیع نـزیکترە، ئـەویش بەسـەرهاتی ئینسـانێك نزیکـەی پـەنجا سـاڵی لەسـاڵەکانی چـەرخی بیسـتەم، ئـەو چـەرخە سـەیرو سەمەرەیە، ئەو چەرخە پڕ کێشەو شەڕو شۆڕە)،بەردەوام ئەبێت و ئەڵێت:

(ئێسـتاش کـە وەبـیرم دێتـەوە کـزەم لەجـەرگی دێ وخـەمێکی گـران دامدەگرێ،کـە مـن لەهەموو خۆشی و سەردەمی منداڵی بێ بەش بـووم)، ڕەوانشناسـەکان ئـەوە ئەسـەلمێنن ئەو کەسەی لەسەردەمی مناڵی ئازادو سـەربەخۆ نـەبوو، واتـە هـەمووکاتێ چاودێریەکی

زۆر تونـدو تیـژ بکرێ،گشـت هەڵسـوکەوتێکی لـەژێر زەرەبـین بـێ، بەهەوەسـی خـۆی نەجوڵێتەوە، ئەوە کارێکی زۆر ئەکاتە سەرباری دەروونی و مرۆڤێکی هەمیشە خـەمبارو گۆشـەگیر دەرئەچـێ لـەکاتی گـەورە بوونیـا،دڵی ناسـك و زۆر شـەرمن و دوورە پـەرێز ئەبێ.دیسانەوە ئەڵێت:

(تەنیا بیرەوەریەکی خۆشم لەزەمانی منداڵیم هەیـە ئـەویش ئەوەیـە شـەوانە دەچوومە ژووری وسـەرم وەسـەرانی دایـە مـرۆت دەکـردو ئـەویش حیکایـەتی بـۆم دەکـرد)،لەمـە دەرئەکەوێ تەنها ئەوە خۆشی بووە کەدایە (مرۆت) حیکایەتی بـۆ گێڕاوەتـەوە، وە دایـە مروت دایکی ڕاستەقینەی ماامۆستا (هێمن) نەبووە، بەڵکو دایەنی ئەو بووە، بۆیە کەمێ سۆزی خۆشەویستی لەو بەدی کردووە، بێجگە لەمە زیـاتر بێبەشـی بـووە، لەلایەنـەکانی دیکـەی ژیان،چـونکە منـاڵ جیهـانێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئـەبێ بـە شـێوەیەکی زۆر حەساس لەگەڵیا مامەلە بکرێ، بەلاَم (هێمن) دیارە لەوخۆشەویستیانە بێبەش بووە.

دیسانەوە ئەڵێت: (من لەژیانمدا ڕۆژی ڕەش و تاڵم زۆر دیـوە) بـەردەوام ئـەبێت (هێشـتا مانگێك بەسەر شەوی زاوایەتیم ڕانەبردبوو، بە قسـەی ئـەمرۆ مـانگی هـەنگوینم تـەواو نـەکردبوو کەبەداخـەوە ئـەوەی نەمدەویسـت ڕوویـدا، ڕوویـداو ئـەوەی پێمخـۆش بـوو بمرمو نەیبینم دیـتم) دیسـانەوە ئـەڵێت: (زۆرم کـوێرەوەری و چەرمەسـەری چێشـتووە، زۆرم شـەونخونی کێشاوە، زۆرم نـەداری و ڕووتـی دیـوە، ئەگـەر ژیـانی ئـەو چـەند سـاڵە بنووسم خۆی سەدان لاپەڕە کاغەزی بەش ناکات) ،لەم هەموو وتانەی مامۆسـتا (هـێمن) خـۆی دەرئەکـەوێ لـەکاتی منـاڵی بێبـەش بـووە، لەهـەموو سـۆز و خۆشەویسـتی یـەك بـەکامی دڵـی کـاتی منـاڵی ڕانـەبردووە، هەمیشـە ئـازاد نـەبووە، ژیـانی منـداڵ و وەکـو زیندانێکی تاریك و نوتەك دێتە بەرچاوی. لـەکاتی لاوێتـی ولـە تەمـەنی جوانیـا ئـازارو خەم و تاڵی و تفتی و ڕاونان و ئاوارەیی دوورە ولاَتی و برسێتی و بێ دەرەتـانی. کەسـێ ئەوەندە گرفتاری ڕۆژگار ببینێ، هەموو دونیای لێ تەنرابێ، ڕووی لەهەرچـی دەرگایـەك کردبێ، بەڕوویا دایانخستبێ، ئەگەر ئاسنیش بێت ئەتوێتەوە، بۆیە بەسۆزەوە ئەڵێت:

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من**

**چۆن لـــەئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من**

مامۆسـتا (هـێمن) ی شـاعیر (هـێمن)ی لووتکـە، (هـێمن)ی چـیای سـەرکەش، (هـێمن)ی خـەموئازار، بـەو هـەموو گـل بوونـەوە، بـە ئـەو هـەموو نـەهاتی ژیـانی پـڕ هەڵـدێرو

کوێرەوەرییەوە، هەزاران کەوتن و هەڵسانەوە لەگەڵ ئەویشا ئینسانێکی دڵسۆزو بەهێزو خاوەن بیروباوەڕو خاوەن هەڵوێست بوو، هیچ زریانێ نەیتوانی بیهەژێنێ و جێ لەقی بکات، وەکو گڕکان هەڵئەچوو بەگژ جەلادەکانی شای پەهلەوی و نۆکەرەکانی، چیایەکی پۆلاین بوو، ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو، بۆیە لەناو دەریای خەما خۆی ئەهاویشت بۆ ناو تێکۆشان و بەربەرەکانی کە ئەڵێت:

**گەر دەناڵێنم ئەمن پەک کەوتە نیم**

**تێدەکۆشم بــــۆ وەسڵێ تـــاکو دەژیم**

شاعیر هەیە لەناو کۆشك و سەرای بەرزا شیعر ئەنوسێتەوە، باسی شانو باهۆی ئەو کەسانە ئەکەن کە لەڕیزی شاو نۆکەرەکانین، بەلام مامۆستا (هێمن) لەناو جەرگەی خەڵکەکە سەری هەڵداو هیچ کاتێ بەهیچ جۆری خۆی لەوان دوور نەخستەوە، دەنگی تێکەڵ دەنگی ئەوان کردو تاڵی لەگەڵ ئەوانا نۆشی، هونەرەکەی لەناو هەموو کۆمەلاو لایەنەکانا دارشت، شیعری وتووە بۆ جوتیار و هەژارو چەوساوەو شوان بۆ ئەو ڕەش و ڕووتانە کە هەمیشە دەنگیان بەرز ئەبووە بۆ ڕژێمی شای پەهلەوی ئەڵقە لەگوێکانی ئیستیعمارو ئیستیکباری جیهانی. نووسەرێکی گەورە ئەڵێت: (ئەو هونەرەی خزمەتی جوتیارو وەرزێرو هەژارو چەوساوە نەکات، وەلە ئاستی بیری ئەوان نەبێت هونەرێکی نەزۆك و مردووە).بەڵێ ئەویش شیعری ئەوت بۆ کۆمەڵی مافخوراو، ئەوانیش بەدڵەوە وەریان ئەگرت و داوایان ئەکرد، ڕژێمی شا بڕوخێ، مامۆستا (هێمن) نیشانەی ورە بەرزیو سەر دانەنواندن بوو، بۆیە ناچار بوو خاکی شیرینی باوو باپیری بەجێ بهێڵێ و نەفرەت بکات لە ژینی ژێر دەستی، ڕێگەی دوورو درێژی گرتە بەر، لەپێناوی ڕزگاریو ئازادی وڵاتە دیلەکەی، وەکو پاڵەوان جەنگا، تاکو کۆتایی ژیانی لەو ڕێگە پیرۆزە لای نەدا، وە ئەمە یاسای سروشتە هەر ئەبێ هێزی خێر سەربکەوێ بەسەر هێزی شەڕا، بۆیە ئەڵێت:

**گەر لەبرسان و لە بەربێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**

**نۆکەری بێگانە نـــاکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**

بەڕاستی شاعیر نۆکەری بێگانەی ئیستعمار و ئیستکباری جیهانی نەکرد، هیچ کاتێ خزمەتی ڕژێمی پەهلەوی نەکرد، بەڵکو هەموو هێزی خستە کار بۆ بەربەرەکانی، چی

به نووکی خامه چی بەڕێبازێکی  زۆرگەورەو پیرۆز، ساڵانێکی دوورو درێژی بەسەربرد، برسێتی بینی، مامۆستا (هێمن) لەکوێ وە بۆ کۆ دەڵێت:

(ئێستا لە شارێکی دوور وڵات بە تاقی تەنێ لە ژوورێکی ڕەق و ڕووت دانیشتووم، هەمووسامانم نەختێك نوین و دوو دەست بەرگی کۆن و نوێ و چەند کراسی چڵکن و چەمەدانێك وساکێکی دەستی وچەند جلد کتێب و کۆلێك کاغەزی بڵاوەو ئەسپێ لەگیرفانمدا سەوزەڵەتان عەرز دەکا، بەلاّم زگتان پێم نەسووتێ ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردووەو دەنا دۆستی وام هەن ئەگەر حەز بکەم پارووی لەزاری خۆیان دەردێنن لەزاری منی دەنێن)، مامۆستا هێمن زۆر بە جوانی لەم چەند دێرەدا باسی سامانی خۆی ئەکات، ئەو شتە سادەو ساکارانەی کە شك ئەبات، ئەو ڕازییە بەوانەی کە هەیەتی، بەلاّم بەچاو نەترسییەوە ئەڵێت: من خۆم ئەو ژیانەم هەڵبژاردووە، هیچ پەشیمان نییە لەوەی کە بەسەریا هاتووە، ڕەحم و بەزەیی کەسی ناوێ، پارەو گەنجینە لە کەسێ داوا ناکات، ئەو ڕزگاری بۆ وڵاتەکەی ئەوێ لە ڕژێمی شای پەهلەوی. بەڕاستی مامۆستا مرۆڤێکی کۆڵنەدەرە، پیاوێکی ئازاو چاو نەترساو جەربەزەیە، هەژاری و برسێتی ناتوانن ورەی بەرزی بڕوخێنن، بەو هەموو نەهاتییەوە شیعری بەرگریمان پێشکەش ئەکات، هیچ کاتێ ناسڵمێتەوە، بێ دوو دڵی سوورە لەسەر ئەو ڕێگەی کە هەڵیبژاردووە، لێرەدا ئەم چیرۆکەی (ڕەسووڵ هەمزاتوف) پڕ بە پێستی مامۆستا (هێمن)ە کە ئەڵێت:

خانێکی زۆر زۆردار هەبوو، ڕۆژێ هەموو شاعیرەکانی وڵاتەکەی کۆکردەوە کە بەوا هەڵدەن و باسی داد ڕەوای ئەو بکەن، گشت شاعیرەکان شیعریان وت کە ئەو وڵاتە هەرگیز خانی وەهای دڵسۆزی بە خۆوە نەدیوە، تەنها سێ شاعیر مانەوە، قایل نەبوون بەخانی زۆردارا هەڵدەن، خان هەرسێ شاعیری زیندانی کرد جارێکی دیکە بانگیانی کرد لەدوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر وتی: شیعری خۆتان بلێن، شاعیری یەکەم شیعری وت، باسی دادرەوای خانی کردو پاشان ئازادیان کرد، شاعیری دووهەمیش بەهەمان شێوە بەخانی هەڵداو باسی گەورەیی خانی کرد، ئەویش ئازادکرا، مایەوە شاعیری سێ هەم کە لە هەموویان لاملترو کەللە ڕەقتر بوو، خان فەرمانی دا لەداری ببەستنەوەو ئاگری تێ بەردەن، شاعیرەکە بەدارەوەبوو هەڵیکردە گۆرانی و عەینی شیعری لەبارەی دڕندەیی و بێدادی و چاوچنۆکی خانەوە گوت، خان نەڕاندی زوو ئازادی بکەن، لەناو ئاگر دەری بێنن، نامەوێ شاعیری تاقانەو ڕاستەقینەی وڵاتەکەم لەدەست بچێ.

ماموٚستا هێمن لەو شاعیرە تاقانەی ولاٚتەکەی بوو، بەهیچ جوٚرێ بەشان و باهوٚی شای پەهلەوی زوٚردارا نەیوت و... هونەرەکەی خوٚی نەفروٚشت، ئەگەر لەناو ئاگریش ببوایە هەر سروودی یاخی بوونی ئەوت، زوٚرو زوٚرداری شاعیری ناچارکرد کە یاخی بێ، دژ بەو رژێمە وەکو پالەوان بجەنگێ، ئەگینا ماموٚستا (هێمن) مروٚڤە، خاوەن هەست و نەستە،حەزی لەئاگرو ئاسن نەئەکرد، حەزی ئەکرد خاك و ولاٚتی ببێتە جێ سەیران و گەشت، ببێتە باخچەی رەنگاو رەنگ بوٚ کوٚرپەکانی دوا روٚژ، بوٚیە ئەلێت: (ئینسانم ژیانم پێخوٚشە، نامەوێ دەربەدەرو سەرگەردان بم، بەتەنێ بەکێوو شاخاندا بگەرێم، لەئەشکەوتو زەندولان بخزێم،لەسەر بەردی رەق بنووم، نانی وشك و کرواوی بخوٚم، ئاوی سوێرو گەرم بخوٚمەوە خوێن و فرمێسکم وەبەر چاو بکەوێ) زوٚر راستە ماموٚستا (هێمن) ئیسنانە، لەسروشت پەروەردە کراوە، جوانی و قەشەنگی لا دلگیرو شیرینە، پەپولەی بالاٚ رەنگینە لەم گولٚ بوٚ ئەو گولٚ ئەگەرێ، حەزی لەهەموو خوٚشی یەکە، گەران لەگەلٚ ئازیزان و دوٚستان ئاواتی ئەوە، کام ئاواز هەست بزوێنە حەزی لەگوێ گرتنێتی، بەلاٚم مخابن دێوی شەر ناهێلٚێ مروٚڤێ لەسەر زەوی بە کامی دلٚی خوٚی بژی، بەپێچەوانەوە ئەیەوێت دیلو دەستبەندو گێلو گەوج بێ و هوٚشیار نەبێ، شای پەهلەوی ئەیویست جلەوی هەموو ئینسانێ بە دەست ئەوبێ، بەهەوەسی خوٚی وەکو داشی دامە یارییان پێ بکات، بێ رەزای ئەو هەموو شتێ حەرامە، لەو وەختەی کە زیندانەکانی شا، زیندانی (اوین) و زیندانی (قزل حصار) ئاخنابوو لە روٚلٚەی ئازادیخوازی ئێران، بە گشت شێوەیەکی ئەشکەنجە ئازار ئەدران، سێدارەو پەت هاورێی شەوو روٚژیان بوو، نەعرەتەی جەلادەکان وەکو هەور ئەیگرمان، تیربارانکردن وەکو ئاوخواردنەوە بوو، پیاوکوشتن لایان شتێکی زوٚر ئاسایی بوو، کێ هەبوو بتوانێ یەك وشە لەسەرزاری دەرچێ، بێ هیچ یاسایەك لەتو پەت ئەکرا، بەلاٚم ماموٚستا هێمن وەکو شێری بێشە وێران، وەکو زریای قەت نەنووستوو ئەچوو بەگژ جەلادەکانا کە ئەلێت:

**دەمگرێ ئەما لەگرتووخانە رق ئەستوورترم**

**لێم دەدا، ئەما لەسەر داوا رەواکەم سوورترم**

لێرەدا ئەو دوو دێرە شیعرەی کامەران موکریم دێتەوە یاد:

**مــــەچەك کەلپچەی بەزان بەجارێ**

**ئەگەر چی خوێنی پیا دێتە خوارێ**

**ئــــــەوەی ڕەنج ئەدا ڕسواو بێ نانە**

**کــێش تـاڵان کــەرە، ئەو خانەدانە**

خەڵکی سەراپای ئێران لە ژێر زەبرو زەنگی شادا بوون، مافی مرۆڤ پێ شێلکراو، شارو لادێ وێران، بەرگی ڕەش لەبەری دایك وخوشكان بوو، جێگەیەك نەبوو هەوری خەم داینەپۆشی بێ، شاعیرانیش بەشێك بوون لەو کۆمەڵە ستەم دیدەیە، بۆیە ئەوانیش کەوتبوونە بەر شالاٚوی ئەو ڕژێمە.

شاعیری ئازادیخواز (فروخی یزدی) یەکێکە لەو شاعیرە کۆڵنەدەرانە کە ئەم شیعرە بەرزەی هۆنیوەتەوە:

**عید جم شد ای فریدون ایران پرست**

**مستبدی خوی چحاکی است این خونه زدست**

**حالیا کز سلم و تــــور انگلیس و روس هست**

**ایــرج ایــران سراپا،دستگیر و پای بست**

**بــــه که از راه تمدن ترک بی مهـری کنی**

**در ره مشروگه اقـــدام منـــوچهــــری کنی**

نووسەری دیوانەکە (فرخی یزدی) ئەڵێت:

(این سگر را موقعی که چیغم الدوله قشقائی حاکم یزد بود سروده ـ همین ـ شعر سبب دختن دهان و زندانی گشتنش گردید است (این اشعار) چیغم الدولـه رابخشم اوردە،درصدد ئزار او بر ئمد واوراگرفته پس از چرب و شتم و توهین و حبس فرمان داد لب ودهان حقگوی او را بهم دوخنتد).

شاعیری کۆڵنەدەر (فرخی یزدی) هیچ هێزی نەیتوانی دەنگی کپ و خەفە بکات، ناچاربوون شەرمەزارترین کار ئەنجام بدەن، ئەویش دەمی ئەو تێکۆشەرەیان دوورییەوە کە ئەمە کارێکی شایەنی نەفرەتە، لەگەڵ ئەوهەموو ئازارو ژانەیش، شاعیر بە خوێنی لە دیواری زیندانەکەیا شیعری ئەنووسیەوە. کوشتن و بڕین, پەت و سێدارە، نەیتوانی چرای هیوای ئەو هەموو خەڵکە بکوژێنێتەوە، بۆیە مامۆستا (هێمن) ئەڵێت:

**زۆری نـــەمــاوە بێتە بــــەر نەمامی هەوڵ وخەباتم**

**لــــەداگــــیرکــەر پاك بێتەوە خــاکی پیرۆزی ولاٚتم**

چــەك دادەنێم،گـــۆچـــانەكەی جاران هەڵدەگرمەوە

تۆ هەر بێری بە،من هەر شوان، فریشتەی تاسەو ئاواتم

شاعیر لەساڵی ١٣٤٥ ئەم شیعرەی وتووە كە شای پەهلەوی لەئەو پەڕی هێزو دەسەڵاتابوو، وەلێ هێمن لەوكاتەوە پێشبینی ئەوەی ئەكرد، كە ئەبێ خـاك و وڵاتـی ئـازادو سـەربەخۆ ببـێ، شـەوی دەیجـووری دیلیـەتی بـڕواو كـۆچ بكـات، زیندانـەكان تـەفرو تونـا بكـرێن و لەجێگەیان باخچەی جوان و قەشەنگ بنیات بنرێ، دایكان وخوشكان بـەرگی ڕەش فـڕێ بـدەن و بـەرگی سوورو سـەوز لەبـەر بكـەن، بـانگی ئـازادی بـدرێ و هـەتاو بەسەربەسـتی لەگـەڵ بێتــە دەرەوە، جوتیارەكـان بــە ئەوپــەڕی دڵشـادییەوە ڕوو بكەنــە كێڵگـەكان، هەژارەكان قـۆڵی لێ هەڵكـەن و نـەمامی نـوێ بچـێنن، كێوەكـان زنجـیرەی ژەنـك گرتـووی دامێنیان بشكێنن و دار بەڕووەكان گشت باوەش بكەن بە یـەكا، شـاعیریش وەكـو هـەموو خەڵكی بگەڕێتەوە سەر ئیش وكاری، گۆچانەكەی جاران هەڵگرێتەوە، ئازیزە جوانەكـەی هەر بیری بێ و ئەمیش شوانەكەی جاران، شمشاڵە تۆزگرتووەكـەی بسـڕێ و ئاهـەنگێكی جوان ساز بدات.

مامۆستا (محمدی مەلا كریم) لەبارەی (هێمن)وە ئەڵێت: (منـیش (هـێمن)م وەكـو ئێـوەو بگرە زیـاتریش خـۆش ئـەوێ، چونكە ڕەمـزی مەسـەلەیەكەكە بـە یـەكێ لـە پیرۆزتـرین مەسـەلەكانی ئـەم چـەرخەی ئـەزانم، مەسـەلەی خـەبات لـــە پێنـاوی ئـازادی نیشـتیمان وسەربەرزی وڵات).

مامۆستا (هـێمن) مـاڵی كەسـی نـەخوارد، هـیچ ئـادەمیزادێكی ئـازار نـەدا، تـاوانی لەگـەڵ كەسـا نـەكرد، تـەنیا ئـەوەی ئەیویسـت، بـەئازادی وڵاتەكـەی بـژێت، شـای پەهلـەوی و نۆكەرەكانی ئیستكباری جیهانی لە خاكی ئێرانا نەمێنن، بـەڵام ئـەوان بـە ئـاگر و چـەك وەڵامیان ئەدایەوە، بەڵام لەكۆتایا هــەر هیـوای هـێمن هاتـەدی، ئـەو ڕژێمـە تـەفرو تونـا بوو.

**گۆڤاری ئاوێنە ژمارە (٢١- ٢٢)،(١٣٧٤ هەتاوی)، (١٩٩٥ زاینی).**

# بایەخی وشە لای هێمن

## عەزیز ئالی

لە هەر زەمینەیەکدا بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە پلەی وەستایەتی، ناسینی ئامرازی کار مەرجی بنەڕەتییە. بەننا ئەگەر ماڵەو کەمچەو شاقوڵو تەرازو گونیا و ئەمجۆرە شتانە باش نەناسێو نەتوانێ بەلێزانی بەکاریان بێنێ، بێگومان بەننا نییە. هونەری شاعیریش لەم قاعیدەیە ئاوارتە نییە. شاعیری بەتوانا کەسێکە کەرستەی هونەری شیعر چاك بناسێ و وەستایانە کەڵکی لێ وەربگرێ.

گرینگترین بەرکاری شاعیری وشەیە, ئەم گرینگایەتییە ئەوەندە زۆرە هەندێ خاوەن ڕای هێناوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێن: وشە لە شیعردا ئامراز یا کەرستە نییە، ماك و جەوهەرە. دەجا شاعیر هەرچی دەسەڵاتی لەئاست وشە پتربێ، پایەو مایەی هونەرمەندانەی بەرزترو هێژاترە.

لە شاعیرانی هەرە وشەناسی ئێمە یەکیان (نالی) یە. وشە لەکن نالی ڕەنگە بکرێ بڵێن بایەخی لەگشت ئامیانی تری شیعر فرەترە. وشە پارچە ئەلماسێکە بەدەستی خوڵقەندەی نالی تراش دەدرێ، مشت ومالْ دەکرێ و دێتە سەر شکڵێکی ڕێكوپێك و پڕشنگدار. وەزن و قافیەو هاوئەندازەبوونی درێژایی میسراع هەرگیز نەیتوانیوە پێشی ئەوە بگرێ کە نالی بەئارەزووی دڵی خۆی وشە گوڵبژێر بکاو بەچەند مانای لێ هەڵگوازێ. نالی کاتێ وشەیەك هەڵدەبژێرێ تەنیا مانایەکی لەبەرچاونییە، بیر لەهەموو ماناکانی دەکاتەوەو تێدەکۆشێ کەڵکیان لێ وەرگرێ. بەوەندەش ڕازی نابێ و لەوە دەکۆڵێتەوە بزانێ ماناکانی ئەم وشەیە چ ماناگەلێکیتر وەبیردێننەوەو چۆن دەتوانێ بۆ هەڵبژاردنی وشەی تر بەهرەیان لێ ببینێ. بێجگە لەمانە، باری مۆسقایی وشەش لەبیرناکاو باوەڕی وایە مۆسیقای هەر وشەیەك پێویستە لەگەڵ ئاهەنگی وشەکانی ترا ڕێك بکەوێ هەتا بەسەریەکەوە (هارمۆنی) یان هەبێ. نالی تەنانەت شکڵی نووسینی وشەش هەڵدەسەنگێنێ و بەپێکهێنانی تەناسوبی ڕواڵەتی وشەکان وەزنی شیعرەکەی بەهێزتر دەکا. لە ڕاستیدا نالی ڕۆن لەوشە دەگرێ. یا لەمەش ئەولاتر وشە دەچەوسێنێتەوە؟ سەیری ئەم بەیتە بکەن:

**دەورانییە وەک هێڵەگی سەودا سەری گێژم**

**بـــۆیە بەدەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم**

وشەی (سەودا) لەم بەیتەدا سێ مانای هەیە: ١- موعامەلە ٢- سۆزی ئـەوین ٣- ڕەش، نـالی نیـازی لەهەرسـێك مانـا گرتـووە جـا بۆیـە هەرمانایـەك میسـراعی یەکـەم چەشـنە لێکدانەوەو بۆچوونێك هەڵدەگرێ:

١- سەری گێژی من وەك هێڵەگی کاتی موعامەلە کە شتی پێ دادەبێژن، دەسووڕێ.

٢- سەری گێژی من وەك هێڵەگێك ئەوینی پێ دابێژن، دەسووڕێ.

٣- سەری گێژی من وەك هێڵەگی ڕەش، دەسووڕێ

ئەوجار وشـەی(سـەودا) کەوتۆتـە پـێش وشـەی سـەر هـەر بۆیـە لەهـەوەڵ خوێندنـەوەدا لەوانەیە خوێنەر لێی تێك بچێ و وابزانێ ئەم دووە یـەك وشـەن و دەبـێ پیتـەکان لێـك نـزیکتر بنوسـرێن (سەوداسـەر) ئەمـەش عـادەتی نـالی یـە کـارێکی وابکـا خوێنەرلـە خوێندنەوەی شیعرەکەیدا بەسەربچێ.

سەودا هەروەها لـەمانای یەکەمـدا تەناسـوبی هەیـە لەگـەڵ وشـەی (دەقیـق) بێجگـە لـە (ورد) بەمانای ئاردەو ئارد بابەتی سەوداو مامەڵە.

ئەگەر بێت و مانای سێهەمی سەودا یانی ڕەش بخەینە بەر سـەرنج ئەوسـا بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتەوە (دژمانا)و بەرەنگاری ئارد دەوەستێ چۆن ئارد ڕەنگی سپییە.

بۆلایەنی مۆسیقاش ئەگەر لەدەنگەکانی (سـەودا) ورد بینـەوەو لەگـەڵ دەنگـی وشـەکانی تر پێکیان بگرین تەماشا دەکەین لەسـەرێکەوە لـە تـەك دوو وشـەی (سـەر) و (مەسـەل) داو لەلایـەکی دیکـەوە لەگـەڵ (دەورانـی) و(دقیـق) و(دەبێـژم) تەناسـوبی هەیـە. لـە خانۆکەی خوارێ دا ئەستوونی ژمارە ٣ و ٤ شوێنی وێکچوونی (سـەودا) لەگـەڵ وشـەکانی دی دەنوێنێ:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەودا | | سەو | دا | | | |
| سەر | | سەر | | | | |
| مەسەل | مە | سەل | | | | |
| دەورانی | | | دەو | را | نی | |
| دەقیق | | | دە | | قیق | |
| دەبێژم | | | دە | | بێ | ژم |

شاعیرانی كلاسیكی تریشمان وەكو نالی بایەخی وشەیان زانیوەو هەوڵیان داوە زۆر بەدانستە دەكاری بكەن. جزیری، خانی، خانا، مەولەوی، سالم، كوردی، مەحوی نموونە مەزنەكانی ئەم قۆناخەن، بەڵام مەعلووم نییە هەرچی لەزەمانی خۆمان نزیك دەبینەوە ئەم دیاردەیە كزتر دەبێ و قەدەری وشە لەكەمی دەدا؟ پاش كەڵە شاعیرانی قۆناخی یەكەم، شیعری كلاسیكی كوردی شاعیری زۆر گەورەی لێ هەڵنەكەوتووە. وەفاییو حەریقو ئەدەب كە سێكوچكەی شیعری مەڵبەندی موكریانن جێی سەرنجن، بەڵام ئایا ڕەوایە لەگەڵ كەسانی وەك نالی و مەحوی لەبەر یەكیان ڕانێین؟ (حەمدی) كە شكی تێدانییە شاعیرێكی بە دەسەڵاتەو دەتوانین بەشاگردێكی هەرە زیرەكی قوتابخانە مەحوی دانێین لەچاو مامۆستاكەی كورتە باڵا دیارە. بایەخی وشە لەلای شاعیرانی قۆناخی دووەمی شیعری قەدیم بەئاشكرا نزمترە.مەسەلەن پیاو دەتوانێ لەشیعری (كەمالی) (بێخود) یا (ناری) دا وشەیەك دەرباوێ و وشەی تری لەجێ دانێ بێ ئەوەی عەیبداربێ|، بەڵام دژوارە كەس بتوانێ لەگەڵ شیعری نالی كاری ئاوابكاو شیرازەی هونەری ئەو لەبەریەك هەڵنەوەشێنێ. بەكورتی هەرلە دوای قۆناخی یەكەمەوە شاعیرانی كورد بەرە بەرە بچووك دەبنەوە تا وای لێدێ كە ئیتر دەتوانین بڵێین تۆماری جەلال و شكۆی شیعری كلاسیك بەیەكجار لوول دەخواو دەكەوێتە سووچی دەلاقەی مێژووی ئەدەبەوە.

ئینجا دەگەینە شاعیرێكی جیاواز. گۆران بەشێوەی كۆنیش شیعری گوتووە، بەڵام ئەگەر پلەیەكی بڵندی لەشیعردا دەسكەوتووە لەبەر ئەوە بووە كە وازی لەئوسلووبی پێشینیان هێناوەو تێكۆشاوە شاعیری زەمان و زمانی خۆی بێ و سەریش كەوتووە. بەپێچەوانەی ئەدەبی فارسی كە پاش (نیما) ش شیعری كلاسیك بە تەواوی لەبرەو نەكەوت و تەنانەت تا ئێستاش كەسانێك هەن غەزەلو مەسنەوی و ڕوباعی و دوو بەیتی دڵبزوێن دەڵێن، لەكوردەواریدا دوای ئەوەی كە گۆران هاتە بەری مەیدان ئێمە شاعیرێكی كۆنەخواز نابینین شیعری وابڵێ بایەخی ئەدەبی هەر نەبێ بگاتە ئاستی هونەری شاعیرێكی وەك ئەدەب. جا بۆیە جێی خۆیەتی بەگۆرانی باوكی شیعری نوێی كوردی بڵێین: شاعیری گۆڕان، گۆڕانێكی بنچینەیی.

لە لەهجەی ناوینەی زمانی كوردیدا ڕچەشكێن و ڕێگاكێش نالی یە. بناخە دانەری سەبكی كلاسیك ئەوە. هەرخۆشی بەرزترین نوێنەری ئەم ئوسلووبەیە. قوتابخانەی

شیعری هاوچەرخیشمان گۆران دایناوە، هەرچەندە بەرلەو شێخ نووری و تاقمێکی تر بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی تێکەوتبوون، بەڵام چون هیچیان نەیانتوانی وەکو گۆران لەڕیشەوە بیگۆڕن‌و بە شێوەیەکی ئیقلیم گیرو درێژخایەن شوێن بخەنە سەر بەرەی دوای خۆیان، شانازی باوکایەتی شیعری تازەمان هەربەو دەبڕێ. سەیر ئەوەیە گۆرانیش وەك نالی لەئوسلووبی خۆیدا مەزنترین شاعیرە. هیچ شاعیرێکی (نۆئافرێن) ی کورد تا ئێستە پێی نەکراوە لەمامۆستای خۆی تێپەڕێنێ. ئەمەش ڕاستە نیشانەی پایەبەرزی گۆرانە، بەڵام لەهەمان حاڵدا بەڵگەی ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کە شیعری کوردی تووشی سستی و نوشوستی هاتووە. یەکێ لە هۆیەکانی ئەم هۆیەش دەبێ ئەوەبێ کە بەداخەوە شاعیرانی پاش گۆران بایەخی وشە کەمتر دەزانن. ئەغڵەب بەتاقە دێویکی مانای وشە قنیات دەکەن، لەوە ناکۆڵنەوە ئەم وشەیە چ پەیوەندی بە وشەکانی ترەوە هەیە. لەمۆسقای کەلام ناشارەزان. دارایی وشەیان کەمە ژمارەیەك وشەی تایبەتی لەشیعری هەموویاندا دووپاتە دەبێتەوە جاروبار کە لەجەغزی ناوچەگەری خۆ دەرداویژن و کەڵك لەوشەو ئیستیلاحی مەڵبەندی تر وەردەگرن ئەوەندە بەپەلەو ناتێبینن، تووشی هەڵە دێن. ئەڵبەتە ناکرێ هەموویان بخەینە تای تەرازوویەکەوە چۆن ئەگەر محەك زەوقی گشتی بێ، دەشێ قەبووڵ بکەین تاك‌و تەرایەك لەم شاعیرانە شیعری سەرکەوتوویان هەیە و توانیویانە سەرنجی خەڵك بە تایبەتی بەرەی لاو ڕابکێشن، بەلام ئەگەر (ڕەوت)ەکە بەتێکڕایی هەڵسەنگێنین دێینە سەر ئەو باوەڕە کە شیعری کوردی لەدوای گۆران سەربەرە ژێر ڕۆیوەو لە جوانی شکڵ‌و قووڵایی ناوەڕۆك دووربۆتەوە.

لەم ناوەدا دەمێنێ هێمن کە دیاردە یا تەنانەت دەتوانین بڵێین ڕووداوێکی جیاوازو تایبەتییە.دیارە زۆر بەجێ نابێ ئەگەر هێمن بەپەیڕەوی گۆران لەقەڵەم بدەین، بەلام مادام قوتابخانەی گۆران برێتی بێ لەهەموو لایەنێکی ئەو گۆڕانە مەزنەی بەهۆی کردو کۆشی گۆران لەزەمینەی شێعری کوردیدا ڕوویداوە ئەوا ڕەنگە بتوانین هێمنیش بخەینە ناو چوارچێوەی شێوەی کاری گۆرانەوە.

هێمن لەقاڵبی شیعردا کەمتر لە غەزەل و مەسنەوی دوور دەکەوێتەوە. نوێترین شکڵی شیعری ئەو( زنجیرە چوارینە) یە کە لە فارسیدا (چارپارە) و( دوبیتی های پیویستە)ی ناوە. بە وتەیەکی تر نەیتوانیوە یا نەیوستووە وەك گۆرانی خۆمان‌و نیمای فارسی وێژ

بکاو لەشوێنی پێویستا کۆنە یاسای یەك ئەندازە ڕاگرتنی درێـژایی میسـراعان بشـکێنێ. کەوابوو لەڕوانگەی فۆرمەوە بەشـاعیرێکی پێشـکەوتوو ناناسـرێ، کەچـی بـۆ بـاری مانـاو ناوەڕۆك نوێخوازو بوێرو داهێنەرە. تەنانەت لەچوارچێوەی غەزەلیشا کـە بەزەحمـەت ناوئاخنی زۆر تازە هەڵدەگرێ، تێدەکۆشێ خۆ لەتەقلید بپارێزێ و ئەوەندە بووز دەخـوا بیرو هەستی ڕاستەقینەی مرۆڤێکی کوردی ئەمڕۆ دەربڕێ.

تایبەتییەکی هەرە بنەمایی لەشیعری هێمندا بایەخداربوونی وشەیە. ئەوە بـۆدەربڕینی هەستو مەبەست ئەغڵەب لـەبارترین وشـە دەدۆزێتـەوە. لەهەڵبـژاردنی وشـەدا تالووکە ناکا. تا دڵنیا نەبێ وشـە دەقـاو دەق نوێنـەری بیریـەتی ناینووسـێ. جگـە لـەپڕ بەپێـست بوونی وشە، مۆسیقاشـی بـەلاوە زۆر گرینگـەو هەوڵدەدا وشـەیەکی واهەڵبـژێرێ لـەزارو گوێ خۆشبێ....

گـەورەیی گـۆران جێـی گومـان نییـە. ژمارەیـەك لەشـیعرەکانی گـۆران شـاکاری حاشـا هەڵنـەگری مێـژووی هاوچـەرخی ئـەدەبی کـوردین: بۆجـوانی سـەرەڕێ، جـوانی لادێ، لەدرزی پەچـەوە، جـوانی بـێ نـاو، بـووکێکی ناکـام، لاوانـەوەی سـەرەڕێ، جیلـوەی شـانۆ، دەروێش عەبدوڵلا، هەڵبەستی دەروون، دواسەرنـج و...بەلاّم گۆرانی مەزن لەهەڵبژاردنی وشـەدا هەمیشـە ئامـانج نـاپێکێ. پێکگرتنـی گـۆران و هـێمن ڕەنگـە کـارێکی ڕەوا نـەبێ لەگەڵ ئەمەشا چۆن مەبەستی ئەم وتارە ئەوەیە لە بایەخی وشـە لای هـێمن بـدوێ ئـەم قەڵەمـە بـۆ ڕوونـتر نیشـاندانی ڕادەی دەسـەڵاتی هـێمن لـەم زەمینەیـەدا، نـاتوانێ خۆبەدەست وەسوەسەی لەبەریەك ڕانانی ئەم دوو شاعیرەوە نەدات, ڕاسـتییەکەی گۆران جاری وایە ئەو خەیاڵەی پێی مەستە وەها هۆشی دەڕفێنـێ کـە لەگوڵبـژێرکردنی وشـەدا بەسەهوو دەچێ.

بـــەلاّم تەبیعەت هـــەرگیزاو هـــەرگیز

بــــێ روونـــاکییە بێ بزەی ئــــــازیز

لـەم بەیتـە پـڕ کاکـڵ و دڵنشـینەدا قەیـدی هـەرگیزاو هـەرگیز لەگـەڵ فیعلـی ئیجـابی (موسبەت) بەکارهاتووە کە پێچەوانەی دەستووری زمانی کوردییـە. ڕاسـتکردنەوەی ئـەم هەڵەیە کارێکی ئەستەم نییە. وادیارە گۆران وەك هەندێ هونەرمەندی گـەورە کـە پـاش خولْقانی بەرهەمێك کوڵ وکۆیان دادەمرکێ و ئیتر لێی نەبان دەبـن دوای نووسـینی ئـەم شیعرە پێیدا نەچۆتەوە ئەگینا هاسان بوو ئاوای لێ بکا:

بـــەڵام تـــەبیعەت هەرگیزاو هـــەرگیز

ڕوونــــاکی نییـــە بێ بزەی ئـــــازیز

لەبەسەرهاتی ئەستێرەیەکدا کە لەشیعرە جوانەکانیەتی دەڵێ:

بـــەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی بـەرەوخوار

هـــەڵ ئەخلیسکێ کـزکز ئەگاتە لێـوار

(ئەسپایی) یانی ئارامی وشێنەیی کەوابێ لە (حاڵەتی قەیدی) دا پێویستە ئامرازی( بـە) ی (قەیدسازی) بخرێتە پێش (بەئەسپایی) (ئـارامی) و (شـێنەیی)ش لـەم حاڵەتـەدا هـەر وایـان لێـدی. بـە (ئـارامی) بەشـێنەیی. ڕاسـتکردنەوەی ئـەم چـەوتییە بچووکەش دژوار نییە:

بـــەڵام ئێستا بەئەسپایی بـــەرەخــــوار

هـــەڵ ئەخلیسکێ کزکز ئـــەگاتە لێوار

بێجگە لە وردە هەڵەی ڕێزمـانی، لەشـیعری گۆرانـدا هەنـدێ جـار هەڵـەی (مـەنتیقی)ش بەدی دەکرێ. لە دوا (سەرنج)دا کە بە هەڵکـەوت لەشـیعرە هـەرە باشـەکانیەتی، تووشـی ئەم دوو میسراعە دەبین:

مەلێ بووم لەباخچەی هونەرا بێ جووت

بۆ جوانیم ڕێك ئەخست شیعری دڵداری

بێ جووت کە بەمانای تەنیاو بێ هاودەمە، لێرەدا بـۆ ئـەم مانایـە دەست نـادا. لەبەنـدی چاردەهەمی هەر ئەم شیعرەدا دەخوێنینەوە:

بـــۆ ئەوەی بتوانم لەپـــــەردەی بـــیرم

نیگــــاری هەڵکەنم شێـوەی لێت بـچێ

(نیگار) بۆی هەیە هەڵکەنرێ، بەڵام لەسەر پەردە نا. بۆ نیگاری سەرپەردە فیعلی کێشان زیاتر لەگەڵ مەنتیق ڕێك دەکەوێ:

بـــۆئەوەی بتوانم لەپـــەردەی بـــیرم

نیگــــاری بـــکێشم شێـوەی لێت بچێ

تایبەتییـەکی کـاری گۆران ئەوەیەکـە تـەرکیب و تـەعبیری نـوێ دروسـت دەکـا، ئەمـەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەنـدبوونی زمـانی کوردی، یـانی تـەیاری دەکـا بـۆدەربڕینی وردتـری مانـای نـوێ هێزوگـوڕی دێنێتـە بـەر. ئـەمما ئـەنجامی ئـەم ئیشـە هەمیشـە بەکـەڵك

نییـه.بـەعزە وەختـێ دەبیـنین ئـەو تـەعبیرو تەرکیبـە نوێیـە کـە گۆران پێکـی هێنـاوە لەباری ئاهەنگ و مۆسیقاوە دڵپەسند نییە، لەدەم خۆش نایەو گوێ نالاوێنێتەوە.
هـێمن ئـەمما بەپێچـەوانەی گـۆران کـەم وا هەیـە خـۆی وشـەیەکی تێکـەڵاو سـاز بکـا یـا عیبارەتێکی تازە ڕێك بخا. لەم نەزەرەوە دەتوانین بڵێین وەکو گۆران خەللاق نییە، بـەڵام هونەری هێمن زۆرتر لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە هیچ وشەیەك با زۆریش ئاسایی بێ، بـەبێ هەڵسـەنگاندن دەکارناکـات. ئـەو وردە کەمایەسـییانەی لای گـۆران دەدێترێـن لـەزمانی هێمندا بەدەگمەن خۆدەنوێنن. نووسەری ئـەم دێرانـە تـەنیا شـوێنێکی پـێ شـك دێ کـە هێمن لەوێدا تووشی هەڵەی زمانی بـووبێ ئـەویش (بنـاری هـەڵگورد) ە لەبەشـێکی ئـەم شیعرەدا کە دەکەوێتە لاپەڕەی ٢٢٥ ی (تاریك و ڕوون) ئەم بەیتە دەبینین:

**هێشتـــا دوورنەبووم لەهەڵـــگورد**

**کـــیژم دەهـــاتن لەشەوگـــورد**

(شـەوگورد) لەفەرهـەنگۆکی کتێبەکـەدا بـە(ژوانـی شـەوانە) مانـا کراوەتـەوەو چـۆنەتی هەڵکەوتنیشی لەمیسراعی دووی بەیتـدا هـەر مانایـەکی لـەم چەشـنە بەدەسـتەوە دەدا. هەڵـە لەوەدایـە کـە شـەوگورد بەوشـەیەکی مورەکـەب دراوەتـە قەڵـەم کـە لەدووکـەرتی (شەو) لەگەڵ (گورد) پێکهاتووە.لەڕاستیدا (شەوگورد) دوو وشەی لێك جیـان نـەك تاقـە وشەیەك: (شە) لەگەڵ (گورد) کەواتە واوی نێوانیان واوی عەتفە (شە) (و) (گـورد) دوو پـاژی دەزگـای جـۆڵاییین و ئیسـتیلاحی (لەشـەو گـوردی کەسـێك نـەهاتن) هـەر لـەکاری جۆڵایەتی کەوتۆتەوە. کاتێ دەڵێن (فلانەکەس لە شـەوگوردی تـۆ نایـە) یـانی هاوشـان و هاوکووفی تۆ نییەو باشتر وایە وازی لێ بێنێ. لەبەیتی (سـەعید و مـیر سـێوەدین)دا مـام ئەحمەدی لوتفی بـەیت بێـژی مـەهابادی لـەزمان سـەعیدەوە دەڵـێ: کەسـێك فکـر نـەکا، لەسەر قسان ڕانەوەستێ، ئاخری دێتە سەر زەرەرو ڕۆژێ قالووەلایە دەنا وەکو تـۆ دەڵێـی ئەو دنیا پان و بەرینـە هەربـەتاقی تـەنێ ڕوقیـە خـانمی تێدایـە وەڵڵا ناسکە،شـل وملـە ئەما لە شەوگوردی کەس نایە.
هەڵەی تری لەم بابەتە لە شیعرەکانی هێمن دا ئەگەر هەشبێ بێگومـان ئەوەنـدە کەمـە، هێشـتا دەتـوانین بەدڵنیاییـەوە بڵـێین زمـانی هـێمن بەگشـتی زمـانێکی ڕوون و ڕەوان و دروست و پتەوە:

**جـووتێك كۆتری سەر بـــــەكلاوە**

**هــــەڵكورمان لـــەگوێ سوانـەیەك**

**دیــــــارە لـــەم دەوروبەرانــــــە**

**پـێ یان شك دێ، هێلانەیەك.......**

**(ئێوارەی پایز)**

هەڵبژاردنی پسپۆڕانەی وشە ئەغڵەب لەشیعری هێمنا مانایەكی ئاسایی تا ئاستی ڕووداو یا كارەساتێكی گرینگی شاعیرانە بەرز دەكاتەوە:

**لـــــەو دەمەیدا گڕ دەگرێ مـەیلو تاسە**

**لەو دەمەیدا تێك هەڵدەنگوون هەناسە**

**(یادم بكەن)**

تەماشا بكەن فیعلی (تێـك هەڵـەنگووتن) چ گـەرمی و كـوت و پڕیـەكی داوە بـەم بەیتـە. شـاعیر دەیتـوانی بڵـێ: (لـەو دەمـەی دا تێكـەڵ دەبـن هەناسـە) بـەلاّم تێـك هەڵـەنگووتن لەكوێ و تێكەڵ بوون لەكوێ؟

هێمن شاعیری سەردەمی نوێیە و بەكردەوە قەبووڵی كردووە نوێنەری ژیانی ئەمڕۆ بێ. لەگەڵ ئەوەشا ڕابردوو فەرامۆش ناكا. دەزانی ئەمڕۆ وەچی (دوێنێ)یەو (دوێنـێ)ش بـە نـۆرەی خـۆی لـە (پێـرێ) كەوتۆتـەوە دەجـا شـاعیر هەرچـەند نوێخـوازیش بـێ نـاكرێ بەیەكجاری لەپێشینەو مێـژووی ئـەدەبی ولاّتەكـەی بپچـڕێتەوە. بۆیـە خـۆی ئەوەنـدەی بۆی دەلوێ كەڵك لە ئەزموونی زیندووی شاعیرانی پێشوو وەردەگرێ:

**چــــڵە ڕیحانی دوورە دێــــراوم**

**ســــازی ناسازی هــەڵپەسێراوم**

**(ســازی ناساز)**

(ناساز) لەزمانی كوردیدا بە (نەخۆش) دەڵێن. ئینسـانی نـەخۆش چاوەڕوانی لێ نـاكرێ كاربكـا كـەوابوو شـاعیر دەتـوانێ بـۆ وەسـفی حـاڵی سـازێكی شـكاو كـە ئیـدی كـەڵكی لێ وەرنــاگیرێو خراوەتــە لاوە، سـفەتی(ناســاز) بــەكاربێنێ. بــەمجۆرە هــەم گیــان بەبــەر سازەكەدا دەكاو ناڕاستەوخۆ بەمرۆڤی دەشوبهێنێ هەم بەیارمەتی وشەی (ساز) ئیهام یـا تەوریەی پێ دروست دەكاو خوێنەر یـا گوێـدێر دەخاتـە شـكەوە ئـاخۆ (ناسـاز) بـەمانای نەخۆش هاتووە، یا دژی مانای (سازە) ومەبەستی شاعیر ئەوەیە كە ئـەم سـازە ئیـتر سـاز

(ئـامرازی مۆسـیقا) نـەماوە؟ ئیهـام لـە سـەنعەتەکانی شـیعری کلاسـیکە، بـەلاّم ئێسـتاش زیندوو ماوەو شاعیری ئەمڕۆ دەتوانێ شیعری خۆی پێ بڕازێنێتەوە.......
هێمن مۆسـیقای وشەشـی بـەلاوە بەیاخـدارە. کـەم شـیعری وای هەیـە دەنـگ و ئاهـەنگی وشەکانی بەتەرزێکی دڵبزوێن وگوێ لاوێنەوە ڕێك نەکەوتبن:

**وەرە یـــارم وەرە ئەی تـــازە یـارم**

**وەرە ئەستێرەکەی شەوگاری تـارم**

**وەرە ئـــەی شاپەڕی باڵی خەیاڵم**

**وەرە ئەی شەوچرای ڕووناکیماڵم...**

سەرنجی ئەو هەموو دەنگی (ڕێ) و (ئـە) و (ئـا) یـە بـدەن کـە وەکـو فـڕەو هاشـەی بـاڵی پۆلێك پەڕەسێلکە مۆسـیقای دەروونییـان داوە بـەم شـیعرەو وایـان لێکـردووە کـە ئەگـەر وەزنە عەرووزیەکەشی لێ بستێنن، هێشتا هەر ئاهەنگین و مەزوون دەمێنێ.
بایەخی شیعری هێمن گەلێك لەوە زۆرتـرە وتـارێکی وەهـا کـورت وناپوخـت دەرۆسـتی لێ کۆڵینەوەی بێ بەلاّم لەم ڕۆژگارەدا کە میزاجی کوردەواری بە جارێك تێکچووەو شـیعری بەستەزمانی کوردی لەحاڵی گیان کەنیشتایە، ڕەنگە ئەوەندەش هەر لەهیچ باشتربێ.
گەورەکانی ئێمە بایەخی وشەیان زانیوە، ئەدی ئێمە بۆچی پەڕۆیەك لەوان دانادڕێن؟

**گۆڤاری سروە، ژمارە (١٣٩)، ڕێبەندان ١٣٧٦.**

# یادێك له ماموٚستا هێمن

## بهبۆنهی دوازدهههمین ساڵی مهرگییهوه

**مستهفا مهعرووفی**

لهڕیزی پێشهوهی ئهدهبیاتی نوێی کوردی له کوردستانی ئێراندا که له دهیهی ٤٠ ی زایینییهوه دهست پێدهکا هێمن و ههژار دهبینین. ساڵی ١٢٩٩ ی ههتاوی ڕاست لهو سهردهمهدا که شۆڕشێکی ئهدهبی له کوردستاندا وه ڕێ دهکهوێ، لهئێران ڕژیمی دیکتاتۆریی ڕهزاخان دادهمهزرێ و له کوردستانیشدا زمان و فهرههنگی کوردی بهتوندترین شێوه قهدهغهو سهرکوت دهکرێ و ٢٠ ساڵی تهواو پێشی ههر جم وجوڵێکی ئهدهبی و فهرههنگی دهگیرێ لهو ماوهیهدا که له بهشهکانی دیکهی کوردستان ئهدهبی کوردی گهشهی دهکرد، لهم بهشه لهکوردستاندا بهرههمێکی بهرچاوی ئهدهبی پێکنههات.لهساڵی ١٣٢٤ دا به دامهزراندنی کۆماری کوردستان، گهلی کورد بۆ یهکهمجار چارهنووسی خۆی له بهشێکی نیشتمانهکهیدا بهدهستهوه گرت و زمان و ئهدهبی کوردی گهشهی کردو خوێندهواران و شاعیرانی کورد لێهاتوویی خۆیان نیشاندا. ماموٚستا هێمن لهو ماوهیهدا دهستی بهبلاّو کردنهوهی شیعرکردو ههر زوو وهك شاعیرێکی خۆشهویست ناوبانگی دهرکردو شیعرهکانی بوونه وێردی زمانی خهڵك. زۆربهی شاعیران یان پهخشانیان نییه، یان ئهگهر ههیانه وهك شیعرهکانیان نایهتهوه، بهلاّم لهبارهی ماموٚستا هێمندا ئهو شته ڕاست نییه ، ههر چهند شیعرهکانی باشترین نموونهی شیعری کوردین، بهلاّم پهخشانهکانیشی کهم وێنهن.ماموٚستا محهممهدی مهلاکهریم له پێشهکیی (ناڵهی جودایی)دا خۆزگه دهخوازێ که هێمن زیاتر پهخشاننووس بوایه.

ئهگهر چاوێك لهنووسراوهو تهرجهمهکانی پاشهڕۆك، (لهکوێ وه بۆ کوێ)، پێشهکی بۆ (پێکهنینی گهدا) و (تحفه مظفریه) بکهین بۆمان دهردهکهوێ که نموونهی ههره بهرزی پهخشانی کوردین.

لهڕهخنهی ئهدهبیدا باش نییه که هێندێك قاعیدهو قانوونی وشك دابنێین و بهرههمی ئهدهبی پێ ههڵسهنگێنین، چونکه ئیحساسات و عاتیفهی بێ سنووری شاعیر یان ئهدیب بێ سنوورهو ئهو قاعیدهو قانوونانه ناناسێ، هێمن لهشیعرهکانیدا لهسهر کێشی شیعری کلاسیکدا مهسهله کۆمهلاّیهتی و سیاسییهکانی سهردهم باس دهکا، واته نێوهرۆکێکی

ڕیئالیستییانەیان پێ دەبەخشێ. دەتوانین نێوەرۆکی ڕۆمانتیکانە لەشیعرەکانی دا بدۆزێنەوەو بەشێکیان نێوەڕۆکی ناتۆرالیستیانەشیان هەیە لە (بناری هەڵگورد)دا جوانترین وێنەی سروشتی کوردوستانمان بۆ دەکێشێ. بەگشتی شیعرو ئەدەبیاتی هێمن تایبەت بەهەست و بۆچوونی هێمنن. ئەمەش بەو مانایە نییە کە لەگەڵ هیچ یەك لەڕێبازە ئەدەبییەکان یەك ناگرنەوە.

هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستی شۆڕشگێڕە کە سەرچاوەو ئیلهامی شیعرەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە، بەڵام لەگەڵ ڕیئالیزمی سوسیالیستیی یەکیەتیی سۆڤیەت جیاوازی هەیە کە بناغەی لەسەر پێوەندییەکانی کرێکاری و پرۆلتێری لەگەڵ سەرمایەداری دامەزراوەو کرێکاران بۆ خەباتکردن هان دەدا. شیعرەکانی هێمن نێوەرۆکی نەتەوایەتیو چینایەتییان هەیەو زیاتر باسی پێوەندیەکانی فیئۆدالی دەکەن. شاعیر نیزامی فیئودالی تاقی کردۆتەوە، بۆیە وەکو ڕێباز ڕیئالیستە، بەڵام وەك نیوەرۆك جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕیئالیزمی سوسیالیستیی یەکیەتیی سۆڤیەت. هێمن گەلی کوردو زەحمەتکێشانی کورد هان دەدا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و چینایەتییەکانیان خەبات بکەن.

مام هێمن جوانی وعیشق و ئەوینی ئینسانی لە عیشق و ئەوین بەنیشتیمان و نەتەوەکەی جیا ناکاتەوە. بۆیە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی لەسەرەتادا دڵدارین و بەهەستی گەرمی خۆشەویستی دەست پێدەکەن. تا وردە وردە نێوەڕۆکی نیشتیمانی و سیاسی و شۆڕشگێڕانە بەخۆوە دەگرن. وەك لە شیعرەکانی (ئامێزی ژن) و (فرمێسکی ڕنوو) دەردەکەوێ.

هێمن لەبەکارهێنانی وشەی کوردی و زاراوەی خۆماڵی و ئیدیۆم و دەستەواژەی کوردیدا مامۆستایەکی کەم وێنەیە. هەرئەوەشە کە نووسراوەکانی شیرین و دڵگیرکردووەو لەبەکارهێنانی وشەو زاراوەی نامۆو داتاشراو بەتەواوی خۆی پاراستوە.

بێجگە لەشیعرو پەخشان بەشێکی دیکە لەکاری ئەدەبیی مامۆستا هێمن وەرگێڕانە. چەند چیرۆکی (گی دی مووپاسان) و (بالزاك) و هێندێك نووسەری دیکەی بێگانەی کردۆتە کوردی کە نموونەیەکی جوانی وەرگێڕانی کوردین. ئەم چەند بەرهەمەی لەگەڵ هێندێك لەشیعرەکانی لە (پاشەرۆکی هێمن)دا چاپ کراون.

نووسینی ژیاننامە یان بیۆگرافی بەشێکە لەکاری ئەدەبیی مامۆستا هێمن. گیروگرفتی گەورەی لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی ئەوەیە کە ژیان و بەسەرهاتی شاعیران و ئەدیبانیان لێ ڕوون نییە، چونکە ئەگەر ژیانی شاعیر ڕوون بێ، لایەنی شیعری و هەلومەرجی سەردەمی شاعیریش ڕوون دەبێتەوەو مێژووی ئەدەبیاتیش باشتر دەناسرێ، (لەکوێ وە بۆ کوێ) کە ژیاننامەیەکی کورتی خۆیەتی و لە (تاریك و ڕوون)دا چاپ بووە، لەزۆربەی ئەو ژیننامانەی کە بە دەیان لاپەڕەو لەچەندین بەرگ دا چاپ کراون سەرنجڕاکێش ترە، نەك لەبەر ئەوە کە ژیانی ئەو پڕکارەسات ترو ئالۆزتربووە، بەڵکو لەبەر ئەوە کە زۆر جوان و ڕەوان دایڕشتووە.

هێمن وەك شاعیرێکی خۆشەویست و کوردیزان و پەخشاننوس و وەرگێڕێکی بەتوانای کورد پێویستە لەوەی کە بووە لێکۆڵینەوەیەکی وردتری لەسەر بکرێ تا هەم خۆی و بەرهەمەکانی باشتر بناسرێن و هەم زیاتری لێ فێر بین.

یادی ئەو شاعیرە گەورەی کورد هەر بەرێز بێ!

**ڕۆژنامەی کوردستان،ژمارە(٢٥٨) ٣١ی بانەمەڕی ١٣٧٧- ١٩٩٨.**

# غەریبیو غوربەت لە ناڵەی جوداییدا

**ئەحمەد محەمەد ئابلاخی**

کەوتنە ناو بەرهەمی ئەدەبیانەوە بە نەشارەزایی، ئەنجامەکەی بەناهەق شکاندنی لقو پۆپە یان هەڵوەراندنی گەڵاوگوڵە، بۆیە شوێنی خۆیەتی لە پێشەکی هەر شۆڕبوونەوەیەکدا بەناو بەرهەمی ئەدیبێکدا ئەم شیعرەی شاعیری گەورە حەمدی بڵێینەوە:

**ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**

**هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ**

گەر لە ناونیشانی دیوانە شیعری (ناڵەی جودایی) شاعیری گەورەی کورد، مامۆستا هێمنی موکریانی وردبینەوە، دەبینین ناڵەو هاوارو فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خۆلاواندنەوەو نزاو هاوارو ئازاری ئاخو ماندوویەتی هزرو نائارامی ڕۆحو بێتاقەتی جەستەیە بەرامبەرجودایی:

**ئاخ، دیسان ڕووپەڕێک دڕا**

**لە ڕۆژ ئەژمێرێ تەمەنم**

**ئاخ دیسان شەو داهاتەوە**

**من هەروا دوورە وەتەنم**

*　*　*

**ئاخ دیسان چوومە ژێر باڵی**

**ڕەشی شەوگاری تەنیایی**

**ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم**

**ژەهراوی تاڵی جودایی**

*　*　*

**ئاخ، دیسان دەبێ ڕابوێرم**

**لە ژوورێکی ساردو سڕدا**

**دەگەڵ ئازار دەستەملان بم**

**تا بەیان لە نوێنی شڕدا**

(ناڵەی جودایی: ل٣١)

جودایی له خێزان، له خانوو، ماڵو گوندو گەڕەكو شاخو دەشتو دراوسێو کەسو کارو یادگارەکانی منالّیو لانەی گەورەبوونو سەرگەرمیو جەحێڵیو گەلێ شتی تری بە نرخ کە لە یاد ناکرێنو لە دەروون دوور ناکەونەوە.

جا بزانین ماموٚستا هێمنی کوردستانی ئێرانو هەڵهاتووی دەستی جاندرمەکانی شای ئێران بۆ کوردستانی عێراق، ئەو دوورکەوتنەوەیە چۆن لە شیعرەکانیا ڕەنگیداوەتەوەو چی بەرجەستە بووە. پێشەکی ئەمەوێ جیاوازی بەکارهێنانی خۆم بۆ دوو زاراوەی غەریبیو غوربەت کە لە ڕاستیداو لە ناواخنێکدا نزیكو هاوماناو هاومەبەستن لای من چۆنە.

غەریبی، مانای دووکەوتنەوەی کەسێك لە وڵاتو مەکانی خۆیو هەست کردن بە تەنیاییو تەنیا باڵیو بێکەسیو لانەوازیو بێ دەرەتانی:

**ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ**

**ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە**

**نەکەس لە پێشمدا دەڕوا**

**نەکەس دیارە بە دوومەوە**

غوربەتیش بە مانایەکی تر هەست کردن بە نامۆییو جودایی لە خەڵکی تر، لە قسەکردنو هەستکردنو بیرکردنەوە. بەم مانەیەیان "برێشت"و تەنی "ئەشێ کەسێ لە وڵاتی خۆی لەناو ماڵو منالّی خۆی لەناو هاوەڵو کەسو کاری خۆیدا هەست بە جیاوازی خۆی بکات لەوانو هەست بە نامۆیی بکات:

**ڕوو لە هەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم**

**نابینم جێ، ژوانو کەونە لانی خۆم**

جا لێرەداو لە شیعرەکانی ماموٚستا هێمندا ئەمەوێ ئەوە لە یەك جیابکەمەوە کە شاعیری گەورەمان تاچەند هەستی بە غەریبی کردووەو تا چەند هەستی بە نامۆیی یان غوربەت کردووە.

لە دانیشتنێکدا لە خزمەتی مام هێمنی گەورەدا کە جێگەی شانازییەو یادگارێکی گەورەو بەنرخە، پێمگوت: ماموٚستا ڕاکردنت لە دەستی جەلادەکانی شاو هاتنت بۆ بەردەمی جەلادەکانی سەدام کە دوو رژێمی خوێنرێژو دووژمن بە کوردو بە

مرۆڤایەتین. هەڵهاتنت نییە لە دەمی گورگەوە بۆ دەمی سەگ؟ ئایا ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە چۆن لێك دەدەیتەوە؟

فەرمووی: دڵم بەوە خۆشە لێرە لەناو هاوزمانو گەلی خۆمو کەسو کاری خۆم دام:

**جووتێك کۆتری سەر بە کڵاوە**

**هەڵکورماون لە سوانەیەك**

**دیارە لەو دەورو بەرانە**

**پێیان شك دێ هێلانەیەك**

فەرمووی من دەمتوانی بچمە هەندەران، بەڵام خۆشیم بە غەریبی نایەت. چما ئێرەش هەر وڵاتی خۆم نییە؟

پاشان فەرمووی لێرە هەرچەندە ڕژێمی سەدام کوردکوژە، بەڵام وەك پەناهەندەیەك مافم پارێزراوە، هەرچەندە مام هێمن کوردستانی عێراقیش هەر بە وڵاتی خۆیو کوردەکانیش هەر بە کەسو کاری خۆی ئەزانێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وا لە زۆر شیعرەکانیدا بەدی ئەکەین کە بۆنی هەست کردن بە غەریبیو دوورە وڵاتیو دوور لەکەسو کاری پێوە دیارە.

**نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر**

**جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر**

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**

**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**

**لێمگەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون**

**لێمگەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون**

بەڵام ئەمە جێگەی لۆمەو تانە نییە. بۆ شاعیرێکی هەست ناسکی وەك مامۆستا هێمن، زۆرجار وا ڕێك دەکەوێ مرۆڤ لە گوندەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە بۆ گوندێکی نزیکی ئەو، کەچی یادی دەکاو لەو شوێنە نوێیەدا هەست بە غەریبی دەکا, یا جاری وا هەیە لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تری یەك گوند ماڵ دەگوێزێتەوە، کەچی هەست بە دووری دەکاتو یادی دەکاتەوەو دڵی بۆی لێدەداو هەست بە غەریبی دەکات، ئەمەش لوتکەی هەست ناسکیو وەفاو بە ئەمەکیو دڵسۆزیو ڕاستگۆییە لەگەڵ خودو ناخو دەوروبەردا....

**دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی**

**دەردی وشیاریو سەبووری کوشتمی**

**یادی یارانو وڵاتم ڕۆژو شەو**

**لێی حەرام کردم قەرارو خوردو خەو**

شاعیرێکی لە پەڕەی گوڵ ناسکتر، تەمەنێکی دوورو درێژی بە تێکۆشانی سیاسیو نووسینی شیعر تێپەڕاندووەو تەمەنی لاویو مێردمنداڵیو منداڵی لەناو کەسو کارو لانەی یادگاری جۆراوجۆری شیرینو تاڵ، دوور لە خانەوادەو ڕۆڵەو ئازیزترین کەس، ستەمە زۆر ستەمە لە یادکرنیان.

**چاوم لە ئاسمان بڕی**

**دڵم هێندەی دیکە گیرا**

**گەلێک بیرەوەری کۆنم**

**لە پڕ هاتنەوە بە بیرا**

بەرد بە بەردی وڵاتێكو لە پەنا هەر بەردێکدا یادگارێكو کۆڵان بە کۆڵانی گوندو شەقام بە شەقامی شار، دەیانو سەدان هاوڕێو قسەو باسی خۆشەویستی، ستەمە زۆر ستەمە لە یادکردنو بەلاوە خستنیان، زۆربەی ئەو شیعرانە ئەو هەستانەبوون کە پاڵ پێوەنەری یادکردنەوە بوونو بوونەتە هەوێنی هەست کردن بەغەریبیو لەیادبردنەوەی ئەوەی کە ئێرەش هەر وەتەنی خۆیەتیو ئەم گەلەش هاوزمانو کەسو خزمی خۆیەتی.

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من**

**چۆن لە ئەژنۆ بینەوە دوو دەستی من**

**چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی ئەنگاوتەیە**

**بەرد لە بەردێ بێتەوە دەنگی هەیە**

**ژانی ناسۆری جوداییم چێشتووە**

**هەرچی خۆشم ویستوە جێم هێشتوە**

**هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین**

**دەرکراوم من لە خاکی دڵ نشین**

**بوومە ئاوارەو پەڕیوەی دوور وڵات**

**کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات**

یا دەفەرموی:

وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێلو کوانێ (خانزاد) و (خەزال)
زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست
هەروەکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆش ئەویست
وەک (سیامەند)ێ لە چۆڵو بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ

یا دەفەرموێ:

کوردەواری، ئەی وڵاتە جوانەکەم
رۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە
رۆژگار هاریومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە گەپچاڕو دەکا گاڵتەی بە من
ئەو رموزنەی زەندەقی چووبوو لە من

لێرەوە دێمە سەر چمکی دووەمی باسەکەم کە غوربەتی هێمن بوو، واتە هەست بە نامۆیی هەرچەندە لەناو هاوەڵانی خۆی دابووە.

هەوا بوو لێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە گەڵا زەردە
تەنانەت ڕەنگی گۆڕاوە
ئەم دیوارو داروبەرە

لێرەدا بە ئاشکرا هەست بە نامۆیی شاعر دەکرێت، ئاخۆ دەبێ جیاوازی چی بێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیدا، ڕاستە مامۆستا هێمن لە شارەکانی بەغداو سلێمانیو هەولێر دەژیاو مایەوە، کەسانی ئەدیبو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی ئەو دەوروبەرەی ئەو هەر هەموویان هەر کوردی پاکو بێگەردو بێ غەش نەبوون، زۆریان هەبوو جاشو بەعسیو چڵکاوخۆری بەعسی بوونو مامۆستا هێمنیش شاعیرێکی هێندە گەورەو

میللیو خۆشەویست بوو کە هەموو چەشنێك گەورەو بچووك خۆشیان ئەویستو لە هەموو جۆر لە دەوری کۆدەبوونەوە، بەلام شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووسی نیشتمانپەروەرو پاك زیاتر قەدری مامۆستا هێمنیان دەگرتو خۆشیان ئەویستو سەری رێزیان لەبەردەمی دانەوی ئەکرد.
ئەڵبەت بیرکردنەوەی شاعیرێکی نیشتمانپەروەر دوورە زۆر دوورە لە کەسانی کاسەلێسو چڵکاوخۆر. ئەو دەربەدەری دەستی قەدری خۆزانینو سەرنەوی نەکردنو خیانەت نەکردنە، ئەمانە غەرقی خۆفرۆشیو شەرەف فرۆشین، بۆیە زۆر ئاساییە، لەو حاڵەتانەدا هەست بە نامۆییو دوورە پەرێزیو خۆجیاکردنەوە بکات:

**بەڵێ هەنو یەکجار زۆرن**

**بازرگانی فرمێسكو خوێن**

**بەڵێ هەنو پێدەکەنن**

**بەسەر بەهەش، بە مل کوێن**

*          *          *

**بەڵێ هەنو پێدەکەنن**

**بە من، بە تۆ، بە هەزاران**

**بە داخی باوك کوژراوان**

**بە هەنیسکی هەتیوباران**

وەك گوتم کەسانی تر کە ڕێزی تایبەتیان لە مامۆستا هێمن دەگرتو دڵنەواییان دەکردو کۆڕی وەتەن ناسیو لێکۆڵینەوەی سیاسیو باسی سەربەرزیو سەرفرازی گەلیان لەگەڵدا سازدەکرد، کەسانی ئەدیبو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی بە تواناو دەست ڕەنگینو نیشتمانپەروەر بوون، بەلام مەرج نەبوو کەسیان یا زۆربەیان هاودەردی مامۆستا هێمن بن. ڕاستە ئەوانە کەسانی نیشتمانپەروەر بوون، بەلام ڕەنگە وەك مامۆستا هێمن دوورە وڵاتیو ئاوارەییان نەدیبێ، ڕاستە دڵسۆزی گەلو نیشتمان بوون، بەلام رەنگە وەك ئەو دوور لە خێزانو کەسو کار نەبووبن لەبەرئەوە زۆر ئاساییە مامۆستا هێمن لەناو ئەمانیشدا هەست بە جیاوازی خۆیو بگرە بە تاكو تەنیاییو نامۆییو جودایی بکات لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیدا لەو شتانەو چۆنیەتی لێکدانەوەی باری سایکۆلۆژیو سۆسۆلۆژی:

**دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم**

**لە پەلاماری مۆتەی شەو**

**داد لە دەس ئەم دڵەی بە خەم**

**وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو**

***  *  ***

**دەڕۆم تا سەر پێکەوە نێم**

**دەگەڵ زامو دەردو ئێشم**

**دەڕۆم تا شەوێکی پایز**

**من شەونخوونی بکێشم**

***  *  ***

**دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو**

**دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ**

**چۆن بە ئێوارەی پایزیش**

**ئێ وا هەیە پێبکەنێ!؟**

**بەڵام سەرەڕای غەریبیو غوربەتو جودایيو ئازاری ناخو تەنیایی زۆربەی کاتی شەوانەو خوانو چۆڵی جێگەی بێ هاودەمی زۆربەی کاتو بێ هاوسەری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کە ئەمانە هەمووی دەردی گرانو بێ دەرمانن، هیچیان چۆکیان بەو شاعیرە گەورەیە دانەداو شیعرێکیان پێ نەنووسی ڕەشبینی پێوە دیار بێو بۆنی نائومێدیو بێ هیوایی لێ بێت.**

**گوتم: کەوا بوو، ئاشنا**

**بەشی ئێمە لەنێو چوونە!**

**گووتی: نا نا دوور بنوارە**

**دوور بنوارە، ئاسۆ روونە**

**بەمجۆرە هەردەم ورە بەرزو دڵ پڕ هیواو بە ئەمەلی گەڕانەوەو سەرفرازی گەلو نیشتمان بووە، داچۆڕانی بە لێشاوی ناخو دڵەراوکەو بێ هیوایی چۆك بە مرۆڤی لاوازو بێ ورە دائەداتو تووشی هەڵەی دەکاتو کڕنۆشی پێ دەباتو تەسلیمی دەستی نامەردی**

دەکات، بەڵام ئەم هەرگیز لەو کەسانە نەبووەو هەردەم لوتکە بووەو تا بڵێی بڵندو ئازاو جەسوور بووە:

**ئەی ڕەفیقان، ئەی عەزیزانی وڵات**

**ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات**

**گەر دەناڵێنم، ئەمن پەک کەوتەنیم**

**تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژیم**

**کۆششی من زۆر بەجێیەو زۆر ڕەوا**

**چونکە قانوونی تەبیعەت وایە: وا**

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

**ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە**

**ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە**

هەروەها دەڵێ:

**دێم ببینم نیشتمانو زێدەکەم**

**دێم ببینم خزمو کاکو دێدەکەم**

**هەر لە هەمان قەسیدەدا دەڵێ:**

**دێمو هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد**

**دێمو دەچمە شەوڕانی بێستانی کورد**

تا لەدواییدا دەڵێ:

**دێمو ناترسم لە پەرژینی بەزی**

**هەر پەری سەرکەوتو دێوەزمە بەزی**

**تا بمێنێ نووری چاوو هێزی پێم**

**دێمو دێمو دێمو دێمو دێمو دێم**

**دێم هەتا هەمبێ برستو بیرو هۆش**

**گەر گلاشم کوردەواریو ئێوە خۆش**

لە کۆتاییدا هەزار ڕەحمەتی خوای گەورە لە گۆڕی شاعیری پایەبەرزی کورد مامۆستا هێمنو سوپاسیش بۆ ئێوە.

**گۆڤاری سروە، ژ١٤٤، ل٥٤-٥٧.**

# هەوڕگەرو ئەشکەوڵەت

## عەزیز ئالی

نووسینی پێشەکی یا سەرەتا لەئەدەبی کوردیدا پێشینەیەکی درێژی هەیە. (خانی) سێسەدو شازدەساڵ لەمەوبەردیباچەی بۆ (مەم وزین) داناوەو پاش مەتح و سەنای خوداو پێغەمبەر لە مێرخاسی و گەڕناسی هاوزمانەکانی دواوەو باسی پەڕاگەندەیی‌و بندەستی و کەساسی ئەوانی کردووە. ئینجا مەبەستو ئامانجی خۆی لەدانانی مەم‌و زین بۆ خوێنەران درکاندووە.چل‌و هەشت ساڵ دوای ئەو، (خانای قوبادی) بەرلەگێڕانەوەی داستانی (خەسرەوو شیرین) پەسنی خوداو پێغەمبەر دەداو وەسفی موعجیزەی میعراج دەکاو ئەوسا دێتە سەر نەقڵی ئەوە کە بۆچی بڕیاری داوە شاکارەکەی(نیزامی) بکا بەکوردی. جگە لەم دوو شاعیرە مەزنە، شاعیرانی تریشمان کەم و زۆر نووسینی سەرەتایان بۆ شوێنەواری خۆیان بەپێویست زانیوە، جا ئی وایە ڕاستەوخۆ هەربەناوی پێشەکی ئەم کارەی کردووە، ئی واشە ناڕاستەوخۆ بە وەپێشخستنی شیعرێکی تایبەتی.

هەوەڵین غەزەلی دیوانی نالی، جۆریك پێشەکییەکە بەم بەیتە دەست پێدەکا:

**ئەی جیلوەدەری حوسن وجڵوەکێشی تەماشا**

**سەرڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆنییە حاشا**

بەم بەیتەش دەبڕێتەوە:

**نالی نیەتی سیحری بەیان،حیکمەتی شیعرە**

**ئەمما نیەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا**

(مەحوی) کە غەزەل وێژێکی بەدەسەلات وخاوەن سەبکی ئێمەیە، دوای کاملبوونی دیوانەکەی، پێی حەیف بووە بەلانی کەمەوە دووبەیت سەرەتای بۆ دانەنێ:

**بنووسە؟ پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد**

**لەئیبتداوە کە بەیتی موناسیبی دیوان:**

**گەدایەکی وەکو مەحوی، قەڵەندەرێکی کورد**

**میسالی پادشەهی فورسە ساحێبی دیوان**

ئەم پێشەکییەی دیوانی مەحوی هەرچەندە زۆر کورتەو دوو بەیت یا تەنانەت دەکرێ بڵێین بەیتێك زیاتر نیە، بەڵام زۆر گرینگ و بەکەڵکە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە

تامـــەزرۆن بـــزانن ئایـــا شـــاعیرێکی عـــارف مەشـــرەبی وەك مـــەحوی چ برِهەســـتی نەتەوەدۆستی لەدڵیدا یا هەرنەبێ (لەبەشی دووره ئاگای زەین)یدا هەبووه یان نا.

هەرچۆنێك بێ پێشەکی نوسین دیاردەیەکی نوێی ئەدەبی نییه. ئەوەندەیە ئێستا لەچاو رابردوو تا ئەندازەیەك فەرقی کردووەوگۆڕاوە. ئەمڕۆ ئەوە تەنیا خودی شاعیرو نوسـەر نین که سەرەتا بۆ ئاسەواریان دەنووسن، بەڵکو زۆرجار ئەم ئەرکـه دەکەوێتـه سەرشـانی شارەزایەکی تر. شارەزایەکی که شاعیر، نووسەر یا رەخنەگرێکی ناسراوەو قەڵەمی لەلای زۆربـەی خوێنـەران بایـەخی هەیـه. هـەروەها مەیـدانی پێشـەکی لـه سـەردەمی ئێمـەدا گـەلێك هـەراوتره. پێشـەکی نـووس بـۆی دەلـوێ بـەوردی و بگـره بـه درێـژی، ژیـان و شەخسیەتی خـاوەن بەرهـەم شێوبکاو وەرد بداتـەوەو لەلایەنـه جۆراوجۆرەکـانی ئاکـارو ئاساری بدوێ و هەڵیسـەنگێنێ و رەخنەشـی لێ بگـرێ. ئەڵبـەت نـابێ لـەبیرمان بچـێ کـه گەورەترین ئامانجی سەرەتا ئەوەیه لەسەرێکەوە بەرهەمەکه لەبەر خوێنەرشـیرین بکـاو هـانی بـدا بـەزەوق و شـەوقەوە بیخوێنێتـەوە، لـه سـەرێکی دیکـەوە هێنـدێك زانیـاری دەربـارەی خولقێنـەری بەرهـەم یـا خـودی بەرهـەم بەدەسـتەوەبدا تـا چـاکتری بناسـێ، جوانتری لێ حاڵی بێ و زیاتری چێژ لێ وەرگرێ:

له ئەدەبی کوردی ئەم رۆژگارەدا، لـەنێو ئەوانـەدا کـه پێشـەکییان بـۆ کـاری کەسـانی تـر نووسیوە، (هێمن) قەڵەمێکی سەیرو بەبرِشت و هێـزای هەیـه، ئـەو چـەند پێشـەکییەی که ئەو نووسیونی له نەوعی خۆیاندا بێ هاوتان: لەروانگەی زمان و بەیانەوە شاعیرانەو دڵبزوێنن و لەباری ناوەرۆکەوە پرِو دارماڵن.

سەرەتای رۆمـانی (دمـدم) وتـارێکی بایەخـداری مێژووییـه کـه رووناکـایی دەخاتـه سـەر گـەلێك سـووچ و کـەلێنی تـەماوی و تـاریکی کارەسـاتی دمـدم. باسـی هێنـدێك رووداوی گرینك دەکا که لەرۆمانەکەدا نەهاتوون. به بەر ئەمەشەوە، ئەوان هەڵەی مێـژوویی کـه نووسـنده تووشـیان بـووه، راسـت دەکاتـەوە. بایـەخی کارەکـەی (عـەرەب شـەمۆ) ش بـه روونی نیشان دەداودەستی قەدری لێ دەنـێ: لەسـەرەتای (توحفـەی موزەفەریـه)دا هـێمن بـــەرودوا لەبەیتـــەکان دەکۆڵێتـــەوەو لـــەباری مێـــژوویی‌و کۆمەڵایـــەتی و فەرهـــەنگی و ئەدەبییـــەوە لێکیـــان دەداتـــەوە ئـــەم سـەرەتایه لەراسـتیدا پێشـەکییەکی زانسـتییه بـۆ توێژینەوەی بەیت و باوی کوردی.

پێشـەکی هـێمن بـۆ (شـەرەفنامە) نموونەیـەکی بـەرزی پەخشـانی ئەمڕۆمانـە. لـەم پێشەکییەدا بە شێوەیەکی زانایانە گرینگایـەتی کاری (هـەژار) دەردەخـاو پێشـنیار دەکـا ئـەم تەرجەمەیـە بکرێتـە بـەردی بناغـە بـۆ کـوردی ئـەدەبی و زمـانی یـەکگرتوومان. ئەوانـەی دەیانـەوێ هـەژار باشـتر بناسـن لێـرەدا لەدەلاقـەی نیگـای هێمنـەوە شـتی سەرنجڕاکێشـیان لـەبارەی بەشـێك لـەژیان وکـارو کـرداری ئـەودا دەکەوێتـە بەرچـاو. شـەرەفنامە جگـە لـە پێشـەکی هـێمن و خـودی هـەژار، چـەند سـەرەتای تریشـی لەگەڵـە بەقەڵەمی مێژوو زانان و ئەدیبانی دی نووسراون. یەکێك لەوشتانە کـە پێشـەکی هـێمن لـەهی ئـەوان جیـا دەکاتـەوە، شـێوەی دەسـتپێکردنیەتی . خـاوەن قەڵەمـەکانی تـر هـەر لەرستەی یەکەمەوە دەچنە سەرباسـی شـەرەفنامەو چۆنیەتی وەرگێرانـی هـەژار، بـەڵام هێمنـی شـاعیر. خوێنـەر غـافڵگیر دەکـا: تەڕەسـاڵی وام نـەدیبوو. هـەوری ڕەش وچـڵکن بەربینگی ئاسمانییان بەرنەدەدا. تەم لەسـەران نـەدەڕەوی و بـاران هەڵینەدەبرینگانـد... هێمن عادەتیەتی کاتێ پەخشان دەنووسێ پێش ئەوەی کە بچێتە سـەر کـاکڵی مەبەسـت. بە بیرەوەریەك. بەسەرهاتێك ، نەقلێك، قسەیەکی خۆش یا نوکتەیەکی باریك ڕێگای بۆ خۆش دەکاو هەست و عاتیفەی خوێنەر دەجوڵێنێتەوەو بیرو خەیاڵی دنە دەدا.

نموونەیەکی دیکەی سەرکەوتنی هـێمن لەپێشـەکی نووسـیندا، سـەرتای پێکـەنینی گـەدا، کۆمەڵە چیرۆکی (حەسـەنی قزڵجی) یـە, لـەم پێشـەکییەدا هـێمن پێشـان بـە ڕاوێـژێکی خـەماوی و خەفـەتبار لـەوە دەدوێ کـە ئـەم چیرۆکانە چـەندیان کـار لـەدڵو دەروونـی کردووەو چۆنیان بـیرو خـەیاڵ هارووژانـدووە. پاشـان دێتـە سـەر هـەورازو لێـژی ژیـانی قزڵجـیو بـە خوێنـەری ناشـارەزای دەناسـێنێ و بـۆی ڕوون دەکاتـەوە کـە: مامۆسـتا لەکوورەی خەباتدا قاڵ بووە، خـاراوە و لـەکڵ هاتۆتـە دەرێ . لـەو هـەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەریەی شت فێربووە. زانستی بەرەو ژوورتر چووە، تەجربـەی وە سەریەك ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە، هەستی بەئێش و ئـازاری کـردووەو دەرمـانی بۆ دۆزیوەتەوەو بۆتـە فەیلەسـووفێکی پسـپۆڕو نوسـەرێکی (ڕیئالیسـت و واقعـبین) دوای ئەوەش ئیشارە بە ناوەرۆکی واقیع بینانـەی چیرۆکەکان دەکـا و خوێنـەر هانـدەدا خـۆی بەوردی بیانخوێنێتەوەو بەهرەیان لێ وەربگرێ.

بەڵێ هێمن سەرەتا نووسێکی شیرین زمـان و زانـا و وردبـین و دڵپاکـە، بـەڵام مەسـەلێکی فارسـی دەڵـی: هەوڕگـەر خـۆی بەئەشـکەولەت ئـاو دەخواتـەوە. هـێمن کـە پێشـەکی ئـاوا

لەبارو دڵڕفێنی بۆکاری نووسندە و شاعیری تر نووسیوە، خۆی کەمتر بەختی بووە کەسانی دی، سەرەتای باش بۆ شوێنەوارەکانی بنووسن.

(ناڵەی جودایی) دووەمین دەفتەری شیعری هێمنەو کارنامەی هەرە پڕشنگداری ئەزموونی شاعیرانەیەتی، کەچی بەداخەوە مامۆستا (محەمەدی مەلا کریم) بەچەند لاپەڕە پێشەکی - بابە ئەنقەستیش نەبووبێ - لێی کردووە بەهەشتی پاك و نۆی پیس.لەم پێشەکییەدا مامۆستا دەنووسێ: لەناو ئەوانەدا کە پەخشانیش و شیعریش ئەنووسن و من هەردوو جۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندۆتەوە، لەعەرەبدا نەزار قەببانی و لەکوردا هێمن، من پەخشانیانم لە شیعریان لا دڵگیرترە. ئاواتم ئەوە بوو کاری سەرەکی هێمن پەخشان نووسین بوایە لە جیاتی شیعر وتن.مامۆستا محەمەد بۆ خوێنەری دەرناخا کەم وکووڕی شیعری قەببانی و هێمن لەچیدایەو بۆچی پەخشانی ئەم دووشاعیرەی لە شیعریان پێ باشترە. ئەگەر تەنیا زەوقی تایبەتی خۆی (بەپێچەوانەی زەوقی گشتی) واحوکم دەکا ئەوا قسەمان نییە، ئەمما ئەگەر مەبەستی لەم وتەیە ئەوەبێ کە لایەنگرانی شیعری هێمن و قەببانی بەهەڵە چوون، ئەودەم مەسەلەکە دەبێتە شتێکی تر. منی نووسەری ئەم دێڕانە بەش بەحاڵی خۆم هیچ شاعیرێکی گەورەم پێ شك نایە کە پەخشانی جوان نەنووسێ. تەنانەت وای بۆ دەچم ئەگەر شاعیرێك پەخشانی ڕوون و ڕەووان و تەڕو پاراو نەبێ، دژوارە شیعرەکانی پەیت و پتەو بن. شیعر پوختترین، ناسکترین، زیندووترین و هەست بزوێنترین شکڵی زمانە. لەشیعردا زمان دەگاتە چڵە پۆپەی زوڵاڵی وخاوێنی و بلاوێنی. کەسێك بتوانێ شیعری ڕەسەن و بێ درۆ بخوڵقێنێ، چلۆن ناتوانێ پەخشانی شیرین و لەبەردڵان بنووسی؟ مرۆڤێك توانست و بڕستی ئەوەی هەبێ لەکێوی سەخت و ئەستەم سەرکەوێ بۆ دەبێ پێی نەکرێ بەگردو تەپۆڵکە هەڵگەڕێ؟ پەخشانی قەببانی و هێمن ئەگەر ئاوا بەدڵەوە دەنووسێن لەبەرئەوەیە کە قەببانی و هێمن شاعیرن. ئەوە جەوهەری شیعرە کە ڕۆحی وەبەر پەخشانی ئەم دووکەسە ناوە.

نەك تەنیا قەببانی و هێمنی شاعیر بگرە هەرنووسەرێك توانایی ئەوەی هەبێ کە ڕەنگین‌و ئاهەنگین بنووسێ بێگومان بەهرەیەکی لەزەوقی شاعیری پێ بڕاوە. لەخۆڕا نییە بەم چەشنە پەخشانە دەڵێن (پەخشانی شاعیرانە) ئەوەندەشیان لەبیرنەچێ کاتێ دەڵێین پەخشان، مەبەست (نەسری ئەدەبی)یە نەك چیرۆك و ڕۆمان و نمایشنامە،

چونکه ئەمانەی دواوە سێ (نەوع) یا بەوتەی فەرهەنگی, (ژانر) ی لێك جیای ئەدەبین و هەموو قەڵەم بەدەستێك ناتوانێ خۆیان لێ داو سەرکەوێ. وا هەیە شاعیرێکی توانا چیرۆکێك بنووسێ کە لەڕوانگەی زمان و بەیانەوە تا بڵێی شاعیرانەو دڵپەسند بێ، بەلام بۆ باری هونەری چیرۆکنووسی، سست و فشەڵ دەرچێ.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەدرێژەی سەرەتای ناڵەی جودایی دا دەڵێ، بەلام با کەس وا نەزانێ من مەبەستم لەم ڕایەم نارەزاییە لەشیعری. ڕاستەکەی هێمن شیعری ناسکی زۆرە کە لەدڵدا جێگای شایانی خۆی ئەگرێ. سەیرە، پێشتر دەفەرموێ پەخشانی هێمنم لەشیعرەکەی لادلگیرترەو ئێستا دەنووسێ شیعری ناسکی زۆرەو مەبەستم نارەزایی لەشیعری هێمن نییە. بەداخەوە مامۆستا لەم شیعرە ناسکانەی هێمن کە زۆریشن ناوی چەند پارچەیان بۆ نموونە ناهێنێ تا خوێنەر بزانێ چ جۆرە شیعرێکی هێمن سەرنجی ڕادەکێشێ و ئەوانەی بەدڵی ئەو نیین لەکام چەشنن. هەرچەندە شیعرناس دەزانێ کە ناڵەی جودایی دەفتەرێکی یەکدەستە شیعرەکانی لەباری بایەخی هونەرییەوە بەرزی و نزمیەکی هێندە زەق و بەرچاویان تێدا بەدی ناکرێ، بەهەرحاڵ ئێمە هەر بەوەندەی کە مامۆستا دەفەرموێ مەبەستم نارەزایی لەشیعری هێمن نییە، دڵمان دەحەسێتەوە، بەلام مخابن!مامۆستا نایەڵێ ئەم حەسانەوەیە چی وابخایەنێ، پاش ئەوقسەیە کوتو پڕ گۆزەیەك ئاوی ساردمان پێدا دەکا: دەردەکە لەشیعری هێمن دانییە ئەوەندەی لەم دەورەدایە کە پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری کۆمەڵی کوردەواری خستوویەتیە ئەستۆی شیعرو هێمنیش، وەك شاعیری بەشێکی هەرەپاشخراوی کۆمەڵەیەکی پاشکەوتوو دەستەو یەخەی وەستاوە.مامۆستا درێژە بەقسەکەی دەداو دەگاتە ئەم ئاستەکە (مۆسیقاوییەتی شیعر لەلایەکەوەو نەخوێندەواری کۆمەڵ لەلایەکی کەوەو نەبوونی چەکێکی تری ڕاگەیاندنیش سەرباری هەمووی، لەهەموو کۆمەڵەیەکی پاشکەوتوو بە وێنە لەکوردوستانی ئێمەشدا, شیعری کردووە بەداردەست و پێ پیلکەی پیاوی ئایین بۆ خەڵك فێرە تارەتگرتن و دەسنوێژ شتن کردن...کردوویەتی بەکتێب بۆ مەلا بۆ نەحوو سەرف و مەنتیق و بەلاغەو تەجویدو فەرایز وتنەوە بەفەقێ...بەپەندی پێشینیان بۆ قسەی نەستەق و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەخەڵك گەیاندن، بەڕۆژنامەو بەیاننامەی نهێنێ بۆ وریاکردنەوەی جەماوەرو ورووژاندنیان بۆ ناو کۆڕی خەبات. تەنانەت بەفەرهەنگیش بۆ فێرکردنی زمانی بێگانە بە منالان...بۆیە

ئەگـەر لەهەنـدێ شـیعری هێمنیشـدا لاوازییـەك بـەدی بكـەین دەبـێ بـزانین هـێمن كوردەو...لەگەڵێ لەم ئەركانەدا یەكێ بووە لەوشاعیرە كوردانەی بۆ كۆمەڵی كوردەواریـان نووسیوە).

دیارە نەك هەر مامۆستا محەمەد خۆی، بەڵكو زۆربەی خوێنەرانی شیعری هێمن دەزانن كە ئەو تاقە جارێكیش نەهاتووە شیعر بكاتە ئـامراز بـۆ ئـەوەی خـەڵك فێـری فـەرایز و عولـوومی دینـی بكـا. قسـەكەی مامۆسـتا لەمـەڕ شـاعیرانی مـەلاشمان ڕاسـت نایەتـەوە، چونكو ئەوانیش شـیعرو نـەزمیان لێـك كردۆتـەوە. ئەگـەر دەسـتووری دینـی یـا زانسـتی ئایینییـان خسـتبێتە قـاڵبی وتـاری مـەوزوون و قافیـەدارەوە بەشـیعریان دانـەناوە. لەمێژووی ئەدەبی كوردیشا ئەگەر جێگەو پێگەیەكیان بۆدیـاریكرابێ سـەبارەت بەشـیعر بووە نـەك نـەزم. ئاشكرایە كاتێ مەلایەكی واشمان بووبێ كە تەنیا نەزمی ڕێك خسـتبێ‌و بۆ لای شیعری پـەتی و ڕاسـتەقینە نەچووبێ ئـەوە هـەر لەهەوەڵـەوە بـەنیازی شـاعیری نـەبووەو بـەڵكو تـەنیا ویسـتوویەتی بـۆ باشـتر فێربـوونی خـەڵك لەچـەند كەرسـتەی سەرەتایی شیعر وەك وەزن و قافیە كەلك وەرگرێ و هیچی تر.

دەمێنـێ مەسـەلەی بلاّوكردنـەوەی بەیاننامـەی سیاسـی و وریاكردنـەوەی جـەماوەر. تاریك‌و ڕوون و ناڵەی جودایی لەسـەردەمی دەسـەڵاتی شـوومی (پەهلـەوی)دا خولقـاون. هێمن وەك شاعیرێكی مـرۆڤ دۆسـت و عەدالـە تخـواز پێـی شـورەیی بـووە لـە ئاسـت ئـەو هەموو ستەم و ناهەقییە سەردانەوێنێ و چاوبنوقێنێ، هەست و بیری هارووژاوەو ناچار بەشیعر بەرەنگاری دوژمنانی ئازادی وەستاوە، بەلاّم ئەگەر بەشێك لەم جۆرە شـیعرانەی لاوازو كەم گیانن لەبەر ئەم هەڵوێستە نییـە. ئەغڵـەبی ئـەم شـیعرانە، هـی تـافی لاوی و كاتی كەم ئەزموونین و بەڵگەن بۆ ئەو وەختە هێمن هێشتا لـەكڵ نەهاتۆتـە دەرێ. هـەر بۆیە ئەم چەشنە شیعرانە زۆرتر لەنیوەی یەكەمی تاریك‌و ڕووندا كۆبوونەتەوە. هـێمن لـەنیوەی دووەمـی تاریـك و ڕوونیشـدا شـیعری بـۆ ئـازادی هەیـە، لەناڵـەی جوداییشـا هـەروەها، بـەلاّم ئـیتر نـەك هـەر لاوازنـین بـەڵكو نموونـەی سـەركەوتوویی شـیعری ئازادیخوازانـەی كـوردین. هـێمن هـەر لەبنەڕەتـەوە خـۆی بەشـاعیری ئـەوین و ئـازادی دەزانـێ.

**هەتاكو دواپشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم**

**ئەگەربێجگە لەناكامیش نەبینم بـەرهەمێكی تر**

کـە ئەگـەر مانـای گشـتی عیشـقمان لەبەرچـاوبێ، بەتێبینییـەکی ئامـاڵ فەلسـەفی لێـی وردبینەوە، تەماشا دەکەین ئەویش خۆی چەشنێك ئازادییە. لەئەدەبی وڵاتانی دیکەشدا کەم نیین ئەو شاعیرانەی بەدرێژایی تەمەن یا لەقۆناخی تایبەتـدا هەڵیانکوتاوەتـە سـەر دوژمنانی ئازادی و لەڕێگای شیعرەوە خەڵکیان بۆ خۆڕاگری و تێکۆشـان و ڕاپـەڕین هـان داوە، بێ ئەوەی لەم ناوەدا چـرای پڕشـنگ هاوێـژی هونـەریان لـەکزی بـدا. مایکۆڤسـکی، نازم حکمەت، پۆل ئێلوار، لۆرکاو نیرۆدا چـەند کەسـن لـەو تاقمەکـە مامۆسـتا محەمـەدی مەلاکەریم ناکرێ نەیانناسێ.

من وای بۆ دەچم ئیتر ڕۆژگاری ئەوە بەسەر چووبێ بێین قەڵەمڕەو بۆ ناوەرۆکی شیعر دیاری بکەین‌و بڵێین فلاَنە شت شاعیرانەیەو بۆ شیعر دەناڵێ و فیسارە شت ناشاعیرانەیەو هیچ شاعیرێك بۆی ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستی.شاعیرانەبوون یا نەبوونی بابەتێك دەگەڕێتەوە سەر ئەو مەسەلەیە کە شاعیر چۆنی چاو لێدەکا. بەوتەیەکی ڕوونتر ئەوە چلۆنایەتی دەرك و تێگەیشتنی شاعیرەکە بەرگی شیعر دەکاتە بەر شتان، شاعیری گەورە چاو لەهەر شتێ بکا شیعری تێدا بەدی دەکا. ئەگەر شیعربە زێڕ دانێین، کەڵە شاعیر (مەیداس شا)ی ئەفسانەییە کە دەس لەهەرچی بدا دەیکا بەزێڕ. (نالی) مەزن کاتێ بەگوێدرێژە کەشی هەڵدەڵێ لە شیعر دوور ناکەوێتەوە:

**عـــا قڵێ بوو ناوی کەر بوو، قاتیعی ڕێگەی سەفـەر**

**خۆش سلووکتربوو لەسەد ئینسانی هەرزەو گێژو وێژ...**

**چەندە پێم خۆش بوو زمانی حاڵی دەیوت (نالیا)**

**هەردوو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ**

مەحوی شانازی بەوە دەکا کە دەتوانێ تەنانەت لەهیچ گەوهەری شیعر وەرگرێ.

**چـــاوی کەوێ کە بەم غەزەلە دورشناسی شیعر**

**کـــێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لەهیچ**

لەپێشەکی نالەی جودایی دا هەندێك ئەرك بۆ شیعر دیاریکراوە: من لام وایە لەبناخـەدا ئەرکی شیعر قسەکردنە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ جوانی، لەگەڵ ئـافرەت، لەگـەڵ دەروون، لەگەڵ هەستی بەرزو خاوێنی مرۆڤایەتی. دەبێ لەم ڕێگایانەشـەوە بـۆ بابەتـەکانی تـری ژیـان بچـێ و ببـێ بەچـەکی خـەبات. کـاتێ ئێمـە چـەند ئـەرکێك بـۆ شـیعر دادەنـێین، لەڕاستیدا مەڵبەندێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەین، تێلـە دڕووی بـەدەورەدا دەگێـڕین و

پێی دەڵێن ئێرەیە ژینگەی تۆ، نەخەڵەتێی سنوور بپەڕێنی! ئەم ژینگەیە با زۆریش پانو بەرین بێ و لەهەموولاوە ڕێگەی حەوت شەو وحەوت ڕۆژانی مەودا بێ، دیسانیش هەر وەك (ڕاگیرگەی یەخسیران) وایە، ئایا شیعری ڕەسەن و زیندوو لەگەڵ دێلیتی و بەندەواری ڕێك دەکەوێ؟ باوەڕناکەم. وابزانم (ئەحمەدی شاملو) یە دەڵێ: شیعر یانی ئازادی ... جا با ئێستا واز لەم باسە بێنین و قەبووڵ بکەین ئەرکی شیعر هەر ئەوەیە کە مامۆستا فەرموویەتی.دەی کێشەی شیعری هێمن یەك لادەبێتەوە؟ نا، چونکە بەداخەوە مامۆستا نەهاتووە نالەی جودایی بەوردی هەڵسەنگێنێ و بەکورتی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکاتەوە کام شیعر ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیاندووە. دڵنیام ئەگەر ئەم کارەی بکردایە ناچار دەبوو ڕای خۆی لەبابەت لاوازییەکانی شیعری هێمنەوە بگۆڕێ و لەئەنجامدا یا وازی لەنوسینی سەرەتا دەهێنا یا بەجۆرێکی تری دەنووسی.

ناڵەی جودایی، بیست و یەك پاچە شیعری درێژو ناوینەو کورتی تێدایە.لەم شیعرانەدا شاعیر لەدەوری جودایی و ئاوارەیی لەخۆشەویستی نیشتیمان و زێد، لەگریمانەی دڵی خۆی و خەڵك، لەجیلوەی جوانی و تاسەی ئەوین، لەئاواتی ئازادی و یەکسانی، لەورەی خەبات وخۆڕاگری و لەخەمی پیری وخەفەتی خۆشییەکانی هەڕەتی لاوەتی دەدوێ. تایبەتیەکی ئاشکرای ئەم شیعرانە ئەوەیە کە هەموویان بەرهەمی هەستێکی پڕ تەوژمی شاعیرانەن. هێمن زۆری لەخۆی نەکردووە. تا هەستی هانی نەداوە دەستی بۆ قەڵەم نەبردووە. وەختێکیش کوڵ وکۆی دامرکاوە، وازی هێناوەو چی تری لەسەرنەرۆیشتووە. غەزەل قالبێکی شیعرە کە هێمن بەدڵیەتی.گوتوویانە غەزەل نابێ لەحەوت بەیت کەمترو لەپازدە بەیت زیاتر بێ لە ناڵەی جودایی ئێمە غەزەلی وا دەبینین کە پازدە بەیتە،ئی واش دەبینین پێنج بەیت یا تەنانەت doubleوبەیتە. بۆ هێمن دژوارنەبووە ژمارەی بەیتی ئەم غەزەلانە بکاتە سێزدە یا بگەیەنێتە حەوت، بەلاّم نەیویستووە لەسۆنگەی دابێکی کۆندا هەستی ڕاستەقینەی خۆی بخنکێنێ و درۆ لەگەڵ خوێنەر بکا.

من نامەوێ بڵێم ناڵەی جودایی سەرانسەر شاکارەو لەهەموو کەمایەسی یەك بەدوورەو ڕەخنە هەڵناگرێ، بەلاّم دەتوانم بڵێم ئەو لكو پۆپەی کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە شیعری هێمنی دۆزیوەتەوە، ڕەوا نییە. شیعرەکانی ناڵەی جودایی، ڕواڵەتیان سادەو ساکارە، لەگەڵ ئەوەشا شیعرناس دەزانێ کە هێمن چەنێ زیرەکانە مانای وردو

نوكتەی باریك و خەیاڵی ناسكی لەپشت پەردەی ئەم ڕواڵەتە شاردۆتەوە، بەلاّم مەحوی هەر دەڵێی قسەی دڵی هێمن دەكا: بێكەس منم كەسێ لەژیانم بگا، نییە!

بەرهەمێكی تری هێمن (چەپكێ گوڵ، چەپكێ نێرگز)ە كە ئەم دوایانە بلاّوبۆتەوەو كۆمەڵێك وتارو چیرۆك‌و شیعرو نامەو وتووێژە كەوا یەكەمجارە لەقاڵبی كتێبدا چاپ دەكرێن. ئەم بەرهەمە دوو پێشەكی لەگەڵە بەقەڵەمی دوو چیرۆكنووس:ڕەئووف بیگەردو فەتاحی ئەمیری.

كاك ڕەئووف لەم پێشەكییەدا تەنیا باسی ژیان و شەخسیەتی هێمن دەكاو زۆریش بەرێزەوە لێی دەدوێ. ئەمما بەداخەوە قسەیەكی تازەی پێ نییە.لەپێشدا ئیشارە بەچەند قۆناخێكی ژیانی هێمن دەكاو دوایەش چۆنیەتی ئاشنایی خۆی و ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە. ئینجا دەڵی: هێمنی مرۆڤ و شاعیرو شۆڕشگێڕ زۆر لەوە زیاتر كە بەچەند وشەیەكی لەم بابەتە هەقی ڕەوای خۆی بدرێتێ. شیعرەكانی شایستەی دەیان لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زانستی و ئەكادیمین. فەرمایشتێكی بەجێیە، بەلاّم ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێ كە ئەگەر ئێمە هێمنمان ئاوا بەلاوە گەورەیە بۆ كاتێ شتێكی نوێمان لەبارەیدا بەدەستەوە نییە، بێین سەرەتا بۆ كتێبەكەی بنووسین؟ هەموومان ئاگادارین هێمن لە پێشەكی تاریك و ڕووندا ژیننامەی خۆی بەوردی نوسیوە. زۆریش لەوە ناسراوترە پێویست بكا سەرلەنوێ بەخەڵكی بناسێنین، ئەویش بەگێڕانەوەی پچرپچڕی چەند ڕووداوی (لەكوێوە بۆكوێ) كاك ڕەئووف كە ئەم كارەشی دەكرد، هەق وابوو ڕاستەوخۆ لەتاریك و ڕوونی بخوازێتەوە تا هەم زیاتر بەدڵەوە بنووسێ هەم زەحمەتی خۆی كەمتر بێ. وەختێ باسی دۆستایەتی خۆشی لەگەڵ هێمن دەگێڕێتەوە، خوێنەر چاوەڕوانە لەڕوانگەی ئەدیبێكی بەئەزموونەوە هەندێك لایەنی تاریكی ژیان و شەخسیەتی هێمنی بۆ ڕۆشەن ببێتەوەو بەمجۆرە قووڵتر لەگەڵ شاعیرێكی باشی هاوچەرخ ئاشنا بێ، بەلاّم كاك ڕەئووف شتی وادەنووسێ كە پتر دەربارەی خۆیەتی تا هێمن. تاقە مەتڵەبی گرنگ، باسی ئەو كۆڕەیە كە وەختی خۆی بۆ ڕێزگرتن لە هێمن، لەشاری سلێمانی پێكهاتووەو شێوەی بەڕێوەچوون‌و كۆتایی هاتنی، بۆمان دەردەخا كە شاعیری ڕاستەقینە چۆن دەچێتە دڵی خەڵكەوەو دەبێتە نیشانەی خەبات‌و خۆڕاگری لەحاند دەسەلاّتی حكوومەتێكی دڕندەی وەك ڕژێمی بەعس.

دووەمین سەرەتای (چەپکی گوڵ)، (چەپکی نێرگز) بەقەڵەمی کاك فەتاحی ئەمیری نووسراوە. ئەم سەرەتایە بە تەوازوعێکی زۆرەوە دەست پێدەکا: خوێنەری بەڕێز! با لەڕێوە ئەم ڕاستییە لە خۆم بڵێم، قەت ئەو حەقەم بەخۆم نەداوەو نایدەم، هەرگیز ئەو خەیاڵەم نەبووەو نامبێ، هێمن بە ئێوەی بەڕێز بناسێنم یا لەسەر شیعرو نووسراوی بکۆڵمەوەو بدوێم، بەش بەحاڵی خۆم زۆر چووکەترم لەوەی ئەو داوایەم هەبێ...دوای ئەوە نووسەر پێدا دێ هێمن بەخوێنەری بەڕێز دەناسێنێ و لەسەر شیعرو نووسراوی دەکۆڵێتەوە و دەدوێ: وشە لەبەردەستی ئەو پیاوە مەزنەدا وەك شووڵی لاوێن و وەك مێو نەرم بووە...دنیایەك مانا لەشیعرەکانی هەست دەکرێ...هەرکەس تاریك و ڕوونی دیبێ دەزانێ کورد کەم شاعیری وای هەبووە...مامۆستا هێمن هەر شاعیر نەبووە، نەسری ڕەوانو تیف تیفەدراوی کە وەك ڕۆنی قاڵکراوەو بێستانی بژارکراو دەچێ لەشیعرەکانی نامێنێتەوەو بگرە باشترن. مامۆستا چیرۆکنووسێکی گەورەبووە، هەواری خاڵی مەیدانی بە هەموو نووسەرێك خاڵی کردووە.. ئاساری هێمن ئاوێنەی بالانوێنی مێژووی پڕ کارەسات و بەسەرهاتی کوردەوارییە...

ئەم قسانەی کاك فەتاح دوو عەیبی گەورەیان تێدایە. یەکەم عەیب ئەوەیە کە (مریدانە)ن. پیاوی مریدیش لەئاست مرادی خۆی لەپێ هەڵاگوتن بەدەرچی بەزاردا نایە. ئەم کارە ڕەنگ بێ لەعالەمی تەسەوف و عیرفاندا سەرکۆنە هەڵنەگرێ، بەلام پێموانییە لە قەڵەمڕەوی هونەرو ئەدەب و بەتایبەتی لەزەمینەی ناساندن و هەڵسەنگاندنا دروست و بەجێ بنوێنێ. عەیبی دووەم ئەوەیە کە ئەم قسانە زۆر گشتی و(موبهەم)ن و زانیارییەکی ئەوتۆمان نادەنێ. هێمن دۆستێکی سادە ئەگەر قسەی وابکا نابێ لێی بگرین، بەلام کاتێ قەڵەمی نووسندەیەك وتەی لەم بابەتە بدەڵێنێ، ناکرێ ڕەخنەی لێ نەگرین. کاك فەتاح دەفەرمووێ: نەسری هێمن لەشیعرەکانی نامینێتەوەو بگرە باشترن، جارێ با لەپێشدا تۆزێك بەدەفەڕی بکەم و دندووك بخەمە بان هەڵەیەکی ڕێزمانی! هەردوو فیعلی نامێنێتەوەو باشترن لەم ڕستەیەدا دەگەڕێنەوە سەر، نەسر، کەچی یەکیان، موفرەدەو ئەوی تر، جەمع،! ئەمجار بلا بادەمەوە سەر مانای ڕستەکەو بپرسم: لەبەرچی نەسری هێمن لە شیعرەکەی باشترە؟ شیعرو نەسری هێمن لەچ بارێکەوەو چۆناو چۆن پێکگیراون؟ لەبارەی زمانەوە؟ لەباری ناوەڕۆك ومانـاوە؟ یا

لەباری ناسك خەیاڵی و ڕازاندنـەوەی ئەدەبییـەوە؟ لـە پێشـەكییەكەدا وەلاَمێـك بـۆ ئـەم پرسیارانە نادۆزرێنەوە.

قسەیەكی تری كاك فەتاح: مامۆستا چیرۆكنووسێكی گەورە بووە، هەواری خاڵی مەیدانی بەهەموو نووسـەرێك خـاڵی كـردووە. سـەلماندنی ئـەم ئیدیعایـەش هاسـان نییـە. دەلیلـی قـایمی دەوێ و بەڵگـەی پتـەو. هـێمن پەخشـان نووسـێكی هەڵكەوتـە بـوو. نووسـەرێكی وردبین و وریا بوو، بەلاَم بڕواناكەم كەس بیستبێتی یا دیبێتی خۆی بەچیرۆك نـووس" ئەویش چیرۆك نووسی گـەورە" زانیبـێ. شوێنەوارەكانیشی، ڕای كـاك فـەتاح تەسـدیق ناكەن ، هەواری خاڵی، ئەگەر وەك، پەخشانی شاعیرانەو، پارچەی ئەدەبی، تەماشا بكرێ ڕەنگەكەم كوردی زانێكی خاوەن زەوق پێی لێ نەنێ كە لەئەدەبی كوردیدا كارێكی بەرزو كـەم وێنەیـە. بـەلاَم بێـت و بەچیرۆك لـە قەڵـەم بـدرێ، ئەوسـا پـای هونـەرو تـەكنیكی چیرۆك نووسی دێتە ئاراوەو مەسەلەكە دەگۆڕێ.

كتێبی (چەپكێ گوڵ، چەپكی نێرگز) بە هەڵكەوت چیرۆكێكی تێدایە كە پلـەی توانسـتی هـێمن لـە چـیرۆك نووسـیندا بـەڕوونی نیشـاندەدا. لـەم چـیرۆكەدا كـە نـاوی (بـووكی یەكشەوە)یە. هێمن هەوڵی داوە لەحاڵ و هەوای ڕۆمانتیـك و شـاعیرانەی هـەواری خـاڵی دووربێتەوەو زمان و ڕاوێژ و شێوەی كاری چیرۆكنووسان ڕەچاو بكا. گەلاَڵەی داسـتانەكە سادەیە: پەری كیژێكی پەرستارە كە شوو بە موهەندیس پیرانی دەكا. بـەلاَم سـبەی ئـەو شــەوە دەگوێزرێتــەوە، شــار بۆمبــاران دەكــرێ بــوك و زاوا دەكــوژرێن. ئــەم چــیرۆكە (دە)لاپەڕەی چەپكێ گوڵ، چەپكێ نێرگزی گرتووە كە ئەگـەر بـەتالاَیی نیـوەی لاپـەڕەی هەوەڵ و ئـاخری لێدەركـەین دەبێتـە نـۆ لاپـەڕە. لـەم نۆلاپەرەیـە تـەنیا لاپەڕەیـەك بـۆ گێڕانەوەی چلۆنایەتی زەماوەنـدو بۆمبـارانی شـاروكوژرانی پـەری ومێردەكـەی تـەرخان كراوە. هەشت لاپەڕەكەی تر بریتییە لە هێندێك وتووێژو ڕووداوو بەسـەرهاتی سـادەكە پەیوەندییێكی وایان لەگەڵ كارەساتەكە نییە. لەبووكی یەكشەوەدا نە تووشـی دژایـەتی و ملانــە و تێـك هەڵـەنگووتن دەبـین نــە گـرێ پووچـكە و ڕازو مەسـەلەی گـرنگ بـەدی دەكــەین. مرۆڤــەكان جیاوازییــەكی زۆریــان لەگــەڵ یــەكتر نییــە. هــەموویان ســەرو ڕووخۆش‌و چاك و دڵپاكن. نوكتەیەكی ترناوی چیرۆكەكەیە كە هەر لەسەرەتاوە ئاكـامی داستان بۆ خوێنەری ژیر ئاشكرادەكا. من لێكۆڵینەوەی پسپۆرانەی بـووكی یەكشـەوە، بـۆ

خاوەن ڕاو ڕەخنەگری لێزان دێڵمەوە، بەلاّم وەك خوێنەرێکی (دژپەسند) بە کارێکی ناسەرکەوتووی دەزانم.

ئاساری هێمن ئاوێنەی بالاّنوێنی مێژووی پڕ کارەسات و بەسەرهاتی کوردەواریە.لێرەش کاك فەتاح زێدەڕۆیی دەکا. ڕاستە زۆرێك لەشوێنەوارەکانی هێمن بەجۆرێك ڕۆشن کەرەوەی هەندێ لایەنی مێژووی کوردەوارین بەلاّم دژوارە مێژووزانانی ئێمە لەگەڵ کاك فەتاح هاوڕابن.ئاوێنەی بالاّنوێنی مێژووی کوردەواری،قسەیەکی کەم نیە!

کورتی ببڕینەوە،سەرەتاکەی کاك فەتاحی ئەمیریش بەداخەوە بەهرەیەکی ئەوتۆی بۆ خوێنەری، چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگزنییە. بریا کاك فەتاح وەك لەشوێنێکی ئەم پێشەکییەدا باسی پارچە شیعرێکی ون بووی هێمنی کردووە، لەبری ئەو هەموو مەتح و تاریفە، نەختێ باسی چۆنیەتی کۆکرانەوەی بابەت گەڵێ جیا جیای کتێبەکەی بکردایە و لەو بەرهەمانەی هێمن دوابا کە هەروا ماون و چاوەڕێی چاپن. من دڵنیام ئەگەر هۆگرانی هێمن بزانن کە (شازادەو گەدا)ی (مارك تواین)ی کردۆتە کوردی و (قەلای دمدم)ی عەرەب شەمۆو کۆمەلێك ئەفسانەی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، چاکتری دەناسن و ئەگەر بزانن ڕۆمانی (خەرمەگەس )ی (ئیتێل لیلیان وینیچ)ی جارێك بە تەواوی تەرجەمە کردووەو لێی فەوتاوەو جارێکیش لە ناچاری یان بەنیوەچڵی وازی لێ هێناوە، بەڕێزێکی زیاترەوە یادی دەکەن.

**دەسکێك گوڵ دەسکێك نەرگز**

**مەرگی ئەوجەماعەتەی نەبینم هەرگیز**

**گۆڤاری سروە ـ ژمارە (١٤٦) ـ خەرمانان ١٣٧٧.**

# ڕەخنەیەك لەسەر هەوڕگەرو ئەشكەوڵەت

**فەتاح ئەمیری**

لە سروەی ژمارە ( ١٤٦)دا، بەڕێز كاك عەزیز ئالی ڕەخنەی لەهەندێك پێشەكی نووس بۆ بەرهەمەكانی مامۆستا هێمن گرتووە، لەژێرەوە جوابەكەی عەرز دەكەم.

كاك عەزیز لە هەوەڵەوە باسێك لەمێژووی پێشەكی نووسین دە كوردی دا دەكا، لەخانیو خانای قوبادی و نالی ومەحوی ڕا پێدادێ كە زۆرتر پێشەكی بەرهەمی خۆیان، خۆیان نووسیویانە.

دێتە سەرباسی پێشەكی نووسینی مامۆستا هێمن بۆ بەرهەمی خەڵكی تر، لەكارەكانی ئەو ڕازییە، تەنانەت پێشەكی شەرەفنامە بەنموونەیەكی پەخشانی ئەمڕۆ دەناسێ و لەو شتانەی لەسەر شەرەفنامە نووسراون بەباشتری دەزانێ و پەسندی دەكا. دە ئاخری ئەم پێشەكی لەسەر پێشەكییەدا دەڵێ:

بەڵێ هێمن سەرەتا نووسێكی شیرین زمان و زاناو وردبین و دڵپاكە، بەلاَم مەسەلێكی فارسی دەڵێ:

هەوڕگەر خۆی بە ئەشكەولەت ئاو دەخواتەوە، هێمن كە پێشەكی ئاوا لە بارو دڵڕفێن بۆكاری نووسندەو شاعیران نووسیوە خۆی كەمتر بەختی بووە كەسانی دی، سەرەتای باش بۆ شوێنەوارەكانی بنووسن.

ناڵەی جودایی (دووەمین) دەفتەری شیعری هێمنە وكارنامەی هەرە پرشنگداری ئەزموونی شاعیرانەتی، كەچی بەداخەوە مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم بە چەند لاپەڕە پێشەكی با بە ئانقەستیش نەبووبێ، لێی كردۆتە هەشتی پاكو نۆی پیس...

كاك عەزیزی بەڕێز! جارێ بلێ بزانم، ئەژماری تۆ لەكوێ ڕا دەست پێدەكا، دیارە كەسانێكی تریش هەن كە سەرەتایان بۆ بەرهەمی هێمن نووسیوە، ئەشكەولەتەكەت دەشكێ یا هەر پێتوایە ئەژمار لە (٢) دایە؟ برا بەكوێدا كردوویەتە هەشتی پاك ونۆی پیس؟ لەهەوەڵەوە گوتوویەتی وەنەبێ هەركەسێ پێشەكی بۆكاری كەسێكی تر نووسی، ئەوە وابگەیەنێ خاوەن كارەكە كەسێكی نەناسراوە، یا هیچ نەبێ پێشەكی نووسەكە لەو ناسراوترە، ئەگەر وابوایە، نەدەبوو كەس پێشەكی بۆ كاری شاعیرێكی وەك كاك هێمن بنووسێ.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بە تەوازوعێکی زۆرەوە سەرەتاکەی دەست پێکردووە. پاشان گوتوویە:

لەعەرەبدا نەزار قەببانیو لە کوردا هێمن، من پەخشانیانم لە شیعریان لادلگیرترە، ئاواتم ئەوەبووە کاری سەرەکی هێمن پەخشان نوسین بوایە.(لادلگیرترە) یانی هەر دووکیانم بەدڵە، بەلام پەخشانی پتر، دەحالێکدا نالەی جودایی هەمووشیعرە وەك هەموو کەسیش دەزانێ زۆر شیعری بەرزیشن. سەرەتا نووس سەرنجی خوێنەری بەرەو پەخشانەکانیشی ڕاکێشاوە کە بابە لەو شیعرانەش جوانتری پەخشانەکانیەتی یا گوتوویەتی:

ئاواتم ئەوەبووکاری سەرەکی... دەی برا تۆ ئیزن نادەی پیاوێکی وەك مامۆستا محەمەد، ئاواتەکانیشی بەدڵی خۆی بڵێ، دەتەوێ ئەویش بەرای تۆبێ!

ئەو پێشەکییانەی مامۆستا هێمن نووسیونی وتۆباست کردوون،ئەویش تاریفی کردوون (لاپەرەی ٤، نالەی جودایی) دەڵێ:

(ڕەنگ بێ هێمن خۆی هێشتا بایەخی پەخشانی خۆی بەتەواوی نەزانێ... ئەگەر وایە دەسا با بەچاوی مشتەری پێشەکی (تاریكو ڕوون)ەکەی خۆی، پێشەکییەکەی بۆ(تفحە مقفریە)، سەرەتاکەی بۆ (قەلای دمدم)ەکەی عەرەبی شەمۆ، کە مەلا شوکر هێناویەتە سەردیالێکتی خۆمان بخوێنینەوە).

تەفاوەت دێرەدایە کاك عەزیز شاعیرە، شیعری هێمنی لەلاباشترەو کاك محەمەدی مەلاکەریم پەخشانی. بەوەش ڕازی نەبووەو گوتوویەتی: بەلام باکەس وانەزانێ من مەبەستم لەم ڕایەم ناڕەزاییە لە شیعری هێمن.ڕاستییەکەی هێمن. شیعری ناسکی زۆرە کە لەدڵدا جێگای شایانی خۆی ئەگرێ. پێشەکی نووس جێگای بۆ شك و گومانی کەس نەهێشتۆتەوە. ڕەنگە لەهەموو شیعرەکانی ڕازی نەبووبێ، مامۆستا هێمن بۆ خۆشی لە هێندێکیان دوودڵ بوو، دەیفەرموو: (شوعارن) .

مامۆستا هێمن هەرچەندە شاعیرو ناسك خەیاڵ بووبێ، لەهەوەڵەوە وانەبووە، تەجروبە، نووسین، خوێندنەوە، دووری، غوربەت، ناکامی و زۆر هۆی تر پوختەی کردووەو پێگەیوە.

نالەی جودایی شیعری ئەو قۆناخەیەتی کە من پێموایە لانی کەم دەزمانی کوردی دا کەم شاعیر شوێنیان شکاندووە.

ماموٚستا محەمـەدی مـەلا کـەریم، ئەگـەر تـاك‌و لـۆ شـیعرێکی لاوازی لـە ماموٚسـتا هـێمن دیبێتەوە، گوناهەکەی خستۆتە سەرشانی هەلومەرج و ولاٚتی پاشکەوتوو قورسـایی بـاری شیعر لەم ولاٚتانەدا، وای گەیاندووە ئەگەر شاعیرەکانی ئێمەش دە ولاٚتێکی وەهـادا نـەبان بێ شك سەرکەوتووتـر دەبوون.

دە لاپەڕەی ۸ ی نالەی جودایی دا دەڵێ:

جا لەبارێکی نالـەباری وەك ئـەوەدا کـە هـێمن‌و هێمنـەکانی هـەموو لایـەکی ولاٚتەکـەمان شـیعری تیـا ئـەڵێن، بەهرەمەنـدی هونەرمەنـد لـەوەدا دیـاری دەکـا کـە چـەند ئـەتوانێ ئەرکی سەرشانی خۆی بەرانبەر بـە هونەرەکـەی و بەرانبـەر بەکۆمـەڵیش لەیـەك کاتـدا لەکارێکی هونەری دا بخاتە یـەك‌و نـەهێڵێ هـیچ کامیـان بـبن بەکۆسـپ لـەڕێی ئەویانـدا یـارهیچ نـەبێ یـەکێکیان ئـەویان بکـا بـەژێر پێـوە ... مـن لام وایـە لـەم تاقیکردنـەوەدا، هێمن لە زۆر بەشیدا گرەوی سەرکەوتنی بەباشی بردووەتەوە.

من پێموایە ماموٚستا هێمن بە پێچەوانەی کاك عەزیز، لە سەرەتاکەی ماموٚستا محەمـەد ڕازی بـووە، ئەگـەر بلـێن هـەوەڵ چـاپ بـە ڕووداکـەوتووە، ئـەدی لەچـەپەکانی دوایـی داچی؟ماموٚستا هێمن پێش ئەوەی بیدا بەسـەییدیان جـارێکی چـاپ کـردەوە، قایـل نـەبا هەڵیدەپاچی‌و بۆڵە بۆڵی ئێستای من وکاك عەزیزیشی کـەم دەکـردەوە. ماموٚسـتا هـێمن زۆر بەحورمەتەوە باسی ماموٚستا (محەمەدی مەلا کەریم)ی دەکرد، حەق وانـەبوو پـاش بیسـت سـاڵ سـەرەتا نووسـین کـاك عـەزیز ئـاوا ڕەخنـە لەکارەکـەی بگـرێ، هەرچـەندە پێموایە ماموٚستا گەورەترە لەوەی لەنەقدو ڕەخنە دڵ ئێش بێ.

هاتوویە سەر(چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز)و پێشـەکییەکانی لـە سـەری نووسـراون، وەك مـن ئاگـاداربم ماموٚسـتا (ڕەئـوف بێگـەرد) یـەکێك لـەهێمن دۆسـتە هـەرە باشـەکانی کوردستانی ئەودیوە، ئەو برادەرە دەکرێ بلێم سەرجەمی نالەی جودایی و بەشـێکی زۆر لە شیعرەکانی ماموٚستا هێمنی لەبەرە. لەبارەی ئەوەوە گوتووتە:

( وەختێ باسی دۆسـتایەتی خۆشـی لەگـەڵ هـێمن دەگێڕێتـەوە، خوێنـەر چاوەڕوانە لـە ڕوانگەی ئەدیبێکی بە ئەزموونەوە، هێندێك لایەنی تاریکی ژیان و شەخسـیەتی هێمنـی بۆ ڕۆشن بێتەوەو بەمجۆرە قووڵتر لەگەڵ شاعیرێکی هاوچەرخ ئاشنا بێ)

لە حاڵێکدا کاك عەزیز چەند دێر پێشتر نووسیویە.

(هـەموو ئاگـادارین، هـێمن لـە پێشـەکی تاریـكو ڕوون دا، ژیاننامـەی خـۆی بـەووردی نووسیوە زۆریش لـەوە ناسـراوترە پێویسـت بکـا سـەرلەنوێ بـە خـەڵکی بناسـێنین، کـاك عەزیزی بەڕێز، دەپێش دا عەرزت دەکەم، (ڕەئووف) وەك مامۆستا بێگەرد لەپشت یازدە کتێبـی خـۆی نووسـیویە ڕاسـتە ونووسـینی تـۆ لەهـەر جێگایـەك گەیشـتۆیەتە نـاوی (ڕەووف) هەڵـەت نووسـیوە.مـن فکـر ناکـەم مامۆسـتا بێگـەرد ویسـتبی هـێمن بەخـەڵك بناسێنێ، وەك هەموو دەزانین هـێمن ناسـراوە، پێموایـە وەك بەرپرسـی بنکـەی گەلاوێـژ ئەو کتێبە لەوێ چاپ کراوە ویستوویەتی مەتڵەبێك، قسەیەك، نەزرەیەك لەسـەر هـێمن بنووسێ.

ئەو کارە زۆر ئاسایە، زۆر جاران بنکـەکان ئـەم کارەیـان کـردووە. کـاك ڕەووف هێنـدێك لــەباری شەخســیەتی هــێمن دواوەو بیرەوەریــەکی خــۆی دەگــەڵ مامۆســتا هــێمن گێڕاوەتەوەو ناوی پێشەکی لەسەر نەنووسیوەو لەژێر سەردێری (هێمنی شـاعیرو مـرۆڤ) ئەو مەتڵەبەی چاپ کردووەو تەنانەت دە فیهرستی کتێبەکەشی نەهاویشتووە.

کاك عەزیز نووسیویە:

(کـاك ڕەووف شـتی وا دەنووسـێ کـە پـتر دەربـارەی خۆیـەتی تـا هـێمن). کـاکی بـەڕێز وەختێـك بـیرەوەری خـۆی دەگـەڵ مامۆسـتا هـێمن دەگێڕێتـەوە شـك نییـە خۆشـی دێتـە گۆڕێ، ئەگەرمەبەسـتت ئەوەیـە خـۆی نوانـدبێ یـا خـۆی ناسـاندبێ. پێموایـە لێـرەش دا بەهەڵە چووی، وەك من بزانم کاك ڕەووف تا ئێستا ئەو بەرهەمانەی نووسیون:

١- بوار، کۆمەڵە چیرۆك ١٩٧٧.

٢- هەوار، کۆمەڵە چیرۆك ١٩٨١.

٣- بەرەو چیا ،کۆمەڵە چیرۆك ١٩٨٥.

٤- هەڵۆ، کۆمەڵە چیرۆك ١٩٨٩.

٥- کۆلآن ،کۆمەڵە چیرۆك ١٩٩٤.

٦- ئەنتۆن چیخۆف ،کۆمەڵە چیرۆك ١٩٨٤ گۆڕینی لەفارسییەوە.

٧- سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی ١٩٨٦ گۆڕینی لەعەرەبییەوە.

٨- سێ شانۆگەری ١٩٨٧ گۆڕینی لەعەرەبییەوە.

٩- سەما ،کۆمەڵە چیرۆك ١٩٨٨.

ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن

١٠- ئیڤانۆڤ – شانۆگەری – نووسینی چیخۆف – لەفارسییەوە وەریگێڕاوە.

١١- دلۆپە خوێنی سەربەفر – کۆمەڵە چیرۆکی جیهانی – لەفارسی وعەرەبیەوە.

ئەم ئەسەرانە پێم وایە بۆ ناساندنی مامۆستا رەووف بێگەرد بەس بن و بەکورتە مەتڵەبێك ئەو نیازەی نەبووبێ.

کاك (ڕەووف) ویستوویەتی ڕێزو حورمەتی خۆی بەرامبەر بە هێمنی مەزن ڕاگەیەنێ، ئەوەش کارێکی خراپ نییە ئەگەر ئیزنت لەسەربێت کارێکی زۆریش پەسندە.

جا ئەوجار بەنۆرەش بێ نۆرەی خۆمە، من لەهەوەڵی پێشەکییەکەدا دەڵێم:

(قەت ئەو حەقەم بەخۆم نەداوەو نایدەم، هەرگیز ئەو خەیاڵەم نەبووەو نامبێ، هێمن بەئێوەی بەڕێز بناسێنم).

من لەبەرامبەر هێمن و هۆگرانی هێمن ئەو پەڕی تەوازوعم نواندووە.

پاش ئەو پاراگرافە نەدەبوو ڕەخنە لە من بگرێ, کاتێك من خۆم ئەوە دەڵێم پێموایە جێی قسەی تر نامێنێتەوە

ئەو پێشەکییە داوایەك بوو کاك "سەلاح" کوڕی مامۆستا لە منی ویست منیش دڵم نەشکاند و نووسیم.

کاك عزیز فەرموویەتی: ( ئەم قسانەی کاك فەتاح دوو عەیبی گەورەیان تێدایە، یەکەم ئەوەیە کە "مریدانە"ن پیاوی مریدیش لە ئاست مرادی خۆی لە پێ هەڵاگوتن بەدەرچی بەزاردا نایە...).

تەنیا ئەو بۆچونەت ڕاستە ، من مریدی مامۆستا (هێمن)م ،کاك عەزیز ئەگەر هێمن و کەسانی وەك هێمن نەبایەن، ئەگەر ئەو مورڕتازە کوردانەمان نەبووبان ، کوا من و تۆ ئەمرۆ قەڵممان هەڵدەسووڕاند.

من نالێم بە نەبوونی ئەوان ، فەرهەنگ دەمرد، زمان لە بن ڕا دەبڕا، دەڵێم ئەگەر واش نەبایە لانی کەم کزتر دەبوو، وەك ئێستێ نەدەبوو. کاك عەزیز! شێخ چ دەکا؟! لای ژوروو بەڵێنی بەهەشت دەدا بە مریدەکەی ، ئەویش بۆ ئەو دونیا .

بەلاّم ئەو مەزنانەی ئێمە دەلاقەی بەهەشتی ئەدەبییان هەر ئێستا بە ڕووی ئێمە کردۆتەوە، دیسان بە موورادیان نازانی و موریدی ئەوانت لەلا کەمە!؟

بەڵێ کاکە هێمن مرادی منە ، ڕەنگە من مریدی باش نەبم. ئەگەر تاریفی هێمن نەکەم، تاریفی کێ بکەم؟

پاشان گوتوویە:

عەیبی دووهەم ئەوەیە کە ئەم قسانە زۆر گشتی و" موبهەم" ن. من موبهەمێك نابینم، شتەکەم خستۆتە بەر ڕای خوێنەر، کاتێك من دەڵێم:

"ئەوە خۆتان و بەرهەمەکە" کاك عەزیز باسی فیعلی "نامینێتەوەو باشتر" تاك‌وکۆی ڕستەیەك دەکا. ئەو پێشەکییە هی ساڵی حەفتایە دوور نییە "نامێننەوە" بووبێ ، هەڵە یا هی منە یا هی تایپە. لە جێگایەك گوتوویە: "لەبەرچی نەسری هێمن لە شیعرەکەی هێمن باشترە؟"

لەبەر ئەوەی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی ئێمە شاعیری زۆر گەورەمان هەبوون، بەلاّم تۆ دەو کاتەدا نەسرێکم نیشاندە لە نەسری "لە کوێ وە بۆ کوێ" باشتربێ.

باسی هەواری خاڵی کردووە: کە "تەکنیکی چیرۆکنووسی کەم تێدایە" .

ئەگەر ئەم ئیرادەشمان قبوولّ بێ ، کێشی داستانی ئەوەندە بە هێزە ئەم کەم و کووڕیەی دادەپۆشێ و خوێنەر بێ پشوودان دەبا دەناخی چیرۆکەکەوە، بە بڕوای من نە تەنیا کز نییە بەڵکو زۆریش بەهێزە .

لەسەر بووکی یەکشەوە، باسی کەم و زۆری لاپەڕەی چیرۆك دەکا ، ئیرادی گرتووەکە بۆچی هەموو پاڵەوانانی چیرۆکەکە هەموو وەك یەك پاك و دڵپاکن و ...

کاك عەزیزی بەڕێز ، لە بیرت نەچێ هەردەو چیرۆکەدا ئەوانەی بۆمبارانی شاریش دەکەن هەن و هێندە پاك و دڵپاکیش نین .

مامۆستا هێمن دێرەدا باسی چەند کەس، خزم و دۆست و دراوسێ دەکا، حەقی هەیە باشیان باس بکاو ئەوە بە ئیراد ناگیرێ. پاشان هاتۆتەوە سەر تاریفەکانی من و گوتویەتی:

"ئاوێنەی بالاّ نوێنی مێژووی کوردەواری قسەیەکی کەم نییە" یا "دژوارە مێژوونزانانی ئێمە لەگەڵ کاك فەتاح هاوڕا بن"

کاك عەزیز، مامۆستا هێمن لە نەسری "لە کوێوە بۆ کوێ" دا باسی ژیانی خۆی دەکا، بەلاّم بەشێك لە مێژووی ئەو سەردەمەشی دەگەڵە، باسی قۆناخی، ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەو سەردەمەی تێدایە. هێمن دە نەسرو شیعری دا ، باسی کەم کوڕی و دەردو داخی خەڵکەکەی دەکا، "ناڵەی جودایی" زۆر شتی لێ هەڵدەوەرێ، تەنیا هەستو چێژی خۆی باس نەکردووە.

ڕەنگە دەو بەشەی کارەکانی هێمن دا جیاوازی ئەوە دەگەڵ هێندێکی تر بە تەواوی دەرکەوێ.

هێمن تەنیا هەستی خۆی نالێ، دەردی تەنیایی خۆیی نالێ، جودایی خۆی نالێ، بەڵکو هاواری خەڵکەکەی دەکا .

ئەوەیە ئاوێنەی بالاً نوێن. ئەوانە مێژوون ، جا ئێوە دەگەڵ من هاوڕا بن یان نەبن کەیفی خۆتانە.

جگە لە وانە، ئەگەر تۆ بەڕاستی پێتوایە من تاریفی (هێمن) م کردووە، ئەوەش قبووڵکە "موبالەغە لە تاریف دا دروستە"

لە جێ یەکی تر دەڵێ:

"لە بری ئەو هەموو مەتح و تاریفە ، نەختێ باسی چۆنیەتی کۆکرانەوەی بابەت گەلی جیا جیای کتێبەکەی بکردایەو لەو بەرهەمانەی هێمن دوابا کە هەروا ماون و چاوەڕێی چاپن..."

من عەرزتان دەکەم، ئەو بەرهەمانەم لەکاك " سەلاح" وەرگرتووە جێی پرسیاریش نەبوو، شتێکی زۆر ئاسایی یە ئەگەر بەرهەمی باوك لای کوڕەکەی بێ. ئەوانەی ماون‌و چاوەڕێ ی چاپن، دە لاپەڕەی ٥ی کتێبی پاشەڕۆکدا نوسراون و کتێبەکەش دە تیراژی ٦٠٠٠ دا لە چاپ دراوە .

قسەی تێدا نییە هۆگرانی هێمن پاشەڕۆکیان خوێندۆتەوە و لە مەسەلەکە حاڵین.

شتێکی لە هەمووان سەیرتر ئەوەیە کاك عەزیز پێشەکی و ڕەخنەی تێکەڵ کردووە یا لێی گۆڕاوە، دە حاڵێك دا خۆی دەو ئەشکەو لەتەدا دەڵێ: "ئەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێ کە گەرەترین ئامانجی سەرەتا ئەوەیە ، لە سەرێکەوە بەرهەمەکە لە بەر خوێنەری شیرین بکا و هانی بدا بە زەوق و شەوقەوە بخوێنێتەوە لە سەرێکی دیکەوە هێندێك زانیاری دەربارەی خولقێنەری بەرهەم یا خودی بەرهەمەکە بە دەستەوە بدا..."

جگە لە بڕوای کاك عەزیز دەوبارەدا ، پێشەکی مامۆستا هێمن بۆ پێکەنینی گەدا ، پڕە لە تاریف ، تەنانەت بە تاریفی مامۆستا قزڵجی ڕانەوەستاوەو تاریفی هەموو بنەماڵی قزلجی دەکا.

با لەبیرمان نەچێ هەردەو ڕەخنەیەدا پێشەکی پێکەنینی گەدا بە نموونەیەکی سەرکەوتوو دەزانێ .

ئەگەر پێشەکی و ڕەخنە ، یەکن ، بمانەوێ و نەمانەوێ کەم بەرهەم هەیە ئیرادی نـەبێ، بە تایبەتی ئاوا موو لە ماست دەرکێشان شـتێك هـەر وە دەسـت دەدا ، جـا ئـەوێ دەمـێ خوێنەر دەڵێ:

"چاکتر ئەوەیە خۆی پێوە ماندوو نەکەم"

ئەشکەولەتی کاك عەزیز چەشنێك بەر بەرەکانییە ، ئەگـەر تـەنیا دەگـەڵ منـی بـوو بـا، قەیدی نەدەکرد، وادەنوێنێ هەر ئەو حەقی هەیە لە سەر هێمن شتێك بڵێ، هەر چەندە دەزانم ئەویش وەکی من  هێمن و قەڵەمەکـەی خـۆش دەوێ، بـەلاَم بـۆ کـەم مایـەکردنی بـیرو ڕای پێشـەکی نـووس هێرشـی بردۆتـە سـەر کارەکـەی مـام هـێمن بـۆ دەسـڕەیەك قەیسەریەکی سووتاندووە. جا ئەگەر بەرهەمەکەی مامۆستا هـێمن بـە عەیبـدار بـزانین ئەم پێشەکییانەی نە تەنیا خراپ نیین بەڵکو، لێی سەرو زیادن.

تکـا دەکـەم قەڵـەم بەدەسـتانی کـورد ئـەم باسـە درێـژە پـێ بـدەن ، هەرچـەندە ڕەنگـە پێویست نەکا، بەلاَم جارێکی تریش تکا دەکەم حورمەتی قەڵەم ڕاگرن.

**گـۆڤاری سروە، ژمارە (١٥٤)، بانەمەڕ ١٣٧٨.**

# هەڵوێستەیەك لەسەر پێویستییەكی مێژوویی

## (بەبۆنەی ڕێزگرتن لە مامۆستا هێمن لە كۆنگرەی ناودارانی كورددا)

لەماوەی ژیانی هێندێك مرۆڤدا جاروبار هەڵومەرجێك هەڵدەكەوێ كە بە هەڵگرتنی هەنگاوێكی هەڵسەنگێنراوی قووڵ و بەناسینێكی پتەو لەڕاستییەكانی سەردەمی ئەو كۆمەڵەی كە تێییدا دەژی، دەتوانێ ئاڵ وگۆڕێكی گەورە لە هەموو بوارەكاندا پێك بێنێ. ئەوەی كە زۆر گرینگە ناسینی دروست و بەجێی (پێویستی) (چرورت)و بەشداربوون لەئازایەتی بۆ سازكردنی هەڵومەرجی وەدیهاتنی ئەم پێویستییەیە، ئەوەیش لەحاڵێكدا زۆر هەڵوێستی نادروست لەكاتی ئەنجامی كارێكی ئاوادا، لەلایەن ئەوانەی هاتوهووتیان زۆرە، بەلاَم دواكەوتوون. دژ بە هەموو دیاردەیەكی تازەو داهێنەرەكەی دەگێرێ، چونكە ئەوان هەوڵدەدەن هەتا بەهەرو گیف و سازكردنی فەزایەكی ئاڵۆز، ئەو ئاسۆ ڕوونەی كە لەبەرچاوی هێزە چاك و خەڵكییەكاندا خۆدەنوێنێ، تاربكەن و هەموو هێزی خۆیان بۆگوڵ نەكردنی ئەم ڕەوتە تازەیەو خوڵقێنەرەكەی دەكار بكەن. لەتەواوی دەورانی ڕەشی پاشایەتیدا، بەتایبەت لەم قەرنەی ئاخردا، شاپەرستی و سەلماندنی زوڵم و زۆری سەڵتەنەتی شیرەی تەواوی ئەو دیاردانەبوو كە بەشێوەی بەرهەمی فەرهەنگی و ئیدئۆلۆژی دەرخواردی خەڵك دەدران. چەوسێنەران و ولاَتە چەوسێنەرەوەكانیش كە ئەم هەنگاوەیان بەقازانجی خۆیان دەزانی بەهەموو تواناییانەوە هێزیان پێدەبەخشی و لەم ڕێگایەدا لە هیچ هەوڵێك كۆتایان نەدەكرد.، تا ئەو جێگایەی كە وایلێهات بەدەستی (محەمەد عەلی فرووغی)، ئەم (ماسۆنیست)ە كۆنە كارە، بیری سواوو چەوتی دەورەیەكی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە، بەشكلێ ئیدئۆلۆژی یەكی نووسراوو ئیمڕۆیی نیشانی خەڵك درا.

لەم ئیدئۆلۆژی یەدا هیچ بایەخێك بە فۆلكلۆرو فەرهەنگە ناوچەیی و نەتەوەیەكان نەدەدراو بچووكترین جووڵانەوەی فەرهەنگی بەتوندی سەركوت دەكرا.( هێشتا لەبیرمان نەچۆتەوە كە لەسەردەمی ڕەشی دەسەلاَتی پەهلەویەكاندا، هەڵگرتنی لاپەڕەیەكی كوردی ئەشكەنجەو ئازارو زیندانی بە دواوە بوو).

هەروەها هاودەنگ لەگەڵ ئەم جوڵانەوەیە، كاربەدەستانی ڕژێم بەهەزار فێڵ و تەڵەكەو بەخەرجێكی زۆرەوە هەوڵیاندا كە مافی كەمایەتییە نەتەوەییەكان بخۆنو

فەرهەنگەکەیان بچووك بکەنەوە تا بەم کارە بە ئارەزووی (شوێنیستی) خۆیان بگەن.
وێــڕای ســەرکەوتنی (شۆرشــی ئیســلامی)و دامــەزرانی یاســای بــەرزی ئیســلامی، بۆچارەسەربوونی ئەم گیروگرفتە مێژووییە، ئەسڵی پانزدەی قانوونی ئەساسی لەبواری مافی کەمایەتییە قەومییەکان و زمانو داب و نـەریتی ئـەوان لـە مەجلیسـی خـەبرەگان پەسەند کرا.

بـە قـەبوولکردنی ئـەم ئەسـڵە، شـەپۆلێك لەشادی و هیـوا لـەدڵی خـەڵك و هـەموو ئـەو کەسانەدا سازبوو کە چەوسانەوەی فەرهەنگییان تا ئەو دەمی بەگۆشتو پێست وخوێنی خۆیان هەست پێکردبوو.

بەڵام تۆوێك "هەرچەندیش کە باش بێ" هەتا ئەوکاتـەی لەگۆشـەی ئـەنباردا مابێتـەوە بەرهـەمێکی نـابێ، مەگـەر ئـەوەی بەدەسـتی پینـەکراوو بـەهێزی باغـەوانێکی پـیری، ساردیو گـەرمی ڕۆژگـار چێشـتوو، لـە زەویو زارێکـی بـەپیت و بەرەکەتـدا بچێـنرێ و دەعەمەل بێ.

خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا هـێمن کـە پـاش (٤٥) سـاڵ غـەم و دەردو ئـاوارەیی و خـەبات لەڕێگای خۆشەویستی نیشتمان و خەڵکەکەی، هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنـی خـەباتی خــەڵکی موســڵمانی ئێــران، گــەڕاوە زێــدی خــۆی و لەســەردەمی ســەرکەوتنی شۆڕشــی ئیســلامیدا نەخشــێکی بەرچــاوی بــوو، دوای ســەرکەوتنی ئــەم شۆرشــەو بــەهیوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زوڵم و زۆریانەی لەخەڵکی بەشخوراوی کورد کرابـوو، هـەوڵێکی زۆری دا. ئەو بەوریاییەکی زۆرەوە، خێرا زانی کە ڕێگاکە لەکوێدا هەڵەیەو هەستی کـرد ئەو شێوەکارەو ئەو ڕێگا دیاریکراوە بەشـێوەیەکە کـە بەعسییە خوێنرێـژەکان دیارییـان کردووە.

بـۆ مامۆسـتا هـێمن کـە لـەماوەی دە سـاڵ ژیـانی ئـاوارەیی لـە عێراقـدا، شـاهیدی بـێ عەداڵـەتیو زوڵـم و زۆرو سیاسـەتی دژی مرۆڤایـەتی ڕژێمـی بـەعس لەبەرابـەر خـەڵکی مافخوراوی کوردستانی عێـراق بـوو، زۆر دژوار بـوو کـە لـە خەباتێکدا بـەژداری بکـا کـە بەرهەمی ئەو خەباتە هاودەنگی لەگەڵ دوژمنە سوێند خواردووەی گەلی کورد بێت.

جگـە لـەوەش ئـەو عاشـقی خزمـەت بـە خـەڵك بـوو، لـە بوارێـك دەگـەڕا هـەتا بەکـەڵك وەرگرتن لەئەزموونی نزیك بەنیو قەرن تێکۆشان، ڕێگا بۆ بزووتنەوەی ڕەسەن و گشتی خۆش بکا.

له ئاكامـدا مامۆسـتا هێمنـی وردبـین و زانـا بـەو ڕاسـتییە گەیشت کـە ئـەو زوڵمـە زۆرو زەوەندەی لە خەڵکی کوردکراوە، ڕیشەی لەزوڵمی فەرهەنگی دایە کـە بـە پێـی ڕوانگـەی ئاپارتایدی و ئاریایی پەرستانەی شاو عەرەب پەرستانەی ڕژێمی بەعسی عێـراق تووشـی گەلی کورد هاتووە.

ئەو هەروەها، ئاشنایەتییەکی قووڵی لەگەڵ شەریعەتی محەمەدی (د.خ) هـەبووو ئیمـانی هەبوو کە فەرهەنگی خەڵکەکەی تێکەڵاوییەکی قووڵی لەگەڵ ئەندێشـەی ئـەم مەکتەبـە هەیە، کەوابوو بەبۆنەی بەربلاوکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەژێر سێبەری دەسـەڵاتی قورئـان و نوانـدنی ئـەو ئاسـۆ ڕوونـەی کـە لـە ئەسـڵی پـانزدەی قـانوونی ئەساسـیدا خـۆ دەنوێنێ، خۆی لە حاڵێکدا دیـت کـە پێویسـتییەکی مێـژوویی بـانگی دەکـاو لەیەکـەمین مەتەرێزی نوێخوازیدا، ئالاَ هەڵگری بزووتنەوەیەکی پیرۆزی فەرهەنگییەو هـەر بۆیـەش تەنانەت بۆ کاتێکی کورتیش ڕانەوەستا.

بەم شێوەیە بووکە (ئینتشاراتی سـەلاحەدینی ئـەییووبی) بەدەسـتی (مامۆسـتا)و چـەند کـەس لـە یـارانی ئـەو، دامـەزراو پـاش پێشـوازی بـەربلاوی خـەڵك دەسـتی کـرد بـە ئامادەکردنی گۆواری سروە کە ئاواتی لەمێژینەی خەڵك بوو.

لە ئاکامدا دوای کارو کۆشیشێکی یەکجار زۆر، لە ئاخرین ڕۆژەکانی بەهاری ساڵی(١٣٦٤)ی هەتاویدا گۆواری سروە لەدایکبوو و سروەی شادی وخۆشی لە کوردستاندا بلاوکردەوە.

مامۆستا هەمیشە، لە حاڵێکدا کە لەخۆشی ئـەو هـەمووە پشـتیوانییە خەڵکییـە دەگریـا، دەیگـوت: ( ئەوانـەی کـە ئێسـتا بایـەخی ئـەم بزووتنـەوە فەرهەنگییـە نـازانن و بۆئـەم ڕەوتـە دەروونییـە بایـەخ دانـانێن، لـە داهـاتوودا دەزانـن کـە خزمـەت چـیەو خزمـەتکار کێیە؟)

هەرچەند مامۆسـتا لـە یەکـەمین سـاڵی لـەدایکبوونی سـروەدا کۆچـی دوایـی کـرد، بـەلاَم یادگـاری ئـەو تـا ئێسـتاش لـەدڵی هـەموو خـەڵکی کـورد لەسەراسـەری جیهانـدا جێگـای کردۆتەوە.

(ڕۆحی شاد بێ و یادی پیرۆز)

**کنگره بزر گداشت فرزانگان کرد، چاپ اول ۱۳۷، جلد ۱۳۷۷،۲ انشارات صلاح الدین ایوبی.**

# هێمن و ئەوین و بیری کۆمەڵایەتی

## عەلی پاسبار

مێـژووی ئـەدەبی هەرنەتەوەیـەك بەشـێکە لەمێـژووی بنـەڕەتی ئـەو نەتەوەیـە.جـا کەوابوو مێژووی ئەدەبی کورد کە گومانی تێدانییـە بەهـەزاران شـاعیرو نووسـەری تێـدا هەڵکـەوتووە.جیـا لەمێـژووی زۆر لێکـراوو شـاراوەی گەلەکـەمان نییـە، بێگومـان هەرنەتەوەیـەك بەدرێـژایی تەمـەنی خـۆی چـەندەی زوڵـم و سـتەم بەسـەرهاتبێ، ئەوەندەبگرە زیاتریش زوڵمی لەمێژووەکەی چووە، بۆیـە مێژوویـەکی ئـەوتۆمان نییـەو زۆربەی بلیمەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە ناویان لەو لاپەڕانـەدا کوژاوەتـەوە. تـەنیا دەتـوانین بڵێین ئەوانەی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا توانیویانە خۆیان لەگێژاوی بەرقی خەیانـەتی مێژوو دەربازکەن لەبەرەی هەرە بەرزەپیاوانی مرۆڤ بوون و هەست و ئەوین و عەشقی پاکی ئەو مێرمەزنانـە بـوون و مرۆڤایـەتی بۆتـە هـۆی پارێزگـاری ئـەوان لەفەرهـەنگو زمانی نەتەوەکەمانو توانیویانە بە زمانی شیعرو مۆسیقا هـەنگاوی پتـەو هەڵێننـەوە کە کەم وا هەیە لەو نێوەدا ئەوینی نەتەوەکەی نەیگەیاندبێتە لوتکەی بەرزی نـاوداریو هـەرمانی. لەوانەیـە شاعیری بـەنرخ و گـەورەمان لـەدنیای عەشقی مـەجازی و عیرفـان هـەبێ، بـەلاّم شـکی تێدانییـە هەرچـەندە ئـەوین بـەو پلـەی گەیانـدوون دیسـان لـەنێو کۆمەڵـدا نـەیانتوانیوە دەگـەڵ شـاعیرانی ڕێگـای ڕزگـاری میللـەت بچـنە نـاو لینگـەی تەرازۆوە.

شاعیری هەستێکی خوا پێداویە کە لـەولاّتی وەدواکەوتوو و بێبـەش بـەعیلم و زانسـت، زۆر جـاران دەگـەڵ ئـەوینی یەکسـانی ژیـان تێکـەڵ دەبـێ و دەتـوانی لەهـەموو هەڵومەرجەکانی ژیانیدا بەهۆی هەستی ناسکەوە جێی خۆی لەنێو خەڵکی دا بکاتەوە.

هێمن بێ شك یەکێ لەو قافڵە سالارانەیە کە مێژووی ئـەدەبی کـورد هـەتایـە نـاوی بـە مـەزنی و گـەورەیی دادەگـرێ. هـێمن شـۆڕە سـواری گۆڕەپـانی فەرهـەنگ و ئـەدەبی کوردی، زمانـەوان و پسپۆڕی وشـەی ڕەسـەن، شـاعیری شـیعری تـەڕو پـاراو. پارێزگـاری مەتـەرێزی وێـژەوانیو بـەیت و باوەکـان، خـاوەنی هەسـتی ناسـكوخاوێنو سەرمەسـتی خـەراباتی شـیعر، سـەرەڕای شـاعیری تـەواوی هەوڵوتێکۆشـانی لـە وێـژەو شـیعردا بـۆ جێگرکردنـی زمـانی باووبـاپیران لـە جێگـای شـیعری کۆنو بێگانـەدا بـووە، کـە ئـەویش

سەرچاوەکەی ئـەوینێکی بـەرزبووە لـە لووتکـەی هەسـتی شـاعیرانەیدا کـە کتێبـە بـە نرخــەکانی تاریــكو ڕوون، توحفــەی موزەفەریــە، نالــەی جــودایی، هــەواری خــاڵی، پاشەڕۆكو چەند پەرتووك و یادگاری هەرە بەرزی وەك سروەی ئازیز، بەڵگەن بۆ وی.

**هێمن لەبنەماڵەیەکی نێو بەدەرەوە و بەناوبانگ لـە موکریـان لـەدایك بـوو، وەك خـۆی دەڵێ:**

مێــژۆکی لەمــەمکی دایکــی نــەکردووەو فرچــکی بەشــیری دایــەن گرتــووە. لــە ســەرەتای ژیانیدا بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێ و شوێنی جیاوازی چینایەتی دەکاو لـەو ڕێگـەوە زەبـری لێ دەوەشــرێ و هەســتی برینــدار دەبــێ، هەســت بەئینســانیەت دەکــاو خۆشــی مــرۆڤ، لەیەکسـانی ژیانـدا دەبینـێ. چـۆن بۆخـۆی کـوڕە دەوڵەمەنـدەو مـافی دۆسـتی ئاواڵـەتی دەگەڵ ڕووتەڵەکان نییە ئێرەیی بەژیانی ئازادو سەربەستی ئـەو ڕووتەلاٌنـە دەبـا. تـەنیا زەمـانێ خـۆی ئـازاد دەبینــێ کـە پیرێـژنێك لـە چـینی هـەژاران هەقایـەت و چیرۆکە کۆنەکانی بۆ دەگێڕێتەوە.

لە حوجرەو دیوەخانانـدا  هەر لە سەرەتای لاوەتیدا دەگەڵ زانایـانی بـەناوبانگی ناوچـە، هەسـتان و دانیشـتنی دەبـێ. لەوکاتـەدا دەگـەڵ مامۆسـتای بـەناوبانگی عـیلم و زانسـتو فەرهەنگ و ئەدەب هەژاری موکریانی هاو حوجرە دەبێ. هاودڵ و هاوزمـان و هـاودەنگ لەخوێندن شیعرو نووسراوە نـابوێرن. شـیعری شـاعیرە بـەرزەکانی فـارس دەخوێننـەوەو لەبەری دەکەن. هەستی شـیعری هـێمن هـەر لەوسـەردەمەدا دەبـزوێ و گـوڵ دەکـاو بـەو پێیە شارەزاییش لەسـەر شـیعری کـوردیش وەدەس دێنـێ و زەوقـی ئـەدەبی دەپشکوێ و شیعر دەهۆنێتەوە. لەلای مامۆستا فەوزی یا مەلای سولەیمانی، دەرکی شیعری کوردی بۆ کراوەتــەوە دەگـەڵ شـیعری شـاعیرانی بـەناوبانگی کـورد وەك.حـاجی قـادر، مەولـەوی، مەحوی، حەریق، وەفایی و ئەدەبی مەهابادی ڕاهاتووە و هەر لەلای فـەوزی توانیویـەتی ئـەوینی گەڵەکـەی لـەدڵی جێ بکاتـەوە و پلـەی زانسـتی خـۆی بباتەسـەر. ئـەو هەسـتو ئەوینە بەرزە هانی دەدا لەنێو خەڵکدا بێ و لـە مەتـەرێزی پاراسـتنی زمانـە شـیرنەکەی دەبێتە ئـاواڵی خوێنـدەوارو نەخوێنـدەوار. شـانازی بـەوە دەکـا لـە خوێنـدەوار شـت فێـر دەبێ. وێژەوانەکانی سەردەمی لاوی خـۆی بەمامۆسـتا دادەنـێ و پاشـان خۆیشـی دەبێتـە مامۆسـتای وێــژەوانی لاوان. ئەگەرچــی ژیــانی ناوکۆمــەڵی بەئــەوینێکی مــەجازی دەس پێدەکا، بەلاٌم زۆر زوو ئەوین و هەستی نەتەوایەتی جێگـای پـڕ دەکاتـەوەو ئـەو ئەوینـە

تازە دەیخاتە هەوڵدان بۆ بەشداری لەکۆڕی لاوانی نیشتیمانپەروەر بۆ پەرەپێدان بەو هەوڵومەرجەی ژیانی تێدەکۆشێ و دەکەوێتە قۆناخێکی تازەی ژیان.

بەم حاڵەشەوە تێدەکۆشێ سەرەڕای هەموو گیرو گرفتێك و هەوڵ و تێکۆشانێك لە چوارچێوەی بیری سیاسیدا پێی لەجوانییەکانی سروشت نەبڕی. هاودڵ وهاو زمانی خۆی دەگەڵ لادێ ناشارێتەوەو بەهارە ڕەنگین و نەخشینەکەی لاوی, ئاوا بەهەڵبەست نیشان دەدا:

**چ خۆشە کاڕو کووڕی مەڕ، چ خۆشە پڕمەکەی کەحلان**

**چ خۆشە فیتە فیتی شوان.چ خۆشە ئۆحەکەی گاوان**

**چ خۆشە خرمەکەی خڕخاڵ وبازن و ژێرچەنەی کابان**

**چ خۆشە نەغمەکەی بلوێر،چ خۆشە لاوك وحەیران**

**چ خۆشە دەنگی بالۆرە،چ خۆشە هۆ وەرەی جوتـــیار**

وێرای ئەوینی سروشتی ولاتە جوانەکەی، تێدەکۆشێ پەرە بە زانست و بیروڕای گشتی بدا. هانیان بدا بۆ فێربوونی عیلم و زانست و بردنە پێشی کاروانی وەدواکەوتووی نەتەوەکەمان و گەیشتن بەگەلانی پێشکەوتووی جیهان. دوا ڕۆژێکی ڕووناکیان بۆ دێنێتە بەرچاو و هاواری پەرەدان بەعیلم و سەنعەت بەرز دەکاتەوەو لەیادگاری شیرین دا چ جوان تانووت لەکیژو کوڕی کۆمەڵ دەداو دەڵێ:

**کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کردو ئەتۆش**

**هەردەزانی ناوی ئەستێوڵك دەرخۆنە وینە**

**فێری زانست وهونەربوو ئەو لەسایەی خوێندنی**

**تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرینە**

ئازارو ڕەنجی ژیان، دەربەدەری وئاوارەیی، تێکشکان و دڵشکاوی و برینداربوونی هەستی، نەیانتوانیوە لە ڕێگای ئەم شاعیرەدا ببنە کۆسپ و تەگەرەو ساتێ دەستی لەهەوڵ و تێکۆشان هەڵنەگرتوە هەر هەنگاوێگ کە هەڵد ێنێ شوێنەوارێکی بەنرخ و تەژی لەبیری قووڵ لە خۆی بەجێ دێڵێ و هەردەم بۆی لواوە، لەئازادی دواوەو بەگژ کۆیلەتی ودیلی داچووەو ڕق و قینی خۆی بەرانبەر بەو نەخۆشینە گەورە کۆمەلایەتییە دەربڕیوە. لە بابردەڵەدا دەگەڵ بولبول دەدوێ و دەڵێ:

**چ خۆشە عیشق وسەرمەستی ،چ خـۆشە**

**چ خۆشە ژین بەسەربەستی ، چ خـۆشە**

**چ تاڵە کـــۆیڵەتی و دیڵی، چ تـــــــــــاڵە**

**بـــەکەم بیٚ ژینی واپڕ ئاهو ونــــــــــاڵە**

لەسەردەمی جووڵانەوەی گەلانی ئێران و پێکهێاتنی ئاڵ وگۆڕ لـە حکوومـەتی ئێرانـداو دەسـەلاتداری دوکتـور موسـەددیق لـە ساڵەکانی ٣١ و٣٢ ی هـەتاوی، دەگـەڵ بزووتنـەوەی جووتیاران و ڕەنجبەرانی کورد بەتایبەت لەناوچەی موکریان، لەلادیٚ و شارێك دەکەویٚو ئەوینی خۆی سەبارەت بەسـەرکەوتنی جوتیـاران و تێکشکانی دەسـەلاتی دەرەبەگایـەتی ناشارێتەوەو بەشانو باهۆی دەستو پەنجە قەڵشیوەکان، شانازی دەکاو دەڵیٚ:

**لاگری سوڵحە تەواوی ڕەنجبەری وشیاری کورد**

**چاوەنۆڕی دەرفەتێکە خەڵکی لادیٚ و شاری کـورد**

**ڕۆژ بەڕۆژ قـایمترە،مـەحکەمترە، بـڕوایەکـــەی**

**دەم بەدەم چاکتر دەبیٚ، باشتردەبیٚ، ئاکاری کورد**

**بیٚ وچان دەڕواتە پێش و ڕێگە دەبڕیٚ بۆهەدەف**

**زۆرلە سالآن ڕوونترە ئەوساڵەکە ئەفکاری کورد**

وێرای نواندنی هەستی ئاشتی خوازی لەنێو نەتەوەکەیدا وەك هەموو مرۆڤی دنیا پێـی وایـە خـاوەن مافـەو دەگـەڵ بـاقی گـەلانی دنیـا جیاوازییـەکی نییـە و ئـەو ژیانـەی کـە بەزمانی ڕەوای نەگەیبیٚ و تێکەڵ بەئازادی نەبووبیٚ بەنـەبوونی دەزانـی پێـی وایـە ئـەو جـۆرە ژیانـە نـەبوونی لـەبوونی باشـترە، هـەر بۆیـەش لـەو ڕێگـەدا هـانی خـەڵك دەداو بۆگەیشتن بەئارمانج لەدڵی خەڵکدا، هیوا دەچێنیٚ.

**هـــــــەمە هیوا بـــەدوا ڕۆژێکی ڕوونـــــاك**

**بــــەشی ئیـــــنسانی بـــیٚ هیوا نـــەمانـە**

**لـــــەبەر تـــۆ چارەنووسی شووم و بــــەدفـەر**

**ئـــــەوەی قـــەت لێی نەدەم تەپڵی ئـەمانە**

هەڵبەت دیارە ئێستا لەوە ناچیٚ هیچ شاعیرێك هەموولایەنەکانی شیعری بەڕێوەبردبیٚو توانیبێتی خۆی لەڕەخنـەو هێرشـی ڕەخنـەگران بپـارێزی، هێمنـیش لـەو قاعیـدە جـودا ناکرێتەوە، ئەگەرچی بەبڕوای من هێمن باوکی شیعرە، بەلاّم باوکیش جاروبار لەئـەرکی

بارهێنانی مناڵەکانی تووشی ڕەخنە وپلار دەبێ، ئەویش هۆی هەرەگەورەی ئەوەیە: کە شاعیری ئێمە بەهۆی وەدواکەوتوویی گەلەکەیەوە هەست دەکا دەبێ هەمووشتێك لەزەوینەوە تا پەڕ پەڕۆچکەی ئاسمان بەزمانی شیعر بەگەلەکەی ڕابگەیەنێ کە تاڕادەیەکی زۆر لەو هەنگاوانەدا سەرکەوتووبووە.

هێمن سەرەڕای دەربڕینی هەستی ئەویندارى سەبارەت بەگەلەکەی، تێدەکۆشی هەرچی لەتوانای دایە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی و کۆکردنەوەی بەیت و باوەکان ئەوپەڕی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. زمانی کوردی وەك زمانێکی تەواو بەخەڵکی بناسێنێ کە بۆ ئەو ئەرکە گەورانە بەشێکی دیکە لەژیانی خۆی تەرخان دەکا. کە توحفەی موزەفەریە بەڵگەی هەرە گەورەیەتی و لەپاشان تێکۆشانێك بۆ پێکهێنانی گۆڤاری ئەدەبی ـ فەرهەنگی ـ سروە، کە هەرگیز لەو ڕێگەی پڕ تەنگ وچەڵەمەیە ئەژنۆی نەنوشتانەوەو جێگای خۆی وەك قارەمانێك لەنێو وردو دروشتی خەڵکدا کردەوە. تەنانەت کاتێ پیری کەلەلای دەکا، وەك پیرە هەڵۆیان بۆبەدەم باوەدانی پەڕوباڵی دەیهەوێ لە چیای سەرکەش لەشەقەی باڵ بدا.

**سروە هات، خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن**

**باخەوانی گەرەکە تازە جوان، مـن چبکەم**

**کنگره بزرگداشت فرزانگان کرد،جلد ۱۳۷۷/۲/ , انتشارات صلاح الدین ایوبی.**

# هێمن، شاعیرێك لەمەیدانی سووتـان وهەرمان دا

**یونس رەزایـــــی**

ڕەسووڵ حەمزەتۆف دەڵێ: (من رەسووڵی گەلەکەمم) یانی ڕیسالەتێکی قـوڕس بـۆ خـۆی دیاری دەکاو پێی وایە دەبێ بۆ گەلەکەی ئەو ڕیسالەتە هەرچـەندە بـارێکی گـرانیش بـێ وەئەسـتۆبگرێ. مەبەستیشـی ئەوەیـە توانیـوێتی ژیـانو ژانـەکانی گەلەکـەی بگەیەنێتـە گوێی خەڵکی دنیاو هەواڵی ڕزگاری و خۆشی بەدیاری پێشکەش بەوڵاتەکەی بکا.

هێمن وەها شاعیرێ بووە گڕێکی پیرۆز بوو، کە تا دواهەناسـەی ژیـان هـەر بـۆ گەلەکـەی سەمای کردو ماندوو نـەبوو زۆر کەندولەنـدو گـەوەی هاتـە سـەر ڕێ. زۆر سـاردوگەرمی ڕۆژگاری چێشت، بەڵام هیچیان نەبوونە هۆی ئەوە هێمن لەڕێ لابداو بـاوەڕە پتەوەکـەی بێ رەنگ بکا.

ئیلیزابت درۆ دەڵێ: (شیعر ئاڵوگۆڕیکە، ژیان و زمانی تێدا تێکەڵ دەبێ) هێمنیش ژیانو زبانی تێکەڵ کردبوو. شیعرەکانی وێنەیەکی گەشو زیندوون لە ژیانی خۆی بەتایبـەتو گەلەکەی بەگشتی. چون ئەو تێکەڵ گەلەکەیەتی و بەتەنیا ڕووبارێکی سەرلێشێواوە کـە سەرچاوەکەی ون کردووە.

(تاریك و ڕوون) یەکەم بەرهەمی شیعری هێمنە. ئەو کۆمەڵە شیعرە بەرهـەمی ٣٢ سـاڵ کوێرەوەریو شەونخوونی مامۆستایە. هێمن لـەتاریك و ڕوون دا، دەسـت پێـدەکا، هـەوەڵ تەقالایەکی زۆر دەداو لەئاکامدا ڕێگاش دەدۆزێتەوە جا بۆیـە دەتـوانم بڵێم شـیعرەکانی هـێمن لـەتاریك و ڕوونـدا یـەك دەس نـین، بـەرزو نـەوییان تیدایـەو ئـەوەش شـتێکی ئاساییە. چۆن ئێمە لەسەرەتاوە هێمنێکی لاو دەناسین کە یەکەم ئەزموونەکانی شـیعری خۆی خستۆتە ڕوو. لەژێر کارتێکردنی توندی باوەڕی خۆی دایەو بـۆ شـتێکی دیـاریکراو شیعر دەنوسێ. هێندێ لە شیعرەکانی ئەوسەردەمەی هێمن تا ڕادەی شـوعار دێنـەخوارو کەم ڕەنگ تر دیاری دەکەن و لەجەوهـەری شـیعری بـێ بـەرین. ئەڵبـەت ئـەوەش سـەیر نییـە. نیـازی سـەردەمێکی تایبەتییـە هێمنـی تێـدا ژیـاوە، ئـەو دەمـەی بـێ بـەزەیی و سەرەڕۆییو تەوژم و کوشتاری ڕژێمـی پاشایەتی گـەیبووە ئەوپـەڕی خـۆی ئـەویش بـەو شیعرانە ڕۆحی شۆڕشو ڕابوونی لەخەڵکدا هـان دەدا. بەچاوپۆشـی لەهـەمووی ئەوانـە، دیسـان دەتـوانین تاریـك و ڕوون وەك بەرهـەمێکی باشـی شـیعری لەقەڵـەم بـدەین.چـون

شیعرەکانی لەمەدارێکی تەنگی بێ دەرەتان دا ناخولێنەوە.

هێمن لە تاریك و ڕوون دا. ئەڵبەت زۆر کەم بەشێوەی سەردەمی (بازگشت) قسەدەکا. ئەو وشانە بەکاردێنێ و ئەو بابەتانە لەشیعردا دەگونجێنێ کە زۆر پێشتر شاعیرانی شێوازی خۆراسانی و عێراقی کوتوویانە، وەك:

**دیدەکەی بە خوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا،**

**بۆیە مەیلی وابەکێشەو فیتنەو خوێن ڕشتنە**

لێرەدا کە ڕستەکان کۆنن (دیدەی بەخومار) (تورك).(بەدمەستی) ... هێمن زوو ئەو سنوورەی بەجێهێشتو گەیشتە هەرێمێکی نوێ هەستی بەوە دەکرد کە دەبێ ئاڵ و گۆڕێکی قووڵ پێك بێ و شیعر بەرەو نوێ بوونەوە بکێشرێ. هەڵبەت مەبەست لەکوردستانی ئێران دایە، بۆیە شێوەی گۆڕی و بەرێگایەکی نوێدا ڕۆیشت.

هێمن هەم لەباری زمانەوە، هەم لەباری شێوەی گوتن و دارشتنی شیعرەوە. ڕێگای لەگەڵ شاعیرانی پێش لە خۆی جیاوازە، ئەو زمانەی پێش ئەو پێی دەنووسرا، جگە لەچەند شاعیرێکی قامك ژمێر، تێکەلاوێك بوو لە فارسی و عەرەبی هێندێکیش کوردی؟....ئەوەتا خۆ (ئەدەب) زۆر لە هێمن دوورنییە ،دەڵێ:

**نامی خودا لەدو و نەرگسی غەممازی ئەو شەوت**

**لەم ڕایحەی دووتوڕڕەیی تەنبازی ئەم شەوت**

مامۆستا هێمن میراتگری مەکتەبی (سەیفولقوزات) بوو. هەروەك خۆی دەڵێ (سەیف) زۆرپێش لەئەو ڕچەیەکی نوێی کردەوەو زمانەکەی لە وشەی بێگانە پاك کردەوە. ئەویش بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت بەزمانێکی سادەو ساکارو کوردییەکی پەتی دەینووسی. دەوڵەمەندبوو. پەرەی پێداو وشەی ڕەسەنی زاراوەکانی دیکەشی دەکارکردو بەو شێوەیە زمانی یەکگرتووی کوردی پێکهێنا. ئەڵبەت شوێنی گرینگی زمان، لەپەخشانەکانی مامۆستادا گەشترە.

دوای ئەوە هێمن، بناغەی غەزەلی نوێی کوردی پتەو دەکا. بەشێوەیەك، غەزەل ڕەنگی کلاسیکی پێوە نەبێ و تۆزی کۆنی لێ نەنیشتبێ. غەزەلەکانی یەکدەستن، نە ئەو کۆنەیەی شێوەی خۆراسانی تێدایەو نە گرێ پووچکەی سەبکی هێندێ. بەو پەڕی سادەییەوە پڕماناو ئەوڕۆیین وەك:

ئەگەرچی شەو درەنگە، ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر

کەوا دیسان سەری هەڵدا، لە ناخمدا خەمێکی تر

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان، ببینم سەردەمێکی تر

نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ

دەنا هێشتا لەکوردستان دەژین زین ومەمێکی تر..

هێمن لەشیعردا شێوازێکی تایبەت بەخۆی بوو. وەك دەزانین، بۆ یەکەمجارلەئەدەبیاتی فارسیدا (سەنایی غەزنەوی) و(خواجەی کرمانی) شێوازی (عارفانە عاشقانە) یان داڕشتووە.(حافڤ) یش کە درێژەدەری ڕێگەی ئەوان بووە بەتێکەڵ کردنی عیشق و عیرفان شێوازی تایبەت بەخۆی پێك دێنێ.لەکوردیش دا هێمن کارێکی وای کرد.پێش هێمن،هەم شێعری سیاسیمان بوو،هەم عاشقانە. بەلام مامۆستا هێمن.ئەو دوودیاردەیە پێکەوە موتوربەکرد وشێوەی تازەی خۆی خولقاند.لەزۆربەی شیعرەکانی دا پێشەکییەکی غەنایی‌و لیریك دەست پێدەکاو وردە وردە، شیعرەکە ڕەنگی سیاسی دەگرێتە خۆی.ئەو شێوەیە لە دیاردە ڕوونەکانی ناسینی شێوازی هێمنە.

تۆ کوتت من عاشقی سەودا سەرو دینم دەوێ

من کوتم بۆ وەی بەئاواتت بگەی دینم دەوێ

هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لەدیدارت بکەم

تابزانێ کوانێ بۆجوانێ دڵ ودینم دەوێ

لەکۆتاییدا جڵەوی شیعرەکەی بەرەو لایەنی سیاسی دەکێشێ و دەڵێ:

بۆدەبێ زێندین لەزیندانم بکا چونکە کوتم

ئەز مەمم، خەستەی مەمم، کوشتەی ئەمم، زینم دەوێ

نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من دەنا

خوێنی شیرینم دەوێ کــــــوا تەرمی خوێنینم دەوێ

هێمن لەتاریك و ڕووندا، خاو بوو. بەهەوڵ و تەقالا، لەو جەغزە هاتەدەرو پوختە بووو لە(ناڵەی جودایی)دا گەیشتە پلەی سووتان. گەیشتە ئەوپەڕی جم وجۆڵ و هەژان. هێمن لەناڵەی جودایی دا، سیمایەکی ئەدەبی گەشتر پەیدا دەکا. بەتەواوی مانا شاعیرەو شیعرەکانی بەرزو یەك دەستن. تەواوی ژانەکانی دەوروبەری، ئازارەکانی ڕابردووی و

ئێستای و داهاتووی وڕووژاندوویانەو لە دڵیدا چینە دەکەن. ئەویش پێوەندییەکی پتەو لەنێوان شیعرو زمان و ژیان دا پێکدێنێ. ناڵەی جودایی زایەڵەی ژیانی مرۆڤێکی ڕەنجەرۆ. ئاوارە، چەوساوە، زوڵملێکراو، بەشخوراو، بەلاّم خۆڕاگرە. هێمن لەناڵەی جودایی دا لە(تەمسیلی) نەی کەلك وەردەگرێ و باسی وەسڵو گەیشتنەوە بەئەسڵ دەکا. دەردی دووری وەهای تەنگەژە کردووە کە هاوار دەکا، هاوار بۆ گەیشتن بەسەرچاوە، هاوار بۆ ڕزگاریو یەکسانی ومرۆڤایەتی.

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە

شیوەنێکم پێیە نەی، نەی کردووە

شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە

بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە

گەر دەناڵێنم ئەمن پەککەوتە نیم

تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم

ڕێگە دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە

ڕاستە بێ هێزم دەکەم ئەمما ملە

دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیروهۆش

گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش

هێمن لەناڵەی جودایی وەشوێن شیعری ناب کەوتووە. درێژەدادڕی ناکاو بەم حاڵەشەوە تا ئەوەی دەیهەوێ نەیڵێ دەست هەڵناگرێ. لەناڵەی جودایی دا شاعیرێك لە مەیدانی سووتانو هەرمان دا ڕاوەستاوەو لەگەڵ گەلەکەی دەدوێ.

فـرزانگا کـرد،جلد ۱۳۷۷،۲ یونس.

# ژینینامەی مامۆستا هێمن

**ع. سامرەند**

ساڵی ١٣٠٠ی. هـ.بەرانبەر بە ١٩٢١ ی.ز. لەگوندی لاچین سەر بەشاری سابلاغ لەشەوی جەژنی بەرات خودا شاعیرێکی بەنەتەوەی کورد بەرات کرد کە بوو بەیەکێ لە ئەستێرەگەشەکانی وێژەو ئەدەبی گەلەکەمان.

ڕەنگە چۆنییەتی هەڵبژاردنی نازناوی ئەو کەڵە شاعیرە بۆ زۆر کەس جێی پرسیاربێ. هەروەکو دەزانین بە (هێمن) دەناسرا، لەوبارەوە دەمەوێ ئاماژە بە گاڵتەوگەپێ بکەم کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو کامران موکری لەیەکێ لە کۆڕەکانی سولەیمانی کردوویەتی و پێی دەڵێ تۆ کەی هێمن بووی؟ تۆی هەمیشە یاخی، تۆی ئاوارەو کوڵ بەکوڵ، تۆی وەکو شەپۆل هەڵچوو، چۆن پێت دەڵێن (هێمن)؟ وتی لێم گەڕێ ئەو نازناوە زۆری پێ گەیاندووم، ئەگەر ئەوە نەبوایە چلۆن لەو ناوە دوورو درێژەی(محەممەد ئەمینی شێخە لئیسلامی موکری)ڕزگار دەبووم؟

لەبارەی چۆنیەتی خوێندنی مامۆستا پێویستە بگۆترێ بەپێی یاسای ئەو سەردەمە دەرواتە خانەقاو دەبێتە یەکێ لەفەقێکانی مامۆستا فەوزی. هەرئەوفێری کرد وڵاتەکەی خۆش بوێ و پێیدا هەڵبڵێ. هەروەها (سەید دەرویش عەبدوڵلاّ) ش کاری لەسەر هەستو ڕۆحی کردووە، تا دڵی لە لێدان کەوت بۆگوڵ وگوڵزاری ئەم خاکەی خوێند، چۆن هۆنەرێکی ئەویندارى گەلەکەی بوو، تەوژمی زۆرداری گڕی هەستی بلێسەدارتر دەکرد لەمەیدانی شەڕانخێوی سەدەی بیستەمدا کە دەیدیت بەندیخانەکان لەڕۆڵەی دەست بەکەڵەبچەی کورد جمەیان دێ، هەستی خاوێنی وەجەم وجوول دەکەوت، بەفرمێسکی گەشی کچەکوردی براکوژراو خوێنی دڵی دایکان و باوکانی دڵ هەڵقرچاو سۆمای چاوبڕاو دەهارووژا، بۆ بووژاندنەوەی گوڵی گەشی ئازادی هەوڵی بێوچانی دەدا، ئەودەم کە تەختو بەختی کوردبێ خێوو بوو وجێگەی درنج ودێو بوو، بێ دەرەتان و بژیو نە لەتانك وتۆپ دەپرینگاوەو نە بەگوللەی نەیار ڕادەچڵەکی، لەکاتی تەنگانەدا خەباتی خوێناوی دەکرد. دێوەزمەی ناپاکی ڕۆژی ڕوونیان لێکرد بەئەنگوستەچاوی و تارمایی، یادی ڕۆژانی بن سیلەو پەسیوی لاوەتی دەکرد، بۆ ئەوەی پیرانە نەمرێ بیری ڕابردووی بەدڵدا دەهات. شاعیرێکی جوان پەرست بوو، بەفرمێسکی ڕنووی کوێستانی

کورد پەروەردە ببوو. پەیامی بۆکیژی کورد ئەوە بوو. ئێوە کە نیوەی نەتەوەن ئەگەر هەستانتان هەبێ و وەستانتان نەبێ، سەربەرزو ڕووسوورن. ئەو هاوسەرو دەستەملانی ژان و کوێرەوەری بوو، لەدوو ڕەنگی بێزاربوو و((بەدڵو داڵدا هەدادانی نەبێ، نێزەی ستەم و زۆرداری سینگی مەتاڵی ئەنجنیبوو سکاڵای لەوە بوو کە؛ خەڵکی لە قۆناخی گەیشتن بەمانگو ڕۆژن من تاکەی دەسبەسەرو ڕەنجەڕۆبم؟ خەم و پەژارەی پەڕیوەیی ئۆقرەی لێ بڕیبوو. ڕووی لەدەشتو چیا دەکردو (شنەی شەوبای هەڵدەمژی)).

شیعری مامۆستا ئاوێنەی باڵانوێن بوو بۆ تێکۆشان و خەباتی نەتەوایەتی، دەهاتە ناوجەرگەی خەبات (بەرەو ئاسۆی ڕوون تا ترۆپکی ڕزگاربوون) هەورازو نشێوی زۆری دی وەك بەردی خارا، ماوەیەکی زۆر دەربەدەربوو، لەساڵانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی میرایەتی نیگریسی پەهلەوی شیعرەکانی بەبەرزترین ڕادەی هونەری گەیشتن. ئەوجوانی بەتەواوی گیانی هەست پێ دەکرد کە هەوێنێ بوو بۆ بەرزبوونی پلەی شیعرو شاعیری . وشە لەئاسەواری مامۆستا وەك (ئاونگی پەڵکی گوڵ) ناسكو بێ گەردبوو، شیعری بۆ چەوساوان بەکاردەبرد، (لەشیعر دەگەڕا تا خۆی قالب بۆخۆی ببینێتەوە. بۆ هەستی خۆی شیعری وتووەو منەتی لەسەر کەس دانەناوە).

لەپەخشانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە کە بە خوێندنەوەی (توحفەی موزەفەریە) و پاشەڕۆك ئەو مەبەستەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەزمانی فارسی شارەزابوو وچەند کتێبێکی لەفارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وەك (خرمگس، شاهزادەو گەدا و کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی) کە بەهومێدی خودا لەپاشە ڕۆژدا لەچاپ دەدرێن.

لەتەواوی شیعرەکانیدا ئەزموونی خۆی بە باشی دەربڕیوە لە (تاریك و ڕوون) دا زۆربەی شیعرەکانی عەروزینو لەڕێبازی شیعری کلاسیك بێ بەهرە نەبووە، لەقالبی مەسنەویشدا ناڵەی جودایی، بەجوانترین شێوەی شیعری هۆنیوەتەوە، جارجارەش لەکێشی بڕگەیی و فۆلکلۆریدا وەك شیعرەکانی: (ڕۆژگاری ڕەش، بەهاری کوردستان، ئارەق و تین، لەبیرم مەکە) کەڵکی وەرگرتووە.

لەشیعری کۆمەلایەتیشدا حاجی قادری کۆیی هاندەری بووە. شیعرەکانی مامۆستا گۆرانی زۆر پێ بەرز بووەو بەپێشوازی شیعرەکانیشیەوە ڕۆیشتووەو بە شیعر شینگێڕی بۆ گێڕاوە، خوالێخۆشبوو (سیف - القچات) ی بەمامۆستای شاعیرانی موکریان زانیوەو کاك سوارەی ئیلخانی زادەی بەناوی شاعیرێکی ڕێبازی نوێ ناوبردووە، لەشیعری

کۆنیشدا ڕێبازی شیعری ڕیئالیستی ڕەخنەگرانەو ناتۆرالیستی هەڵبژاردووە، لەتەواوی بوارەکانی شیعریدا بەبەرزترین وێنە خۆی نواندووە.

ناتەبایی وکوێرەوەری گەلەکەی هاندەرێکی باش بوون بۆ هەنگاونان بەرەو ڕێگای بەرزی بەدەریا گەیشتن، لەتەلان ولەندو هەڵدێر تێ پەڕی تا سەرەنجام لەساڵی ٦٣ دا چاپەمەنی سەلاحەدینی ئەیووبی بەیارمەتی کۆڕێ لەئەدیب و ئەدەب دۆست و دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەبی کورد لەورمێ دامەزراندو بووکی ئاواتی سروەی لەئامێز گرت کە یەکەمین ژمارەی لەبەهاری ساڵی ٦٤ دابلاۆبووەوە و ئێستاش قوتابییەکانی بەپێی توانا ڕێبازی ئەو درێژە پێ دەدەن و سروە دەکەن بەمەکۆی لاوان و پیرانی ئەدەبدۆست، چۆن وەك دەزانین مامۆستا هاندەرێکی دڵسۆز بووو بەباوەشێکی ئاواڵەوە لە هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێشوازی دەکردو بۆ بەرزبوونەوەی پلەی خوێندەواری تێدەکۆشا بەداخەوە پیری زوو بەپیریەوە هات وەك خۆی دەڵێ:

**تێ پەڕێ هێندە بەناخۆشی ئەگەر عومری درێژ**

**خۆزگە سەد خۆزگە بەوانەی کەمو ئاسوودە دەژین**

سەرەڕای ئەوەش بۆگەشە و نەشە پێدانی کۆڕپە ساواکەی هەدادانی نەبووتا بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لە٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ھ دا دڵی پڕسۆزی لە لێدان کەوت و تەرمی پیرۆزی بەبەشداری کۆڕێکی زۆر لە ئەدیب و ئەدەبدۆستان ولایەنگرانی لەگۆڕستانی بۆداغ سوڵتانی سابلاغدا بەخاك سپێردرا. خودا ڕۆحی شادکا.

**کنگره بزرگداشت فرزانگان کرد، جلد /٢/١٣٧٧.**

## چەند فەرازێ لەوتاری محموود شکاك نیژاد

زمانی هێمن زمانی کوردی پەتی و ڕەوانە، هەم ئەدیب و نووسەری کورد پێی خۆشەو هەم نەخوێندەواری تێی دەگا. کاتێ سەیری شیعرەکانی (بلوێری شوان) و (بەهاری کوردستان) دەکەی، دەبینی کە نەك هەر فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردین و پڕ لەتەشبیهاتی جوانو بەکەڵکن، بەڵکو دەردەکەێ کە مامۆستا چەندە دڵتەڕو ناسك خەیاڵ بووە و وشە لەدەستیدا وەك مێو نەرم بووە, ڤینی لەوشەو ڕستەی ناڕەسەن، ڕەقو زەق وداتاشراوبوو، دەفەرمووێ:

(ئەودەمیش بڕوام وابوو، ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەبێ زەحمەتکێشانی کورد بەزمانی خۆیان بدوێن و دەبێ ڕووناکبیرانی کورد بەزمانی ساکارترین ئینسانی کورد بابەتی سیاسی وکۆمەلایەتی بنووسن و کۆمەلانی گەلەکەیان ڕێنوێنی بکەن).

هێمن شاعیری گەلە. بۆگەل ژیاو هەتا دوا هەناسە دەستی لەتێکۆشان و خۆشەویستی گەل هەلگرت بەجۆرێ کە شعرەکانی وەك ئاوێنەیەکی بالاْ نوێن نیشاندەری قۆناخەکانی ژیانی ئەو خەڵکەن. لەو ڕێبازەشدا هەرکاتێ گەلەکەی بزەی دەهاتە سەر لێوان، ئەویش دەگەشایەوە. دەبووژایەوەو هەرکاتێ گەلەکەی دەکەوتە نێو گێژەڵووکەی ڕووداوە تاڵەکانی ژیان شیعرەکانی ئەویش پڕ دەبوون لە فرمێسكو خوێن.

مامۆستا هێمن هەر لەهۆندنەوەی شیعردا چازان نەبوو، بەڵکو کاتێ نووکی قەڵەمی لەسەر کاغەز دادەنا وشەو ڕستەکانی گەوهەریان لێدەباری. مامۆستا پارچە پەخشانی وای هەیە کە هەستی گشت نووسەرو خوێنەران دەبزوێنێ و لەگەڵ خۆی دەیانباتە دنیایەی خەیاڵو ڕاستییەکان وا ئاوێتەبوون کە کەم کەس لێکیان دەکاتەوە.

مامۆستای نەمرمان لەکاتێکدا بەنێو هونەرو مۆسیقای جازو هۆڕەی ترۆمپێت و زیقەی ساکسیفۆنی ڕۆژئاوا خەریك بوو وەك جاڵجاڵۆکە دەوری مێشکی لاوان و گەنجانی کورد بتەنێ، بەبلاْوکردنەوەی کتێبی(توحفەی موزەفەریە) دەنگی سێ تەپڵ و خرمەناڵی ئەسپ و هەی هەی سوارچاکانی کوردی گەیاندە بەرزایی خەڵك وجارێکی دیکە بەژیلەمۆی ئاگری دامرکاوی پێشینان ئاگرێکی هەڵکرد کە هێشتاش تینی دەداتە لەشی ساردی هونەری کوردی.

**کنگره بزرگداشت فرزانگان کرد، جلد ٢/ ص ٨٩٨.**

# ژیان و هێمن

**سەلاحەددینی ئاشتی**

هـێمن لـە ڕۆژگارێکـا لـەدایك دەبـێ کـە ڕەزاخـانی چـەکمە ڕەقـی کەللەویشـك جڵـەوی حکوومـەتی پێیـە و شـەپ شـەپێن بـەکاژەڵاکی مرۆڤـی زانـاو ڕووناکبیردەکـا. بێوچـان خەریکی تالاْن و بڕۆ و کوشتو کوشتارە. ئاسمانی بەسەر نێزەوە ڕاگرتووەو زەوی لەژێر پێیـدا دەلـەرزێ. لاسـای ئاتـاتورکی ڕەگەزپەرسـت دەکاتـەوە. دەسـتووری گـۆڕینی جـلو بەرگی نەتەوایەتی ئێران، بەتایبەت کورد بلاْو دەکاتەوە. ئەمنییە چەتەکانی بەهەزاران پێچوکلاْو و شەدەو دەسرەو دەسماڵ و هـەوریو پشـتێن تیتـۆل دەکـەن.چارۆکە لەشـانی ژنــان دەکەنــەوەو نێفــەکی مرۆیــان دەبــڕن. ئەوەنــدەی لەدەســتیان دێــت ســووکایەتی بەخەڵك دەکەنو دوولینگەو شەپکەو تەپلەی بێ کڕیار دەنێرنە بازاڕ.

هێمن لـەم کـەشو هەوایـەدا گـەورە دەبـێ. بەشـخوراوی وکوێلـەتی ئینسـان وەکـو خـوێن لەمێشكو دەمارو ئێسكو پێستی دەگـەڕێ و دەبێتـە سـەربەندی ژیـانی. خـەمی لەگـەڵ ئۆگری دەبێ و بەتوو تووش لێی زویرو نەبان نابێ. جا ئەو فکرە پیرۆزەیەکە لەبیرگـەی دا گەرای شیعر دادەنێ و دەگووڕێ و بەنووکی قەڵەمی دالووزەو دەبەستی:

**شـــادی جارێکی بەمیوانی نەهاتۆتە دڵـــم**
**ڕەنگە خەڵوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ**
**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بکەم**
**کێ لەڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ**

لـەو هەلـەدا هێمنـی لاو لـە مـەهاباد وێـرای زەبیحـی، قزلجی، هـەژار وچـەند دۆسـتێکی دیکەی لەبواری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەست دەکا بەتێکۆشـان. زۆرچـالاْکانە بۆ بردنەسەری پلەی زانستی و ڕووناکبیری خۆی و گەلْ, هەوڵ دەداو وچان نادا.

تەپو مژی مەندو قورسو گران دەڕەوێ. لەماوەی سێ چوارساڵاندا، گەواڵە هەوری سپی نەزۆك ڕەنگ دەگۆڕن، شۆڕابە بەردەدەنـەوە لێیـان دەبـارێ. بارانەیـەکی بـە ڕەحمـەت و پیـت و بەرەکـەت. دێـم و بـەراوو داروبـەردو هەرچـی بوونـەوەرە پـاراو و تێـراو دەبـنو دەبوژێنەوە.

خەڵك شایی لە دڵدا دەگەڕێ، بەرهەمی بیرو مێشك و شان و باهۆ، سەر لەخاك دەردەكا. دەبێتە لێوەو ڕەپستە گوڵ دەكاو دان دەگرێ. فەریكە دەبێ، زەرد هەڵدەگەڕێ و دەگا و دەدروێتەوە. دەكرێتە باقەو گیشە و دەكێشرێتەوە سەرجێخوون. گێرەو شەن دەكرێ، مالۆسك دەردەچن، لابا دەگیرێن‌و خرمان سوور دەبێ؟

بەڵام هەیهات؟ گەردەلوولی زەمان وەك شەوی ڕەش بەسەر دەستیان دادێ و ناهێڵێ بگاتە باڵەكەو و پێوان. ڕێگا نادا تێڕوجەواڵ ئاوس بن، ئاش ژاوەی بێ لە ئاشێرو ئاشەوان بەئاوان‌و مزە دڵخۆش بن. لێناگەڕێ زمهەڕی زستان داخرێ. كەندوو مشتاو مشت بن لەئاردو كابان هەر ترینگەی بێ. ئاور پێوەنێ و تەندوورو سێڵ سووركاتەوە. هەویر بشێلێ‌و دەستاوی داتەوە. ئەنگوتك لەسەر پنەو وەبەر وەردێنەو تیرۆك بداو بە ڕفێدە بیتەپێنێ. بەئەستێوڵك نانی گەلاّ گەلاّ لێ كاتەوەو دەرخواردی بنەماڵەی بدا تێرو تەسەلیان كا؟

مێژوویەو هەڵسوكەوت، ژیانەو تەنك وچەڵەمە، لەم گۆرانكارییەدا، هێمنی تازە زاوا وەك زۆران تووشی خۆشاردنەوە دەبێ و بۆ ماوەیەك بەدووره پەرێزی دەژی. پەڕێوەی هەندەران دەبێ، كەچی هەڵناكاو دێتەوە. سەربەر دەداتەوەو خۆی دەداتە كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و دێتەوە سەرحولله مەرەسێ....

ماوەیەك بەمجۆرە رادەبرێ. بەڵام ئاخۆ هێمنێكی سووتاو بەعیشقی نیشتیمانەوە ئەم شێوە ژیانە تەسەل و ڕازی دەكاو ئۆخژن و ئۆخەی دەخاتە دڵ و دەروون؟

باشە چۆن دەكرا پشت بكاتە ئەو هەستە پاكە مەعنەوییەو گڵی وەسەركاو بۆ ئەبەد مەیلی بنی؟؟

نا، نەیكردو گوێ ڕایەڵی تێشكان نەبوو. خەمی كوێلەو چەوساوانی خواردو نیوەشەوان فرمێسكی گەش‌و ئالی بۆ هەڵوەراندن. قەڵەمەكەی دانەناو شانۆی هونەری بەجێهێشت و وەك مەزرەق چەقی، بەڵام هێمن تەواو هەست بەتەنیایی دەكا، تەنیای تەنیا! بێكەس‌و دەرو هاودەم و خەم ڕەوێنە:

**خۆشەویستی گۆشەكەی تەنیایی هەر ئەژنۆكەمە**

**بۆیە ڕۆژو شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم**

**نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەكەی من پێكەنێ**

**تادەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسكی گەشم**

ڕۆژ ژمێری تەمەن ئاوەژوو دەبنەوە. شاعیر دووساڵێکە پێی ناوەتە دەیەی سیی ژیانی. دیسانەوە هەڵ دەڕەخسێ و شای ترسنۆك هەڵدێ و میللەت لێی لە چەپڵەدەدا. مووسەدیقی ئازاو ئازادیخواز دێتە سەرکار. هێمن وێرای گەل شایی و هەڵپەرکێ دەکاو لە چوارچرای مەهاباد شیعری شۆڕشگێڕانە دەخوێنێتەوە.

بەڵام هەرە زۆر زوو هێزی ڕەش و ئەهریمەنی بەکودەتایەك زاڵ دەبێتەوەو هێمنیش قاچاخ........

دوای چەند مانگێك خۆی ئەمین دەکاتەوەو بەکاری ئاساییەوە خەریك دەبێ. لەو چاخی ڕا دەکەوێتە ژێر چاوەدێری پۆلیس و هەتا ساڵی ١٣٣٨ کە تووشی نەخۆشی ڕۆحی دەبێ. هەڵکەوتێکی بەرچاو لەژیانیدا ڕوو نادا خۆی دەنووسێ:

(ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدییە زۆر جاران تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام. نامەوێ ئەو تاوانە باوێژمە سەر ئەستۆی کەس، بەلام ئەوەندە دەلێم، ناتەبایی‌و ناکۆکی ناو خێزان و بنەماڵەی خۆمان زۆر کاری کردە سەرمن. هەڵەی وامکردن کە نەدەبوو بەهیچ نرخێك بیانکەم و بەسەر پەلی واداکەوتم کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم). دوای دوو ساڵان، یانی لەدەیەی چلا بەم لاوە ئیدی هێمن دەست لەڕێ و شوێنی ڕووناکبیری هەڵناگرێ و ڕاژەی وێژەو فەرهەنگ و ئەدەب دەکا. ئەو کەسێك نییە وا بەسانایی دەس بەرداربێ. کۆشك‌و تەلارو دیوەخانی گەورەو ڕەنگاو ڕەنگ، تامەزرۆیی ناشکێنن و نایحەسێنەوە:

**مـــــەڵیکی فێری دارستان ولێڕ بـــێ**
**قـــەفەز پیری دەکا باشووی لەزێڕبـــێ**
**تـــــەلارو سەرسەرا وکۆشك چ دێنـێ**
**کــە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنـــێ،؟؟**

بۆ چما ئەدیبێکی ڕیئالیستی وەك هێمن دەتوانێ چاوپۆشی لەڕاستی ڕووداوەکانی ژیان بکا خۆی بکاتە خەو؟ ئەو بۆیە هونەرمەندەو وشەی جوان و لێك‌و لووس، بە ڕاوێژ خۆش‌و پەتی و ڕەسەنی تیف تیفە داون‌و جەللەو بێنێ کردوون، هەتا خزمەتی ئاشتی‌و ئازادی و بەرابەری نەتەوایەتییان پێ بکا. دەزانی چی دەوێ و دەڵێ چی؟؟ شارەزایە و لەمەیدان دا قاڵ بووە....

حاوانـەوەی لەگـەڵ ڕژێمـی دیکتـاتۆری شـا پـێ نـاکرێ. لـەو ئەنگوسـتە چـاوەدا خـۆدەبێ یەکێك ڕابێ و لەنتەری بدێرێو ڕێ ڕووناك کا!!

هێمن قۆڵ هەڵدەکا و ئەم کـارە وەئەسـتۆ دەگـرێ. ڕوو وەردەگێـڕێ لـەمێرگ وچـیمەن و دەشتی کاکی بەکاکی ژیان. ملّ دەنێتە چیپای چڕو سەخت و گـەردن کـەش، بـەردەڵان و ڕەوەزی هەزار بەهـەزارو دەوەنـاوی. لەغـەریببیان بنـەگر دەبـێ... زۆر پێنـاچی لەسـایەی شـیعرو پەخشـانی تـەڕو پـاراو، نێـو دەردەکـا و دەبێتـە ئەنـدامی کـوڕو کۆمەڵـە ئەدەبییەکان. خۆشەویست دەبێ و ڕێزی لێ دەگیرێ....

پەسـا پەسـا بـیری ڕەگـاژۆ دەکـاو داری هیـوای چـرۆی تـازەو وەچـەی نـوێ دەردەکـا. بەسالاچووو دونیا دیدەیە، لەکلّ هاتۆتە دەرو جێی متمانەیە....

دەتوانم بڵێم هێمن باوەڕپێکراوو تێکەڵاوترین شاعیرو نووسەری ئێمەیە لەگـەڵ ئـەدەبی فۆلکلۆر. یانی یەکەم کەسە وا بەوردی سەرنج دەداتە ئەو خەزێنە بێ بنـەو بـەوریایی و ڕاشکاوی دەستی تێوە دەباو دەکاری دەکا. نـزیکترین زمـانی ئـەدەبی لـەزمانی خـەڵك کـە سـاکارو پـڕ مانـاو خۆشەویسـتو دڵگـرە دەدۆزێتـەوەو دەرگـای لێ دەخاتـە سەرپشـت. کەلتوور و کەلەپوور سەنگـو شـووژن دەدا، ئـەو بـارەو بـارو تـاووتوێی دەکـا، هـەتا شـۆخ وشـەنگ و لـەبارترین وشـەو ڕسـتە بدۆزێتـەوە بیکاتـە دیـاری بـۆ خۆشەویسـتەکەی، بـۆ ئادەمیزاد!!

لاپـەڕی ڕۆژنامـەو گۆڤـاران بەپەخشانی ڕەوانو شـیعری دڵگـری دەنەخشـێن. (تاریـك و ڕوون)و (ناڵـەی جـودایی) و (هـەواری خـاڵی) دەچـنە ژێـر چـاپ وبـڵاو دەبنـەوە. بەتالاّییەکی بەرچاو لـەدیواری فەرهـەنگو تـۆڕەی ئێمـە پڕدەبێتـەوە. دایکـی نیشـتیمان لەبینینی ئەم ڕۆڵەیە سەرفیرازەو بەخۆ دەنازێ.

دەوران هەروا دەسووڕێ. شـاعیری چەوسـاوە لـەو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەداکە شـوینیزم و ڕەگەزپەرسـتی و ناسـیۆنالیزمی حکوومـەتی بـاوەو بـرەوی هەیـە، هەڵکشـاوەو گەیوەتـە لووتکەو شانی لەشانی گەورەترین شاعیرانی ئازاو ئازادی جیهان داوە. لـەم هەرێمـە کـەم کەس گەیوەتە ئەو قەناعەتە کە بڵێ:

ئـــارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی

چـــۆن گەلی داماو و دیل و مات و غەمگینم دەوێ؟

**نـامەویٚ خویٚن برِژیٚ یا بۆنی کەلاکی کۆن بکەم**

**رِەنگی میٚلاقە وگولاڵەو بۆنی نەسرینم دەویٚ**

ماموٚستا بیٚ ئەوەی منەت لەسەر خەڵك بکا ژیـانی بـەخت دەکا. ئـەو ویسـتوویەتی وەك ئینسـان چـاوی لیٚ بکـریٚ و حاشـای لیٚ نـەکریٚ! دەنـا دەیتـوانی ژیـانیٚکی سـاکارو ئاسـایی هەبیٚو پالٚ داتەوە. لەوبارەیەوە دەنووسیٚ:

(ئینسانم. ژیانم پیٚخۆشـە. پیٚمخۆشـە لەشاری ئـاوەدان، لەشـەقامی پـاكو خـاویٚن لەگـەلٚ خۆشەویستان بگەرِیٚم. پیٚمخۆشە لەژووری گەرم وگۆرِ لەسەر نویٚنی نەرم وەرکەوم....

دەمـەویٚ سـەماو هەلٚپـەرِینی نـازداران تەماشـا بکـەم. دەمـەویٚ جـوانترین بالـە ببیـنم، بۆچاکترین ئـۆپیرا گـۆی رِابگـرم. دەمـەویٚ بـەرزترین سـەمفۆنیم بـۆ لیٚ بـدریٚ. نامـەویٚ دەربەدەرو سـەرگەردان بم، بەتـەنیٚ بـەکیٚوو شـاخان دابگـەریٚم، لەئەشـکەوتو زەنـدۆلان بخزیٚم، لەسەربەردی رِەق بنووم. قۆنـداغی رِەق و ساردی تفـەنگ بکەمـە سـەرین. نـانی وشكو کەرِواوی بخۆم. ئاوی سویٚرو گـەرم بخۆمـەوە، پیٚمخـۆش نییـە لاقەفرتـەو چـەنگە کـرِەی نیـوە گیانــان ببیــنم ، خــویٚن و فرمیٚسـکم وەبەرچـاو بکـەویٚ. پیٚمخـۆش نییـە بەتەقەی تفەنگو گرمەی تۆپ و هارِەی تەیارە رِابچەنم...). ماموٚسـتا، تیٚگەیشـتووە کـە ماکـەی هـەموو شـەرِو خراپـە و چەوسـانەوەیەك ئـەمپریالیزمی دژ بـە مرۆڤایـەتی و نۆکەرانیانن، بۆیە دەفەرمویٚ:

**سەرمایەی وان لەگەرِدابیٚ**

**با زۆر دەرك بەقورِگیریٚ!**

**دۆلار لەبرِەو نەکەویٚ**

**با کۆڵەوار بیٚ داپیریٚ!**

***

**دەبا خویٚن بیٚ و سەران بەریٚ**

**چەرخی کارگەیان بگەرِیٚ**

**پیٚدەکەنن، پیٚدەکەنن**

**بەبڵیٚسەی ئاگری شەرِیٚ!**

ماموٚستا بەسەربەرزییەوە دەگەرِیٚتەوەو پیٚشوازی شایانی لیٚ دەکریٚ. خـەڵك وەلاٚمـی ئـەو هـەموو چەرمەسـەریو دەردو ئـازارەی دەداتـەوە. گـاو گـەردوونی بـۆ دەکـەنو هـەزاران

کوڕی بەنێو دەکرێ، کە بەبڕوای خۆی گەورەترین پاداش و ئەمەك ناسی گەلە بەرامبەر بە خەمخۆرێك!. ئەدەبدۆستان و قەڵەم بەدەستان دەورەی دەدەن لە ئەزموونەکانی بەهرە وەردەگرن. زۆر کەس لەژێر سێبەری دا پێدەگەن، بەلاّم مامۆستا، پیرو وەڕزو بێتاقەت. پێویستی بەحەسانەوەو لاواندنەوە هەیە. دڵ ناسکەو زوودەڕەنجێ. بەهەڵکەوتێکی تاڵ و ناخۆشی سیاسی ڕایەڵ و پۆی دەشێوێ و خانەنشین دەبێ...

ماوەیەکی کورت بێدەنگ دەبێ و کز دادەنیشێ، ئەمما بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەدەوری دادێن و دڵی دەدەنەوە. هەڵی بۆ دەڕەخسێنن ومەیدانی دەدەنێ. دیسانەوە، هێمنەو ئەدەبیات، هێمنەو نەوەستان. بانگاوازدەکا. هێندێك کەس بەدەنگێوە دەچن و لێی کۆدەبنەوە. مەکۆیەکی گەرموگوڕ سازدەکا. ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی دادەمەزرێنێ گۆڤاری بەنرخی سروەو دەیان کتێبی بەرزی ئەدەبی چاپ و بلاّو دەکاتەوە.

مامۆستا بەم ئاکارە شۆڕشێکی ئارام و پیرۆزی ئەدەبی ــ فەرهەنگی لە شانۆی ژیانی کوردەواری دا ڕێبەرایەتی دەکا. بەهەزاران کەس فێری کوردی نوسین و خوێندنەوە دەکا. بەسەدان شاعیرو نووسەری بووژەڵە پێ دەگەیەنێ و هێندێك لەئاواتەکانی دێنەدی....

بەلاّم داخی جەرگم، مەرگ مەودای نەداو ئاخرو ئۆخری خاکەلێوە ساڵی ١٣٦٥ لەشاری ورمێ، دوای نیزیك بەنیو سەدە خەبات لەڕێگای ڕۆشنبیری و بەختەوەری ئینساندا ڕۆحی بەرزی تەسلیمی خودای (بێ چوون) دەکا. تەرمی پیرۆزی دێننەوە شاری مەهابادو لە(گردی شاعیران) دەینێژن...

زەمان ئاهەنگو هەوای چەمەری دەچڕێ و جلکی خەم دەپۆشێ. فریشتەی ئازادی و پەری ئاشتی تەمیان لەسەر دەنیشێ. لە پێ دەپەڕن وگردەنیشین دەبن.

دۆستو ئاوەڵو قوتابییەکانی خۆڵی خەفەت وەسەردەکەن، شینی هەزار دەستانی بۆ دەگێڕن و بەهەناسەی سارد پشکۆی کەسەر دەگەشێننەوە. یادی پیرۆزو ڕۆحی شادو خودا لێی خۆش بێ.

**فرزانگای کرد، جلد ٢, ١٣٧٧ انشارات صلاح الدين ايوبی.**

# پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

**جوان بۆکانی**

لەژمارەی پێشووی (پەیام) دا، باسی ئەو پێشینەو زەمینانەم کرد، کە شیعری نوێی ڕۆژهەلاتی کوردستانی تێدا خولقا.لە باسەکەدا، شیعری نوێم بەدرێژەی نوێخوازییەکانی (قوتابخانەی موکریان) داناو شاعیرانی قوتابخانەکەم بەسەر دوو جیلی یەکەم و دووەمدا دابەشکرد. لەمەسەلەی جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو جیلەشدا، چوومە سۆراخی ئەو بێهواییەی کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و بە تایبەت دوای کۆدیتای شا(١٩٥٣) ڕۆح و گیانی داگرت و وتم نەك هەر شاعیرانی جیلی دووەمی قوتابخانەی موکریان ملی ڕەزایان بۆ چارەنووسی ڕەشی دوای کۆدیتای ٥٣ دانەواند، بەڵکو مەزن شاعیرانی وەك هێمن و حەقیقیش لەهەندێ برگەی ژیانیاندا تەسلیمی ئەو چارەنووسە بوون و بەبالای شاو ڕژێمەکەیاندا هەلگوت.

دوای بلاوبوونەوەی بابەتەکە، دۆست و برادەری خوێنەری پەیام لێیان پرسیم نیازم لەو قسەیە چ بووە؟ وا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەسەلەکە. دووبەلگەنامە واتە شیعرێك و نامەیەکی مامۆستا هێمن دەخەمە پێش چاوی خوێنەران. هیوادارم خوێنەرانی بەڕێز لەهەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی - هونەریی کوردستاندا لە جیاتی هەست و خەیاڵ و خۆشویستنی ساکار، پشت بەڕاستەقینەی ڕووداوەکان ببەستن و هونەرمەندی کورد لەدنیای خەیالاتدا نەکەن بە "سوپەرمەن" کورد، دوای ئەو هەموو نوشوست و تێکشکانە، پێویستی بە هەڵسانگاندنی وردی دیاردەکانە، نەك پێچانەوەو شاردنەوەی ڕاستییەکان. بەکورتی، ئێمە پێویستە (یەکلابین) نەبین و هەردوولایەنی ئیجابی و سەلبی یەك دیاردەی دیاریکراو، پێکەوە سەیربکەین.

**هێمن، شیعرێك و نامەیەك**

وا هەژدە ساڵ بەسەر شۆڕشی١٩٧٩- ٨٠ی ئێران و ڕووخانی ڕژیمی حەمە ڕەزا شای پەهلەویدا تێدەپەڕێ. ٢٧ ساڵ پێش شۆڕش! لە٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ دا، شای هەلاتوو، بە یارمەتی دەزگا جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا، لە ئەوروپاوە گەڕایەوە سەرحوکم و لەڕێگەی (حکوومەتی نیزامی) تەیمووری بەختیارو ساواك و پۆلیس و جەندرمەو (چد اطلاعات)و (روکنی دووی ئەرتەش)ەوە ڕێکخراوە سیاسییەکان، شۆڕشگێڕان و تەنانەت

خەڵکی ئاسایی ئێرانی خستە بە تەوژمی کوشتن و بڕین و گرتن، کارێك کە تا کۆتایی حکومەتە نەگریسەکەی، بەردەوام مایەوەو بۆ ڕۆژێکیش ڕانەوەستا.

ناحەزانی ڕژێم، ڕۆشنبیران، زەحمەتکێشان چالاکانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەدوای کۆدیتا، تووشی زەخت و زۆری پۆلیس هاتن و گیران و کوژران، یاخود خۆیان شاردەوەو بازرەی وڵاتان بوون. ژمارەی ئەو ڕۆشنبیرانەش کە قوژبنی ماڵیان هەڵبژاردو ئەژنۆی تەنیاییان گرتە باوەش کەم نەبوو، تەنانەت ڕێژەی ئەوانەی کە سەریان بۆ ئەهریمەنی ساواك دانواندو پشتیان کردە ڕابوردووی خۆیان و خواستی گەل، سەرنجڕاکێش بوو.

ئەم بارودۆخە گشتییەی ئێران، ئاشکرایە کوردستان و ئازربایجانیشی گرتەوە، کە حەوت ساڵ پێش کۆدەتای ١٩٥٣، کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی تێدا بنیات نرابوو و بەهۆی خەیانەتی (دۆستە بێگانە) کەوە هەرەسی هێنابوو. ژمارەیەکی زۆری چالاکانی سیاسی کوردستان لەزیندانی (قزل قلعە)و (دیژبان)قایم کرابوون، بەشێکیان ژیانی نهێنییان هەڵبژاردبوو و لەگوندە دوورکەوتەکان و لەباشووری کوردستان دەژیان. هەندێکیش ملی ڕەزایان بۆ چارەنووسی نەخوازراو دانەواندبوو. لەهەڵومەرجێکی نالەباری ئەوتۆدا دەبێ حاڵی شاعیری میللی کورد چ بووبێت؟

هێمن، کۆشکی هیوای" واتە کۆمارە ساواکەی کوردستان" ڕووخاوە، هاندەرو پشتیوان و خۆشەویستی" واتە پێشەوا" لەسێدارەی زاڵمان دراوە، نزیکترین دۆست و هاوڕێی" واتە هەژار" گیانی دەربردووەو بەنهێنی لەپەڕی سنووردا، دژ دانیشتووە، خەڵك لەهەژاری و کوێرەوەری و ناهومێدیدا دەژین. هەموو پێگەو بنکەیەکی شۆڕش بە زەبری هێرشی ڕژێم داخراوە، دوژمن و دەزگا جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا هەموو هەوڵی خۆیان تەرخانی ئەوەکردووە، خەباتکاران ورە بەردەن و هیوایان بەکاری ڕێکخراوەیی و خەباتی سیاسی دژ بەڕژێم نەمێنێت.

لەو کێشو هەوایەدا ، هێمن لەگوندی شێلاناوێی بیست ماڵی، دانیشتووە. بێ عەمەل و بێ ئەمەل. ئەژنۆی خەمی لەباوەش گرتووەو هەموو ڕۆژێك چاوەنواڕی جەندرمەیە، کە خۆ بەماڵیدا بکات و بەدەستبەستراوی بیخاتە قوژبنی ژوورێکی قەرەباڵغی (قزل قەلعە)وە.

ئایا لەبارودۆخێکی ئەوتۆدا، شیعر دەکوترێت؟ بەڵێ دەکوترێت، بەلاّم لەچ مەقوولەیەك؟ بۆ ماوەی چەند ساڵ هێمن لەوخەڵکەی ژێر ئالاّی کۆماری کوردستان

دابڕابوو،کە گوێیان لە شیعری (شاعیری میللی) دەگرت و لەجیاتییان ، دەوروبەری بە(ڕاوچی) و(دامەچی) گیرابوو و شیعرێکیش کە بۆ ئەو دەوروبەرە بگوترێت دەبێ (ڕاوەبەراز) بێت: تفەنگی ڕاوێ ئەستێنراوە یەکسەر, بەقەولی کاك هەژار بێ ڕاوە (ڕاوکەر)، دوورکەوتنەوەی شاعیرێکی بەرپرس لە زەریای بەرینی کۆمەلانی خەلك، وشکایی بەکانیاوی زولاڵی هونەری دێنێ و پێش هەموو کەس و هەموو شت، لەگەڵ ڕۆح و بیری خۆیدا ناتەبای دەکات. ئەوەش داستانی هێمنە لەنێوان سالآنی ١٩٥٣ و١٩٦٨ دا. من بەوقسانەم، نە دەمەوێ ڕەخنە لە هەلۆیستی ئەوسالآنەی هێمن بگرم و نە هەولی پینەکردنی هەلەکانی دەدەم. هێمن وەك (حافزی)ی شیعری کوردی، بۆ هەمیشە لە دلی مندا دەمێنێتەوەو وەك هاودەمێکی وەفادار لەخەلوەی تەنیاییمدا حازر دەبێت و کاری من وەك قوتابییەکی مێژوو، دۆزینەوەو دیراسەکردنی بەلگەنامەی کۆنە و تەنیا لەم ڕوانگەیەوە سەیری شیعرو نامەیەکی هێمن دەکەم، کە پەیوەندییان بەژیانی ئەو سالآنە هەیەو لەدیوان و کۆمەلەی نووسراوەکانیدا، بلاو نەکراونەتەوە. هۆی بلاو نەبوونەوەشیان دەبێ لەڕوانینی بەراوەژووی ڕووناکبیرانی کورددا بدۆزرێتەوە، کە هونەرمەندی بەرپرس وەك (سوپەرمەن) سەیر دەکەن و وزەی ئینسانی و توانای شانی لەبەرچاو ناگرن.

**بەلگەکان بریتین لە:**

١ - شیعرێك بەناوی (بەهاری بێ خەزان) کە بەبۆنەی لەدایکبوونی ڕەزا پەهلەوی، کوڕە گەورەی حەمە ڕەزا شاوە،گوتراوەو لەژمارەی ٩٣, ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٣٩ی هەتاوی (١٥ـ٢ ـ ١٩٦١) ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاراندا بلآوکراوەتەوە.

٢- نامەیەك کە هێمن بۆ بەڕێوەبەرانی هەمان ڕۆژنامەی نوسیووەو لەژمارە ١٧٢, ١٤ی خەرمانانی ١٣٤١ی هەتاوی (٥ـ ٩ـ ١٩٦١)ی ڕۆژنامەکەدا بلآوبۆتەوەو پاشماوەکەی چۆتە ژمارەی دواتر. ناوەڕۆکی شیعرەکە، ڕوونە: شاعیر پێخۆشی خۆی بەنیسبەت لەدایکبوونی وەلیعەهدی شاوە نیشاندەدات و ئاواتی بەردەوامبوونی (سەلتەنەت) و شاهەنشاهی مەزن دەخوازێت:

بـــحمد الله بەکوێری چـــاوی دوژمن

وەلیعەهدی لـــەباوەش گـــرت، شاژن

**ئیلاهی! سەڵتەنەت هەربەردەوام بێ**

**شـــاهەنشاهی مـــەزن هەر شادکام بێ**

**کـاکڵی نامەکـەش، بێهیـوایی، بێـورەیی و دوورکەوتنـەوەی شـاعیرە لـە شـیعر وشـاعیری، (بەداخەوە ئێستاش پێی لێدەنێم کە بوومەتە پیاوێکی عادی و شاعیر نـیم. نـە دەتـوانم پێبکەنم و نەدەتوانم فرمێسك هەڵوەرێنم ...).**

**ئێستا پرسیارێك دێتە گۆڕێ: هێمن ئـەم شـیعرەی بۆچـی وتـووە؟ لـەپێناو چیدا ئـاواتی شادکامیی (شاهەنشاهی مەزن)ی خواستووە؟ ئایا شیعرەکە لـەناخی دەروونییـەوە سـەری هەڵـداوە؟ وەك بیرو‌بـاوەری، ئایـا هـێمن بـاوەڕی بـەڕژێمی شـاو بـەردەوامیی حـوکمی پەهلەوی هێناوە؟ ئایا هەوڵی ساواك لـەپێناو ورەبـەردان و بـێ هیـواکردنی ڕۆشـنبیرانی کورد، وەك لەزۆر نموونەی دیکەشدا بینرا (عـەتری گلۆلانی، حـەقیقی، وەفا، ئەفخـەمی و....) هیوای دوارۆژی لەدڵی هێمنیشدا هەڵکەندووە؟ ئایا ترسی هێمن لەدەستبەسەری و ئەشکەنجەی ساواك، گرژییەکەی جارانی تێدا خاو کردۆتەوە؟**

**من وەڵامی پڕ بەپێستم بە هیچ کام لەو پرسیارانە نییە. نە هـێمن خـۆی و نەکەسـێکی تـریش ئـەم گرێیـەیان نەکردۆتـەوە، دۆسـت و هـاوبیری ئـەو سـەردەمەی هێمنـیش کـە بیرەوەریـی خۆیـان نووسـیووە (کـەریمی حیسامی، غـەنی بلووریـان)، نەچـوونەتە سـەرو سۆراغی مەسەلەکە. بەگشتی کوردی موکریان لەبەر خۆشەویستی هێمن نایەنەوێ باسی ئەو قۆناخەی ژیانی بکەن. بۆچوونی ئەوتۆ، ئاشکرایە سەرچاوە لەهەستەوە وەردەگرێت نـەك مـەنتیق.تـۆ بـەهیچ مـەنتیقێك نـاتوانی سـەردەمێکی ١٥ سـاڵەی نێـوان ١٩٥٣ و١٩٦٨ لـەژیانی شـاعیرێك هـەلاوێری تـەنیا بـەناوی ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا شـیعرێکی بـۆ جاشـەکەرێك وتـووە. لـەدیوانی هـەموو شـاعیرێکی (سیاسـی) ی کـورد وەك گـۆران و هەژاریشدا، کەم نیین ئەو شیعرانەی بەلایەنگری یا دژایەتیی کەسانێك وتراون و شـاعیر درەنگتر لێیان پەشیمان بۆتەوە. ئەوە ژیانی سیاسی کوردو ئەو بارودۆخەیـە کـە کوردی تێدا دەژی، هیچیشی لەگەڵ ناکرێت.**

**مامۆسـتا هـەژار لەباسـی هـەر ئـەو هەڵوێستگۆڕینانەدا دەنووسـێ: لـەماوەی ئـەو بیسـت ساڵەدا کە ناوئاخنی ئەم دیوانەی تێدا نووسراوە (بۆ کوردسـتان)، زۆر شـتی پێچـەوانە و دژی یـەکترمان دیـوە. دیـارە نووسـەریش یەکێکـە لەگەلەکـەی خـۆی بیـەوێ و نەیـەوێ، ناچارە بەسەرهاتی گەلی خۆی تۆمار بکا، جا من ڕەنگە لـەو ماوەیـەدا، جاروبـارە تۆزێـك**

تـامی زارم گـۆڕا بـێ، بـەڵام ئەگـەر بـەوردی سـەرنج بـدرێ دەرئەکـەوێ کـە نیـازی دڵـم هەرگیز نەگۆڕاوە.(هـەژار، بۆکوردسـتان: سـەرەتا ل١٦ و ١٧) بـەبڕوای منـیش، هـێمن لـەو ساڵانەدا، تەنیا تامی زاری گۆڕاوە (شاعیری میللی ژێـر ئـاڵای کوردسـتان) هـەرگیز نیـازی دڵـی نـەگۆڕاوە. هـێمن شـیعرەکەی لـەژێر تـرس ودڵـە تـەپێی ساواکدا وتـووە.چالاکانی سیاسی ئەو سەردەمەی ئێرانیش دەزانن ترسێکی ئەوتۆ، چەندە جیددی بـوو. نامـەی ١٨ مانگ دواتری هێمن بـۆ ڕۆژنامـەی کوردسـتانیش کاردانـەوەی خـەم و کەسـەری شـاعیرە، کەدوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە سەری هەڵداو کۆمەڵانی خەڵك و ڕووناکبیرانی موکریانی لەهێمن ڕاستکردەوە،واتە نامەکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکە شیعرەکە بۆی خوڵقاند.

دوای هەموو ئەوانەش، نامەکە لەو پەڕی دڵسۆزی و خەمخۆریی گەلی کورددا نووسـراوە: بیرنـەکەنەوە کە ئەمن لـە خزمـەتکردنی زمـان و ئەدەبیاتەکـەم دڵسارد بوومـەوە. هـەتا ڕەگێکی تەڕم مابێ.هەرچی لەدەستم بێ کۆتایی ناکەم.

بەبڕوای من، تەنانەت بەشێك لەنامەکە چاپ نەکراوە و کەوتۆتە بەرمقەسـتی سانسۆر. با سەیرێکی ئـەم ڕسـتەیە بکـەین:...( هـەتا ڕەگێکـی تـەڕم مـابێ، هەرچـی لەدەسـم بـێ، کۆتایی ناکەم) هێمن چۆن ڕسـتەی وا ناتـەواو دەنوسـێ؟ پەخشـانی هـێمن لەشـیعرەکانی ڕازاوە ترن. هەرچی لەدەسم بێ کۆتایی ناکەم، دڵنیام هـێمن عیبـارەتێکی لــەناوەراستی ڕسـتــەکە و دوای وشەی (هەرچی) دا نووسـیوە. بـۆنموونە: (خزمەت کردنی گەلی کـورد) باشتێکی لەوچەشنە، کە نیشاندەری وەفاداریی بە گەلەکەیەتی بەڵام چاپ نەکراوە.

**کورتی کەمەوە:**

هـێمن بـە شـیعری (بـەهاری بـێ خـەزان) (١٩٦١)، هـەوڵی دا قـەڵغانێك بـۆ داکـۆکیکردن لەخۆی دژ بەساواك دروست بکات، بەڵام بەنووسینی نامەکە (١٩٦٢)، بێزاریـی خـۆی لـەو قەڵغانی خۆکردە نیشانداو بەگەڕانەوە بۆناو (کەس وخزم وخـۆیی) (١٩٦٨) بەتـەواوەتی شکاندی و فڕێیدا، لەڕاستیدا فڕێدانی قەڵغانەکە، ناڕەزایی خەڵك وکۆمەڵانی ڕوونـاکبیر، بەتایبەت دۆستی لەمێژینەی، واتە مامۆستا هەژار، یارمەتییەکی باشیاندا.

هەژار بەشێك لە (بەرەو موکریان) واتە یەکێك لەسەرکەوتووترین شیعرەکانی خۆی تەرخانی سەر کۆنەکردنی هێمن دەکات بۆ ئەوەی هانی بدات بەرەو دوا بگەڕێتەوەو بێتەوە ناو (خزم وخۆیی):

**ئەوە چیت کردوە بێ من هێمن!**

**تیرو تانەت فرە لێمن، پێمن**

**بولبولی کورد وەکو قەل دەنوێنێ**

**بێزی بێ بۆ کۆری شا بخوێنێ**

**باڵی بشکێ پال‌و پۆی هەڵ بوەرێ!**

**مەل بکا زەمزەمە بۆ جاشەکەرێ...**

**ئێستەکەش، نەچوە بچێ، چوو ڕۆیی**

**وەرەوە ناو کەس و خزم وخۆیی... (هەژار بەرەو موکریان )**

**ئاشکرایە دڵی هەستیاری هێمن بەرگەی تیروتانەی (دۆست) ناگرێت وەك چۆن بەرگەی زەختی ساواکیشی نەگرت. شیعری ئەو سەردەمەشی هەموو نیشانده‌ری پەستی و بێوازیی‌و بێورەییە. دوو ژمارە دوای ئەو ژمارەیەی کە نامەکەی تیا چاپکراوە، ڕۆژنامەی کوردستان شیعرێکی دیکەی هێمن بلاّو دەکاتەوە. ئاشکرایە ئەم شیعرەش لەو سەردەمەدا گوتراوەو تەنانەت لەکۆتایی نامەکەشدا، دیاردە بەچەند شیعری (کۆن وتازە) دەکات کە بۆی ناردوون. با سەیرێکی ئەم شیعرە بکەین کە لەژێر سەردێری (ئارەزووی فڕین) دا لەژمارە (١٧٥)، ٤ی ڕەزبەر ١٣٤١ (١٩٦٢)ی ڕۆژنامەی کورستاندا بلاّوکراتەوە:**

**ژین بەدڵتەنگی ودژیی، بێ کەڵکە**

**بۆیە بە جارێ لەژینم تێرم**

**گوزەران بۆمن لەناو ئەو خەڵکە**

**ناخۆشە، سەختە، چۆنی ڕابوێرم؟**

**خێوی بیرێکی بەرزو ڕووناکم**

**کەچی لەلایان پەستم ونەوی**

**ئەمن کەدەڵێی ئاونگی پاکم**

**نازانم بۆچی هاتمەسەر زەوی؟**

**شیعرو نامەکە، بمانەوێ و نەمانەوێ، بەشێك لەمێژووی ژیانی هێمن پێکدێنن. بێدەنگبوون و بەژێر لچەوەکردنی مەسەلەکە، هیچ شتێك بەنیسبەت هێمنەوە ناگۆڕن، ئەوە بارودۆخی ژیانی کوردەو هونەرمەندیش وەك کۆمەلاّنی دیکەی خەڵك، لەماوەی**

ژیانیدا بەسەر دەیان (مـین) ی کۆمەلآیەتیـدا تێپـەڕ دەبێـت، کـەوا هەیـە یـەکیان لـەژێر پێیـدا بتەڤیتـەوە. بـەهیوای ئـەوەی کـوردیش، وەك گـەلانی دیکـەی ئـەم جیهانـە، تـەنها ڕەنگـی ڕەش‌و سـپی نـەبینێت و دیراسـەی ڕاسـتەڤینەی ژیـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەڤینە بکات. ئەوە ئێوە و ئەوەش شیعرو نامەی هێمن.

**بەهاری بێ خەزان**

**بەبۆنەی لەدایکبوونی وەلیـــــعـــــەهدی خۆشەویست:**

**لەسایەی لوتفی بێ حەددی خوداوەند**

**لەهەر لاێیکی پەیدا بوو زەماوەند**

**لەهەر لاێیکی جێژن و هەڵپەرینە**

**هەرایە، بەزمە، کەیفە، پێکەنینە**

**شوکر ئەمسالێ خەزانی مە بەهارە**

**گەلی ئێران بەکەیف و بەختیارە**

**گەلی ئێمە گەیشت ئەمڕۆ بەئاوات**

**گوڵێ پشکووت و بەویەك گولێ، بەهار هات**

**بەڵێ ئەو کوڕپە تاقانە عەزیزە**

**دەدا موژدەی بەهارێ وەك گەزیزە**

**بەهاری پڕ لەخۆشی وشادمانی**

**بەهاری بەختیاری و کامرانی**

**بەهاری مەجد و پێشکەوت وسەعادەت**

**بەهاری بێ خەزانی موڵك ومیللەت**

**(بحمدالله) بەکوێری چاوی دوژمن**

**وەلیعەهدی لەباوەش گرت ،شاژن**

**(فەرەح) هێنای فەرەح بۆ گەل بەسەوقات**

**فریشتێك بوو،کەبۆ شادیی دلآن هات**

**خودا،ڕۆڵەی بەشاهەنشا رەوادی**

**خەڵك وێکرا هەموو بوون غەرقی شادی**

**لەئافاتی خەزان دووربێ ئیلاهی**

**گوڵی گوڵزار و باغی پادشاهی**

**ئیلاهی!سەڵتەنەت هەر بەردەوام بێ**

**شەهەنشاهی مەزن هەر شاد کام بێ**

**سید محمد امین شیخ الاسلامی ـ هێمن**

**نامەی هێمن**

**برا بەرێزەکانم، نووسەرانی گەورەی ڕۆژنامەی خۆشەویستی (کوردستان)!**

**لەپاش سلاوی گەرم و سوپاسی زۆر، چەند ڕۆژ لەوەی پێش چوومە شاری مەهاباد لە ئاواڵێکی کۆن و لەمێژ، دۆستێکی نزیك و بەئەمەکم بیست کە ئێوە لە نەگەیشتنی دیاریو نامەی من پەشێو ودلگیر بوون. بەڕاستی زۆر سپاستان دەکەم و هەتا دەژیم مەمنونتانم، چونکە لەم کوردستانە دوورو درێژەدا، بەلکە لەو دونیاپان و بەرینەدا، هەر ئێوەن جاروبارە یادم دەکەن و فەرامۆشتان نەکردووم. لەوەی کە ساڵی ئەوساڵ هیچ دیارییەکم بۆ ئێوە نەناردووە، بەڕاستی شەرمەزارم، بەلام بیر نەکەنەوە کە ئەمن لەخزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتەکەم دلسارد بوومەوە. هەتا ڕەگێکی تەڕم مابێ، هەرچی لە دەسم بێ کۆتایی ناکەم، ئەمما داخەکەم سەرچاوەی تەبعم ویشك بووە، تصدیق دەفەرموون شاعیر ئینسانێکی عادی نییە، نازانم شێت و نەزانە، یاژیرو وریایە هەرچی هەیە، وەك خەلکی دی ناتوانێ شوێنەواری بەکەلك لەپاش خۆی بەجێ بهێڵی. ئەمن جاران شاعیر بووم و هیچم وەك خەلکنەدەچوو. دیتنی دیمەنێکی جوانی تەبیعی ،لەنجە و لاری کیژێك هەلپەرین و ڕەشبەلەك، تەمەشای گوڵ و شینکە، تیشکەی مانگ، گزینگی هەتاو، گوێ لێ بوونی ئاهەنگی مۆسیقا، قاسپەی کەو، ورینگەی بولبول بۆمن ئیلهام بەخش بوون، وە هەروەها فرمێسکی ژنی زگ سووتاو، کرووزەی هەتیوی بێ باب، فیزی دەوڵەمەند، نالەی هەژار، هەستی منیان دەهێنایە جۆششەوە, بەکورتی لەهەموو شتی جوان و دزێوی ئەو جیهانە، موتەئەسیر دەبووم و ئەو تەئەسورەبوو، هانی ئەدام هەستی خۆم دەربڕم و شیعربلێم، بەلام بەداخەوە ئێستا پێی لێ دەنێم کە بوومەتە پیاوێکی عادی و شاعیرنییم. نەدەتوانم پێ بکەنم و نە دەتوانم فرمێسك هەلوەرێنم، بۆچی وام لێ هاتووە، نازانم؟ پیری، دەس تەنگی، لێقەومان وتاڵیی ژیان، ناهومێدی بوونە هۆی ئەوە یاشتێکی تر، بۆم لێك نادرێتەوە.**

خۆشەویستەکانم! ئینساف بدەن، کە کەسێکی مەجبوور بێ لەگوندێکی بچووکی ٢٠ماڵیدا، کە تاقە خوێندەوارێکی تیدا نەبێ، نە تەنیا هیچی تازە فێر نابێ، بەڵکە ئەوەی دەشیزانی فەرامۆشی دەکا.

ئەوە حاڵی منی هەژارە، بەو حاڵەشەوە هیوادارم لەدوا ڕۆژدا بتوانم زیاتر خزمەت بەزمانو ئەدەبیاتی کوردی بکەم، ئەوە لەگەڵ ئەو نامە،چەند پارچە هەڵبەستی کۆن و تازەی خۆمم بۆ ناردن.

ڕۆژنامەی کوردستان، حەوتوویەك دواتر، ئەم دێڕانەی خوارەوەی لەلاپەرە ٢دا چاپ کردووە:

لێمان ببورن کە لەنامەکەی مامۆستا هێمن کەلە ژمارەی پێشوودا لەچاپمان دا، ئەم چەند واتەی خوارەوەی داکەوتبوو:

(ڕۆژێك پۆلێك لەلاوە پێگەیشتووە خوێنەوارەکانی شارەکەمان دەوریان دابووم وەرەخنەیان لێ دەگرتم کە بۆچی هەڵبەستەی تازە دروست ناکەی؟ گوتم: براکانم! مەسئەلەی مەشهوورە: "هەرکەس گوێزان لە هەمانەی خۆی دەژمێری."ئێوە ئاگاتان لە حاڵی من نییە و نازانن لەچ مەحروومیەت وچارە ڕەشییەکدا دەژیم. دوای ئەوە ،پرسیم مەگەر ئێوە عەلاقەتان بەئاساری من هەیە؟ تێکڕا بەسەریاندا قیژاندم وگوتیان: جا چۆن وا دەفەرمووی مامۆستا؟ گوتم: ئەگەر ڕاست دەکەن هەریەك لەئێوە چەند کتێبم بە ئەمانەت بۆ بنێرن کە پاش خوێندنەوە بە ئەحمەقیشم بزانن بۆتانی دەنێرمەوە. بەڵکە موتالاٴ بتوانێ کەمێك لەناڕەحەتی وتەنیایی من کەم بکاتەوە.هەموویان گوتیان بەچاوان، بەلاٴم بەگیانی ئێوە هەر دووکتێبم پێگەیشتووە،)

دوابەدوای پاشماوەی نامەکە ،شیعری (سایەی غەم)ی هێمن چاپکراوە:

**نیمە ئاواڵێ لەگۆشەی بێکەسیدا، غەم نەبێ**

**چاکە غەم لێرەش وەفای هەرماوە،سایەی کەم نەبێ!..**

**مانگنامەی پەیام ژمارە (٦) لەندەن، ١٩٩٨.**

# یادێك لە دوازدەمین سالیادی کۆچی دوایی مام هێمن مەهابادی

**بێخاڵ ئەحمەد**

**ژیان و کەسێتی مام هێمن...**

مام هێمن یا هێمنی مەهابادی یان سەید محەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری، لەبەرەی مەلا جامی چۆڕی مەزنی ئیسلامییە، باوکی سەید محەمەد حەسەنی شێخەلئیسلامی موکری و دایکی کچی شێخ شەمسەدین بورهانی بەناوبانگ بووە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لەگوندی لاچینی مەهاباد لەدایکبووە.

سەرەتایی ژیانی مام هێمن وەك بۆ خۆی لە زۆر جێگادا باس دەکات بە سادەو پاکژی وەك منداڵێکی لادێ نشینی کوردەواری دەست پێدەکات، تەنها جیاوازییەك کە هەیبووە باوکی مام هێمن پیاوێکی ڕووناکبیرو دەوڵەمەندو بەناوبانگی ناوچەکەیان بووە، خانەخوێیەکی هەمیشەیی بووە بۆ میوانان و خەڵکی زانا. هەروەها دایکیشی وەك ژنێکی تێگەیشتوو دەناسرا ئەم کەشوبارە خێزانییە دۆخێکی گونجاوی بۆ مام هێمن دروستکردوە ڕێی خوێندنی حوجرەی بۆ ئاسان و والآکرد، سەرەتای ئەلف وبێ لەوێڕا لەسەردەستی مامۆستای بەرێز (سەعید ناکام) فێربوو ئینجا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی سەعادەتی مەهاباد.مام هێمن دەبێژێ زۆرم حەز بەخوێندن دەکرد لەوانەکانمدا زۆر زیرەك بووم هەرچی پێیان گوتبام زوو فێری دەبووم. دیارە بەعادەتی خوێندنی ئەو سەردەمە لە حوجرەدا دوای فێربوونی ڕەوانی وانە ئاینییەکان ئینجاسەرەتای وانە ئەدەبییەکان دەخوێندران،کەلەوێشدا ئەدەبیاتی کوردییان کەمتر تێدا بووجگە لەفارسی وعەرەبی، لە جێگەیەکی دیکەدا مام هێمن دەڵێ، لەدیوەخانێ و لەحوجرەو لە زۆر جێگایاندا گوێم لە شیعری کوردی دەبوو، بەلاَم تەقەی سەرم دەهات وهیچ گرنگیم پێ نەدەدان، ڕۆژێك لەڕۆژان بیرم لەوە نەدەکردەوە ببمە شاعیر، تا بەڕێکەوت توشی زانای ناوداری کورد مامۆستا (مەلا ئەحمەدی فەوزی) هاتم کە نازانم بۆ گەیبووە وڵاتی ئێمە, بەهۆی ئەو بلیمەتە دەرگایەکی گەورە بەڕوومدا کرایەوە، ئەو توانی هاوکێشەی ژیانم بگۆڕێ و تێکەڵ بە دنیایەکی نوێم بکاتەوە، مام هێمن دەڵێ، لەوڕا فێری شیعر خوێندنەوەو چیرۆك خوێندنەوەو ڕۆمان خوێندنەوە و زۆرشت بووم، لەڕێی ئەوەوە بوو کە ئاشنایەتیم لەگەڵ فەرهەنگی کوردیدا پەیداکردو چوومە نێو

گـولْزاری شـیعرەکانی نـالی ومـەحوی و کـوردی وسـالم و حـەریق و وەفـایی و لـەزەتم لەشیعرەکانی حاجی قادری کۆیی وەرگرت.

**ئەزموونی شیعری هێمن:**

شیعری مام هێمن زوو بە زوو چرۆی کردو شیعری هـێمن لـەتافی لاویـەتی دا دەمـی بـۆ ماچی ئاسمان کردەوە، ئەوە ماوە کـە بلّێین دەریـای شـیعری هـێمن لەچـەند لاوە سـەری گـرت، دیـارە ڕادەی زۆری زولّـم و سـتەمی داگیرکـەرانی کوردسـتان لەلایـەك و جـوانی سروشتو دیمەنە ڕازاوەکانی خاکی پـاکی کوردسـتان لەلایـەکی دی کاریگـەری قـوولّی بـۆ سـەردلّ وهـزرو مێشـکی شـاعیر هـەبووەو نەخشـی بـەجێی لـە چوارچـێوەی خـەیالاّتی شـاعیردا جێهێشـتووە. کـەوابو دەکـرێ بلّـێین، شـیعری مـام هـێمن ڕیـالیزمێکی شۆرشگێڕانەیە، چونکە ناوەرۆکی شیعرەکە بەگژداچوونەوەی ستەمی داگیرکەرانەو باس لـە ئـازارو مەینـەتی گـەلێکی ژێـر دەسـتە دەکـات و، ڕەخنەگرانەیشـە، چـونکو دەردی دواکەوتوویی کۆمەلّ نیشان دەدات. لە فرمێسکی ڕنوو مام هێمن دەلّێ:

**من بە فرمێسکی رنووی کوێستانی کورد پەروەردەبووم**
**کولّمی ئالّ وچاوی کالّ وسینگی بەفرینم دەوێ**
**لاشەڕم کوا بەد فەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام**
**دەست وچەک، ئیمان و هیواو هەستی ئاورینم دەوێ**
**بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە**
**گیانی پاک و بیری تیژو ڕێگە ناسینم دەوێ!**

**یان:**

**لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەلّگورد**
**ڕەوە هەورم لەژێر پێم دا بەدی کرد**
**تەماشای دیمەنی سەوزی ولاّتم**
**منی سەرسام و شاگەشکەو خەنی کرد**

**هێمن ونەتەوە...**

بەپێچەوانەی زۆر خەلّکانی دی مام هێمن هـەردەم بەئەمـەك و وەفـادار بـووە بەرامبـەر بە نـەتەوەکەی خـۆی و قـەتیش منـەتی بەسـەر کەسـدا نـەکردووە. لـە کـۆڕێکی ئـەدەبی فراوان کە بۆ مام هێمن سازکرابوو لەشاری سلێمانی فـەرمووی (مـن لەنـەتەوەکـەی خـۆم

ڕازیــم، کــەس تــا ئێســتا بــێ حورمــەتی پــێ نــەکردووم، داوای دراوو ماڵیشــم لەکــەس نەکردووە تابزانم دەمداتێ یان نا؟

لەلێقەوماندا نانیان دامێ و ڕایانگرتووم، شیعریشم تەنیا بـۆ دەربڕینـی ئیحساسـی خـۆم دانـاوەو هـیچ هـەقم نییـە منـەت بەسـەر کەسـدا بکـەم). ئەمەیـە هەسـتی پـاکی شـاعیر بەرامبــەر بەنەتەوەکــەی کــە چــەند ســادەو بابەتیانــە خــۆی لــە دیــدی گەلەکەیــدا دەدۆزێتەوە تا چ ڕادەیەك دڵی بە نەتەوەکەی خۆشە لە شیعری (خاك)دا مام هێمن بـەم ڕووالەتە بێگەردە دەبێژێ:

**بۆت نوسیووم بۆت بنووسم ئـەمن چیم**

**دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم**

**بــــەرەو بەرزی دەچم گــــەرچــــی وردم**

**خــــــاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کــــوردم**

یــان لە (بەرەو ئاسۆ) دەڵــێ:

**ژینی کـورتم دی پـڕاو پڕبوو لــــــــەشــــــانازی وشــــەرەف**

**عــــــومری زۆرم دی کەدوایی هــــات بەڕیسوایی ونــەدەم**

**ئــــاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشــــــن دەکــــــا**

**ئەو دەمەی خۆم وەك دلۆپێك دەچمە نێو دەریای عەدەم**

**چارەنووسی هێمن ...**

هەڵوێستی بەرزی مام هێمن بەرامبەر نیشـتیمان و بێـزاری لـە جەوروسـتەمی زۆرداران، شـاعیری دووچـاری دەربــەدەری و تــاڵی و سـوێری ڕۆژگـار کـردو سـاڵانێکی دورو درێـژ گۆشەی تەنیایی و دوورەماڵیو ماندووبوون و هەناسە ساردی بەتوشەوەکرد، بەڵام کـۆڵی هەرنــەداو بــەگوڕوتینێکی ئاشـقانەتر ڕووەو بــەرزی ئاسـۆ دەیڕوانــی. ئــەوەتا لەیەکــەم شــیعری دیوانــە بەنرخەکــەی (تاریــك و ڕوون) دا بــەناوی کــوردم ئــەمن، ئــەم هەســتە پیرۆزەی لەچاوی کەژاڵو گەردەنی پڕ خاڵدا لە کێـوو تەلانـدا ئاوێتـەی یەکـدی کـردوون ودەڵێ:

**گەرچی تووشی ڕەنجەرۆیی و حەسرەت ودەردم ئەمن**

**قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

**ئــاشقی چـــــاوی کەژاڵ وگەردنی پڕ خاڵ نیم**

**ئاشقی کێووتەلان و بەندەن وبــــەردم ئـــــەمن**

**زمانی شیعری هێمن:**

لایەنێکی سەرکەوتوانەی دیکەی شیعری مام هێمن ئاوێتەبوونی نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فیکری سیاسییە لە شیعرەکانیدا، وێڕای لەبەرچاوگرتنی داڕشتەی زمان و بەهێندە هەڵگرتنی، کە ئەمە وای لە شاعیر کردووە زیاتر کەرەستەو وشەی سادەو ڕەسەنی کوردەواری زۆربەی دیالێکتە جیاجیاکانی کوردی بەکاربهێنێ ولە گونجاندنی وشەو زاراوەی بێگانە خۆ بپارێزێ، لەشیعری شەنگە بێری ئەوە دەبینین:

**شەنگەبێری گــــڕاوی خۆم وینووسی جــەماڵ و جوانی؟**

**ئێستاش پاڵێنێ وەك جاران لەشوان ومێگەل دەڕوانیٚ؟**

**وامــــن پێشمەرگــەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لەتۆ شیرینتر**

**نــــەم دەدا بەتەختی شایی دەنا ،بەردە بێری شوانی**

**هەر جۆرەی بتەوێ هێمن...**

جوانی سروشت و ژیانی سادەی کۆمەڵی کوردەواری بۆ هەمیشەو بەردەوام جێگای سەرنجی شاعیر بووەو لە چوارچێوەی خەیاڵاتی ئەفسوناوی ئەم شاعیرە هەست ناسکەدا شنە بای فێنك و ئارام بووە بۆ نێو باخی شیعرەکانی، وێڕای ئەمانەش ژن گۆشەیەکی گەورەتری لەهێلانەی دڵی مام هێمن دا داگیر کردووە تا دواساتەکانی ژیانیو لەدیارترین شیعرو بەرهەمە بەپێزەکانیدا ئەم دیمەنانە بە نەگۆڕی ماونەتەوەو پەردەیان بەسەردا ڕانەکشاوەو وەك (مانگەشەو، جوان ناسووتێ، ماچی خودایی، بەهاری لادی، کیژی لادێ شەنگەبێری، بەهاری کوردستان و هتد....)

**بــــــــــەهارە، کاتی کارە، خۆشەویستم بۆچی بێم بۆشار**

**ئـــــــەگەر من بێمە شاری، کــــێ وەئەستۆ بگرێ کـــــاروبار**

**ئەمن کرمانجم وکرمانج، کە هات فەسڵی بەهار وەك بەهار**

**دەبێ بخولێتەوە کێوو تەلان و بەندەن و نیســــــــــــــــار**

**هـــــەتا پـــــەیدا بکا نان و نەبا بـــــــۆ خەڵکی شار هاوار**

★ ★ ★

**یــان لــەماچی خــودایی...**

**وەرە با دامـــــرێ ئاوات و تاسەم!**

**وەرە با بسکەکەت لادا هەناسەم!**

**وەرە با هەڵمژم ئـــەم لێوە گەرمە!**

**وەرە با هەڵگوشم ئەم ڕانــە نەرمە!**

**هێمنی لوتکە:**

**جێـی ئامـاژە بـۆ کردنـە کـە بڵـێین مـام هـێمن لـە دنیـای فەرهـەنگ و ئـەدەبیاتی ئـەم سـەردەمەی کوردیـدا هـەر بەتـەنها لـە بـواری شـیعرو نووسـیندا قەڵـەم ڕەوان و پـاراوو کارامە نـەبووە، بـەڵکو لەبەشـەکانی دیکـەی ئـەدەبیات جـێ دەسـتی خـۆی نەخشـاندووە، بەتایبـەت لـەبواری نڤیسـیندا زۆر بـەجوانی توانیویـەتی ئەسـپی خـەیاڵی تـاو بـدات و ئامـانجی نەخشـەکانی داڕشـتن زۆر وەسـتایانە بپێکـێ، نموونـە بـۆ ئـەوەش پێشـەکی بـۆ نووســـینی دیوانـــە شـــیعریە بەناوبانگـــەی (تاریـــك و ڕوون) یـــا پێشـــەکی توحفـــەی موزەفەرییـــە، نوســـینەوەی بەســـەرهاتی لـــەکوێ وە بۆکـــوێ، هـــەواری خـــاڵی و داڕشـــتنە بەپێزەکانی شێرەژن، وشە ون بووەکان، سەرەتا بۆ پێکەنینی مامۆستا قزڵجی ، وهتد.... هەروەها بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەری کورد بەفەرهەنگو ئەدەبیاتی گەلان بەتایبـەت ئەوانـــەی دراوســـێ، مـــام هـــێمن چـــەندین بابـــەتی جـــۆراو جـــۆری بەزمانـــە شـــیرینەکەی موکریانی وەرگێراوەتە سەرکوردی و لەم بوارەیشدا خەرمانی ئـەدەبیاتی کوردیمـانی پـێ دەوڵەمەنتر کردووە، لەخوێندنەوەی دەقی وەرگێـردراوی (ئـەو جـۆرەی بتـەوێ شکسـپیر، ڕێزی نان بگرن، کورتەی ئۆدیسـە، لامـەزەبی خێرۆمەنـد، قـەلای دمـدم، تـەنیا هەمیشـە تەنیا) ئەم ڕاستییەی سەرەوە بەرجەستە دەبێت وگـەواهی ئـەوە دەدەن مـام هـێمن وەك ئەدیب و شاعیرێکی هەڵکەوتوی پایە بڵند بۆ هەتایە ئەسـتێرەیەکی گـەش و پڕشـنگدارە لەئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا بێ ئاوابوون دەدرەوشێتەوە...**

**گۆڤاری گولاّن، ژمارە (٢٢١)، نیسانی ١٩٩٩.**

# ساقی نامەی ناڵەی جودایی

**حمد ئەمین شا محمدی**

بەئیزن وەرگرتن لەهەموو مامۆستایان وئەدەب دۆستانی خۆشەویست و بەشادی رۆحی ئەم گەورەپیاوانەی گۆڕەپانی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی، وتارەکەی خۆم ـ پێشکەش دەکەم. لەم وتارەدا هەڵسەنگاندنی ناڵەی جودایی و دووساقی نامەی تر دەبیستن:

ساقی نامەی دووکەس کەوەك نوێنەرێ بۆ شاعیرانی ڕابردوو ئێستا هەڵمبژاردوون.پێویستە بڵێم ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئەوە نییە لەهەڵاواردنی یەکیان دا پێدا هەڵگوتن یان زەم کردن رەچاو بگرین بەڵکو تەنیا مەبەست ئەوەیە گۆڕانکاری مامۆستا هێمن لەساقی نامەدا دەرخەین و تایبەتمەندییەکانی شیعری و رادەی سەرکەوتنی دەست نیشان کەین.

ناڵەی جودایی، ناڵەی شاعیرێکی دوورخراوەی زێدو نیشتیمانە،ناڵەی هێمن دژ پەشێوی‌و شێواویە، هاواری کۆمەڵێکە بەنایەی ناڵەی ئەو دەچڕی، هۆرەو حەیرانی عاشقێکی دەردەدارە سروودێکی خەمەو شانۆێکی تازەیەبارە کە ساقی ومەی و نەیی و شیوەنی ئینسان دەوری دەگێرن, بەڵێ ساقی نامە سروودێکە هەروەك بۆ حافزو سایەش سروود بووە،هەموو دەستی نیازیان بەرەوساقی درێژ کردۆتەوە مەیان ویستووەو لەنەیان تووراندووە عالەمیان لەخۆ گەیاندوەو خەمیان بەسەردا دارو پەخش کردوون،بزانین مامۆستا هێمن سروودەکەی چۆن دەست پێدەکا.

| | |
|---|---|
| **ساقی یا!وابادەوە،وابادەوە** | **روولەلای من کە بەجامی بادەوە** |
| **موشتەری وەك من لەمەیخانێ کەمن** | **زۆر بەیان شادو بەکەیف و بێ خەمن** |
| **مەی حەرامە بۆ سەهەندو بێ خەمان** | **مەستی بێ خەم بۆچی بگرم ئێخەمان** |
| **ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە** | **لێی حەرام بێ ئەوکەسەی دەردی کەمە** |

سەرەتای بانگەوازی مامۆستا بۆ دابەشکردنی خەمتان بیست،ئەو هەر لەم چەند دێرەدا هەڵوێست دەگرێ و پاش پاڕانەوەیەك گرژ دەبێ ودەڵێ:

ئەوێکی، دەردەدارو رەنگ زەردو لێو بەبار نەبێ، مافی خواردنەوەی مەی نییە

| | |
|---|---|
| **ئەوکەسەی بێ کەس نیەو خانەخەراپ** | **دەك بەژاری ماری بێ بادەو شەراب** |

هێمن ئەوانەی وا مەیان بۆگاڵتەو جەفەنگ وخۆش رابواردن دەوێ،سەرکۆنە دەکاو ئاوایان بەساقی دەناسێنێ.

| | |
|---|---|
| **ئەوکەسەی نەیهارِی بەرداشی زەمـــان** | **ئەوکەسەی زیرِەی نەگەییە ئـاسمان** |
| **ئەوکەسەی دووری عـەزیزانی نـــەدی** | **تیروتانەی بیٚ تـــەمیزانی نـــەدی** |
| **تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت** | **لێی نەگیرا دەوروپشت و چوارتەنیشت** |
| **بۆدەبیٚ بێت وبکا مـــەیخـــانە تەنگ** | **شوێنی دیـکە زۆرە بۆگاڵتەو جـەفەنگ** |

تائێرەکانە سیٚ تایبەتمەندی شێعری هێمن دەردەکەوێ

١-ئەوەی کەمامۆستا ساقی نامەی لەسەر ئەوشیوازو قاڵبەی هەی بوو گۆرِی وبەوەزنێکی خۆشترو بەرفراوانتر هێنایەکایەوە

٢-مامۆستا ئەم راستیە بەگوێی ساقی دادەچرِپێنێ کە،((هەرکەسێ هاتوو وتی من ئاشقم برِوامەکە بۆیە دێت و پێناسە دادەنیٚ بۆئەوانەی شیاوی مەی وساقین، لەشێلگریان دەداو لەئەنجام دادەمێنێتەوە ئەوانەی دڵیان بورکانی خەمەو کێو وکەژو دەشت و رووبار دادەگرێ)).

٣-گەرِانەوە بۆ زمانی ئەو خەڵکەی لێیان تەریك کەوتووە،دەس دەباتە نێو خەزێنەی شاراوەی زمان دورِو گەوهەر دەردێنیٚ و شیعری خۆی پیٚ دەرِازێنێتەوە وەك ئەم شیعرانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| **ئەوکەسەی نەیهاری بەرداشی زەمان** | **ئەوکەسەی زیرِەی نەگەییە ئاسمان** |
| **ئەو کەسەی دەستی لەمەمکان گیربیٚ** | **ئەو کەسەی تفلی دڵی بۆ ژیربیی** |
| **مانگی کانونیٚ بـــــــەچڵوان دەکرام** | **وەك بـــرایم لەولاٚتە رِاو نرِام** |

لێرەدا باسەکەمان دەبرینەوەودەچینە سەر دەست پیٚ کردنی ساقی نامەی حافز

| | |
|---|---|
| **بیاساقی ان می کەحال آورد** | **کـــرامت فزا، کمــــال آورد** |
| **بە من دە کە بس بیدل افتـادەام** | **وزین هردو بی حـاصل افتادەام** |
| **بـــــــدە تا بگویم بـــە آواز نی** | **کە جمشید کی بودو کاوس کی** |

حافزیش دەست ودامێنی ساقی دەبیٚ ،مەی دەوێ بۆ گرو تین وەرگرتن بۆ ئەوەی بتوانیٚ لەگەڵ هەوای نەی یدا نهێنیەکانی دەروونی خۆی و گەردوون بدرکێنی ئەم درکاندنەش لەبوونە جامی جەم دا دەبینیٚ:

**بـــمن ده که گردم به تأسیر جـام** **چـــو جم آگه از سّر عالم تمام**

**دم از سیر این دیر دیرینه زن** **صـــلائی بشـــاهان پشینه زن**

**همان منزل است این جهان خراب** **کـــه دیرست ایوان افـــراسیاب**

حافز پاکی خۆی لەمەیدا دەبینێ،نەخواردنەوەی بەبێ سامانی ومەستی بەمەزنایەتی و شایی دەزانێ،مەی دەوێ بۆ گەشاندنەوەی عەقڵ, بۆ هەرمانی ئەند ێشەی:

**میم ده مگر گردم ازعیب پـاك** **بـــرارم زعشرت سّری زین مغاك**

**شـــــرابم ده و روی دولـــت ببین** **خرابـم کن و گنج حکمت ببین**

**من انم که چون جام گیرم بدست** **ببینم در ان آینه هــــرچه هست**

**بمستی دم از پادشاهی زنـــم** **دم از خســـروی درگـــدایی زنـــــم**

ئێستا بزانین شاعیری هاوچەرخ هۆشەنگی ئیبتیهاج (سایە) چی لە ساقی دەوێ:

**بیــــــا ساقی ان می کەجام افرید** **بمن ده که جان جامه برتن درید**

**کجا تن کشد هنگا مــه اش** **که او جان جان است و جان جامه اش**

سایەی بەمەی زیندووە ، مەی و ڕۆحی گیانێکن لە جەستەی ئەودا.بەبڕوای ئەو ژیان لە مەی بەدی هاتووە، لە ساقی دەوێ بێ بەلایەوە و چەشنی هەتاو گڕوتینی داتێ و وەك خەزێنە بیخاتە ڕوو، ئەو خەملاٚوی بەهار، ئەوینی خۆی، ڕازی پشکووتنی خونچە، شەیدایی بولبول و زەردەخەنەی کازێوە لە مەستی دا دەبینێ ، بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێتە ڕێبواری ئەم ڕێگایە:

**بده ساقی ان می که جان بهـــــار** **از جرعەای خورد و شد پرنگار**

**بده ساقی ان می که هستم هنـوز** **همان عاشق می پرستم هنـوز**

**بیا ساقی ان می که چون گل کند** **هربـاغ پر بانگ بلبل کنـــــد**

**بیا ساقی ان می که چنگ صبوح** **ســــرود کهن را نوائین کنـــد**

سایە دەی هەوێ ئەسپی وتار زین کاو سروودی کۆنی لەبیرەوە چوو: سەرلەنوێ بخاتەوە سەرزاران، ئەو لێرەدا پێ دەنێتە جێگەپێی حافز و دواتریش کە هاوار دەباتە بەر خۆشخوان، دیسان لاچاوێکی لە حافزەوەیەو... دەڵێ:

**نوا سنج خوشخوان من یاد بـــاد** **که چندین نوای خوشم یاد داد**

یـــا دواتـــر دەڵـــێ:

**بیا ساقی ان می که چون بنگریم** **زخــــون سیاووش یـــاد اوریم**

بۆمان دەرکەوت حافزو سایە بەیارمەتی خواستن لەساقی ومەی وموتریب مەبەستیان وایە باوی رۆژ بگۆڕن حافز جگەلەژی وساقی ونەی مۆسیقا ژەنێکی دەوێ دەردی دڵی لێداتەوەو بەهەوای ئەو بکەوێتە هەڵپەرکێ سەما،بە ئاواتە گۆرانی وشادی جیگای تختو جەم ئەسکەندەر بگرێتەوە...دەڵێ:

**مفـــتی بزن ان نواین ســـرود بـــگو با حریفـــان بنٔواز رود**

**مرا برکدو عاقبت فرصــــــت است که از اسمان مژده نصرت است**

**مغن نوای گرب سازکـــــــــن بقول غزل قصه اغاز کن**

**کەبار غم بر زمین دوخت پای بچرب اصولم بر اورد جــــای**

حافز باری گرانی غەم پێی بە ئەرزەوە دادوریوەو بەهەوای زەخمەی مۆسیقا ژەن نەبێ کاری راس نایێ و پێ ناگرێتەوە، با بزانین ناڵەی جودایی بە کوێ دەگا, گوتمان مامۆستا ئەو کەسانەی خۆیان بە ئاشقی ڕاستە قینە دەزانن لە شێلگیردەداو بەش بەشیان دەکا: تانە لەو کەسانە دەدا خۆیان ئاشقن یا هەل و دەرفەتی خۆشەویستیان هەیە پەنا بۆ مەی دەبەن: پێی وایە ئەمانە ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە و ناشی بە هەڵەدا بڕۆن:

**ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنــــــێ بێتە ئێرە، چۆنە هەی دێی ناکەنێ!**

**ئەو کەسەی (دەستی لە مەمکان گیر بێ) ئەو کەسەی(تفلًی دلًی بۆ ژیر بێ)**

**ئەو کەسەی پەنجۆڵە بکوشێ جارو بـار ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار**

**ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس و لووس ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس**

**ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنــــــێ کـوفرە یەک قەترە شەرابی گەردەنێ**

دواتر دەڵێ:

**ئەو کەسەی ئاسوودەو و خۆش ڕای بــــــوارد قەت غەمی یەخسیر و کۆیلانی نەخوارد**

**یەک لە ماڵێ چاوەرێ بوو بێتـــــــــەوە دەرکی نێوماڵێکی لێ بکرێتـــــــەوە**

**ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نـــــییە ئەو کەسە بادەو شەرابی بۆ چــــییە**

وەختێ ئەمانەی هەموو ناساند بە هێمنی و بە سۆزەوە بە گوێی ساقی دا دەچپێنێ کە ئاوڕی لێ داتەوەو سەرنجی حاڵی بداو گوێی دڵ بۆ قسەکانی ڕادێری، قسەی شاعیرێکی جوانی پەرستی خەمبار کەلەم دنیا پان و بەرینەدا جگە لەخۆشەویستی چی بۆ نەماوەو ڕووت و ڕەجاڵ ماوەتەوە. هاوار دەکا:

**ساقیا، وا وەرگـــــەڕێ وا وەرگـــەڕێ　　ڕوو لەلای من کە مەچۆ بۆ سەر پەڕێ**

**لەنگەرێ بگرە مـــەبـــــەوا بەرزە فر　　بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامی پـــــڕ**

**بۆ منی بابـــــــر دەڵەی گردە نشیـن　　بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و بریـــــــن**

**بۆ منـــــــی ئاوارەو و دوورە وەتـــەن　　بلبلی بێ بەش لە گوڵزار و چەمـــــەن**

**پەڕوەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بـڕاو　　بێ بـــــژێوی، بەش خوراوی ، دەرکراو**

**لێو بەباری،دەرداری، ڕەنجــــــــەڕۆ　　شـــــــاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ**

خۆ ناساندنی مامۆستاتان بیست، ئاخۆ دڵی ساقی لەبەرچی بووە بەبەرد، ئەگەر واش بووبا دەبوو بەم قسانە دڵی نەرم بایە و سەری وەگێڕاباو جامی دەستی بۆ لیپاو لیپ کردبا بەڵام ئەو هەروا دەڕوا ئاوڕناداتەوە، شاعیر تورە دەبێ و دەڵێ:

**ساقی یا، بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچـــی　　تۆش لەبەر ئەو مل هوڕانە مل کەچی**

**تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو　　چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕو زیــــو**

**زێر بەلأیە بێوەفایە دەوڵەمەنـــــــــد　　هەر هونەر نەمرە هونەر وەر مەرد رەند**

بەڵێ ، ساقی، ئەوەی وا جێگەی مرادی شاعێرە، خەریکە ماڵ پەرستی و پەیمان شکێنی هەڵدەبژێرێ و هونەرمەندی مەرد و ڕەند بەجێ دێڵێ, بۆیە لێرەدا دەنگی برێ خاوتر دەکاتەوەو لەو رێگایەی دەترسێنێ و دەڵێ:

**نامەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچـــۆ!　　تـــۆ فریوی زێڕو زیوی وان مەخۆ**

**ئەو هەوەس بازانەجێی متمانە نین　　هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین**

وەختێ لە ساقی هیوا بڕاو دەبێ بە خەیاڵ بەمەستی دەگا، ناڵە ناڵی دەروونی دەکاتە شمشاڵ و شەپۆل شەپۆل شیوەن دا دەبارین, هەڵدەستن و نامۆیی ئەرز و ئاسمان دەشکێنن:

**جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی　　بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی)**

**(بشنو ازنی چۆن حیکایت می کنـــــد　　از جدا ئیها شکایت می کەنـــــــــــد)**

**گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قـۆر　　تا بناڵێنم وەکو بلوێر بەســـــــــــــۆز**

**نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەســـــەر　　جا چ نەی بیکاچ پیاوی دەربـــــــــەدەر**

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نـــــەی کــــــردووە　　شیوەنێکم پێیە نەی نەی کـــــــــــردووە**

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانـــــــییــــە　　بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانـــــــییە**

**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشـــــە          ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی وەهەشـــە**

**دەردی دووری دەردی دووری کوشتمــــی  دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمـــــــی**

هەرسێك, ساقی وەك موراد،پێشەواو, چارە نووس, دەبینن، پێیدا هەڵدەلێن و مەی و تین و وزەیان بۆ گەیشتن بە دڵدار بە ئامانج گەرەکە: کەچی لێرەدا نەی ناڵەی شاعیرەو ساقیش لە دوای ئەوەی بەرز دەناسرێ رەجم دەکرێ و لەبیر دەچێتەوە, ئێستا تایبەتمەندییەکانی دیکەی ناڵەی جودایی, تایبەتمەندی چوارەم شیوەنە، شیوەنی خۆی، شیوەنی گەل و شیوەنی ئینسانە بە گشتی لە راستیدا، بانگەوازی ئازادی و یەکسانییە کە لەدەردی وشیاری و سەبووری سەرچاوە دەگرێ.

تایبەتمەندی پێنجەم: مامۆستا لەگەڵ ئەوەدا کە بە تاکە کەسی دەناسرێ، نوێنەری گشتی مێژووی خۆشیەتی. واتەلە وەحدەت دا کەسرەتەو لەکەسرەتدا وەحدەت, ئەو هیچ کە شیوەنی خۆی دەگێڕێ، شیوەنی ئینسانیشی پێیە، هیچ کە خۆی دەربەدەرەو ڕەنجی کێشاوە، هەڵگری باری نوێنەرانی کۆمەڵەیشە بە درێژایی مێژوو.

شەشەم کەڵك وەرگرتن لە زۆربەی بەیت و باوی کوردی و هێنانەوەیان بە شێوەیەکی جوان و بەجێ، تکام وایە سەرنج بدەن تابزانن چۆن هێمنێك بە تەنیا، مەم و لاس و سیامەند و برایم و وەلی دیوانەیـــە.

| | |
|---|---|
| **بومە ئاوارە و پەڕیـــــوەی دوور وڵات** | **کەوتمە نێـو وردە داوی ڕێی نەجـات** |
| **بەکرە شۆفارە ئەوی مووخەی چنیــــم** | **زیی مەم و زینــــان وڵاتی لێ تەنیـم** |
| **لاسە شۆڕێك بووم خـــەنیمی دوژمنـان** | **ئێستا ئەنگواوم بە تیری چڵکنــــــان** |
| **وەك سیامەندێ لە چۆڵ و بەندەنـــێ** | **جەرگی لەت کردم پەلـــی دارە بـەنێ** |
| **مانگی (کانونێ بە چڵوان دەرکرام)** | **وەك(برایم) لەو وڵاتە ڕاونــــــــرام** |
| **کەوا(پەری خان)بەند و باوم بۆ بڵێ** | **بۆ نەسووتێم نەبمە پوڵووی سەر کڵێ** |
| **ئەو لە زۆران، من لە ئارانێ دەژیــم** | **کێ دەڵێ ئەمنیش(وەلی دێوانە) نیــم** |

وەلی دێوانە شێتی شەمە،ژیانی بۆ پێدا هەڵگوتن بەشەم دا تەرخان کردووەو مەرگی بۆ گەیشتن بە ئەو خۆش ویستوە، سروشت بۆ ئەو خشلی بەری شەمەو دونیا چۆڵ و هۆڵ لە زیندەوەر, ئەگەر یادی ئەوی تێدا نەبێ, مامۆستاش خۆی بە وەلی دێوانەیێ دەزانێ کە دوو خۆشەویستی هەیە ـ نیشتمان و هاونیشتمانانی:

| | |
|---|---|
| **کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکـــەم** | **ڕۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکـەم** |
| **ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنــەوە** | **ئێستە بم بینن ئەرێ دەم ناسنەوە** |
| **ڕۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپۆنی ورد** | **هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کـــورد** |
| **بوومە گەپچاڕ و دەکا گاڵتەی بەمن** | **ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چووبوو لەمــن** |

گوتمان مامۆستا متمانەی بە ساقی نامێنێ هەرواش ناڵەی خۆی دەکاتە نەیی و شیوەنی دەکاتە بانگی ئازادی و دەچێتە قاڵبی کەسایەتی هەموو حەماسەگێڕانی مێژینەی خۆی، لە خۆشەویستیدا بە مەبەستی دەگا و بە لە ئامێز گرتنی زیخو چەوی کانیاوو هەستی‌و نەستی وڵاتەکەی شاد دەبێ و خەمی بنەبڕدەکا, ئێستا بگەڕێینەوە سەر ئەو دوو ساقی نامەی تر بزانین ئەوان بۆ چارەسەرکردنی خەمی گورچ و بڕی خۆیان چی دەکەن چۆن بەسەریدا زاڵ دەبن.

حافزی مەزن لە کۆتایدا ، بنەبڕبوونی خەمی خۆی و ئەوانەی وەك ئەو دەردە دارن لە مەی دا دەس نیشان دەکاو مزگێنی سروودێکی نوێیان دەداتێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **همی بینم زدور گردون شگفــت** | **ندانم کەرا خاك خواهد گرفت** |
| **وگر رند مغ اتش می زنـــــــد** | **نــــــدانم چراغ که برمی کند** |
| **درین خونفشان عرصه رستخیز** | **تو خـون سراحی و ساغر بریز** |
| **بمستان نوید سرود فرســـــت** | **بیـــــاران رفته درود فرست** |

سایەش وەك حافز خەمێکی گرانی لە دڵ دایە و بە دەستییەوە دەناڵێنێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **بیا ساقی ان می که دفع گزنـد** | **ازو جســـــــت فرزانه دردمند** |
| **بمن ده که با داغ دردم هنــوز** | **سر ازجیب غم برنکردم هنــوز** |

دواتر دڵخۆشی خۆی و ساقی دەداتەوە و هیواداره لە سایەی سەری مەستییەوە بەسەر شەوی بەدفەڕدا زاڵ بن و رزگاریان بێ لە دەستی...

| | |
|---|---|
| **بیا ساقی ان می که چون روشنی** | **بروز ارد این شام ئەهریمنی** |
| **بمن ده کزین دامگاه هلاك** | **برایم به تدبیر ان تابناك** |

دیسان دڵدانەوەی ساقی وغیرەت وەبەرنانی بۆ دوا رۆژێکی روون دەڵێ - تۆ لە پڕکردنی دەفران مەبەوە و دلنیا بە دێنە فریای ئەوانەی لە گوێ ی گادا خەوتون، بۆ خۆم بەو گوێیانەی خۆم لە لرفەی سێلاوم بیستووە کە کەشتی نوح دێت و لە گێژاوی خەوو بێخەبەری دەمانگرێتەوە و رزگاریمان پێ دەبەخشێ.

مگر نوح گشتی براب افکند                کمند به غرقاب خواب افکند

دەگەینە بەشی کۆتایی نالەی جودایی، گوتمان هێمن رێککەوتووە، رێکەوتنی ئەم جارەی لەگەڵ مەولەوی بەلخییە با ئێمەش لە گەڵیدا بڕوانین.

(هرکسی کو دور ماند از اصل خویش                باز جوید روزگار وصـــــــــل خویش)

رێگە دەبرم، کوانێ هەنگاوم شــــلە                راستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملـــــــە

هەر دەپێوم کێوو شاخ و چۆل و دەشت                دێم بەرەو کوێستان بەرەو باغی بەهەشت

دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنـــــە                دێم بەروە ئەو باخ و مێرگ و چیمەنـــە

دێم بەرەو بەفر و چلورە و بەستەڵەک                دێم بەرەو شێخاڵ و رێچکە و رەشبەڵـــەک

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا                دێم بەرەو لادێ ، بەرەو کانگەی وەفا

ئێستا دەگەینە تایبەتمەندی حەوتەم، ئەویش شناختە ، پلەی ناسیاوی هێمن سەبارەت بەفەرهەنگی ڕەسەنی گەلەکەی و ژیانی لادی دەقاو دەق هەر ئەو جامی جەمەیە وا حافز لەسەر خۆشی دا پێ ی دەگات و لە کاتێك دا دنیای تێدا دەروانێ ، سێلاوێکی خۆشەویستیەکە بە گەشتی شیعر فەرهەنگێکی رەسەن لە پەلەقاژە رزگار دەکاو لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ نیشتمان, ئەم بەشە هەر ئەو ئالو گۆرەیە وا حافز دەی هەوێ بیکات و مامۆستا بە ئاکامی دەگەیەنێ، دەڵێ:

بیا ساقی ان اب اندیشە سوز                کە گر شیر نوشد شود بیشە سوز

بدە تا روم بر فلك شیر گیر                بهم برزنم دام این گرگ پیر .

هێمن لەمەستی خۆشەویستیدا وەك هەڵۆیەك بەسەر بەستی خاکی نیشتمانەکەی دا دەگەڕێ و سروودی شیوەنی ئینسانیەکەی مزگێنی بەزێنی دێوەزمەو سەرکەوتنی پەری دەداتە جەماوەر و ئەم مزگێنیەش دواتر کەوتە سەر زاران و ترایەوە (دیو چو بیرون رود خر فریشتە در اید), هێمن بەدەم ئەم سروودەوەو هەڵمژینی شەرابی کوێستان جامی شەرابی خۆی دەشکێنێ بەلاّم بە لەئامێز گرتنی ئازادی مەستییەکی نوێی بەسەردا دێ و گلان و قوربانی بونی خۆی لە پێناویدا بەئاوات دەخوازێ. لە نەبوونی خۆیدا بوونی گشتی دەخولقێنێ و مانەوەشی لە فەوتانی خۆیدا دەزانێ, وە توانەوەی بۆ روناکایی جەماوەر و گەشاندنەوە و بالاّهەڵدانیان. لەم باسەدا ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ کە سایە بە بڕی تەوفیرەوە بە سەر رچەی حافزدا دەڕواو خۆی بەو شتانەوە دەبەستێتەوە کە حافز لەسەردەمی خۆیدا گوتویەتی بەلاّم مامۆستا هێمن ئاوڕێکیش لە

مەولەوی دەداتەوە, گەرانەوە سەرخۆی لێ وەردەگرێ و دەگاتە لوتکەیێك کە بۆ هەتا هەتا ناڵەی جودایی لە دەنگ ناکەوێ بانگی ئازادیش دەربەند ناکری ـ ئەمەش کۆتایی خەم نامەکەی مامۆستایە:

**دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد    دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد**

**دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەرار    ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب**

**دێم و ناترسم لەپەرژینی بەزی    هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی**

**تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم    دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم**

**دێم هەتا هەم بێ برست و بیرو هۆش    گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش**

**بۆکان،١٣٧٩/٦/٦**

**تێبینی/**

سەرچاوەی ئەم بابەتە دەست نووسێکی لاوی هەڵکەوتووی شاری بۆکان، کاك حەمەد ئەمینی شا محەمەدییە، کە کاتی خۆی لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ وەکو بابەتی کۆڕو سیمینارێکی ئەدەبی ئامادەی کردبوو لەبۆکان پێشکەشی بکات، لەو کاتەدا وێنەیەکی بابەتەکەی پێشکەش بەئێمە کرد، لێرەدا دەرفەتی بڵاوبوونەوەی بۆ رەخسا.

**ع. دەشتی**

# هێمن وئـــاوارەیـــــی

## سەلاحی شێخ شەرەف

هێمن و ئاوارەیی دوو وشەن، بـەلاْم شاسـوارێکی دەوێ لـە مەیـدانی ئـەم ڕەنـدە شـاعیرەو دەردی ئاوارەیی کوردان بتوانێ ئەسپی خۆی تاوبداو تەراتێن بکات لەم جووتە زێ یە بە خوڕمـەوە تیـژ ڕۆیـەدا بـازووی بوەشـێنێ بتـوانێ بپەڕێتـەوە، منـیش ئـەوە بەخۆمـدا ڕاناپەرموم بێم و بڵێم لەم نووسینەمدا وەفاو نمەکداری بە مام هێمن بنوێنم، یانـە خـۆ لە پانتایی دەردەسەری نەتەوەیەکی ستەمدیدەو مەزلومەی ئـەم ڕۆژهەلاْتـە شـەنو کـەو بکەم یا دەست بخەمە سەر زام و ناسۆری و دەرمانی حەکیمانەی بۆ بگرمەوەو هەتوانی کەم, وەلێ وەك لەدڵی هەمووتان دام و خۆمان بەقـەرزاری مـام هـێمن دەزانـین هەرنـەبێ هێندە بەشیعرە ناسك و تەڕو پاراوو پڕ سۆزەکانی مەست و سەرخۆشـی کـردووین، دڵـی داووینـەوە, ورەی وەبـەر نـاوین گـڕی خـەم و پـەژارەی بەشـنە بـای شـیعرەکانی فێنـك کردووینەوە ئەگەر یـەکێکیش ئـەوكو قـورگێکی مۆسـیقای خـوا پێـدابێت بـەنوزە نـوزو لاوانەوە ئەم بەیتانەی هەڵدابێ کەف و کوڵی گڕی دڵی خۆی پـێ دامرکانـدبێ ئۆخـژن و فەرامۆشی پێ هاتبێ ئەبێ شوکرانە ببژێرێ.

بۆیە هـەردەڵێم لـەدەروازەی وەفادارییـەك وەك موریـدێکی خانـەقای هـێمن دێـم و مانـاو ڕاڤـەی شـیعرەکانی ئەکەمـە چـەپکە گوڵێـك پێشکەشـی بــــە مەجلیسـی ئـەزیزانی ئەکەم.لەگەڵ ڕازو نیازی شـاعیرێکی پـیری زۆرهـانی کـە ئێسـتا ڕژاوەتـە دەریـای عـەدەم، لەسـەر ئـاوارەیی و دەربـەدەری و خانـەوێرانی کـوردان لـەم کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمەدا هەندێ کوڵی دڵی خۆمان بڕێژین.

**ئەوێستاش دەردە کورد نەکرا عیلاجی**

**ئەوێستاش کوردی کۆیلە ماون حاجی**

بـەلاْم دڵنیابـە زینهـار لـەبیرت ناکـەین، یـادت دەکـەین لێـرەش هـەوڵ دەدەیـن ئاوڕێـك لەلایەنێکی هزرو بیرو هەستی تۆ بدەینەوە، کورد وتەنی (سیروان گەر لێشت نەدەم هەر ئەمبەی).

جـا دێـم دەگـژ ئـەم هـەورازە قـوچ و ڕێگـە ئەسـتەم و پڕگـەوە کەنـدو لەنـدەدا ئەچـم هێندێك دەگەڵ مام هێمن یادەوەری بیرەوەریەکەی دەرس و پەند وەرگرین:

(فأذكروا فأن ألذكرى تنفع المؤمنين) چاك دەزانم و بەڵەدم كە هەرلایەنێكی ئەم كەڵە شاعیرە لێكۆڵینەوەو باسێكی قووڵ هەڵئەگرێ شارەزاو پسپۆری خۆی دەوێ، ڕەنگە لە دواڕۆژدا, لەوی ڕۆژگارێ كە دڵنیام كورد ئەبن بە شت، دەیان بڕوانامەی ماجستێرو دكتۆرای لەسەری وەردەگیرێ.

كە دەڵێن ئاوارەیی لەشیعری مام هێمنی خۆمان پەڕە گوڵێكی هەڵپڕوكاو هەڵقرچاوی سەردەمێكی پایزو ڕۆژگارانی كوردانە، دەستم دامێنتان نەوەی داهاتوو لەبیری مەكەن و مافی خۆی پێ بدەن. ناڵەی ناڵی هێمن مەسەڵەی تاكە كەس نییە دەردی بێ دەرمانی دەروونی بیرونی تاكە مرۆڤێك نییە.

**شیوەنی من شینی كوردی بـــی بەشە**

**ئەو گەلەی حاشا دەكەن لێیو هەشە**

پێش ئەوەی لاپەڕان هەڵدەمەوە شەكر بشكێنم ئەبێ لەگیانی بەرزو پیرۆزی مام هێمن ڕەحمەتی عوزر بخوازم كە قەڵەمە كوڵەكەی ئێمەو زمانی لاڵ پاڵمان ناتوانێ پڕ بە پێستی خۆی هەموو گۆتەو دەزوولەی هەست و نەستی شاعیرانە دەربڕین و ڕایكێشینە دەر.

**ئەمن لەكوێ بێنم و هێزو تێنێ**

**وەك هێمن بگێڕم گەرمــە شینێ**

هێمن یان (سەید محەمـەدی ئەمینی شێخول ئیسلامی موكری) پێش هەموو شتێ ئینسانە مانای مرۆڤە حەز لەمرۆڤ پەروەری ئەكات و عەودالی عەدالەت و ئازادی و یەكسانییە

**شیوەنی مــن شیوەنی ئینسانیە**

**بانگی ئازادی و گروی یەكسانیە**

یان وەك شەهیدی سەرۆك قازی مەحەمەد ئەفەرموێ هێمن شاعیری میللەتەو شەهیدی سەركردە قاسملو دوبارەی ئەكاتەوە هێمن شاعیری گەلە.

هێمن لە كۆشكی بلورین و بورجی عاجدا نەژیاوە، لەسەر یاڵەوە سەیری مەیدانی جەنگی نەكردووە، بەڵكو لە جەنگەی جەنگی وڵاتەكەی و لە مەترێزی شەرەفدا لە لادێدا لەكانگای وەفادا ژیاوە تێكەڵی ڕۆژگارانی ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵی نەتەوەكەی بووە هەموو معاناتێكی ئەوانی چێشتووە هەرچی خۆشی ویستوە جێی هێشتووە، لە مەیدانی

خـەبات و سـەنگەری پێشـمەرگە و کـونجی خۆحەشـاردانی تێکۆشـەران و ژووری سـاردو سڕی ئاوارەییدا ملەی لەگەڵ زەمانەدا کردووە.
پێشمەوایە مام هێمن پێویستی بەتاریف و ناسین ناکات، چونکە ڕوونـە لام ئەگـەر زیـاتر نەبێت کەمتر نەناسراوە لەکوردستانی ئێرە لەچاو ئەو دیو، چڵ ویەك ساڵ پێش ئیمـڕۆ لە پۆلی دووەمی سەرەتایی مامۆستا (عبدالمجید شێخ نـوری جـەلی زادە) شـیعری هێمنـی مەهابادی

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نــابەزم، مەردم ئەمن**

پێ لەبەرکردوین، خۆ لەقۆناغی ئـاوارەیی ئـەم جـارەی هـێمن لـە گەرمێنـدا کـە بورکـان ئاسـاکانی شـیعری دەربـەدەری لەئارانێـدا تەقیـەوە, بـووە وێـردی سـەر زمـانی هـەموو کەسێك و کاسێتی شیعرە گۆرانیەکانی و شیعری ئەو بوونە هاونشینی و هاوڕازی هەموو ماڵـەکوردێك، ئـەمجارەش دێـم و لـەگیانی بـەرزو پـیرۆزی قـازی و قـاسملو ڕوخسـەتێك بخوازم تاریفێك بۆ شاعیر بکەم بیخەمە سـەرخەرمانی وشـەکانی ئـەوان کـە هەرئیلهامـە لەوانـەوە دەڵـێم هـێمن شـاعیری کـوردەواری بـوو کـوردەواری بـەمانای خـاکی کـوردان و مرۆڤی کوردو کۆمەڵگای کوردەواری.
مامۆستا ڕەئوف بێگەردیش لە پێشەکی چەپکی گوڵ و چەپکی نێرگز دا ئەڵێ:(مامۆسـتا هێمن شاعیری گەل و جوانی و خۆشەویستی و خەباتە)
یەکێکـە لـەو سـەرقافڵە چیانە هـەر تـەنها شـاعیرێکی داهێنـەری سـەردەمی خـۆی نییـە، بــەڵکو فیــداکارو شۆڕشــگێڕو مرۆڤــی سەوداســەری دنیــای ئەفرانــدن و عاشــقێکی سەردەسـتەی سروشـت و جوانیـە, بڕیـاری خۆشەویسـتی کـوردی لەدڵـەوە داوە بـەکۆڵ و فرمێسکی بۆ شـادیو سـەرکەوتنەکانی ڕشـتووە لـەناو جەرگـەی شکسـتەکاندا مرۆیـەکی خۆڕاگربووە بەشیعرە حەماسیەکانی هانی بەرەنگاری و هەستانەوەی نوێی داوە.
جـا وەك لەسـەرەتاوە وتم ئێمـە مەلـەوانی دەریـای هـێمن نـین تـەنها لـە ڕووبـاری ئاوارەیەکـەوە دەپەڕینـەوەو بـۆی دێـین، دێـم و دەڵـێم هـێمن ژیـن و هەسـتی غوربـەتی خۆیو نەتەوەکەی وا تێکەڵ کردووە ڕەنـگ و جلیـوەو شـەوق و بریقەیـەکی وای پێـداوە بەناڵەو تاسەو حەزو ئارەزوو هەناسە هەڵکێشانێکی لەشیعرەکانیدا بۆن کروزی لێوە دی

لەبەر ڕۆشنایی سووتانی دەروونیدا لەژێر گڕی ئەزەلی نەکوژاوەی توانای گەلەکەیدا ئەیلاوێنێتەوەو ڕێگەی خەباتی ئەبڕی، ئەکا ملە کوانی هەنگاوی شلە.

پێش ئەوەی بە نێو دێراوی ڕەشە ڕەیحانەی شیعرەکانی بکەوم ئەمەویّ بڵێم هێمن شاعیری غوربەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری دوورە وەتەن و دابڕاو لەنیشتمانەکەی، بەلأم قەد تووشی نامۆیی (الاغتراب) نەبووە لەگەڵ نیشتیمان و زمانەکەشی غەریب نەبووە.

**ئـــاوارەنیم وادەزانـــم لەماڵم**

وەك هەندێ نوسەرو شاعیر لەشکست و نسکۆ کەیاندا سەری لێدەشێوێ و وەك جوانوی ئەسپ تۆڕ هەڵداوێنو پەلاماری ئەم و ئەو ئەدەن سەرو پۆتەلأکی خەباتکەرو سەرکردەو جەنگاوەرەکان ئەکوتنەوە وەك شاعیرەکانی نەکسەی عەرەب گاڵتە بە میللەتەکەی خۆی ئەکات:

**نقچی اطمنا بين الزار والشگرنج والنعاس**

**انـــــــحن خير امـــه اخرجت للنـــــــاس**

شاعیر دێت دەردی خۆی کە هێندە تێکەلأوی دەردو کەسەری گەل و نیشتیمانەکەی ئەکات ئەبێتە ڕەنگێکی ئاوێتە (تێکەلأو) کە پێتوایە هەریەکن یا دوو ڕووی یەك پارەن دەردی هێمن هی کوردەو دەردە کوردیش هی ئەوە.

نەك ئەم ئاوێتەکردنە هەر لەبیرو باوەڕو ورەی خۆڕاگرتن و دەرخستنی زەبەللاحی نسکۆکە وەناڵە ناڵەی خۆیدا دەرئەکەوێ، بەڵکو لە وێنەو وشەو دەستەواژە ئەدەبیەکانی فۆتۆگرافی زەمینەو جێگاو شوێنی ڕووداوی ئەم مەرگەساتەشدا ئەکێشێ، کە هێندەی ئەم وڵأتە کوردەوارییەی خۆی خۆشویستوە وەك یاری مەهوەشی لێ وردبۆتەوە هەمووی لەکاسێتی بیلبیلەی چاواندا تۆمارو وێنە کێشاوە.

ئەگەر بڵێم لە سروشتەکە جوانترو ڕازاوەترو قەشەنگتر نیشانیداون بەزمانێکی پاراوی لوسو ڕێکی لەباری کوردەواری ڕەسەنی ناوشاخ و دۆڵ و دەشت و لادێ وچیای کوردستاندا بەزمانی شوان و شوانکارەی بناری قەندیل وتون، ئەگەر بڵێم هێمن لەهجەی موکریانی کردۆتە زمانی یەکگرتووی کوردی وەنەبێت سۆرانیەکەی کە خەڵك هێندە لە وشەکانی حەزدەکات پێیان بدوێت و پێیان بنووسێ گەلێ وشەی ڕەسەنی کوردی هێناوە ناو فەرهەنگ ولەفەوتانی ڕزگارکردن.

لاموایــە گــەر بتــوانین تــابلۆی ئــەم شــیعرانە بەزمانــە زینــدووەکانی دنیــا وەرگێــڕین دلگیرترین ئەلبوم و کارتی گەشت و گوزار ئـەبوو بـۆ هەرگەڕیـدە میـوان و بێگانەیـەك پێشکەشمان بکردبـا کـە ویستبایان بەکوردسـتانی ڕەنگینـدا شـارەزابن و گوزەربکـەن و کوردستانیان پێ بناسێنن، نەخشی هـێمن لەوێنـەی مـانی جوانتر دیمـەنی ئـەم وڵاتـەی کێشـاوە گـەربڵێن بەدەسـتی موتەنـەفیس نەکێشـراوە.چـونکە هێنـدە خۆشـی ویسـتوە هێنـدەی لێڕوانیـوە وەکو ئاشـقێك کـەپێی وایـە یارەکـەی لەهـەموو یـاران جـوانترە هـەر سـەیری ئـەکات تـا لێـی ورد ئەبێتـەوە زیـاتر جـوانی تێـدا دەدۆزێتـەوە، وەك هـەنگـو پەپوولەی گوڵانی جوانی لێ هەڵمژیوەو شەهدو شەکەری لێ چۆڕاوەتەوە.

پـڕو پـڕی کـردوون لەهەسـتی جـوانی, لـە خۆزیـە مرۆڤانـەو وای بـۆ دەرخسـتووین کـە دزێویەکیش هەبێت وای بەکلچوکی چاوان و قەڵەمی لێوان ڕێکخستووە, وەك خێلیەکەی چاوی حەبیبەی نالی بۆتە تەرازووی ناز

**پێم دەڵێن مەحبوبە خێل وقیچە مەیلی شەڕ دەکا**

**خێل وقیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا**

ئــەوەی ئەمــەویَ لــەم باســەدا تیشـکی بخەمەســەر تــا بریقــە بــدات هەسـتی ئــاوارەیی وغوربەتی لە شعری مام هێمندا, پێش ئەوەی لـەم ڕێبـازە بـدوێم ئەمـەش زیـاد ئەکـەم، ئەڵێم شیعری هێمن سنورو کەوشەنی بڕیوو هی ناوچەیەك و هەرێم و پارچەیەك نـین مـولکی هـەموو کـوردانن، هێمنـی مـەهابادی موکریـانی کوردسـتانییە، گەرچـی زوڵـم و ستەمی دەورانی چەرخی چەپگەردوون لێکی هەلاَ وێردیون.

بـەرێزان.. لەهـەموو ئـەو میلەتانـەی ڕۆڵـەکانیان چ تـاك چ کۆمـەڵ بەشـەقی زەمانـە و ناچاریو بێ دەرەتانیان ڕایان کردووە بەدوای پاروێـك نـان و شـنەباو سـێبەرێکی ئـازاددا لەزێــدو نیشــتیمانی خۆیــان ئــاوارەو دوورە وەتــەن بــوون, شــاعیرو نووســەریان لێ هەڵکـەوتوون ئـەم ئـاهی غوربەتـەیان بەشـیعرو نوسـین دەربڕیـوە کـە عـەرەب بـە (ادب الغربە یا ادب المهجر وشعراء المهجر) ناویان دەبەن نموونەش لەمانە:

**فقدت الصبا والاهل والداروالهوی فللە صـــبری انە لـجمیل**

**سأَلثم ان وافیتهـــا ذلک الثری وهیهات حالت دون ذلک حؤل**

قروی دەڵێ:

**نــأْء عــــن الاوطان یفصلنی عــمن احـــب البر والبحر**

فــی وحشة لاشی یـــؤنسها الا انـــــا والعود والشعر
حـــولی اعـاجم یرطنون فما للضـاد عــند لسانهم قدر
نـــاس ولـکن لا انیس بهم ومـــدینـة ولـکنها قفر

بەلاّم ئەبێ کێ بێ وەك کوردان چەرمەسەری زەمانـەی دیتبێ ولاّت وێـران و هێلاّنـەی خـاپوورکرابی, کـێ بەقـەد ئـەو پێلەقـەی زاڵمـانی وەپشـتی کـەوتبێ نوکـە نێـزەی داگیرکـەرانی لـە ورگـی ڕاکرابـێ بـەزۆر لـەماڵی خـۆی وەدەرنـرابـێ، ژەهـراویترین چـەك بەدڕەندەترین شێوە بەسەریا باریبێ؟ ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا باسێکی گەورەیـە، بـەلاّم نـاکرێ هەرهیچـی لێ نـەڵێم، چـونکە ئەمانـە مـاك و ڕیشـەو زەمینـەو ژینگـەو فـەزای شیعرەکانی هێمنن لـەم باسۆکەی ئێمـەدا. کورد بەدرێـژایی زیـاتر لـەدوو هەزارساڵە یـا لەوەتای دەوڵەتی مید ڕووخاوە چەپەڵۆکی بەسەردا ئەکێشرێ لـەبن پێلاقـەی دوژمنـدا ئـەزیرپێنێ لەبـەرگرانی بـاری سەرشـانو ملانـی دەنـاڵێنێ، لێ ئـەدری، مـاڵ کـاول ئـەکرێ گوندو مەزارو شاری ئەسوتێنرێ، زەوی پێ چۆڵ ئـەکرێ، مەقەسـتیان لەبـەر خاکەکـەی نـاوەو لەهـەر چـوار دامێنـی لێـی ئـەبڕن تـەعریب و تـەتریك و تـەفریس ئـەکرێن کـە جینۆسـایدیش کـران. کـورد بۆتـە هـەتیوەی زەمانـە تـا بـە ئیصـتلاحی داگیرکـەرانیش چەندین جار ڕاونراوەو کۆڕەوی گەورەی پێکراوە, جارێ بۆ خوراسان و جارێ بۆ قونیەو پشتی ئەستەمبۆل، هەمەوەند تا لیبیا وجـەزائیر دوور خرانـەوە، بـەلاّم لـەم سـەردەمەدا هاتونەتـەوە.(بەڕاستی ئـەم چـنگ گیرکـردن لـەخاکی خـۆی کـۆڕەوێکی بـێ وێنەیـە لـە مێـژوودا، نمونـەی دەسـتگرتنە بـە خـاکی ئـەزیزی بـاب و باپیریانـەوە). چـەندین هـەزار هەزار بەرەو ڕۆژئاوای تورکیاو هەندەران ڕاونران. زۆرینەی سەرکردەو پیاوە گەورەکانی کـورد لــە غــەریبی ســەریان نایــەوە، جـا ئـاوارەبوون پچـڕانە لـە ئەصـڵی خـۆت و دوورکەوتنەوەی لەو ژینگەی پێی ڕاهاتووی سۆزوعاتیفە و یادەوەری ژیان و کـەس وکـار ئەزیزان لێی خولقـاون، بۆتـە بەشـێك لـە ڕابـردووت و پەیوەنـدی بـەژیانی هەنوکەیـەوە ئاسودەی دڵنیایی بوونی دوا ڕۆژتەوە هەیـە، لەولاّتـدا خـۆت بـەخاوەن بنـەماو هەسـت و بـوون و سـەروەری و نـرخ و ڕێـزی خـۆت ئەکـەی جـا چ تـاك و چ کۆمـەڵ و نەتـەوە، دوورکەوتنـەوەی وەك هەڵواسـراوی وایـە قاچـت لەهـەرد ئـەبڕێ, نـاگونجێی دڵـت پـێ ناکرێتەوە بە زەحمەت لەگـەڵی ڕادێیـت دڵـت ئەڕوشـێ عاتیفـەت برینـدار ئـەبێ ڕۆحـت عەزاب ئەخوا سۆزت بۆ جێگە ئەصلیەکەت دێتە کوڵ و دڵـت بـەجۆش و خـرۆش دێـت،

شعورت لەگـەڵیا ئـەجوڵی هـەس بەخەتـەری نـەمان دەکـەی خـۆت بەسـووك و لەکـەدارو لاوازدێتەوە بەرچاو، دیارە کەرامـەت و عیزەتـی خـۆت بەلاسـەنگی ئـەبینی ئەمـەش لای هەموو کەسێك و گەڵێکە، لەکۆنـەوە تـا ئێستا لـەدوارۆژ نـازانم تەکنـەلۆژیا چـی بەسـەر بەنی ئادەم دێنیٚ.

بــەکورتی ئــەم ڕیشــاڵە پەیوەندیانــە عــاتفی و فکــری و فەرهــەنگی و ئــابووری و کۆمەلایەتیو سیاسین، پەیوەندی داریشە بەمافی ئینسان لەسەر کۆمـەڵ و خاکەکـەی وە مافێکی ئاسایی مرۆڤیشە کە مرۆڤ کوێی ئەویٚ لێی نیشتەجیٚ بێت بەزۆر هەڵنەکەندریٚ و ڕاوبنــریٚ, ئەگــەر ئــەوە وردتربکەینــەوە ئــەوە گیــانی نیشــتیمانپەروەری و میللــەت خۆشەویستییە هەروەها شێوەیەکی خەباتی نەتەوایەتییە پابەندبوونـە بـە نیشـتیمان و نەتــەوە کـە لـەم عەصـرە سـیمای سـەروەری واقیعـەتی ژیـان ئاسـودەیی و بەختــەوەری سەرفرازی مرۆڤن، جا ئەم بابەتەلەئەدەبی هەموو گەلاندا هەیە تاخەڵکەکەی زیاتر ئەم دەردو نەخۆشیەیان تووش هـاتبیٚ و برینەکـەیان قـوڵترو سـۆزەکەیان گـەرم ترە،ئەمـەش هەستێکی مرۆڤایەتییە هەر تاکێك لەگەڵ ولاَت ومیللەتی خۆیدا لەئەدەبی کـوردی کـۆن و نویٚ تا فۆڵکلۆریش نموونەی زۆرن من لە فۆلکلۆری دوو نموونە ئەهێنمەوە:

١- کوڕ دەڵیٚ کچەتیمە حەیرانەکەی خۆم ئـەمن ئەوسـاڵ سـەری حـەوت سـالاَن دەچـمەوە دەری کاوڵە مەوتەنیٚ ئۆ باڵی منت بەملی بیٚ شەمام و شەمامە بەندی باخـەڵیَ لەدەسـت کەس مەنیٚ.

ئەمــە فیراقــی یــارو ولاَتــە وە لــەڕووداوێکی فۆلکلـۆری پـوورە ئایشـیٚ چـەند سـاڵێك لەمەوپێش بۆی گێڕامەوە وتی:

٢- دەستەکچ بووم لەم گوندی کەلکانـەی ئێستا، بـاوکم لەشـێخی گوندەکـەمان تـوڕە بـوو ماڵمان بـاری کـرد بـۆ گونـدی باسـەرەی دراوسـیٚ ی ئێـرە, زۆر بـیری گوندەکـەی خۆمـانم دەکرد حەزم دەکرد بگەڕێینەوە ئەویٚ, ئێوارەیـەك مانگایـەکی شـینمان هـەبوو ئەچووم بیهێنمەوە لەخوار ئاوایی ئەڵەوەڕا کـە ڕێـی کۆیـەو کـەڵکان بـەویٚ دا تێئەپـەڕی, دیـتم شێخی کـەلکان لەکۆیـە ئەهاتـەوە لـە پڕئـەم بەیتـەم بـۆ هـات بـۆ ئـەوەی سـەرنجی شـێخ ڕابکێشم بانگم کرد:

**تـــویٚ تـــــوی مـــانــــگە شینە**

**سبەینیٚ ئەچینەوە کە لەکنی ڕەنگینە**

چەند جار دووبارەم کردەوە شێخ تێگەیشت وگەڕایەوە لێی پرسیم کچێ کێی؟ منیش پێم وت ئینجا فەرمووی بڕۆ بگەڕێینەوە ماڵی ئێوە, لەوێ باوکمی ئاشت کردەوە بەیانی گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان.

ئەمە سۆزی مرۆڤە بۆ گوندەکەی خۆی کە چەند کیلۆمەترێك لێی دووربێ بەزۆری زۆرداریو ناچاری جێی هێشتبێ، نازم حیکمەتی گەورە شاعیری تورك دەڵی: پێمخۆشە لەولاتی خۆم حەپس بم نەك لەغەریبی پادشا بم، حاجی قادر لەئەستەمبۆڵەوە پایتەختی ئەوێ ڕۆژێ ڕۆژهەلات نرکەو ناڵەی دێ لەغوربەتیدا دەڵێ:

**وتم بە بەختی خەواڵوو وەرە ئەتۆ بی خوا**
**لەخەو هەڵسە زەمانێ بچینەوە ئەولا**
**گوڕەی بەهارییە ئێستاکە شاخ و داخی وڵات**
**پڕە لەلالەو نێرگزو نەسرین و شەهلا**

تادەگاتە

**صەبا دەزانی ژیانم لەدووریان مەرگە**
**دەسا وەرە بەکزەی خۆت خەجەل بکە عیسا**
**ئەگەر منم لەفیراقیان کزەم لەجەرگەوە دێ**
**ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێ ئەوا سوتا**

*** * * * * * ***

**غەریبی غوربەتی کرم بە ئەوتان**
**سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان**

*** * * * * * ***

**گوڵ و حاجیلەکانی دەشتی هاموون**
**نەکەی بیدەی بەنەگزەجاری گەردوون**

ناڵی دەڵێ:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور**

تادەگاتە

ســـوتا ڕەواقـی خانەی صەبرم ، دڵ ودەروون
نەیماوە غـەیری گۆشەی زیکرێکی یـا صەبوور
هــم هــەم عـەنانی ئاهم و هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمی بەم ئاهو ئەشکە بکە هەستە بێ قصور
* * * * * * *

داخـــل نەبی بەعەنبەری سارایی خاك و خۆڵ
هـــەتا نـــەكەی بەخاکی سلێمانی، یا عبوور
واصل بــکە عــەبیری سەلامـم بە حوجرەکەم
چــی ماوە چی نەماوە لەهەیوان و تاق و ژوور
* * * * * * *

جا دێم و دەڵێم وەك لەسەرەتا وە وتمان من نەهاتووم ژیـان و خـەبات و ئـازادی‌و دەردە مەینەتی کورد لەسەردەمی ژیانی پڕ ئاشووبەی هێمن سەراپا باس بکەم، چونکە پانتایی ئەم باسە ناگرێت ئەوە چمکێکی هەست وشعوری ئەم شاعیرە دڵ بە سۆزە ئەخوێنمـەوە بەتایبـەتی کـە هـێمن بۆجـاری دووەم ئـاوارەی گەرمەسـێر دەبێتـەوە بـە چـڕیش دوای حەفتاو پێنـچ و ئاش بەتاڵ بۆ ئەو ماوەیە هەڵئەبژێرم؟ وەڵام ئاسانە.

١- شاعیر خۆی دەربەدەرو دوورە وەتەن بوو

٢- کـورد لەوماوەیـەدا دوای هـەرەس و ئـاش بـەتاڵ بـۆ یەکـەم جـار لـەنیوەی سـەدەی بیستەمدا بەم شێوەیە, سنوورو کەوشەنی وڵاتانی خۆی بـڕی و سـەری خـۆی هـەڵگرت و بەهەموو دنیادا بڵاوبۆوە بۆهەر لاو وڵاتێك، بچووبای کوردێکی ئاوارەت ئەدی.

٣- کورد ئەوەی لەجێی خۆشی مابوو هەستی بەنامۆیی و بێ هیوایی ئەکرد بەزۆرە ملـی ڕائەگوێزرایە خوارووی عیراق.

٤- تەعریب و تەهجیر و تەبعیس بێ پەروا دەستی پێکردبوو.

٥- تـا ئێسـتا ئـاوارەبوون و بـە ئـاوارەکردنی کـوردان بەردەوامـە چ بـەرەو هەنـدەران چ لەکەرکوك وخانەقین و ژەنگـار چ لـەناوخۆ لەوشـارەوە بـۆ ئـەو شـار، برینێکـە بـەردەوام خوێنی لێ ئەچۆڕێ ئازارەکانی بەسۆ دێنەوە. دەکولێنەوە

**ئەوێستاش گــۆڕ غەریب زۆرن وەکـو تۆ**

**ئەوێستاش بــێ نـەسیب زۆرن وەکـو تۆ**

**ئەوێستاش بـێ کـەس دوورە وەتەن هەن**

**ئەوێستاش شــــاعیری پیرو ڕەبەن هەن**

جا تێکەڵبوونی ئەم هەستە گشتیە (الشعور الجماعیە) و هەستە تایبەتیەبـە غوربـەتی و ئاوارەی و نامۆیی خۆی, ناو ناخی قووڵی مـام هێمنـدا واتێکـەڵاو ببـوون پێتوایـە هـاوارو ناڵەی هێمن هاوارو ناڵەی هەموو ئاوارەیەك بوو، هـەموو ئاوارەیـەکیش مـام هـێمن بـوو، جگە لە توانـاو سـەلیقەو ڕۆشـنبیری وخـۆڕاگری و هەسـت دەربڕینـی بەسـۆزی دووکـەڵی دەروونـی ئـەم شـاعیرە لەگـەڵ ئـەم کـەش وهـەواو فـەزا گونجـاوەو لـەبارەش ئـەم جـۆرە ئەدەبـە لـەگۆڕێ بـوو، کـە ئـاوارەبوونو هەسـت بـەنامۆیی و غوربەتیـە گشـتیەکە بـوو، لەوەش زیاتر مام هێمن هێندە شارەزاو وردەکاری وشـەو فەرهـەنگی کـوردی و ئیـدیۆمی زمانەکەیــەتی کــە لەگــەڵ ئــاوازی نــوێ هەڵســاوە لــە فۆلکلــۆری ڕەســەنی کوردییــە هەڵێنجراوەکە ئەیهۆنێتەوە ئەوەندەی تر بەتام و چێژو هێزو پێزی ئەدا بـە هەیبـەت و جیلوەی شیعرەکانی.

هـێمن شـوون هەڵگروچـاو سـاغ و شـارەزای هـەموو بەنـدو بەنـدەن و گـەوەو ڕووبـارێکی کوردستان بوو، وای ئەنەخشاندن ئەتوت فۆتۆگرافـەو کـامیرای ڤیـدیۆیـە. مـاڵی لەهجـەی موکریانیش ئـاوابێ ئەوەنـدە ڕێـك و لـووس و لـەبارە نـەك ئـەم شـیعرە پـڕ سـۆزو پـاراو ناسکانە وەختـە بڵـێم جنێویشـت بـەم شـێوەیە پـێ بڵـێن لـەدڵت گـران نابێـت. گـەر لـەم دوورەوە بـدوێم هەوێرێکـەو ئـاوی زۆر ئـەبات، بـەلاّم دێـم و دەردی میللـەتێکی مـەزلوم لەدیدەی شاعیرێکی دڵ پڕ لەسۆ دەرئەبڕم ئەیکەمە نموونەی ناڵەو هاوارێـك کـە خـودی نمونەی ئەم زامداری و بێداریەبێ.

**ژانــــی ناسۆری وجوداییم چێشتووە**

**هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە**

تـاوێ لـە گەرمەسـێرە، تـاوێ لـە کوێسـتانی گەدەیـە، گـەر بـۆ گریمـانێکیش لەشـاعیر دووربکەوینـەوە زوومـی وێنـەگرتن فـراوانتر بکـەین کـێ وەك کـوردانی بەسـەر هـاتووە دەبیـنین میللـەتێك بـێ وێنـەو مانـدەو نـەزیر، بـەلاّم لەچـی دا, زوڵـم ومـاڵ کـاوڵی و خانەخرابی دا.میللەتێك لەکۆتایی سەدەی بیستەم ناتوانێ دەم هەڵبڕێ بڵێ هەم،

**ئەو گەلەی حاشادەکەن لێی و هـــەشە**

ئێستاش بەدەمیاندا نایە بڵێن ئێوە کوردن..مرۆڤن.. موسڵمانن.. مـافی ژیـان و ئـازادی و ئاسودەیتان هەیە لەهـەرکوێ یـە دەنگـێ هـەڵبڕن نارەزاییـەك بڵـێن یـا غەفڵـەتی زەمانـە دوای هــەزاران قوربــانی ئیدارۆکەیــەك بــۆ خۆمــان پێکبهێــنین کەعبــە کــەچ بــووە مسجدالاقصی ڕووخاوە.

ئەبێ تەدبیری لێ بکرێ لەناوببرێ، بەلاّم لەڕەوشتی بەرزی نەبەزی ئەم میللەتـە قایمـەدا ئەوە هەیە، وتیان ئەبێ نەبیت, گەر هەی بمریت، ئەو پڕ بەدەم هاوار دەکا ئەڵێ هـەم و نامرم و ئەمێنم دەیان و سەدان هەڵئەنگوم و نوچ ئەدەم هەڵدەستمەوە ملی کێو لوتکـەو بەنــدی خــۆم ئەگرمــەوە ئــاگری ســەدان شۆڕشــی تــر هەڵئەگیرســێنمەوە مێــژووی مــن ئەوەیە:.

قــەد ناســرەوم ناوەســتم هــەدادانم نییــە حەتمــە ئــازادیم دەوێ ئامادەشــم نرخەکــەی بەخوێنو فرمێسك و گیان بازی و قوربانی بدەم.

**دەمگری، ئەمما لەگـــرتوخانە ڕق ئەستوورترم**

**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

**دەمکوژی، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادەچمــەوە**

**کـــوردم و نـــاتـــوێمەوە، نـــاتـــوێمـــەوە، نـــاتـــوێمـــەوە**

جا وەرە ئەم هەست و نەستە بەگفتو لفتی مام هێمنی بڵێ قـەتارێ چ عەزەمـەتێکی لێ دەرئەچێ سەد ئـیلاو ماشـەلاّ، هـێمن وشـەو ڕسـتەی لـەخۆوە نـەهێناون, داینـەڕشـتوون, لاسایی زمان وهونەری بێگانـەی نەکردۆتـەوە بـەڵکو بـەزمانی سادەی پـورە فلان و مـام فلانــی کـوردەواری وتـونی و خـۆی دەڵـێ لـە خـەڵکم وەرگرتـوون داومنـەوە بـە خـەڵك، کـەمیش هـەن بەڕاسـت و دروسـت و پـاکی ولاّتو میللـەتی خـۆی بـەدڵ خۆشویسـتبێ ئامادەی قوربانیش ببێ بۆی:

جا بەکوردی کرمانجی من ئەمەوێ چمکێك بەپێی توانـاو زانـین و سـەلیقەی خـۆم لێـرە بـەگوێ بـەرێزتان بچـرپێنم، باسـی فەترەیـەکی تایبـەتی یـا چـەند سـاڵێك لـەبوارێکی تایبەتی لەشیعری هێمن بدوێم کە شاعیر هاوارو زیرەی هەڵساوە, گەورەترین شۆڕش بێ شکستی مەیدانی, ئاش بەتاڵی پێکـراوەو سـنوری ئـاوارەیش لەبـەردەم کوردان والاّ بـووە، خەسترین و چڕترین شیعریشی ناڵەی جودابییە.

دوو تێبینی تر هەیە کە:

١- هێمن شاعیرێکی دوورە پەرێز نەبووەو شەوان بەدزیەوە لەبن لێفە فرمێسکی بۆ داماوی گەلەکەی ڕشتبێ بەڵکو لەگەرمەی خەباتدا حاڵی لێ هاتووە.

٢- ڕەنگە دوای قوڵبوونەوەی مەرگەساتی کوردان دوای کیمیا باران‌و ئەنفال کردن و وێرانکردنی سەرتاپای گوندەکان جارێکی تر شەپۆلی ئاوارەیی ڕووی دابێ شاعیرانی تر وەك شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر هۆمەر دزەیی و دەیانی تر ئەم کۆڵەیان بەشیعری جوان و حەزین ڕشتبێ, ئەمانەش لێکۆڵینەوەو باس و کۆڕ هەڵئەگرن و بەلاَم من لێرە لەزکری خانەقای هێمن حاڵم گرتووە چەند بەیتێکی دەروێشی ئەو ڕاڤە ئەکەم و وە نموونە ئەهێنمەوە بەتایبەتی ئەوانەی زۆر ڕوون و ورد ئاوارەیی و غوربەتیان پێوە دیارەو ئاشکرایە، ئەوەش دەڵێم شیعرەکانی هێمن شین و گابۆرو سەردولکە نین، بەڵکو هەستی نیشتیمانپەروەری نەتەوایەتین, وردە دەماری مرۆڤی کورد دەهێنتە هەژان و جولەو خرۆش لەهۆشیاندا ئەبزون لەئەنجامدا نەبەزین و خۆڕاگری دەخولقێنن ورەمان بەبەر دەنێنەوە هیوامان پێ ئەبەخشن چەکی مەردایەتی ئەدەنەوە دەستی تێکۆشەران مەتەرێزی شەرەفمانە نیشان ئەدەن لاوان ئەنێرنەوە سەر سەریاڵ و بەندەنان و سەنگەرە بەتاڵەکان ئاوەدان دەکەنەوە.

**ئیتر سەنگەر بەتاڵ کردن مەحاڵە**

**ئیتر کوردو بەزین خەون و خەیاڵە**

چاکترین تەعبیریش لەسەر هەڵسانەوەش, دەست وەکەری تێکۆشەرانی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان بوو لەشۆڕشی نوێی کوردو بەزینیان کردووە بە خەون و خەیاڵ, سەنگەریان نوێکردنەوە, لەبەر پەتی سێدارە بەگژ جەللادان داچوونەوە شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر سەلماندیان کورد ناتوێتەوەو ناتوێتەوە.

ئیلهامی ئەم شیعرانەو, بیری نەبەردانەی خاڵە شەهاب لەسەرپەتی سێدارە, بانگی حەقی داو کردیە ڕەمزی مەردایەتی و ئەم بانگەوازەی (کەم بژی و کەڵ بژی) بووە دروشمی دەیان تێکۆشەر لەسەر داری سێدارەو لەمەتەرێزی شەرەفدا بەپێوە شەهید بوون.

**ناڵی لەکوێ ببینێ کە پایتەختی شارەزوور**

**ئەستێرەکانی ڕادەکشن وەك شەهابی نوور**

وەیـەك چـوونی ئیلهامانـە بەرێکـەوت و (صـدفە) نییـە، ئـەوە فەلسـەفەی پیـاوەتی و مەردایەتییە لای هەموو ڕەندو مەردان لەهەموو شوێن و زەمانان.

**کـــانی ڕوونـــم دی بەلێشاوی بەهار شلۆیْ نەبوو**

**بەفری گەورەم دی چیای گرت و بەتاویْ بوو قەدەم**

**ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لـــەشانازی و شەرەف**

**عومری درێژم دی کۆتایی هـــات بـــەڕسوایی و نەدەم**

جـا دێـم ودێمـەوە نـاو دەریـای بـێ پـەی غوربـەتی مـام هێمنـدا بـڕەك بـازووی سـەوڵ ڕائەوەشـێنم وەك خـۆی لەجێیەکیـدا ئەفـەرموێ مـن وەختـەکی لەوڵاتـەکی دەرەوەی کوردستانم دەمەوێ شیعرێ بڵێم, تەماشا دەکەم کوردستان دێتەوە یاد هەروەك لەبیرمـە لەجێگایەکی شاخاوی بەردەلان‌و جەنگەڵدا شەوێکی نیوەشەو گـوێم لــەدەنگی بولبـولان دەبوو لای بەیان بوو کوردسـتانم هاتـەوە بـیر ولاتێکـی دووریـش بـوو لەکوردسـتان ئـــەم شیعـرەم گـوت:

**بەیان ئەنگوت و شەو ڕابردوو من هێشتا خەوم نـــایە**

**دەخوێنن بولبول‌و قومری بەلام قاسپەی کەوم نـــایە**

**خەیالْ دەمباتەوە جێژوانی شەوانی لاوەتی ئەمما**

**خرنگەی بازنەو خرخالْ وبەرمـــووری ئـــەوم نـــایە**

ڕەنگە شاعیری زۆر وەك باسمان کرد لەکونجی غوربەتی و ئاوارەییدا ناڵە ناڵیـان کردبـێ, سـۆزی غـەریبیان وەك حاڵەتـە مرۆڤایەتیەکـە دەربڕیبـێ، بـەلام بەڕاسـتی داهێنـانی وا ناسك‌و جوان کارو پڕلەجۆش‌و خرۆش مەگەر هەر لەگەڵ بۆ کـروزی هەناسـەی هێمنـدا هاتبێتـە دەر، کـە سـۆزو نەسـتی دەربڕینـی لەوشـەی قەشـەنگ پێموایـە کـەس وای بـۆ نەهاتبێ:

**لەودەمەی واگرِ دەگرێ مەیل و تـــاسە**

**لەو دەمەیدا تێك هەڵدەنگون هەناسە**

ئینجا دێمەوە سەر ئەصلی مەخسەد وەك عـەرەب دەڵـێ (بیـت القصـید), ئـەویش ناڵـەی هێمنـە بـۆ جـودایی وغوربـەتی لەسـەردەمە دیاریکراوەکـەی پەنجـەمان بـۆ ڕاکێشـا کـە روونـترین ئاوێنەو بەڵگەی شیعری ناڵەی جوداییە.

ناکرێ لێرە هەموو قەسیدەکە باس بکرێ و لێك بدرێتەوە ئەوەی چڕو خەست وێنەی شیعری‌و وشەی غەریبی پێوە دیارە کە شاعیر لەسەرەتاوە مەی حەرام دەکا لە بێخەم‌و سەهەندان لەوانەی دەردیان کەمەو حەلالی دەکا بۆ کەسێك مەی چزیلکی پێوەنێ, باسی ڕۆژگاری زوێرو ژێر چەپۆکی ئەکات کە هەم گەلەکەی هەم خۆی تووشی هاتووە، بەرداشی زەمان هاڕیویەتی دووری ئازیزانی دیوە.
دوایی قوم قوم مەی هەڵئەداو سەری گەرم ئەبێ هاوار لەساقی ئەکا وا وەرگەڕێ! داوای جامی پڕ ئەکا زیرەی لێ هەڵئەستێ دەردی بی دەرمانی دووری هەڵئەڕێژێ.

مـــەی حەلاڵە بۆمنی وێرانە ماڵ
بۆمنی سەرگەشتەو ڕووت و ڕەجاڵ
بـــــۆمنی بابردەڵەی گردەنشین
بـــــۆمنی دڵ پڕ لەناسۆرو برین
بـــــۆمنی ئاوارەو دوورە وەتەن
بلبلی بێ بەش لەگوڵزارو چەمەن
پەروەریوی, باڵ شکاوی, دەنگ بڕاو
بێ بژیوی، بەشخوراوی، دەرکراو
پیری زۆر هانی، کەنەفتی، دەربەدەر
دیدەسووری، دڵ مەکۆی، دەردوکەسەر
داتەپیوی، بێ پەسیوی، بێ قەرار
بـێ کەسی، دەستەشکاوی، کوڵەوار
لـێوبەباری، دەردەداری، رەنـــجەرۆ
شاعیری جوانی پەرستی, دڵ بەسۆ
نابێ قەد ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا ، چ پیـــاوی دەربەدەر
* * * * * * *

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمـــی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمـــی

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بـــەدی

چۆن پەنا بۆمەی نەبەم ساقی ئەدی

نابینم خـــاک و ولآت وشاری خۆم

نابینم نـــاسیاو دۆست و یاری خۆم

ڕوو لەهەر لایەک دەکەم نامۆیە بۆم

نابینم جێژووان و کەونەلانی خۆم

* * * * * * *

چـــۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە

بەرد لەبەردی بێتەوە دەنگی هەیە

هەڵـــبڕاوم مـــن لەیاری نازەنین

دەرکـــــراوم من لەخاکی دڵ نشین

بـــــوومە ئاوارەو پەڕیوی دوور ولآت

کەوتومەتە دردەداوی ڕێی نەجات

شاعیر لەبەشی یەکەمدا چەندین وشەی کە هەموویان مانای ئاوارەو دوورە وەتەن ئەگەیەنن دەریبڕیون, وەك وێرانـەماڵ، بابڕدەڵـە، گردنشین، دوورە وەتـەن، پـەڕوەریو، دەرکراو ........هتد، لەبەشی دووەمی چەند نموونەی وێنەی شیعری لەسەر ئاوارەیی دەربڕیوە کەهەندێکمان لەسەرەوە تۆمار کردن:

خەم ڕەوێنێک من لێرە ناکەم بەدی

نابینم خاک و وولآت و شاری خۆم

.....تادوایێ

ئەو لەزۆران و من لە ئارانێ دەژیم

کێ دەڵی منیش وەلی دێوانە نیم

ئـەم قەسیدەیە بەتەنها باسێکی دەوێ کێ وەك هـێمن وەسفی غوربەتیو ئاوارەیی کردووە زیاد لە سی وشەش وشەی مانای دوورە وەتەن ئەگەیەنێ نزیکەی پەنجا وێنەی شیعری دێنێتە بەرچاو.

هـێمن لەنالـەی جودایی دا شاعیری مەی و عاشقانە، هەستی گەرمی بۆ باوەشی ژن بەتەوژم دەربڕیوە ئەویش وەك بەشێك بە بایەخ و خۆشەویستی لەناو ولآت و گەلەکەی

یادی ئەکاتو هەستی خۆی بەرامبەر دەرئەبڕێ, ئەمەوێ شتێك لەقەسیدەکەو زەمەنی خولْقانیو بیرەوەری ئەوکات بگێڕێتەوە.

لەساڵی ١٩٧٦ یەکێتی نووسەرانی لقی سلێمانی لەهۆڵی مامۆستایان کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ هێمن سازدا, لەکۆڕەکەدا سەدان کەس لەهۆڵەکە خزابوون جێگا نەبوو خەڵك بەپێوە وەستابوون کە شاعیر هات بووە چەپڵەرێزان کۆڕەکە کامەران موکری ئەیگێڕا، ناڵەی جوداییەکەی خوێندەوەو حەماسەتێکی وای خولْقاند، بووە خۆ پیشاندان گەرچی بەرواڵەت شعرێکی ڕۆمانسانەی سۆفیانەبوو, لەگەوهەردا ئاهو ناڵەی ئەوێ ڕۆژی کوردی باڵشکاو بوو، ئاوێنەی دڵ شکاوی هەموو کوردان بوو.

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**

**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**

بەهەق دەڵێم (ناڵەی جودایی) شنە بای پێش بارانی سووری شۆڕشی نوێ بوو، وەك دەڵێن شیعربای پێش بارانی شۆڕشە،گوتاری دەفتەری شۆڕشی کوردەواری بوو، بەرجەستە بوونی گیانی نیشتیمانپەروەری و خۆڕاگری و مقاوەمەتی کوردانەبوو، خوێنێکی گەرم بوو بە دەماری مەردایەتی کورداندا گەڕا, لاوی کوردی گڕی گرت و بەیاڵو بەندەنان هەڵگەڕا، کە شۆڕشیش ئەوکاتە ڕۆمانتیکیەکی شۆڕشگێڕانە لەخۆبردوانە بوو, شیعر چەکی دایە دەست پێشمەرگەو ئاگرێك بوو لەگیانی داگیرکەران، شیعر هەوێنێکی گیانی و نەتەوایەتی بوو، خەستبوونەوەی کوردایەتی بوو، شاعیر شاسواری هەڵسانەوەو پەلاماردان بوو، ئەوێ کات تیشکە سوورەی شەفەقی بەربەیانی شۆڕشێکی مەستانە بوو.

شیعر چەخماخەی گوللەو برسکەو ناڵەی بۆمبای تۆڵەبوو، هێمن شیعری کردبووە هەمانەو هەگبەی ویژدانی میللەت، ئەم سۆزە هەست و نەست دەربڕینە کە دەبێتە هەزری مرۆڤی کورد، لە دەمارانیدا دەگەڕێ و تێدەنیشێ و پاراو ئەبێ، ئەبێتە زیندەگاهی، ولاتی لای شیرنو شەککەر ئەبێ.

قولبوونەوەو خەستبوونەوەی هەستی بیری نەتەوایەتییە، لەمێشك و دڵ و جەستەی ڕۆڵەی کوردی مەردا، دەرس و پەندێك دەخولْقێنێ و دای دەدا, شاعیر کادیرو مەلاو مامۆستایە، نەوەی نوێ بە وشەی جوان و پاراو لە گولاو، ئاوێتەی سۆزو ئاوازی دەروونی ئەبێ، هەستی نیشتیمانپەروەری و بەرگری و خۆڕاگری و فێر ئەکات .....

شاعیر هونەرمەندەو وێنەت بەوشە بۆ ئەکێشێت، شاعیری ئێمەش وێنەی حەزینی و کەساسی کوردی ئاوارە، جارێك بەوشەو جارێك بە بەیتە شیعرێك، هەندێك جاریش بەچەند بەیتان وێنەی کوردی دووره وەتەن و دەرکراو لەماڵ و زێدی خۆی نیشان ئەدا.

**گۆڤاری (کۆسار) ژمارە (١)، کانوونی دووەم، ٢٠٠٠.**

# هێمن و ناڵەی جودایی

**ڕەحیم لوقمانی ( سەقز )**

هەر میللەتێك خاوەنی میراتی فەرهەنگی خۆیەتی. زۆر ئەفسانەو داستان‌و بەیت وەك هەوێنی ژیان‌و سەرچاوگەی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی کەلەپووری میللییان پێکهێناوە. بەسەرهات‌و داستانان لەگەڵ ڕەوتی زەمان بوونەتە نیشانەی ڕەمزو ڕازو ئوستوورە. خەون‌و ئارەزووی مرۆڤی پێچاوپێچی مێژوو لە کاکڵەی ئوستوورەو داستاندا ڕەنگ‌و چێژی شاعیرانەی گرتووەو دەماودەم هاتووە. ئەم میراتە یادگاری بیری پڕی شاعیرانی کەونارای میللەتن. ئەم بەرهەمە ئینسانییانە لەباری ئەدەبیەوە گەلێك بەنرخن. هەروەها مەیدانی سەرەکی کۆمەڵناسی‌و ڕەوانناسین. لەڕۆژگاری پێشکەوتووی وەك ئەمڕۆدا سەرهەڵدانی داستانی دڵداری‌و قارەمانەتی‌و ئایینی وەك دەورە مێژینەکان دەرەتانی نییە. ئەگەریش هی تازە هەبێ ڕەگی ئەستوور داناکوتن، بەڵام شاعیری ئەمڕۆ لە بەرهەمی خۆیدا وەك سەمبول ئاماژەیان بۆ دەکاو بە تەشکێکی نوێ قارەمان زیندوو دەکاتەوە.

لە پاش سەقامگیربوون‌و تەنینەوەی ئایینی ئیسلام لە ئێراندا، فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتی ئێرانی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. نووسەران‌و شاعیران کەوتنە سەر ڕچەی زمان‌و ئەدەبی عەرەبی و وشەگەلی ڕەسەنی ئێرانی خرانە پشتگوێ، ئاماژەکردن بۆ ئادابی میللیی ئێرانی‌و شانازیکردن‌و ناوبردەی ئایینی باپیران بە خراپەو بێ دینی درانەقەڵەم. زمانی فارسی بە تەواوەتی کەوتە ژێر ڕکێفی زمانی عەرەبی. تەنانەت شاعیران لایان سووك‌و عار بووە کە بە فارسی پەتی بنوسسن. هەرکەس وشەی عەرەبی پتر بەکارهێناوە خوێندەوارترو زاناتر لە قەڵەم دراوە. جا هەر بەم پێیە ئوستوورەو داستانگەلی عەرەبی‌و سامی لە شیعری شاعیرانی فارس‌و کورددا بە تۆخی ڕەنگیان داوەتەوەو نموونەیان لە شیعری زۆربەیاندا هەیە کە لێرەدا پێویست ناکا ئاماژەیان بۆ بکەم.

دەورانی ئێستامان کە پاشی سەدان ساڵ گەڕانەوەی سەربەخۆ دەستی پێکردووە. شاعیران بە هەستی پاکی میللییەوە دەگەڕێنەوە سەر بنەمای فەرهەنگ‌و تۆرەو داستانە خۆماڵییەکان.

لە شاعیرانی هاوچەرخدا پێموابێ کەس وەك مامۆستا هێمن ئەو تەلیسمە نامۆییەی نەشکاندووە. خەیاڵی شاعیرانەی مامۆستا ئەوەندە ڕەسەنو خۆماڵی بادراوە کە خودی وشەکانیشی بۆنو بەرامەی وڵاتو فەرهەنگی کوردەواریی پێوە دیارە. هێمن لە هیچ بارێکدا شاعیرێکی بێ ڕیشە نییەو بنەمای خەیاڵی لە ڕەنگو بۆنی سروشتو وێنەی دەروونی میللەتەکەی وەرگرتووە. بەڕاستی لە ناخەوە شارەزای غەمو شادیو حەزو تاسەو خەونو خەیاڵو ئاواتو ئەوینی گەلە. هێمن کە لە شیعردا خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی لە ژیاندا تێکەڵی دەردو شادیو دەربەدەریو کوێرەوەریی گەلەکەیەتی, سەرهاتو مەرگی قارەمانانی داستانە میللییەکان بە ژیانی خۆی دەزانێ. لە دڵداریو پێکنەگەیشتنو هەڵبڕاندا. لە ئاوارەییو دەربەدەریدا هانا دەباتە بەر قارەمانو لە زمانی ئەوانەوە هاوار دەکا. لە زۆر جێگاشدا مامۆستا بەهێنانی مەسەلەی پێشینان یان زاراوەی کۆنی کوردی مەبەستی جوانتر پێکاوە، وێنەکانی کوردانەتر ڕەنگاندووە. بلا ڕووبکەینە دنیای دابڕانو دوورە وەتەنی ناڵەی جودایی تا زۆرتر هەست بە ئازارەکانی مامۆستا بکەینو جوانتر ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئەو دەمەی لە تەنیاییو ئاوارەیی خۆی دەدوێ لە ڕاستیدا دەردی هەژارانی میللەت دەگێڕێتەوە، چونکە مامۆستا بە تەنیا بۆ خۆی نەژیا.

**ئەو کەسەی بێکەس نییەو خانە خەراب**

**دەك بە ژاری ماری بێ بادەو شەراب**

**ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان**

**ئەو کەسەی زەیرەی نەگەییە ئاسمان...**

نالەی جودایی , ل١٣

ئاماژەی مەسەلەی پێشینە دەکا...لەتاو دەردی زیرەی گەییە ئاسمان، دەڵێ ئەو کەسەی دەردی بە دەردی ئێمە نەبێ بۆی نییە بێتە کۆڕی ئێمەو ئەو شەرابەی لەتاو دەردان دەیخۆینەوە تا سووکمان بکا. بەژاری ماری سەهەندەو بێ دەردان بێ.

ئەمجار ڕوو دەکاتە مەیگێڕو بەهێنانی مەسەلەی کوردی کە دەڵێ "ماڵی دنیا چڵکی دەستەو دەوڵەمەند بێ بەقایە"، وشیاری دەکاتەوەو کە ڕوو لەلای هونەرمەند بکات.

**زێڕ بەلایە، بێ وەفایە، دەوڵەمەند**

**هەر هونەر نەمرە هونەروەر مەردو ڕەند**

چڵكی دەستە ماڵی دنیا وەك دەڵێن

ماڵ پەرست پەیمانشكێنەو بێ بەڵێن

هێمن وەك زۆر شاعیری بیر ناسكی تر لە دنیای خۆیو چوارچێوە نالەبارەكانی ژیان وەڕەس بووەو دەیەوێ وەك بۆچوونی خەیاموحافز، دەردەكانی بەمەی هێوركاتەوە، پاشان بۆ ئەوەی نالەی دەروونی بە سۆزتربێ هانا دەباتەبەر زایەڵەی نەیو شیعرەكەی مەولەوی "تضمین" دەكا.

مست مستم ساقیا دستم بگیر

تا نه افتادم زپا دستم بگیر

جاكە سەرخۆش بووم بە دەنگێكی نەوی

بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی

بشنو از نی چون حكایت می كند

از جدائیها شكایت می كند

ناڵەی جودایی، ل ١٧-١٨

ئەگەر مەبەستی مەولەوی لە نەی هەر نەی بگرین ئەوا لە نەیزار هەڵبڕاوەو هاواری گەڕانەوەی سەرچاوگەی ژیانی خۆی دەكا. ئەگەر مەبەستە عیرفانییەكەش بگرین. ئەوا روحی ناسكی مامۆستا لەهەردوو حاڵدا دەیەوێ بگەڕێتەوە زێدو سەرچاوەی ژیانو كانگای بیرەوەرییەكان، بەڵام هێمن ئەو دابڕانەی خۆی هەر بە نەی شوبهاندووە كەوا ناڵەی هیجرانو غەمی جودایی سەرهەڵداوە.

چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە

بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە.

ل٢٠

بەهێنانی ئەو مەسەلە كۆنە دەڵێ لە كاتێكدا بەرد لە بەرد بكرێتەوە دەنگی دێ! ئەدی ئەو دڵەی من كە دڵی ئینسانێكە چۆن لەو جودابییە هاوار نەكاو نەناڵێ.

شوورەی سنووران ڕێی جێژوانی بریوە هەوار تەراتێنگەی بەكرە شۆفارو دەهۆیە. دڕووی دوو ڕوویی و ڕیایی دڕكستانی نێوان دڵدارو دڵبەرە. پێكگەیشتنەوە ئەستەمە.

بەكرە شۆفارە ئەوی مۆخەی چنیم

زیی مەمو زینان ولاتی لێ تەنیم.

**کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک مەمێ**

**یایە زین لەکوێیە هاواری کەمێ**

**کوا قەرەتاژدین چەکۆو عەرفۆ لە کوێن**

**بێنە هانام وەک پڵینگی چنگ بەخوێن.**

**ل٢٠**

بەیتی مەمو زین شاکاری ئەدەبی کوردییە کە خانی کردوویەتە شیعرو بە چەند زمانان تەرجەمە کراوە، مەمو زین دڵدارو دڵبەرن. بەکر دوو ڕووی ئەم ئەوینەیە. لە شۆفاریو نابەکاری ئەو مەمو زین بەیەك ناگەن. باوکی زین مەم لە چاڵی زیندان دەکات، کە دەمرێ "زین"یش لەپاش ئەو خۆی دەکوژێ ئۆگرو خۆشەویستانی مەم بەکرە شۆفار دەکوژن ئەوان پێکەوە دەنێژنو بەکریش لەبەر پێیاندا ".کە ساڵی تازەو بەهار سەرهەڵدەدا. لەسەر گۆڕی ئەوان دوو گوڵی سوور دەڕوێ. لە گۆڕی بەکر دڕوویەکی ناحەز سەردەردێنێو دەکەوێتە بەینی گوڵەکانو لەوێشدا نایەڵێ بە یەکتر بگەن.

قەرەتاژدین زاوای ماڵی زینەو لە دۆستانی مەمە. چەکۆو عەرفۆیش دوو گەنجی مێرخاسن مامۆستایش خۆی وەك مەم ناساندووە کە بە تاوانی خۆشەویستیو پاکی لە چاڵی دیلیدایەو هاواری جوامێرانو دۆستانی هاوبیر دەکا.

**لاسە شۆڕێک بووم غەنمیی دوژمنان**

**ئێستە ئەنگواوم بەتیری چڵکنان.**

**وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ**

**کوانێ عێلو کوانێ خانزادو خەزاڵ**

**ل٢٠**

لاسە شۆڕی باڵەکان لە سوێی جوانیو خۆشەویستی خەزاڵ، خانزادی دەزگیرانو خێڵی باڵەکان جێ دێڵێو دەچێتە ماڵی بابی خەزاڵو دەبێتە خزمەتکاریان.

لە ئاکامو ڕێی ئەم ئەوینەدا، تیری چڵکنو خوێڕییەك دەیپێکێو هەر بەو زامە سەر دەنێتەوە. جا خانزدای دەزگیرانو خەزاڵی دڵبەر گەرمەشینی بۆ دەگێڕن.

مامۆستا هێمن بە ناکامی ئەوینو ژیانی خۆی, بەسەرهانی لاسە شۆڕمان بیردێنێتەوە کە هەموو زەمانێك مرۆڤی ئازاو مێرخاس بەدەستی ڕەزیلو ناپیاوان لەبەین چوونە. پاشان ئاماژەی ئەوینی ناکامی شەمو شەمزین دەکات. دوو ئامۆزا کە پاش تەمەنێك

چاوەڕوانی ئاقیبەت بۆ یەك نەبوون. (گۆرانی شاییەك دەگەڕێ بە دەنگی حەسەن زیرەکی نەمر، بەسەرهاتی ئەو دوو ئامۆزایەیە).

**زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست**

**هەروەکو شەمزین شەمیلەی خۆشەویست.**

لەم داستانەشدا شەمزینی دڵدار سەری خۆی هەڵدەگرێو زێدوگراوی بەجێ دێڵێ.
لەم بەیتانەدا ئەوی بەرچاو بێ دابڕانو جودایی دڵدارو دڵبەرە کە هەموو بەسەرهاتەکان دەقاودەق ژیانی مامۆستا خۆی دەگرنەوە.

**وەك سیامەندێ لە چۆڵو بەندەنێ**

**جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ**

**شەتڵی جواناوم منی سارده برین**

**کوا خەجم تا بۆم بگێڕێ گەر مەشین.**

**ل٢١**

ئەوین لەم داستانە بەناوبانگەشدا هەر ناکامیو مەرگە: سیامەندی دڵداری خەج لەگەڵ گراوی خۆی دەچنە کوێستانی کێلە سیپان. سیامەند لە ڕەوەزێکەوە بەسەر دارەبەنێکدا بەردەبێتەوەو ئەوین ناکام دەمێنێ. خەجیش لەتاو یاری وەفادار خۆی هەڵدەدێرێو پێکەوە دەمرن. ئەوی شایانی باسەو تراژیدیاکان پێکدێنێ ئەشقی ئەو دڵە پاکانەن کە ئاکامیان جوداییو دابڕانی هەمیشەییو مەرگە! دەجا لە دەروونی مامۆستا هێمنیشدا عەشقێکی پاك هەردەم بەگڕو پڕ تەشەنە بووە، بەڵام وەك خۆی هاوار دەکا پێی نەگەیشتووەو نەیدیتووە. شەرت ئەوەش نییە کە تەنیا ئەوین بۆ دەستگیران بێ، بەڵکو ئەوینی ئازادی، وڵاتو مرۆڤایەتیو...هەموو عەشقێکی پاكو ئینسانیو نەمرن.
ژیانی هێمن کە ئاوێتەی ژیانی میللەت بووەو بەکرە شۆفارانو نەیارانی گەل نەیانهێشتووە بگاتە زینی ئاواتی خۆی، ناچار زێدو خۆشەویستانی جێهێشتووە.

**مانگی کانوونێ بە چلوان دەرکرام**

**وەك برایم لەو وڵاتە ڕاونراوم**

**کوا پەریخان بەندوباوم بۆ بڵێ**

**بۆ نەسووتێم نەبمە پۆڵووی سەر کڵێ.**

**ل٢١**

مەسەلەیەکی مەشهووره بەتایبەت لە موکریاندا ئەگەر بە زستاندا کەسێك لە ماڵو وڵاتی خۆی دەرکرێ دەڵێن وەك برایمی بەسەرهات!

برایمۆك حەزی لە خاتوون پەریخانی خوشکی ئاغای خۆی دەکرد. پاش حەوت ساڵان خزمەتی میرشێخ، ئاخری ئاغا لە بەڵێنی خۆ پاشگەز دەبێتەوە. وەك مامۆستا خۆی دەفەرموێ دەوڵەمەند پەیمان شکێنەو بێ بەڵێن. زۆر بە نامەردی بە چلەی زستانێکی تووش لە وڵات دەری دەکەن. شاعیر، دوورخراوەیی‌و ئاوارەبوونی خۆی مەبەست بووەو بە داستانی برایمۆك نیشانمان دەدا.

دیسان هەر لەسەر ئەو سووتان‌و دابڕانە دەڕوا کە زۆربەی داستانە دڵدارییەکان بەمجۆرە سەریان هەڵداوەو شاعیرانی گەورەی ڕابردوو بەرهەمی نەمریان بۆ خوڵقاندووە. ئەمجارە بەسەرهاتی تاڵی وەلی‌و شەممان بۆ دەگێڕێتەوە:

**ئەو لە زۆران من لە ئارانێ دەژیم**

**کێ دەڵێ ئەمنیش وەلی دیوانە نیم.**

**ل٢١**

وەلی‌و شەم ئامۆزا بوون هەر لە تەمەنی خوێندنیانەوە شەم بۆ وەلی مارەکرا. پاشان لە بەختی ڕەشی ئەمان، لەسەر لەوەڕ دوو بنەماڵە دەبێتە شەڕیان‌و لەیەکتر دەکوژن. هەردوو لا جافی کۆچەری بوونە کە لە سنووری کوردستانی ئێراقەوە هاتوچۆی کوێستانی ناوچەی دیواندەرەو سەقزیان کردووە.

وەلی بە شوێن کۆچباری ماڵی شەمدا ئاوارەو هەڵوەدا بووە. لەم دوژمنایەتییەدا ئەم ئەوینەش ناکام مایەوەو وەلی کە زۆر شیعری جوانی بەم ئەوینەدا وتووە، هەڵوەداو ئاوات نەدیو سەر دەنێتەوە، بەڵام مامۆستا هێمن پاش ئەو هەموو جودایی‌و دابڕانە ئاسۆی ئاواتی رووناك دەبینێ‌و هیوادارە بەوەی کە ڕۆژێ هەر دێت بێتەوە زێدو وڵاتی خۆشەویستی‌و ئارەزووی لە مێژینەی دڵە شەیداکەی ببینێ. شیعرەکەی (مەولەوی) دێنێتەوەو دەفەرمووێ: **هرکسی کو دور ماند از اصل خویش**

**باز جوید روزگار و صل خویش.**

**دێم‌و ناترسم لە پەرژینی بەزی**

**هەر پەری سەرکەوت‌و دێوەزمە بەزی.**

**ل٢٢**

بەگشتی لەم داستانەدا کە مامۆستا ئاماژەی بۆ کـردوون دوو لایـەنی چاك‌و خـراپ هـەن لایەنی خراپە، درۆو دەهۆو ئەهریمەنییە، لایەنی چاکەش، ڕاستی‌و ئەوین.
لە فۆلکلۆری کوردیدا ئەفسانەگەلی دێوو پەری دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت کـە دێـو نیشانەی خراپەکاری‌و شوومی بووەو پەری ڕەمزی ڕووناکی‌و ئەهوورایی.
نازانم مامۆستا مەبەستی ئەوە بووبێ یان نا، بەڵام ڕۆحی ئەو وشانە دەمباتـە سـەر ئـەم بۆچوونە. لە شیعری "بەرەو ئاسۆ" (ل٣٦)دا بە ئاشکراتر ئەو پەیامە ڕادەگەیەنێ:

**من بەرەو ئاسۆ بەرەو ڕووناکی باڵم گرتووە**

**چۆن بەرەو تاریکی دەخشێم پاڵ وەشەیتانێ دەدەم.**

لە سەرەتای گاتەکاندا زەردەشت دەفەرموێ: ئەوەی حەزی لە تاریکی‌و ماتـەم‌و ڕەشـبیری بێ ڕێگەی ئەهریمەنی گرتووە. ئەوەش وا حەزی لە ڕووناکی‌و ئازادی‌و پاکی‌و جوانییـە، بەرەو ئەهوورا دەچێ. دەجا پـەیامی ئـەو شـیعرەی هـێمن‌و ئـەو فـەرموودەی زەردەشـت پێکەوە ڕاگرن. لە ئایینی ئیسلامیشدا ئاکامی پاکان‌و پیاوچاکان هەڵکشان‌و بەرەو نووری خودایی واتە گەڕانەوەی ڕۆح‌و بۆ سەرچاوەی خۆی.
لـە شـیعری سـازی ناسـازدا بـە ئاشـکرا ئامـاژەی مـووغی زەردەشـتی دەکـا کـە ئاورگـەی موقەددەسی کوژاوەتەوەو چاوەڕێی ئاکامی نادیارە.

**مووغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام**

**چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام.**

**ل٤٠**

هەروەها ئاماژە بە یەکەم شەوی زستان دەکا کە یەکێك لە جێژنـەکانی ئێرانـی باسـتان‌و کوردە. کوژانەوەی ئاورگە، نیشانەی شـوومی‌و نـەهاتی‌و زاڵبـوونی تـاریکی‌و ئەهریمەنـە. لێرەشدا مامۆستا دەیەوێ ژیان‌و ڕۆژە ڕەشی پیشان بدا.
دنیای شیعری هێمن بەگشتی دنیایەکی تایبەتی هەیە. مەگەر لـە شـاعیرانی ڕابردوومـان مەولەوی تاوەگۆزی دەنا کەم کەس توانیویە ئاوا بە وشەی ساکارو ڕەسەن وێنـەی ژیـان‌و فۆلکلـۆری کـوردەواری بـەو چەشـنە بخـەملێنێ. هـەر وشـەکان بـە تـەنیاش کەسـایەتی میللـەتێکیان پێوەدیـارە. لـە نـاخی سروشـت‌و وڵاتـی شـاعیر، گـووراون. هـەر وشـەی مەبەسـت‌و خـەیاڵێك، هـەر شـیعرێك گـەلێك بـیرەوەری تـاڵ‌و شـیرینمان بـیر دێنێتـەوە.

تایبەتمەندیی ئەو شیعرانە جۆرێکن، ئەگەر وەرگەڕێنە سەر زمانێکی تر لەوانەیە ئەو هەستو ڕۆحە گەرمەی تێدا نەمێنێ. بۆ وێنە:

....دێم بەرەو بەفرو چلوورەو بەستەڵەک

دێم بەرەو شێخاڵو ڕێچکەو ڕەشبەڵەک

....دێمو دەگرم بازی بێری-ی شۆخو شەنگ

دێمو دەگرم دەستی دۆی جوانو چەلەنگ

....دێمو هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد

دێمو دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد

....دێم هەتا هەمبێ برستو بیرو هۆش

گەر گلاشم کوردەواریو ئێوە خۆش.

بەو چەند شیعرە جوانەی ناڵەی جودایی کۆتایی بە وتارەکەم دێنم. هیوادارم توانیبێتم دەلاقەیەکی بچووکم بۆ ئەم مەبەستانە بەرەو دنیای شاعیرانمان کردبێتەوە...

**گۆڤاری رامان، ژمارە (٥٦)، شوباتی ٢٠٠١، ل١٤٠-١٤٢.**

# هێمـن

# شـــــاعیری عیشـــقو ئــــــازادی

**ئیبراهیم ئیسماعیل پوور**

**لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ  لەو دەمەیدا مامڵی دەڵێ قەتارێ**

**یادم بکەن یادی منی دوور وڵات  یادی منی رێبواری  رێگای خەبات**

**یادی منی بێ بەش لە خۆشیو شادی  یــــادی منــــی ســــەوداســــەری ئــــازادی**

رۆژهەلاتی ناوین یەکێ لە ناوچە هەرە گرینگەکانی جیهانە. سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکانو ئایینە مرۆییەکانو هەروەها دروست بوونی شارستانییەتی جۆراوجۆر لەو ناوچەیە بەشێکی زۆر لە گرینگییەکان پێکدێنن. ئەم چەند خاڵەی سەرەوەو هێندێ تایبەتمەندی تر بوونەتە هۆ کە فەرهەنگەکانی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین لە بەراوردکردن لەگەڵ دنیادا جیاوازییەکی زۆری هەبێ.

یەکێ لە گەلە هەرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە کوردە. گەلی کورد بە هۆی جوگرافیای تایبەتو شێوە ژیانی تایبەتو ڕادەی دەسەڵات بۆتە خاوەنی فەرهەنگێك کە ئەگەر نەڵێین لە تەواوی گەلانی جیهان، لە زۆربەی گەڵانی جیا دەکاتەوە. لەبەرئەوەی کوردستان لەباری جوگرافیاوە وڵاتێکی شاخاویو ئەستەمەو بە هۆی ژیئۆپۆلۆتیکییەوە بۆتە ئیستراتیژی وڵاتی دیکە. هەروەها لەباری ژیانیشەوە وڵاتێکی دواکەتوو کەم داهاتە (هەڵبەت لەبەر پێڕانەگەیشتنو دواخراوییەوە) لە دەسەڵاتیش بێ بەشەو...

ئەم تایبەتمەندیانە کە بە تێکڕایی باسیان کرا چ بۆ گشتی گەلانی ناوچەکە بە گشتیو چ بۆ کورد بەتایبەتی بوونەتە هۆ کە خەڵکان نەتوانن بە هاسانی دەست لە شارستانییەتی کۆنی خۆیان هەلگرنو یا خۆ لانی کەم بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێویست لەگەڵ ڕەوتی جیهانی بڕۆنە پێش. هەر بۆیە مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان لە داوی خورافاتو لە خۆ بێگانە بووندا ماونەتەوە.

مەرگ سێبەری بەسەر هەمووواندا کێشاوە. کارو ژیانو نووسینو رۆشنبیری وەك دیاردەکانی زیندوو بوونی گەلێك لێرەدا هەموو خاچیان بەدوا خۆیاندا دەکێشن. ئێستا رۆژهەڵاتی ناوین واتە ناوچەیەکی جیاواز لە هەموان. مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین کە لە ریزی بیرمەندانو زانایاندا نەبوو یانی مرۆڤی برکو ژانو مێشك داخراوو بێ

هەڵوێست. هەر بۆیە خاوەنی وڵاتو فەرهەنگی جیاوازبن. ئاشکراشە بە هۆی بارودۆخی تایبەتی ئەم جیاوازییە بۆ ئێمەی کورد زۆر بەرچاوترە. بەم پێیە دەبێ سروشتی بێ کە شاعیرانو بلیمەتانی ئەم گەلەش لەگەڵ شاعیرانو زانایانو بلیمەتانی ولاتانی تر جیاواز بن. هەر بۆیە مرۆڤی رۆشنبیری کورد زۆربەیان شاعیرو نووسەرو رامیارو خەباتکارو رۆژنامەوانو مێژوونووس بوون. کە ڕەنگە بتوانین ئەم دیاردەیە وەك هۆیەك لە هۆگەلی کەم پسپۆڕی لە وڵاتدا دەست نیشان بکەین.

یەکێ لەو پیاوە هەڵکەوتوانەی گەلەکەمان شاعیری پایەبەرز مامۆستا هێمنی موکریانییە. هێمن بە کردەوە بە شیعری پاراو چۆتە لوتکەی ئەدەبیاتی کورد، بە نووسینی وتارو چیرۆكو کتێب نووسەرێکی بە ئەزموون بووە بە دەربڕینی هەستو ڕای خۆیو دانانی شیعری سیاسی سەلماندویەتی کە لە سیاسەتدا شارەزا بووەو هەروەها لە کاتی خۆیدا بە هەڵوێست گرتن سیاسەتی کاری خۆی نیشانداوە. بە هەڵگرتنی چەك دژی زۆرداریو ستەم وەك خەباتکار ناوی لە ریزی خەباتکاران تۆمارکراوە. بەدەرکردنی گۆڤاری سروەو هاوکاری لەگەڵ گۆڤارەکانی هاواری کوردو هاواری نیشتمانو گروگاڵی منداڵانو هەڵاڵە لە مەیدانی رۆژنامەوانیش ئەسپی تاوداوەو بە نووسینی پێشەکییە بە تامو چێژەکەی تاریكو روون، تیشکی خستۆتە سەر بەشێکی تاریکی سەردەمێکی درێژی کوردستانو مێژووشی نوسیووە. ئەوەی کە لەو وتارەدا دەمەوی باسی لەسەر بکەم، رەنگدانەوە کێشەی نەتەوایەتیو بیری ئازادیخوازی لە شیعری مامۆستا هێمن دایە. مامۆستا هێمن بۆ خۆی لەم بارەوە دەڵێ: "شاعیر پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی کە دەبێ بۆ رزگاری خۆی هەوڵبدا. ئەمن لە وڵاتێکدا بام کە ژیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆم هەبا پێم وایە قەت نەدەچوومە نێو سیاسەتەوە؛ هەرچەند پێم وانییە ئەدەب لە سیاسەت دوور بێ". هێمن شاعیری گەلە. گەل خۆشەویستیو نیشتمانپەروەری هەوێنی شیعری ئەم شاعیرەن. وڵاتو گەلو نیشتمانەکەی لە پەنا وڵاتو گەلانی تر خۆشویستوەو رێزی بۆ هەموو گەلو نیشتمانێك داناوە. واتا خۆی لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی بەرتەسکدا نەهێشتۆتەوەو تووشی بیری شۆڤینیزمی نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە نیشتمانپەروەری لەگەڵ بیری فراوانی ئینتەرناسیۆنالیزم تێکەڵ کردووە. لە پراکتیکدا بەنووسینی شیعری کوردو ئازەربایجانی سەلماندویەتی کە گەلان هەموو برای ئەون. ئەگەر بێتو لە چاوی فەلسەفەی

ئەمرۆییەوە بە ناخی شیعری هێمن رۆچین، دەبینین کە وەك ئیگزیستانسیالیزمەکان باوەڕی پتەوی بە ئەوپەڕی رەنگدانەوەی ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵدا بووە. بە ئاسۆیەکی بەرفراوانی بیرەوە پێی ناوەتەوە هەرێمی ناسینی گەلان‌و مرۆڤ بە گشتی".

**ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی**

**چۆن گەلی داماوو دێڵ‌و مات‌و غەمگینم دەوێ؟**

ئەوە گڕو گڵپەی نیشتمان‌و گەل خۆشەویستییە کە شاعیر لە شایی‌و خۆشی‌و گریان‌و رۆژو شەوو لە سەیری گوڵزارو تەنانەت لە کاتی ژوان‌و دەسبازیشدا، نیشتمانی لە بیرناچێتەوە. لە کەش شاراوە نییە کەم کەس هەیە هێندە مامۆستا هێمن جوانپەرەست بووبێ. ئەم شاعیرە عاشقی خاڵ‌و گەردن‌و شەوداوەت‌و رێبازگرتن‌و شەدەو مینی زۆپە، کاتێ دەبێتە ئەندامی ژ.ێ. کاف، ئەندام بوون وەها کارتێکردنێکی دەکاتە سەر کە هەروەکو بۆ خۆی دەڵێ: "شێعری کوردم ئەمنم لە هەلۆمەرجێکدا گوتووە کە دەربڕی پڕاوپڕ هەستی دەروونمە"، هێمن هەموو جوانییەکان‌و ئاواتی لە شاخ‌و ئازایەتیدا دەبینی:

**عاشقی چاوی کەژاڵ‌و گەردنی پڕ خاڵ نیم**

**عاشقی کێوو تەلان‌و بەندەن‌و بەردم ئەمن**

هێمن تەنیا بە خۆشەویستی نیشتمانەوە نەوێستاوە. هەوڵی ناسینی نیشتمان‌و گەلەکەی بە خەستی داوەو دەردی کۆمەڵی ناسیوەو ئەمجار بۆ لابردنی ئەم دەردانە تێکۆشاوە. نیشتمانی مامۆستا هێمن وەك خۆی ناسیویەتی وڵاتێکی تەواو سوننەتییەو ڕادەو پلەی خوێندەواری ئێجگار کەمە. هەر بۆیە بەشێوەیەکی زۆر شارەزا سادەو ساکار شیعری نوسیوە لە وشەی هەرە رەسەنی کوردی کەڵکی وەرگرتوە. یاخو بە وتەی خۆی لەبەرئەوەی کە لە دێ شێعر نوسینی دەست پێکردوە هەوڵی داوە بە زمانی خەڵکانی گوند بنوسێ‌و هەر ئەوە بۆتە هۆ کە لە زمانیشدا شیعری پاراوو جوان بن. وەك پسپۆڕێك بەو قەناعەتە گەیشتووە کە زمانی سادەو شیعری سادە دەتوانێ هاندەری خەڵك بێ‌و کاریان بکاتە سەر:

**گوارەکەی زێرت بەکار نایە لە گوێ بگرە قسەم**

**لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە**

هێمن شاعیری سەردەمی غەوارەبوونی هوشیارییە. هوشیاری کۆمەڵو تاك لە نزمترین ئاستی خۆی دایە. ئەو کۆمەڵەی کە ئێستاش تاك ناتوانێ شوێنی لەسەر دابنێو هەموو وەك کۆ دەژین. یان ئەوەتا هەموو تێکڕا ئاگر دەگرن یاخۆ هەموویان ساڵیانی زۆر لە بەستەڵەکی ژیاندا دەبنە پەیکەر. زانایی لەوەها کۆمەڵێکدا خۆی لە خۆیدا دەردو ئازارە. هەست کردن بەو ئازارە تاقەت پرۆکێنتر لەو ئازارەیە کەبەسەر ئەم کۆمەڵە نوستوەدا زاڵەو لێی بێ خەبەرە:

**دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی**

**دەردی وشیاریو سەبوری کوشتمی**

کاتی هێمن باسی ئەو گرووە دەکا کە بۆ یەکسانی گرتوویەتی خوێنەر دوو یەکسانی لە مێشکیدا دەنەخشێ:

یەکەم ئەوەیە کە شاعیر گەرەکیە گەلەکەی وەك هەموو گەلانی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێو مافی یەکسانی پێ ڕەوا ببیندرێو چی دی مافەکانی پێشێڵ نەکرێ. یەکسانی دووهەم ئەو یەکسانییەیە کە ژنیش وەك نیوەی کۆمەڵ مافی خۆی پێبدرێو هیچی تر لەژێر چەپۆکەو مافخوراو نەمێنێ. دەزانێ کۆمەڵێك رزگاری بە خۆیەوە دەبینێ کە ژن لەو کۆمەڵەدا، رزگارو ئازاد بێ.

**چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستە بێ**

**بەس نەبێ ئەو کۆیلەتیو ئەو کچ لە ژووردا بەستنە**

ئەم بۆچوونەی مامۆستا هێمن رووی رووناکی بەخۆیەوە دیوە، بە ئاشکرا دەبینین لەوەتەی ژن لە باکوری کوردستان وشیارانە هاتۆتە کایەوە کێشەکە زۆر لە ئاسۆ نزیك بۆتەوە. تەنانەت هێندێ جاریش تیرێژی بەدوا خۆیدا هیناوەو چارەسەری ساناتر کردووە. مامۆستا بۆ ئەوەی بە خەستی جەختی لەسەر ئەم باسە کردبێ، لە چەند شێعری خۆیدا رووی لە ژنان کردووەو بۆ رزگاری هانی داون. کە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم شێعرانە گوڵی هیواو لەیلاو یادگاری شیرینە. شاعیر کاتێ وەك خەباتگێڕ لە حاند دوژمن رادەپەڕێ، ئیتر باکی لەو نامینێو بە گۆرانی مەتەرێزی شەرەف ورەی خۆی بەرز رادەگرێ. بەڵام کاتێ لە حاندا مرۆکوژیو پێشێڵ کردنی مافی گەل لە وڵاتەکەی لەلایەن دوژمنانیەوە بیروڕای جیهانی بێدەنگ دەبینێ، ئازارەکانی تەشەنە

دەکەنەوە. ئەو کاتە زیاتر هەستی بە بێبەشیو چارەڕەشی گەلەکە دەکا کە دەبینێ هەموو جیهان لە حاند ژینۆسایدو ئەنفالو ناپاڵم باران، چاوو گوێیان بەستووە:

**نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من**

**ئەوە سەختە کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵەناڵی من**

کورد خۆی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانو بەرینە تەریك ماوەتەوەو وەك لە تایبەتمەندییەکانی گەلانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ئاماژەمان پێکرد کوردیش لە چوارچێوەی تەسکی بیرە داخراوەکاندا حەبس کراوە. ئەمە بۆتە هۆ کە خۆشی وەك گەلێکی دیلی ئەم بەندانە بە دەردی خۆی نەزانیوە. هەر بۆیە هێمن وەگ گۆرانی شاعیر بە شێوەیەکی کۆمەڵناسی ئەم ئاستەنگەش بە دەردێکی کۆمەلایەتی نێو دەباو بۆ سارێژی ئەم زامە هەوڵی داوە:

**رۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپۆنی ورد**

**هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد**

شاعیر بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی تەرخانی خەبات دژی ئیمپریالیزمو دیکتاتۆری دەکا. گەرەکی بووە ئاسەواری نەگبەتی پەهلەوی نەهێڵێو ئیمپریالیزمی وەك خوێنخۆری گەلانی ژێر دەستە ناسیوە. لەگەڵ رژێمی پاشایەتیدا ئاشکرا دژایەتی کردووەو لێی یاغی بووەو بەم هۆیەوە تووشی ئاوارەییو تاراوگە بووە. چەند ساڵ لە بەغدا ماوەتەوەو هێزو دەسەلاتی رژێمی پاشایەتی خستۆتە ژێر چاودێریەوەو بە ڕسکانی بیری ئازادیخوازی خەڵك گەلێك دڵخۆش بووە. نە تەنیا وەك هیوا بەڵکو رووخانی ئەم رژێمە زاڵمەی پێشبینی کردووە. بۆ خۆی لەسەر شێعری سوڕی دەوران ئەم پێشبینیە ئاوا دەڵێ: "من دەمزانی کە دەرووخێ بەلام هێندە نزیکم پێشبینی نەرکردبوو".

**بە ئەفسانەی دەزانن سوڕی دەوران**

**غولامو ورتکەخۆری دەرکی گەوران**

**بەلام رۆژێک دەبێ دەوران بدا سوورِ**

**لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵك کوورِ**

هێمن بەو دەردو ئازارەی زانیوە کە کورد سەرەڕای ئازایەتیو نەترسی، بەهۆی بێبەشی لە کاریزماو لیدێرێکی لێزانو شارەزا نەیتوانیوە بە مافەکانی بگا. بە خوێندنەوەی مێژوو ئەو راستەقینەی بۆ روون بۆتەوە کە لە زۆر هەڵومەرجی ناسکداو لە زۆر

سەرهەڵدانە بە هێزەکاندا ئاکاری ڕێبەرێك بۆتە هۆی چەواشە بوونی جولانەوەکەو نەزۆرك بوونی بە دواوە بووە. هەروەها نەزانیٚ کە خەڵك بەو قەناعەتە نەگەیشتوون کە خۆیان وەك مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست بێنە مەیدانو شارەزایانە گۆڕەپانی هیواو هومێد بپێونو لێزانو پێگەیشتوو چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن، چاوی هومێدو هیوای بڕیوەتە پێش سوارەکانو کاتی ئەوانیش تەواو نابینیٚ وەك هۆکاری سەرنەکەوتن دەست نیشانیان دەکا.

(خەتای سواران نەبوو، پێش سوارەکانمان قورسو ناوەستان). هەر وەك گوتمان هەموو هەرەس هێنانەکان لە ناوەستایی ڕێبەرانو کاریزماکانمان نەبووە. دەبیٚ بارودۆخو هەڵومەرجی تایبەتی سەردەمو ناوچەش لەبیر نەکەین. زۆرجار خیانەتی وڵاتێکی بە ڕواڵەت دۆست بۆتە هۆی شکستو هێندیٚ جاریش دەست تێوەردانی زلهێزەکان ماڵی کوردی وێران کردووە. هەر بۆیە هێمن بەوپەڕی متمانەوە پاڵ بە کۆمارەکەی پێشەواوەدە داو گەلو نیشتمانەکەی بە ئەو دەسپێریٚ:

**تۆم بە خوا ئەسپاردو ئەسپاردم بە تۆ ئەی پێشەوا**

**میللەتی دڵپاكو چاكو نیشتمانە جوانەکەم**

هێمن لەگەڵ هیواکانیدا دەژی. مرۆڤی بی هیوا لە ژیان بیٚ بەشە. عەشقو ئازادی دوو پەنجەرەن کە ڕوو بە هیواکانی هێمن دەکرێنەوە. ئەو هیوایانەی کە شاعیر بەرەو ڕووناکیو ئاسۆ باڵی بۆ گرتوونەتەوەو هیچ هێزێك ناتوانیٚ تازە بەرەو شەیتانو تاریکی ببا. ئەو ڕێبوارە نەسرەوتەیە کە هەردەم لە ریٚ پێوان دایە. لە ڕێدا مانی پیٚ لە راوەستان باشترە، دەیەویٚ مرۆڤەکان هان بدا بۆ ئەوەی خەبات بکەن بۆ ئامانجەکانیان ئەگەر چی پێیان نەگەن:

**هەتاکوو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشقو ئازادیم**

**ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر**

ئازادی وشەی روح سووکی سەر زارو قەڵەمی هێمنە. هەموو شتێکی بۆ ئازادی دەویٚ. مرۆڤایەتی لە ئازادیدا دەبینیٚ. ئازادی ئامانجی خەباتی ئەوو گەلەکەیەتی — مامۆستا دەزانیٚ بە هۆی نالەباری بارودۆخ لە وڵاتی ئێمەدا ژن دووجار دیلە. واتە جیا لە ئەو دیلییەی کە وەك نەتەوە بە دیلی ماوەتەوەو نەیتوانیوە شنەی رزگاری هەڵمژی جارێکی

تر لە بەندی پیاو سالاریدا ماوەتەوەو یاسای پیاو سالاری ژنی لە ژن ئەستاندووە. هەر بۆیە مامۆستا لە تاکە بەیتە جوانەکەیدا زۆر بە جوانی ئەو دەردەی زەق کردۆتەوە:

**ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم**

**تەماشاکەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم**

مامۆستا لە وڵاتی خۆیدا هونەرەکەشی بە دیل دەزانێ. دەیەوێ لە هونەریشدا بە ئازادی بگا. بە هۆی نالەباری ئاستی ژیان بۆ هونەرمەندو مامەڵەی نادروستی کۆمەڵ لەگەڵ هونەرمەند، هونەرەکەی خۆی بە غەریبو تەنیا دەزانێ. مامۆستا وەك شاعیرانی مەکتەبی رۆمانتیك ویستویەتی وشە ئازاد بکا وە لە دیلی نەجاتی بدا. هەر بۆیە دەبێ کەوتبێتە بەر تانەو تەشەری نەزانانو لە هونەریشدا ئاڵۆزی پەرێشانی بەرچاو کەوتبێ:

**هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەی دا**

**بەشی من بۆ دەبوو چارەرشیو خانە خەرابی با**

واتە مامۆستا هێمن رزگاری تەنیا لە خەباتو شەڕی چەکدارانەو بەرهەڵست بووندا نابینێ بەڵکو پێی وایە کە ژیان دەبێ تەژی لە هونەری پاكو بێ ئاڵۆزی بێو دنیاش لە یاساو رێکوپێکی بەهرە بباو ئازادی وەك فریشتە رێزی لێ بگیرێ. ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا پێك بێو رۆشنبیری بە لوتکەی خۆ بگا. فریشەی ژین لە شیعری هێمندا ژنەو هەوێنی ژیانیش ئازادی. بۆیە کاتێ دەیەوێ لە نرخی ژیان بدوێ، فریشتەو هەوێنی ژین لە پەنای یەك رادەگرێو بە دەربڕینی خۆشەویستی لە حاند یەکیان ئەوینی ئەوەی تر نیشان ئەدا:

**بەڵێ سەختە یەکجار سەختە**

**دووری لە ژن نامرادی**

**بەڵام لە ژن خۆشەویستر**

**لەلای من ئەتۆی ئازادی**

ئازادی لە ژیانی شاعیری گەلدا نرخی ساندووەو پەڕەوازەی هەندەرانی کردووە. هەر ئەوەی کە نەیتوانی چیتر زوڵمو ستەم دەرهەق بە خۆی قبوڵ بکاو بە سیستم ناڕەزای دەربڕیوەو سنووری پەڕاندووەو لە بەرانبەر زاڵماندا راوەستاوەو بە هەموو شێوەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لە خەباتدا بووە خۆی دانی نرخی ئازادییە. تا ئەو ڕادەیەی کە کراوەتە نیشانەی تیری خەمو شانی لە بن باری خەمدا خزیوەو پاش هەست بە زۆرداری

کردنێکی زۆر بە تیخی زۆرداری بریندار کراوە. هێمن کاتێ زانیویەتی وشە ناتوانێ بەر بە کوللە بگرێ هاتووە دڵی بخنێتە لوولەی تفەنگەوە. هەر بۆیە شەهید لە شیعری هێمندا روحی پەری ئازادییە:

**تا بە دەستی پەری ئازادی لەسەر گۆڕی شەهید**

**گوڵە شللێرە لە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریم**

شەهید بوون تەنیا بۆ لەدایك بوون و مانی پەری ئازادی بە ڕەوا دەزانێ. دەنا هێمن شاعیری جوانپەرەستو ژیان خۆشەویستو ئاشتیخوازە. هاوڕازی بولبولو وەنەوشەو مەیو ساقیو نەیە. ژینی تەنیا لە رێی حەزرەتی ئازادییدا دەبەخشێ:

**نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من دەنا**

**خوێنی شیرینم دەوێ کوا تەرمی خوێنینم دەوێ**

هێمنی سەوداسەری ئازادی تا دوا هەناسەی هیچ کەندو کۆسپێك هەنگاوی پێ شل نەکرد. هەروەك دەڵێ لە شانو باهۆی خۆی ڕادیو سەدان گابەردی زلی تلداو بە هەڵبژاردنی ژیانی پڕ لە فرمێسكو ماتەم خۆی سوتاندو بەزمی خەڵکی رۆشن کرد. ئەو هەموو نامرادییە نەیتوانی کاربکاتە سەریو بەرەو ئاسۆی روون هاتو ئاواتەکانی هەر بەهێز بوون:

**دێمو ناترسم لە پەرژینی بەزی**

**هەر پەری سەرکەوتو دێوەزمە بەزی**

شیعرو ژیانو نوسراوەکانی هێمن بوونە قوتابخانەیەك. ئێستاشی لەگەڵ دابێ خۆشترینو بەتامو چێژترین سروودی خەباتو نەسرەوتنو بەرەو پێشچوون لە شیعرەکانی هێمن دروست بوون. زۆربەی شیعرەکانی بە گۆرانی گوتوویانو هەر بەسەر زاری خەڵکەوە بوون. هێمن دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لەگەڵ هەموو کوڵو دەردو حەسرەتو ئاواتە مەزنەکانی چووە نێو دڵی خەڵکەوەو هەتا هەتایە هەر دەمێنێو نەوەکانی کورد بە رێزەوە ناوی دەبەن تا هونەرو شیعر زیندوون رۆحی هێمن ئاوێتەی رۆحی گەلەکەیەتی:

**ئاگری سینەم بڵێسەی دێو وڵات رۆشن دەکا**

**ئەو دەمەی خۆم وەك دڵۆپێك دەچمە نێو دەریای عەدەم**

**گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە ٤٥، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٤.**

# ئـــەحلام مەنســــوور

## ئیلهـــــــــامی شـــێعری هێمــــن

**وتووێژ: مەهاباد ( ۱۳۸۳/۱۰/۷ هەولێر )**

**هەڵدانەوەی پەردەی ژیانی گەورە پیاوان، لادانی سووچی پەردەی مێژووییە، بە خۆشیو ناخۆشـیو تـاڵیو سـوێرییەکانییەوە، ئـەویش ئەودەمـە دەسـتی بـەهێزی ئـەوین بێتـە کایەوەو شاعیرێکی وەك هـێمن بهارووژێ؛ دڵە جوان پەسـندەکەی وەك کۆترێ بگمـێو چاوە جوان بینەکەی لە دوو ئەحلامی بخوشـێ. شـاعیری پـەڕیوەی دوورە وڵات بکەوێتـە دوای بسـکی کچـە کـوردێو بـۆی لـە ژیـانو مرۆڤایـەتیو سەربەسـتی ژن بـدوێ. بیرەوەرییـەکانی ئـەحلام مەنسـوور، هـێمن سـەد هێنـدی جـاران لەبـەر دڵان جـوانترو خۆشەویستر دەکا.**

**ئەحلام مەنسوور، ساڵی ۱۹۵۱ لە بنەماڵەیەکی فەیلی لە خانەقین لە دایك بوو. ساڵی ۱۹۷۰ چـووەتە کـۆلێجی بەشـی کـوردی زانکـۆی بەغـدا. سـاڵی ۱۹۷٤ وەك یەکـەم ژنـی ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا لە بەغدا دامەزرا. سەبارەت بـە پشتگیری لـە مـافی ژن، ژیـانی دەکەوێتـە ئاسـتەنگەوەو خـۆی گوتـەنی تـەنیا کەسـێ کـە بـە یارمەتییەوە دەچێ مامۆستا هێمن دەبێ. ئەحلام دەڵێ: "هـێمن فێـری کـردم بـڕوام بـە خـۆم بـێ، بـڕوام بـە پێنوسـەکەم بـێ، بڕواشـم بـە بـیرو بـاوەڕی ئاشـتیخوازانە بـێو لـە کەسـیش نەترسـم. هـێمن فێـری کـردم کـوردم خـۆش بـوێ، کوردسـتانم خـۆش بـوێ، میللەتەکەم خۆش بوێ؛ ببم بە خـاوەنی خـۆم "ئـەحلام مەنسوور کۆمەڵە چیرۆکێكو هەروەها بینای هونەری چیرۆکی کوردیو ڕۆمانی ئەلۆوەنی لە چاپ داوە. بنـەمای فکـری ئەحلام لە شیووعییەوە دەستی پێکراو دوایی لەگەڵ محەممەد موکری ئەدەبی وجوودی دامەزراند، ماوەی دوازدە ساڵ نیهیلیستی بووەو خۆی گووتەنی ئێستاش مۆدێرنە.**

**⭑ بەڕێز ئەحلام خان پێم خۆش بوو لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییەی تووشی هاتوویو ئاستەنگەکانی بە تێروتەسەلی دوابایین. بەڵام من بە شوێن ئەو بەشە ونبووەی ژیانی مامۆستا هێمنم کە تەنیا لای تۆ دەسدەکەوێ. هەر بۆیە ئیزن دەخوازم پرسیارەکەم لێرەوە دەست پێبکەم کە بۆ یەکەم جار کەیو لە کوێ هێمنت ناسی؟**

- ساڵی ١٩٧٤ له كۆڕی زانیاری یان دەزگای ڕۆشنبیری كوردی بوو. مامۆستا هێمن پەنابەر بوو له بەغدا، خۆشی ئەندام بوو له كۆڕی زانیاری كوردو هاتوچۆی ئێمەی دەكرد له دەزگای ڕۆشنبیری. هەرچی شێعری دەنووسی، بۆی دەهێنام، دەیگوت: "ئالآم ئەمەم نووسیوە، ئەلان بیخوێنەرەوە؛" ئەمخوێندەوە. ئەودەم مامۆستا هێمن له شەستەكاندا بوو من له بیستەكاندا. ئەو زۆر جوان بوو؛ سەری سپی بوو، پانتۆڵی كابۆیی له پێ ئەكرد، سپۆرت بوو، لەگەڵ گەنجانا هەڵئەساو دادەنیشت، ئازاد بوو. بەڵام بێ ئافرەت بوو. منیش تەنیا لەگەڵیا هاوڕێ بووم. دۆستایەتییەكی قووڵی فكریو كوردایەتیو ئەدەب ئێمەی كۆكردەوە. پێی خۆش بوو لەگەڵیا دۆست بم.

بەڵام ئەمەندەم خۆش ئەویست، خۆشەویستییەكەم سەرووی دڵداری بوو؛ وەیدەزانی من گەنجمو ئەو پیرە بۆیە دڵداری لەگەڵ ناكەم. كێشەكە وا نەبوو. ئێستا بەعزە جارێ ئەخەوم؛ تەمەنا ئەكەم لەم تەمەنەما مامۆستا هێمن ببێ بە هاوڕێمو هەست بكەم كە پشتم هەیە. مامۆستا هێمن بڕبڕەی پشتی من بوو....

★ تۆ كە ئەوها لە هێمن نزیك بووی، ئەشێ بەشێ لە بەسەرهاتی بزانی كە نەهاتۆتە نێو گۆڤارو ڕۆژنامەكانەوە؟

- بەیانییەك هات، وتم بچوو ڕەسمێكم بۆ بێنە؛ ڕەسمێكی جوانی خۆت با بۆ یادگار لە لام بێ. چوو هاتەوە وتی ئالام هەرچی ئەلبۆمو هەرچی وێنەم هەیە، هەمووی براوە! وتم مامۆستا بۆ؟ وتی ئەیانەوێ بازرگانیم پێ بكەنو دوای مردنم وێنەكانم لای ئەوان بێ. ئەودەم لەگەڵ هاواڵەكانی ئێرانی خۆی دراوسێو یەك ماڵ بوون؛ هەموویان پەناهەندە بوون. مامۆستا هێمن لە هەموویان جوانتر بوو. بڕواشی بە كۆبوونەوەی نێو خۆیان نەبوو؛ تاقەتی نەبوو بچێ بۆ كۆڕ. جارجار ئێمە پێكەوە لەسەر دیجلەدا دانیشتبووینو چاومان لە كۆترەكان ئەكرد، هەروەكو دوو هاوڕێو هیچ شتێ نەبوو لە بەینمانا.

★ گوایە هەندێ لە شێعرەكانی بۆ تۆ وتووە؟

- ئێستا گۆرانییەكی باو هەیە "چاوەكەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە..."ی پێشكێش كردووم لەگەڵ "ماچی سینەمایی"و...

★ شێعری "چاوەكەم"و "ماچی سینەمایی"و... چلۆن لە ناخی هێمنا سەریان هەڵداو دەوری تۆ چی بوو؟

– من دانیشتبووم  لەلای کاکە فەللاحو مستەفا نەریمان. بە حوکمی ئەوەی کە بۆی بڵاوکەنەوە شێعرەکانی ئەهێنا بۆ گۆڤاری بەیان. من لە هاوکاری بووم. هەر بۆنی مام هێمنم بکردبایە ئەچووم لەو مەجلیسە دائەنیشتم. بەخێرهاتنم ئەکردو ئەم لاو ئەولام ماچ ئەکردو باوەشم پێیا ئەکرد. رۆژێ هات وتی: "کاکە فەللاح! ئەم شێعرەم نووسیوە ئەوشۆ، بۆم هێناوی، بۆم بڵاودەکەیەوە؟ "وتی: "بە سەرچاو مامۆستا گیان." لەبەر پێی هەستانو شێعرەکەیان لێوەرگرت. کە گەڕایەوە وتی: "ئەتۆ دەزانی ئەم شێعرە بەشێکی لەسەر تۆم نووسیوە؟ وتم: "با ئەزانم وایە".

بەرەبەیانێك هات: سەعات حەوتو نیو بوو، خۆش بوو، وتم: "بەخێر بێی". باوەشم پیاکرد. وتم: "دانیشە ئیسراحەت بکە." دووەم رۆژ هات وتی ماچی سینەماییم نووسیوە. یەك بڕگە لە ماچی سینەمایی لە خوارەوە باسی من ئەکا. کە شووم کرد ئەم بڕگەیەم بڕی.

⋆ ئەو بڕگەیەی کە بڕیت چی بوو؟

– بە بیرم نایە. ناوی خۆمی لەسەر بوو. ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو کە ماچی ئەحلام خوداییيەو خۆشترە لەو ماچانەی کە لە سینەما ئەیبینین. ئەڵێ ئالامو ئەحلام، یەکی کۆتایی بە ئالامی بە ژان دێت، ئەوی دیش کۆتایی بە ئەحلامی. بە خەون دێت. بە خەتی خۆی لەلام بوو.

⋆ دواتر کاری تۆو هێمن بە کوێ گەیی؟

– بـە بـەردەوامی حەفتـەی جارێـك دووجـار یـەکترمان ئـەبینی. پیاسـەمان ئـەکرد، ئەمانخوێندەوە، ئەمانووسی. شتی خۆم بۆ ئەخوێندەوە. ئەیوت: "تۆ پێش میللەتەکەی خـۆت کـەوتووی بـە پـەنجا سـاڵ. تـازە نـە تـۆ پاشـگەز ئەبیتـەوە لـە کێشـەی خـۆت، لـە هەڵوێستە رەهاییەکانی خۆتو نە ئەو میللەتەش بە ئاسانی ئەگاتە تۆ. هەر جیاوازیتـان ئەبێو تا مردن تۆ مەینەتی ئەکێشی.

⋆ جگە لەگەڵ تۆ بوون، خۆشییەکانی دیکەی هێمن چی بوون؟

– بەیانیان ئەهاتە دەزگای رۆشنبیری یا ئەچوو بۆ کۆڕو ئێواران لە ماڵەوە بوو. ئەبوو بە شەو لەگەڵ هاوڕێیانا رایئەبوارد.

⋆ ماڵەکەی تەنیا بوو. تۆ نەدەچوویە ماڵی؟

– نازانم، نەچوومە ماڵی. هەر لە دەزگا ئەمبینی. ئەیوت مەیە بۆ ماڵەوە چونکە ماڵەکە پۆلیس هەمیشە چاودێری ئەکاو خەڵکی لێیەو ئێرانی لێیە. رۆژێکی تا نزیك بەنزینخانە لەگەڵیا چووم، نزیکی ماڵەکەیان بوو لە کەرڕادەی داخل، وتی لەم ناوەیە؛ ئیتر نەمزانی کوێیە لە بەغا.

★ چیتر؟

– رۆژێکی هات وتی: "ئالام بێ تاقەتم، نەخۆشم." وتم: "مام هێمن ئەتبەم بۆ لای پزیشك".

★ پێت دەگووت مام هێمن؟

– نا بە ناوی خۆی بانگم ئەکرد.

★ دەگوت چی؟

– ئەموت هێمن گیان، ئا! هەمیشە دەموت مامۆستا هێمن. یەکجار وتم هێمن گیان.

★ باشە بۆ وا توند بووی؟ بۆ وا بێ ئینسافیت دەکرد؟

– سەفی بووم، ئینسانێکی خراپ بووم، دڵ رەق بووم زۆر! خوا تۆڵەی وی ئێستا لە من ئەکاتەوە، پیربووموو....

★ با بگەڕێینەوە لای پزیشك.

– بردم بۆ پزیشك. قژی تێکچوو بوو. دەمو چاوی تێکچوو بوو، دەمو چاویم بۆ شۆردەوە، وشکم کردەوە، قژیم دایەنا، بۆنم لێدا، بردمە ژوورەوە. ئەو دوکتۆرە هاوڕێم بوو. چاوی لێکرد، یەکەم پرسیاری لێکرد وتی ئیشت چییە؟ مامۆستا هێمن وتی شاعیرم. من تەرجومانی بووم. دکتۆرە عەرەبەکە ڕوومەتی سوور بۆوە، چاوی گەش بۆوە لە خۆشیان. وا خزمەتی کرد، وا عیلاجی کرد. وتم ئەمە جەواهێری کوردە. وتی سحەتی باشە، بەس دەبێ خواردنەوە کەم کاتەوە. سەرخۆش ئەبوو؛ بەس عاشقێکی گەورەی ژیان بوو. مامۆستا هێمن رۆشنبیر بوو، شارستانی بوو، چاوکراوە بوو، بۆ نموونە ئەیوت منەووەری ژنی نازم حیکمەت چ پێویست ئەکا دوای نازم بێوەژن بێ! با شوو بکاتەوە. خۆی ببەستێتەوە بە مردوویەك چۆن ئەبێ؟! هەر زۆر رۆشنبیر بوو، ئافرەتیشی خۆش ئەویست. ئاشقی ئافرەتی جیهانی بوو نەك هەر کورد.

★ ئەحلام خان هیچ دەتزانی کە مامۆستا هێمن لە بنەماڵەیەکی گەورە بوو لە مەهاباد، خاوەن مڵكو ماش بوو؟

– نەمدەزانی. ساڵی ١٩٧٤ مامۆستا هێمن وایدەزانی من لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیم‌و ئۆتۆمبێلم هەیەو...!! رۆژێ وتی ئەحلام با ماڵەکەت ببینم. بەڵێ چووینە سەر پردەکەو سەیری کۆترەکانمان کردو گەیاندمە ماڵە خۆم. قاپێکی بچکۆڵەی تیا بوو؛ دوو هێلکەی تیا بوو، حەسیرێك‌و بەڕەیەك ڕاخرا بوو، پیاڵەیەك بۆ چایی! مامۆستا هێمن زۆر سەرسام بوو! وتی: "نازدار چۆن تۆ لەم مەینەتیا ئەژی؟! تۆ ئەبێ جوانترین خانووت بێ. " وتم: "مامۆستا هێمن، من شیووعیم، لەم ژوورەدا گەورەترین کۆبوونەوە ئەکرێ." زۆر خەفەتی خوارد. وتم: "مامۆستا هەر مێشکم هەیە، هیچم نییە". زۆری پێ خۆش بوو. لەو رۆژەوە زیاتری خزمەت ئەکردم. مامۆستا هێمن مرۆڤێکی وجوودی بوو؛ سەرووی شیووعییەت بوو. مرۆڤێك بوو بەڕاستی جێی تەقدیرەو ئێستاش زۆرجار خەوی پێوە ئەبینم. زۆرجار لە شەوانی تەنیاییمدا هەست ئەکەم بۆم ئەدوێ، رووحی دێتە ژوورەکەمەوەو قسەم لەگەڵ ئەکا. من مام هێمنم بیر ناچێتەوە، هەمیشە سەیری وێنەکەی ئەکەم، هەمیشە چاوم تەڕە بۆی، هەمیشە رۆحم پەرۆشە بۆ مامۆستا هێمن. هەست دەکەم بەبێ هێمن بێکەسم؛ بڕبڕەی پشتم شکاوە. دووپاتی ئەکەمەوە کە مام هێمن نەك بە شکڵ هەر جوان بوو بەڵکو لە هەموو شتێکا جوان بوو.

★ کاتی چۆوە ئێران چیت کرد؟

– پێی ناخۆش بوو بگەڕێتەوە. بە دزێوە هات وتی: "ئالام ئەمن حەز ناکەم بڕۆمەوە ئێران، من ئینسانێکی ئازادیخوازم، هەڵناکەم. هاوالآنی رۆیشتن هەر مام هێمن مایەوە. خەبەرم پێگەیشت کە مامۆستا هێمن لە نەخۆشخانە کەوتووە. نەخۆشخانەی تەرکی خواردنەوە. چووم، کچێك خزمەتی ئەکرد؛ کچەکە... کوردستان بوو. ئەبوایە ئەمن خزمەتم بکردایە! بەس نەمزانی، وامزانی بە دزییەوە رۆیشتووە! چون ئەوان پیاوی سیاسی بوون، ئێمە سڕو نهێنی ئەوانمان نەئەزانی بۆ کوێ ئەڕۆن‌و لە کوێیەوە دێن‌و بە تەمای چن‌و... ئەوە ئیشی من نەبوو پێویستی نەئەکرد پرسیاری لێبکەم. بەهەر حاڵ چووم بۆ لای لە خەستەخانە؛ ئەمەندە قسەی خۆشی بۆ کردم، بوورامەوە لە پێکەنین. بۆم دەرکەوت من نەخۆشم‌و ئەو ساغە! وتی: "ئەمن چی بکەم! بیانووم گرتووە، نامەوێ بڕۆم. لە عێراق ئەمێنم، کوردی عێراق منی خۆش ئەوێ‌و منیش خۆشم ئەوێن".

★ لە بیرەوەرییە خۆشەکانی ترت بۆمان بدوێ.

– کۆڕمان بۆ گرت له کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردییا. هەموو شاعیران هاتبوون، جەماوەرێکی زۆر هاتبوون، هەموو عاشقانی ئەو هاتبوون. خۆی له ریزی پێشەوە دانیشتبوو. محەممەد موکری رەفیقم بوو، چەپکێ گوڵی بۆ هێنابوو. خەڵکی وتیان: "مام هێمن ئەو هەموو شاعیرانە شێعریان بۆ تۆ وتوە، تۆ دوو دێڕمان بۆ بخوێنەوە پێش ئەوەی بڕۆی، دڵمان مەشکێنە." مامۆستا دڵی کەسی نەدەشکاند، زۆر مێهرەبان بوو.

★ قەتی دڵی تۆ شکاند؟

– نازی ئەکێشام. بە هەر حاڵ هەستا شێعری خوێندەوە. نێوەڕۆکی شێعرەکەی ئەمە بوو کە "تەمەنای ئەکرد کە کوردستان بگاتە ئەو ئاستەی ئافرەت ئازاد بێو هاوڕێی خۆی ببینێ لە جادەو ڕێگەو بانان بتوانێ لەگەڵیا بێ، وەکو ئوروپاییەکان. وتی: " پێم خۆشە پێش وەی بمرم ئەو دیمەنە ببینم". منیش یەك‌و دووم لێنەکرد، محەممەد موکری هاوڕێم، لە تەنیشتمەوە وەستا بوو، وتم: "محەممەد ئەڕۆم بۆ لای مامۆستا هێمن‌و خەونەکەی هەر ئیستێ دەهێنمە دی". وتی: "بڕۆ". چووم پەلاماری مامۆستا هێمنم داو گرتمەوە باوەشەوە. چەپکە گوڵێکم دایەو ئەم لاو ئەو لام ماچ کرد بە ماوەی پێنج دەقیقە. جەماوەر ئیتر دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان. هەر ئەو ساتە ئاوات‌و خەونەکەی مامۆستا هێمنم وەدی هێنا. ترسام نەوەك بڕواو بمرێ.

★ مامۆستا چی کرد؟

– گەشایەوە، لەنێو ئەو جەماوەرەدا ئەمن دەچم بەبێ شەرم‌و بەبێ ترس‌و ئەوە باوەشی پێیا ئەکەم‌و ماچی ئەکەم. خەونەکەی هاتەدی. خەونەکەی ئەوە بوو ئافرەت ئازاد بێ.

★ جا بڵێی ئاواتی مامۆستا هێمن هەر تۆ نەبووبێ؟

_ نا ! من بۆنی خۆشم لێئەدا، بەبێ لێوی من ڕوومەتی نەئەگەشایەوە !

★ جێی ڕێزە کە وا راحەت‌و بێ پەردە دەدوێی.

– نا، ئەوان باسی دیموکراسیان ئەکرد کەچی لە هەڵوێستا وا نەبوون، هەندێ کاریان ئەکرد لە هێمن نەمدیوە. مامۆستا هێمن بڕوا ناکەم ئەو شتانەی بووبێ نازانم ژیانی تایبەتی خۆی چۆن بوو. هەر لەوەوە حەزیان نەئەکرد هاوڕێم بێ.

★ نازانم له لای ئێوه ئەو دابه هەبوو که کاتێ ژنێ له منال نەدەبۆوه، دەگەڕان دێخوونی پیاوێکیان بۆ دەبرد که هەرگیز داوێن پیسی نەکرد بێ، له موکریان مامۆستا هێمن لەم جۆره پیاوانه بوو.

– ئەڵڵاها!! له بەغداش من هەرگیز شتی خراپم لێ نەبینیوەو نەشم بیستووه له سەری. بڕوا ناکەم ئەو شتانەی هەبێ. نەئەچوو بۆ لای شتی خەراپ.

★ مامۆستا چی له تۆدا دۆزیبۆوه که ئاشق‌و بێ قەرارت بوو؟

– وەڵڵا گیرفانم بەتاڵ بوو هیچم نەبوو.

★ شیووعییەکی گیرفان بەتاڵ چی هەیه که وا هێمن سەوداسەر دەکا؟

– چاوێکم هەبوو بۆی ئەگریا، لێوێکم هەبوو بۆ ئەو پێئەکەنی، دڵێکم هەبوو بۆ ئەو لێی ئەدا. گیرفانی هەردووکیشمان بەتاڵ بوو! بەس باش بوو جگەرەشمان هەبوو چایشمان ئەخواردەوه. دەوڵەمەند بووین له زۆر شتا. بەس گیرفانمان بەتاڵ بوو، هەردووکمان به خۆشەویستی دەوڵەمەند بووین. ژیانی یەکتریمان له زستانا گەرم‌و له هاوینا فێنك ئەکردەوه.

★ جیاوازی تەمەن، تۆ لاوو ئەو بەساڵاچوو...!!!

– ئەی رووی رۆژگار ڕەش بێ من ئەمنازی بەخۆم....

★ که تۆ دۆستی هێمنی ها؟

– بەس خۆشم ئەویست زۆر، من ئەمویست یەکترمان خۆشبوێ بەبێ جنس. مامۆستا هێمن مرۆڤێکی شارستانی بوو، مێشکێکی ئوروپایشی هەبوو، حەزی نەئەکرد ئافرەت بفرۆشرێ‌و بکڕدرێ. بیرو باوەڕی زۆر جوان بوو. حەزی نه ئەکرد داوای دڵداری بکا له ژنێك که یەکێکی تری خۆش ئەوێ یا حەز ناکا ئەوه بکا. تەفککوری ئوروپی بوو بەڕاستی.

★ که چۆوه ئێران تۆ چیت کرد؟

– نەمبینی‌و رۆیشتەوەو ون بوو.

★ ئەم بۆشاییەت چۆن پڕ کردنەوه؟

– ئەم بۆشاییه تا ئێستا ماوەتەوه، پێت وایه به رۆژێك‌و دووان پڕ ئەبێتەوه؟ وا ئەزانی مرۆڤێکی ئاساییم له دەس دەرچوو پڕ بێتەوه؟ جێگرێکی هێمنیش نییه له ژیانما! هەر

ئێستا مامۆستا هێمن ببینم تەمەنی سەد ساڵان بێ ئەبمە چوارده ساڵان بۆی. زۆر پەشیمانم زۆر.

* کەی زانیت هێمن مردووەو چیت کرد؟

– درەنگ پێم زانی. پێم زانی کە مامۆستا هێمن کوێر بووە، پێم زانی کە نەخۆشە، زانیشم کە لە گۆڤارێکا ئیش ئەکا: سروە. بیستیشم کە مام هێمن موجامەلەی دەوڵەتی کردووە، بڕوام نەکرد. کە وتیان مرد منیش مردم لەگەڵیا.

* ئەو قسانەت شوعار نین؟

– یانی چی؟

* مەبەستم ئەوە ئەو قسانەت بەڕاستییە؟

– ئا! خۆشم ئەوێ. مامۆستا هێمن ئێستاش عەزیزە لەلام. ئێستاش شەوی وایە بیری ئەکەمەوەو چاوم پڕ ئەبێ لە ئاو. دڵی ئەدامەوە، زۆر ئازارم هەبوو، میللەت بەردەبارانی ئەکردم ئەودەم؟

* بۆ؟

– لەبەروئەوەی ئازادیخواز بووم؛ داوای ئازادیم ئەکرد. دابو نەریتی کوردەواری زۆر کۆن بوو. من یاخی بووم؛ مامۆستا هێمنیش پشتگیری یاخی بوونەکەی ئەکرد. کەس ئەیئەوێرا لە ئاستی مامۆستا هێمنا بڵێ لەل! مامۆستا هێمن ببووە قەڵغانی من. هاوڕێی سەرتاسەری ژیانمە مامۆستا هێمن. ئێستا وشەکانی لە خوێنم دایە، بۆنی ئەوم لێدێ، ئەو قژە جوانەی!...

* ئێستا خەونەکانت چین؟

– خەونەکانم؟ وەڵڵا حەز ئەکەم ئەو منداڵ بێتەوەو من لای لایەی بۆ بکەم، بچێتە قوتابخانە، جانتای بۆ هەڵگرم، بچێتە سەر شانۆ، رۆبەکەی بۆ بێنم، ئامێری بژەنێ، نۆتەکەی بۆ بەرم، لە بارانێ ببم بە چەتری، لە هاوینا ببم بە درەختی سێبەری. هێمن گەورە بوو زۆر، حەزم ئەکرد منیش وەك ئەو گەورە بم. بەڵام بەداخەوە زوو رۆیی بە جێی هێشتم. ئێستا پیاوی وا نابینمەوە لە ئاستی مامۆستا هێمن بێ چەندی چیرۆکنووسو شاعیری گەورە بن، زۆربەی زۆریان لە ناخا کۆنەپەرستن. رێز لە ئافرەت ناگرن؛ هەروەکو کاڵایەك تەماشای ئافرەت ئەکەن. هەر بۆ باوەش کردنێكو عەمەلیەیە جینسیو بەس؛ ئاشق نین. مام هێمن، حەقم نییە ئاستی شێعرەکانی چۆنە چۆن نییە،

مـام هـێمن وەكـو پیـاوێكی مرۆڤایـەتی مـرۆڤ بـوو. وەكـو نـان گـەرم بـوو، وەكـو گـەنم ڕووخۆش بوو، وەكو گوڵە گەنم ئەبریسكایەوە، مام هێمن بەشێوەیەكی ڕەهایی مرۆڤێكی كوردی جوان بوو، ئەگەر پیاو هەبێ هەر مام هێمنی هەیە، چ پیاوی دیكەم جگە لە مـام هێمن نەبینیوە، نەمبینیوە.

⋆ پێت خۆشە بێتە مەهاباد؟

– ئا، بەس ئەو زیندوو بێتەوەو پێشوازیم لێ بكا.

⋆ چ داوایەكی نەگونجاو!!

– دێم، دێم‌و ئەگریم.

گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٤٦)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٤.

# لــه کوێوه بۆ کوێ و....
# ڕازی هـــهواری خـــــاڵی

**عەلی ئیسماعیل زادە**

ژیانی هەموو مرۆڤێك هەڵگری هێندێك ڕازو بیرەوەریو ئاكارو كارەساتە. كە تا دەژی، لای خۆی دەمێنێتەوەو وەك یادگارگەلێكی پیرۆز دەیانپارێزێ. بەتایبەت ئەگەر ئەو كەسە خاوەن كەسایەتییەكی مێژوویی بێو بگاتە پلەو پایەكی بەرچاو لە كۆمەڵدا سرو نهێنی پتر دەبێ.

لە وڵاتانی پێشكەوتووی دنیا ئەم چەشنە كەسایەتییانە، لە ساڵانی كۆتایی تەمەنیاندا، دادەنیشنو بەسەرهاتی خۆیان لە نووكەوە تۆمار دەكەن. هەول دەدەن هەموو لایەنەكانی مێژوویییو كۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو بیرو بۆچوونو چالاكیو كرداری خۆیان روون بكەنەوە. لە هەمان كاتدا، هەرگیز پاكانە بۆ هیچ هەڵەو پەڵەیەكی ژیانیان ناكەنو بێ هیچ مولاحەزەیەك تاریكو تاریكترین لاپەڕەكانی رابردوویان هەڵدەدەنەوەو لێی دەدوێن. ئەوان لە خوێنەرانی بەسەرهاتی خۆیان رادەبینن كە هەر رووداوێك لە هەلومەرجی قەڵمانی خۆیدا هەڵسەنگێننو دەغڵی دوێنێ بە ڕبەی ئەوڕۆ نەپێون. ئەم راست بێژییە، باشترین سەرچاوەو متمانە پێكراوترین بەڵگەیە بۆ هەڵسەنگاندنو ڕاست كردنەوەی هەڵەی مێژوونووسانێك كە ڕووداوە مێژووییەكان، لە بەرژەوەندی خۆیان یان مەكتەبو حیزبو ئیدیۆلۆژی یا دەسەڵاتی زاڵ بەسەر خۆیاندا، دەگێڕنەوە. هەر بۆیەش دەفتەری بیرەوەری یان كتێبی بەسەرهاتی كەسایەتییەكی ڕووڕاستو نیازپاك، گەلێك جار بایەخی مێژوویی پەیدا دەكاو بۆی هەیە پلەو پایەكی سەرترو تایبەتی بە خاوەنەكەی ببەخشێ، لە هەمان كاتیشدا بۆی هەیە بە هێندێك لە "دركاندنەكان"، ئابڕوو و بەرژەوەندی خۆیو خێزانی بخاتە مەترسی، بەڵام خاوەنی ئەم چەشنە باوەڕە هەرگیز "حەقیقەت" بە فیدای "مەسڵەحەت" ناكەن؛ ڕازی مانەوەشیان ڕاست ئەمەیە.

بەداخەوە، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، ئەم دیاردەیە بەدی ناكرێ. بەسەرهات زۆر دەنووسرێنو راست بێژیو نیاز پاكیش هەڵدەكەوێ، بەڵام لە باشترینو هەڵكەوتەترین نموونەكانیشدا "خودسانسۆری" هەر زاڵە. هۆی بنەڕەتیش ئەمەیە كە نووسەری ئەم چەشنە بیرەوەریو بەسەرهاتانە، لە خوێنەرانی بەرهەمی خۆی ڕانابینێ كە بە پشووی

درێژو لەسەرەخۆییو سینگی فراوانو چاوی ئینسافەوە بڕواننە بەسەرهاتەکەیو ورەی بدەنێ کە هەڵەکانی خۆیو هاوڕێیانو بە تایبەت ڕێبەرانی خۆی هەڵداو هۆگەلی هەر کامیان شیکاتەوە. چاوسووری تاوانباری هەر کارەساتێك دەسبەجێ سەنگەر دەگرنو پەلاماری دەدەنێ. ئیتر بە کارەساتەکەیان با چاوی خۆ نەدینێو نەوەو نەتیجەی کابرای بەرلۆمە بن! تەنانەت لە پێشڕەوترین چینەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵەکەیدا چەشنێك دەمارگرژیو بەرچاوتەنگیو موتڵەق بینی باوە کە بواری وەی نادەن نووسەر جارێك بڵێ پشتی چاوی فلانە زاتی مەزن، برۆیە! خۆ ئەگەر خۆیشی نەمابێ بەربینگ بە منداڵو کەسو وارسی دەگرن.

ئەو دەمار گرژییە هەر تایبەت بە شەخس نییە، پارتو تاقمی سیاسیو مەکتەبیو ئەخلاقیش، لەمپەری گەورەی ئەم چەشنە ڕاست بێژییانەن.

لە دەمارگیری خوێنەران دەرچین، ڕاست بێژیو سەداقەتی نووسەری بیرەوەریو بەسەرهاتیش، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، ئەم تێبینییانەو گەلێکی تریش هەڵدەگرێ. زۆربەی ئەو چەشنە نووسەرانەش تووشی نەخۆشی "خۆ زڵ بینی" دەبنو خۆیان بە قوتبو ناوەندی هەموو کارەساتەکان دادەنێن! ژیاننامەی خۆیان ناکەنە "ئیعتیرافات"و پێ لە هەڵەو پەڵەی رابردوویان نانێن. ئەگەر شتێکیش هەڵدەن، بە دوو سێ قات پاکانەی بۆ دەدۆزنەوە. زەقترین هەڵەکانی ژیانیان دەخەنە ئەستۆی هاوڕێیان. ئەو بەرێزانە بەو پەڕی لە خۆڕادیویو دڵنیایی، بەڕادەیەك ئاماڵ ڕاست بێژانە، "درۆ" دەکەن کە هەڵاواردنی ڕاستو درۆی بیرەوەرییەکانیان زۆر چەتوونە. لەم بیرەوەرییەیانەدا جێگای "قارەمان"و "دژەقارەمان" بەپێی بەرژەوەندیو پاکانەی نووسەر، دەگۆڕێو هێندەی شاهیدو بەلگە بۆ ڕیز دەکا کە خوێنەری بەستەزمان ئەگەر بە چاوی خۆیشی راستەقینەی ڕووداوەکەی دیتبێو لە بیری مابێ، ناچارە گومان لە چاوو بیری خۆی بکا نەك هی نووسەر.

هێندێك لەو بیرەوەریانەش درۆی بە ئەنقەست نین بەڵکو نووسەر پاش چەند ساڵ "فرافکنی" بەرپرسی تاوان یان هەڵەیەك، تووشی نەخۆشی "تەوەهوم" دەبێو لێی دەبێتەوە راستەقینە.

نموونە هێنانەوە بۆ هەر کام لەو حاڵەتانە پێویستەو زۆریش ئاسان، بەڵام دڵنیام بارتەقای هەر نموونەیەك، دە دوازدە چاوسوورم لێ راست دەبنەوە. خۆتان دەتوانن

بیرەوەریو بەسەرهاتی چەند کەس هەڵبژێرنو پاشکۆ پەراوێزو رەخنەو وەلامی رەخنە لەسەر ئەوان بخوێننەوە. هەڵبەت چاوسوور کێشەی ئەوتۆیان زۆر پێخۆشە چۆن لە راستیدا مەبەستیان روونکردنەوەی قۆناغێکی مێژوویی نییە بەڵکو ئەوەی بە دەرفەتێك بۆ خۆڕانان دەزانن تا وەبیر خەڵك بێننەوە کە میراتگری فلان مێرخاسنو پێویستە رێزیان لێ بگرن ئیتر خۆیان چیان کردووەو ڕێبازی مەرحوومی قارەمانیان درێژە پێداوە یان نا؟ خۆی لێ دەبوێرن.

هەر بەو پێودانەش رەخنەو پەڕاوێز نووسین لەسەر بیرەوەریو بەسەرهاتی ئەم چەشنە کەسایەتیانەش کێشەی زۆری لێ هەڵدەگیرسێ. رەخنەگر بە دەگمەن دەوێرن خۆ لە قەرەی باسی وا بدەن.

لە کوردەواری خۆماندا، تاقە نموونەیەکی بەسەرهاتو بیرەوەریو ژیاننامە کە لە تێکڕای ئەو عەییانە بێ بەرییەو تاقانەی بی هاوتای ئەو چەشنە نووسینە "لە کوێوە بۆ کوێی" مامۆستا هێمنە. زمانی پوختو پاراوو سادەو ڕەوان، ئەندێشەی ئینسانیو ڕوانگەی هەراو بێ لایەن، شارەزایی لە هەموو بوارەکانی بەر باس، بیری تێژو وردبینانە، هەستی ناسكو نییەتی پاکی هێمن، رێك کەوتوونو هەڵکەوتووترین نموونەی بەسەرهات نووسی یبان — لە زمانی کوردیدا — بۆ خولْقاندووین. سەیر ئەوەیە هێمن خۆی دەفەرموێ لە ترسی ئەو کەسانەی ژیاننامەی ساختە بۆ کەسایەتییەکان هەڵدەبەستن، لێبڕا ئەرکی خۆی وە ئەستۆ بگرێ تا ئەو بوارەیان لێ بستێنێتەوە!

بەلام سەرەڕای ئەو هەموو تاریفەش "لە کوێوە بۆ کوێ" ناتەواوەو هێمن خۆی بەر لە هەموو کەس دانی بەو کەماسییە داهێناوە، هۆیەکەشی روون کردۆتەوە. "دەزانم چەند بۆشایی لە نووسینەکەمدا هەیە. بەلام وەزعی سیاسیو کۆمەلایەتی لەوەی زیاتری هەڵنەدەگرت. دیارە لە بنی کوولەکەم نەداوەو لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵنەداوەتەوەو ئەسکوێم لە مەنجەڵ نەگێڕاوە. زۆر نهێنی گرنگو ڕازی نەگوتراوە هەر وا سەر بە مۆری لە سینگمدا ماوەنەتەوەو دەیانبەمە ژێر گڵ. ئەگەر ڕۆڵەی گەلێکی لێقەوماو نەبوومایەو لە کۆمەڵێکی دواکەوتەدا بەرێ نەچووبام، زۆرم لەو ڕازانە دەدرکاند بە هیوام ئەگەر مەرگ بەربینگم پێ نەگرێو رۆژگار دەرفەتم بدا "لە کوێوە بۆ کوێ" بکەمە کتێبێکی سەربەخۆو پەردە لەسەر زۆر لەو ڕازانە هەڵدەمەوە کە زیانو قازانجیان تەنیا بۆ خۆم دەگەڕێتەوە".

**ناتەواوی ئەم بەسەرهاتە لە دووبارەوە شیاوی سەرنجە:**

**١. بە هۆی وەزعی سیاسیو کۆمەڵایەتی: بۆشایی بیرەوەرییە سیاسییەکانی هێمن لە بەسەرهاتەکەیدا زۆر بەرچاوەو گەلێك جێی داخو شیاوی سەرنج. بێگومان ئەگەر ئەو بەشە لە بیرەوەرییەکانی بە تەواوی تۆمار کردبایە، ئێستا گەلێك لە ڕازەکانی سەردەمی کۆماری مەهاباد، دەکرانەوەو وەڵامی گەلێك پرسیاری مێژوویی دەدرانەوە. بەڵام دەبینین ڕاست لە گرینگترین بەشدا، هێمن بە بێ دەنگی لە بیرەوەرییەکانی تێپەڕیوە. (بۆ وێنە چۆنیەتیو هۆگەلی رووخانی کۆمارو ئاکارو ئەنجامی کەسایەتییەکانی یا ژیانی نهێنی ئەندامانی حیزبو چالاکییەکانی پاش کۆمار یا کارەساتی شەهیدبوونی عەولاو سولەیمانی موعینیو سمایل شەریف زادەو.......) بێگومان مامۆستا لەسەر ئەو کارەساتە زانیاری زۆر دەگمەنو بە کەڵكو جێی متمانەی هەبوون کە دەربڕینیان سەرێشەی بەدواوە دەبوو ناتەواو گێڕانەوە یا درۆ کردنیش کاری هێمن نەبوو. سەرەڕای ئەو حاڵەش ئەو بەشە لە بیرەوەرییەکانی هێمن خاوەنی تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە. ئەو بە گێڕانەوەو تەوسیفی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی تا ڕادەیەك مێژوویی ساڵانی پێش سەرهەڵدانی "ژ.ك"و کۆماری مەهاباد، تابلۆیەکی باڵانوێنی ئەوان سەردەمی کێشاوەتەوە کە کەمتر بەسەرهات نووسێك بۆی چووە، بۆ وێنە مەحکەمەی قازیو کۆڕو کۆمەڵەکانی خانەقاو ناساندنی کەسایەتی مامۆستا فەوزیو حەریقو سەیفولقوزات. کە بێگومان هەر کام لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیو هاندانی خەڵکدا گرینگ بوون کەچی تا هێمن باسی نەکردن، کەس، وەك پێش زەمینەی ئەو بزاڤە، ئاماژەی پێ نەکردبوون. بۆیەش بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەو بڕگەیەی مێژووی کوردو کوردستان، خوێندنەوەی "لە کوێوە بۆ کوێ" لە هەموو سەرچاوەیەك پێویستترە.**

**٢. بارێکی تری ناتەواوی ئەم ژیاننامەیە، ژیانی شەخسیو عاتیفی هێمنە، بە پێچەوانەی زۆربەی ژیاننامە نووسەکان کە نووسەر خۆی دەبێتەوە قارەمانو تەوەری ناوەندی بەسەرهاتەکانو کارەساتەکان، "لە کوێوە بۆ کوێ" کاکڵو ماکەی کارەساتەکان روون دەکاتەوە، ئەنجا نووسەر لە پەنایەك ڕا ئاماژەیەك بە خۆی دەکا. بۆ وێنە هێمن لە ناساندنی مامۆستا فەوزی هیچی بۆ گوتن نەهێشتۆتەوەو ئەمەگی شاگردی بە جێگایەك دەگەیەنێ کە خۆی بە دەسکردی فەوزی دەزانێ بەڵام، وەك رەخنەیان لێ**

گرتبوو، تەنانەت ناوی خێزانی نەنووسیبوو؟! هەر بە گشتی باری عاتیفیو عیشقی بەسەرهاتەکەی زۆر لاوازە. هەڵبەت ئەوە نیشانەی تەوازوعو حەیای لە رادەبەدەری هێمنە. بەڵام جگە لەوەش هۆی دیکەی بۆ هەڵدەدا: "ئەگەر رۆڵەی گەلێکی لێقەوماو نەبوومایەو لە کۆمەڵێکی دواکەوتەدا بەرێ نەچووبام، زۆرم لەو ڕازانە دەدرکاند... کە زیانو قازانجیان تەنیا بۆ خۆم دەگەڕێتەوە".

دیارە مەبەستی لەو رازانە، ڕازی ژیانی شەخسیو عاتیفییەتی کە قازانجو زیانیان تەنیا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها دیارە خۆفی وەی هەبووە کە "لێقەوماوی و دواکەوتوویی کۆمەڵ" گیروگرفت بۆ کەسانێك سازبکا کە لەو ڕازانەی هێمندا شەریكو هاوڕازی بوون، ئەگینا هێمن باکی لە پەردە هەڵدانەوە، لەسەر ئەو ڕازانە نەبوو بگرە ئاواتی دەخواست کە رۆژگار دەرفەتی بداو ئەو ڕازانە نەباتە ژێر گڵو هەر لە درێژەی (لە کوێوە بۆ کوێ)دا، تەنانەت دەیخواست وەك رۆسۆ لە "ئیعتیرافات"دا هیچ نەهێڵێتەوە.

بەداخەوە رۆژگار دەرفەتی بە هێمن نەداو گەلێك لەو ڕازانەی لەسەر دڵ مانەوەو بردنیە ژێر گڵ. بەڵام تۆ بڵێی ئەدیبێکی وەك هێمن هیچ رێگایەکی بۆ درکاندنی هێندێك لەو ڕازانە شك نەبردبێ؟! بۆ وێنە ڕازی "یەکەمینو ئاخر عیشقی" خۆی کە لە چەند ڕستەی ڕەمزاویدا، بە حەسرەوەتەوە ئاماژەی پێ دەکا؟ ئا........

**پریرو تاب مستوری ندارد درش بندی سر از روزن در ارد**

هێمن ئەو ڕازەی نەبردە ژێژ گڵ، بگرە زۆر بە وردیو تەواوی تۆماری کردو هەر لە تیراژی "تاریكو روون"دا بڵاوی کردەوە! دیارە ئەگەر هێمن نەیویستبا ئەو ڕازەی ئاشکرا بێ، هەروا سەربەمۆر دەیهێشتەوە، بەڵام هێمن چەند خۆی بە قەرزداری فەوزی دەزانێ، کە لە باری فەننی شێعرەوە هەڵیوەشاندەوەو تێکی کردەوە، لەباری زەوقیو ئیحساسەوەش ئەمەگناسی کەسێك بوو کە لەززەتی عیشقو دڵداری دە ئەوکی ڕشتو "تەئسیری لەسەر قەریحەی شاعیرانە"ی دانا. ڕێگام بدەن چیدیکە لاڕێ نەڕۆمو کاکڵی مەبەست وەردخەم.

* * *

کورتە چیرۆکی "هەواری خاڵی" بەرهەمێکی دەسکردو خەیاڵاوی نییە، بەڵکو بەسەرهاتی عیشقی ئاگرینو راستەقینەی هێمنە: "عیشقێکی پڕ سۆزو کوڵو

ئەفلاتوونی، عیشقێکی پاك‌و خاوێن‌و ئاسمانی، عیشقێکی ساکارو منداڵانەو دوور لە هەوەس‌و هەوا".

نزیکی‌و وێکچوونی شێوازی نووسینی ئەو چیرۆکە لە شێوازی "لە کوێوە بۆ کوێ" بە ڕادەیەکە کە پێموایە هەر لە بنەڕەتدا، هەواری خاڵی بەشێکە لەو ژیاننامەیە، کە پێش چاپی "تاریك‌و روون" مامۆستا، بەو هۆیەی کە باسی کرا، لە بەسەرهاتەکەی هەڵقرتاندووە بەڵام دڵێ نەهاتووە بیفەوتێنێ‌و سەرەنجام ئەو ڕێگایەی بۆ دۆزیوەتەوە کە بیکاتە چیرۆکی عەشقی هاوڕێیەك‌و چەند ڕستەیەکی لە سەرەتاو کۆتایی پێوە بلکێنێ. زمانی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە (یەکەم کەسی تاك)و هۆگری هێمن بە گۆرانی "هەواری خاڵی"ی ماملێ، نیشانەیەکن لە دروستی ئەم بۆچوونە. بەڵام بۆ سەلماندنی یەکجاری چەند ڕستەیەك لە هەردوو سەرچاوەکە (لە کوێوە بۆ کوێ‌و هەواری خاڵی) لە پەنا یەك دادەنێم تا خوێنەرانی بەڕێز بە دڵنیایی زیاتر ئەم بۆچوونەم لێ وەرگرن.

### لە کوێوە بۆ کوێ

١. خەریك بوو شتێك بە شتێك بکەم کە بابم تێگەیشت ئەو ماوە لە عومرەم بەزایە چووەو لە خانەقا نەمخوێندووە. رایگوێزتم بۆ "کولیجە" ئەویش ملکی خاڵم بوو مامۆستا فەوزی لەوێ مەلایەتی دەکرد.

٢. با ئەوەش بڵێم من لە "کولیجە" بۆ یەکەم جارو ئاخر جار ئاشق بووم. عیشقێکی پڕ سۆزو کوڵ‌و ئەفلاتوونی، عیشقێکی پاك‌و خاوێن‌و ئاسمانی. عیشقێکی ساکارو منداڵانەو دوور لە هەوەس‌و هەوا. بەڵام ئەو عیشقە زۆری نەخایاند. زۆری دەوام نەکرد. ئەو گڕو کفە زوو دامرکاو خۆڵەمێشی فەرامۆشی دایپۆشی.

٣. گراوییەکەم گاڵتەی بە هەستی پاکی من کرد. ئەو لە من بە ئەزموونتر بوو. ئەو هەوسباز بوو نە ئاشق. بەڵام هەرچی بوو ئەو گڕو کفەش تەئسیری لەسەر قەریحەی شاعیرانەی من بوو.

٤. ساڵی ١٣١٧ کە لاوێکی ١٧ ساڵە بووم. مامۆستاکەم لە کولیجە رۆیشت‌و منیش دەستم لە خوێندن هەڵگرت‌و چوومەوە ماڵێ‌و دەستم کرد بە کارو کاسبی.

٥. بێجگە لە کارو کاسبی ڕۆژانە موتالاو... خوێندنەوەی شەوانە لەوێ سەرگەرمی دیکەشم بوون سواریو تەقلەو ڕمبازیۆ ڕاوەکەوو ڕاوەتاژیو ڕاوە تفەنگ.

٦. بابم ئەسپی زۆر ڕەسەنو باشی هەبوون... سوارێکی باش بوومو ولاغم چەند عاملاندن، بەڵام قەت ڕاوکەری چاك نەبووم.

٧. ....بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێك هەلگرت کە بە گەورەترین مەحروومییەتی ژیانمی دەزانمو ڕابردنی زەمانیش لە بیری نەبردومەوەو ناسووری لە دڵمدا هەر ماوە.

## هەواری خاڵی

الف – ئەو سەردەمی من لە تاقی لاوەتی دابووم، هێشتا شەڕی دووەمی جیهانی نەقەومابوو.

ب- شازدە حەڤدە ساڵە بووم کە دەستم لە خوێندن هەلگرتو چوومەوە دێ. باوکم ئەسپێکی زۆر جوانو باش تفەنگێکی ڕوایی دامێ، وەك هەموو دنیام هەبێ وابوو. زۆرم شایی بە خۆ بوو. هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو سوار دەبوومو بە دەشتو مەزرادا دەگەڕام. پاش نیوەڕۆیەش دەستم دەدایە تفەنگو دەچوومە ڕاو.

ج. هەرچەند ناشی بوومو ڕاوم نەدەزانیو باشم نەدەنگاوت، دیسان زۆرم کوشت.

د. دیتم کیژێکی... لەبەر دەرکێ ڕادەوەستێو تەشی دەرێسێ.

٥. ئەو لە من باو خۆشتر بوو، ڕەنگ بوو یەك دوو ساڵ بە تەمەنتر بێ. ئەو گەورە کچ بوو من مێرمنداڵ. دیار بوو لە دڵداریشدا ئەزموونی زیاترە.

و. ئەوە نە یەکەم دڵداریم بووەو نە ئاخر دڵداریم... بەڵام خۆشترین دڵداریم بووە.

ز. لە شازدە حەڤدە ساڵیدا دەستم بە شێعردانان کرد... (پاشەرۆك ل١٩٠)

وەك دەبینین وێکچوونەکان بە ڕادەیەکن کە جێگای هیچ گومانێك ناهێڵنەوە جارێ شێوازی نووسین هەر لە بنەڕەتەوە یەکە. ڕێکەوتی ڕووداوەکەو تەمەنی نوسەرو قارەمان (ژمارە ٤ و ب پێك بگرە). لە هەردوو لا باوك ئەسپی چاکی داونێ (بـو ٤) ڕاوکەری چاك نەبوون (٤و ج) تەمەنی کچەکە زیاتر بوو لە دڵداریشدا بە ئەزموونتر (٣و ھ).

## ئەنجـــام

هەواری خاڵی بێگومان بەشێکی هەڵقرتاوی "لەکوێوە بۆ کوێ"یە گراوی هەمیشە خۆشەویستی هێمن، ناوی "هەمین" بووە (ڕەنگە هەر بە یادی ویش مامۆستا ناسناوی "هێمن"ی بۆ خۆی هەڵبژارد بێ"، کچی پیاوێکی مەڕداری دەوڵەمەند بوو ماڵیان ڕێگای چوار رۆژێ کاروانی لێرەوە دوور بوو (هەواری خاڵی).

ڕەنگە هێندێك لە خوێنەرانی بەڕێز بپرسن: گریمان کردم وابوو، ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە، کردنەوەی گرێی ئەو ڕازە چ پێویستیو بەرژەوەندییەکی هەیە؟ یان بفەرموون مادام مامۆستا هێمن بە ڕاشکاوی ئەم ڕازەی نەدرکاندووە، من بۆچی ئەم کارەم کرد؟

لە بابەت پێویستیو بەرژەوەندی ئەم کارەوە، دەبێ بڵێم: خۆزگەو داوای هێمنو گەلێك لە هۆگرانی، درێژە پێدانی "لە کوێوە بۆ کوێ" بوو. بە پێی ئەم بەڵگانە ئێستا دەکرێ بە دڵنیایی چەند لاپەڕەیەکی بخەینە سەر.

هۆیەکی تری ئەم پێویستە ئەوەیە کە ئەم بەسەرهاتە یەکەم قۆناغی ساغ بوونەوەی کەسایەتی (هێمن)ی شاعیرە، هەڵبەت پێشتر یان، لە خانەقا، مەشقی "موشاعیرە"و شێعری لاساییو تێهەڵکێشی کردبوو، بەڵام ئەم دڵدارییە، جگە لەوەی بناغەی "بلووغی جینسی" هێمن بوو، کەسایەتی فەردیو شاعیرانەی ئەویشی ساغ کردەوە. واتا تێکڕای ئەزموونو زانیاریو هەڵسوکەوتو بیرەوەرییەکانی تاكو تەڕاو پەرەوازەی پێشووی (وەك خوێندنی شاری، هاتوچۆی مەحکەمەی قازی، هاوڕێیەتیو هاوبیری هەژار، ژیانی لە خانەقاو....) وەك تەسبیحێك هۆندەوەو نەزمو ریكو پێکی پێ بەخشین. کورتی بڕینەوە هێمن خۆی ناسیو لەم خۆناسینەدا دەوری ئەم عیشقە لە مەکتەبی "فەوزی" کەمتر نەبوو کارتێکردنیشی (لەسەر هەستو نەستو خووخدەی هێمن) ئەبەدی بوو. دڵناسکیو هەستیاریو هۆگری بە سروشتو ئەوین تا دەمی مردن لەگەڵ هێمن مانەوە. لە بواری شێعردا هێمن لە سایەی فەوزی فۆرمو تیکنیكو شێوازی تایبەتی خۆی داهێنا بەڵام هەستی ناسكو ئەویندارانەی لە سایەی عیشقی "هەمین"دا گۆڕا. ئەمەش چەند نیشانەیەك لە راستی ئەو بۆچوونە، لەناو بەرهەمەکانی هێمندا:

١. ... لە کولیجە بۆ یەکەم جارو ئاخر جار ئاشق بووم. عیشقێکی پڕ سۆزو کوڵو....

٢. ئەوە نە یەکەم دڵداریم بووەو نە ئاخر دڵداریم... بەڵام خۆشترین دڵداریم بووە.
٣. ئەو گڕو کفەش تەئسیری لەسەر قەریحەی شاعیرانەی من بوو.
٤. لە شازدە حەڤدە ساڵیدا دەستم بە شێعر دانان کرد.
٥. بۆ خاتری کۆمەڵە، من دەستم لە یارێك هەڵگرت کە بە گەورەترین مەحروومییەتی ژیانمی دەزانم‌و ڕابردنی زەمانیش لە بیری نەبردوومەوەو ناسووری لە دڵمدا هەر ماوە...

لەم دوا بەندەدا دەبینن کە هێمن چەند بە حەسرەت‌و تەئکیدەوە ئاماژە بەو بیرەوەرییە دەکا. هەروەها بۆمان روون دەکاتەوە مادام هێندە هۆگری هەمین بووە، بۆچی وە دوای نەکەوتووە؟ ڕووداوەکانی دواتر (کۆماری مەهابادو چالاکییەکانی هێمن‌و رووخانی کۆمارو ژیانی ئاوارەیی‌و...) هۆی ئەم ناکامییە بوون.

جگە لەمانەش هێندێك تابلۆو وێنەو وشە دە بەرهەمەکانی هێمن (بە تایبەن دە شیعرەکانی)دا، نیشاندەرو سەلمێنەری کارتێکردنی ئەم عیشقەن دە تەواوی ژیانی هێمندا. بۆ وێنە وشەگەلی "ژوان، جێ ژوان، ڕەشماڵ، بێری، شەنگەبێری، ماچ، ڕامووسان، گراوی" بوونە میوانی هەمیشەیی شیعرەکانی، بە ڕادەیەك کە ئێستاش پێناسەی ئاشنای شێعرەکانی هێمنن:

– بۆنی گوڕخانەیی لێدێ جێ ژوان.
– لە جێ ژوانێ لەمێژە چاوەڕێتم.
– وەرە ئێرەو ببینە وردە هەنگاوی بەرەو جێ ژوان.
– وەرە ئێرەو ببینە نازی بێری‌و دەس بزێوی شوان.
– لە جێ ژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ.
– شەنگە بێری یارو دەسبازی کوڕی کۆچەر نەبی...
– شەنگە بێری ساڵی ساڵان لە کوێستانی لە نێو مەڕی
– لەبەر دەرکی ڕەشماڵان دەبینی چاو کەژاڵان.
– هێمن لە سەرەخۆ بە نەکەی بچی بۆ هۆبە.
– دەنا دەشکێنی تۆبە ئاور دەگری وەك سۆبە.
– تۆ بەڵێنیم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە.
– شەنگە بێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئیتر.

– دێم بەرەو هۆبەو هەواری باسەفا.

– ....

بە سەرنجێکی ورد لە شێعرەکانی هێمن بۆمان بوون دەبێتەوە کە سۆزو ئەمەگی تایبەتی هێمن بەرانبەر بەم چەند وشانە بە ڕادەیەکە کە پەیتا پەیتا تابلۆی جوانتری لێ ساز کردوونو ئێمە لە دووپات بوونەوەیان وەڕەز نابین، هەروەها ئەم وشانە تا دوایین شێعرەکانی هێمن هاتوونو هی سەردەمێکی تایبەتیو دیاریکراو نین.

**ئـــاکـــام:**

چیرۆکی "هەواری خاڵی" ئەفسانە یا حیکایەتێکی دەسکرد نییەو بەسەرهاتی ڕاستەقینەی تاقە عیشقی بەردەوام ژیانی هێمنە. وابێ دەکرێ وەك بەشێکی هەڵقرتاوی بەسەرهاتی مامۆستا هێمن (لە کوێوە بۆ کوێ) سەیری بکەینو کەڵکی لێوەرگرین. مامۆستا بە هۆی تێبینییەك ئەم بەسەرهاتەی وەك چیرۆك داڕشتووەو مەبەستیشی شاردنەوەی هەمیشەیی ئەم بەسەرهاتە نەبووەو بگرە ئاواتی خواستووە ڕۆژێك بتوانی ئەم چەشنە ڕازانەی ژیانی خۆی بدرکێنێ. چۆن دەیزانی بۆ ناسینو ناساندنی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیو شیکردنەوەی هەرکام لە بەرهەمەکانی، پەردە لادان لەسەر ئەم ڕازانە پێویستە. ڕەنگە لە شیکردنەوەی بەرهەمەکانی تری مامۆستاش، هێندێك لایەنی تری ژیانی هێمن روون بێتەوە. هیوادارم ئەم بۆچوونەی من لەسەر "هەواری خاڵی" هەڵەی تێدا نەبێو ببێتە سەرەتای ڕوانینێکی قووڵتر لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن.

**گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارەی (٤٨)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٥.**

## لــــه بيـــرم مەكـــــــــــه

**مێهری پاکزاد - مەهاباد**

شێعری "لەبیرم مەکە" یەکێك لە شێعرە جوانەکانی مامۆستا هێمنی نەمرە کە لە لاپەڕەی ١٩٩ هەتا ٢٠٥ی دیوانی "تاریكو روون"دا لە چاپ دراوە. لە قالبی مەسنەویداو لە سەر کێش واتە وەزنی هیجایی نێزیك بە بەحری موتەقاریبی ئەسلەم "فع لن فعولن فع لن فعلون"ەو ئاوا دەس پێدەکا.

**وەهام بیستوە سەردەمی پێشوو**

**لە گەورە شارێک نازدارێک هەبوو**

ناوەڕۆکی شێعرەکە باسی کوڕو کیژێکە کە کیژەکە لە جوانیو شۆخو شەنگیدا مەشهوری شار بووەو خوازیاری زۆر بوون. بەڵام:

**لە هەمووان داوخوازتر لاوێک**

**بوو، نەدەژیا بەبێ ئەو تاوێک**

**قسەی دڵسۆزو دۆستی نەدەبیست**

**لە دنیای رووناک هەر ئەوی دەویست**

هەر بۆیە شەوو رۆژ لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کارێك بکا هەتا ئەو نازدارەی بۆ بێتە ڕەدایە. وەرز، وەرزی بەهار بوو.

**بەهار کە بەزمی تەبیعەت گەرمە**

**دڵی نازداری بێ بەزەش نەرمە**

**بەڵێنی پێدا، کیژۆڵەی چاو جوان**

**لە دەری شاری بۆی بچێتە ژوان**

دوای ئەوەی کە کوڕو کیژ لە ژوانگەی دڵداری بە یەکتر دەگەن هەتا کاتی رۆژئاوا بەزمی عەیشو تەرەبو عیشقبازی دەگێڕن، ئێوارەش هەرچەند:

**هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون**

**ناچار بوون هەستن بەرەو ماڵ ببزوون**

**شل شل داگەڕان بۆ دەم رووباری**

**تا پێش تاریکان بچنەوە شاری**

**لەسەر کەندی چۆم ڕاوەستان تاوێ**

**کچ دیتی لەناو نێرینەی ئاوێ**

**چەپکە گوڵێکی وەکوو پتی خوێن**

**گوتی: ئای جوانە! ئەوە گوڵی کوێن؟**

**بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە**

**حەیفە کەوتە ناو ئەو شێت‌و شوورە**

**هەر دەگەڵکوو کچ ئاوات بۆ چەپکە گوڵی ناو ئاو دەخوازێ،**

**هێشتا قسەکەی نەکردبوو تەواو**

**کە دڵداری شێت خۆی خستە ناو ئاو**

**بە پەلە قاژە دەسکە گوڵەکە وەدەس دێنێ‌و بۆ لای خۆشەویستەکەی داوێ‌و دەڵێ: هانێ گوڵەکەت لەبیرم مەکە، هەر کەوا دەڵێ، گێژاو لوولی دەداو شەپۆڵ نوقمی دەکاو خوڕێنی چۆم لەگەڵ خۆی دەباو بەم جۆرە تۆماری ژینی کورتی دەپێچرێتەوە.**

**پێویستە بگوترێ ناوەڕۆکی ئەو داستانە لە ئەدەبیاتی فارسیشدا وێنەی هەیەو بیستراوە، تەنانەت وەبیرهێنەرەوەی بنەمای ئەو مەسەلە مەشوورەی فارسیشە کە دەڵێن "بازم دستە گل بە آب دادی"هەر بەو شێوە هاتۆتە نێو پەندو مەسەلی کوردیش، وەك دەڵێن "فلانی دیسان دەسکە گوڵی بە ئاودادا" شوێن دانانی ئەو داستانە لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە شێعری شاعیرانی ئەوڕۆدا بەم جۆرە بەدی دەکرێ؛ لە دیوانی ئیرەج میرزادا ئاوا هاتووە:**

**لە گۆڤاری "ئەقدام" چاپی تاران مەبەستێك لە ژێر سەردێڕی "هدیە عشق" واتە "دیاری ئەوین" وەك مەبەستێك بۆ کێ بەرکێ لەنێوان شاعیرانی ئەو سەردەم، دانرابوو هێندێك لە هۆنەران‌و شاعیران لە ئیستقبال‌و بەرەو پیلی ئەو مەبەستەدا، مەیدانداریيان کردو شێعريان سەبارەت بەو مەبەستە هۆنیوەتەوەو هەر کام لەوان ویستوویانە جوانترین‌و ناسکترین وشەو ڕستە بکەنە کەرەستەی دەربڕینی مەبەستی دڵداریی بەرباس، بەڵام لەو ناوەدا تەنیا کەسێك کە توانی، توانای خۆی لە کاری شاعیریدا پترو جوانتر لە هەمووان دەربڕێ‌و دڵاوترو شیرینتر لەوانی تر بێ، "ئیرەج میرزا" بوو کە بە هەڵبەستنی ئەو شێعرە پلەی یەکەمی لەو کێ بەرکێیەدا هێناوە، وا چاکە بزانین کە ناوەڕۆك‌و ماکەی ئەسڵی ئەو شێعرە لە ئەدەبیاتی ئوروپایی وەرگیراوەو**

له ئەسڵدا سەردێڕی شێعرەکە "له بیرم مەکە" یا "فرامۆشم مکن" بووە. لێرەدا بەر له تێبینیو لێکدانەوەی ئەو شێعرەی مامۆستا هێمن چاوێك دەخشێنین بەسەر شێعرە فارسیەکەی ئیرەج میرزادا کە له بەحری رەمەڵی موسەدەسی مەخبوونی مەحزوف لەسەر کێشی "فاعلاتن فع لن"دا هۆنیوەتەوەو له ساڵانی رابردووشدا بە شێوەی تەنسیقێکی مەشهوور لەلایەن خۆش وێژی بەناوبانگ خانمی هێنگامەی ئەرخەوان خوێندراوەتەوە:

**عاشقی محنت بسیار کشید**

**تا لب دجله به معشوقه رسید**

**نشده از گل رویش سیراب**

**که فلك دسته گلی داد به آب**

**نازنین چشم به شط دوخته بود**

**فارغ از عاشق دلسوخته بود**

بێ شك شوێندانانی شاعیرێ لەسەر شاعیرێکی تر یا ئیستقبال کردنی چەند شاعیر له مەبەستێكو هەوێنێك نه تەنیا شتێکی کەم بایەخو سەیرو ناشایست نییە، بەڵکو تەنانەت هەڵدەکەوێ لەو ئیلهام وەرگرتنەدا روانگەگەلی جۆراوجۆرو نوێ بەرهەم بێت، هەر چەند حافزی شیرازی باشی گوتووە:

**یك قصه نیست غم عشق واین عجب**

**ازهر زبان که می شنوم نامکرر است**

وەك شوێندانانی شێعری "هەڵۆ"ی بۆشکین لەسەر هۆنراوە مەشهوورەکەی دوکتۆر خانلەریو شوێنی هەڵۆی خاتلەریش لەسەر شێعری هەڵۆی مامۆستا سوارەی ئیلخانی زادە کە له نەوعی خۆیاندا شاکار بە حیساب دێن.

با بێینەوە سەر باسی شێعرەکە، مامۆستا هێمن وەك ئیرەج میرزا راستەوخۆو بێ پێشەکی نایەتە سەر دیمەنی ژوانگەی عاشقو مەعشوق، بەڵکو له پێشدا گەلاڵەی بۆ دادەرێژێو خوێنەر یا بیسەر پتر تامەزرۆ دەکاو تەنیا ئامانجی گێڕانەوەی چیرۆکێك یا رووداوێکی تراژدی عیشقی نییە، بەڵکو بە عیشقو هەوەس کە تایبەتی هەڕەتی لاوەتیە، دەست دەکا بە پێهەڵگوتن بە بەهاری تەبیعەتی کوردستانو رەنگو بۆیەکی کوردی بە داستانەکە دەداو بە تراژیدیش تەواوی دەکاو بە پەندو حیکمەتو ئامۆژگاری

نەتیجەی لێوەردەگرێو بە ئەفکاری ناسیۆنالیستیو نیشتمانپەروەریو ئازایەتیو مەردایەتی - کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەرە گرینگی شێوازی فیکری شێعری هێمن – ئامانجی دڵی خۆی لە دێڕەکانی کۆتایی شێعرەکە گرێ دەداو لاپەڕەی حیکایەتی هەرماوی عیشقو دڵداری تا هۆنینەوەی هەڵبەستێکی تر وێك دەنێ.

بڕوانن چۆن دەستی پێکردووەو هاوڕێ لەگەڵ قارەمانەکانی داستانەکە شادو بە کەیفو بێ غەم دەبێو دیمەنی جوانییەکانی ئافرەتو سروشتی بەهارو لاوێتیو عیشقبازی لە داوێنی سروشت، رایدەچڵەکێنێ:

**وەهام بیستووە سەردەمی پێشوو**

**لە گەورە شارێک نازدارێک هەبوو**

**کچێکی قیتو قۆزو کەڵەگەت**

**شاکاری دەستو نەخشی تەبیعەت**

**شۆخو لەبارو جوانو رەزاسووک**

**لە راست رووی دەچوو ئابڕووی گوڵووک**

دیتمان کە ئیرەج میرزا لە یەك بەیتدا رەنجو مەرارەتی عاشق بۆ گەیشتن بە مەعشووقی دەربڕیوە کە لە وێنەی خۆیدا جوانەو نەوعێك ڕەعایەتی ئیجازی تێدا بەدی دەکرێ, بەڵام مامۆستا هێمن هەر ئەو بەیتەی بەر بڵاوتر کردووەو بۆ گەیشتن بەو بەیتە "عاشقی محنت بسیار کشید/تالب دجله به معشوقه رسید" ٢٦ بەیتی سەبارەت بە تاریقی جوانیی کیژی بەرباسو هەروەها تەوسیفی تەبیعەت هۆنیوەتەوە، هەرچەند رەنگە بە بۆچوونی کارناسانە ناوی حەشووی لەسەر دابنرێ بەڵام بێگومان ئەگەر حەشویش بێ حەشوێکی مەلیحە، چونکە بە راستی بە تەوسیفەکەی لەتمەیەکی لە پەیکەرەی چیرۆکەکە نەداوەو تەنانەت تەوسیفەکەی ئەوەندە جوان لەگەڵ کەلتوورو زمانو دابو نەریتی کوردەواری تێکەڵاوە کە بە راستی خوێنەری کورد بە تەواوی بەرەو دیتنو هەست پێکردنی جوانیو قوڵترینو خۆشترین چێژی عیشقو هەوەس لە دوایێنی بۆنو بەرامەی بەهارو سروشتی رازاوە دەبا یانی هەر ئەو شتەی کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا پێی دەڵێن رۆحیەی شادی تەڵەبی ئێرانییەکان لە سەردەمی چاخی کەوناراوە تا ئێستا، بە واتەی تر باشترە بڵێین ئەسڵی ویستی دەروونی هەموو مرۆڤێك گەیشتن بە

ئەوجو کەماڵی خۆشو جوانیو لەززەتە، لەززەتێکی پڕ بە پێستی مانای وشەی "خۆشی" بە جۆری کە خوێنەر هەتا ئەو جێگەی کە دەڵێ:

**هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون**

**ناچار بوون هەستن بەرەو ماڵ ببزوون**

رەنگە بتوانێ یان بیهەوێ خۆی لە جێگای قارەمانەکانی چیرۆکەکە دابنێو تامو چێژی تایبەت وەرگرێ، بەڵام دوای وریابونەوە بە هۆی خنکانی عاشق لە رووباردا وەك ئەوەیە کە بە پتەیەك دڵی وەهۆش بێننەوە تازە دەزانێ کە عاشقی ژینو ناکامی شانۆ بەجێ دیلێو رەنگی رەشی بێوەفایی ئەو شۆخە, یا وا چاکە بڵێین رەنگی رەشی بێوەفایی دونیای ناپایدار بەسەر سەحنەی شانۆی شێعرەکەدا بڵاودەبێتەوەو تامی تاڵی راستەقینە دەرخواردی خوێنەرو بیسەر دەداو ئینجا رێنوێنو فەیلەسوفێك، فەلسەفەی ژیان "مەولانا ئاسا" دەهێنێتە بەرباسو لێکدانەوە، بەڵام نەك لە روانگەی عیرفانەوە.

**کە ئەوەی بینی کیژی شەنگو شۆڕ**

**لەوێ ڕانیشتو کردیە زیرو هۆڕ**

**هەتا ماوەیەك دژو وەڕەز بوو**

**کەم کەم دڵداری پێشووی لەبیر چوو**

**یەکێ تری گرت لە کوڕانی شاری**

**سەر لە نوێ دەستی کرد بە دڵداری**

**ژین ڕاناوەستێ هەوەس نامرێ**

**دڵداری لەگەڵ مردوو ناکرێ**

**زیندوو پێویستی بە هاودەم هەیە**

**بۆ مردوو مردن هەر ئەفسانەیە**

ئێستا ببینن کە مەولانا لە یەکەم داستانی دەفتەری هەوەڵی مەسنەویدا گێڕانەوەی داستانێکی لە گوێن ئەو داستانە کە عیشقو ناکامیو مەرگ لەبیر بردنەوەی مەعشووق باس دەکا چلۆن عارفانە دەدوێ.

**بشنوید ای دوستان این داستان**

**خود حقیقت نقد حال ماست آن...**

**خوشتر آن باشد که سر دلبران**

**کفته آید در حدیث دیگران...**

ئێستا چاولێبکەن لە روانگەی مەنتیقی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی مامۆستا هێمن کە وەك لە شیعرەکەڕا دەردەکەوێ ئەو وەك مەولانا دژی عیشقو هەوەس نییە، ناڵێ کە مرۆڤ تەنیا ئەوەندە بایخ بۆو لایەنە لە ویستی دەرونیی مرۆڤ دادەنێ کە بڕوانن چۆن ئامۆژگاری دەکا:

**ژین ڕاناوەستێ هەوەس نامرێ**

**دڵداری لەگەڵ مردوو ناکرێ**

بەڵام دەگا بەو بەیتە:

**تێنەگەیشتبوو دڵداری بێ هۆش**

**کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش**

**هیچ کەس بەو کارە ناڵێ ئازایی**

**خۆ بە کوشت بدا پیاو بە خۆڕایی**

دەڵێی شاعیر لێرەدا باری داستانیو عاتیفی شێعرەکەی وەلاناوەو دەگەڵ ئەوەی کە خۆی هەمیشە دژی بیری پاشکەوتوو نێروجاخی (مَرد سالاری) بووەو (کیژی وریای چاو کراوەی فێرە زانینی دەوێ) بەداخەوە یەك لایەنە بە قەزاوەت دانیشتووەو حوکمی داوە کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش – کە بە پێچەوانەی ئەوەش کەم نەبوون کوڕانێك کە زوو کچیان فەرامۆش کردووەو – تازە لەسەر عیشقو ویستی دڵ خۆ بە کوشتدانی پێ کارێکی بە فیرۆیە، لە هەمان کاتدا دیسان لە ئەدەبیاتی ئەوڕۆیی کورددا مامۆستا گۆرانیش هەیە کە دەفەرمووی:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لە ڕێی عەشقی منا نەژیا**

**وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم**

**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا**

لێرەدا جێگایەتی لەبارەی ڕەوانشناسیو کۆمەڵناسی ئەو بەشە لە هەڵبەستی مامۆستا هێمنی نەمر لێکدرێتەوە. هەرچەندە رەنگە مامۆستا بەبێ مەبەستێکی تایبەت تەنیا بۆ هەڵسەنگاندنی مەبەستی بنەڕەتی شێعرەکە کە ئامانجی ئازادیو ئازایەتیو

نەتەوایەتی لەبەرابەر عیشقی مەجازیدا، ئەو چەند بەیتەی هێنابێتەوە، یانی دەیهەوێ بڵێ ئینسان ئەگەر بۆ مەبەستێکی فەردیو بچووك وەك عیشقو ئەوینی دوو دڵدار لە بەین بچێ زوو لە بیر دەچێتەوە، کەوایە بۆ هەرمان بوونو لە یادی رۆژگار نەچوونەوە وا چاکە ئینسان بە مەردایەتیو ئازایەتی بۆ گەلو نیشتمانی گیانی خۆی فێدا بکا، وەها ئینسانێك ناوی نەمرە بە پاکیو چاکی.

لە کۆتاییدا لە وەها هەڵسەنگاندنێك، وا تێدەگەین کە راستە ئەو شێعرە بە ئیلهام لە شێعری شاعیرانی فارسو شاعیرانی ئوروپایی وەرگیراوە بەڵام لە نەوعی خۆیدا بە ئاماژە بەوەی کە مامۆستا ئەو شێعرەی لە ساڵی ١٩٧٣ی زاینی داهۆنیوەتەوەو ئەوە لە کاتێکدایە کە ساڵی تەقریبی کۆچی دوایی ئیرەج میرزا ١٩٢٠ زایینی واتە ١٣٤٤ی کۆچی مانگی بووە، یانی شتێك لەنێوان ٤٧ ساڵ مەودا لە مابەینی ئیرەج میرزاو هۆنراوەی مامۆستا هێمندا هەیە، کەوایە سروشتییە هێمن بە ڕوانگەیەکی تازەو دەلاقەیەکی نوێ ڕوانیویەتە مەبەستی کوللی دڵداری نەك تەنیا بەسەرهاتی "دیاریی دڵداری"، پێویستە بگوترێ تەنانەت کێشو وەزنێکی کە مامۆستا بۆ هۆنینەوەی ئەو شێعرە کەڵکی لێ وەرگرتووە بە تەواوی لەگەڵ شێعری ئیرەج میرزا جیاوازی هەیەو هەروەك گوترا وەزنو کێشی ئەشعاری هیجایی کوردییە کە تایبەتی زمانو روحیەو فەرهەنگو تایبەتمەندییەکانی ئاوو هەواییو مێژووییو سیاسیو کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردە، بۆ وێنە چاو لە لە کێشی ئەو بەیتە فۆلکلۆریانە بکەن کە دروست لەسەر کێشی ئەو شێعرەی مامۆستایە:

ئەگەر نەبوایە بە بۆنەی تۆوە

ئەمن چیم ئەکرد بەم دەشتو کۆوە

حەسارە چکۆڵەی دارە سێوە تێدا

گەردنی لێو ئاڵێم بەرمووری تێدا

چەند چاکو پیرت بۆ دەخولامەوە

لەبەر سێبەرت نەحەسامەوە....

باشترە یادێکیش بکرێ لە شێعری مامۆستا گۆران بە ناوی "گوڵی خوێناوی" کە هەر لەسەر مەبەستی دڵداریو دیاریی دڵداریو تراژدیای عیشق باس دەکا:

بڕوانە، شایە، چۆپیە، لەو ماڵە

گوێ بگرە دەهۆڵە، زوڕنایە، شمشاڵە

لەم هۆنراوەیەدا مامۆستا گۆرانیش هەروەك ئیرەج میرزا بە تایبەتی باسی عیشقو دڵداری دەکا بەڵام ئەمجارە عاشق بە ئاو ناخنکێ بەڵکو بە گوللەی یاساوڵی کۆشکی شا، واتە بە تیری دوژمن دەپێکرێو گیانی خۆی بۆ هێنانی چەپکە گوڵێك لە باغچەی پاشا بۆ دیاری نازداری بەخت دەکا. لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەتوانین بڵێین لە باری زمانی، واتە وشەی جوانو رەسەنی کوردی، هەروەها لە باری تەعابیری نوێو بەرزی دڵداریو بەتایبەتی لە باری کێشو ناوەڕۆكو پێهەڵاگوتندا کاری مامۆستا هێمن لە نەوعی خۆیدا لە پلەیەکی یەکجار بەرزدایەو دەبێ بڵێین وەك زۆربەی ئاسەواری شیعری مامۆستا، شوێنێکی تایبەت لەسەر خوێنەر دادەنێو خۆی لەناو خۆیدا یەکێ لە شاکارەکانی مامۆستایە کە ناوو زبانی فەسیحی مامۆستای لەگەڵ ئاسەوارە بە نرخەکانی تری، وەك هەمیشە هەرماوو زیندوو ڕاگرتووەو بە وتەی ئەدەبیاتی ئەوڕۆ سیفەتی سەهلو مومتەنیعی بە ئاسارو هۆنراوەکانی هەرماوی مامۆستاو ناوی بەرزی خۆشی وەك خۆی گوتەنی:

کەسێك دەیەوێ قەت نەکرێ لە بیر
ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر
خەڵك بە مەردیو ئازاییو پیاوی
هەتا هەتایە هەر بەرن ناوی
ببێ بە مایەی سەربەرزی کۆمەڵ
بۆی دروست بکەن پاش مردن کوتەڵ
لە ریزی گەوران ناوی بنووسرێ
سەت شێعری باشی پێ هەڵبگوترێ
جێی شانازی بێ بۆ نەتەوەی خۆی
گۆڕی مەزار بێ، کڕنۆش بەرن بۆی
خۆ فیدا بکا بۆ گەلو خاکی
ناوی نەمرە بە پاکیو چاکی

بەڵێ هێمن ناوی نەمرە، رۆحی شاد بێو ڕێگەی پڕ ڕێرەوە.

**گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە ٦٣، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦، ل١٠-١٢.**

# لــــە تايبەتمەندييەكانى شێعرى هێمن

**عەبدوللا سەمەدى**

٤٣ سالّ لە ژيانى ٦٥ سالەى مامۆستا هێمن، ژيانى ئەدەبى بوو. ئەوەى لەو ماوەيەدا خولقا، بريتى بوو لە شێعر، پەخشان، وتارو وەرگێڕان. يەكەم شتى كە چاپو بلاوكرايەوە سالى ١٩٤٣ لە ژمارە (٢)ى گۆڤارى نيشتماندا، نووسينێك بوو بە ناوى (خۆت بناسە)و دوو پارچە شێعر، بابەتەكانى شێعرى مامۆستا هێمن بريتين لە مافى نەتەوايەتى، ئازاديى ژن، ئەوين (نەك عيرفانى، بەلكو زەمينىو خاكى)، رەخنەى كۆمەلايەتى، راستەقينەكانى ژيانى كۆمەلّ (وەك: غەمو شادى، كارو تێكۆشان....).

ديارە يەكەم كەرەسە لە شێعردا، زمانەو؛ يەكەم كەرەسەش لە زماندا وشەيە، شاعير لە رێگاى زمانو وشەوە هەم هەستو سۆزو بيرو بڕواو هەلۆێستى خۆى دەردەبڕێ، هەم پێوەندى بە كۆمەلگاو چينو توێژەكانى خەلكەوە دەكا. دەلێن زمانى هەر كەسە، جيهانبينى ئەو كەسەيە. كەوايە هەر بيروڕايەك يا هەر قۆناغێك لە ژيانى كۆمەل، زمانى تايبەت بە خۆى دەخوازێ. بۆيە زمانى نالىو مەحوىو سالمو مەولەوى، دەنگى سەردەمى خۆيانن‌و هەر بەو چەشنەش؛ دەنگى حاجى قادرو مستەفا بەگ دەنگى سەردەمێك و دەنگى شێخ نوورى و گۆران و هەردى و زيوەرو ديلانيش, دەنگى سەردەمێكى تايبەتن. سالانى كۆتايى سەدەى نۆزدەو سەرەتاى سەدەى بيستەم لە كوردستان بە گشتىو لە رۆژهەلاتو موكريان بە تايبەتى، سەردەمى جموجۆلّو ئالۆگۆڕو گەلێك گۆڕانى بەرچاو لە ژيانى كۆمەلگادا بوو، كە ئەويش دەنگو زمانى تايبەت بە خۆى دەخواست. ئەو دەنگە لە زمانو بەرهەمى شاعيرانێكى وەك سەيفولقوزات، مەلا مارفى كۆكەيى، ئاوات، خالەمين، هێمن، هەژارو محەممەدى نووريدا دەبيسرێ. هەرچەند ئەوانە دەنگى سەردەمێكى هاوبەشن، بەلام هەر كام تايبەتمەنديى خۆيان هەيە.

ئەو تايبەتمەندييانە، لە چەند لايەنێكى وەك: زمان، قالب، ئاهەنگ، هەست، جۆرى پێوەندى گرتن بە خەلك، قورسىو سووكى بارى فەرهەنگىو زانستىو زۆر شتى ديكەدا خۆ دەردەخەن.

لەوانەیە شاعیرێك لایەنی زمانیو هونەرییەکەی زۆر بەهێز بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی پێوەندیو بەربڵاوی لەگەڵ کۆمەڵدا کز بێ. یا لایەنی فەرهەنگیو زانستییەکەی بەهێزو باری هونەرییەکە کز بێ. ئەو شاعیرانەی کە بە ناوی لووتکە لەزەمانێکدا دەناسرێن, هەر ئەو کەسانەن کە لەهەموو ئەو لایەنانەدا توانیویانە سەرکەوتن وە دەست بێنن. کاری مامۆستایانی رەخنەی ئەدەبیش ئەوەیە کە ئەم لایەنانە بە پێوانەی تایبەتی خۆی، هەڵدەسەنگێننو بە دەلیلو بەڵگەوە جێگەو پێگەی هەر شاعیرێك دەدۆزنەوە. نەقدی ئەدەبی، واتە هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانەی بەرهەمی لووتکەکانی ئەدەبیمان، پێویستییەکەو جێگای بەتاڵ ماوەتەوە. تاوتوێ کردنێکی رەخنە ئامێزی بەرهەمی شاعیرێك، نووسەرێك، هونەرمەندێك، وەکو شیکردنەوەی تامێکی تایبەتە لە میوەیەك یان چەشنە خواردەمەنییەکدا، تاڵی شیرینی، ترشی، سوێری، تفتی، هەرکام بەڕادەیەكو دەرسەدێکی دیاریکراو دەکەونە پەنای یەکتڕو تامێکی تایبەت دەخوڵقێنن. دەرخستنی ڕادەی تاڵییەکە ناتوانێ بە خاڵێکی مەنفی بژمێردرێو لە پلەی هونەریی کارەکە کەم ناکاتەوە. بەڵکو رووناکییەك دەخاتە سەر بابەتەکەو چەشنە ئاگادارییەکی زانستییانە دەبەخشێ، کە زۆر یارمەتی دەدا بۆ باشتر ناسینی هونەرمەندەکەو تێگەیشتنی بەرهەمە هونەرییەکە. خۆزگە پسپۆڕانی بواری رەخنەی ئەدەبی گرینگییەکی پتریان بەم کارە داباو خەتی سووریان لە بەرامبەر لوتکەکانی ئەدەبیو هونەریمان هەڵبگرتایە.

ئەگەر لێرەدا ئاماژەی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی شێعری مامۆستا هێمن بکەم، بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا پەنجەیان بۆ رادەکێشم:

تایبەتمەندی یەکەم لە شێعری مامۆستا هێمندا، زمانە، زمانی شێعر لە سەردەمی مامۆستا هێمندا، زمانی خەڵکە. زمانێکە کە ئەشێ باسەوادو بێ سەواد تێیبگەن. بەپێچەوانەی زمانی سەردەمەکانی پێشووترمان، کە زمانی حوجرەو دیوەخان بوو، شێعر وەك نیازی چینو توێژێکی تایبەت چاوی لێدەکرا. بیسەرو لایەنی موخاتەبی شێعر، چینی خوێندەوار بوو. بۆ وێنە ئەگەر ناڵەی جودایی هێمنو ناڵەی جودایی نالی (واتە: قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور) لە پەنای یەکتر دانێین، ڕادەی جیاوازیی ئەو دوو زمانەمان پتر بۆ دەردەکەوێ. جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەردەمی جیاواز هەر دوو بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە. یانی یەك بابەت لە دوو

سەردەمی جیاوازدا ئەگەر هەڵبژێرینو لە پەنا یەکتریان دانێین، دەبینین دوو زمانی جیاوازیان بۆ دەکارهێنراوە کە هەر دوو ناویان کوردییە. هەر دوو زمانیش نیازی سەردەم دروستی کردوون. فەزای حاکم، باری ئابووریو سیاسی، باری ئایینیو بیروباوەڕو دابو دەستوور، کەشو هەوایەك دەخوڵقێنن کە لەو کەشو هەوایەدا تۆوی چەشنە زمانێك شین دەبێو گەشە دەکا. کەوایە ئەو زمانە سادەو ڕەوانەی سەردەمی مامۆستا هێمن، نیازی رۆژ بوو. نیازی (کۆمەڵی هیوا)و (ژ. ك)و بڵاوکراوەکانو رادیۆکان بوو، کە موخاتەبەکەیان خەڵك بوو بە گشتی. ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵ راستەوخۆ شوێن دادەنێتە سەر ئەدەبیاتو ئەو شوێندانانە دوو لایەنەیە؛ یانی بە هەمان چەشن ئەدەبیاتیش شوێنی خۆی دادەنێتەوە سەر کۆمەڵ. لەو بڕگەیەدا کە مامۆستا هێمنو شاعیرانی رەوانبێژو سادەوێژی وەك ئەو دێنە مەیدان، دەبینین کۆمەڵ لە جموجۆڵی تازە بوونەوەدایە، رێکخراوی سیاسی بە بیری نوێوە لە دایك دەبن؛ رۆژنامەو چاپەمەنیو کتێب سەرهەڵدەدەن؛ وەرگێڕان وردە وردە پەرەدەستێنێ، کە بەتایبەت ئەمەیان زۆر گرینگە. دەبینین زمانیش وەکی دیاردەیەکی زیندوو، بە وشەو تەرکیباتی نوێوە، خۆی تازە دەکاتەوە. تا دەگاتە ئەو جێگایەی سنوورێك پەیدا دەبێ لەنێوان وەفاییو بەرەی دوای وەفایی. ئەگەر سنوورێکی زمانی، بە مانای (پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵ)، بۆ شێعری مامۆستا هێمن بکێشین، دەبینین باسەوادو بێ سەواد، خوێندەواری کۆنو نوێ، دەکەونە دیوی ناوەوەی سنوورەکە. زمانی شێعریی مامۆستا هێمن زۆر زوو دەتوانێ بیسەری خۆی بدۆزێتەوەو زۆرترین بیسەریش وەدەست بێنێ. بۆ وێنە ئەگەر مەحوی دەستنیشان بکەین، دەبینین لەباری ئەم پێوەندییەوە سنوورەکان تەنگترن. واتە تەنیا توێژو چینێکی تایبەت لە خۆدەگرن. بەڵام لە باری قووڵیی بیرو ئەندێشەو فەلسەفەوە بە پێچەوانە، مەیدانیان گەلێك فراوانترە. سالمو نالیش هەر بەو جۆرە. دەبینین بیسەری شێعری ئەوان چینێکی تایبەتە. بەڵام بیسەری شێعری مامۆستا هێمنو شاعیرانی دەورەی ئەو، فرەچەشنو پترە. چونکە ئەو تەکنیکەی ئەوان لە زماندا بەکاریان هێناوە لە ژیانی رۆژانەی خەڵك نزیکترە، لە نیازی رۆژانەی خەڵك دەدوێ. خۆشیو ناخۆشییەکانیانو بیرو ئارەزووەکانیان دەنوێنێ. بۆ نموونە:

لەکاتی نیوە شەودا بوو شەوێ دێ

ژنێکی پیرو ڕەش پۆشم لە خەو دی

به پارێز چوومە پێش لێی‌و گوتم پێی

چ کارەی دایە پیرە، پێم بڵێی کێی

چییە؟ چۆنە لەبەر تۆدا جلی ڕەش

سەرو شان‌و ملت بۆ ناوەتە هەش

لەگەڵ بیسەرانی دیاریکراوو جیاوازو تایبەتی ئەم شێعرەی مەحوی:

تەرەب کەن شوکر زۆری هێناوە غەم

توقع زوالا إژا قيل تم

بەس ئەمڕۆ بڵێ من سبەی وادەکەم

هەموو (وادەکەم)تە، سبەی (وانەدەم)

لە نموونەکەی مەحوی‌دا ئەوەندەی باری فەلسەفی‌و پشتیوانیی فەرهەنگی قووڵ‌و مەیدانی بەربلاوە، هێندە باری زمانییەکەی (لە ڕوانگەی پێوەندی لەگەل چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ)دا بە قووەت‌و بەربلاو نییە. پێچەوانەی ئەوەش بۆ شێعرەکەی مامۆستا هێمن دروستە.

نوکتەیەکی تر ئەوەیە کە زۆرجار ئەو بەربلاویی بیسەرەو ئەو پێوەندییە توندە، لە هەندێ شاعیردا هەیە، بەڵام کەم دەوامە. یانی کاتییەو تەمەنی کورتە. کەچی لە شێعری مامۆستا هێمندا کاتی نییە. زۆرجار وا بووە شێعرێك بە بۆنەیەکی تایبەتەوە داندراوە، زمانی زۆر بە قووەتی هەیە، بە زمانی خەڵکەو لە دەردو ئازارەکانی خەڵك دەدوێ‌و، بیسەریشی زۆرە. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەسەری بۆنەو ڕووداوەکە تەواو بوو، یا شەرایەتی ناو کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە ئەسەری شێعرەکەش لەناو دەچێ‌و شێعرەکەش وەکی بەرهەمێکی ئەدەبی ناژی‌و دەمرێ. بەڵام مامۆستا هێمن تەکنیکێك بۆ زمانەکە لە کار دێنێ‌و پشتیوانەیەکی هونەریی وەها بۆ شێعرەکە ساز دەکاو بە چەشنێك بابەتەکە دادەمەزرێنێ، کە هەم بتوانێ پەنجە بخاتە سەر مەوزووعەکەو لە ڕووداوێکی ئەمڕۆی ناو کۆمەڵەکە بدوێ، هەم تەمەنێکی درێژیش بە شێعرەکە ببەخشێ‌و نەهێڵێ دوای گۆڕانی بارە کۆمەڵایەتییەکە، شێعرەکە لە ئاستە خۆی بکوژێتەوەو لەناو بچێ. وەك نموونە دەتوانین پەنجە دانێینە سەر شێعری کاروانی خەبات‌و گەلێك نموونەی دیکە:

**زەردە پەڕی، سوور بوو ئاسۆ خەریك بوو سێرە هەڵگیرێ**

**لە باتێ قاسپە قاسپی کەو دەهات قرمژنی شێست تێری**

هەڵبەت ئەوە کووللی نییە، بەڵام زۆربەی شێعرە بۆنەو موناسیبەتەکانی مامۆستا هێمن دەگرێتەوە. ئەگینا شێعری وەك (بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ)ش هەیە کە تەمەنیان هی سەردەمی خۆیانە.

تایبەتمەندییەکی تر، مەیدانی وشە لە شێعری مامۆستا هێمندا زۆر دەوڵەمەندە. کە ئەوەش زۆر گرینگە بۆ دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زماندا. هەروەها تەرکیبی تازەش لەناو شێعرەکانیدا زۆرن، کە ئەوانیش هەم قووەت بە کەلامەکە دەبەخشن‌و هەم دەبنە ماڵ‌و دەسمایە بۆ داهاتوان. هەروەها ڕستەکان بێ گرێ‌و گۆڵن، ماناکان ڕەوانن‌و تێگەیشتنیان هاسانەو پێویستییان بە شەرح‌و لێدوان نییە، یانی (بەلاغەت)ێکی تەواو هەیە.

لە باری مۆسیقاییەوە شێعرەکان ڕەنگاوڕەنگن‌و لە لایەنی کێش‌و ئاهەنگەوە، زۆر کەمن ئەو شێعرانەی کە لەسەر وەزنێکی هاوبەشدا گوترابن‌و بتوانین لە چوارچێوەی وەزنێکدا دایانێین، یانی شاعیر زەوقێکی دەوڵەمەند، بەڵام کەم حەوسەلەی هەیەو لە دووپات کردنەوە ماندوو دەبێ. هەر بۆیە شێعرەکان وەکی تەسبیحێکن کە هەر دەنکەی ڕەنگێك‌و ئەندازەیەك‌و نەخشێکە. بەڵام ئەوەی دەنکەکانی ئەو تەسبیحە لە دەوری یەك کۆدەکاتەوە، هەڵوێستی شاعیرە، کە وەکی بەنێك بە کونای هەموو دەنکەکاندا دەگوزەرێ‌و مەجموعەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دەنەخشێنێ. لە باری فەزای شێعرەوە، فەزاکە خەیاڵی نییە. بەڵکو فەزایەکی واقیعی ژیانی ڕۆژانەیە، وەك ئەو فەزایەی لە شێعری گۆران‌و هەردی دا هەستی پێدەکرێ. ئەوینەکان عیرفانی نین، خاکین. پێوەندیی نێوان عاشق‌و مەعشوق، پێوەندییەکی ئاسایی و زەمینین و ئەگەر لەئەدەبی کلاسیکمان دا زۆرجار مەعشوق پیاوە, یا مورشیدو مورادە، لێرەدا مەعشوق تەنیا ئافرەتە. لە زۆربەی غەزەلەکانی کلاسیکیدا مەعشوق کەسێکی دیاریکراو نییە، واتە تۆ دەتوانی ژنێك، شێخێك، ئاواڵێك یا کەسێکی تر بدۆزییەوەو لە شێعرەکەدا بە مەعشوق بیگری. وەك ئەم نموونەی تاهیر بەگ‌و زۆر نموونەی دی لە ئەدەبی کۆنماندا.

**هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەسڵ‌و نیە ئەسڵی**

**کارت وەکو دنیایە، هەر ئەمڕۆیە بە فەردا**

**ناحەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول**

**سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا**

**دڵ رۆیوە قوربان لە وجودم بە خەیاڵت**

**دایم لە سەفەردایە، ئەگەرچی لە حەزەردا**

کەچی لە شێعری هێمنو سەردەمی هێمندا، ئەو دیاردەیە بە تەواوی گۆڕاوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەرچەند مامۆستا هێمن فۆلکلۆرو دابو نەریتە ڕەسەنەکانی کۆمەڵی کوردەواری وەك پاڵپشتێك لە شێعرو نووسینەکانیدا گرینگی پێدەدا، لە هەمان حاڵدا زۆر جاریش رەخنەیان لێدەگرێو هەڵدەکوتێتە سەریان. یانی ئەوەی بە ناحەزی بزانێ، لێی ناپرینگێتەوە. جەسارەتو ئازایەتیی شکاندنی هەندێ سنووری باویش، بۆ خوڵقاندنی دیمەنی تازەو تەسویری نوێ لە شێعردا، تایبەتمەندییەکی دیکەی شێعری مامۆستا هێمنە. وەك لە شێعری (جوان ناسووتێ)؟ داو هەندێ شێعری دیکە. ئومێدو هیوا لە شێعری مامۆستا هێمندا جێگایەکی تایبەتیان هەیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بێ ئومێدیو هەناسە ساردی بەشێکی گەورەی لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا تەرخان کردووە. زۆرتری شێعرەکانی مامۆستا هێمن بەم ڕستانە کۆتاییان دێ: دوور بنواڕە، ئاسۆ روونە/ چاوەڕێی تیشکی هەتاوی هیوام/ لە پێشمان دایە دوارۆژێکی رووناك/ سارێژە دەبێ برینی نامرادی/ ئاوارە نیم، وا دەزانم لە ماڵم/ ئەوی قەت لێی نەدەم، تەپڵی ئەمانە/ و زۆر نموونەی تر.

تایبەتمەندییەکی تری شێعری مامۆستا هێمن ئەوەیە کە شاعیر لە هەندێ وشەی ناشێعری ناترسێو بە جەسارەتەوە دەیانخاتە ناو شێعرەکەی. وەك: وشەی بێگانە لە چەشنی (ئاپۆلۆ، دۆلار، مین، ئەخ، ئۆخت)، وشەی کوردی لە چەشنی (سۆدرە، سەهەندە، کۆڵەوار، ئەستێوڵك، پنە، رووتەڵە، خێسە)، تەرکیباتی ناشێعری لە چەشنی (گەندەپیاو، قەڵاندۆش، ئاسنی ژەنگاوی، لووت داژەنین، جەرگ بە کوچکێوەنان، هەڵتووتەکێم، چاوەبڕکە، نووکە نووك، چڕە دووکەڵ)و زۆر نموونەی لەم چەشنە. بێشك وەفایی بە هیچ کلۆجێك حازر نەدەبوو وشەیەکی لە چەشنی ئەستێوڵك یا چڕە دووکەڵ بخاتە ناو دیوانەکەی، چونکە لە شێعری کلاسیکدا وشەکان بە جوانو ناحەز دابەش دەکرانو (ئەدەبی)و (ڕەمەکی)یان هەبوو. بەڵام نزیك بوونەوەی شێعر لەزمانی خەڵك, بەپێی ئەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەی پێکرا, ئەم سنوورانەی تێکدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش

ئازایی‌و جەساڕەتی شاعیرەکان جیاوازە. هێمن لەم بوارەدا بە جەساڕەتێکی گەورەوە هاتە مەیدان.

تایبەتمەندییەکی تر، سادەیی‌و ڕەوانییە تا ڕادەی قسەکردنی ئاسایی:

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو

دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزیش

ئی وا هەیە پێبکەنێ !

* * *

خەیاڵم ببوو بە وشە

نەمزانی کەس بە دوامەوە

دەنگێکی لەرزۆك‌و نەرم

بەسپایی جوابی دامەوە....

و نموونەی یەکجار زۆری تری لەم بابەتە، کە شێعرێکی سەرکەوتوویەو قسەکردنێکی ئاساییشە، کە رۆژانە هەر کام لەم رستانە چەندین جار لە کووچەو بازاردا دەبیسین.

کەوایە بە پێداهاتنەوەیەکی سەرپێیی، دەتوانین تایبەتمەندییەکانی شێعریی مامۆستا هێمن لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

- نزیك بوونەوە لە زمانی خەڵك.
- شێعری بۆنەو موناسبەت کە تەمەنیان کورتەو هەر هەندی رووداوەکان دەژین، لە شێعری مامۆستا هێمندا تەمەنیان درێژەو وەکی باقی شێعرەکان دەژین.
- مەیدانی وشە بەربلاوو دەوڵەمەندە.
- تەرکیبی تازە زۆرو بەرچاوە.
- ڕستەکان بێ گرێ‌و گۆڵن.
- ماناکان سادەو ڕەوانن‌و پێویستیان بە شەرح‌و ڕاڤە نییە.
- مۆسیقای شێعر رەنگاوڕەنگە.
- کێش‌و ئاهەنگ فرە چەشنە.
- فەزای رووداوەکان واقیعن، خەیاڵی نین.
- ئەوینەکان خاکی‌و زەمینین، عیرفانی نین.

- **فولكلۆر دەورێكی گرنگ دەبینێ.**
- **جەسارەتی شكاندنی سنووره باوەكانی كۆمەڵایەتی.**
- **ئومێدەواریو هیوا بە دوارۆژ.**
- **جەسارەتو هونەری دەكارهێنانی وشەی ناشێعری.**
- **ڕەوان نووسییو سادەبێژی تا ڕادەی قسەكردنی ئاسایی رۆژانە.**

**گۆڤاری (مەهاباد)، ژماره ٧٣، ساڵی حەوتەم، ٢٠٠٧، ل٨-١٠.**

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ١ | پێشـــەكی |
| ١١ | ئاوارەبوونو غەزەلێك (دڵشاد مەریوانی ) |
| ١٥ | هێمن مەهابادی شاعیرە ئاوارەكەی كوردوستان (بورهان شاسوار) |
| ٢٣ | پێموایە باشی بۆ نەچووە (كەریم حسامی) |
| ٦٧ | لەپەنا حەجەكەوە ... خشكەیێك (كاكەی فەلاح) |
| ٨٥ | چەند سەرنجێك لە تاریكو ڕوون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا (كەمال غەمبار) |
| ١١٣ | با منیش لێرەوە پەنجەیەكی تێوەردەم! (محەمەدی مەلا كەریم) |
| ١١٨ | ئافرەت لەناو هۆنراوەكانی مامۆستا هێمن دا (كوردستان موكریانی) |
| ١٢٥ | دینامیكی بیرۆكەو شاعیری لەنێوان هێمن و هەڵمەت دا (هیوا عومەر ئەحمەد) |
| ١٤١ | قۆناخەكانی شیعری هێمن (محەمەد ئەمین ئەحمەد) |
| ١٥٢ | هێمن وسكالاَ (محەمەد ئەمین ئەحمەد) |
| ١٦١ | زمان لەشیعری هێمن دا (محەمەد ئەمین محەمەد) |
| ١٦٩ | هێمنو بۆنی غەریبی (محمد فەریق حەسەن) |
| ١٩٣ | هێمنیش مرد (جۆیس بلۆ، ئا: دەشتی) |
| ٢٠١ | شاعیری ناوداری كورد هێمن ١٩٢١/٥/٥-١٩٨٦/٤/١٧ (كەریم حیسامی) |
| ٢٠٩ | شـــــیعری هێمن (خالید ئەحمەد شەریف) |
| ٢١٦ | هێمن لەگوڵزاری ئەدەبی كوردیدا (نوری عەلی ئەمین) |
| ٢٢٥ | هێمن ناسی (تەها فەیزی زادە) |
| ٢٣٧ | دەگەڵ هێمن لە دوایین قۆناخی ژیانیدا (فاروق كەیخووسرەوی) |
| ٢٤٥ | جێی من پەنا بەردە (سەرۆ قادر) |
| ٢٤٨ | یادێك لەمامۆستا هێمن (ناسری ڕەزازی) |
| ٢٦٧ | هێمن، شاعیری خەم و خاوەن هەڵوێست (سەعید شوان) |
| ٢٧٦ | بایەخی وشە لای هێمن (عەزیز ئالی) |
| ٢٨٥ | یادێك لە مامۆستا هێمن (مستەفا مەعرووفی) |
| ٢٨٨ | غەریبیو غوربەت لە نالەی جوداییدا (ئەحمەد محەمەد ئابلاَخی) |
| ٢٩٦ | هەوڕگەرو ئەشكەوڵەت (عەزیز ئالی) |
| ٣٠٨ | ڕەخنەیەك لەسەر هەوڕگەرو ئەشكەوڵەت (فەتاح ئەمیری) |

| | |
|---|---|
| هەڵوێستەیەك لەسەر پێویستییەكی مێژوویی(بەبۆنەی ڕێزگرتن لەمامۆستا هێمن... | ٣١٦ |
| هێمن و ئەوین و بیری كۆمەڵایەتی (عەلی پاسبار) | ٣١٩ |
| هێمن، شاعیرێك لەمەیدانی سووتان وهەرمان دا (یونس ڕەزایـــی) | ٣٢٤ |
| ژیننامەی مامۆستا هێمن (ع. سامڕەند) | ٣٢٨ |
| چەند فەرازێ لەوتاری محموود شكاك نیژاد | ٣٣١ |
| ژیانو هێمن (سەلاحەددینی ئاشتی) | ٣٣٢ |
| پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەلاتی كوردستان (جوان بۆكانی) | ٣٣٨ |
| یادێك لە دوازدەمین سالیادی كۆچی دوایی مام هێمن (بێخاڵ ئەحمەد) | ٣٤٧ |
| ساقی نامەی ناڵەی جودایی (حمد ئەمین شا محمدی) | ٣٥٢ |
| هێمن وئـاوارەیـــی (سەلاحی شێخ شەرەف) | ٣٦١ |
| هێمنو ناڵەی جودایی (ڕەحیم لوقمانی) | ٣٧٨ |
| هێمـن شـــاعیری عیشـقو ئـــازادی (ئیبراهیم ئیسماعیل پوور) | ٣٨٦ |
| ئـەحلام مەنسـوور ئیلهــــامی شـێعری هێمـــن | ٣٩٤ |
| لـە كوێوە بۆ كوێو.... ڕازی هـەواری خـــاڵی (عەلی ئیسماعیل زادە) | ٤٠٣ |
| لـە بیـرم مەكــــە مێهری پاكزاد - مەهاباد | ٤١٣ |
| لـە تایبەتمەندییەكانی شێعری هێمن (عەبدوللا سەمەدی) | ٤٢١ |



View publication stats